# دەسەڵاتی ئەفسانە

گفتوگۆی بیڵ مویرز لەگەڵ جۆزیف کەمبڵ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گولان، هەولێر

# دەسەڵاتی ئەفسانە

گفتوگۆی بیل مویرز لەگەڵ جۆزیف کەمبڵ

وەرگێڕانی
سەلاح حەسەن پاڵەوان



ناوی کتێب: دەسەڵاتی ئەفسانە – گفتوگۆی بیل مویرز لەگەڵ جۆزیف کەمبڵ
چاپ و کۆکردنەوەی: بتی سوفلاورز
وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨١٠
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## سەرباس

ئەوەی بییەوێ شارەزاییی تەواوی لەپێوەندییەکانی نێوان ئای ، ئەفسانە، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی نێو پەرتووکە پیرۆزەکان بێ، وا چاکە ئەم پەرتووکە بخوێنێتەوە، ئەم پەرتووکە یەکێکە لە کارە گرنگ و پڕ زانیاری و پڕ بەهاکانی جۆزیف کەمبڵ، نووسینێکە لە ناخەوە مێژووی ڕۆح و جەستە دەخوێنێتەوە، جۆزیف کەمبڵ لەگەڵ ئەوەی لەم دیالۆگــــە دوو رو درێژەدا، چاو نەترســــانە باس لە ئاین و تێکست و میتۆلۆژیا دەکات، هەروەها لە فەزایەکی واقیعیشدا پەلکێشمان دەکات بۆ نێو ڕووداوەکان، دەمانخاتە نێو پێوەندییەکانی نێوان خەیاڵ و واقیع، لە ئەدەبەوە دەمانبات بۆ سەماو کەرنەڤاڵ و مۆسیقاو سینەما، بێ ئەوەی هەست بە پچڕان بکەین لە دنیایەکی پڕ نهێنیدا دەمانسووڕێنێتەوە، بوێرانە پیاسەی نێو هەزار پێچ و توو لە ڕێگەو ڕێگە پڕ ترسەکانمان پێ دەکات، لەبەردەم جادوو و نێچیر و دێو و درنجەکاندا دامان دەبەزێنێ، چاوەکان دەخوێنینەوە، چاوی مرۆڤ و دەعباکان. هەندێ جاریش خۆی لە قەرەی تێکستە پیرۆزەکان دەداو ئەو یاساغانە دەشکێنێ، کە هەزاران ساڵە مرۆڤ لە پاڵیاندا خەون دەبینێ. هەروەها ئاشناشمان دەکات بە سەمای مەرگ و گۆرانیی نەمری و ڕیتوێڵی هەمیشەیی، هەندێ جار لەگەڵیدا مناڵ دەبینەوە و هەندێ جاریش ئەو مێردمنداڵەین خەونی زەرد و سوور دەبینین. کاتێکش لە مەرگمان نزیک دەکاتەوە، بیانوویەکمان بۆ دەدۆزێتەوە، بیانووی دنیایی نەک ئاینی.

سەرەڕای ئەم پەرتووکەش ژمارەیەکی زۆر نووسین و داهێنانی تری هەیە لە بواری میتۆلۆژیاو دەمامک و خواو پێوەندییەکانی نێوان بیرو ئەفسانەو چیرۆکەکانی عەشق و هاوسەریدا.

ئەوەی لە تۆی ئەم پەرتووکەدا دەیخوێنیتەوە یەکێکە لەو چاوپێکەوتنە دوورو درێژانەی کە کەناڵی P.P.S ی ئەمریکی لەڕێگەی پێشکەشکەری بەرنامەکەی (بیل



مویرز) لەگەڵ (جۆزیف کەمبڵ)ی ئەنجامی داوە، لەڕاستیدا ماوەی ڕاستەقینەی ئەم چاوپێکەوتنە نزیکەی (٢٤) سەعاتە هەندێکی بڵاوکرایەوە، پاشان لە ڕێگەی (بتی سوفلاوەرز)ەوە کۆکرایەوە و کرا بەم پەرتووکەکەی کە وەرگێڕانەکەی لە بەردەستی ئێوەدایە.

پێش ئەوەی کورتەیەک لەسەر ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە بخەمە ڕوو، دەبێ ئەوەش بڵێم (جۆزیف کەمبڵ) خاوەنی بڕێکی زۆر لە پەرتووک و نووسینی بەنرخە لەوانە (پاڵەوانی هەزار ڕوو) (ئەفسانەو خەون و ئاین) (شێوازی هێزە ئاژەڵییەکان) (وێنە ئەفسانەییەکان) (دەمامکی خوا، ئەفسانە سەرەتاییەکان) (دەمامکی خوا، ئەفسانە ڕۆژهەڵاتییەکان) (دەمامکی خوا، ئەفسانە ڕۆژئاواییەکان) (دەمامکی خوا، ئەفسانە داهێنەرەکان)... هتد. پەرتووکی (پاڵەوانی هەزار ڕوو) یەکێکە لە پڕ فرۆشترین پەرتووکەکانی کەمبڵ، لەو پەرتووکەدا بەو ئەنجامە دەگات کە ئەزموونی مرۆڤایەتی هەر یەکێکە و هەر کولتووری بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

هەروەها لەو پەرتووکەدا بەردەوام لە گەشتێکی دوور و درێژی پڕ ململانێین و لە نێو دنیا هەمەچەشنەکانی ئەفسانەی یۆنانی و (کۆمیدیای خودایی)ی دانتی و بوودیزم، مەسیحی و ئیسلامدا. هەر هەموو ئەمانەش بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەیە، کە ئایا ئێمە لەم سەر زەمینەدا لەچەند نەتەوەیەک پێک هاتووین یان یەک نەتەوە، یەک بنەمای ڕۆحی کۆمان دەکاتەوە یان چەند بنەمایەک.؟ یەک چارەنووس و ئایندەمان دەبێ یان هەزاران.؟ پیرۆزو ناپیرۆز لە عەقڵماندان یان هەن و واقیعین.؟ هەروەها لەم پەرتووکەدا بەدووی سیماکانی پاڵەواندا دەگەڕێ، بڕێکی زۆر سیما، بەڵام سەرەڕای جیاوازیی نێوان ڕوخسارەکان، لە کۆتاییدا هەر یەک ڕوخسارە و بە شێوازی هەمەچەشن خۆی دەنوێنێ.

کەمبڵ لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەروونی و ئەو ڕاڤەو گەشتانەی بە نێو ئەفسانەدا دەیکات دەیسەلمێنێ کە هەموو خەونەکان یەکن، چ هی ئەمڕۆ بێ یا هی هەزاران ساڵ پێش ئێستا، لەو هەموو سەردەمەدا پاڵەوان جارێ دەبێتە ڕزگارکەرو هەندێ جاریش پێغەمبەر و ڕێ پیشاندەرو ڕووناککەرەوە و یان هەندێ جار وەکو (میفستوفیلیس)ی (گۆتە) لە شێوەی ئەهریمەندا دەردەکەوێ، هەندێ جاریش

مەشخەڵی گەیاندنی هەواڵی خۆشەویستیی پێیە.

کەمبڵ لەو پەڕتووکەدا بۆ دەرئەنجامی بۆچوونەکانی سوودی لە هەموو شێوازەکانی لێکدانەوە وەرگرتووە، وەک فەلسەفە و شیکردنەوەی دەروونی و میتۆلۆژیای بەراوردکاری.

بەڵام لەم پەڕتووکەیدا (دەسەڵاتی ئەفسانە) یان چاکتر وایە بڵێین: لەم چاوپێکەوتنەیدا کە لەگەڵ (بیل مویرز)دا ئەنجامی داوە، هەندێ تایبەتمەندی و درێژبوونەوەیەک بۆ کارەکان و بۆچوونەکانی کەمبڵ دەبینین، لەوانە دامەزراندنی پێوەندیی نێوان ئاین و میتۆلۆژیا، بەکارهێنانی چیرۆکە ئەفسانەیییەکان لە نێو بیری ئاینیدا، باس لەو ڕەوشت و ئاکارانە دەکات کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەکاریان دەهێنان لە بابەتی ڕیتوێڵ و ڕێورەسمە ئاینیەکانیاندا، هەروەها ژمارەیەکی زۆر بەراوردکاری دەبینین، لە چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بیری گەورەبوون و دەرچوون لە حاڵەتی منداڵی بۆ حاڵەتی باڵغبوون، بوون بەکەسی بەرپرسیار. پاشان لەهەر هەشت بەشی ئەم پەڕتووکەدا هەر جارەی ئاشنای جۆرە وتووێژێک دەبین، ئەو هەشت بەشەش (ئەفسانەو دنیای نوێ، سەفەر بەرەو دنیای ناوەوە، یەکەمین حیکایەتبێژان، قوربانی و خۆشبەختی، سەرچڵییەکانی پاڵەوان، دیاری خواکان، چیرۆکەکانی خۆشەویستی و هاوسەرێتی، دەمامکەکانی نەمری..) جارێ لەسەفەری گەڕان بەدووی جیهانی کۆن و ناخی مرۆڤین و جارێکیش لەبەر گوێی ئاگرداندا میوانی ئەو دنیا نوێیەین کە لەگەڵ سەردەمی خۆیدا ئەفسانەی خۆی هەیە، کەمبڵ بڕوای بەوەیە کە هەر سەردەمێک چ کۆن و چ نوێ ئەفسانەی خۆی هەیە، ئەگەر پاڵەوان و سەرچڵییەکانی پاڵەوان و دێو و درنج و ئەژدیها نموونەی کەسانی ئەفسانەی کۆن بن، ئەوا ئەمڕۆش ئەستێرەی سینەماو فڕۆکەو کەشتی ژێر دەریا هەن کە ئەوانیش ئەفسانەی ئەمڕۆن، قوربانی و خۆشبەختی بۆ ئێمە ڕەنگە شێوەیەک بێ لە سەرکەوتن لەبوارێک لەبوارەکانی ژیان، بەڵام بۆ تاکێک لە نێو کۆمەڵگە کۆنەکان خۆبەختکردن شێوازێک بووە لە پێناو مەبەستی ئاینیدا.

ئەمڕۆ کەمبڵ گرفتی گەورەی دەروونیی مرۆڤ لە نەمانی ئەفسانەدا دەبینێتەوە، بۆیە لەم پەڕتووکەدا مرۆڤی سەردەمی ئێستا بە مرۆڤی ونبوو ناو دەبات،



سستییەکانی ژیان لەڕەنگدانەوەی سستییەکانی بونیادی ڕۆحی مرۆڤا دەبینێ، لەدەسەڵاتی ئەفسانەدا کەمبڵ، مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕوەکیش لەیەک خانەدا دادەنێ، بڕوای وایە کەڕوەکیش گیان و ڕۆحی هەیە.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ، کەمبڵ زۆر شێلگیرانە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەفسانە پێوەندییەکی پتەویشی لەگەڵ عەقڵدا هەیە، کرۆکی ژیان لەوەدایە کەمرۆڤ حەز بەکوشتنی خۆی دەکات، غەریزەی خۆکوشتن سیفەتێکی ئەفسانەییە، هەر بۆیە باس لەوە دەکات کە بەردەوامیی ژیان لەسەر گیانی زیندووەکانە، بۆیە بەردەوامبوون، پێویستی بەکوشتنی ئەوی ترە، پێشکەشکردنی زۆر لە ڕێوڕەسمە ئەفسانەیییەکان بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ، ئاشتبوونەوە لەنێوان خۆی و عەقڵ ئەنجام بدات، ڕێوڕەسمی کوشتن ئەو ڕێوڕەسمەیە کەمبڵ لە زۆربەی میتۆلۆژییەکاندا دەستنیشانی دەکات.

بۆیە مرۆڤ بە کوژەر دادەنێ لەبەرئەوەی ڕوەکیش وەک کوشتنی ئاژەڵ شێوەیەکە لە لەناوبردنی ژیان. ئەو پێی وایە زیندووەکان بەکوشتن دەژین، مرۆڤ ئاژەڵ سەردەبڕێ تا بەردەوامی بەژیان بدات، تەنانەت ڕوەکیش کە دەخورێ شێوەیەکە لە کوشتنی زیندوو، ئەوانیش ڕۆحیان هەیە، ئەو پێی وایە مەسەلەی کوشتنی ئاژەڵ مەسەلەیەکی ئەفسانەیییە، باس لە پێوەند دێرینی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات، لەئەفسانەی هەندێ لە نەتەوەکاندا ئاژەڵ ئەو بوارە بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێ تا ڕاوی بکات، ئەو وای دەبینێ کە بە مەرگ و قوربانیی خۆی گیان بەبەر مردووەکانی تردا دەکات و لە ژیانێکی دیکەدا بەو خۆدانەدەستەوە، نەمر دەبێ.

پاشان لە عێشق و هاوسەرێتیدا سەرنجمان بۆ هەندێ تایبەتمەندی ڕادەکێشێ ئەویش ئەوەیە کەهاوسەرێتی شێوەیەکە لە گەیشتن و بەرپاکردنی پێوەندیی لەنێوان دوو دنیا، دنیای خۆمان و ئەو دنیایەی کە لەدەرەوەی ئێمەیەو بە ئێمە بەخشراوە، گرفتەکەش ئەوەیە کەچۆن بتوانین هاوئاهەنگی لەنێوان ئەم دوو دنیایە دروست بکەین. ئەو پێی وایە دروستکردنی منداڵ جۆرێکە لە خۆکوژی، کاتێ مرۆڤ منداڵێکی دەبێت، بەو جۆرە ژیانی ئەو لەنێو گیانی منداڵەکەدا بەردەوامی بەخۆی دەدات.

زۆر نموونەی سەیر دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەبینین، بە تایبەت ئەوانەی دەربارەی

مەسەلەی ژن و هاوسەرێتین، نموونەی عێشق و هاوسەری لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیدا بە نموونە دەهێنێتەوە، وەک ئەفسانەی تیرزیاس و پێوەندیی نێوان زیۆس و هاوسەرەکەی، پاشان لەم بەسەرهاتەوە بۆ مەسەلەی خۆشەویستیی نێوان تاکەکان دەمانبا بۆ خۆشەویستیی خواکان، دەشڵێ زۆرجار خۆشەویستییە مەزنەکانی خوا بەرامبەر بەمەعشووقەکانی بۆ شێوەیەک ڕق دەگۆڕێ، بۆ نموونە لە ئاینی ئیسلامدا شەیتان خۆشەویستترین کەسی خوا بوو، کاتێ کڕنووش بردن بۆ مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە خوا لەعەرشی خۆی دووری دەخاتەوە، بەڵام ڕاڤەکردنی ئەم مەسەلەیە لەئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر دەگۆڕێ، مەسیحییەت باس لە خۆپەرستیی شەیتان و ئیسلام بەشەیتانی بوغرای لە قەڵەم دەدا، بەڵام بەسەرهاتێکی ئێرانی هەیە دەڵێ: لەبەرئەوەی ئەوەندە شەیتان خوای خۆش ویستووە، نەیتوانیوە کڕنووش بۆ مرۆڤ بەرێ.

لەبەشێکی تری پەڕتووکەکەدا بەناوونیشانی دەمامکەکانی نەمری، ئەفسانە لەڕوانگەی سیما شاراوەکانەوە دەخرێتە ڕوو، ژیان و نەمریی دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوە و داهێنان، گومان لەنێوان نەمریی سەر زەوی و نەمری ئەو دنیا یەکێکە لە هاندەرە گەورەکان بۆ نزیکبوونەوە لە ئەفسانە، تێکشکانی مرۆڤ لەوێدا وێنا دەکات، کە نازانێ چۆن جیاوازییەکانی نێوان بەهەشتی دنیاو بەهەشتی سەرزەوی ببینی. کەمبڵ دەڵێ: وێنە ئەفسانەییەکان ڕەنگدانەوەی ڕۆحی هەریەک لە ئێمەن. بە قوڵبوونەوە لەم وێنانە، هێزی ئەو وێنانە بۆ ناخمان دەگوازینەوە.

دەسەڵاتی ئەفسانە خوێندنەوەی ناخ و ڕۆحی مرۆڤە لە گشت سەردەمەکاندا، نەهێشتنی جیاوازییە لەنێوان ڕۆحی مرۆڤ و ڕۆحی زەوی، قوڵبوونەوەیە بۆ ناخ، خوێندنەوەی ئەو جیاوازییانەیە کە مرۆڤ دروستی دەکا، تەنیا باسکردنی دەسەڵاتی میتۆلۆژیا نییە، بەڵکو باسکردنی دەسەڵاتی خوازیارەکانە لەئاشکراکردنی کۆدەکانی مێژووەوە، دەسەڵاتی ئەفسانە تەنیا خوێندنەوەی ئەفسانە نییە لە ڕوانگەی پەتیی میتۆلۆژیاوە، یان گێڕانەوەی ئەو حیکایەت و بەسەرهاتانە نین کە تۆمارکراون، بەڵکو قووڵتر باسکردنی پێوەندییەکانە، چونکە ئەفسانە پێوەندیی بەکەشوهەوا و تواناو دەوروبەری مرۆڤیشەوە هەیە، هەر سەردەمە کۆمەڵێ هۆکار دەبنە هۆی سەرهەڵدانی



ئەفسانە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەفسانەیەکی گشتگیر هەیە، هەموو تاکێکیش ئەفسانەی خۆی هەیە، هەروەک چۆن سەرچڵییەکان لەهەموو سەردەمێکدا بوون بەبابەتی ئەفسانە، خەیاڵیش بۆ نەشوونماکردنی ئەفسانەو زەمینەی باوەڕپێکردن و بڵاوبوونەوەی ڕێگا خۆشکەر بووە.

ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەی کە کەمبڵ بۆ باسکردنی هێز و توانای ئەفسانە نموونەی لێ وەرگرتوون، سەرچاوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و دەروونین. نەک ئەمەش زیاد لە پێویست خۆی بەهەموو کون و قوژبنێکدا کردووە، هەر لە شیعر و حیکایەت و پەڕتووکی پیرۆز تا دەگاتە وێنەی سەر دیوارو پەیکەرو مۆرو ئەو پارچە بەردانەی کە گوزارش لە تواناو دەسەڵاتی ئەفسانە دەکەن.

بەکورتی، پەڕتووکی دەسەڵاتی ئەفسانە، هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی ڕوانینێکی گشتگیرانە، لە مەڕ پەیوەستبوونی مرۆڤ بە خەیاڵەوە، ئەمەو دامەزراندنی زنجیرەیەک مانای عەقڵانی لەبارەی ئەفسانە، لەم پەڕتووکەدا کەمبڵ دەیەوێ پێمان بڵێ شارستانییەتی مرۆڤ لەمێژووی دێرینەوە تا ئەمڕۆ، بێ بەری نییە لەئەفسانە.

لەکۆتایشدا دەمەوێ ئەوە بڵێم بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە، سوودم لە وەرگێڕدراوە فارسییەکەی وەرگرتووە، کە لەلایەن (عەباس موخبر) وەرگێڕدراوە، بەڵام پاش بەراوردکردنی لەگەڵ ئینگلیزییەکەی بۆم دەرکەوت، لە هەندێ جێگادا ڕستەو وشە هەن نەکراون بە فارسی، هەروەها لە هەندێ جێگاش هەندێ هەڵەی زەقم لە وەرگێڕانەکەدا بینی، بۆیە لەو بەشانەو لەو هەڵانەی لەوێدا بینیم چاوپۆشیم کردو پشتم بە ئینگلیزییەکەی بەست، دەبێ ئەوەش بڵێم: عەباس موخبر یەکێکە لە وەرگێڕە باشەکانی ئێران، بەڵام ئەو وردەکارییانە کە لەفارسییەکەیدا هەبوون، بۆ چاککردنیان پشتم بە سەرچاوە ئینگلیزییەکەی بەست.

سەڵاح حەسەن پاڵەوان

# پێشەکیی دانەر

ئەم گفتوگۆیە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٥ و ١٩٨٦) لە باخچەی جۆرج لۆکاس "ئسکای واکەرزو، پاشان لە مۆزەخانەی مێژووی سروشتیی نیویۆرک لەنێوان (بیلٚ مویرز و جۆزیف کەمبڵ) بە ئەنجام گەیشتووە. زۆربەمان کە تیراژی ئەسڵیی ئەم بابەتەمان خوێندەوە بە زۆری بابەتەکان ئەوانەی لەکاتی کاری وێنەگرتندا بەدەرکەوتن کە نزیکەی (٢٤) کاتژمێری خایاند تووشی سەرسوڕمان بووین، بۆیە بۆ پێکهێنانی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنیی تایبەت بە کەناڵی(PBS)کە شەش کاتژمێر بخایەنێ هەر دەبووایە ژمارەیەکی زۆر لەو چاوپێکەوتنە کورت بکرایەتەوە.

بۆیە بیری دانانی ئەم پەڕتووکە لەو مەبەستەوە سەرچاوەی گرت کە ئەم چاوپێکەوتنە نەک تەنیا فەراهەم بێت بۆ تەماشاکەرانی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە، بەڵکو بکەوێتە بەرچاوو دەستی ئەوانەش کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە خۆیان بە خوێندنەوەی پەڕتووکەکانی (جۆزیف کەمبڵ)ەوە سەرقاڵ کردووە.

لە دانان و نووسینەوەی ئەم پەڕتووکەدا هەوڵم داوە وەفادار ڕێچکەی بنچینەییی وتوێژەکەبم، لە هەمان کاتدا ئەو فرسەتەم قۆزتووەتەوە کە بابەتەکە بەو زانیاریانە دەوڵەمەند بکەم کە لەشوێنی تردا لە شێوەی دەستنووسدا لەبەردەستن. هەرچۆنێک بۆم کرابێت هەوڵمداوە پێ هەڵگری شێوازی زنجیرە تەلەفزیۆنیەکەبم، بەڵام گومانیشی تێدا نییە کە پەڕتووکەکە شێوە و ڕۆحی تایبەتی خۆی هەیە، مەبەستەکەش ئەوە بووە کە ئەم پەڕتووکە شانبەشانی زنجیرەکە بڕوات نەک تەنیا کۆپییەکی ئەو بێت. تا ئەندازەیەک هۆی دانانی ئەم پەڕتووکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم وتووێژە وتوێژی بیرو ئەندێشەیە، بۆیە هەڵدەگرێ مرۆڤ لە پاڵ بینینیشیدا تێیدا قووڵ ببێتەوە.

هەڵبەتە لەسەر ئاستێکی قووڵتر هۆی چاپکردنی ئەم پەڕتووکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە بیلٚ مویرز بە تەنگی ئەوەوە بوو تا بابەتە ستراکتۆرو دژوارەکانی ئەفسانە



بورووژێنێ و جۆزیف کەمبڵیش ئامادەو بەتەنگەوە بوو تا بە ئەمانەتەوە وەڵامی پرسیارە کاریگەرەکانی بیلٚ مویرز بداتەوە، لە چوارچێوەی ئاشکراکردنی ڕاستگۆیانەی خودی خۆی کە تەمەنێک بوو سەرقاڵی ئەفسانە بوو. سوپاسی هەردووکیان دەکەم ئەو بوارەیان ڕەخساند تا ئەم دیالۆگی بیرو ئەندێشەیە بکەوێتە بەر دیدە و چاوی خوێنەران. هەروەها سوپاسم بۆ جاکلین کینەدی سەرنووسەری دەزگای دوبڵ، گرینگیدانی بە بیرو بۆچوونەکانی جۆزیف کەمبڵ یەکەمین هاندەری بڵاوبوونەوەی ئەم پەڕتووکە بوو.

هەروەها سوپاسی هاوکاری ئەم بەڕێزانە دەکەم: کارین بۆردیلین Karen Bordelon و ئەلیس فیشەر Alice Fisher و لین کۆهیا Lynn Cohea و سونیا هەداد Sonya Haddad وجوان کونەر Joan Konner و جۆن فلورز John Flowers. بەتایبەتیش سوپاسی ماجی کیشین Maggie Keeshen دەکەم، بۆ ئەو هەوڵەی کە دای بە مەبەستی دووبارە چاپکردنەوەی دەستنووسەکە و چاوتیژی لە دانانا.

بۆ ئامادەکردنی دەستنووسەکەش ڕێزو سوپاسم بۆ ژودی دوکوتۆروف Judy Doc-otor off و ئاندی تەخەر Andie Tucher و بەکی بەرمان Becky Berman و ژودی ساندمان Judy Sandman.

ئاشکرایە مەسەلەی تایبەت بە تابلۆو وێنەکان لە بنەڕەتدا چاکەو دلێریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێزان فیرا ئەرۆنو Vera Aronow و لین نوڤیک Lynn Novick و ئیلیزابێت فیشەرو سەبرا مۆر Sabra Moore کە ئەویش بەیارمەتی Anmari Ronnberg، هەردووکیان بیل مویرزو جۆزیف کەمبڵ ڕەشنووسەکەیان خوێندەوە و زۆر پێشنیازی دیاریکراویان پێشکەش کردم، لێرەدا دەمەوێ بۆ هەردووکیان سوپاسی خۆم تۆمار بکەم، ئەویش نواندنی چاونەترسی و بەرگریکردن دەربارەی دوو دڵبوون لەوەی کە وشەکانیان دووبارە بە زمانی پەڕتووک بنووسرێتەووەو وازیشیان هێنا تا ئەم چاوپێکەوتنە زمانی زیندووی سەر لاپەڕەکان بێت.

بتی سوفلاورز

زانکۆی تکساس لە ئۆست

# پێشەکی

چوار هەفتە پاش مەرگی جۆزیف کەمبڵ، ڕووم لە هەر جێگایەک دەکرد ئەوم بیر دەکەوتەوە، ئەو کاتەی لەنێو ئاپۆرەوە جەماوەرەوە سەرم لە وێستگای میترۆ دەرهێناو ڕووم کردە مەیدانی تایمز، هەستم بە وزە و توانای جەماوەر کرد، ئا لەوێدا وەبیرهاتنەوەیەکی کەمبڵ، کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئا لەوێدا وەبیری هاتبووەوە هێنامییە پێکەنین، (دواین بەرجەستەبوونی ئۆدیب، داستانی ڕۆمانسی و هەمیشە جوان و دڕندەم بینی کەپاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە چوارڕییانی شەقامی پێنجەم و چل و دووەم وەستاوەو چاوەڕوان دەکا تاچراکە ببێ بەسەوزو بپەڕێتەوە.)

لە نمایشێکی تایبەتی دوا فیلمی جون هوستون مردن The dead دیسان جارێکی تر کەمبڵم وەبیرهاتەوە، ئەو فیلمەی چیرۆکەکەی لەسەر بناغەی چیرۆکێکی جیمس جۆیسەوە وەرگیراوە، یەکێک لە گرنگترین پەڕتووکە سەرەتاییەکانی کەمبڵ کلیلێک بوو بەرەو تازیەباریی فینجینەکان Finnegans Wake ئەو شتەی کەجیمس جۆیس لە ئازارەکانی مرۆڤدا ناوی (ترسناک و جێگیر)ی لێ نابوو، جۆزیف کەمبڵ چاک دەیزانی ئەو شتە بابەتی سەرەکیی ئەفسانە دێرینەکانە، بۆیە دەیوت: (نهێنیی شاراوەی گشت ئازارەکانی مرۆڤ لەناوچوونێتی، ئەمەش مەرجی سەرەکیی ژیانە. گەر بمانەوێ جەخت لە سەر ژیان بکەین، ئەوا نابێ ئینکاری بوونی میرایی بکەین).

ڕۆژێکیان گفتوگۆمان لەسەر ڕەنج و ئازار دەکرد، یەک بەدوای یەک کەمبڵ ناوی جۆیس و ئیگیوگاریوکی دەوتەوە، لەکاتێکدا بەسەختی ئەو ناوەم دەهاتە سەر زار، لێم پرسی ئیگیوگاریوک کێیە؟ کەمبڵ وەڵامی دامەوە: ئەم کابرایە شەمەنی(پیاوی ئاینی) یەکێک لەهۆزەکانی ئەسیکیمۆی کاریبوی باکوری کەنەدایە، هەر ئەم کابرایە بەگەشتیارە ئەوروپییەکانی ڕاگەیاند کە: (عەقڵی ڕاستەقینە تەنیا دوور لەمرۆڤ و لەتەنیاییەکی مەزندا دەژی و تەنیا لە ڕێگەی ئازارو ڕەنجەوە مرۆڤ دەتوانێ عەقڵ بەدەست بێنێ. تەنیا ڕەنج و ئازار دەرگای عەقڵ بەڕووی ئەو شتانە دەکاتەوە کەلای



کەسانی دی شاراوەن.)

منیش وتم: (بێگومان، ئیگیوگاریوک)

کەمبڵ لە نەزانی و کەمبوودی کولتووریم چاوپۆشیی کرد. دیسان لە پیاسەکردن وەستاین. لە کاتێکدا شەوق لەچاوەکانییەوە دەردەپەڕی وتی: (ئایا دەتوانی وێنەی ئێوارەیەکی دووردودرێژ بخەیتە پێش چاوی خۆت لەبەر ئاگردانێ لەگەڵ جۆیس و ئیگیوگاریوک دانیشتووی. خوایە گیان چەندم حەز دەکرد لەو دانیشتنە دابم.)

کەمبڵ پێش بیرەوەری (٢٤) ساڵەی کوشتنی (جون. ف. کەنەدی) کۆچی دوایی کرد، لەو چاوپێکەوتنانەی کەپێشتر ئەنجاممان دابوو بە شێوەیەکی میتۆلۆژیانە باسی ئەم کوشتنەی کەنەدیی کردبوو. ئێستا ئەو بیرەوەرییە دڵتەزێنە جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە. لەگەڵ نەوەکانم دانیشتووم باس لە قوڵبوونەوەو تێڕامانەکانی کەمبڵیان بۆ دەکەم. ڕێوڕەسمی کفن و دفن کردنی دەوڵەتی بەوە وەسف کردبوو کە (نموونەیەکە لە پێشکەشکردنی بالاترین خزمەتی ڕیتوێڵی بە کۆمەڵگەیەک) ئەو بابەتە ئەفسانەییانە دێنە دەرێ کە ڕەگیان لەنێو پێویستییەکانی کۆمەڵگەدایە. کەمبڵ نووسیبووی ئەم ڕووداوە (بووە بەڕیتوێڵێک نموونەی پێویستییەکی مەزنی کۆمەڵگەیە). کوشتنی ئاشکرای سەرۆک کۆمار (ئەوێک کە نوێنەری هەموو کۆمەڵگەیە، ئەم قەوارە زیندووە ئەندامیە کەئێمە ئەندامێکین تێیدا، لە ساتێکدا کوژرا کەژیان تێیدا قوڵپی دەدا، بۆیە ئەم جۆرە کوشتنە پێویستی بەڕیتوێڵێک هەیە تاهەستکردن بە پاڵپشتی کۆمەلایەتیمان بۆ بگەڕێنێتەوە.)

میللەتێکی مەزن هەبوو وای کرد ئەم چوار ڕۆژە، ببێ بەچوار ڕۆژی کۆمەلایەتیی هاوڕابوون، لەو ڕۆژانەدا هەموومان هاوکات بە یەک شێوازو بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی بەشداریی ئەو ڕووداوە پڕ لە سیمبولە دەکەین. کەمبڵ وتی: (ئەم ڕێوڕەسمە یەکەمین ڕێوڕەسمی سەردەمی ئاشتی بوو ئەو هەستەی پێ بەخشیم کە ئەندامێکم لەنێو ئەم کۆمەڵە نیشتمانپەروەرانەدا، کە هەر هەموویان وەک یەک دەست پابەندبوون بەوەی ڕیتوێڵێکی قووڵی پڕ دەلالەت بەجێ بێنین.)

ئەو دەستەواژەیەی سەرەوەم دووبارە کردەوە کاتێ کەیەکێ لەهاوکارانم لەلایەن یەکێک لە هاوڕێکانییەوە دەربارەی پێوەندیی نێوان من و کەمبڵ پرسیاری لێ کرابوو

کە: (بۆ تۆ پێویستیت بە ئەفسانەیە؟) دیسان ئەم وەسفەم بیرهاتەوە کە کەسی پرسیارکەر ئەو بروا مۆدێرن و ئاشنایەی هەبووە کە(خواکانی یۆنان خۆیان و قسە هەلەقو مەلەقەکانیان)بۆ ژیانی مرۆڤایەتیمان ئەمڕۆمان هیچ مانایەکیان نییە. ئەو شتەی کەکەسی پرسیارکەرو خەڵکێکی زۆر نایزانین ئەوەیە کەپاشماوەی هەموو ئەو هەلەقومەلەقیانە ڕێک لە خەزەفێکی شکاو دەچێ لە دەوروبەرێکی ئارکیۆلۆژیدا کەوتبێت، ئەو پارچانەش سنووری دیوارەکانی سیستەمی بروا دەرونییەکانمان دەستنیشان دەکەن. بەڵام لەوێدا ئێمە کۆمەڵێ بوونەوەری زیندووین، لەو هەموو هەلەقومەلەقیانەدا جۆرە وزەیەک ئامادەیە. ڕیتوێڵەکان ئەم وزانە زیندوودەکەنەوە. بۆ نموونە بڕوانە ئەو پلەو پایەی کە دادوەر لەنێو دادگادا هەیەتی، کەمبڵ لە ڕوانگەی سنووری میتۆلۆژیاوە ئەم مەسەلەیەی دەبینی، نەک لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە. گەر ئەم مەسەلەیە تەنیا دەور بینین بێت، ئەوا دادوەر دەیتوانی لەجیاتی ڕۆبی ڕەشی تایبەت بەدادوەری دەسەڵاتدار، بەچاکەت و پانتۆڵی خۆڵەمێشییەوە بێتە ژوورێ. کەواتە بۆ ئەوەی دەسەڵات بۆ یاسا بێت، تەنیا بۆ زۆردار نەبێ، ئەوا دەبێ دەسەڵاتی دادوەر ڕوویەکی ڕیتوێڵی و ئەفسانەیی پێ ببەخشرێ، ئەم کارەش لەگەڵ زۆربەی زۆری کارەکانی تری ژیانیش هەروایە، هەر لە ئاینەوە بگرە تاجەنگ، لە خۆشەویستییەوە تا مەرگ.

پاش مەرگی کەمبڵ ڕۆژێکیان دەمەوبەیان بە پیادە بەرەو سەرکار دەچووم، لەبەردەم کۆگایەکی تایبەت بەفرۆشتنی فیلمی فیدیۆییدا وەستام، ئەو کۆگایە دراوسێم بوو، تەماشای ئەو دیمەنانەم دەکرد کە لەو دیوی جامخانەکەوە هەڵواسرابوون، ئەوەی بینیم جەنگی ئەستێرەکانی جۆرج لۆکاس بوو. لەوێ وەستام و ئەم دیمەنە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو ڕۆژانەی بردمەوە کەمن و کەمبڵ لەسەیرانگای Sky Walker لە کالیفۆرنیا، کەتایبەت بوو بە لۆکاس تەماشای ئەو فیلمەمان دەکرد.

پاش ئەوەی کەلۆکاس دانی بەوەنا کە کاریگەری نووسینەکانی کەمبڵ زۆرە بەسەریەوە، ئەم دووانە پێوەندییەکی دۆستانەی گەرم پێکیانییەوە بەست، هەر بەم پێیەش لۆکاس داوەتی کەمبڵی کرد تاهەرسێ بەشی فیلمی جەنگی ئەستێرەکان ببینێ. کەمبڵ بەبینینی بابەتە کۆن و دیمەنەکانی نێو دنیای ئەفسانە چێژی



وەردەگرت، بەتایبەت کاتێ کە ئەو بابەتانە لەسەر شاشەی گەورە و بەشێوازێکی مۆدێرن نمایش بکرێ. لەم چاوپێکەوتنەدا کەمبڵ جارێکی تر چێژ و خۆشیی هەڵوێستی ترسناک و پڕ ئازایەتیی لۆک ئیسکای واکەر ورووژاندی، هەروەها بەحەماسەوە قسەی لەسەر ئەوە دەکرد کەچۆن لۆکاس توانیوێتی (تازەترین و بەهێزترین داڕشتن) بخاتە نێو چیرۆکی کلاسیکی پاڵەوانەوە.

منش پرسیم: (بەڵام ئەمە چی دەگەیەنێ؟)

هەمان ئەو شتە دەگەیەنێت کە گۆتە لە(فاوست)دا وتوێتی، بەڵام لۆکاس بەرگێکی نوێی بەبەری ئەو شتەدا کردووە، ئەو شتەش ئەوەیە کەتەکنەلۆژیا بەرەو ڕزگاربوونمان نابات. کۆمپیوتەرو ئامێرو ئامرازەکانمان بەس نین بەڵکو دەبێ پشت بە هەست و بوونی خۆمان ببەستین.

منیش وەڵامم دایەوە: (ئایا ئەم دیدگایە جۆرێک لەهێرشکردنە سەر عەقڵ نییە؟ ئایا بەم کارەمان نەبووینەتە هۆی ئەوەی کەزۆر لە عەقڵ دووركەوینەوە.؟)

سەفەری پاڵەوان بەرگری لەم شێوە ڕوانگانە ناکات و عەقڵیش ڕەت ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە، پاڵەوان بەسەرکەوتنی بەسەر هەستە تاریکەکاندا، سیمبولێکە بۆ توانای ئێمە لەکۆنترۆڵکردنی لایەنی دڕندایەتیی دەروونمان.) لەبۆنەی تردا کەمبڵ نیگەرانیی خۆی دەربارەی شکستی مرۆڤ ڕاگەیاندبوو، بەتایبەت لە مەسەلەی (ڕازیبوونی بێ سنووری مرۆڤ لە بواری گۆشت خۆری و شەهوەتبازیدا.) کەمبڵ پێی وابوو ئەم سیفەتانە سیفەتی باوی سروشتی مرۆڤن. ئێستاش ئەو وەسفی سەفەری پاڵەوان بەو شێوەیە دەکات کەجۆرە ژیانێکە بە مەبەستی دۆزینەوەی خودی خۆت، نەک وەسفکردنی پاڵەوان لە چوارچێوەی ئازایەتی و دلێریدا. (لۆک ئیسکای واکەریش) هیچ کاتێ بە قەدەر ئەو کاتە هۆشمەند نەبوو، کە لە ناخی خۆیدا هێزی تاکەکەسیی خۆی دۆزییەوە تا ڕەدووی چارەنووسی خۆی بکەوێ.

کەمبڵ گاڵتەجاڕیانە دەیڕوانییە ئەو بۆچوونەی کە پێی وابوو کۆتاییی گەشتی پاڵەوان مانای شکۆمەندیی پاڵەوان ناگەیەنێت؛ لە یەکێک لەوانەکانیدا دەڵێ: کۆتاییی ئەم گەشتە هیچ یەکبوونێک ناگەیەنێت لەگەڵ هیچ یەک لەو هێزانەی کەپاڵەوان ڕووبەڕوویان بووەتەوە؛ yogi هیندی کاتێ باس لە ڕزگاربوون و دەستبەرداربوون

دەکات، یەکگرتنێک لە نێوان خۆی و ڕووناکی بە ئەنجام دەگەیەنێت و هەرگیز ناگەڕێتەوە، بەڵام کەسێک کە دەیەوێ خزمەت بەخەڵکی بگەیەنێت، ئەوا ڕێگە بەخۆی نادات بەم شێوەیە هەڵبێ و بۆی دەرچێت. دواین ئامانجی گەڕان و پشکنین نابێ بریتی بێت لە ڕزگاربوون و شکۆمەندی بۆ خودی خۆت، بەڵکو حیکمەت لەوەدایە تۆ خزمەتی کەسانی تر بکەیت، هەروەک کەمبڵ دەیوت: یەکێک لە جیاوازییە زۆرەکانی نێوان کەسی ناودارو کەسی پاڵەوان ئەوەیە، یەکەمیان بۆ خودی خۆی دەژی و دووەمیان کار بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە دەکات.

جۆزیف کەمبڵ پێی وابوو ژیان جۆرێکە لەسەرچڵی، کاتێ سەرپەرشتیاری زانکۆ (ئەو زانکۆی کاری لێ دەکرد) هەوڵی دا کەمبڵ لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەکادیمیدا ئابڵوقە بدات، ئەو وتی: (نەفرەت لەخۆت و بەرنامەکەت) هەر لەم میانەشدا وازی لەبەرنامەی وەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆراکەی هێناو ڕووی کردە دارستان و دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، هەر هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ خوێندنەوەی جیهان، مرۆڤناسی، زیندەوەر ناسی، فەلسەفە، هونەر، ئاین. هەروەها هۆشداریشی دا کە یەکەمین ڕێگا بۆ چوونە نێو جیهانەوە لە ڕێگەی لاپەڕە چاپکراوەکانەوە دەست پێ دەکات. چەند ڕۆژێک پاش مەرگی کەمبڵ یەکێک لە خوێندکارە کۆنەکانی کەئێستا سەرنووسەری یەکێک لەبڵاوکراوە گرنگەکانە، بەبیستنی ئەو هەواڵەی کەمن و کەمبڵ سەرقاڵی کۆمەڵێ چاوپیکەوتنین، نامەیەکی بۆ نووسیم، لەو نامەیەدا هاتووە: (گێژەڵووکەی وزەو توانای ئەو پیاوە خۆی کردووە بە نێو تەواوی توانا فیکرییەکانی خوێندکاراندا) ئەو خوێندکارانەی کە لە وانەکانی ئەودا لە کۆلێژی سارە لۆرنس دانیشتبوون و هەناسەیان لەخۆ بڕیبوو، هەروەها سەرنووسەر بەردەوامە لە نووسینەکانی و دەڵێ (لەحاڵێکدا هەمووان بە ئەفسوونەوە گوێمان بۆ وتەکانی هەڵخستبوو، پشتمان لەژێر باری ئەو پەڕتووکانەدا چەمابووەوە کەداوای لێ دەکردین بۆ ئەو هەفتەیەی کە خۆی دیاری دەکرد بیانخوێنینەوە. دواجار یەکێک لە خوێندکاران هەستایە سەر پێ و پێی وت: (بڕوانە، سێ وانەیتریشم هەیەو دەشبێ بۆ ئەوانەش خۆم ئامادەکەم، چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت لەیەک هەفتەدا ئەو هەموو کارە تەواوکرێ.؟ کەمبڵ پێ کەنی و وتی: پێم سەیرە ئەوەندە خۆت



شڵەژاندووە، تەواوی ساڵەکانی تەمەنت بواری ئەوەت هەیە بەردەوام بی لە خوێندنەوە.) هەر ئەو خوێندکارەی پێشوو لەکۆتاییدا دەنووسێ: (تا ئێستاش ئەم نموونەیەم تەواو نەکردووە، نموونەی بێ کۆتاییی ژیان و کارەکانی ئەو.)

لەو ڕێوڕەسمەی کە لەمۆزەخانەی مێژووی سروشتیی نیۆرۆکدا بەرپاکرا، توانیمان درک بەو کاریگەرییە بکەین کەئەو لەدوای خۆیدا بەجێی هێشتووە. کاتێ کە لەتەمەنی منداڵیدا هاتبووە ئەم جێگایە، دیمەنی دەمامک و تەوتەمەکان سەرسامی کردبوون. کێ ئەو شتانەی دروست کردبوو؟ سەری سوڕمابوو، ئایا ئەوانە چ مانایەکیان هەیە؟ بۆیە دەستی کردبوو بەخوێندنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندییان بەسوور پێستەکانەوە هەبوو وەک ئەفسانەو میتۆلۆژییەکانیان. ئەو لە تەمەنی (١٠)ساڵییەوە وەدووی شتێکەوە بوو کەئەوی کرد بەیەکێک لە ناسراوترین لێکۆڵەرەوانی بواری میتۆلۆژیا، هەروەها بە یەکێک لە ناسراوترین مامۆستایانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان؛ وەک دەگێڕنەوە کەمبڵ دەیتوانی ئێسک و پرووسکی فۆلکلۆرو مرۆڤناسی زیندوو بکاتەوە. ئێستاش لەو مۆزەخانەیەو لەبەشی ڕێوڕەسمی بەرز ڕاگرتنی بەخاکسپاردنی ئەودا، لەو جێگایەی کەپێش سێ چارەکە سەدە ئەوی سەرسام کردبوو، خەڵکی کۆبوونەتەوە تا بەشکۆمەندییەوە بیرەوەرییەکانی بەرز ڕاگرن. لەو ڕێوڕەسمەدا میکی هارت Mickey Hard بەرنامەیەکی پێشکەش کرد، میکی تەپڵ ژەنی تیپی ڕۆک کەناوی Grateful Dead، کەمبڵیش لەگەڵ ئەواندا جارێک لەجاران بەشداریی کردبوو بەلێدانی سازە زەربییەکان، ئەو کاتە لەوێدا ئەوان سەرقاڵی ئەزموونکردنی ئەفسوون بوون. هەروەها لەوێشدا ڕۆبرت بلایRobort Bly لەسەر ئامێری قانوون ئاوازێکی پێشکەش کردو و شیعرێکی لە بیرەوەریی کەمبڵدا خوێندەوە. هەروەها هەندێ لەو خوێندکارە کۆنانەی کەمبڵیش لەوێ بوون و وتاریان خوێندەوە، ئەو خوێندکارانەی کە ئەو مامۆستایان بوو پاش دابڕان و گواستنەوەی بۆ هاوای لەگەڵ جین ئیردمانی سەماکەرەی ژنی. دەزگا گەورەکانی بڵاوکردنەوەی نیویۆرکیش کەسانی خۆیان بۆ ئەو بۆنەیە ڕەوانە کردبوو، هەروەها کۆمەڵێک نووسەری لاوو پیریش هاتبوون ئەوانەی کە کەمبڵیان بەڕووناک کەرەوەی ڕێگەی خۆیان دادەنا.

ڕۆژنامەنووسانیشی لێ بوو، منیش پێش هەشت ساڵ خۆم خستە نێو ئەو گرووپەوە کاتێ کە هەوڵم دەدا بیرە زیندووەکانی خۆم لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نیشان بدەم. دوو بەرنامەمان لەو مۆزەخانەیە تۆمار کرد، بەڵام ئامادەبوونی کەمبڵ لەو بەرنامەیە ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو هەر پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکە زیاتر لە (١٤) هەزار کەس نامەیان نووسیبوو، داوای نووسخەیەکی ئەو گفتوگۆیەیان کردبوو. پاش ئەوە پەیمانم دابوو کەجارێکی تر بڕۆمە لای و بەوردی و قوڵتر و ڕێکوپێکتر بیری ئەو بخوێنمەوە. بەو سیفەتەی کە کەمبڵ نزیکەی زیاتر لە (٢٠) پەڕتووکی نووسیبوو هەروەها بڵاویشی کردبووەوە. لەبەرئەوەی وەکو مامۆستایەک ناسیم و، دەوڵەمەندی ئەوم لە بواری بەدەسەڵاتی لە کولتووری جیهانی و وێنەی خەیاڵی زمان تاقی کردبووەوە، بۆیە دەمویست کەسانی تریش وەکو من وەکو مامۆستایەکی خۆیان ئەو تاقی بکەنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش پەرۆشیم بۆ بەشداریکردن لە گەنجینەی ئەم پیاوە، وای لێ کردم کە ئەم چاوپێکەوتنەی (PBS) و لەچاپدانی پەڕتووکەکەی بە ئەنجام بگەیەنم.

دەڵێن: ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە بەئاشکرا وانە فێر دەبێت، ئەوا چێژ دەبینێ، بۆیە ئێمەش کەسانێکی خۆشبەختین کەئەو توانایەمان دۆزییەوە تارۆژگارمان بەردەوام بۆ فێربوون لە گەورە ساڵان ببەینە سەر. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هیچ کەسێک بە ئەندازەی کەمبڵ فێری نەکردووم (زۆری لێوە فێربووم، کاتێ کە پێم وت دەبێ دەرئەنجامی ئەم فێرکردنەی من بگریتە ئەستۆ، پێ کەنی و ئەم وتە یۆنانیەی وتەوە: (کەسێک کە بییەوێ ئەوە چارەنووس ڕێنوێنیکەرێتی، بەڵام کەسێک کە نەخوازێ ئەوە چارەنووس پەلکێشی دەکا.)

کەمبڵ وەکو مامۆستا مەزنەکان لە ڕێگەی نموونەو پەیڕەو، وانەی دەوتەوە شێوازی ئەو وا نەبوو بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک کەسێک ڕازی بکات (تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە یەکەم جار ویستی جین ڕازی بکا تا شووی پێ بکات). جارێکیان کەمبڵ پێی وتم: (ئامۆژگار هەڵە دەکات، کاتێ کە دەیەوێ کەسێک ڕازی بکات تابڕوا بە بڕوایەکی نوێ بهێنێت. باشتر وایە ئەو ئامۆژگارانە تیشکی دۆزینەوەکانیان نیشان بدەن.) کەمبڵ چەند بە توانابوو لە ئاشکراکردنی خۆشییەکانی زانین و ژیان.



هەروەها (ماتیۆ ئارنۆڵد) پێی وایە باڵاترین وێنەی ڕەخنە ئەوەیە (مرۆڤ چاکتر بزانێ لەوەی کەزانراوە و لە جیهاندا بیری لێ کراوەتەوە، پاشان گەیاندنی ئەو زانینە بە کەسانی تر، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕەوتێکی ڕاستەقینەو نوێی بیروباوەڕ.) ئەمەش ئەو کارەبوو کەکەمبڵ ئەنجامی دا. مەحاڵ بوو بۆ کەسێ کە گوێی لەو زاتە بێ و یان گوێی لەوتەکانی بێت لەهۆش و هۆشمەندیی خۆیدا دەربارەی چۆنییەتیی بزووتنی ژیان و باڵابوونی خەیاڵ و خودی خۆی نەگاتە دەستکەوتێ.

ئەو ئەو بڕیارەی دەدا کە(ئەندێشەی ڕێنوێنی) لە زۆربەی کارەکانیدا بریتییە لە گەیشتن بەبابەتە هاوبەشەکانی نێو ئەفسانەی جیهان ئەو ئەفسانانەی ئاماژە بە پێویستییە هەمیشەییەکانی خودی مرۆڤ دەکەن و ئەوانەش پێویستن بۆ چەقبەستن لە سنووری پرنسیپە قووڵەکاندا.)

پرسیم: (ئایا ئێوە باس لە گەڕان بەدووی دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان دەکەن؟)

ئەویش وتی: (نا، نا، گەڕان بەدووی ئەو ئەزموونەی فێرمان کات کەچۆن مرۆڤ بەزیندوویی بمێنێتەوە.)

منیش لە دڵی خۆمدا وتم: میتۆلۆژیا بۆ ڕێبازەکانی ئەزموونگەری، نەخشەیەکی ناوخۆییە. ئەوانەیشی نەخشەی ئەو ئەزموونەیان کێشاوە ئەو کەسانەن کە بەم ئەزموونەدا تێ پەڕیون. بەڵام بڕوا ناکەم ئەو بەم پێناسە وشکە ڕۆژنامەگەرییەی من ڕازی بێت. بەبڕوای ئەو میتۆلۆژیا (ئاوازی بوونەوەران) یا (مۆسیقای کردگارە). جۆرە مۆسیقایەکە لەگەڵیدا دەکەوینە سەما. تەنانەت گەر نەشزانین ئەو ئاوازە چییە، گوێمان لە بەشەکانی ئەو ئاوازەیە (جا چ لەبۆشاییەکانی پڕ لەتەنیاییدا گوێ بۆ مامبۆی کۆنگۆیی حەکیمێکی سیحرباز هەڵخەین، یان بەڕامانەوە بەشێکی وەرگێڕاوی گۆرانییە لائوتسەکان بخوێنینەوە، یان جار جارێ ناوکی سەختی یەکێک لە سەلماندنەکانی ئاکونیاس هەڵوەشێنینەوە، یان دەربارەی مانای درەخشانی چیرۆکێکی سەیروسەمەرەری ئەفسانە ئەسکیمۆییەکان تێگەیشتنمان لا دروست بێت.)

بەبڕوای ئەو ئەم هەمسەراییەی مەزن و پڕ کێشمەکێشە کاتێک دەستی پێ کرد

کەباوو باپیرانی سەرەتاییمان، دەستیان بەگێڕانەوەی چیرۆکێک کردووە دەربارەی ئەو ئاژەڵانەی بە مەبەستی خواردنی گۆشتەکەیان دەیانکوشتن، هەروەها دەربارەی ئەو جیهان میتافیزیکییەی کەپێ دەچێت ئەو گیانلەبەرانە پاش کوشتنیان بۆ ئەوێ چووبێتن. (ئەو جێگا دوورەی) لە پشتەوەی شیو و دۆڵی بینراوە، ئەو شوێنەی (خوای ئاژەڵانی) لێیە. دەسەڵاتی مەرگ و ژیانی مرۆڤەکانی بەدەست بوو، گەر توانای پێشکەشکردنی ئاژەڵانی وەک قوربانی نەدەبوو، ئەوە دەمێ بوو هەرچی ڕاوچی و خێزانەکانیان لەبرسا دەمردن، هەر بۆیە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان وا فێر بووبوون کە(کرۆکی ژیان) بەکوشتن و خواردن بەردەوام دەبێت، ئەمەش هەمان ئەو سیمبولە مەزنەیە کە ئەفسانەکان سەرقاڵێین. ڕاوچێتی بوو بەڕیتوێڵی قوربانیدان، ڕاوچییەکانیش لای خۆیانەوە هەڵدەستان بە کفرانە بۆ ڕۆحی ئەو ئاژەڵانەی کە کوژراون، بەو هیوایەی وایان لێ بکەن تادووبارە زیندوو ببنەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بیانکەنەوە بە قوربانی، وا تەماشای ئاژەڵان دەکرا ئەوان پەیامبەری دنیایەکی دیکەن، هەروەها کەمبڵ گومانی لەوە هەبوو کە لە(نێوان ڕاوچی و نێچیردا ڕێککەوتنێکی سیحر ئامێزی جوان بەدی هاتبێ و گەشەی کردبێ و گەورە بووبێ، وا پێ دەچوو ئەوان لەبازنەیەکی (سیمبوڵ ئامێزی بێ زەمەنی مەرگ و ناشتن و هەستانەوەدا) سووڕابێتنەوە. بەڵام وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ئەوان، وێنە و شێوەیەکی بەم پاڵپێوەنەرە بەخشی کە ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین ئاین.

لەگەڵ گۆڕینی ئەم کۆمەڵگەیانە لە کۆمەڵگەی ڕاو و شکارەوە بۆ کۆمەڵگەی کشتوکاڵی، چیرۆک و بەسەرهاتەکانیشیان گۆڕانیان بەسەردا هات، بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی تایبەت بوون بەڕاڤەکردنی نهێنی و سیمبولی ژیان. بەم شێوەیە ئێستا دانەوێڵەیە بووەتە سیمبولی سیحرئامێزی ئەم بازنەیە، ئەم بازنە بێ کۆتاییە. گیا دەمردو لە چاڵ دەنراو دووبارە ناوکەکانی لە دایک دەبوونەوە. کەمبڵ سەری لەوە سوڕمابوو چۆن ئاینە مەزنەکانی جیهان پابەندی ئەم سیمبولەن، وەک بەدەستهێنانی ڕاستیی نەمری – واتە لە مەرگەوە ژیان سەردەردێنێ، یان ئەو وتەیەی کەمبڵ دەیوتەوە: (لە قوربانییەوە بەرەکەت و خێرو بێر دێتەدی). هەروەها



دەیوت: (مەسیح چاوێکی هەبوو بینابوو، چ واقیعێکی سەرسوڕهێنەری لە دانەی خەردەڵدا بینی.) کەمبڵ لە ئەنجیلی یۆحەناوە وتەکانی عیسای بەنموونە دەهێنایەوە – (بەڕاستی پێتان ڕادەگەیەنم، تا دەنکە گەنمێ نەکەوێتە سەر زەوی و نەمرێ، هەر بەتەنیا دەمێنێتەوە؛ بەڵام گەر مرد ئەوا بەرهەمێکی مەزن دەبەخشێ. هەروەها بەردەوامیش لە قورئانەوە نموونەی دەهێنایەوە: (پێتان وایە بێ چەشتنی ئازار، لە بابەتی ئازاری ئەوانەی پێش خۆتان، دەچنە بەهەشتەوە.) «أتظنون انكم تدخلون الي جنة النعيم دون ان تعانوا ماعاناة الذين ڕحلوا قبلكم»؟.

ئەو کەسێک بوو بە  دۆڵ و نشێوی فراوانی ئەدەبیاتی ڕۆحدا گەردشی دەکرد، تەنانەت پەڕتووکی پیرۆزی هیندییەکانیشی لەسانسکریتییەوە وەردەگێڕا، بەردەوامیی بەکۆکردنەوەی ئەو چیرۆکە نوێیانە دەدا کەپڕ لە حیکمەتی کەسە دێرینەکان بوو. یەکێک لەو چیرۆکانەی گرینگیی زۆری پێ دابوو، چیرۆکی ئافرەتێکی داماوو گرفتار بوو هاتە لای حەکیمی هیندی (راماکریشنا)و پێی وت: (مامۆستا گیان، زەڕەیەک عێشقی خوا لەبوونمدا بەدی ناکەم)، ڕاماکریشنا لێی پرسی: (ئایا هیچ شتێک نییە خۆشت بوێ.؟) ژنەش لە وەڵامدا دەڵێ: (برازایەکی بچکۆلەم.) ڕاماکریشناش وتی (عێشق و خزمەتکردنی خوا لەوێدایە، لە خۆشەویستیت بۆ ئەمناڵەو خزمەتکردنی ئەو منداڵە.)

کەمبڵ دەڵێ: (ئەمەش پەیامی بەرزی ئاینە: هەرچییەک تۆ بۆ یەکێک لە بچووکترین براکانتی دەکەی، مانای وایە بۆ منت کردووە.)

وەکو دانایەک، لەنێو ئەدەبیاتی بڕوادا، بەدووی پرنسیپی هاوبەشی ڕۆحی مرۆڤدا وێڵ بوو. بەڵام ئەم پرنسیپە دەبێ لەکۆت و بەندی هۆزو خێڵ ڕزگاری بێت، لەبەرئەوەی گەر وا نەبێت ئەوا ئاینە جیهانییەکان بۆ سەرچاوەیەک لە ڕق و هێرش دەگۆڕێن – وەک ئەو بارودۆخەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیرلەندای باکووردا هەیە. کەمبڵ دەیوت: (خودا خاوەنی بڕێکی زۆر وێنەو شێوەیە، بە (دەمامکەکانی نەمری) ناوزەدی دەکا، ئەو دەمامکانەی کە لەیەک کاتدا چارەی خودای گەورەو میهرەبان دەپۆشن و ئاشکرای دەکەن. دەیویست بزانێت بۆچی خودا لەو هەموو کولتوورە جۆراو جۆرانەدا خاوەنی ئەو هەموو شێوە دەمامکانەیە، سەرەڕای ئەمەش

دەتوانین چیرۆکی هاوشێوە لەم کولتوورە جیاوازانەدا بدۆزینەوە، هەر بۆ نموونە چیرۆکی خولْقاندن و ئاوسبوونی کچ و بەرجەستەکارییەکان و مەرگ و دووبارە هەستانەوە و ڕۆژی لێ پرسینەوە، هەر هەمووی لە ئاینە جۆراو جۆرەکاندا ئامادەن.

لەم بوارەدا زۆرتر مەیلی بەلای ئەو هەستانەدا دەچوو کە لە پەڕتووکی پیرۆزی هیندییەکاندا هەبوو، دەیوت: (حەق تەنیا یەک شتە بەڵام داناکان ناوی جۆراوجۆریان لێ ناوە). هەروەها کەمبڵ دەیوت: هەموو ئەو ناو و وێنانەی بۆ ناوزەدکردنی خوا بەکارهاتوون هەموویان دەمامکن و دەلالەت لە واقیعی ڕەها دەکەن، وەک پێناسەو سنووریش لە سەرووی هونەر و زمانەوەن. ئەفسانەش دەمامکێکە لە دەمامکەکانی خودا خوازراوێکە بۆ ئەو شتەی کە لەپشتی دنیای ئاشکراوە خۆی شاردووەتەوە.

کەمبڵ پێی وایە سەرەڕای جیاوازی بۆچوونەکانی سۆفیزم، بەڵام داوامان لێ دەکەن زیاتر هۆشداربین و بەقووڵی بڕوانینە کردەی ژیان. لە فەرهەنگی کەمبڵدا ئەو گوناهانەی کە هەرگیز لێخۆشبوونیان نییە، بریتین لە گوناهکاری و فەرامۆشکردن و ناهۆشیاریی تەواو.

هەرگیز کەسێکم نەبینیوە لەو باشتر چیرۆک بگێڕێتەوە. کاتێک گوێم بۆ قسەکانی دەربارەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەڵدەخست، لەگەڵ گێڕانەوەکەیدا دەبووم بەڕێبوارێک و گەشتم دەکرد بە نێو پێ دەشتی فراوانی ژێر گومەتی ئاسمانی کراوەداو بەنێو دارستانە چڕەکاندا، لەژێر سێبەری بڕە دارێکدا دەحەسامەوە. ئەو کاتە هەستم دەکرد چۆن دەنگی خودا لە ڕێگەی گڤەی با و نرکەی برووسکەوە دێنە گوێم و، ڕۆحی خودا لەگەڵ خوڕەی ڕووبارەکاندا ڕێ دەکاو سەرتاسەری زەمین وەک مەنزڵگەیەکی پیرۆز وەک مەملەکەتی خەیاڵ و سیحراوی شکۆفە دەکا. دەمپرسی: ئێمەیەک ئادەمیزادانی ئەم سەر زەمینە نوێیە، زەویمان لە ڕەمزو ڕاز خاڵی کردووەتەوە بە پێی وتەی سال بلو زەویمان لە بڕوا پاک کردووەتەوە خەیاڵمان بە چ شتێک تێر بێت؟ بەهۆلیۆدو فیلمەکانی تەلەفزیۆن؟

کەمبڵ ڕەشبین نەبوو، بڕوای وابوو لەپشتەوەی ململانێکانی وەهم و حەقیقەت خاڵێک لە نێو عەقڵدا هەیە بەسوود وەرگرتن لەو خاڵە دووبارە دەتوانین بە شێوازێک شێوە بە ژیان ببەخشین. پەیداکردنی ئەو خاڵەش (پرسیاری بنەڕەتیی ئەم



سەردەمەیە). لە دواین ساڵەکانی تەمەنیدا کەمبڵ هەوڵی دەدا زانست و ڕۆحی نوێ پەیدا بکا. پاش ئەوەی گەڕیدەکانی ئاسمان دەستیان گەیشتە مانگ، کەمبڵ نووسیی: (پێ دەچێت، ڕۆیشتن لەو جیهانبینییەی کەبڕوای وابوو زەوی چەقە بۆ ئەو جیهانبینییەی کەڕۆژ بەچەق دادەنێت، مرۆڤی لەچەق دوورخستبێتەوە کەواتە چەق گەلێ گرینگە. بەڵام لەڕووی واتاییەوە چەق جێگایەکە لەوێدا ڕوانگە هەیە. لەبەرزییەکەوە ڕاوەستەو تەماشای ئاسۆکە. لەسەر مانگ بوەستەو تەماشاکە ئەو کاتەی زەوی هەڵدێ تەنانەت گەر لە ژوورەکەشتا لە ڕێگەی تەلەفزێۆنیشەوە ئەم کارەت کردبێ.) ئەنجامەکەش بریتی دەبێت لە کرانەوەیەکی بەرفراوانی بێ وێنەی ئاسۆ، ئەو ئاسۆیەی بە تەواوی دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی ئەم سەردەمەمان بێت، بەهەمان شێوە کەئەفسانە دێرینەکان وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمەی خۆیان بوون و دەرگاکانی سەرسامی ئێمەیان بەڕووی (ترسناکی و نایابیی خۆمان و گەردوون) کردووەتەوە. بەبڕوای کەمبڵ ئەوەی لە شانوشکۆی مرۆڤ کەم دەکاتەوە یان لەئاسمانی(خودای) دووردەخاتەوە زانست نییە، بەپێچەوانەوە، زانستە نوێیەکان (دووبارە ئێمەیان خستووەتە نێو پێوەندییەک لەگەڵ دێرینەکاندا.) لەبەرئەوەی زانست ئەو توانایەی پێ بەخشیوین تا وامان لێ بێت (لەهەموو گەردوونا وێنەیەکی گەورەکراوەی ماهیەتی خۆمان ببینین، بەو جۆرەی لە ڕاستیدا ئێمە گوێ و چاوو ئەندێشە و وتەی بوونەوەرەکانین، یان بەزمانێکی لاهووتی گوێ و چاوو بیرو وتەی خوداین). دواین جار کەکەمبڵم بینی لێم پرسی: (ئایا ئێستەیش تۆ باوەڕت بەو ئەندێشەیە هەیە کەپێشتر خۆت نووسیوتەو دەڵێی: (ئێمە لەم چرکەیەدا هاوبەشی مەزنترین بازدانی ڕۆحی مرۆڤین ؛ ئەو بازدانەی نەک تەنیا بۆ فێربوونی زانینی سروشتی دەرەکی ڕێنوێنیمان دەکات، بەڵکو فێری ئەوەشمان دەکات شارەزای قوڵترین سیمبولی ناخی خۆمان بین.)

ساتێ بیری کردەوەو وتی: (تا ئەمڕۆ گەورەترین بازدانە.)

کاتێ کە هەواڵی مەرگی کەمبڵم بیست، بۆ ماوەیەک چاوم بڕییە پەڕتووکی (پاڵەوانی هەزار ڕوو) کە پێشکەشی کردبووم، هەروەها بیرم بۆ ئەو ڕۆژانە دەچوو کە بۆ یەکەمین جار ئاشنای دنیای پاڵەوانی ئەفسانەکان بووم، کاتێ لە نێو

پەڕتووکخانەی ئەو شارەی کە لێی گەورە بووم پیاسەم دەکرد، لەپڕ لەژێر بڕێک پەڕتووکدا چاوم بەپەڕتووکێک کەوت، ئەو پەڕتووکە کۆمەڵێ دەرگای سەرسامیی بەڕوومدا کردەوە. پرومیسیۆس لەبەر خاتری مرۆڤ ئاگری خواکانی دەدزی و جیسۆن تاوەکو پەشم (خوری)ی زێڕین بڕفێنێ لەگەڵ ئەژدیهاکان دەجەنگا، سوارەکانی مێزگردیش لە گەڕاندا بوون بەدووی جامی پیرۆزدا، بەڵام تا ئەو کاتەی کەجۆزیف کەمبڵم نەناسیبوو نەمدەزانی کەئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە ڕۆژئاوایییانەی ئێوارانی شەمە دەمبینن، وەرگرتنی تەواوی چیرۆکە کۆنەکانە. ئەو چیرۆکانەی کە لەقوتابخانەی یەکشەممەی (کلیسایی) فێری بووبووم، لێک چوواندنێکی تەواوی لەگەڵ ئەو چیرۆکانە هەبوو کە لەکولتوورەکانی تر هەبوون؛ ئەو کولتوورانەی باسیان لەسەرچڵییەکانی بەرزی ڕۆح و گەڕانی مرۆڤ دەکرد، گەڕان بەدووی مرۆڤە نەمرەکاندا، بەمەبەستی دەستکەوتنی ڕاستیی خودا. ئەو یارمەتی دام تاپێوەندییەکان ببینم، درک بەگونجاویی پارچەکان لەگەڵ یەکتریدا بکەم، نەک تەنیا نەترسم، بەڵکو وای لێ کردم پێشوازی لەو شتە بکەم کە پێی دەوترێ: (ئایندەی فرە کولتووریی بەهێز.)

بێگومان کەمبڵ هەروا بەبێ ڕەخنەگرتن نەمایەوە، ڕەخنەشی لێ گیرا، بەو بەڵگەیەی ڕێبازی سایکۆلۆژی لەڕاڤەکردنی میتۆلۆژیادا بەکاردەهێنێ، هەروەها ئەرکی هاوچەرخی ئەفسانەش لەوەدا دیاری دەکا کە ئەرکی ئایدیۆلۆژی و چارەسازی هەیە؛ ئەمە کاری من نییە کەبچمە نێو ئەم شێوە باسانەوە، بۆیە ئەم مەسەلەیە بۆ کەسانی تر بەجێ دێڵم. بە هیچ جۆرێک وتووێژ نیگەرانی نەدەکرد. هەمیشە بەردەوام بوو لەوەبیرهێنانەوەو، ڕێگەی نوێی بۆ کەسانی تر واڵا دەکرد تا بەجوانی شتەکان ببینین.

پێش هەر شتێک ئەمە ژیانی بنەڕەتیی ئەو بوو، ڕێنوێنیی دەکردین. کاتێ دەیوت: ئەفسانەکان سەرە دەزوویەکن و بەرەو قووڵترین تواناو ماناکان ڕێنوێنیمان دەکەن و دەشتوانن بمانگەیەننە شادی و ڕووناکی و بەرەو چێژیشمان بەرن، ئەو بەجۆرێک ئەم قسانەی دەکرد وەک کەسێک خۆی سەردانی ئەو جێگایانەی کردبێ و کەسانی تریشی داوەت کردبێ بۆ ئەو بینینە.



چ شتێک بۆ لای ئەو کێشی دەکردم؟

عەقڵ، بەڵێ؛ گەلێک دانا بوو.

پاشان مەعریفە، لە ڕاستیدا، زانیارییەکانی دەربارەی پانۆرامای ڕابردوو، ئەوەندە فراوان بوون، کەم کەس هەبوو بەئەندازەی ئەو ئەوەندە زانیاریی لەم بارەیەوە هەبێ.) زۆر لەمەش زیاتربوو

بۆ گێڕانەوەی حیکایەتیش شێوازی خۆی هەبوو. کەسێک بوو لەنێو کەشکۆڵەکەیدا هەزاران حیکایەت خۆیان حەشاردابوو. ئەمەی خوارەوە یەکێکە لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو. کاتێ کە بۆ بەشداریکردن لەیەکێک لە کۆنفرانسە جیهانییەکان دەربارەی ئاین سەردانی ژاپۆنی کردبوو، لەوێ بیستبووی کەیەکێکی تر لەبەشداربووان ئەمریکییەو خەڵکی نیویۆرکەو فەیلەسووفێکی بواری کۆمەڵایەتییە، ئەو کابرایە ڕووی پرسیاری کردبووە ڕەبەنێکی (شینتۆی) و وتبووی: (تا ئێستا بەشداریم لە ڕێورەسمی هەمە چەشنە کردووە و ژمارەیەکی زۆرم پەرستگام دیتووە، بەڵام نازانم ئایدیۆلۆژیاکەی تۆ چییە، خوای تۆ کێیە.) ڕۆحانییە ژاپۆنییەکە بۆ ساتێک دەوەستێ و دەچێتە ژێرییەوەو، پاشان بەئارامی سەرێکیی ڕادەوەشێنێ و دەڵێ: (نەخاوەنی ئایدیۆلۆژین و نەخواناسی، ئەوەی ئێمە دەیکەین سەماکردنە.)

جۆزیف کەمبڵیش لەگەڵ مۆزیکی ئەفلاکدا سەمای دەکرد.

بیل مویرز

## ئەفسانە و دنیای نوێ

1

خەڵکی دەڵێن ئەوەی ئێمە بەدوویدا وێڵین، دۆزینەوەی مانایەکە بۆ ژیان. بڕوا ناکەم لە ڕاستیشدا ئەمە ئەو شتە بێت بەدوویدا دەگەڕێین. بەبڕوای من ئەوەی بەدوویداین، ئەزموونێکە دەربارەی زیندووبوونەوە، بەجۆرێک ئەزموونی ژیانمان لەسەر ئاستی فیزیکیی پەتی لە قووڵترین ڕووی بوون و واقعیماندا دەنگدانەوەی هەبێت و بەکرداریش هەست بەچێژی زیندووبوونەوە بکەین.

**مویرز:** بۆچی ئەفسانە؟ بۆ دەبێت گرنگی بەئەفسانەکان بدەین؟ ئەو ئەفسانانە چ کاریگەرییەکیان بۆ سەر ژیانمان دەبێت؟

**کەمبڵ:** وەڵامی ڕاستەوخۆی من بۆ تۆ ئەوەیە: (بەردەوامی بەڕێڕەوی خۆت بدە، ژیانێکی باش بژی، تۆ پێویستت بە میتۆلۆژیا نییە.) بڕوام بەوە نییە گرنگی بەبابەتێک بدرێت، تەنیا لەبەرئەوەی ئەو بابەتە گرنگە. بڕوام بەوەیە کەبابەتێک بتخاتە نێو داوی خۆیەوە. بۆیە دەبینی بابەتی ئەفسانە گەر بەشێوەیەکی باش پێشکەشت کرا، دەتخاتە داوی خۆیەوە، پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە ئایا گەر بابەتێک بتخاتە نێو داوی خۆیەوە چیت لێ دەکات؟

یەکێک لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە بەئەندازەی پێویست بەئەدەبی ڕۆح ئاشنا نین و، سەرقاڵی هەواڵی ڕۆژانەو ئەو گرفتانەین کەسات لەدوای سات بەرۆکمان دەگرن. لە ڕابردوودا سنووری زانکۆ، ڕووبەرێکی تەواو توندوتۆڵ و ئابڵوقەدار بوو، هەواڵەکانی



ڕۆژگار نەدەگەیشتنە ئەوێ، تاڕێگر بن لەبەردەم گرنگی پێدان و ڕوانینەکانت بەکولتووری مرۆڤایەتیی شکۆمەند کە لەکولتووری مەزنەوە بۆمان بەجێ ماوە، ئەو کولتوورەی لە ئەفلاتون و کۆنفسیۆس و بوودا و گۆتەو هەموو ئەو کەسانە پێک هاتووە کەباس لە بەها نەمرەکان دەکەن، ئەوانەی سەنتەرێ بۆ ژیانمان پێکدێنن. کاتێ کەگەورەتر دەبێ و دەزانی لێ بوویتەوە لە گرنگیدان بەهەموو شتە ئاساییەکانی ژیان و ئاوڕت بۆ ژیانی ناوەوە داوەتەوە، (گەر هاتو نەتزانی ژیانی دەروونی لەکوێیەو چییە) ئەو کاتە پەشیمان دەبیتەوە.

یۆنان و لاتین و ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆز، بەشێک بوون لە زانیاریی هەمووان. ئێستا کە ئەو زانیارییانە وەلاوە نراون، کولتووری زانیاریی میتۆلۆژیی ڕۆژئاوایی بە تەواوی ون بووە. ئەم چیرۆکانە لە مێشکی خەڵکیدا بوون. کاتێ ئەم چیرۆکانەت لە مێشکدا بێت، پێوەندییان بەڕووداوگەلێکەوە هەیە کە لە ژیانتدا ڕوو دەدەن. لەڕاستیدا بە لەناوچوونی ئەو پێوەندییانە شتێک لە دەست دەدەین. لەبەرئەوەی ئەدەبیاتێکمان نییە لەگەڵ ئەو پێوەندییەدا بەراورد بکرێت و جێگای ئەو بگرێتەوە. ئەو پارچە زانیارییانەی تایبەتن بەسەردەمە کۆنەکان ئەوانیش بەدەوری خۆیان پەیوەستن بە کۆمەڵێ بابەتەوە، بوون و ژیانی مرۆڤایەتییان دامەزراندووە و شارستانییەتیان بونیاد ناوە، بە درێژاییی هەزاران ساڵ فۆرمیان بەئاینەکان بەخشیوە، لەبەرئەوەی ئەو پارچە زانیارییانە مەسەلە دەروونییە قووڵ و نهێنییەکان شی دەکەنەوە، ئەوانەی کە لە ئاستی قۆناغەکانی گواستنەوەی دەروونی بوون. گەر هاتو ڕێنوێنی و نیشانەکان ئەوانەی کە لەڕێگاتدا هەن نەیانبینی، ئەوا ناچاری بۆیان بگەڕێی و پەیدایان بکەیت. هەرکە ئەم بابەتە بۆ یەک جار خستییە داوی خۆیەوە، ئەوا جۆرێ هەستت لا دروست دەبێت بەرامبەر بە یەکێ یان چەندێک لەو کەلەپوورو، زانیارییە قووڵ و دەوڵەمەند و ژیانبەخشەی کەناتەوێ بیاندۆڕێنی.

**مویرز:** لە هەمان کاتدا ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی حیکایەتبێژانەوە لەگەڵ جیهاندا بگونجێین و ژیانی خۆمانی لەگەڵدا هارمۆنیزە بکەین؟

**کەمبڵ:** پێم وایە هەروایە، ڕۆمانە مەزنەکان بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر ڕوونکەرەوەی ئەم ڕاستییەن. لەبیست و سی و تەنانەت چل ساڵیشدا جیمس جویس

و تۆماس مان مامۆستام بوون. هەرچییەکیان نووسیوە خوێندوومەتەوە. هەردوو ئەو زاتە لە قاڵبێکدا دەیاننووسی، دەکرێ پێی بوترێ کولتووری میتۆلۆژی. هەر بۆ نموونە چیرۆکی تونیۆ لە کتێبی تونوی کرۆگەر Toni Kröger بێنە بەرچاو. باوکی تۆنیۆ بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، لە شارەکەی خۆیدا کەسێکی ڕێزداربوو. بەڵام تۆنیۆی کوڕی خوویەکی هونەرمەندانەی هەبوو، بۆ میونیخ ڕۆیشت پێوەندیی بەدەستەیەکی ئەدەبییەوە کرد، کەسانی نێو ئەو گرووپە خۆیان بەبەرزتر و لە پێشتر دەزانی لەوانەی تەنیا بیریان لەپوول و پارەو خانەوادە دەکردەوە.

بەم جۆرە تۆنیۆ لەنێوان دوو تەوەرەدا گرفتاردەبێت: تەوەری باوک کەباوکێکی چاک و بەرپرسیار و خاوەنی کۆمەڵێ سیفەتی تر لەم جۆرەیە، بەڵام لەسەرتاسەری ژیانیدا هیچ کاتێک کارێکی ئەنجام نەداوە کە بەدڵی خۆی بێت، لە لایەکی تریشەوە تۆنیۆ کەسێکە ژینگەی خۆی بەجێ دێڵێ و دەبێ بەڕەخنەگری ئەو جۆرە ژیانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکا بەڕاستی خەڵکی شارەکەی خۆی خۆش دەوێ. هەرچەندە ئەو خۆی لەسەر ئاستی فیعلی لەوان بەبەرزترو باشتر دەزانێ و دەشتوانێ بە کۆمەڵێ وشەی بریندارکەر وەسفیان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی لەگەڵیان بوو.

کاتێ بڕیاری دا لەگەڵ (بووهیمیاکان)دا بژی، بۆی دەرکەوت ڕقبوونەوەی بێ سنووری ئەوان لە ژیان وادەکا کە نەتوانێ لەگەڵیاندا بژی. بۆیە ئەوانی بەجێ هێشت و لەمیانەی نامەیەکدا بۆ یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە نووسیبووی (من ستایشی ئەو بوونەوەرە ساردو لووت بەرزانە دەکەم کە بەسەر ڕێگە مەزن و ئەهریمەن ئاسا جوانەکاندا هەنگاو دەنێن و قێز لە(جۆری مرۆڤ) دەکەنەوە، بەڵام من ئیرەییان پێ نابەم. لەبەرئەوەی گەر شتێک بتوانێ کەسێکی ئەدەب دۆست بکا بە شاعیر، ئەوا ئەو شتە خۆشەویستیی خەڵکی شارەکەمە کەهەیانە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و ژیانی ئاسایی. گشت گەرمی و میهرەبانی و سیفەتە جوانەکان لەم عێشقەوە سەرچاوە دەگرن. بە بڕوای من ئەو عێشقە هەمان ئەو عێشقەیە کە لەئینجیلدا دەربارەی نووسراوە: ڕەنگە مرۆڤ بە زمانی مرۆڤ و فریشتەکان بدوێ، بەڵام گەر هاتو خۆشەویستیی تێدا نەبێ تەنیا وەکو دەنگدانەوەی شەقشەقەو ئامێری فووتێکردنی هەوایە).



پاشان دەڵێ: (دەبێ نووسەر لەگەڵ حەقیقەتدا ڕاستگۆ بێت.) ئەمەش جۆرێکە لە مرۆڤکوژی، لەبەرئەوەی تەنیا ڕێگەیەک کە بەڕاستی دەتوانرێ وەسفی مرۆڤی پێ بکرێت، وەسفکردنی ناتەواوییەکانێتی. مرۆڤی تەواو جێگای سەرنج نییە وەک بوودا کە جیهانی بەجێ هێشت. چاک دەزانین ئەو ناتەواوییەکانی ژیانن کە زۆر خۆشەویستە. کاتێ کە نووسەر ڕمێک لە وشە تێ دەهاوێ، زیانێک دەگەیەنێ. بەڵام ئەم ڕمە بەعیشقەوە هەڵدەدرێ. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە تۆماس مان ناوی لێ نابوو: (گاڵتەجاڕیی عاشقانە) واتە خۆشەویستییە کە تۆ بەوشەی لێکدانەوەی ستەمکارانە دەیکوژی.

**مویرز:** خۆشەویستی بۆ زادگاکەم، (وێنەیەکە جێی سەرسوڕمانمە) واتە ئەو هەستەی بۆ ئەم جێگایەت دەگەڕێنێتەوە هەرچەند لێی دوورکەوێتەوە، تەنانەت نەشگەڕێیتەوە بۆ لای. ئەو شوێنەی یەکەمین جار مرۆڤت تێدا ناسی. بەڵام بۆچی دەڵێی ئەو مرۆڤانەم خۆش دەوێ کە ناتەواون؟

**کەمبڵ:** ئایا منالان لەبەر ئەو هۆیە خۆشەویستن کە بەردەوام دەکەونە سەر زەوی و لەشێکی بچووک و سەرێکی زلیان هەیە؟ ئایا واڵت دیزنی ئەم شتەی نەدەزانی کاتێ کە حەوت کورتە بنەکەی دروست کرد؟ ئەو سەگە بچووکانەی کە مرۆڤ خۆشی دەوێن، ناتەواویی ئەوان وای کردووە خۆشەویست بن.

**مویرز:** کاملی شتێکی بێزارکەرە؟ وانییە؟

**کەمبڵ:** هەر دەبێ وابێت. ڕەنگە ئەمە کارێکی نامرۆڤانە بێت. ئەو ناوکەی ناوی مرۆڤایەتییە، تۆ لە شێوەی مرۆڤدا دەخاتەڕوو، نەک بوونەوەرێکی میتافیزیکی و نەمر، هەمان ئەو شتەیە کە خۆشەویستە. هەر لەبەر هەمان هۆ خۆشەویستیی خودا بۆ کەسانێک کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی لەخودادا ناتەواوی نییە. ڕەنگە بەرامبەر بەخودا ترسێکیان هەبێ، بەڵام ئەمە پێی ناوترێ عێشقی واقیعی. ئەو کاتە مەسیح خۆشەویستە کە لە خاچ دەدرێ.

**مویرز:** مەبەستتان چییە؟

**کەمبڵ:** ئازاردان، ئازاردان شێوەیەکە لەناتەواوی، وا نییە؟

**مویرز:** چیرۆکی ئازاردان و ڕەنجکێشان و ژیانی مرۆڤ...

**کەمبڵ:** ئا بەم جۆرەیە کە لاوێک، دەربارەی خۆی و دەربارەی ئەو ڕێگەیەی کە دەبێ پێیدا بڕوات زانیاریی دەست دەکەوێت.

**مویرز:** بەخوێندنەوەی کتێبەکەی تۆ – بۆ نموونە (دەمامکی خودا The Mask of God ) یا (پاڵەوانی هەزار ڕوو The Hero with a Thousand Faces ) بەم زانیارییە گەیشتم کە ئەوەی لە مرۆڤدا هاوبەشە لە ئەفسانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەفسانە، چیرۆکی گەڕانە بەدرێژاییی سەردەمەکاندا بەدووی دۆزینەوەی ماناو بەڵگە، ئێمە هەمووومان پێویستمان بەوەیە چیرۆکەکانی خۆمان بگێڕینەوە و تێیان بگەین. هەمووومان پێویستمان بەوەیە درک بەمەرگ بکەین و ڕووبەڕووی بینەوە، هەر هەمووان هەر لە لەدایکبوونەوە بۆ ژیان و پاشان کاتی مەرگیش پێویستمان بەیارمەتییە. هەمووومان پێویستمان بەمانا بەخشین بەژیان و بەرکەوتنی نەمری و تێگەیشتنی نهێنیی ئاڵۆز هەیە، تابزانین ئێمە چین.

**کەمبڵ:** خەڵکی دەڵێن: ئەوەی ئێمە بە دوویدا وێڵین، دۆزینەوەی مانایەکە بۆ ژیان. بڕوا ناکەم لە ڕاستیشدا ئەمە ئەو شتە بێت بە دوویدا دەگەڕێین. بە بڕوای من ئەوەی بەشوێنییەوەین ئەزموونێکە دەربارەی زیندووبوونەوە، بە جۆرێک ئەزموونی ژیانمان لەسەر ئاستی فیزیکی پەتی لەقووڵترین ڕووی بوون و واقیعیماندا دەنگدانەوەی هەبێت و بەکرداریش هەست بەچێژی زیندووبوونەوە بکەین. هەموو ئەوەی کە لە کۆتاییدا ئێمە بەدوویداین ئائەمەیە، ئەم کلیلانەش یارمەتیمان دەدەن ئەو شتە لەخۆماندا بدۆزینەوە.

**مویرز:** ئایا ئەفسانەکان کلیلیان هەیە؟

**کەمبڵ:** ئەفسانەکان بریتین لە کۆمەڵێ کلیلی توانا ڕۆحییەکانی ژیانی مرۆڤ.



**مویرز:** مەبەستت ئەوەیە ئەوانە شتێکن ئێمە توانای درک کردن و ئەزموونکردنیمان لە ناخی خۆماندا هەیە.

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** پێناسەی ئەفسانەتان گۆڕی لە گەڕان بەدووی مانا، بۆ ئەزموون و مومارەسەکردنی مانا .

**کەمبڵ:** ئەزموون و مومارەسەی ژیان. بە ناچاری دەبێ زەین خەریکی مانا بێت. بۆ نموونە گوڵێک چ مانایەکی هەیە؟ لە یەکێک لە داستانەکانی زەن Zen، باسی یەکێک لە وەعزەکانی بوودا دەکات، لەو چیرۆکەدا بوودا تەنیا گوڵێک بەرز دەکاتەوە، تەنیا کەسێک لەوێدا تێ دەگاو بەچاوی ئاماژەیەک بۆ بوودا دەکات و پێی دەڵێ: ئەو تێ گەیشتووە کە چی دەڵێ، بەخودی بوودا دەوترێ، (کەسێک کەبەم شێوەیە هات). ئەمە هیچ مانایەکی نییە، کەواتە مانای گەردوون چییە؟ مانای کێچێک چییە؟ ئەوە شتێکە بە تەواوی هەیە. هەمان مانای تۆش ئەوەیە کە لەوێدای. ئەوەندەی سەرقاڵین بۆ بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بە مەبەستە دەروونییە بەهادارەکانی دەرەوەی بوونمان دەگەیەنێ، تا ئەو ڕادەیەی ئەوەمان لەیاد چووە کە تەواوی کارەکە بریتییە لە بەهای دەروونی و خۆبردن بەرەو گەیشتن بەنەمری.

**مویرز:** بەڵام ئەم ئەزموونە چۆن بە دەست دەهێنی؟

**کەمبڵ:** ئەفسانەکان بخوێنەوە. ئەو ئەفسانانە ئەوەت فێردەکەن کە تۆ دەتوانی بۆ ناخ بگەڕێیتەوەو وردە وردە پەیامی سیمبولەکانت بۆ ئاشکرا بێت. ئەفسانەی گەلانی تر بخوێنەوە، نەک ئەفسانەیی ئاینییەکانی خۆت. لەبەرئەوەی مەیلی ئەوەت هەیە ئاینی خۆت لە سنووری واقیعەوە ڕاڤە بکەیت، بەڵام ئەگەر ئەفسانەکانی تر بخوێنیتەوە، وردە وردە لە پەیامەکانیان تێ دەگەی. ئەفسانە یارمەتیت دەدا تا زەینی خۆت لەگەڵ ئەم ئەزموونە هاوشان بکەیت کەپێی دەوترێ ئەزموونی نەمری، هەروەها پێت ڕادەگەیەنێت ئەم ئەزموونە چییە. بۆ نموونە بڕوانە هاوسەرێتی، کەواتە هاوسەرێتی چییە؟ ئەفسانە چیت پێ دەڵێ.؟ هاوسەرێتی یەکگرتنەوەی دووبارەی ئەو

جووتەیە کە لەیەکتری جیاکراونەتەوە. ئێوە لە بناغەدا یەک بوون، ئێستا لە جیهاندا دووانین، بەڵام هاوسەرێتی تێگەیشتنە لەم یەکبوونە ڕۆحییە، هاوسەرێتی لەگەڵ بەسەرهاتی عێشق و عێشقبازیدا جیاوازیی هەیەو هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە. ڕوویەکی تری میتۆلۆژیای ئەزموونە. کاتێک تاک بەم مەبەستە هاوسەرێتی پێک دێنێ، بەوەی کەڕووداوێکی عاشقانەی درێژخایەن دەست پێ دەکات، بەڵام زۆر زوو لە یەکتری جیادەبنەوە، لەبەرئەوەی هەموو ڕووداوەکانی خۆشەویستی بە ناکامی کۆتاییان دێت، بەڵام هاوسەرێتی تێگەیشتنی جۆرێک یەکبوونی ڕۆحییە. ئەگەر هاتو ژیانێکی گونجاومان هەبوو، ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی چاک زەینمان لەکاتی بەرپاکردنی پێوەندیی لەگەڵ توخمی جیاوازدا گونجاو کرد، ئەو کاتە هاوسەری نێر یا مێی گونجاو بۆ خۆمان دەدۆزینەوە. بەڵام گەر هاتو سەرقاڵی پێوەندیی هەستیاری دیاریکراو بین، ئەو کاتە هاوسەرێکی هەڵە هەڵدەبژێرین. بە بەرپاکردنی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسی گونجاودا، دووبارە بونیادی خودای بەرجەستەکراو دەکەینەوە. ئەوەش پێی دەوترێ: هاوسەرێتی.

**مویرز:** کەسی گونجاو؟ چۆن کەسێک دەتوانێ کەسی گونجاو هەڵبژێرێ؟

**کەمبڵ:** دڵت پێت دەڵێ و. دەشبێ بیکەیت.

**مویرز:** مەبەستت لە بوونی ناوەوەیە؟

**کەمبڵ:** ئەمە نهێنییەکە.

**مویرز:** مەبەستت ئەوەیە تۆ لەگەڵ خودی تری خۆت ئاشنایی پەیدا دەکەیت.

**کەمبڵ:** نازانم، بەڵام تیشکێک هەیە دەدرەوشێتەوەو لەناخەوە شتێک هەیە پێت دەڵێ: ئەو کەسە ئەوەیە کەدەبێ هەڵی بژێری.

**مویرز:** ئەگەر هاوسەرێتی بریتی بێت لە دووبارە یەکگرتنەوە لەگەڵ خوددا، واتە یەکگرتنەوە لەگەڵ نێر یامێ، ئەوا بۆچی هاوسەرێتی لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەوەندە ترسناکە؟




**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی وا تەماشا دەکرێ کەهاوسەرێتییە، دەتوانم بڵێم گەر هاوسەرێتی، سەرەکیترین کاری ژیان بێ، ئەوا لەڕاستیدا هاوسەرێتیت نەکردووە. هاوسەرێتی واتە یەکبوونی دووکەس و گۆڕینەوەیان بۆ یەک جەستە. ئەگەر هاوسەرێتی تاڕادەیەکی درێژ بەردەوام بوو، لەجیاتی مل کەچکردن بۆ حەزوئارەزووە تاکەکەسیەکانت ملکەچی ئەو هاوسەرێتییە دەبێ، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت بەڕاستی دووکەس بوون بەیەک.

**مویرز:** یەکبوون نەک تەنیا لەڕووی بایەلۆژییەوە بەڵکو لەڕووی ڕۆحیشەوە.

**کەمبڵ:** لە بناغەوە لەڕووی ڕۆحییەوە، لایەنی بایۆلۆژی، تەشویشێکە ڕەنگە بەرەو جووتبوونێکی هەڵەت بەرێ.

**مویرز:** کەواتە ئەرکی پێویستی هاوسەرێتیمان بەردەوامبوون نییە لە منداڵەکانماندا.

**کەمبڵ:** نەخێر، ئەم بابەتە تەنیا لایەنی سەرەتایی هاوسەرێتییە. لە هاوسەرێتیدا دوو قۆناغی تەواو جیاواز هەیە. یەکەمیان قۆناخی هاوسەرێتیی لاوێتی، پاشان پاڵپێوەنەرێکی سروشتیی نایاب دێت کە سروشت لە کارلێکردنی ئەو دوو توخمە لەڕووی بایۆلۆژییەوە پێی بەخشیوین بە مەبەستی بەرهەمهێنانی منداڵ، بەڵام ڕۆژێک دێ ئەو منداڵانە ماڵ بەجێ دێڵن و ئەو دوو توخمەیش بەتەنیا دەهێڵنەوە. ئەو دەستە هاوڕێیانەی کە لە تەمەنی چل پەنجا ساڵیمدا لێم جوودا بوونەتەوە، ئەوەندە زۆر بوون، جێگای سەرسوڕمانمن. ئەو خێزانانە لەگەڵ منداڵەکانیاندا ژیانێکی سەقامگیرو بەرێزیان هەبوو، بەڵام ڕاڤەکردنیان بۆ پێوەندیی لەڕێگەی منداڵەکانیانەوە بوو، ئەوان لەسەر پێوەندیی تاکەکەسی پێوەندیی نێوان خۆیان ڕاڤەی هاوسەرێتییان نەدەکرد.

هاوسەرێتی پێوەندییەکە، کاتێک لەهاوسەرێتیدا قوربانی دەبەخشی، ئەم قوربانییە کەسێک بۆ ئەوی دی ئەنجام نادات، ئەم قوربانییە بۆ یەکبوونە بۆ پێوەندییەکە. بۆچوونی چینییەکان لەبارەی (تائۆ) یان کارلێکردنی ڕووناکی و تاریکی – واتە پێوەندیی (یانگ و ین) نێرو مێ، ئەو شتەیە کە هاوسەرێتی

دەخوڵقێنێ. ئەمەش شتێکە پاش هاوسەرێتی بۆ ئەو شتە دەگۆڕێ. لەمەودوا ئیتر بە هیچ شێوەیەک یەک نیت و شوناسنامەت لە پێوەندییدایە. هاوسەرێتی ڕووداوێکی عاشقانەی سادە نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆزە، ئەو تاقیکردنەوەیەش خۆبەختکردنە لە بەردەم پێوەندییەکدا کە تێیدا دوو کەس بۆ تاکێک دەگۆڕێن.

**مویرز:** کەواتە هاوسەرێتی بەتەواوی تێکەڵ بەو بیرە نابێ کەتاک کارێکی تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدات.

**کەمبڵ:** دەبینی تەنیا کارێک نییە تایبەت بێت بە تاکەکەس، ئەڵبەتە بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین ئەم شتە هەیە، بەڵام ئەو یەک نەفەرە تەنیا تۆ نیت، بەڵکو دوو کەس بوون بەیەک. ئەمەش وێنە ڕەهاکەی ئەفسانەیە، ئەو وێنەیەی کەبوونەوەرێکی بینراوو بەرجەستە لە پێناوی چاکەیەکی باڵادا دەکا بەقوربانی، ئەمەش شتێکە لە قۆناغی دووەمی هاوسەرێتیدا بەجوانی دەردەکەوێت. من ئەم قوناغە ناو دەنێم قۆناغی کیمیاگەرانە کەتێیدا دوو هاوسەر بەئەزموونی یەکبووندا تێ دەپەڕن. ئەگەر ئەوان بەردەوام بەو شێوەیە ژیانیان بردە سەر کە قۆناغی یەکەمی هاوسەرێتیدا هەبووە، ئەو کاتەی کەمناڵەکانیان بەجێیان دەهێڵن و ماڵیان بۆ چۆڵ دەکەن، ئەوانیش هاوسەرێتیان تێک دەچێ و لە یەکتری جیا دەبنەوە. باوک عێشقی کچۆڵەیەکی تەمەن مناڵ دەبێ و لەماڵەوە هەڵدێ، دایکیش بەدڵ و ماڵی خاڵییەوە دەستەو ئەژنۆ دادەنیشێ و بە شێوازی خۆی دڵ و ماڵەکەی بەڕێوەدەبات.

**مویرز:** هۆی تێ نەگەیشتنمانە لە هەردوو ئاستەکەی هاوسەرێتی.

**کەمبڵ:** یان ئەوەتا بە پێی ئەو پەیمانە کارناکەین کە پێکەوەی گرێ داوێن.

**مویرز:** پەیمانەکەش وا دەست پێ دەکات کە لەڕێورەسمی هاوسەرێتیدا لەچاکەو خراپەدا پێکەوە بین.

**کەمبڵ:** ئەم پەیمانەش پاشماوەیەکە لەنەریتەکانەوە ماوەتەوە.

**مویرز:** نەریتیش هێزی خۆی لە دەست داوە. ئەو نەریتەی سەردەمێک تەواو



ڕەنگدانەوەی واقیعی دەروونی بوو، ئەمڕۆ بووە بە شێوە وێنەیەکی دەرەکی. بەڕاستی ئەمەش واقیعێکەو لە نەریتی کۆمەڵگاو نەریتی کەسایەتی و هاوسەری و ئاینیشدا.

**کەمبڵ:** ئەو کەسانە چەندن کە لەپێش بەرپاکردنی هاوسەرێتیدا وانەی مەعنەوی دەربارەی مانای هاوسەرێتی فێردەبن؟ دەتوانی لەبەردەم قازییەکدا بوەستی و لەماوەی (١٠) دەقیقەدا هاوسەرێتی ڕاگەیەنی. ڕێورەسمی هاوسەرێتی لە هیندستان سێ ڕۆژ دەخایەنێ. هەردوو هاوسەرەکە پێکەوە چەسپ دەکرێن.

**مویرز:** مەبەستتان ئەوەیە هاوسەرێتی تەنیا ڕێورەسمێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەزموونێکی مەعنەوییە.

**کەمبڵ:** لە پلەی یەکەمدا ئەزموونێکی ڕۆحییە، وا چاوەڕوانی کۆمەڵگە دەکرێ لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەزموونەدا کۆمەکمان بکات. مرۆڤ نابێت لەخزمەتی کۆمەڵگەدا بێت، بەڵکو دەبێ کۆمەڵگە لە خزمەتی مرۆڤدا بێت. کاتێ مرۆڤ دەبێتە خزمەتکاری کۆمەڵگە، ئەو کاتە دەوڵەتێکی دەعجانیمان دەبێت و ئەمەش شتێکەو لەو ساتانەدا هەڕەشە لەجیهان دەکات.

**مویرز:** چی ڕوودەدا کاتێ کەکۆمەڵگە میتۆلۆژیایەکی دەسەڵاتداری نابێ.؟

**کەمبڵ:** ئەمە شتێکەو لەئێمە سەری هەڵداوە. گەر دەتەوێ بزانی بوونی کۆمەڵگەیەکی بێ نەریت چی دەگەیەنێ، نیۆیۆرک تایمز بخوێنەرەوە.

**مویرز:** لەوێدا چی دەخوێنینەوە؟

**کەمبڵ:** هەواڵی ڕۆژانە. لەو باسانە باسی کارە وێرانکەرو توندوتیژەکانی ئەو لاوانەی کەنازانن چۆن لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا ڕەفتارکەن.

**مویرز:** واتە کۆمەڵگا نەریتێکی پێویستی نییە بۆ گۆڕینی ئەو لاوانە بۆ ئەندامێک لە نێو کۆمەڵگەو هۆزدا. مناڵان هەر هەموو پێویستیان بەدووبارە لەدایکبوونەوە هەیە، بۆ ئەوەی بزانن لە جیهانی ئێستادا ئەرکێکی ماقوڵیان هەیەو

سەردەمی مناڵی بەجێ بێڵن. لە یەکەمین کتێبی Corinthains ئەم بەشەم بە بیردا دێتەوە: (کاتێ کە مناڵ بووم وەکو مناڵێ ئاخاوتنم دەکرد، وەکو مناڵێ تێ دەگەیشتم، وەکو مناڵێ بیرم دەکردەوە: بەڵام کاتێ کەبووم بەپیاو وازم لە ڕەفتاری مناڵانە هێنا.)

**کەمبڵ:** بەڕاستییش وایە. ئەمەش مانای گەیشتنە بەنەریتی باڵغبوون. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا کۆمەڵێ دیاردە دەبینرێن لە بابەتی ددان دەرهاتن، قوربانیدان، خەتەنەکردن و برێکی زۆر دیاردەی لەم جۆرە. بەرامبەر بەمە چیتر خاوەن جەستەی سستی مناڵانە نیت و بۆ شتێکی تەواو جیاواز دەگۆڕێیت. کاتێ مناڵ بووم، پانتۆڵی کورتم لەپێ دەکرد، بەڵام کاتێ کەپانتۆڵی درێژم لە پێ کرد ئەوە مانای وابوو گەورە بووم. مناڵانی ئەمڕۆ بێ بەشن لەو ئەزموونە. لێرەو لەوێ مناڵی پێنج ساڵەش دەبینم بە پانتۆڵی کورتەوە. کەواتە ئەو مناڵانە چۆن بزانن گەورەبوون و واز لەڕەوشتەکانی مناڵی بهێنن.

**مویرز:** مناڵانی شارستانی ئەمڕۆ لەکوێ گەورە دەبن – بۆ نموونە لەشەقامی (١٢٥) یەمینی Broadway – ئەم مناڵانە لەکوێوە ئەفسانەکانی خۆیان دەست دەکەوێ؟

**کەمبڵ:** ئەو مناڵانە خۆیان ئەفسانەی خۆیان دروست دەکەن. بەو بەڵگەیەی لە سەرتاسەری شارەکان دیاردەی لەسەر دیوار نووسین دەبینین. ئەم مناڵانە خاوەنی چەتەو پرنسیپی بوون بەئەندام و ڕەوشتکاریی تایبەت بەخۆیانن و هەر کارێک کە پێیان بکرێت ئەنجامی دەدەن. بەڵام ئەوانە ترسناکن، لەبەرئەوەی یاساکانی ئەوان یاسای شار نییە. ئەوان بەکۆمەڵگەی ئێمە نامۆن.

**مویرز:** Rollo May دەڵێ: هۆی ئەم هەموو توندو تیژییە لە کۆمەڵگەی ئەمریکیی ئەمڕۆدا ئەوەیە کەئەفسانەی مەزنی وەها نییە بتوانێ یارمەتی پێشکەش بە کوڕان و کچانی لاو بکات تا پێوەندیی لەگەڵ جیهاندا چێ بکەن، یاخود لە ڕێگەی ئەو شتانەی کە لەپشتی جیهانەوە دەیبینن لە جیهان بگەن.



**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام بەڵگەیەکی تر بۆ بوونی بەرزترین ئاستی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دابونەریت لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا.

**مویرز:** دەتوانی ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەیتەوە.

**کەمبڵ:** بۆ نموونە لە فووتباڵی ئەمریکیدا یاساکان گەلێ توندو ئاڵۆزن. بەڵام گەر بۆ ئینگلتەرا بڕۆی، دەبینیت تا ئەم ئاستە یاساکانی ڕاگبی ئەوەندە توند نییە. ئەو کاتەی تەمەنم لە دەوروبەری بیست ساڵیدابوو خوێندکار بووم لە زانکۆ، دوو لاو هەبوون، پێکەوە هێڵێکی بەرگریی سەرسوڕهێنەریان پێک دەهێنا، کاتێ کە ئەوان کورسیی وانە خوێندنیان لەئۆکسفۆرد وەرگرت، ڕوویان کردە دەوێ، پێوەندییان بەتیمی ڕاگبی ئەوێوە کرد، ئەو دوو لاوە ڕۆژێکیان لەهێڵی بەرگریی ئەو تیمەدا سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری خۆیان بوون. هەر زوو لە لایەن یاریکەرانەوە ئەم تێبینییەیان پێ وترا: (بەڕێزان ئێمە یاسای لەم جۆرەمان نییە تکایە جارێکی تر ئەم کارە نەکەن. ئێمە بەم جۆرە یاری ناکەین.)

لە کولتوورێکدا کەساڵانێکی دوور و درێژ شێوەی خۆی گرتووە، کۆمەڵێک یاسای نەنووسراوو زانراو هەیە خەڵکی ژیانی خۆیانی پێ دەبەنە سەر. لەوێدا دابونەریت و، ڕێگەیەک یامۆدەیەک هەیە دەڵێ: (ئێمە بەم شێوەیە ئەم کارە ئەنجام نادەین).

**مویرز:** جۆرێکە لە میتۆلۆژی.

**کەمبڵ:** دەتوانرێ بوترێ شێوەیەکە لە میتۆلۆژیای ڕێگا پێ نەدراو. ئێمە بەم شێوەیە چەقۆ و چنگاڵ بەکاردێنین، بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا دەکەین و.. هتد. ئەم شتانە لە کتێبدا نەنووسراون. بەڵام لە ئەمریکادا خەڵکی وەهامان هەن خاوەنی ڕابردووی جۆراوجۆرن (سەر بەکولتووری جۆراوجۆرن.. وەرگێر) کەچی هەمووشیان پێکەوە کۆبوونەتەوە، لەبەر ئەو بەڵگەیەش یاسای ئەم وڵاتە گرنگییەکی زۆری پەیداکردووە، ئەوەی کۆمان دەکاتەوە پارێزەرو یاساکانە. لەم وڵاتەدا دابونەریت نییە، تێ دەگەی لە مەبەستم؟

**مویرز:** بەڵێ، ئەمە ئەو شتەیەکە دی توکڤیل De Tocqueville پێش (١٦٠) ساڵ

باسی کردووە، کاتێکیش بۆ یەکەمین جار هاتە ئێرە ئەو شتەی ناونا (ئەنارشیزم) واتا ئاژاوەگێڕی.

**کەمبڵ:** ئەوەی ئێستا ئێمە خاوەنێین جیهانێکە ئەفسانەی لێ سەنراوەتەوە، ئەو خوێندکارانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەم، ئارەزوویان زۆر لەئەفسانەیە، چونکە ئەفسانە پەیامی هەیە بۆیان. ئێستا ناتوانم پێت بڵێم خوێندنەوەی ئەفسانەکان چ جۆرە پەیامێکی هەڵگرتووە بۆ لاوانی ئەمڕۆ بەڵام دەزانم کە ئەفسانەکان چییان پێ بەخشیوم.. دڵنیاشم بۆ ئەوان شتێکی پێیە، کاتێک بۆ هەر کۆلێژێک دەچم بۆ ئەوەی وانە بڵێمەوە دەبینم ژوورەکان پڕاوپڕن لە خوێندکار هاتوون گوێ بۆ قسەکانم هەڵخەن، زۆرجار دەستەی وانە وتنەوە ژووری بچووکم بۆ حازردەکەن، واتە بچووکتر لە ئاسایی، لەبەرئەوەی ئەوان نازانن خوێندکاران تاچ ڕادەیەک تامەزرۆی گوێگرتنی ئەم بابەتەن.

**مویرز:** کەواتە بیهێنە بەرچاوت، بەبڕوای ئێوە ئەوان چ سوودێک لەو چیرۆک و ئەفسانانە وەردەگرن کە لە زمانی تۆوە دەیبیستن؟

**کەمبڵ:** ئەم چیرۆکانە دەربارەی حیکمەتی ژیانن، بەڕاستیش وایە، ئەو شتانەی لەقوتابخانەکانماندا دەیانبیستین، حیکمەتی ژیان نین. تەکنەلۆژیا فێر دەبین و زانیاریمان چنگ دەکەوێ، لەبارەی ڕوونکردنەوە و ئاماژەکردن بۆ ئەو بەهایانەی ژیان کەپەیوەستن بەبابەتەکانیانەوە خۆلادانێکی سەیر لەلایەن مامۆستایانەوە بەدی دەکرێ. ڕووکردنێکی بەهێز بەرەو پسپۆڕی لەزانستەکانی ئەمڕۆماندا هەیە لەوانە ئەنترۆپۆلۆژیاو زمانناسی و ئاین ناسی و... هتد... ئەو کاتەی دەزانی بڕی ئەو زانیارییانە چەندن تا لێکۆڵەری پسپۆڕ دەبێ بیزانێ بۆ ئەوەی ببێتە پسپۆڕێکی دەستڕەنگین لە بوارەکەیدا، ئەو کاتە تێ دەگەی کە کاریگەریی ئەم ڕێڕەوە چەندە، بۆ نموونە بۆ خوێندنەوەی بوودیزم تەنیا بەس نییە کە کەسی لێکۆڵەرەوە هەموو زمانە ئەورووپییەکان بزانێت کەتێیدا وتووێژ لەسەر ڕۆژهەڵات دەکرێت بە تایبەت فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیتالی، بەڵکو دەبێ لەپاڵ ئەوانەشدا سەنسکریتی و چینی و ژاپۆنی و تیبتی و چەند زمانێکی تریش بزانێ، کەواتە ئەم ئەرکە ئەرکێکی مەزنە،



ئەم جۆرە پسپۆڕییە ناشتوانێ بەدووی جیاوازییەکانی نێوان هۆزەکانی ئیرۆکوا Iroquois و ئەلگۆنیکوین دا Algonquinدا بڕوا.

پسپۆڕگەرایی دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ڕووبەری ئەو پرسانەی کەپسپۆڕ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەڵام کەسێک کەپسپۆڕ نەبێ، بۆ نموونە وەکو من کەسێکی جێنەڕالیست (گشتخواز) بێت، لێرەو لەوێ کۆمەڵێ شت دەبینێ کە لەپسپۆڕانی جۆراوجۆرەوە فێری بووە، لەحاڵێکدا هیچ یەک لەو پسپۆڕانە تێبینیی ئەو خاڵەیان نەکردووە کەبۆچی ئەم ڕووداوە لێرە و لەوێ ڕووی داوە. بەم جۆرە جێنەڕالیست (گشتخواز) – ئەو زاراوەی کە ئەکادیمییەکان دڵیان پێی تێک دەچێ – دەچێتە نێو زنجیرەیەک پرسەوە، کە دەکرێت بوترێ ئەم پرسانە زیاتر پرسی مرۆیی ڕاستەقینەن، یان دروستتر دەتوانین بڵێین مەسەلەی کولتووری تایبەتن.

**مویرز:** پاشان نۆبەی ڕۆژنامەنووس دێت، ڕۆژنامەنووس مۆڵەتی ئەوەی هەیە باس لە شتێک بکات، کەخۆی لێیان تێ ناگات.

**کەمبڵ:** ئەسڵەن ڕۆژنامەنووس مۆڵەتی ئەم کارەی نییە، بەڵکو ئەم کارە دەخرێتە سەرشانی. ئەو ناچارە لەناوخەڵکەوە وانەکان فێر بێت. لەبیرمە کاتێ کە لاو بووم بۆ یەکەمین جار ڕۆیشتم بۆ ئەوەی گوێ لە Heinrich Zimmer بگرم کاتێ کەخەریکی پێشکەشکردنی وتارێک بوو. بۆ یەکەمین جار لەوم بیست کە ئەفسانەکان کۆمەڵێ پەیامیان پێیە ئەو پەیامانەش پێویستن بۆ ژیان، ئەو شتانە تەنیا شتی سەرنجڕاکێش نین کەلێکۆڵەرەوان بۆ کات بەسەربردن بەڕێوەی دەبەن، بیستنی ئەم بۆچوونە ئەو هەستەی لا جێگیر کردم، کە هەر لەتافی لاوییەوە تا ئەمڕۆ هەڵم گرتووە.

**مویرز:** ئایا ئەو کاتەت لەیادە، کە بۆ یەکەمین جار ئەفسانەت تێدا ئاشکرا کرد؟ یەکەمین جار کە لە ناختا حەکایەتەکان زیندوو بوونەوە؟

**کەمبڵ:** لە چوارچێوەی بڕا ئاینییەکانی مەزهەبی کاتۆلیکیدا گەورە بووم. یەکێک لە گەورەترین شتە باشەکانی ئەم جۆرە پەروەردەو فێرکردنە ئەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات بەجددی بڕوانێتە ئەفسانە و بواری ئەوەی پێ دەدا تا کاربکاتە سەر ژیانی و لە

سنووری ئەم بابەتە ئەفسانەیییەدا بژی. لە چوارچێوەی پێوەندیی بازنەییی هاتنی مەسیح بۆ جیهان و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی لەجیهان و مردن و هەستانەوەو گەڕانەوەی بۆ ئاسمانی مەزندا گەورە بووم. لەنێو ئەو ڕێوڕەسمەی کە لەتەواوی جیهاندا بەڕێوە دەچێت، ئەوە وەبیر تاک دەهێنێتەوە کەناوکی نەمریی تەواوی گۆڕانکارییەکانی لەیاد بێت کە لەزەمەندا ڕوودەدەن. بەم هاوئاهەنگییە، زۆر بەئاسانی گوناهی لێ دووردەکەوێتەوە.

پاشان کەوتمە نێو خۆشەویستیی هیندییە سوورەکانەوە، لەبەرئەوەی Buffalo Bill هەمووساڵێ لەگەڵ تیمەکەی بۆ باخچەکانی مەیدانی مادسیۆن دەهات تا نمایشی سەرسوڕهێنەری ڕۆژئاواییی دڕندەیی پێشکەش بکات. دەمویست زانیاریی زیاترم دەربارەی سوور پێستەکان هەبێت. دایک و باوکم دەست و دڵیان زۆر باش بوو هەر کتێبێکی منداڵانە دەربارەی هیندییە سوورەکان هەبووایە بۆیان پەیدا دەکردم، بۆیە دەستم بەخوێندنەوەی ئەفسانەی هیندییە سوورەکان کرد، ئەوەندەی پێ نەچوو، هەمان ئەو سەرەتایانەم لە چێرۆکی هیندییە سوورەکانی ئەمریکادا بەدی کرد ئەوانەی کەڕەبەنەکانی قوتابخانە فێریان دەکردم.

**مویرز:** دەربارەی خوڵقاندن.؟

**کەمبڵ:** خوڵقاندن، مەرگ و هەستانەوە، ڕۆیشتن بۆ ئاسمان، ئاوسبوونی کچ نەمزانی مانای ئەوانە چین، بەڵام واژەکانم یەک لەدوای یەک ناسییەوە.

**مویرز:** پاشان چی ڕووی دا؟

**کەمبڵ:** تووشی هەڵچوون بووم، ئەمەش سەرەتای گرینگیدانم بەئەفسانەی بەراوردکاری بوو.

**مویرز:** ئایا بەم پرسیارە دەستت پێ کرد کە: بۆچی ئەوان بەم شێوەیە چیرۆک دەگێڕنەوە کەچی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی تر دەیانگێڕێتەوە؟

**کەمبڵ:** نەخێر پاش ساڵانێکی دوور و درێژئەم بەراوردکارییەم کرد.



**مویرز:** لە چیرۆکی هیندییەسوورەکاندا چ شتێک لە هەمووان سەرنجڕاکێشتر بوو؟

**کەمبڵ:** لەو سەردەمەدا چیرۆکی هیندییە سوورەکان هێشتا چیرۆکی باو بوون، ئەو کاتە هیندییەکان لە هەموو شوێنێک هەبوون، تائێستایش کاتێ کە بە ئەفسانەکانی سەرتاسەری جیهان بەراورد دەکەم، دەبینم کەحەکایەتی هیندییە سوورەکانی ئەمریکاو چیرۆکەکانیان بەبڕوای من لەوپەڕی دەوڵەمەندیدانەو هەروەها گەشەکردووشن.

سەرەڕای ئەمەش لەجەنگەڵدا باوانم شوێنێکیان هەبوو کەزیاتر ژینگەی دیلاڤەرەکان بوو ناوی Delaware، لەم شوێنەوە ئیرۆکواکان Iroquois بەرەو خوار شۆڕدەبوونەوە تا لەگەڵ هۆزی دیلاوەری سوورپێستدا بجەنگێن. زنجیرە بەردێک لەژێر ئاودا هەبوو دەمانتوانی لەنێویاندا بەدووی سەرە تیرو شتی تردا بگەڕێین، هەروەها ئەو گیانلەبەرانەشی کە لەچیرۆکە هیندییەکاندا ڕۆڵیان هەبوو لە دەوروبەرەی جەنگەلەکەدا ئامادەبوون، هەموو ئەمانەش دەبوونە هۆی ئاشنایی زیاتر لە بارەی ئەم بابەتەوە.

**مویرز:** ئایا ئەم چیرۆکانە زیانیان بەبیروباوەڕە کاسولیکییەکەت نەدەگەیاند؟

**کەمبڵ:** نەخێر، هیچ شێوە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان بڕوای ئاینیم و ئەم شتانەدا ڕووی نەدەدا . پاشان پاش ماوەیەکی دورودرێژ دوای پێوەندیکردنم بەلێکۆڵینەوەی زانستی و ئەو پرسانەی بەمەوە پەیوەست بوون، شێوەیەک لێکدان سەریان هەڵدا . لەدواییشدا گرنگیم بەهیندۆیزم دا ، دیسان هەمان ئەو چیرۆکانەم بینی. لەکۆتاییی خوێندنی باڵادا دەستم کرد بەچارەسەرکردنی ئەو وانانەی کەتایبەت بوون بەسەدەکانی ناوەڕاستی کەلەپووری Arthurian، لەوێشدا دیسانەوە هەمان ئەو چیرۆکانەم بینی. بەڵام تۆ ناتوانی پێم بڵێی ئەو چیرۆکانە هەر هەمان چیرۆک نەبوون. ئەو چیرۆکانە بەدرێژاییی تەمەنم لەگەڵمدا بوون.

**مویرز:** لەکولتووری هەمە چەشنەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ناوەرۆکەکانیان بێ زەمەنن.

**کەمبڵ:** ناوەڕۆکەکانیان بێ زەمەنن، ئەنجامدانی گۆڕان و چاککردن پێوەندیی بەخودی ئەو کولتوورانەوە هەیە.

**مویرز:** ڕەنگە ناوەرۆکی چیرۆکەکان هەمان بابەت لەخۆ بگرن، بەڵام کەمێ بەشێوەیەکی جیاواز پیادە دەکرێ، ئەمەش پێوەندیی بەچۆنییەتیی چارەسەرکردن و جەختکردنی ئەو خەڵکانەوە هەیە کە بەزمانی جیاواز دەدوێن.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ڕاستە. کەسێ ئاگای لە هاوسەنگیی ناوەرۆکەکان نەبێ، ئەوا وا دەزانێ ئەم چیرۆکانە چیرۆکی هەمەچەشنن، بەڵام ئەمە ڕاست نییە.

**مویرز:** بۆ ماوەی (٣٨) ساڵ لە Saarah Lawrence سەرقاڵی وتنەوەی وانەی میتۆلۆژیا بووی، چۆن ئەو ئافرەتە لاوانەی کەسەر بەچینی ناوەندو سەر بەمەزهەبی ئارتۆدۆکسی بوون هەڵدەسەنگێنی؟ چۆن وات لێ کردن گرنگی بەئەفسانە بدەن؟

**کەمبڵ:** لاوان بەپەرۆشەوە ئەم ماددەیە وەردەگرن. ئەفسانە ئەو شتانەیان بۆ ئاشکرا دەکات کە لەپشتی هونەرو ئەدەبەوە خۆیان حەشارداوە، باسی ژیانی خۆتان بۆ دەکات، بابەتێکە پڕە لەمەزنی و حەماس، ژیان تێر دەکات. میتۆلۆژیا پێوەندییەکی زۆری بەقۆناغە جیاوازەکانی ژیانەوە هەیە، نەریتی پێشڕەوایەتیی تێدایە، تۆ لەمناڵییەوە بۆ قۆناغێکی تر دەڕۆی، تێیدا بەرپرسیارییەکانی باڵغبوون قبووڵ دەکەیت، یا لەسەردەمی بێ ژنییەوە بۆ سەردەمی هاوسەرێتی دەچی. هەموو ئەمانە بریتین لە کۆمەڵێ نەریتی میتۆلۆژی. ئەوان دەست بەناسینەوەی ڕۆڵێکی نوێ دەکەن، کە تاکەکەس ئەو ڕۆڵەی گرتووەتە سەرشانی، هەروەها ئەرکی تاک ئەوەیە واز لە گەمە کۆنەکان بێنێ و گەمە نوێکان قبووڵ بکات کەچووەتە ناخییەوە.

کاتێ کە قازییەک دێتە نێو دادگاو هەمووان لەبەری هەڵدەستن، لە ڕاستیدا ئەم هەستانە بۆ کەسی قازی نییە، بەڵکو بۆ ئەو جلوبەرگەیە کەپۆشیویەتی، بۆ ئەو ڕۆڵەیە کەدەیبینێ. ئەوەشی وا دەکات جێگای ئەو جلوبەرگە بێت، ڕاستکرداری و بەتەواوی نوێنەرایەتیکردنێتی بۆ ئەو ڕۆڵەی کەپێی هەڵدەستێ، نەک بۆ ئەو کۆمەڵە



پێشداوەرییە تایبەتەی کەخۆی بەخشیویە بەخۆی. بۆیە ئەوەی ئێمە بەرامبەری هەڵدەستینە سەرپێ کەسێتییەکی ئەفسانەیییە.

دەتوانم ئەوە بڵێم هەندێ شاو شاژن هەن زۆر گەمژەو ناماقووڵ و هیچ و پووچترن لەو کەسانەی کەچاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکەن، ئەوان لەگرنگیدان بەئەسپ و ژن زیاتر هیچی تر نازان. بەڵام تۆ پەرچدانەوەت بۆ ئەوان بۆ کەسێتییەکەیان نییە بەڵکو پەرچدانەوەت بۆ ئەو ڕۆڵە ئەفسانایییەیە کە دەیگێڕن. کاتێ کەسێک دەبێ بەقازی یان بەسەرۆک کۆماری وڵاتە یەککگرتووەکان، ئەو کەسە چیتر کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەو نوێنەری ئەو کارە نەمرەیە کە ئەنجامی دەدات. بۆیە لەسەرشانێتی کەواز لە ئارەزووە تاکەکەسی و تەنانەت ئەرکەکانی ژیانیش بێنێ، لە پێناو ئەو ڕۆڵەی کە لەسەر شانێتی.

**مویرز:** کەواتە لەکۆمەڵگەکانماندا نەریتی ئەفسانەیی هەن. ڕێوڕەسمی بەهاوسەربوون یەکێکە لەوانە. ڕێوڕەسمی دانانی سەرەک کۆمار و قازییش ئەفسانەیە. ئەو نەریتانەی تر کامانەن کە لە کۆمەڵگەی ئێستاماندا گرنگترن.

**کەمبڵ:** پێوەندیی بەسەربازیکردن و پۆشینی پۆشاکی ڕەسمی شێوەیەکی ترە. ژیانی تاکە کەسیت وەلاوە دەنێ وەشێوەی ژیانی دەستەجەمعی قبووڵ دەکەیت کە لە خزمەتی کۆمەڵگەدایە. ئەو کۆمەڵگەیەی تۆ تێیدا ئەندامی، لەبەر ئەم هۆیە پێم وایە دادگاییکردنی کەسانێک لەسەر بناغەی یاسای مەدەنی لەسەر ئەو کارانەی کە لەسەردەمی جەنگدا ئەنجامیان داوە، کارێکی نادروستە. ئەوان وەکو تاک کاریان نەکردووە، بەڵکو ئەوان وەکو وەکیل و بەکرێگیراو کەسانی سەرەوەی خۆیان کاریان کردووەو خۆیان پێشکەش بەو کارە کردووە، بۆیە بڕیاردان لەسەر ئەو کەسانە وەکو کەسانێکی تاک بەتەواوی کارێکی نابەجێیە.

**مویرز:** بینیوتە کاتێ کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەهۆی شارستانییەتی پیاوی سپییەوە هاوسەنگییان تێک دەچێت، چی ڕوودەدات، ئەو کۆمەڵگەیانە هەڵدەوەشێنەوە و پارچە پارچە دەبن و تووشی دەرد و نەخۆشی دەبن، ئایا لەو کاتەوەی کە ئەفسانەش لای ئێمە ون بووە ئەوەش بەسەر ئێمەدا نەهاتووە؟

**کەمبڵ:** ئەمەیان ڕاستە، بەتەواویش ئەوە ڕووی دا.

**مویرز:** ئایا هۆکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کەئاینە تەقلیدییەکان داوای گەڕانەوە بۆ ئاینە کۆنەکان دەکەن؟

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە، بەلام هەڵەیەکی ترسناک ڕوودەدات، ئەوان دەیانەوێ بۆ پاشماوەیەکی بێ ئەرکو فرمانمان بگەڕێننەوە ئەمەش هیچ خزمەتێک پێشکەش بەژیان ناکات.

**مویرز:** بەلام ئایا ئەوە خزمەتێکی پێشکەش بەئێمە نەکردووە؟

**کەمبڵ:** بێگومان کردوویەتی.

**مویرز:** من لەم خۆشحاڵییە تێ دەگەم، لەبەرئەوەی کەلاو بووم خاوەنی کۆمەڵێ ئەستێرەی جێگیر بووم. ئەم ئەستێرانە بەردەوام بەئەرکی خۆیان دڵنیاییان پێ دەبەخشیم، ئاسۆیەکی ناسراویان دەخستە بەردەمم و بەمنیان دەوت: باوکێکی خۆشەویست و میهرەبان لەوێدایەو دەست بەباڵمەوە دەگرێ و ئامادەی خزمەتکردنەو هەمیشە بیر لەشتە تایبەتیەکانم دەکاتەوە. ئێستاش سول بیلۆی نووسەر Saul Bellow پێمان دەڵێ: زانست ڕۆح و بڕوای داماڵی، بەلام ئەم شتانە بۆمن بەنرخ بوون، بوونی ئەمڕۆی من هەرچییەک بێت قەرزاربارى ئەو باوەڕانەیە. نازانم چی بەسەر ئەو منالانە دێت کەخاوەنی ئەستێرەو ئاسۆی دیاریکراو نین– واتە خاوەنی ئەو ئەفسانانە نین؟

**کەمبڵ:** کەواتە، هەروەک پێم وتی: ئەوەی لەسەرت پێویستە ئەوەیە کەڕۆژنامەکان بخوێنیتەوە. ئەو ڕۆژنامانە تێکەڵوپێکەڵن. لەسەر ئەم ئاستە ڕاستەوخۆیەی ژیان و لەم کەشوهەوایەدا ئەفسانەکان نموونەی ژیان پێشکەش دەکەن، بەلام ئەو نموونانە دەبێ بۆ ئەو سەردەمەی تۆی تێدا دەژی بگونجێت، بەلام سەردەم ئەوەندە بەخێرایی گۆڕاوە، ئەوەی پێش (٥٠) ساڵ گونجاو بوو، ئەمڕۆ چیتر گونجاو نییە. باشییەکانی دوێنێ، ڕەزیلی ئەمڕۆن. زۆر لەو شتانەی لە ڕابردوو بەخراپەو ڕەزیلی دادەنران ئەمڕۆ بوون بەپێویستی. دەبێ سیستەمی ڕەوشت لەگەڵ پێویستییەکانی ڕەوشتی



ژیانی واقیعیدا بگونجێ، واتا لێرەو لەوێ ببزوێ. ئەمەش کارێکە ئێمە ئەنجامی نادەین. ئاینی کۆن سەر بەسەردەمێکی دیکەو خەڵکێکی تر و کۆمەڵێ بەهای مرۆڤانەی تر و جیهانێکی تربوو. ئێوە بەگەڕانەوەتان بۆ ڕابردوو لە هاوزەمانی لەگەڵ مێژوودا جیادەبنەوە. منالانمان بڕوای خۆیان بەو ئاینە لەدەست دەدەن کە فێری بوون و بۆ ناخی خۆیان دەگەڕێنەوە.

**مویرز:** زۆرجار بەیارمەتیی ماددە هۆشبەرەکان ئەمە دەکەن.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو ئەزموونە سۆفیگەرییە کە بەشێوەیەکی میکانیکی ئەنجامی دەدەن، ئەو شتەیە کەئێمە لێرەدا هەمانە. ئامادەییی زۆرم لەزۆربەی زۆری ئەو کۆنفرانسانەدا هەبووە کە بابەتەکانیان بریتی بووە لەجیاوازیی نێوان ئەزموونی سۆفیگەری و نەخۆشیی دەروونی. جیاوازی لەوەدایە کە ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە لەو ئاوەدا دەخنکێ کەسۆفی مەلەی تێدا دەکات. دەبێ ئامادەگیی تەواوی بۆ ئەم ئەزموونە هەبێت.

**مویرز:** باسی کولتووری Peyote پێوتیت کرد، واتە قارچکی گێژکەر، ئەم کولتوورە لە نێوان هیندییە سوورەکان بەربلاوبوو لەئەنجامی ئەو گامێشەی کە ونیان کرد و لەدەستدانی شێوازی پێشووی ژیانیان..

**کەمبڵ:** بەڵێ، مێژوومان خراپترین مێژووە لەنێوان مێژووی ئەو مامەڵەکردنانەی کەمیللەتە پێشکەوتووەکان لەگەڵ خەڵکە ئەسڵەکەی خۆیاندا ئەنجامیان داوە، ئێمە خاوەنی خراپترین مامەڵەکردنین. ئەوان وەک مرۆڤ حیسابیان بۆ نەدەکرا. تەنانەت لە ئاماری تایبەت بە دەنگدەران لە ولایەتە یەککگرتووەکانیشدا حیسابیان بۆ نەدەکرا. ماوەیەکی کورت پاش شۆڕشی ئەمریکا ژمارەیەکی بەرچاو هەبوون کە لەڕووی کردارەوە لە حکوومەت و ژیانی ئەمریکادا بەشداریان هەبوو. جۆرج واشنگتین ڕای گەیاند کەهیندییە سوورەکان دەبێ وەکو ئەندامێک لە کولتوورەکەماندا تۆماربکرێن. بەلام ئەوان بەپێچەوانەوە بۆ تەنیا کۆمەڵێ پاشماوەی ڕابردوو گۆڕدران. لەسەدەی نۆزدەیەم هەموو هیندییە سوورەکانی باشووری ڕۆژهەلات لەژێر چاودێریی پاسەوانانی سەربازی خرانە نێو عەرەبانەو گواسترانەوە بۆ شوێنێک ئەو کاتە پێی

دەوترا زەویی هیندییەکان، کە بەشێوەی هەمیشەیی ئەو زەوییانەیان پێ بەخشرا لەڕاستیشدا جیهانی خۆشیان بوو– بەڵام پاش چەند ساڵێک لێیان سەندرایەوە.

لەم دواییەدا، مرۆڤ ناسان هەستان بەلێکۆڵینەوە لەسەر گرووپێک لەهیندییە سوورەکانی باکوری ڕۆژئاوای مەکسیک، لە دووری چەند میلێکەوە کە ئەو هیندییانە دەژیان سەنتەری ڕواندنی سروشتی قارچکی peyote بوو، دەتوانین بڵێین ئەم قارچکە وەکو ئاژەڵەکانیان بوو، مەبەستم ئەوەیە ئەوان ئەو قارچکەیان جۆرێک لەهاوڕێی کەڵەکێویان بوو. ئەوان بەکاری ئێجگار تایبەتیان بۆ کۆکردنەوەی ئەو قارچکە ئەنجام دەدا.

ئەم کارانە بەتەواوی لەسەفەری سۆفیگەرییانە دەچوو، هەموو وردەکارییەکانی سەفەری سۆفیگەریی تێدابوو. سەرەتا مومارەسەکردنی دابڕان لە ژیانی دنیایی دەکرا. هەرکەسێ کەدەیەوێ ئەم گەشتە ئەنجام بدا دەبێ دان بەهەموو ئەو گوناهانەدا بنێت کە لە ژیانیدا ئەنجامی داون. گەر بێت و ئەم دانپێدانانە ئەنجام نەدات، ئەوا جادووەکە کاری خۆی ناکات. پاش ئەمە گەشتەکە دەست پێ دەکات، تەنانەت ئەوان بەزمانێکی تایبەت دەدوێن کەئەویش زمانی نەفیکردنە. بۆ نموونە لەجێگای (بەڵێ) دەڵێن (نەخێر) یان لەجیاتی (دەڕۆین) دەڵێن (دێین) ئەوان لەدنیایەکی تردان. پاشان دەگەنە بەر دەرگەی جەربەزەیی. لەڕێگادا پەرستگا هەبوو، ئەو پەرستگایانە ئاماژەبوون بۆ قۆناغەکانی گۆڕانی عەقڵ، لەدواییدا کاری ترسناک دێت کەئەویش کۆکردنەوەی قارچکە، بەجۆرێک قارچکەکە دەکوژرێ وەک ئەوەی ڕووەکەکە ئاسکێک بێت، پاشان بۆ هەڵکێشانیشی پڕی دەدەنێ ڕووی تیرە بچووکەکانیانی تێ دەکەن دواجار بەکۆکردنەوەی لەنەریتی قارچکی Peyote ئەنجام دەدەن. هەموو کارەکە نموونەی تەواوی ئەزموونێکە کە پێوەندیی بەکۆچکردنەوە هەیە بەرەو ناوەوە، ئەو کاتەی کە جیهانی دەرەوە بەجێ دێڵی و دەچێتە نێو بوونی ڕۆحییەوە، هەروەها هەر قۆناغەشیان بەوە وەسف دەکرد کەجۆرێکە لەگۆڕانی ڕۆحی، بەدرێژاییی ئەو ڕێگەیە لەجێگایەکی پیرۆزدا بوون.

**مویرز:** باشە بۆچی ئەوان لەم هەموو شتە ئەو پرۆسە ئاڵۆزە دروست دەکەن؟

**کەمبڵ:** مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕووەکی پیوت تەنیا لەبەر کاریگەری بایەلۆژی و



میکانیکییە، کیمیاییەکەی نییە، بەڵکو ئەوان ئەو ڕووەکە بەهۆکارێک بۆ گۆڕانی ڕۆحی دەزانی. گەر هاتوو بچێتە نێو گۆڕانکارییەکی ڕۆحییەوە کەپێشتر خۆت بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئامادە نەکردبێت، ئەوا نازانی چۆن ئەو ڕووداوە هەڵبسەنگێنی و ئەزموونێکی پڕ دەردەسەرو سەفەرێکی زۆر خراپت کرد، تەواو لەو دەرئەنجامە دەچێ کە لەدوای بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەری LSD تووشت دەبێ. بەڵام گەر زانیت ڕوو لە کوێ دەکەیت ئەوا تووشی ئەو گەشتە خراپە نابێ.

**مویرز:** کەواتە نەخۆشییەکە دەروونییە، گەر هاتوو لەو ئاوەدا خنکای کە....

**کەمبڵ:** دەبووایە بتتوانایە لەو ئاوەدا مەلە بکەی، بەڵام ئامادەیی ئەم کارەت نەبوو، بەهەرحاڵ ئەم بۆچوونە لەبارەی ژیانی دەروونیشەوە ڕاستە. گۆڕانکاریی هۆشمەندی کارێکی پڕ مەترسییە.

**مویرز:** ئێوە زیاد لە پێویست قسە لەسەر ئاگایی دەکەن؟

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** مەبەستتان لەم واژەیە چییە؟

**کەمبڵ:** ئەمە بەشێکە لە شێوەی بیرکردنەوەی دیکارتی کە ئاگایی شتێکە تایبەت بەمێشک، هەروەها مێشک ئەو شوێنەیە کەهۆشی تێدایە، بەڵام کارەکە وانییە، سەر ئەو بەشەیە کەپەرچدانەوە و ڕێنوێنکەری هۆشە بەرە و ئاستێکی دیاریکراو یان بەرەو کۆمەڵێ ئامانجی دیاریکراو، بەڵام جۆرێک ئاگاییش لە جەستەدا هەیە، هەموو جیهانی زیندووش بەهۆش پێک دێت.

ئەو هەستەم هەیە کەوزە و هۆش تاڕادەیەک یەک شتن، کاتێ وزە دەبێ بەژیان لەوێشدا هۆش پەیدا دەبێ. بێگومان ئاگایی لەجیهانی ڕووەکیشدا هەیە، کاتێ کە لەدارستانێکدا دەژی هەر وەکو من کاتێک کەمنداڵ بووم ئەم کارەم دەکرد، دەتوانین هەموو ئەو وێنە هۆشمەندییانە ببینیت کە لەگەڵ خودی خۆیاندا پێوەندییان دروست کردووە، جۆرێک لە ئاگاییی ڕووەکی و جۆرێک لە ئاگاییی زیندەوەرزانی هەیە، ئێمە بەشداری لە هەردووکیاندا دەکەین، ئێوە خواردنێکی تایبەت دەخۆن، ئەوا سەفرا

دەزانێ شتێک هەیە کەدەبێ کاری لەسەر بکات، هەموو ئەم پرۆسەیەش لە هۆشەوە دێت، گەر هاتوو ئەم پرۆسەیەت تەنیا لە سنووری میکانیکیدا ڕاڤە کرد، ئەوە مانای وایە کارێکی ناتەواوو ژێرکەوتووئەنجام دەدەی.

**مویرز:** کەواتە چۆن هۆشمان دەگۆڕین؟

**کەمبڵ:** ئەمە پەیوەستە بەوەیە کەتۆ ئامادەی بیر لەچ شتێک بکەیتەوە، ژیان هەمووی قووڵبوونەوە و ڕوانینە، گەرچی زۆربەیان بەبێ مەبەستی لە پێشینە ئەنجام دەدرێن، کەسانێکی زۆر تەمەنێکی دورو درێژ بەبیرکردنەوە سەرف دەکەن بەو مەبەستەی کە لەکوێوە پارەیان چنگ کەوێت؟ چۆن خەرجی کەن. گەر خێزاندار بی و بەخێوکردنیانت لەسەر بێت، ئەوا نیگەرانی خێزانەکەتی. ئەمانە هەموو کۆمەڵێ سەرقاڵیی گرینگن، بەڵام هەموویان بە بارودۆخی فیزیکیتەوە پەیوەستن، ئایا چۆن دەتوانی ئاگایی خۆت بۆ منداڵەکانت بگوێزیتەوە، لەکاتێکدا تۆ خاوەنی ئەم ئاگاییە نەبێت؟ بابپرسین ئەم ئاگاییيانە چۆن پەیدا دەکەیت؟ ئەو ئەفسانانە کامانەن کە دەتوانن بەرەو ئەو ئاستەی کە هۆش و مانای ڕۆحی هەیە ڕێنوێنیمان بکەن.؟

با نموونەیەک لەم بارەیەوە بێنینەوە، وادانێ من لە کۆڵانی (٥١) لە شەقامی پێنجەمەوە دەچمە نێو کلیسای پاتریکی پیرۆزەوە. شەقامێک بەجێ دێڵم کەیەکێک لە قەرەباڵغترین و ئابووریتیرین شارێکی ئەم سەر زەمینیەیە. دەچمە نێو کلیسایەک هەموو شتەکان باس لە نهێنیی ڕۆح دەکەن. لەوێدا نهێنیی خاچ هەیە، چ لەم بارەیەوە دەزانی.؟ لەوێدا شووشەی پەنجەرەی ڕەنگاوڕەنگ هەیە کەفەزایەکی تر دێنێتە ئاراوە، لەم ساتەدا ئاگاییم گەیشتووەتە پلەیەکی تر، لەسەر سەکۆیەکی جیاواز وەستاوم، جارێکی تر کلیساکە بەجێ دێڵم و خۆم لەو بازاڕە قەرەباڵغە دەبینمەوە، ئایا ئێستا دەتوانم بەشێک لەئاگاییی کلیسا لەگەڵ خۆمدا هەڵگرم؟ هەندێ لە نوێژو ڕامانەکان بەجۆرێک کێشراون تا ئاگاییی مرۆڤ لە ئاستێکدا بمێنێ و بەیەکجاری لەناو نەچێت. دواجار شتێک کەدەتوانی درکی پێ بکەیت ئەوەیە ئەمە بەئاسانی ئاستێکی نزمی ئاستەکانی ئەم ئاگاییە بەرزەیە. بۆ نموونە، نهێنییەک کە لێرەدا دەربڕا، لە بواری پارە و پوولیشت کاری خۆی دەکات. هەموو پارەیەک وزەیەکی وشکەوە بووە. پێم وایە ئەمە کلیلێکە بۆ ئەوەی چۆن ئاگاییی خۆت دەگۆڕی.





**مویرز:** کاتێک دەڕوانیتە ئەم چیرۆکانە بیر لەوە ناکەیتەوە تۆ لە خەونی کەسانی تردا نقوم بووی؟

**کەمبڵ:** من گوێ لە خەونی کەسانی تر ناگرم.

**مویرز:** بەڵام هەموو ئەم ئەفسانانە خەونی کەسانی ترن.

**کەمبڵ:** نەخێر، وانییە، ئەو خەونانەن خەونی جیهانن. ئەو خەونانە خەونی پلە یەکن و باس لە گرفتە مەزنەکانی مرۆڤ دەکەن، ئێستا هەست بەزەمەنی گەیشتن بۆ بەر دەرگەی یەکێک لەم بەردەمانە دەکەم. ئەفسانەکان پێم دەڵێن دەبێ بەرامبەر بەبڕێک قەیرانی تایبەت پەرچدانەوەم چۆن بێت، وەک قەیرانی نائومێدی و شکست و سەرکەوتن. ئەفسانەکان پێم دەڵێن من لەکوێم.

**مویرز:** کاتێک مرۆڤ دەبێ بەئەفسانە چی ڕوو دەدات؟ بۆ نموونە، ئایا دەتوانین بڵێین John Wayne بووە بەئەفسانە؟

**کەمبڵ:** کاتێ مرۆڤێ دەبێ بەنموونەیەک بۆ ژیانی کەسانی تر، ئەو کەسە بەرەو مەیدانی بەئەفسانە دەبزوێ.

**مویرز:** ئەمەش بەزۆری لە فیلمدا بەسەر ئەکتەردا دێت، کاتێ ئێمە لەوانەوە نموونەیەکی فراوانمان دەست دەکەوێ.

**کەمبڵ:** بیرم دێت کاتێ کە هەرزەکار بووم، Douglas Fairbanks نموونەیەک بوو بۆ من، نموونەیەکی تریش Adolphe Menjou بوو، ئەو کەسانە ڕۆڵی کەسانی ئەفسانەییيان دەبینی، وەکو مامۆستای ژیانمان بوون.

**مویرز:** لە مێژووی سینەمادا بۆ من هیچ سیمایەک لە Shane سەرنجراکێشتر نەبوو، ئایا فیلمی شانت بینیوە؟

**کەمبڵ:** نەخێر نەمبینیووە.

**مویرز:** بەسەرهاتی ئەم فیلمە چیرۆکێکی کلاسیکی پیاوێکی نامۆیە لە دەرەوە

بەسواریی ئەسپەکەی دێت و چاکە لەگەڵ خەڵکیدا دەکا و سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەڕوا بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بکات چاکە لەگەڵ خەڵکدا دەکات؛ بۆچی ئەم جۆرە فیلمانە کاریگەرییان لەسەرمان هەیە؟

**کەمبڵ:** شتێکی سیحر ئامێز لەفیلمەکاندا هەیە. ئەو کەسەی تۆ تەماشای دەکەیت، لە هەمان کاتدا لە شوێنێکی تر ئامادەیە. ئەم تایبەتمەندییەش تایبەتە بەخودا. ئەگەر هونەرمەندێکی سینەمایی خۆی بکا بەهۆڵێکی شانۆدا هەمووان ئاوڕدەدەینەوە تابیبینن. ئەو ئەکتەرە پاڵەوانی واقیعیی ئەو ڕووداوەیە. ئەو لە ئاستێکی تردا وەستاوەو ئامادەییەکی فرەی هەیە. ئەوەی لەسەر پەردە دەیبین بەڕاستی ئەو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەوە) کەدێ و ئامادە دەبێت. لە نێوان ئەو هەموو وێنانەی کەهەیە وێنەی وێنەکان لەوێدا ئامادە دەبێت کەسەرچاوەی هەموو ئەم شتانەیە.

**مویرز:** پێ دەچێت سینەماکان ئەم جۆرە کەسە مەزنانە دروست بکەن، کەچی تەلەفزیۆن تەنیا ناودارەکان دروست دەکات، ئەو کەسانە نابنە نموونە بەڵکو سیماکانی تەلەفزیۆن زیاتر بۆ نموونەی غەیبی دەگۆڕێن.

**کەمبڵ:** ڕەنگە هۆکەشی ئەوە بێت ئێمە کەسایەتییە تەلەفزیۆنییەکان لەماڵەوە دەیانبینین نەک لە شوێنێکی پەرستگا ئاسای وەک هۆڵی سینەما.

**مویرز:** دوێنێ وێنەی دواین کەسە نەریتەکانی هۆلیودم بینی کەئەویش ڕامبۆ بوو، یەکێک لە کۆنە سەربازەکانی ئەمریکاو لە جەنگی ڤێتنام دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگارکردنی زیندانەکانی جەنگ. لە ئەنجامی زنجیرەیەک چالاکیی توندوتیژو لێدان و شکاندن، ئەسیرەکان بۆ ماڵی خۆیان دەگەڕێنێتەوە. وام بیست گوایە ئەم فلیمە لە بەیرووت جەماوەریترین فیلم بووە. ئەو وێنەیە، بووکەشووشەیەکی ڕامبۆیی نوێی نیشان دەدا کە لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەت بەبووکە شووشەوە دروست کرابوو. لە پێشەوەی وێنەکە وێنەی بووکە شووشەیەکی ڕوخسار شیرین بوو لە پشتەوەشی وێنەی سیمای توندوتیژی ڕامبۆ دانرابوو.

**کەمبڵ:** ئەم دوو ڕوخسارە دوو ڕوخساری ئەفسانەیین. ئەو وێنەیەی کە لەزەینی



مندایە تابلۆی Minotaurro machy پابلۆ بیکاسۆیە کەتێیدا دڕندەیەک نیشان دەدات لەشێوەی گا خەریکە نزیک دەبێتەوە. لەولاشەوەی فەیلەسووفی لەترسی گیانی خۆی بەسەر پەیژەیەکدا سەردەکەوێت تا خۆی ڕزگار بکات. لەنێو مەیدانی گابازیدا ئەسپێک دەبینرێ کوژراوە، لەسەر ئەسپە قوربانییەکەش زۆرانبازێکی گای مێیینە دەبینرێ ئەویش کوژراوەو لەسەر ئەسپە قوربانییەکە ڕاکشاوە. تەنیا بوونەوەرێک کەبەرامبەر بەم دڕندە ترسناکە وەستابێت کچۆڵەیەکەو لقە گوڵێکی بەدەستەوەیە. ئەم دوو ڕوخسارە هەمان ئەو دوو ڕوخسارەن کە تۆ ئێستا باسیان دەکەیت، یەکێکیان سادە، پاکیزە، مندالانە، ئەوی تریان دڕندەی هەڕەشەکەر. لێرەدا دەتوانی مەسەلە نوێکانی ڕۆژگار ببینی.

**مویرز:** yeats یەتسی شاعیر پێی وابوو ئێمە لە کۆتایی سەردەمی مەزنی مەسیحیدا دەژین، ئەو لە شیعرێکیدا بەناوونیشانی (دووەمین هاتن)دا دەڵێ:

دەخولێتەوە،
دەخولێتەوە لە بازنەیەکا بەردەوام گەورەتر دەبێ
شەهێن گوێی لە شەهێنبازە ؛
شتەکان پارچە پارچە دەکەونە خوارێ
سەنتەر لەشوێن خۆی نامێنێ
هەر ئاشووبە جیهان دەگرێتەوە
شەپۆڵی خوێناوی ڕەش سەرتاپا دەگرێتەوە،
هەموو جێگایەک پاکیزەیی خامۆش دەبێ
بەبڕوای ئێوە ئەو شتە چییە، کە سەرسم دەداو هەڵدەستێتەوە،
بەرەو بەیت لەحم دەڕوا تا جارێکی تر لە دایک بێتەوە؟)(١)

(١) ئەم شیعرە ڕاگەیەنەری هەستی یەتس، یەتسی شاعیری ئیرلەندی ١٨٦٥ – ١٩٣٩ لەسەر هەرەسی شارستانیەتی سەردەمی ئەودا بونیاد نراوە، کۆتایی یەکێک لە دەورەکانی مێژوو هاتنی دەورێکی تر. ئەو هەریەک لەم دەورانە ناو دەنێت (گوێر) واتە بازنە. لەدایکبوونی مەسیح نیشانەی دەورەیەک بوو کە لە ٢٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونەوە دەستی پێ کردبوو. سێ بەشەکەی تر ئاماژەیە بۆ شۆڕشی ڕووسیا. وەرگێڕ

**کەمبڵ:** منیش وەکو یەتس نازانم چ شتێک ڕوو دەدات، بەڵام کاتێ بەدواین بەشی سەردەمێک دەگەین و سەردەمێکی نوێ دەست پێ دەکات، هاوکاتە لەگەڵە دەردو ئازارێکی مەزن. ئەو هەرەشەیەی ئێمەو کەسانی تر هەستی پێ دەکەین، ئەم چەمکەیە چەمکی گەیشتنی ئارماگدۆنە.(٢)

**مویرز:** (بووم بەمەرگ، وێرانکەری دنیاکان) ئەم وتەیە ئێپینهایمەر پاش گوێ لێبوونی تەقینەوەی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی ڕای گەیاند. بەڵام تۆ پێت وانییە ئەمە کۆتایی کاری ئێمە بێت؟ وا نییە؟

**کەمبڵ:** ئەمە کۆتاییی کار نابێت. ڕەنگە کۆتاییی ژیانی ئەم ئەستێرەیە بێت، بەڵام کۆتاییی کائینات نییە. ئەم تەقینەوەیە لە بەراوردکردنی بەو تەقینەوانەی کە لە هەموو ئەستێرەکاندا ڕوو دەدات، تەقینەوەیەکی سست و نابەردەوامە. جیهان، بریتییە لە کۆمەڵێ کوورەی ئەتۆمی تەقێنەرەوە، وەک هەتاوی ئێمە. بۆیە تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی بەتەواوی لاساییکردنەوەیەکی بچووکی ئەم ڕووداوە مەزن و گشتگیرەیە.

**مویرز:** ئایا پێت وایە لەجێگەی تردا بوونەوەری تر هەبن و ئێستا سەرگەرمی ئەوەبن کە کۆچی خۆیان بەم جۆرە دەلالەتانە پڕکەنەوە، بەو جۆرەی ئەفسانەو چیرۆکە مەزنەکان پێشکەشمانی دەکەن؟

**کەمبڵ:** نەخێر، لە هەلومەرجێکدا وەک دەزانین گەر هاتو پلەی گەرما پەنجا پلەسەرکەوێ و هەر لەو پلەیە بمێنێتەوە، ژیان لەسەر زەوی کۆتاییی پێ دێت و، گەر هاتو بەهەمان پلەش بڕواتە خوارەوەو بەردەوام لەو پلەیەدا بمێنێتەوە، ئەو کاتەش ژیان لەسەر زەوی بەرەو کۆتایی دەڕوات ؛ لە هەلومەرجێکدا وەک دەزانین ئەم هاوسەنگییە چەند وردە و ڕێژەی ئاو چەندی گرینگی هەیە؛ کەواتە کاتێک بیر لەم هەموو بارودۆخە پێویستییەی ژیانی دەوروبەر دەکەیت کەژیانیان فەراهەم کردووە، چۆن دەتوانی ئەوە بهێنێتە پێش چاوت کە ئەو ژیانەی ئێمە دەیناسین لەسەر هەر بەشێکی تری ئەم گەردوونە بوونی هەبێت، سەرەڕای ئەو هەموو ئەستێرانەی کە

(٢) Armageddon مەیدانی دواین نەبەردی هێزەکانی خێر و شەڕە کە ڕوودانی ئەو نەبەردە لە کۆتاییی جیهاندا پێشگویی کراوە.



بەدەوری ئەم ئەستێرەی ئێمەدا دەسووڕێنەوە؟

**مویرز:** ئەم ژیانە لەرزۆکە هەمیشە لەنێو بۆتەی ترس و ئەگەری لەناوچووندایە، ئایا جیاوازی نییە لە نێوان ئەو بووکە شووشەیەی کە لە تەنیشتی ڕامبۆی شەیتان سیفەتدا دانراوە بەو جۆرەی ئێمە لە ڕێگەی ئەفسانەکانەوە لەبارەی ژیانەوە دەیزانین؟

**کەمبڵ:** نەخێر، جیاواز نییە.

**مویرز:** هیچ خوازراوێکی تر شک دەبەی، کە دەرکەوێ و لە حاڵەتی نەشونماکردندا بێت و ڕاستییە کۆنەکانی گەردوون بگێڕێتەوە؟

**کەمبڵ:** ئەگەری شێوەگیری خوازیاری نوێ دەکەم، بەڵام پێم وانییە تا ئەم کاتە ئەو خوازیارانە بووبێتن بەئەفسانە.

**مویرز:** بەبڕوای ئێوە چ ئەفسانەیەکە کە ئامێر دەهێنێتە نێو جیهانی نوێیەوە؟

**کەمبڵ:** لە ئێستادا ئۆتۆمبیلەکانیش هاتوونەتە نێو ئەفسانەوە. ڕێگەیان بەرەو خەونەکان بڕیوە. فڕۆکەکانیش بەڕادەیەکی زۆر چوونەتە نێو خزمەتی خەیاڵەوە، بۆ نموونە فڕینی فڕۆکە، ئاماژەیە بۆ ئامانجی خەیاڵ کەئەویش دابڕانە لە زەوی.. ئەمەش بەتەواوی تا ڕادەیەک ئەو سیمبولەیە کە باڵندە ئاماژەی بۆ دەکات ؛ باڵندە سیمبولێکە بۆ ئازادبوونی ڕۆح لە کۆیلایەتیی زەوی، هەروەها مار سیمبولە بۆ نووسان بەزەوییەوە، ئێستاش فڕۆکە ئەم ڕۆڵە دەبینێ.

**مویرز:** شتی تری لەم جۆرە هەیە؟

**کەمبڵ:** هەڵبەتە، بۆ نموونە چەکەکەکان. هەموو ئەو فیلمانەی لەمیانەی سەفەری هەواییم لەکالیفۆرنیاوە بۆ هاوایی و بە پێچەوانەوە بینیومن. پڕن لە کەسانێک بەچەک نیشانە دەگرنەوە. ئەمەش لۆردی مەرگە چەکی هەڵگرتووە. هەندێک ئامێرو ئەدەواتی تر هەن ڕۆڵی ئەو ئامێرو ئەدەواتە کۆنانە دەبینن کەچیتر بەکار ناهێنرێن، لەمەش زیاتر من هیچی تر لەو کارە نابینم.

**مویرز:** کەواتە ئەفسانە نوێیەکان خزمەت بەئەفسانە کۆنەکان دەکەن. کاتێک فیلمی جەنگی ئەستێرەکانم بینی، وتەیەکی پۆڵسی پیرۆزم بیرکەوتەوە کە دەڵێت: (من دژ بەمیرنشین و هێزەکان دەجەنگم) ئەم وتەیە پەیوەستە بەدوو هەزار ساڵ پێش ئێستا. لە ئەشکەوتی ڕاوچییەکانی سەردەمی بەردینیش کۆمەڵێ دیمەنی شەڕکردن لەگەڵ میرنشین و هێزەکاندا بەدی دەکرا. لێرەش لە ئەفسانەی تەکنەلۆژیای هاوچەرخیشماندا هەر سەرقاڵی جەنگین.

**کەمبڵ:** نابێ مرۆڤ خۆی بەدەست هێزە دەرەکییەکانەوە بدات، بەڵکو دەبێ بەسەر ئەو هێزانەدا زاڵ بێت. پرسەکەش ئەوەیە چۆن ئەم کارانە ئەنجام بدات.

**مویرز:** پاش ئەوەی کوڕە بچکۆڵەکەم بۆ جاری دوازدەیەم یان سیازدەیەم تەماشای فیلمی جەنگی ئەستێرەکانی کردبوو لێم پرسی: (بۆچی ئەوەندە تەماشای ئەو فیلمە دەکەیت؟) وەڵامی دامەوە: (بەو بەڵگەیەی کە تۆ لەسەرتاسەری ژیانت ئەوەندە سەرقاڵی خوێندنەوەی تەورات بوویت.) ئەو لە دنیایەکی نوێی ئەفسانەدابوو.

**کەمبڵ:** بێگومان جەنگی ئەستێرەکان دیدگایەکی ئەفسانەییی بڕەری هەیە. لەم فلیمەدا دەوڵەت وەکو ماشینێک نمایش دەکرێت و ئەم پرسیارە دەخرێتەڕوو کە (ئایا ئەم ئامێرە دەیەوێ مرۆڤایەتی نابوود بکات یان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت؟ مرۆڤایەتی لە ئامێرەوە سەرچاوە ناگرێ بەڵکو لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوەی من لە جەنگی ئەستێرەکاندا دەیبینم هەمان ئەو مەسەلەیە کەفاوست Faust دەیخاتە ڕوو: مفیستۆلیس، یاخود هەمان ئەو مرۆڤە ئامێرییە دەتوانێ هەر شتێ کەدەمانەوێ بیخاتە بەردەستمان، بەم جۆرە ڕەنگە ئامانجەکانی ژیانیشمان دەستنیشان بکات. هەڵبەتە ئەو تایبەتمەندییەی وا لە فاوست دەکات شایستەی دۆزینەوەی ئازادبوون بێت، ئەوەیە ئەو بۆ ئامانجێک هەوڵ دەدات کە ئامانجی ئامێر نییە.

بەڵام کاتێ کەلۆک ئسکای واکەر لەسەر ڕوخساری باوکی دەمامک لادەبات، ئەو ڕۆڵە ماشینییەی کەباوک ئەنجام دەدا ڕادەگرێت. باوک تەنیا جلێکی سەربازیە. ئەمەش تواناو ڕۆڵی دەوڵەتە.



**مویرز:** ئامێرەکان یارمەتیمان دەدەن تابیری دروستکردنی جیهان بەپێی بونیادی ڕوانینی خۆمان بەجێ بێنین و، ئێمەش وا بیر دەکەینەوە کەجیهان دەبێ ئەو شتە بێت کە دەمانەوێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام ڕۆژێک دێت ئامێرەکان دەست بەفرماندان بکەن. بۆ نموونە ماشینێکی سەیر و سەمەرەم کڕیوە کە کۆمپیوتەرە، لەبەرئەوەی زانیارییەکی زۆرم دەربارەی خوداکان هەیە، پێم وایە ئەم ماشینە خودایەکی تەوراتی خاوەن فرە یاسایە و هیچ جۆرە بەخششێکی نییە.

**مویرز:** چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش دەربارەی سەرۆک کۆمارو یەکەمین کۆمەڵە کۆمپیوتەر هەیە.

**کەمبڵ:** ئایزنهاور دەچێتە نێو هۆڵێکی پڕ لەکۆمپیوتەرەوە، ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی ئامێرەکان دەکات: (ئایا خودایەک هەیە؟) هەموو ئامێرەکان کەوتنە کارکردن و چراکانیان هەڵبوو، کۆمەڵێ چەرخ دەستیان بەسووڕانەوە کردو پاش ماوەیەکی کورت دەنگێک وەڵامی دایەوە: (ئێستا بوونی هەیە).

**مویرز:** بەڵام ئایا ناکرێ بەرامبەر بەکۆمپیوتەرە تایبەتییەکەی تۆ هەمان ئەو هەڵوێستەت هەبێ کە سەرەک هۆزی هیندییە سوورەکە دەریخستبوو کاتێ کە وتبوی شتەکان هەر هەموویان باس لە خودا دەکەن؟ گەر کارەکە بریتی نەبێت لە دۆزینەوە و هۆشی زۆر باڵا، ئەوا دەکرێ بوترێ خودا لە هەموو جێگایەکە لەوانەش لە کۆمپیوتەریشدا.

**کەمبڵ:** بەراستی وایە. ئەوەی لەسەر ئەو شاشەیە ڕوو دەدات پەرجوویەکە. ئایا هیچ کاتێک تەماشای ناوەوەی یەکێک لەوانەت کردووە.

**مویرز:** نەخێر، مەبەستیشم نییە ئەم کارە بکەم.

**کەمبڵ:** ڕەنگە باوەڕ نەکەیت. گەر بڵێم وەکو زنجیرەیەکی فریشتەی ڕێکوپێکن، هەموویان خراونەتە سەر ڕووی لەوحەیەک، ئەو لولە بچووکانە سەرسوڕهێنەرن.

لەڕێگەی کۆمپیوتەری خۆمەوە گەیشتمە دۆزینەوەیەک لەبواری ئەفسانەدا. کاتێ بەرنامەیەکی تایبەت دەکڕیت ئەو شێوازەش کۆمەڵێ نیشانەی تایبەتی لەخۆ گرتووە بەرەو ئەو ئامانجە ڕێنوێنیت دەکات کەمەبەستتە. ئەگەر دەست بەگەمەیەکی بێ ئامانج بەو نیشانانە بکەیت کەپەیوەستن بەسیستمی بەرنامەیەکی ترەوە، ئەو کاتە ئەو بەرنامەیە کار ناکات.

بەم جۆرە، لەتیۆلۆژیشدا ئەگەر ئەفسانەیەکت هەبێت تێیدا باوک، خوازراوێک بێت و پەیوەست بێت بەنهێنییەوە. ئەوا ئەو کۆمەڵە نیشانانەی کە دەستت دەکەون، لەگەڵ ئەو حاڵەتە خوازیارەی پەیوەستە بەدایکەوە جیاوازییان دەبێت کەحاڵەتی عەقڵ و نهێنیی جیهانە. هەردوو ئەو وەرگیراوانە بەتەواوی چاکن، بەڵام هیچ یەک لەو دووانە واقیعی نین. مەسەلەکە بەم جۆرەیە کە لەیەکێکیان هەموو گەردوون وەک باوکمە بۆ یەکێکی تر هەموو گەردوون وەکو دایکمە.

عیسا دەڵێ: (هیچ کەسێک لە ڕێگەی منەوە نەبێت بەخوا ناگات.) ئەو باوکەی ئەو باسی دەکرد باوکی نێو کتێبی پیرۆز بوو، ڕەنگە ڕاستیش بێت، تۆ تەنیا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە بەباوک بگەی. لەلایەکی تروە وای دانێ کەتۆ دەتەوێ لە ڕێگەی دایکەوە ببزوێی. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە خوای Kali[٣] و سروود و شتەکانی پەیوەست بەم خودایەت پێ باش بێت. ئەمەش بەتەواوی ڕێگەیەکی ترە بۆ گەیشتن بەنهێنیی ژیان. دەبێ بزانی کە هەر ئاینێ جۆرە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییەو خاوەنی کۆمەڵێ نیشانەی تایبەت بەخۆیەتی و بەو نیشانانە کار دەکات.

ئەگەر کەسێک بڕوای بەیەک ئاین بێت و لەڕاستیدا لەسەر ئەو ئاینە ژیانی خۆی بونیاد نابێت، چاکتر وایە کار لەسەر ئەو بەرنامەیە بکات کەبۆ ئەوە دروست کراوە و سەری لێ دەردەکات، بەڵام وا پێ دەچێت مەحاڵە ئەزموونێکم چنگ کەوێ لە بابەتی ئەوەی قەدیسی پیرۆز.

(١) Kali واژەیەکی سانسکریتییە بە مانای ڕەش، لە هیندۆیزمدا کالی یەکێکە لە ترسناکترین خواکان و هاوسەری شیڤایە. هەمیشە ئەو خوایە وا نیشان دەدەن کە ڕەش و ڕووت و پیر و ناشیرینە، ملوانکەیەکی لە کەللەسەری مرۆڤی لە ملە. کەمەربەندەکەی لە ئێسکی دەست و قاچی مرۆڤ و زمانێکی خوێناویی هەیە لە دەمییەوە هاتووەتە دەرێ. پەرستکارانب مرۆڤکوژانی پیاوخراپن.



**مویرز:** ئایا ڕووی نەداوە هەندێ لە قەدیسە گەورەکان لە هەر شوێنێک توانیبێتیان شتێک بۆیان وەرگیرابێ وەریانگرتووە و؛ لەم و لەو شتێکیان وەرگرتووە بەرنامەیەکی نوێیان داهێناوە.

**کەمبڵ:** ئەمە شتێکە پێی دەوترێ تەواوکاری ئاینی. دەتوانی ئەم کارە لە کتێبی پیرۆزدا ببینی. لە سەرەتادا خوا بەتەواوی بەهێزترین خوای خواکانە. سەرەتا بەتەواوی خوایەکی هۆزی ناوخۆییە. پاشان لە سەدەی شەشەم کاتێ کەیەهوودییەکان لە بابل بوون، چەمکی ڕزگارکەری جیهان سەری هەڵداو خودایەتی کتێبی پیرۆز مەودایەکی نوێی وەرگرت.

تەنیا لە ڕێگەی نوێکارییەوەو بەپێی هەلومەرجی هەنووکەیی دەتوانرێ سوننەتە کۆنەکان بپارێزرێن. لەڕۆژگارانی کتێبی پیرۆزی کۆندا، جیهان کێکێکی سێ نهۆمی بچووک بوو، تەنیا لە دووریی چەند سەد میلێک بەدەوری چەقە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوەندەوە پێک هاتبوو ؛ کەس ناوی Aztecs نەبیستبوو، تەنانەت ناوی چینیەکانیش. کاتێ کەجیهان دەگۆڕێ، دەبێ ئاینیش بگۆڕێ.

**مویرز:** پێم وایە ئەم کارەی ئێمە ئەنجامی دەدەین هەمان ئەو کارەیە.

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا ئەمە کارێکە باشتربوو ئەنجامامان بدایە. بەڵام ترسی ڕاستەقینەم ئەو شتەیە ئەمرۆ لە بەیروتدا دەبینرێ. لەوێدا سێ ئاینی مەزن یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام هەن، لەبەرئەوەی هەرسێکیان سێ ناویان بۆ خودای کتێبی پیرۆز هەیە بۆیە ڕێک ناکەون و ناتوانن پێکەوە بژین. ئەوان هەریەکەیان دیلی خوازیارەو وەرگیراوەکانی خۆیەتی و نازانین سەرچاوەکانیان لەکوێوەیە. ڕێگەیان بەو بازنەیەی دەوروبەریان نەداوە تابکرێتەوە. کۆمەڵێ بازنەی داخراو هەن، هەر گرووپێک دەڵێ: (ئێمە گرووپی هەڵبژاردەین و ئێمە خوا دەناسین.)

بڕوانە ئیرلەندا. لە سەدەی هەڤدەهەم گرووپێک لە پرۆتستان لەلایەن کرامۆڵ بەرەو ئیرلەندا هێنران، بەڵام ئەم گرووپە هیچ کاتێ بەرامبەر بەزۆرایەتی کاتۆلیک نەکراونەتەوە. کاتۆلیک و پرۆتستان دوو سیستمی تەواو جیاوازی کۆمەڵایەتین و نوێنەرایەتیی دوو ئامانجی جیاواز دەکەن.

**مویرز:** هەریەکەیان پێویستیان بەئەفسانەی نوێ هەیە.

**کەمبڵ:** هەریەک لەئێمە پێویستی بەئەفسانەی خۆی هەیە. دوژمنەکەت خۆش بوێ، کراوەبە، داوەری مەکە. هەموو ئەمانە کۆمەڵی شتی بووداییین. ئەمانە لە ئەفسانەدا بوونیان هەیە. ئێستاش لەوێدا ئامادەن.

**مویرز:** چیرۆکێکت هەیە دەربارەی یەکێک لە دانیشتووانی دارستانە خۆماڵییەکان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەرەبەنێکی بلاوکەرەوەی ئاینی مەسیحی وتووە: خودای تۆ بێ دەنگ لەماڵەوە دانیشتووە و هەر دەڵێی پیرو پەککەوتەیە، بەڵام خودای من کاتێ کەباران دەبارێ لە جەنگەڵ و مەزراو کێوەکانە.) من پێم وایە ئەم بۆچوونە ڕاست بێت.

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەم مەسەلەیەت لە کتێبی شاکان و کتێبی سامۆیلدا بەرچاو دەکەوێ. پاشا جۆربەجۆرەکانی ئیسرائیل ڕێوڕەسمی قوربانییان لەسەر لووتکەی کێوەکان ئەنجام دەدا. بەپێی بۆچوونی یەهوو ئەم کارەی ئەوان دەیکەن هەڵەیە. پەرستنی یەهوو لە کۆمەڵگەی عیبرانی بزووتنەوەیەکی تایبەت بوو سەرئەنجام سەرکەوت. ئەم سەرکەوتنە جۆرە سەرکەوتنێکی کاری پەرستن بوو تایبەت بەپەرستگا، جێگای ئەو جۆرە پەرستنەی گرتەوە کە لە سروشت و لە هەموو جێگایەکدا بەئەنجام دەگەیەنرا.

ئەم فشارە ئیمپریالیزمەی یەک کولتوور لە دەروونی گروپێکی دیاریکراودا، تا ئێستاش لە ڕۆژئاوادا بەردەوامە. بەڵام ئێستا دەبێ بەڕووی ماهییەتی شتە داخراوەکاندا بکرێتەوە. گەر بتوانێ بکرێتەوە، هەموو توانایەکی لەبەردەستدایە.

**مویرز:** بێگومان ئێمەش سروشت لە هەرچی سیفەتە سروشتییەکانێتی دای دەماڵین، ئێستاش بیر لەئەفسانەی کورە کورتە بالاکە دەکەمەوە کاتێ کەباڵندەیەکی دەنگخۆش لەنێو جەنگەڵدا دەدۆزێتەوە و بۆ ماڵەوەی دەباتەوە.

**کەمبڵ:** داوا لەباوکی دەکا نان و ئاوی بخاتە بەردەم، بەڵام باوکی ئەم کارە ناکات و ناشییەوێ خواردن پێشکەش بەباڵندەیەکی بێ نرخ بکا، بەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی باڵندەکە. ئەفسانەکەش دەڵێ، ئەم پیاوە هاوکات لەگەڵ کوشتنی باڵندەکەدا



ئاوازیشی کوشت و لەگەڵ کوشتنی ئاوازدا خۆشی کوشت. خۆشی گەیشتە حاڵەتی مەرگ و هەرگیز هەڵنەستایەوە.

**مویرز:** ئایا ئەم چیرۆکە پەیوەست نییە بەو موسیبەتانەی کە ڕوو دەدەن، کاتێ کە مرۆڤ دروست دەکات بەوێرانکردنی ژینگە و دەوروبەر و دنیا و سروشت و ئەوەشی کە سروشت دەیدۆزێتەوە.

**کەمبڵ:** ئەوان سروشتی خۆشیان وێران دەکەن. ئەوان بکوژی ئاوازن.

**مویرز:** ئایا میتۆلۆژیا بەسەرهاتی گۆرانی نییە؟

**کەمبڵ:** میتۆلۆژیا خۆی گۆرانییە. ئاوازی ئەو خەیاڵانەیە کە لە وزەکانی لەشەوە ئیلهامیان وەرگرتووە.

ڕۆژێکیان مامۆستایەکی Zen لە بەرامبەر خوێندکارەکانی ڕاوەستابوو دەیویست مەراسیمێ بەئەنجام بگەیەنێت. تەواو کاتێ کەدەیویست زمان هەڵبێنێ، باڵندەیەک لەو کاتەدا دەستی بەخوێندن کرد. مامۆستاکەش وتی: بەم جۆرە(مەراسیمەکە بەئەنجام گەیشت.)

**مویرز:** مەبەستم بوو بڵێم ئێمە ئەفسانەی نوێ دادەهێنین، بەڵام ئێوە وتتان نەخێر، هەر ئەفسانەیەک کە ئەمڕۆ ئێمە دەیگێڕینەوە ڕیشەی لە ئەزموونی ڕابردووماندایە.

**کەمبڵ:** بابەتە بنچینەیییەکانی ئەفسانە یەکسانن و هەمیشەش یەکسان بوون. ئەگەر دەتەوێ بزانی میتۆلۆژیا چییە، ئەوا کلیلی وەڵامی ئەم پرسیارە ناساندنی ئەو کۆمەڵگایەیە کەتۆ پێوەندییت لەگەڵدا هەیە ؛هەر سیستەمێکی میتۆلۆژی لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت و لە سنوورێکی دیاریکراودا گەشەی کردووە. پاشان دەچنە نێو مەیدانی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری و ڕووبەڕووبوونەوەی هاوبەرامبەرو لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبنەوە، دواجار خۆت لەبەردەم میتۆلۆژیایەکی ئاڵۆزتردا دەبینیتەوە.

بەڵام ئەمڕۆ سنوور بۆ ئەم مەسەلەیە نییە. تەنیا میتۆلۆژیایەکی ڕاست کە لەمڕۆدا هەبێ میتۆلۆژیای ئەم گەردوونەیە و، ئێمەش ئەم شێوە میتۆلۆژیایەمان نییە.

بەبڕوای من لە سەرتاسەری ئەم گەردوونە. نزیکترین شت بەمیتۆلۆژیا بوودیزمە، بوودیزم هەموو شتەکان وەک بوونەوەرێکی بوودیزمی دەبینێ. تەنیا کارێک دەبێ بکرێت ئەوەیە کە بوودیزم بناسین. پێویست بەوە ناکات هیچ ئەنجام بدەین. تەنیا کارێک دەبێ بکرێ ئەوەیە بزانین ئەو بوونەوەرە کێیە و پاشان لەگەڵ هەموو برایانی ئەم بوونەوەرانە پێکەوە لە پێوەندییەکدا کار بکەین.

**مویرز:** باس لە برایان دەکەیت؟

**کەمبڵ:** بەڵێ. بەو جۆرەی کە من لە هەموو میتۆلۆژییەکاندا بینیوومە، برایەتیی تایبەتە بەکۆمەڵگەیەکی داخراو. لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا توندوتیژی ئاراستەکەی بەرەو دەرەوەیە.

بۆ نموونە، هەر دە فرمانەکە(ئەوەی نێو کتێبی پیرۆز) دەڵێ: (مەکوژە) پاشان لەبەشی دووەمدا دەڵێ: (بڕۆ بۆ کەنعان و هەرکەسێک لەوێیە بیکوژە). ئەمە مەیدانێکی داخراوە. ئەفسانەکانی تایبەت بەعێشق و بەشداری، تەنیا پەیوەستە بەگرووپەکانی ناوەوەو گرووپەکانی دەرەوەش شتێکی تەواو جیاوازن. ئەمەش مانای وشەی gentile (ئەوەی جوولەکە نییە) دەگەیەنێ، واتا ئەو کەسەی سەر بەهەمان سیستەمی ناوخۆ نین.

**مویرز:** ئەگەر وەک جلەکەی من لەبەر نەکەیت، بەمن نامۆی.

**کەمبڵ:** کەواتە ئەفسانە چییە؟ لە یەکێ لە فەرهەنگی وشەکاندا هاتووە، ئەفسانە بەواتای چیرۆکی خوداکان. پاشان پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە: خودا چییە؟ خودا بەرجەستەکردنی هێزێکی پاڵپێوەنەر یان سیستەمێکی ئەرزشی(بەهایی)یە کە کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤ و بوونەوەران هەیە ــــ ئەو هێزە هێزی جەستەی خۆت و سروشتە. ئەفسانەکان تەواو ڕووی وەرگیراوەی تواناداریی ڕۆحی مرۆڤن و هەمان ئەو توانایەن گیان دەبەخشنە ژیانی ئێمە و جیهان. بەڵام کۆمەڵێ ئەفسانە و خودا هەن تایبەتن بەکۆمەڵگایەکی تایبەت و پارێزەری ئەو کۆمەڵگا تایبەتەن. یان بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین، دوو جۆرە ئەفسانەی تەواو جیاواز هەیە، یەکێکیان ئەفسانەیەکە بەتەواوی بەسروشت و دنیای سروشتی خۆتەوە دەتبەستێتەوە، ئەو



دنیا سروشتییەی تۆش سەربەوی، پاشان ئەفسانەی دووەم ئەو ئەفسانەیەکە بەتەواوی سۆسیۆلۆژییە، بەکۆمەڵگایەکی تایبەتەوە پەیوەستت دەکات. ئێوە بەتەواوی مرۆڤێکی سروشتی نین، ئەندامی نێو گرووپێکی تایبەتن. دەتوانی لەمێژووی میتۆلۆژیای ئەوروپاییدا کارلێکردنی ئەم دوو سیستەمە ببینی. هەمیشە کۆمەڵگای سیستەمی ئۆرینیتی سیستەمی هۆزە کۆچکەرەکانە، تاک دەتوانێ بزانێ سەنتەری گرووپەکەی لەکوێوەیە. میتۆلۆژیای شکاندنەوە بەلای سروشتدا پەیوەستە بەکۆمەڵگەی کشتوکاڵی.

کەلەپووری کتێبی پیرۆز، جۆرێکە لە میتۆلۆژیای ڕوو لە کۆمەڵگە. لەوێدا سروشت بەر تانەوتەشەر دەدرێ. لێکۆڵەرەوانی سەدەی نۆزدەیەم، میتۆلۆژیاو ئاین بەکۆششێک دادەنێن بەرەو کۆنترۆڵکردنی سروشت. بەڵام ئەمە کارێکە دەچێتە بۆتەی سیحر وجادووگەرییەوە، نەک میتۆلۆژیاو ئاین. ئاینە سروشتییەکان، هەوڵیان بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت نییە، بەڵکو یارمەتیی مرۆڤ دەدەن تا لەگەڵ سروشتدا خۆی بگونجێنێ. بەڵام کاتێ وەکو ئەهریمەن تەماشای سروشت دەکرێت، ئەو کاتە مرۆڤ خۆی لەگەڵ سروشتدا ناگونجێنێ، بەڵکو هەوڵی کۆنترۆڵکردن یا کارێکی لەم جۆرە دەدات، بۆیە لەم ساتەوە هەوڵ و ناکۆکی و بڕینەوەی جەنگەڵ و لەناودانی میللەتە ئەسڵییەکان دەچنە نێو دەستووری کاری مرۆڤەوە. لێرەوە بەم جۆرە کارو ڕەوشتانە مرۆڤ خۆی لەسروشت دادەبڕێ.

**مویرز:** ئایا ئەمە هۆی ئەوەیە کە ئێمە دەست بەسەر سروشت یان سەرکوتی سروشت دەکەین؛ لەبەرئەوەی قینمان لێیەتی، یاخود شتێکی تری تێدا نابینین لەوە زیاتر کە بیخەینە خزمەتی خۆمانەوە؟؟!

**کەمبڵ:** بەڵێ، هەرگیز ئەو ئەزموونەم لەبیر ناچێت کە لەژاپۆندا هەمە، ئەو جێگایەی هیچ کەسێک تێیدا نازانێت گوناهکردن و باخچەی بەهەشت چییە. یەکێک لەتێکستەکانی شینتۆ دەڵێ: پرۆسەی سروشت ناتوانێ شەیتانی بێ. هەر پاڵپێوەنەرێکی سروشتی نابێ چاک بکرێت، بەڵکو دەبێ ئەو پاڵپێوەنەرە جوان بکرێت و خۆش بکرێ. گرنگی پێدانێکی جوان بەبالای سروشت و هاوکاری لەگەڵ

سروشتدا هەیە، تەنانەت لە هەندێ لە باخچەکانیاندا ناتوانیت بزانی سروشت کەی تەواو دەبێت و هونەر کەی دەست پێ دەکات بەڕاستی ئەمە ئەزموونێکی مەزن بوو.

**مویرز:** بەڵام جۆی بەڕێز، ئەمڕۆ تۆکیۆ بەشێوەیەکی زۆر ئازاراوی ئەم جۆرە نموونەیە ڕەت دەکاتەوە، تۆکیۆی ئەمڕۆ خەریکە بەتەواوی سروشتی تێدا ون دەبێت، تەنیا هەندێ باخچەی بچووکی تێدایە کە تا ئێستا هەندێ کەس خۆشیان دەوێن.

**کەمبڵ:** پەندێک لە ژاپۆن هەیە دەڵێ: لەگەڵ شەپۆلەکاندا بلەرزێ و بجووڵێرەوە، تەواو ئەوەی کەئێمە لە بۆکسێندا دەیڵێین، لەگەڵ بۆکس وەشێنیدا لارو گرژبەوە، تەنیا (١٥٠) ساڵ دەبێت کەپێری Perry دەروازەکانی ژاپۆنی بەڕووی ئێمەدا کردەوە، لەماوەی ئەم زەمەنەدا ژاپۆن چووەتە ژێر بارێکی گران لە کاری میکانیکی، بەڵام ئەوەی من لە یابان بینیم ئەوەیە ئەوان تا ئێستاش توانای ئەوەیان هەیە پارێزگاری لەسەربەرزیەتی خۆیان بکەن، ئەوان بۆ خۆیان نوێنەرایەتیی دنیای ئامێر دەکەن. کاتێ بەرەو نێو ساختمانێکی ژاپۆنی هەنگاو هەڵدێنی، جارێکی تر دەچێتە نێو ژاپۆنەوە. دەرەوەی ماڵەکان لە نیویۆرک دەچێت.

**مویرز:** (پاراستنی سەربەرزییان، شتێکی سەرنجراکێشە) سەرەڕای ئەوەی شارەکان گەورە دەبن و دەردەکەون، ئەوان هەر لەنێو ڕۆحی خۆیاندان، واتا لەو جێگایەی کەتێیدا بوونەوەری ناوخۆیی دەژی، ئەوان تا ئەو کاتەش هەروەک تۆ دەڵێی گونجاون لەگەڵ سروشتدا.

**کەمبڵ:** لەکتێبی پیرۆزدا هەمیشەیی پاشەکشە دەکات، سروشت گەندەڵ بووەو هەرەسی هێناوە. لەبیری کتێبی پیرۆزدا ئێمە لە تاراوگەدا دەژین.

**مویرز:** هەر لەم کاتەدا کە ئێمە لێرەدا دانیشتووین و سەرقاڵی گفتوگۆین لە بەیوروتدا ئۆتۆمبیلەکان یەک لەدوای یەک مین ڕێژ دەکرێن دژ بەیەکتری بەکاردەهێنرێن ئیسلامییەکان دژ بەمەسیحییەکان، مەسیحییەکان دژ بەموسڵمانان و مەسیحییەکان دژ بەمەسیحییەکان. بەبڕوای من قسەکەی



مارشاڵ ماک لۆهان ڕاست بوو کە دەیوت: تەلەفزیۆن جیهانی بۆ گوندێکی بچووک گۆڕیوە–بەڵام ئەو نەیدەزانی ئەو گوندە جیهانییە بەیرووتە، ئەمە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟

**کەمبڵ:** بەبڕوای من ئەوان نەک تەنیا نازانن بڕوا ئاینییەکانیان بەسەر گرووپە تایبەتییەکەی خۆیاندا جێبەجێ بکەن، بەڵکو ناشزانن بڕوا ئاینییەکانیان لە ژیانی هاوچەرخدا بەسەر بوونەوەرە مرۆییەکانیشدا جێبەجێ بکەن. ئەمەش نموونەیەکە لەسەر نەکەوتنی ئاین لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر بەجیهانی هاوچەرخ، ئەم سێ ئەفسانەیە تادوایین هەناسە دەجەنگن، ئەوان توانای ڕوبەڕووبوونەوەی ئایندەیان لەدەست داوە.

**مویرز:** پێویستمان بەچ جۆرە ئەفسانەیەکی نوێ هەیە؟

**کەمبڵ:** نموونەی ئەو ئەفسانەیەی کەتاک بەهەموو گۆی زەوییەوە دەبەستێتەوە، نەک تەنیا بەگروپە خۆماڵییەکەی خۆیەوە، دەتوانی لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ببینی. لەم وڵاتەدا (١٣) کۆڵۆنیی بچووک و جیاواز هەبوون، هەر هەموویان بڕیاریان دا لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش و بێ هیچ گوێدانە بەرژەوەندیەکی تاکەکەسی کارکەن.

**مویرز:** لەسەر دروشمی مۆری گەورەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شتێکی لەم بابەتە هەیە.

**کەمبڵ:** مۆری ڕەسمی، ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو واقیعەیە. نموونەیەکم لە گیرفانە لەسەر ئەو مۆرە ڕەسمییە، ئەو مۆرە لەسەر یەک دۆلاریدایە. لێرەدا ئامانجەکانی شێوەگیریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ڕاگەیەندراوە. تەماشای ئەم دۆلارە بکە. ئەمە مۆری ڕەسمیی وڵاتە یەکگرتووەکانە. گەر تەماشای هەڕەمی دەستە چەپ بکەیت. هەڕەمەکە چوار ڕووی هەیە. ئەمانە چوار خاڵی بازنەیەکن. کەسێک لەم گۆشەیە و یەکێکی تر لەو گۆشەیەی تر و، کەسێکی تر لە گۆشەکەی تردایە. هەرکە چوویتە بەشی خوارەوەی هەرەمەکە، یادەکەویتە ئەمبەری یان ئەوبەری. کاتێ کە دەگەیتە سەرەوە هەموو خاڵەکان بەیەکتری دەگەن و لەوێدا چاوی خودا کراوەیە.




یەک دۆلاریی ئەمریکی




مۆری ڕەسمیی ولایەتە یەکگرتووەکان

**مویرز:** بەبڕوای ئەوان ئەمەش خودای عەقڵ بووە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، یەکەمین وڵاتە لەسەر بناغەی ململانێی بونیادنەنراوە، بەڵکو لەسەر بناغەی عەقڵ. ئەوانیش پیاوە شەریف و خودا پەرستەکانی سەدەی هەژدەهەم بوون. لێرەدا دەستەواژەی (پشت بەخودا) نووسراوە. بەڵام ئەو خوایە خوای ئینجیل نییە. ئەو پیاوانە بڕوایان بەدەرپەڕاندن لە بەهەشت نەبوو. ئەوان بەگومان نەبوون لەوەی کەزەینی مرۆڤ لە خودا جیا کراوەتەوە. کاتێ زەینی مرۆڤ لە خەم و پەژارە





نێوەندەکانی زەمەن پاک دەبێتەوە، ئەوەی کە بەتیشکی ئاوێنە پاککراوەکان دەیبینێ ڕەنگدانەوەی زەینی عەقڵانیی خوداییە. ئەوەی بەخوداتانەوە دەبەستێت عەقڵە. ئەم پیاوانە هیچ ئیلهامێکی تایبەتیان لەبارەی هیچ بابەتێکەوە نەبوو، هەروەها پێویستیشیان بەو ئیلهامە نەبوو، لەبەرئەوەی گەر هاتو عەقڵ لەهەر جۆرە سستی و ناتەواوییەک پاک بێتەوە، ئەو کاتە ئەوەندە توانای تێدا دەبێت تابتوانێ خوا بناسێتەوە، هەرچی مرۆڤی جیهان هەیە دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، لەبەرئەوەی هەرچی مرۆڤ لە دنیادا هەیە توانای بەکارهێنانی عەقڵیان هەیە.

هەرچی مرۆڤە توانای بەکارهێنانی عەقڵیان هەیە. ئەمەش پرنسیپی بنەڕەتیی دیموکراسییە، لەبەرئەوەی عەقڵی مرۆڤ هەر هەموو توانای ناسینی ڕاستییان هەیە، ئەو کاتە پێویست بەدەسەڵاتێکی تایبەت یان ئیلهامی تایبەت نییە کە پێت بڵێت ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە دەبێ بیگریتەبەر.

**مویرز:** ئەم نیشانانەش لە میتۆلۆژیاوە دێن.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام لە تایبەتمەندییەکی تایبەتی میتۆلۆژیاوە. سەرچاوەکەیان میتۆلۆژیا یان پەیامی تایبەت نییە. بۆ نموونە هیندییەکان بڕوایان بە پەیامی تایبەت نییە. ئەوان لە بارودۆخێکدا دێنە قسە کە تێیدا گوێیان بۆ گوێگرتنی گۆرانیی بوونەوەران و چاویان بەرامبەر بەبەهای عەقڵی خوداوەندا کردووەتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە بیرکردنەوەی بنەڕەتییانەی خوایانە. ڕەتکردنەوەی بیری دەرپەڕاندن لە بەهەشت دابڕانی خودی مرۆڤ لە بەهەشت ناگەیەنێ.

ئێستاش بۆ مۆری ڕەسمیی ئەمریکا بگەڕێینەوە. ئەگەر نهۆمەکانی ئەم هەرەمە بژمێریت دەبینی ژمارەیان (١٣) نهۆمە، گەر بڕوانیتە خوارەوەی هەرەمەکە دەبینی ژمارەی ئەو نهۆمانە بەڕۆمانی نووسراون. ئەم ژمارەیە هەزار و هەفت سەد و هەفتا و شەشە (١٧٧٦). گەر ژمارەکانی ئەم ژمارەیە پێکەوە کۆبکەیتەوە، دەبینی دەکاتە ژمارەی بیست و یەک کەئەویش تەمەنی عاقڵیە. وانییە؟ لەساڵی (١٧٧٦) بوو کەئەم سیازدە ولایەتە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. ژمارەی سیازدەیەم ژمارەی گۆڕان و دووبارە لەدایک بوونەوە. لە ئاخرین شێوی مەسیحدا، دوازدە پەیامبەرو یەک مەسیح هەبوون، کەئەویش ئامادەی مەرگ و دووبارە لەدایکبوونەوە بوو. ژمارەی سیازدە

دەرچوونە لەسنووری کۆتی دوازدە بۆ مەودای باڵایی. لەبازنەی بورج و ڕۆژدا دوازدە نیشانەت هەیە. ئەو پیاوانە لە سەرتاسەری کاروانەکەیان سوودیان لەژمارەی (١٣) وەردەگـــــرت وەک ژمـــــارەی ڕاپەڕین و دووبارە لەدایک بوونەوە و ژیانی نوێ و ڕاوەستانی پەتی.

**مویرز:** بەڵام ئایا لەڕووی پراکتیکەوە بەڕاستی (١٣)ویلایەت هەبوو.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە تەنیا ئاماژە بۆکردنێکی سیمبولیانە نەبوو؟ ئەی ناشێ ئەم کردەیەش ڕێکەوت بووبێ. ئەم سیازدە ویلایەتە سیمبولی ئەو شتەبووە کە هەبووە.

**مویرز:** نووسینێکی تریش لەخوارەوە نووسراوە، ئەو نووسینەش ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوەNovus ordo seclorum سیستمی نوێی جیهان.

**کەمبڵ:** ئەمە سیستمی نوێی جیهانەو، نووسینەکەی سەرەوە "Annuit Coeptis" بە مانای (بە دەستکەوت و چالاکییەکانمان پێ کەنیوە ئەو).

**مویرز:** ئەو

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو، ئەو چاوە، ئەوەی بەچاو نیشان دراوە. عەقڵە. لە لاتینیدا پێویست بەوە ناکات ڕاناوی تاکی نێرینە بۆ ئەو بەکاربێنی؛ ئەم ڕاناوە دەتوانێ نێر، مێ، یان شتێک بێت. بەڵام هێزی ئاسمان (واتە خودا) بەکارەکانمان پێ کەنیوە. بەم جۆرە دنیا لەسەر هەمان بناغەی یەکەم خوڵقاندن و دروستبوون بونیادنراوە. ئەوەی ئەمەی دۆزیوەتەوە ڕەنگدانەوەی بنەڕەتیی خوڵقاندنی خوایە لە ڕێگەی عەقڵەوە. گەر تەماشای پشتی ئەم هەرەمە بکەین، بیابانێک دەبینین. گەر تەماشای پێشی هەرەمەکە بکەیت بڕێک گیا دەبینی تازە سەریان لەخاک دەرهێناوە. بیابانەکە سیمبولی ئەو ئاشووب و شەڕوشۆڕە یەک بەدوای یەکەیە کەئەورووپای گرتووەتەوە و ئێمەش بەناوی عەقڵەوە خۆمان لێ هێنایە دەرەوە، نەک بەناوی هێزەوە. وڵاتێکمان دروست کرد، لەدڵی ئەو وڵاتەدا ژیانی نوێ دەگەشێتەوە. ئەمەش مانای ئەو بەشەی ئەم هەرەمەیە.



ئێستا بڕوانە لای دەستی ڕاستی دۆلارەکە. لێرەدا هەڵۆیەک دەبینی، هەڵۆ بەوتای باڵندەکەی زیۆس، ئەو هەڵۆیە لە حاڵەتی دابەزینە لەمەلەکووتی خواوە بۆ مەیدانی زەمەن. ئەم باڵندە سیمبولی بنەڕەتیی بەرجەستەکردنی خوداخوازییە. ئەم هەڵۆ کەچەڵە، هەڵۆی ئەمریکی، هاوتای هەڵۆی پلەبەرزی خودای مەزنی زیۆسە.


ئەو هەڵۆیە دێتە خوارەوە و دێتە نێو دنیای دوولایەنە دژەکان و دێتە نێو بواری کردارەوە. یەکێک لەڕووەکانی کردار جەنگەو ئەوی تریش ئاشتییە. بۆیە لەیەکێک لەچنگەکانی (١٣) تیری هەڵگرتووە ئەو تیرانە سیمبولی جەنگن، لەپێکەی تریشی لقی درەختێکی (لۆریڵ) هەڵگرتووە کە (١٣) گەڵای پێوەیەو سیمبولی بنەڕەتیی گفتوگۆی ئاشتیخوازانەیە. ئەم هەڵۆیە چاوی بڕیوەتە لقی درەختە لۆریڵ. ئامانجخوازەکان ئەوانەی وڵاتی ئێمەیان بونیاد نا حەزیان دەکرد ئێمە بڕوانینە ئەم لایەنە، واتە لایەنی پێوەندییە دیپلۆماتییەکان و ئەو شتانەی بابەتی ئەمەن. سوپاس بۆ خودا کەتیرەکانی لە پێکەی تریا هەڵگرتووە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بەکارنەهێنرین.




وێنەی هەڵۆی سەر مۆری ڕەسمی و دۆلاری ئەمریکی

ئێستا ئەم هەڵۆیە نوێنەری چییە؟ نوێنەری شتێکە لەو نیشانە پرشنگدارەی تەوقی سەرییەوە دەبینرێ، ڕۆژێکیان لە دەزگای خزمەتگوزاری دەرەوە لە واشینتۆن، وتارێکم دەربارەی میتۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و سیستمی سیاسیی هیندییەکان پێشکەش دەکرد. وتەیەک لە کتێبێکی هیندی لەسەر سیاسەت هەیە دەڵێ: لەسەر دەسەڵاتدار پێویستە لەدەستێکیدا چەکی شەڕ هەڵگرێ، واتا کوتەکێکی گەورە و لە دەستەکەی تریشی دەنگی ئاشتی لەمیانەی گۆرانیی کاری هەرەوەزییەوە. لەوێدا وەستابووم و دەستەکانم ڕێک وەکو وێنەکە ڕاگرتبوو، لەپڕ هەرچی لە هۆڵەکەدا بوون دەستیان بە پێکەنین کرد. تێ نەگەیشتم چییە، هەر هەموویان ئاماژەیان بۆ دواوە کرد کاتێ، منیش تەماشای پشتەوەی خۆم کرد، بینیم ڕاست لەپشتەوەم وێنەی ئەو هەڵۆیە هەڵواسراوە و تەواو وەکو هەیئەتی من وەستاوە. کە تەماشای وێنەی هەڵۆکەم کرد، ئەو سیمبولەی سەرسەری و ئەو نۆ پەڕەی کلکیشیم بینی. ژمارەی نۆ ژمارەی دابەزینی هێزی ئاسمانییە بۆ جیهان. زەنگی مژدەدەری ئانجلۆس لە کلیسای کاتۆلیکیدا نۆ جار لێ دەدا.

لە سەرووی سەری هەڵۆکەوە نۆ ئەستێرە هەیە کە بەشێوەی ئەستێرەی داود کێشراون.



نەخشەی مۆری سلێمان



**مویرز:** ئایا پێ ناچێت ئەوە مۆری سلێمان بووبێت.

**کەمبڵ:** بەڵێ، دەزانی بۆچی پێیان وتووە مۆری سلێمان؟

**مویرز:** نەخێر.

**کەمبڵ:** حەزرەتی سلێمان خوویەکی هەبوو هەرچی گیانلەبەری بابەتی ئەژدیهاو و دێو درنج هەبوو لەنێو گۆزەڵەدا بەندی دەکردن. ئەی تۆ حیکایەتی هەزارو یەک شەوت وەبیر نایە، کاتێ کەقۆرییەکانیان دەکردەوە، جنۆکەیەکی لێ دەهاتە دەرێ؟ لێرەدا تێبینیی ئەوەم کرد کەمۆری سلێمان لە سیازدە ئەستێرە پێک هاتووە و پاشان بینیم کە هەریەک لەم سێ گۆشانە چوارتایەکی فیساگۆرسین.

**مویرز:** چوارتایی بوون؟

**کەمبڵ:** ئەمە سێ گۆشەیەکە لە (١٠) خاڵ پێک هاتووە. خاڵێک لە نێوەندو چوارخاڵیش لە هەریەک لەلاکان بەجۆرێک ژمارەیان ٩ لا دەبێت. یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ. ئەمەش سیمبولی سەرەکیی فەلسەفەی فیساگۆرسە، ئەم سیمبولە توانای ڕاڤەکردنی هەمەچەشنەی لەبابەتی میتۆلۆژی و گەردوونی و دەروونی و کۆمەڵایەتیدا هەیە. یەکێکیان ئەو خاڵەی سەرەوەیە، ئەو خاڵە نمایشکەری سەنتەری ئەخلاقییە، هەرچی بوونەوەرو نابوونەوەرەکان هەن، زادەی ئەون.

**مویرز:** کەواتە سەنتەری وزەیە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ. یەکەمین دەنگ ئەو دەنگە بوو (ڕەنگە مەسیحییەک بۆ ئەم مەبەستە وشەی خوڵقێنەر بەکاربێنێ) کەزادەی جیهان و تەقینەوەی مەزن بوو، هەر ئەو تەقینەوە مەزنە سەرچاوەی ڕژاندنی باڵاترین وزە بۆ نێو بواری زەمەن بوو. هەرکە دێتە نێو سەنتەری کاتەوە، بۆ جووتە دژبەیەکەکان دابەش دەبێ، بەم جۆرە ئەوەی یەکە دەبێتە دوو، بۆ دووانەی دژ بەیەک دابەش دەبێت. کاتێک کە دوو شتمان لەبەردەستدا بێت، ئەوا بۆ دۆزینەوەی پێوەندیی لەنێوان ئەو دووانەیە سێ شێواز

هەیە: یەکەم شێواز ئەوەیە کەیەکەمیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت ؛ دووەم ئەوەیە کە ئەوی تر بەسەر ئەم یەکەدا زاڵ بێت ؛ سێیەم ئەوەیە لەپێوەندییەکی هاوسەنگدا ئەم دووانە جێگیر بن. لە کۆتاییدا هەموو شتەکان، لە چوارچێوەی ئەم سێ شێوە پێوەندییە هاوبەرامبەرەدا لە چواربەشی فەزادا دەجووڵێنەوە.

شیعرێکی لائوتسە هەیە لە کتێبی تائو–تە چینگیدا هاتووە دەڵێ: کەسێک لە دڵی بوونی باڵایدا دێتە دەرێ. لە دڵی ئەو یەکە دووان پەیدا دەبێت، لە دڵی دووەوە، سێ پەیدا دەبێت؛ لە دڵی سێشەوە هەموو شتەکان پەیدا دەبن.

ئەو کاتەی بۆم دەرکەوت کە لەمۆری ڕەسمیی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکادا دوو دانە لەم سێ گۆشە سیمبولیانە هەن و پێکەوە گرێ دراون، لەپڕ بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئێمە سیازدە خاڵمان بۆ هەر سیازدە ولایەتەکە هەیە، سەرەڕای ئەوەش بەلانی کەمەوە شەش لووتکەمان هەن، یەکێکیان لەسەرەوە و یەکێکیان لەخوارەوەو چوارەکەی تر لەچوار لاکەن. بەو جۆرەی کەبۆی دەچم ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەڕەنگە لە هەریەک لەو ئاراستانە، گوێمان لە وشەی خولقاندن بێت. ئەمەش پرسی بنەڕەتی دیموکراسییە. دیموکراسی وای دادەنێت کە تاک لەهەر گۆشەیەکەوە دەتوانێ قسان بکات و ڕاستی بڵێ، لەبەرئەوەی عەقڵی ئەو لەحەقیقەت جیانەبووەتەوە و ئەوەشی پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات، هەستەکانێتی کەدەبێ ڕوونیان بکاتەوە و پاشان بکەوێتە قسە.

کەواتە ئەو وێنەیەی لەسەر ئەم دۆلارە کێشراوە، نیشاندەری ئەم ڕوانینە نایابەیە، کەباڵایی تێیدا خۆی نیشانی جیهان دەدات. ئەمەش ئەو شتەیە کەویلایەتە یەککگرتووەکانی لەسەر بونیادنراوە. گەر دەتەوێ بەڕاستی وڵات بەڕێوەبەری، دەبێ لە سەرووی سێ گۆشەکەوە فەرمانڕوایی بکەی، لەوێدایە چاوی جیهان لە سەرەوەیە.

لەبیرمە کەلاو بووم، دەقی وتاری ماڵئاواییی جۆرج واشنگتنیان پێ داین و داوایان لێ کردین هەر هەموو ئەو دەقە کورت بکەینەوە. بەتەواوی ئەوەم لەیادە کەجۆرج واشنتۆن دەڵێ: (ئێمە لە ئەنجامی شۆڕشی خۆمان، لەو تێوەگلان و ئاژاوەیە خۆمان هێنایە دەرەوە کە لە ئەوروپادا ڕووی دا). دوا وتەی واشنتۆن دەڵێ: ئێمە ناچینە نێو یەکێتییە دەرەکییەکانەوە. هەتا جەنگی جیهانیی یەکەم پابەندی ئەم وتانە بووین.



پاشان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیمان وەلاوەناو لەجیهاندا بەشداریمان لە داگیرکردنەکانی بەریتانیا کرد.. بەم جۆرە ئێستا ئێمە لەیەک لای هەرەمەکە وەستاوین. لەیەکەوە بۆ دوو ڕۆیشتووین. لەڕووی سیاسی و مێژووییەوە ئێستا ئەندامێکین لەیەک لای پرسکە. چیتر نوێنەری پرنسیپی ئەو چاوە نین کە لەسەرەوەیە. هەموو سەرقاڵییەکانی ئێمە ئابووری و سیاسەتە، گوێ نادەینە دەنگ و دەنگدانەوەی عەقڵ.

**مۆیرز:** دەنگی عەقڵ ئایا هەمان ئەو شێوە فەلسەفییەیە کە ئەم سیمبولە میتۆلۆژیانە پێشنیاری دەکەن؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، وایە. ئێستا خاوەنی ئەو گواستنەوە گرینگەیت کەپێش (٥٠٠) ساڵ پێشتر ڕووی دا. ئەم مێژووە پەیوەستە بەدەرکەوتنی بووداو فیتاگۆرس و کۆنفیسیۆس و لائوتسەوە، ئەگەر لائوتسەیەک هەبووبێ. ئەم مێژووە مێژووی بێداربوونی عەقڵی مرۆڤ بوو. لەو سەردەمە بەدواوە چیتر لەڕێگەی هێزە ئاژەڵییەکانەوە فەرمانڕەوایی ناکرێ و زانیاریی پێ نابەخشرێ. چیتر نە لێکچوواندنی زەویی کێڵراوو نەجووڵەی ئەستێرەکان ڕێنوێنی مرۆڤ نین، بەڵکو ئەوەی کەڕێنوێنیی مرۆڤ دەکات عەقڵی مرۆڤە.

**مۆیرز:** ئەو ڕێگەیەش...

**کەمبڵ:** ڕێگەی مرۆڤە و ئەڵبەتە ئەوەی کەعەقڵ وێران دەکات هەڵچوونە. هەڵچوونی سەرەکی لە سیاسەتدا چاوچنۆکییە، چاوچنۆکی ئەو شتەیە مرۆڤ بەرەو ناخ دەباتە خوارێ. لەبەر ئەم هۆیەشە ئێمە لەجیاتی ئەوەی لە لووتکەی هەرەمەکەدا بین لەملاو ئەولای هەرەمەکەین.

**مۆیرز:** هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە دامەزرێنەرانی ئێمە دژ بەدەمارگیری ئاینی بوون.

**کەمبڵ:** ئەم جۆرە شتەش بەهیچ جۆرێک قبووڵکردنی نەدەکرا، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەوان ئەندێشەی کەوتن و گوناهیان ڕەت دەکردەوە. هەموو مرۆڤێ توانای ئەوەی

هەیە کە لەزەینی خودا بگات. پەیامێکی تایبەت نییە تایبەت بەکەسانێکی تایبەت بێت.

**مویرز:** ئێستا دەتوانم بەو ڕاستییە بگەم، کە چۆن ساڵانێکی دوورو درێژی باس و لێکۆڵینەوەی نێو سیمبوڵە میتۆلۆژییەکان وای لێ کردی و ئەو توانایەی پێ بەخشیت کەئەم مۆرە گەورەیە بەم جۆرە بخوێنێتەوە. ئایا زۆربەی ئەو پیاوانەی کە خوداپەرست بوون بەوتەی تۆ، ئاشکراکردنی ئەم چەمکە ناوکۆییە میتۆلۆژییانە دەربارەی هەوڵەکانیان بۆ بونیادنانی وڵاتێکی مەزن بۆ ئەوان جێگای سەرسوڕمان نەبوو.

**کەمبڵ:** باشە بۆ سوودیان لەم سیمبولانە وەرگرت؟

**مویرز:** ئایا زۆربەی زۆری ئەم سیمبولانە سیمبولی ماسۆنی نین؟

**کەمبڵ:** ئەوانە نیشانەی ماسۆنین، مانای چوارتایی فیساگۆرسی لە سەدەکانەوە شتێکی ناسراوە، بێگومان ئەو زانیارییانە لە کتێبخانەی تۆماس جیفەرسۆندا هەبوون. پێش هەموو شتێ ئەوان کەسانی هۆشمەند بوون. جیهانی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا هی پیاوانی خاوەن مەعریفە بوو، لە دنیای سیاسەتدا ژمارەیەکی کەم لەم پیاوانە دەبینران. بۆ میللەتی ئێمە دەرفەتێکی پڕ سامان بوو تا ئەم جۆرە کەسانە دەسەڵاتیان بەدەست بێ و کاریگەرییان بەسەر ڕووداوەکانی ئەو زەمەنەوە هەبێ.

**مویرز:** چ ڕوونکردنەوەیەک هەیە بۆ پێوەندیی نێوان ئەم سیمبولانە و ماسۆنییەکان و ئەو واقیعەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بونیادنەران سەر بەتیمی ماسۆنی بوون؟ ئایا ڕژێمی ماسۆنی بەجۆرێک لە جۆرەکان دەربڕینی بیری ئەفسانەیی نییە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، پێم وایە هەوڵێک بوو سەرچاوەکەی لێکۆڵینەوەی زانستی بوو بە مەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی سیستمی پێشڕەوایەتی تا بگاتە ئاشکراکردنە ڕۆحییەکان. بونیادنەرانی پێشوو کە ماسۆنی بوون، بەڕاستیش تا ئەوپەڕی توانا بڕوا ئاینییە میسرییەکانیان خوێندبووەوە. لە میسردا ئەهرامەکان بەتەپۆڵکەی یەکەم یان تەپۆڵکەی بناغەیی دادەنرێن. پاش ئەوەی لافاوی ساڵانەی نیل دەست



بەنیشتنەوە دەکات یەکەمین تەپۆڵکەیەک کە لەئاوەوە سەر دەهێنێتە دەرەوە نیشانەی دووبارە لەدایکبوونەوەی جیهانە. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە ئەو مۆرە دەری دەخات.

**مویرز:** پێ دەچێت لە دڵی سیستمی بڕوای تایبەتی تۆدا ناکۆکییەک هەبێت، هەندێ جار گێژ دەبم و تێ ناگەم. لەلایەک دەستخۆشی لەو پیاوانە دەکەیت کەئیلهام بەخش و خوڵقێنەری سەردەمی عەقڵ بوون، و لەلایەکی دیکەشەوە پیرۆزبایی لەلۆک ئیسکای ڤاکەر دەکەیت لەبەرئەوەی لە فیلمی شەڕی ئەستێرەکاندا ئەم عیبارەتەی ژێرەوە وتراوە: (کۆمپیوتەر بکوژێنەوەو پشت بەهەستەکانی خۆت ببەستە.) چۆن هاوپەیمانییەک دروست دەکەیت لە نێوان ڕۆڵی زانست کە عەقڵەو ڕۆڵی بڕوا کە ئاینە؟

**کەمبڵ:** نا، نا، دەبێ جیاوازی لە نێوان عەقڵ و ئەندێشەدا دانێیت.

**مویرز:** چ جیاوازییەک لە نێوان عەقڵ و ئەندێشەدا هەیە؟ ئایا کاتێ بیردەکەمەوە، سەرقاڵی بەعەقڵکردنی کاروبارەکان نیم؟

**کەمبڵ:**بەڵێ، عەقڵت جۆرێکە لە ئەندێشە و بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوە دەربارەی شتەکان ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ ئەو شتانەت عەقڵاندووە. دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ بڕینی دیوارێک، ئەمە عەقڵ نییە. مشکێک بە ماڵینی لووتی بەم لاو ئەولادا ڕەنگە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ مەبەستێک، ئێمەش بەهەمان شێوە ڕێگەچارەیەک بۆ شتێک دەدۆزینەوە. بەڵام ئەمە عەقڵ نییە. دەبێ عەقڵ خەریکی دۆزینەوەی زەمینەی بوون و بونیادی بنچینەیی سیستمی گەردوونی بێت.

**مویرز:** کەواتە کاتێک ئەو پیاوانە وەک چاوی عەقڵ، قسەیان لەسەر چاوی خوداکان کردووە، مەبەستیان ئەوەبوو کە بناغەی بوونمان وەکو کۆمەڵگەو کولتوورو نەتەوەکان لە خسڵەتی بنەڕەتیی گەردوونەوە سەرچاوەی گرتووە؟

**کەمبڵ:** ئەمە شتێکە هەڕەمی یەکەم دەیڵێ. ئەو هەڕەمە هەڕەمی جیهانەو هەڕەمی کۆمەڵگەکەمانەو هەردووکیان یەک شێوەن. ئەمە کۆمەڵگەی ئێمەو ئەویش ئەفەریدەی خودایە.

**مویرز:** میتۆلۆژیام هەیە تایبەتە بەهێزی ئاژەڵان، بۆ شێوەی کێڵان و تۆوکردنی زەوییش میتۆلۆژیای تایبەتمان هەیە بە پیتی و خوڵقاندن و خودای دایک، بۆ ڕووناکیی ئاسمان و بۆ ئاسمانەکانیش میتۆلۆژیامان هەن، بەڵام لەسەردەمی هاوچەرخدا هێزی گیانلەبەر و سروشت و زەوی تۆوکراومان تێ پەڕاندووە، ئەستێرەکان چیتر ئەوەندە گرنگ نین تەنیا ئەوە نەبێ کۆمەڵێ هەستی تایبەتن بەشتی سەیرو سەمەرو ڕووبەرێک بۆ سەفەر لەنێو بۆشاییدا، لە زەمینەی میتۆلۆژیای پەیوەست بەشێوەی ژیانی مرۆڤەوە، ئێمە لە چ ڕووبەرێکدا وەستاوین؟

**کەمبڵ:** تا ماوەیەکی دوورو درێژی نابینە خاوەنی میتۆلۆژیا شتەکان توندتر لەوەی کەببنە ئەفسانە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

**مویرز:** بەڵام چۆن بێ ئەفسانە دەژین؟

**کەمبڵ:** مرۆڤ ناچارە ڕوویەک یان لایەنێک لە ئەفسانە بدۆزێتەوە و پێوە بلکێ و بەژیانی تاکەکەسی خۆیەوە پەیوەستی بکات. ئەفسانە لە بنەڕەتدا چوار ئەرکی هەیە: یەکەم ئەرکی سۆفیگەرییە– ئەمەش هەمان ئەو ئەرکەیە قسەم لەسەر کرد، لەڕاستیدا ئەم ئەرکە بریتییە لە درککردنی ئەوەی کە جیهان و مرۆڤ چەند سەرسوڕهێنەرن و هەروەها تاقیکردنەوەی حورمەتە دەربارەی ئەم نهێنییە. ئەفسانە، جیهان دەکاتەوە بەڕووی مەودای نهێنی و درککردن بەو نهێنییەی کە ژێرخانی هەموو وێنەکانە. ئەگەر ئەو نهێنییەت لەدەست دا، ئەوا میتۆلۆژیا لەدەست دەدەیت. ئەگەر لەمیانەی هەموو شتەکاندا نهێنی دەرکەوێت، ئەوا گەردوون بۆ وێنەیەکی پیرۆز دەگۆڕێت. لە هەموو بارودۆخێکدا لە جیهانی بالاییدا تۆ هەمیشە قسە لەگەڵ نهێنیی بالاییدا دەکەیت.

ئەرکی دووەم مەودای کوسمولۆجیکەڵە(گەردوونناسی)یە ئەم مەودایەکە زانست سەرقاڵێتی؛ ئەم زانینیە شێوەی گەردوون دەخاتە ڕوو، بەڵام بەجۆرێک نهێنی هەر لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەمڕۆ ئێمە بەگومانین لەوەی زاناکان هەموو وەڵامێکیان لایە. بەڵام زانا مەزنەکان پێمان دەڵێن: (نەخێر ئێمە هەموو وەڵامێکمان لا نییە.



دەتوانین بەئێوە بڵێین چۆن کار دەکات، بەڵام ناتوانین بڵێین چییە؟) کاتێ شقارتەیەک دەسووتێنی، ئەو ڕووناکییە چییە کەپەیدا دەبێت ؟ دەتوانی بڵێی ئەمە ئەکسیدی ئۆکسیدیسیۆنە، بەڵام ئەمە بۆ من هیچ شتێک ناگەیەنێت.

سێیەم ئەرک، ئەرکی سۆسیۆلۆژیە کە بریتیە لە بەرگریکردن لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و بایەخدان بەو کۆمەڵگەیە. لێرەدایە کە ئەفسانەکان لەشوێنە جیاجیاکاندا جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. دەکرێ میتۆلۆژیایەکت هەبێ بەتەواوی دەربارەی فرە هاوسەری و دەشکرێ میتۆلۆژیایەکی تەواوت دەربارەی تاک هاوسەری هەبێ. هەریەک لەم میتۆلۆژیانە لە جێگای خۆیانەوە ڕاستن. پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لەکوێدای. ئەوەی لەجیهانی ئێمەدا باوە ئەوەیە ئەرکی کۆمەڵایەتیی ئەفسانەیە و ئەم شێوە ئەرکەش سەردەمی بەسەرچووە.

**مویرز:** مەبەستان چییە؟

**کەمبڵ:** ئاماژە بەیاسا ڕەوشتییەکان دەکەم؛ ئەو یاساو ڕێسایانەی کە دەبێ لە کۆمەڵگەیەکی چاکدا هەبن، هەموو سیفەتەکانی یەهوو دەربارەی شێوەی پۆشاکێکە کەدەبێ بپۆشرێت، شێوەی ئاکاری کەسەکان لەگەڵ یەکتریداو هەموو ئەو شتانەی لە بابەتی ئەمانەن کە لە سالانی هەزارەی یەکەمی پێش زاینیدا هەبوون، کۆن بوون.

بەڵام ئەفسانە ئەرکی چوارەمیشی هەیە، ئەمەش ڕۆڵێکە پێم وایە ئەمڕۆ دەبێت هەمووان پەیوەست بین پێوەی – مەبەستیشم لەو ئەرکە ئەرکی پەروەردەییە، چونکە مرۆڤ لەسایەی هەموو بارودۆخێکدا ژیانی مرۆڤایەتی دەژی، دەکرێ ئەفسانەکان فێری ئەوەت بکەن.

**مویرز:** کەواتە ئەو چیرۆکە کۆنانەی دەیزانین و زار بەزارو وەچە لەدوای وەچە دەمانگێڕایەوە چیتر ئەرک نین و، ئێمەش فێری ئەرکێکی تر نەبووین.

**کەمبڵ:** ئەو چیرۆکە کۆنەی لە ڕۆژئاوادا هەمانبوو، کە لەسەر کتێبی پیرۆزو لەسەر ڕوانینێک بۆ گەردوون بونیادنرابوو کەبۆ هەزارەی یەکەمی پێش زاینی دەگەڕێتەوە؛ لەگەڵ ڕوانینمان بۆ کەون و لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤدا ناگونجێ، ئەو ڕوانینە بەتەواوی سەر بەجێگەیەکی ترە.

ئەمڕۆ پێویستە لەسەرمان فێربین چۆن دەگەڕێینەوە بۆ گونجان لەگەڵ حیکمەتی سروشتدا، جارێکی تر هەست بە برایەتیی خۆمان و گیانلەبەران و ئاو و دەریا بکەین، وتنی ئەو وتەیەی کە خودایەتی سەرچاوەی ئاگاییی جیهان و هەموو شتەکانە، وەکو جۆرێک لەوتنی حەتمیەتی پانتیزمە(یەکێتی بوون) بەڵام پانتیزم وشەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە. ئەم وشەیە ئەوە دەگەیەنێ کەخودایەک هەیە لەشێوەی کەسایەتیدا نیشتەجێی جیهانە، بەڵام لەڕاستیدا بیرێکی ئا لەم جۆرە نەخراوەتەڕوو، بیرەکە بریتییە لە ترانس تیۆلۆژیکەڵ (لە پشتەوەی خوداناسی). ئەمەش بیرێکە پێناسە ناکرێت، نهێنییەکە ئاشکرا ناکرێت، جۆرێکە لە هێز و سەرچاوە و کۆتایی و زەمینەی بەرگریکردن لە تەواوی ژیان و بوون.

**مویرز:** تێبینیی ئەوە ناکەی کە چۆن خەڵکی هاوچەرخی ئەمریکا بیری کۆنی سروشتییان ڕەت کردووەتەوە، بەو سیفەتەی ئەم بیرە وێنەیەکە لە خودایەتی ؛ چوون ئەم بیرە ڕێگر بووە لەبەردەمیان بۆ بەئەنجامدانی پەیداکردنی دەسەڵات بەسەر سروشتدا، بەبێ کوشتنی خودا چۆن دەتوانین درەخت لە ڕەگوڕیشەوە دەرهێنین و ڕەگی زەوی دەربهێنین و ڕووبارەکان بۆ ناوچەی نیشتەجێ بوون بگۆڕین؟

**کەمبڵ:** ڕاستە، بەڵام ئەمە بەتەنیا سیفەتەکانی ئەمریکای هاوچەرخ نییە، بەڵکو قێزەونکردنی سروشت لە کتێبی پیرۆزەوە هاتووە، ئەوانیش بەمیراتی لە ئاینەوە وەریان گرتووە، بەتایبەتیش لە ئینگلتەراوە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان. خودا لەسروشت جودایەو سروشتیش لەلایەن خوداوە نەفرەتی لێ کراوە. ئەم بۆچوونەش پەیوەندە بەسەفەری پەیدابوونەوە، سەرچاوەکەشی لێرەوەیە: دەبێ گەورەی جیهان بین.

بەڵام گەر بێتو بیر لەخۆمان بکەینەوە دەبینین ئێمە لە زەوییەوە هاتووینەتە دەرەوە، نەک لە جێگایەکی ترەوە، دەبینین ئێمە لەسەر زەوین و ئاگاشمان لە زەوییە، ئەوەش چاوی زەوی و ئەویش دەنگی زەوییە.

**مویرز:** زانایان بەشێوەیەکی ئاشکرا باس لە پرنسیپی Gaia دەکەن.

**کەمبڵ:** بەڵێ لەم باسەدا هەموو گۆی زەوی وەکو ئۆرگانیزمێک تەماشا دەکرێ.



**مویرز:** زەویی دایک. ئایا ئەم ڕوانینە نوێیە، ئەفسانەیەکی نوێ ناخوڵقێنێ؟

**کەمبڵ:** ڕەنگە شتێک بخوڵقێ، تۆ ناتوانی پێشبینی بکەی ئایا ئەو ئەفسانەیە چۆن دەبێت، هەروەها ناشتوانی پێشبینی ئەوە بکەیت ئەمشەو خەون بەچییەوە دەبینی، ئەفسانەو خەونەکان هەردووکیان لەیەک سەرچاوە پەیدا دەبن، ئەم دووانە دەرئەنجامی شێوە تێگەیشتنێکن و، پاشان لە قاڵبی سیمبولیدا دەردەبڕێن. تەنیا ئەفسانەیەک کە بەهای هەیە ئەو ئەفسانەیە کە قسە لەسەر ئەستێرەکان دەکات، نەک شارو مرۆڤ، بەڵکو قسە لەسەر گشت ئەستێرەو نیشتەجێبووانی ئەو ئەستێرەیە دەکات. ئەمەش بۆچوونی منە دەربارەی ئەو ئەفسانەیەی کە لەئایندەدا دەردەکەوێ.

ئەو شتەی پێوەی سەرقاڵ دەبیت، بەتەواوی هەمان ئەو شتەیە کە هەموو ئەفسانەکان خەریکی بوون گەشەکردنی تاک لە کەسێکی پشت بەستوو بەکەسانی دی، بۆ کەسێکی باڵغ و پاشان هەڵهاتن بۆ دەرەوە، پاشانیش چۆنییەتی پێوەندیی پەیداکردن لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەو پێوەندیی ئەم کۆمەڵگایە بەسروشت و جیهانەوە. ئەمانە کۆمەڵە شتێکن هەر هەموو ئەفسانەکان قسەیان لەسەر کردووە، دەربارەی لە ئایندەشدا دەربارەی ئەم شتەش قسە دەکەن. بەڵام ئەو کۆمەڵگایەی قسەی لەسەر دەکرێ، کۆمەڵگای ئەم ئەستێرەیە. بەبێ دەرکەوتنی ئەم ئەفسانەیە، خاوەنی هیچ شتێک نابی.

**مویرز:** تۆ ئاماژە بەوە دەکەیت کە ئەفسانەی ڕۆژگاری ئێمە لێرەوە دەست پێ دەکات؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمەش ئەو زەمینەو بناغەیە ئەفسانەی دەبێ لەسەر بونیاد بنرێت، ئەو ئەفسانەیە بەڕاستی لە هاوڵاتیبوونی مندا نییە، لێرەیە لە چاوی عەقڵە، واتە لە چاوی عەقڵە نەک لە کۆمەڵگەی ئاینیماندا، لە چاوی عەقڵە نەک لە کۆمەڵگەی زمانەوانیماندا، دەبینی ئەو فەلسەفەیە بۆ هەموو ئەم ئەستێرەیە دەبێ، نەک ئەم گرووپ و ئەو گرووپ.

کاتێک لەسەر مانگەوە تەماشای گۆی زەوی دەکەیت، دابەشبوونی سنوورو

دەسەڵاتەکان نابینی. بەڕاستی ئەمەش دەکرێ سیمبولێک بێت بۆ ئەفسانەی نوێ ئەو ئەفسانەی کە بەڕێگەوەیە. ئەمەش ئەو وڵاتەیە خەریکی وەسفکردنێین و خەڵکەکانیشی ئەوانەن ئێمە لەگەڵیان یەکدەگرینەوە.

**مویرز:** لەو پاشماوانەی کە تۆ کۆت کردوونەتەوە، هیچ کەسێک زیاتر لەسەرۆک سیاتل Chief Seattle بە ئاشکراو ڕوونی ئەم مانا ڕەوشتییەم لا بەرجەستە ناکات.

**کەمبڵ:** سەرۆک سیاتل Seattle دواین وتەبێژبوو کە لەسەر سیستمی ڕەوشتی سەردەمی بەردینی کۆن Paleolithic قسەی کردووە. دەوروبەریساڵی (١٨٢٥) حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری کڕینی زەویی خێڵەکان بوو، ئەو زەویانە تایبەت بوون بۆ نوێ هاوردەکان، بۆ ئەوانەی تازە ڕوویان دەکردە ئەمریکا، ئەو کاتە سەرۆک سیاتل دژ بەو کارە وتارێکی جوانی نووسی، ئەو وتارە دەربڕینێکی ڕەوشتییانەیە دەربارەی هەموو ئەو قسانەی کە ئێمە دەیکەین.

سەرۆک کۆمار لەواشنتنەوە نامەیەکی ئاڕاستە کردووم، داوای کڕینی زەوییەکانمان دەکات، ئێمە چۆن ئاسمان و زەوی دەکڕین و دەفرۆشین؟ ئەم بیرو ئەندێشەیە بەتەواوی نامۆیە بەئێمە، ئێمەیەک خاوەنی سازگاریی هەواو و درەخشان ئاو نەبین چۆن دەتوانرێت ئەوانە بکرێت.

هەر پارچەیەکی ئەم زەوییە لای مرۆڤی من پیرۆزە، هەر گەڵا سنەوبەرێکی درەخشان، هەر کەنار دەریایەکی لماوی، هەر تەمێک سەر سەری جەنگەڵەکان دەگرێ، هەر مێرگوزارێ، هەر مێرووییەکی وزە وزکەر، لە بیرەوەری و ئەزموونی گەلەکەمدا پیرۆزن هەر هەموویان ئەمانە.

ئێمە بەئەندازەی ئەو خوێنەی کە لەدەمارەکاندا دەگەڕێ، ئاشناین بەو ئاوەی بەنێو درەختەکاندا دەکشێ، ئێمە بەشێکین لە زەوی و زەوییش بەشێکە لە ئێمە، گوڵە بۆن خۆشەکان خوشکی ئێمەن، هەرچی ورچ و ئاسک و هەڵۆیە برامانن. هەموو ئەمانە سەر بە یەک خێزانن، هەر لە لووتکەی تاوێرو گوڵاوی درەخت و گەرمیی جەستەی ئەسپەکان و مرۆڤ هەر هەموویان سەر بەیەک خێزانن.



ئەو ئاوە سازگارانەی بەجۆگەلەو ڕووبارەکاندا ڕێ دەکەن تەنیا ئاو نین، خوێنی باووباپیرانمانن. گەر زەوییەکانمان بەئێوە فرۆشت دەبێ ئەوە بزانن ئەو زەوییانە پیرۆزن، هەر ڕەنگدانەوەیەکی تارمایی ئاسا لەنێو ئاوی سازگاری دەریاچەکان، باس لەبەسەرهات و بیرەوەرییەکانی ژیانی میللەتەکەم دەکەن. خوڕەخوڕی ئاو، دەنگی پشت بەپشتی منە.

ڕووبارەکان برامانن. ئەو ڕووبارانە تینوێتیمان دەشکێنن، کەشتییەکانمان دێننە جووڵە، خواردن دەبەخشنە نەوەکانمان. بۆیە بەڕادەی میهرەبانیتان بەرامبەر بەبراکانتان، ئەوەندەش بەرامبەر ئەو ڕووبارانە میهرەبان بن.

گەر زەوییەکانمان پێ فرۆشتن، چاک بزانن هەوای ئەو زەوییانە پڕ نرخ و بەهان، هەواش لەگەڵ ژیاندا ڕۆحی خۆی دابەش دەکاو ژیان وەبەردێنێ. ئەو هەوایەی کەیەکەمین هەناسەی بەباووباپیرانمان بەخشی هەر ئەو هەوایەش دواین هەناسەی لێ سەندنەوە، هەر هەواشە ڕۆحی ژیان بەمنداڵەکانمان دەبەخشێ، گەر زەوییەکانمان پێ فرۆشتن، پێویستە بەدابڕاوی و پیرۆزییەوە پارێزگاری بکەن، وەک ئەوەی جێگایەکەو مرۆڤ بۆ چەشتنی تامی هەوا سەردانی دەکات، ئەو هەوایەی لە گوڵزارەکانەوە شیرینیی خۆی چنگ دەکەوێ.

ئایا ئەو شتانە فێری منداڵەکانتان دەکەن کە ئێمە منداڵەکانمان پێ گۆش کردوون؟ ئەو وانەیەی کە زەوی دایکمانە؟ ئەو دەردەی زەوی تووشی دێ، بەسەر هەموو مرۆڤانی نیشتەجێی سەر ئەو زەوییەدا تەشەنە دەکا.

ئەوەی ئێمە دەیزانین زەوی سەر بەمرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ سەر بەزەوییە، هەموو شتەکان پێکەوە پەیوەستن، هەروەک چۆن پەیوەستی خوێن پێکمانەوە دەبەستێ، مرۆڤ تۆڕی ژیان ناچنێت، بەڵکو مرۆڤ تەنیا داوێک یان پارچەیەکە لەو تۆڕی ژیانە، هەر گرفتێ تووشی ئەو تۆڕە بێت، بەسەر خۆشیدا دێت.

تەنیا شتێک هەیە دەیزانین ئەویش ئەوەیە کە خودای ئێمە خودای ئێوەشە، زەوییش لای خودا بەنرخە، زیان گەیاندن بەزەوی واتە پێشێلکردن و ئیهانەکردنی ئەو کەسەیە کە دروستی کردووە.

چارەنووسی ئێوە بۆ ئێمە نهێنییەکە. چی ڕوو دەدات کاتێک هەموو گاکێوییەکان

سەربڕن و ئەسپە کێوییەکان ڕام کرێن؟ چی ڕوو دەدات گەر هاتو هەرچی گۆشە نهێنییەکانی نێو جەنگەڵ هەیە، پڕکرێن لە بۆنی گەلە مرۆڤ و چاوئەندازی تەپۆلکە جوانەکان ون بێت و تەلبەندی ئامێرە هاوچەرخەکان دای پۆشێ، ئەو کاتە کوێ دەبێتە بێشە؟ ئایا ئەوانیش لەناودەچن؟ هەڵۆکان ڕوو لە کوێ کەن، ئەوانیش ون دەبن؟ کێ بەئەسپە گرگنە توندرەوەکان بڵێ ماڵئاواو بەشکارچێتی بڵێ ماڵئاوا؟ ئەمەیە کۆتاییی ژیان و دەسپێکردنی مانەوەیە.

کاتێ دواین پیاوی هیندیی سوور بەخۆی و پێدەشتەکەیەوە لەناوچێت، بیرەوەرییەکانیشی دەبنە تەنیا سێبەرە هەورێک و بەسەر دەغڵەکاندا گوزەردەکەن ؛ئایا ئەو کاتە ئەم کەنارو دارستانانە هەروا لە جێگای خۆیان دەمێننەوە؟ ئایا شتێک لە ڕۆحی گەلەکەم دەمێنێتەوە؟

هەروەک چۆن کۆرپەڵە ئەوەندە لێدانی دڵی دایکی خۆش دەوێ، ئێمەش ئەم زەوییەمان ئەوەندە خۆش دەوێ، گەر زەوییەکانمان پێ فرۆشتن، ئەوەندەی ئێمە خۆشمان دەوێن ئێوەش خۆشتان بوێ، چۆن چاودێریمان دەکردن، ئاوهاش چاودێرییان، بەو جۆرەی بیرەوەریی ئەم زەوییە دەدرێتە دەستان هەروا بیپارێزن. بۆ گشت منداڵان ئەم زەوییە بپارێزن، خۆشتان بوێ بەئەندازەی خۆشەویستیی خودا بۆ ئێمە.

چۆن ئێمە پارچەیەکین لە زەوی تۆش پارچەیەکی زەویت، ئەم زەوییەمان زۆر لا بەنرخە، دەبێ هەرواش لاتان بەنرخ بێ. ئێمە تەنیا یەک شت دەزانین ئەویش ئەوەیە یەک خودا هەیە، هیچ مرۆڤێ چ سوور بێت یان سپی لە کۆتاییدا ناتوانێ دابڕاو بێت، سەرباری هەموو شتێکیش ئێمە برای یەکترین.

# گەشتێک لە ناخەوە

2

یەکێک لەو شتانەی لە ئەفسانەدا دێتە پێشمان، ئەوەیە لەقووڵاییی کەندەڵانی هەزار بەهەزارەوە، دەنگی ڕزگارکەرێکمان بەرگوێ دەکەوێ. ساتی ڕەش ئەو ساتەیە کە پەیامی ڕاستەقینەی گۆڕانکاریی تێدا دەردەکەوێ، لە تاریکترین ساتدا ڕووناکی دەردەکەوێ.

مۆیرز: یەکێک لێی پرسیم، بۆ نووساوی بەم ئەفسانانەوە، لەو شتانەی جۆزیف کەمبڵ دەیڵێ، چی بەدی دەکەیت؟ لە وەڵامدا وتم: (ئەم ئەفسانانە لەگەڵمدا دەدوێن، چون ڕاگەیەنەرێ ئەو شتەن من لەناخی خۆمدا بەڕاستیان دەزانم) بۆ وایە؟ بۆچی ئەم چیرۆکانە ئەو شتانەم پێ دەڵێن کە من لەناخمدا بەڕاستیان دەزانم؟ ئایا ئەم ڕاستییە لەزەمینەی هەستمەوە هەڵدەقوڵێ، یا لەناهۆشمەندیمەوە، ئەو ناهۆشمەندییەی بەمیراتی لە هەموو ئەو کەسانەوە بۆم ماون کە لەپێش مندا هەبوون؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ڕاستە، تۆ هەمان ئەو جەستەو ئەندام و وزەیەت هەیە، کە(٣٠٠٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا مرۆڤی کرومانیون هەیبوو. چ لەشاری نیویۆرک بژی یان لە ئەشکەوتەکاندا، هەر بەهەمان قۆناغی ژیاندا تێ دەپەڕی کە بریتییە لە منداڵێتی تا دەبیتە هەرزەکار تا دەگەیتە گەشەکردنی سێکسی کە لە کەسێک کە تائێستا پشت بەستووبوو بەکەسانی تر بۆ کەسێک بەرپرسیاری پیاوانە یان ژنانە دەگرێتە ئەستۆ، پاشان هاوسەرێتی، وردە وردەش جەستە دادەکەوێ و هێز لەدەست دەدات و پاشان



ئەمری. خاوەن هەمان جەستەو هەمان ئەزموونی جەستەیین، بۆیە پەرچدانەوەت بۆ وێنە هەمان پەرچدانەوە دەبێت. بۆ نموونە یەکێک لە وێنە جێگیرەکان، ململانێی نێوان هەڵۆو مارە. مار وابەستەیە بەزەوییەوەو هەڵۆش لەپەروازی ڕۆحدایە. – ئایا ئەمە هەر ئەو ململانێیە نییە کە ئێمە مومارەسەی دەکەین؟ دواییش کاتێک ئەم دووانە تێکەڵ بەیەکتری دەبن، دەبنە ئەژدیهایەکی سەرسوڕهێنەر، واتە دەگەین بەشێوە مارێک کەباڵی هەیە. لە سەرتاسەری گێتیدا مرۆڤ ئاشنایی لەگەڵ ئەم جۆرە وێنانەدا هەیە، جا چ لە ئەفسانەکانی پۆلینسی بێت یا ئەفسانەی ئیرۆکویس یا میسری، وێنەکان یەکسانن و باس لە مەسەلە یەکسانەکان دەکەن.

**مۆیرز:** کاتێکیش لەسەردەمە جیاوازەکاندا دەردەکەون، تەنیا پۆشاکی جیاواز لەبەردەکەن.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەتەواوی وەکو ئەوە وایە کەشانۆگەرییەک بۆ جێگەیەکی تر برابێ، ئەکتەرەکان لەهەر جێگایەک پۆشاکی ئەو ناوچەیە بپۆشن و هەمان نمایشنامە پێشکەش بکەن.

**مۆیرز:** ئەم وێنە ئەفسانەییدانە، تاڕادەیەک ناهۆشمەندانە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەڕۆن.

**کەمبڵ:** ئەم بابەتە تابڵێی سەرنجراکێشە، لەبەرئەوەی باس لە نهێنییە قووڵەکانی خودی تاک و هەموو شتەکانی تر دەکات. ئەم نهێنییە نهێنییەکی ترسناک و جوانە، هەموو بۆچوونە جێگیرەکانت تێک دەشکێنێ ئەو بۆچوونانەی دەربارەی شتەکان هەتە، لە هەمان کاتدا ئەم نهێنییە تابڵێی سەرنجڕاکێشە، چونکە دەربارەی سروشت و بوونی تۆیە. کاتێک دەست دەکەین بەقسەکردن لەسەر ئەم شتانە، واتا دەربارەی نهێنییە دەروونییەکان و ژیانی دەروونی و ژیانی نەمری، ئەوەندە وێنەت لەبەر دەستدا نییە. بەپشت بەستن بەخۆت دەست پێ دەکەیت و پەناش بۆ ئەو وێنانە دەبەیت کە بەڕاستی لەسیستەمێکی تری بیرکردنەوەدا هەن.

**مۆیرز:** بەدرێژاییی سەدەی ناوەڕاست ئەم هەستە هەبوو کە دەبێ جیهان بەو جۆرە

بخوێنرێتەوە وەک ئەوەی پەیامێکی بۆت هەیە.

**کەمبڵ:** بەڕاستییش هەروایە، ئەفسانەکان یارمەتیت دەدەن، ئەم پەیامانە بخوێنیتەوەو، لە ئەگەر خوازییە نموونەییت ئاگادار دەکەنەوە.

**مویرز:** لەم بارەیەوە نموونەیەکم بۆ دەهێنیتەوە.

**کەمبڵ:** یەکێک لەو شتانەی لە ئەفسانەدا دێتە پێشمان، ئەوەیە لە قوولاییی کەندەلانی هەزار بەهەزارەوە، دەنگی ڕزگارکەرێکمان بەرگوێ ئەکەوێ. ساتی ڕەش ئەو ساتەیە کە پەیامی ڕاستەقینەی گۆڕانکاریی تێدا دەردەکەوێت، لەتاریکترین ساتدا ڕووناکی هەڵدێ.

**مویرز:** ئەمەش ئەو شیعرەی Roothke وەبیر دەهێنێتەوە کەدەڵێ: (چاوەکانت لەساتی تاریکیدا دەست بەبینین دەکەن). تۆش دەڵێی ئەفسانە ئەم هۆشەی بۆ هێنای.

**کەمبڵ:** من لەگەڵ ئەو ئەفسانانە دەژیم، ئەوان هەمیشە بەردەوام بەگوێمدا دەچرپێن، ئەمەش ئەو گرفتەیە کە دەکرێ بەخوازیاری لێی تێ بگەین ئەویش ئەوەیە کە لەناخماندا یەکگرتنێک لەگەڵ مەسیحدا ڕوو دەدات. لە ناختاندا مەسیح نامرێ. پاش مەرگ و زیندووبوونەوەش لە ناختاندا مەسیح بەزیندوویی دەمێنێتەوە، دەشتوانی لەگەڵ شیڤا Shiva شدا یەکگرتنێ ئەنجام بدەی، بۆ نموونە مامۆستایانی یۆگا لە قووڵبوونەوە دوورودرێژەکانیاندا لەچیاکانی هیمالایادا دەیانوت: من شیڤام.

**مویرز:** ئەی بەهەشت، ئەو ئامانجەی کە خەونی هەمووانە، ئایا ئەمەش لە دەروونماندا نییە.

**کەمبڵ:** لە دەروونماندان، بەهەشت و دۆزەخ و خوداکان هەر هەموویان. ئەمەش ئەو مانا قووڵەیە ئۆپانیشاد هیندییەکان لە سەدەی نۆهەمی پێش زاین بڕیاریان لەسەردا، هەرچی خوداو دنیاکان هەن لە دەروونماندان. ئەو خەونانە خەونی مەزنکراوی نەمرکراون، خەونیش دەرکەوتنە لە شێوەی وێنەی وزەکانی لەش کە لەگەڵ یەکتریدا لە ململانێدان، ئەفسانەش ئەم شتەیە. ئەفسانە دەرکەوتن و وێنە



سیمبولییە وزەکانی لەشە، لەگەڵ یەکتریدا ململانێیانە. ئەم ئەندامە شتێک و ئەویتر شتێکی تی ئەوێ، مێشکیش یەکێکە لەو ئەندامانەی کەشتێکی تر دەخوازێ.

**مویرز:** کەواتە، کاتێ کە خەون دەبینین، وەک ئەوە وایە لە ئۆقیانووسێکی فراوانی پڕ لە ئەفسانەدا سەرقاڵی ڕاوکردن بین کە.

**کەمبڵ:** دەڕۆیت، دەڕۆیی بەرەو قووڵاییی قووڵایی. ڕەنگە تێکەڵ و پێکەڵییەک و سەر لێشێوانێکت تووش بێت، بەلام – وەک پەندێکی پۆلینزی دەڵێ: وەک ئەوە وایە تۆ لەسەر پشتی نەهەنگێک بیت کە هەوڵی ڕاوکردنی ماسییە بچووکەکان دەدات، ئێمەش لەسەر نەهەنگێک وەستاوین، زەمینەی بوون، زەمینەی بوونمانە، کاتێک دەڕوانینە دنیای دەرەوە، هەمووو ئەو وردەکارییانە لێرەو لەوێ دەبینین، بەلام هەرچەندە بڕوانینە ناوەوە، دەبینین سەرچاوەی هەموو ئەو شتانە خۆمانین.

**مویرز:** ئێوە باس لە میتۆلۆژیایەک دەکەن کە لە زەمەنی خەوندا هەیە، ئایا زەمەنی خەون چییە؟

**کەمبڵ:** زەمەنێکە لە میانەی خەوندا تێی دەکەوی، خەونێک کە دەیبینی باس لە بارودوخێکی هەمیشەیی دەکات کە لەدەروونتدا ئامادەیە، بەو جۆرەش باس لە هەلومەرجی کاتی ژیانتان دەکات.

**مویرز:** دەکرێ ئەم بۆچوونە زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟

**کەمبڵ:** بۆ نموونە، ڕەنگە نیگەرانیی ئەوە بیت ئاخۆ ئەو تاقیکردنەوەی ئەنجامی ئەدەیت تێدا سەردەکەوێ یان سەرناکەوی. بۆیە جۆرە خەونێک دەبینی کە خەونی تێکشکانن، پاشان بۆت دەردەکەوێ کە ئەم تێکشکانە زۆر سەرنەکەوتنی تر لە ژیانتدا بەرجەستە دەکا. هەموو ئەم سەرنەکەوتنانە پێکەوە کۆبوونەتەوە. فرۆید دەڵێ: تەنانەت ڕوونکراوەترین خەون هێشتا بەتەواوی ڕوون نەکراوەتەوە، خەون سەرچاوەیەکی بێ کۆتاییی زانیاریی ڕۆحییە دەربارەی خودی ئێوە.

ئەم ڕووەی خەون، ڕوویەکی تاکەکەسیی پەتییە، کە پێوەندیی هەیە بەمەسەلەکانی وەک (ئایا ئەم تاقیکردنەوەیە بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدەم) یا (ئایا لەگەڵ ئەم کچە

دەبمە هاوسەر). بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە، مەسەلەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، مەسەلەیەکی تەواو تاکەکەسی نییە. هەر مرۆڤێ دەبێ لەبەردەم هەندێ ڕووبەڕووبوونەوەدا بوەستێ و بەسەریاندا زاڵ بێ. ئەم بابەتە دیاردەیەکی کۆنی وێنەیە. بۆیە هەرچەندە ئەمە خەونێکی تاکەکەسییە، بەڵام جۆرێک ناوەرۆکی ئەفسانەناسیی بنەڕەتیی تێدایە، ئەم دوو ڕووەش –لایەنی تاکەکەسی و مەسەلەی گشتی مەزن ئەو مەسەلە تاکە کەسییەی، کە نموونەیەکی ناوخۆییی ئەو مەسەلەیە– لە هەموو شارستانییەتەکاندا بەدی دەکەیت، بۆ نموونە هەر مرۆڤێک دەبێ ڕووبەڕووی گرفتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ بێتەوە، ئەمەش نهێنییەکی پێوانەییی گشتییە.

**مویرز:** لە خەونەکانمانەوە فێری چی دەبین؟

**کەمبڵ:** فێری ئەو شتانە دەبی کە دەربارەی خۆتانن.

**مویرز:**چۆن ئاگاداری خەونەکانمان دەبینەوە و ئاوڕیان لێ دەدەینەوە؟

**کەمبڵ:** یەکەم کارێک کە دەبێ ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە یەکەمجار خەونەکانت وەبیر بێنەوە و پاشان هەوڵ بدە ئەو خەونانە تۆمار بکەو بەشێکی بچووکی ئەو خەونانە یادێک و وێنەو بیرێک لەبەرچاو بگرەو پاشان پێوەندییەکی لەگەڵ دامەزرێنە. ئەوەی وەبیرت دێتەوە بەجوانی و چەند جارێک بینووسەوە، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێ کە خەون پابەندە بەکۆمەڵێ ئەزموونەوە. دەلالەت و مانای تایبەتی لە ژیانتدا هەیە. هەروەها نەشتزانیوە ئەو کاریگەرییەی بۆ سەر ژیانت هەبووە. هەر زوو دوابەدوای ئەمە خەونی تر دێن و لێکدانەوەکانت بەرەو پێشتر دەبەن.

**مویرز:** پیاوێک جارێک پێی وتم: ئەو وەبیری نایە کە خەونی بینیبێت، تا ئەو کاتەی کە خانەنشین کراوە. لەپڕ پاش ئەوەی کەجێگایەک نەبووە کەوزەکانی خۆی تێدا چڕکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ خەون بردووە و خەونی بینیوە و خەونی بینیوە. ئایا پێت وانییە کە ئێمە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بەرە و پێشتگوێخستنی دەلالەتی خەونەکانمان ئەڕۆین؟



کامبڵ: لەو کاتەوەی کە پەڕتووکی (لێکدانەوەی خەونی) فرۆید بڵاوبووەتەوە، زیاتر گرنگی بەخەون درا. تەنانەت پێش بڵاوبوونەوەی ئەو پەڕتووکەش لێکدانەوەی خەون هەبوو. مرۆڤ بۆچوونی هەڵبەستراوی هەبوو لەمەڕ خەون بۆ نموونە (شتێک کەڕووی دەدا، دەوترا شتێک ڕوو دەدا لەبەرئەوەی خەونم بینیووە کە ڕوو دەدات.

**مویرز:** بۆچی ئەفسانە جیاوازیی هەیە لەگەڵ خەوندا؟

**کەمبڵ:** بەو بەڵگەیەی کەخەون ئەزموونێکی تاکە کەسیی ئەم زەمینە قووڵ و تاریکەیە کە بریتییە لە ستوونی ژیانی هۆشمەندیمان و ئەفسانە خەونی کۆمەڵگەیە. ئەفسانە خەونی گشتییە و خەون ئەفسانەی تایبەتە. گەر هاتو ئەفسانەی تایبەت و خەونی تایبەتت لەگەڵ ئەفسانەی گشتیدا بگونجێ، ئەوە مانای وایە تۆ پێوەندییەکی ڕێکوپێکت لەگەڵ گرووپی خۆتا هەیە. گەر هاتو وا نەبوو، ئەوا لەنێو دارستانێکی تاریکدا لەسەر سەختییەکدای کەڕووبەڕووی دەبیتەوە.

**مویرز:** کەواتە گەر هاتو خەونە تایبەتەکانم لەگەڵ میتۆلۆژیای گشتیدا هاوشان بێت ئەوە ئەگەری ژیانی باشتر لەو کۆمەڵگایەدا زیاترە. بەڵام ئەگەر خەونە تایبەتەکانم هاوشان نەبن لەگەڵ ئەفسانەی گشتی؟

**کەمبڵ:** دووچاری دەردەسەری دەبی. گەر ناچاریش بیت لەو کۆمەڵگەیە بژیت، ئەوا کەسێکی نیۆرۆتیکت (دووچار بە دەروون ڕەنجەرۆ)یی دەردەچی.

**مویرز:** ئایا زۆربەی زۆری خەونبینان لە سەرۆک و پاڵەوانەکانیش لەخانەی کەسانی نیۆرۆتیکەوە (دووچاربە دەروون ڕەنجەرۆ) نویک نابنەوە.

**کەمبڵ:**بەڵێ، ئەوان وان

**مویرز:**چۆن ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکەیتەوە؟

**کەمبڵ:** ئەوان بزووتنەوەیان بریتی بووە لە ڕۆیشتن بەرەو دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کەدەبووایە بیانپارێزێ، ڕۆیشتوون بەرەو ناخی تاریکی، بۆ دنیای ئاگری ئەزموونە ڕەسەنەکان. ئەزموونە ڕەسەنەکانتان بۆ ڕاڤە نەکراوە بۆیە ناچاریت بەپشت بەستن

بەتوانای خۆت ژیانی خۆت بەڕێوەبەری. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش یا ئەوەتا توانای ئەنجامدانیت هەیە یان بەپێچەوانەوە ناچارنیت ئەوەندە دوورەپەرێز بیت لەو ڕێگەیانەی کە ڕاڤەکراون، بەجۆرێک خۆت بخەیتە نێو حاڵەتێکی دژوارەوە. کاری جەربەزەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەزموونەکان و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک توانای تەواو عەیارو نوێ لە مەیدانی ئەزموونی ڕاڤەکراودا، بۆ ئەوەی پێشکەش بەکەسانی تری بکەیت، کارێکە پاڵەوانەکان ئەنجامی دەدەن.

**مویرز:** ئێوە دەڵێن خەونەکان سەرچاوە لە دەروونەوە وەردەگرن.

**کەمبڵ:** نازانم لەکوێی ترەوە دەتوانن بێن. ئەو خەونانە لە سنووری خەیاڵەوە دێن، وانییە؟ خەیاڵ ڕووبەرێکی داگیرکردووە لە ئەندامەکانی مرۆڤ و، ئەم ئەندامانەش لە هەموو مرۆڤێکدا یەکسانن. لەبەرئەوەی خەیاڵکردن زەمینەیەکی بایۆلۆژیی هەیە، بۆیە بەناچاری کۆمەڵێ ناوەڕۆکی دیاریکراو بەرهەم دێنێ. خەون خەونە. بە چاوپۆشی لەوەی کێ دەیبینی، خەون خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندیی دیاریکراوە کە دەکرێ بیانژمێرین.

**مویرز:** پێم وایە خەون شتێکی تاکەکەسییە، کەچی ئەفسانە دیاردەیەکی گشتییە.

**کەمبڵ:** لە چەند ئاستێکی دیاریکراودا خەونی تاکەکەس بۆ کۆمەڵێ بابەتی ئەفسانەیی پەتی دەگۆڕێن، بەبێ بەراوردکردنی لەگەڵ ئەفسانە ڕاڤەکردنی مەحاڵە، یۆنگ باسی دوو جۆر خەونمان بۆ دەکات: خەونی تاکەکەسی و خەونی سەرەتایی، ئەو جۆرە خەونەی کەپێی دەوترێ خەون لەشێوەی بنەچەیی، واتە ئەو خەونەی مەودای ئەفسانەیی هەیە. دەکرێ بەهاریکاری و هاوکۆمەکیی خەونە تاکەکەسییەکان ڕاڤە بکرێت و، دەتوانی ئەو شتانە بدۆزیتەوە کە خەون لە ژیانی تۆدا باسی دەکات یاخود لە پێوەندییدا لەگەڵ گرفتەکانی خۆت، بەڵام جار جارێ خەونێکی تەواو ئەفسانەییت بۆ دێت کە بابەتێکی تەواو ئەفسانەییی تێدایە، یان بەشێوەیەکی تر دەکرێ بوترێ ئەو خەونە لە عیسای مەسیحەوە بەرەو ناخی تۆ دێت.

**مویرز:** یاخود لە کەسێکەوە دێ کە نموونەیەکی سەرەتاییی دەروونی خۆمانە، ئەم خودە سەرەتاییە کە ئێمە خودی ئەوین.



**کەمبڵ:** ئەمە ڕاستە ئێستا دەگەینە مانایەکی قووڵتر دەربارەی زەمەنی خەون – ئەو زەمەنەی کە چیتر زەمەن نییە، بەڵکو حاڵەتێک بوونی بەردەوامییە. لە ئەندۆنیزیا ئەفسانەیەک هەیە باس لەم سەردەمەی ئەفسانە ناسی و کۆتاییی ئەفسانە دەکات. بەپێی ئەو ئەفسانەیە لەسەرەتادا باوە گەورانی ئێمە پێک نەهاتبوون لە دوو ڕەگەزی جیاوازو نە لەدایکبوون هەبوو نەمەرگ. لەپڕ سەماو هەڵپەڕکێیەک سەری هەڵدا، هەمووان کەوتنە سەماکردن لەمیانەی ئەم سەمایەدا کەسێک کەوتە ژێر پێوەو پارچە پارچە بوو، پارچەکانی لەشیان شاردەوە. کاتێک کە ئەم کوژرانە ئەنجام دەدرا، دوو توخم لەیەکتری جیابوونەوە، بەم شێوەیەش مەرگ لەگەڵ ژیان و ژیان لەگەڵ مەرگدا یەکسان بوون، لەکاتێکدا کە لەپارچە پارچەی جەستە لەتوکوتکراوەکە خۆراکی ڕووەکی ڕوا. ئەم سێ شتە پەیدابوون، مەرگ و لەدایکبوون و زەمەن، بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامیی هەبێت کوشتن و خواردنی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان حەڵاڵ کرا، بەم جۆرە زەمەنی سەرەتایسی زەمەنی بێ زەمەن بوو، بەتاوانی بەکۆمەڵ و مەرگی ئەنقەست و قوربانیی کۆتایی هات.

بەم جۆرە یەکێ لە مەسەلە سەرەکییەکانی میتۆلۆژیا ئاشتبوونەوەی نێوان زەین و ئەم مەرجەیە، مەرجی لە پێشینەی دڕندانەی هەموو ژیان، ئەو ژیانەی کەبەردەوامییەکەی بەکوشتن و خواردنی زیندووەکان بەئەنجام دەگات. خۆت بەخواردنی سەوزە فریو نەدەیت، لەبەرئەوەی سەوزەش گیان و ڕۆحی هەیە. بۆیە جەوهەری ژیان بریتییە لە خۆخواردن! ژیان بەکوشتنی زیندووەکان بەردەوام دەبێ، ئاشتبوونەوەی نێوان عەقڵی مرۆیی و هەستەکانی بۆ قبووڵ کردنی ئەم ڕاستییە بنەڕەتیی، یەکێکە لە گرینگترین ئەرکەکانی ئەو ڕیتوێڵە دڕندەیە کەتێیدا ڕیتوێڵەکە لەسەر بناغەی کوشتن بەرپاکراوە___ گێڕانەوەکەشی وەک گێڕانەوەی یەکەمین تاوانە، ئەو تاوانەی کە گەردوون و سەردەمەکانی لێوە دروست بوون، ئەو زەمەن و جیهانەی هەر هەموو تێیدا بەشدارین، ئەم ئاشتبوونەوە و ڕاهێنانەی عەقڵ بەوەی ئەم مەرجەی ژیانی قبووڵ بێت، یەکێکە لەمەسەلە سەرەکی و جەوهەرییەکانی هەموو ئەو چیرۆکانەی باسی دروستبوونی کەون دەکەن هەمووشیان یەک ڕایان هەیە لەسەر ئەم پرسە.

**مویرز:** هەر بۆ نموونە بروانە چیرۆکی ئەفراندن لەسێفری خوڵقاندندا، دەبینین کە چۆن ئەم چیرۆکە لە چیرۆکەکانی تر دەچێت؟

**کەمبڵ:** زۆر چاکە، تۆ سێفری خوڵقاندن بخوێنەرەوەو منیش سێفری خوڵقاندن لە هەموو کولتوورەکانی تردا دەخوێنمەوە تابزانین ئەمانە چۆن لەیەکتر دەچن؟

**مویرز:** سێفری خوڵقاندن دەڵێ: «سەرەتا خودا ئاسمان و زەویی دروست کرد، زەوی بێ شێوەو خاڵی بوو تاریکیش لەئاسمانەوە دەستی بەسەر زەویدا گرتبوو.»

**کەمبڵ:** ئەم چەند دێرەی ئێستا دەیخوێنمەوە بەشێکە لە (ئاوازی جیهان) لە ئەفسانەی سوور پێستەکانی پیمای ئاریزۆنا: «سەرەتا تەنیا تاریکی باڵی بەسەر هەموو جێگایەکدا کێشابوو – تارکی و ئاو. لەهەندێ جێگادا تاریکی چڕتربوو، کۆبۆوە پاشان جیابووەوە، کۆبووەوە پاشان جیابووەوە...».

**مویرز:** سێفری خوڵقاندن: (بەسەر ڕووی ئاوەوە ڕۆحی خودا دەشەکایەوەو، خودا وتی: (لێ گەڕێ باڕووناکی بێت و ڕووناکییش هات.)

**کەمبڵ:** ئەم بەشەش کەئەیخوێنمەوە تایبەتە بەهیندییە ئۆپانیشادییەکان، ئەوانەی سەر بەسەدەی هەشتەمی پێش زاین: (سەرەتا لە خودای مەزن زیاتر کەس نەبوو ئەویش لەشێوەی کەسێ بوو، دەرکەوتبوو، دیسان دەرئەکەوتەوە، کاتێ کە لەخۆی زیاتر کەسی تری نەبینی، یەکەمین وشەش ئەمەبوو: (ئەوە منم کە هەم)

**مویرز:** سێفری خوڵقاندن: پاشان خودا مرۆڤی لەشێوەی خۆی دروست کرد، لەسەر شێوەی خودا ئەوی دروست کرد، نێر و مێی لێ دروست کردن و، پیرۆزبایی لێ کردن و پێی وتن: (بەرهەم بەخشبن و خۆتان زیادکەن)

**کەمبڵ:** ئەم بەشە تێکستەی کە دەیخوێنمەوە تایبەتە بەمیللەتانی Bassari لە ڕۆژئاوای ئەفریقا: (ئونوم بووتە Unumbotte مرۆڤێکی دروست کرد و، ناوی مرۆڤ بوو. پاشان ئونوم بووتە بزنەکێویەکی دروست کردو، ناوی نا بزنە کێوی. ئونوم بووتە مارێکی دروست کردو ناوی نا مار.... ئونوم بووتە بەهەموو ئەوانەی وت:



(هێشتا کەس لەسەر زەوی کاری نەکردووە، بڕۆن ئێوە لەسەر ئەو زەوییە بژین، بەجوانی خۆشەی کەن.) پاشان تۆوی دانێ و پێی وتن: (بڕۆن ئەو تۆوانە لەو زەوییە بوەشێنن.)

**مویرز:** سێفری خوڵقاندنی (٢): (پاشان ئاسمان و زەویی و هەموو میوانەکانی زەوی خوڵقاندو لە ڕۆژی حەوتەمدا هەرچی کار هەبوو تەواوی کرد...)

**کەمبڵ:** دیسان بڕوانە ئەم سەرگوزشتەی هیندییە سوورەکانی پیما (من جیهان دروست دەکەم، جیهان دروست بوو. دیسانەوە جیهان دروست دەکەم، جیهان دروست بوو.)

**مویرز:** سێفری خوڵقاندن دەڵێ: (خوا کاتێک ڕوانی ی بینیی هەموو شتەکان بەڕێکوپێکی ئەنجام دراون.)

**کەمبڵ:** ئۆپانیشادەکانیش دەڵێن: (ئەوکاتە بۆی دەرکەوت و وتی: بەڕاستی منم منم خوڵقێنەر، لەبەرئەوەی ئەوەی خوڵقاندوومە لە خۆمەوە هێناومەتە دەرێ. هەر لەبەر ئەمەبوو کە ئەو بوو بەم خوڵقێنەرە. بەڕاستی کەسێک کە ئەمە بزانێ، ئەوە لە کەسێکی خوڵقاوەوە دەبێتە خوڵقێنەر خوڵقێنەر.)

لێرەدا بەڵگەیەک هەیە کەهیچ گومانی تێدا نییە، ئەویش ئەوەیە، کاتێک کە ئەمەت زانی ئەوە یەکێتییەکت بەرپاکردووە لەگەڵ پرنسیپی خوڵقێنەردا، ئەو پرنسیپەی کە بریتییە لە هێزی خودا لە جیهانداو لە دەروونی تۆ دایە. ئەمەش بیرێکی جوانە.

**مویرز:** سێفری خوڵقاندن هەر بەم جۆرە بەردەوامە لەسەر بەسەرهاتەکانی: (ئایا تۆ لەو درەختەت خواردووە کە فرمانم پێ دای لێی نەخۆی؟) مرۆڤ وتی: (ئەم ژنەی تۆ بۆت ناردم تا لەگەڵمدا بێ، ئەو میوەی ئەو درەختەی پێ دام و منیش خواردم.) پاشان خودای پەروەردگار بە ژنەی وت: (ئەمە چ کارێکە کردووتە؟) ژنە وتی: (مار هەڵی خەڵەتاندم و منیش خواردم.)

ئێوە باس لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دەکەن، ئەمەش هەر زۆر زوو دەست پێ دەکات.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەرپرسیارتییەکان خرانە سەر گەردنی مار. ئەفسانەیەکی زۆریش هەن بەم شێوەیە بەردەوامیاین هەیە: (ڕۆژێکیان مار وتی: دەبێ ئێمەش لەبەری ئەو درەختە بخۆین. بۆ دەبێ برسیمان بێ؟ بزنە کێوی وتی: بەڵام ئێمە لەبارەی ئەو میوەیە هیچ نازانین. پاشان پیاو و هاوسەرەکەی تۆزێکیان لەو میوەیە خوارد. ئونوم بووتە لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ و پرسی: (چ کەسێک بە ئێوەی وت ئەتوانن ئەم میوەیە بخۆن؟) هەموو لەوەڵامدا وتیان: (مار). ئەم دوو چیرۆکە لێکچوونێکی زۆریان لەنێواندا هەیە.

**مویرز:** چ ئەنجامێکت دەست دەکەوێ لەوەی کە لەم دوو چیرۆکەدا پاڵەوانە ئەسڵییەکان، ئاماژە بۆ کەسانێکی تر دەکەن، کەئەو کەسە دەسپێشخەر بووە لەهۆی ئەنجامدانی گوناه و کەتنەکە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام وەک دەردەکەوێ ئەو کەسە مارە، هەر لەچیرۆکەکەدا مار سیمبولی وەلانانی ژیانی ڕابردووو بەردەوامیی ژیانە.

**مویرز:**باشە ئەمە بۆ وایە؟

کامبڵ: هێزی ژیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە مار کاژی خۆی داماڵێ، هەر بەهەمان شێوەش کە مانگ سێبەری خۆی دا دەماڵێ. مار کاژی خۆی دا دەماڵێ تا جارێکی تر لەدایک ببێتەوە، بەهەمان شێوە مانگ سێبەری خۆی دا دەماڵێ تا دووبارە لەدایک بێتەوە. ئەو دووانە دوو سیمبولی یەکسانن. هەندێ جار مار لە حاڵەتی بازنەییدا نیشان دەدرێ کە خەریکی خواردنی کلکی خۆیەتی. ئەمەش وێناکردنی ژیانە، ژیان یەک بەیەکی وەچەکان لەخۆی دووردەخاتەوە تا دووبارە لەدایک ببێتەوە. مار نوێنەری وزە و هۆشیاریی نەمرە و هاتووەتە نێو مەیدانی زەمەنەوەو بەردەوامیش مەرگ لەخۆی دووردەخاتەوە، تا دووبارە لەدایک دەبێتەوە. کاتێ کە بەم ڕێکوپێکییە دەڕوانیتە ژیان. تێیدا شتێکی ترسناک دەبینین. مار هەڵگری دوو هەستە هەستی سەرنجڕاکێشەرو ترسناکیی ژیان.

سەرەڕای ئەوەش مار نوێنەری یەکەمین فرمانی ژیانە، کە ئەویش خواردنە. ژیان لە ڕێگەی خواردنی بوونەوەرەکانی دیکەوە بەئەنجام دەگات. کاتێ کە ئارەزووی



خواردنێکی خۆش دەکەیت لەم بارەیەوە بیرناکەیتەوە. بەڵام کارێ کە ئەنجامی دەدەیت خواردنی شتێکە کە پێش چەند ساتێک ئەو شتە زیندوو بووە. کاتێکیش کە تەماشای جوانیی سروشت دەکەیت، ئەو پەلەوەرانە دەبینی کەلێرە و لەوێ دەنووکیان لەخواردن گیرکردووە – ئەو پەلەوەرانە هەموو شتێک دەخۆن. کاتێ کە مانگاکانیش دەبینی دەلەوەڕێن، ئەوانیش شتێکی زۆر دەخۆن. مار بە تەواوی لە کۆئەندامێکی هەرسی بزوێنەر دەچێ، ئەمەش ئەو هەموو شتەیە کە دەکرێ لەبارەیەوە بوترێ هەر ئەو مارە یەکەمین هەستکردن بە شۆکت پێ دەبەخشێ لەبارەی ژیانەوە، ئەویش لەشێوە هەرە سەرەتاییەکەی. بەهیچ جۆرێک ئەم گیانلەبەرە جێگای مشتومڕ نییە، ژیان بەکوشتن و خواردنی خۆی دەژی، هەروەک مانگ بەدوورخستنەوەی مەرگ و دووبارە لەدایک بوون، ئەمەش یەکێکە لەو نهێنێیانەی کە ئەو وێنە سیمبولی و ناکۆکانە دەیانەوێ وێنای بکەن.

لە زۆربەی کولتوورەکاندا وەکو دیاردەیەکی باش باس لە مار دەکرێ. لە هیندستان مارەکان هەر هەموویان پیرۆزن تەنانەت ژەهردارترینیان وەکو کۆبرا. لە هیندستان دەبینین شاماری پیرۆز لەپایەی دووەمدایە پاش بوودا. مار نوێنەری هێزی ژیانە کە هاتووەتە نێو مەیدانی زەمەن و مەرگەوە. لەگەڵ ئەمەشدا نەمرو هەمیشەییە، جیهانیش تەنیا سێبەرو کاژەکەیەتی کە دای دەماڵێ.

مار لە کەلەپوری هیندییە سوورپێستەکانی ئەمریکادا جێگای ڕێز بووە، شایانی ئەوە بووە کە بتوانی دۆستایەتیی لەگەڵدا دروست بکەیت. بۆ نموونە؛ سەرێ لە گوندێکی هیندییە سوورەکان بدەو بڕوانە سەمای مار کەهۆبی HOPI ئەنجامی دەدات، مارەکان لە لێویان نزیک دەکەنەوەو، هاوڕێیەتییان دەکەن، پاشان بۆ تەپۆڵکەکانیان دەنێرنەوە. مارەکان دەبنە نوێنەری مرۆڤ لە گەڕانەوەیان تا پەیامی مرۆڤ بە تەپۆڵکەکان بگەیەنن، هەروەک چۆن ئەوان پەیامی تەپۆڵکەکانیان بۆ مرۆڤ برد، کارلێکردنی نێوان سروشت و مرۆڤ لە پێوەندیی لەگەڵ ماردا خۆی دەنوێنێ. مار وەکو ئاو ڕێ دەکات بۆیە ئاوییە، بەڵام زمانی بەردەوام وەکو مەشخەڵی ئاگر دەدرەوشێتەوە، بۆیە مار هەردوو شتە دژ بەیەکەکەی تێدایە کە لە کەناری یەکتریدان.

**مویرز:** له بەسەرهاتی مەسیحدا مار فریودەرە.

**کەمبڵ:** لەوێدا دەگاتە سنووری ڕەفزکردن لەپێناو پاڵپشتیکردنی ژیاندا، له کەلەپووری پەرتووکی پیرۆزدا کە بە میراتی بۆمان بەجێ ماوە، ژیان گەندەڵە، هەر پاڵپێوەنەرێکی سروشتی گوناهە، تەنیا گەر هاتو خەتەنەکراو لە ڕۆحی ڕۆحەوە بەتەعمیدکردن پاک بکرێتەوە. مار بوونەوەرێکە گوناهی بۆ جیهان پەلکێش کرد. ژنیش بوونەوەرێکە سێو دەداتە دەستی پیاو. ئەم بەرابەریکردنەی ژن لەگەڵ گوناه، مار لەگەڵ گوناه، ژیان لەگەڵ گوناه، پێودانگێکە بەخشراوە بەهەموو ئەو چیرۆکانەی کە لەپەرتووکی پیرۆزو ئەفسانە و دەرکردن لە بەهەشتدا هاتووە.

**مویرز:** ئایا ئەو بیرەی کە لەپەرتووکی پیرۆزدا هاتووە دەربارەی گوناهکاریی ژن، له میتۆلۆژییەکانی تردا بەدی دەکرێت؟

**کەمبڵ:** نەخێر، ئەم جۆرە بۆچوونەم لەجێگای تردا نەبینیوە، ڕەنگە نزیکترین بابەت لەم بارەیەوە بابەتی پاندۆرا[٤] Pandora و توورەکەکەی پاندۆرا بێت، بەڵام ئەوەش بەگوناه ناژمێردرێ، بەڵکو تەنیا بریتییە لە کۆمەڵێ سەر ئێشەو ناکۆکی، بەڵام بیری کەوتن لە پەرتووکی پیرۆزدا ئەوە دەگەیەنێ کە سروشت وەک دەیناسین گەندەڵە و سێکسیش خۆی لەخۆیدا گەندەڵییە. بەڵام ئافرەت وەک بەشێک لە سێکس، گەندەڵکارە. باشە بۆچی زانیاری لەبارەی چاکەو خراپەوە لەئادەم و حەوا قەدەغەکرابوو؟ بەبێ ئەو زانینە ئێمەش هەموو لەشێوەی دەستە منداڵێ لە بەهەشتا دەمایەنەوە، بێ ئەوەی بەشداری لە ژیان بکەین. ژن ژیان دەهێنێتە دنیاوە. حەووا دایکی ئەم جیهانە فانییەیە. پێشتر ئێوە لەبەهەشتدا خەونێکتان هەبوو کەبێ زەمەن و لەدایک بوون و مەرگ و ژیان بوو. مار کە دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە، کاژەکەی لەخۆ دادەماڵێ و ژیانی خۆی نوێ دەکاتەوە، خاوەنی درەختی ناوەندییە کە

(١) پاندۆرا لە ئەفسانەی یۆنانیدا ژنێکە بە هۆی ئەنجامدانی تاوانی ئاگر دزین، لە ڕێگەی پرۆمتەوە ڕەوانەی لای مرۆڤ دەکرێ،خاوەنی توورەکەیەکە پڕ لە نەخۆشی و خراپی. ئەویش وەکو کەسێکی بازەڵە حەز دەکات هەموو شتێ بزانێ، بۆیە سەری توورەکەکە دەکاتەوە هەرچی نەخۆشی و خراپەیە بە نێو مرۆڤدا بڵاودەبێتەوە.



سەرچاوەی یەکگرتنەوەی زەمەن و نەمرییە. لە بەهەشتدا ئەو خودای یەکەم و سەرەکییە، بەڵام یەهوو کە لەبەردەم شەماڵی دەمەو ئێوارەدا پیاسە دەکات تەنیا میوانێکە. ئەم باخچەیە جێگای مارە. ئەم دارستانە گەلێ دێرینە، ئێمە سیمبولی سۆمەرییەکان دەبینین کە سەر بە سێ هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش زایینە، لەسەر ئەو سیمبولە وێنەی مارو درەخت کێشراوە و تێیدا خودا میوەی ژیان پێشکەش بەپیاوێکی میوان دەکات. ئەفسانەی کۆنی خوداکان لێرەدا ڕاستە.

پێش چەند ساڵێک دیاردەیەکی زۆر سەیرو سەمەرەم لە فیلمێکدا بینی کە تێیدا ڕەبەنێکی بۆرمایی نیشان دەدات، ئەو ڕەبەنە ئەرکەکەی هێنانی بارانە بۆ میللەتەکەی، دەبووایە بچووایەتە سەر چیایەک تا لەسەر ئەو چیایە، بانگی مارێکی کۆبرا بکاو سێ جار ناوچەوانی ماچ بکا. لەم داستانەدا ماری کۆبرا بەخشندەی باران و ژیانە، کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەخات کەمار بوونەوەرێکی ئیجابییە نەک سلبی.

**مویرز:** چۆن جیاوازی لەنێوان ئەم وێنەیەو ئەو وێنەیە دەبینی کە لە سیفری خوڵقاندندا بەدیت کرد؟

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا لەم ڕووەوە ڕاڤەکردنێکی مێژوویی هەیە کەسەرچاوەکەی هاتنی عیبرانییەکانە بۆ کەنعان و سەرشۆڕکردنیانە بۆ گەلی کەنعانییەکان، کەسایەتیی خودا ئاینییەکانی کەنعانییەکان خودایەکی مێ بوو، مارو خوای مێینە پێکەوە پێوەندییان هەیە، ئەمەش سیمبولی نهێنیی ژیانە، بەڵام ئەو گرووپەی کە پەیوەست بوون بەخودای نێرینەوە بەرپەرچی ئەم سیمبولەیان دایەوە، بە شێوەیەکی تر بەرچدانەوەیەکی مێژووی خودایی دایک هەیە کە خۆی لەچیرۆکی ڕاونانی مرۆڤ لەبەهەشتدا دەبینێتەوە.

**مویرز:** پێ دەچێت ئەم چیرۆکە خراپەیەکی زۆری دەرهەق بەئافرەتان کردبێ، بە هۆی تاوانبارکردنی حەووا. لەبەرئەوەی ژنان بەتاوانبار دادەنرێن لەبەرامبەر ئەم دەرکردنەی مرۆڤ لەبەهەشتدا.

**کەمبڵ:** ئەوان نوێنەری ژیانن. پیاو تەنیا لە ڕێگەی ئافرەتەوە دێتە نێو ژیانەوە، بۆیە

ئەوە ژنە کەدەمانهێنێتە ناو دنیای دوو لایەنەی ڕەنج و ئازارەوە.

**مویرز:** ئەفسانەی ئادەم و حەووا دەیەوێ چ شتێکمان لەبارەی ئەم دوولایەنە دژە پێ بڵێت؟ مانای ئەوەش چییە؟

**کەمبڵ:** هەر وەک تێبینیت کرد لە گوناهەوە دەستم پێکرد بە یان بەشێوەیەکی تر، لەچوونە دەرەوە لەناوچەی میتۆلۆژیای باخی بەهەشتەوە دەستم پێ کرد، واتا ئەو جێگایەی کە نە زەمەنی تێدایەو نەژنان و پیاوان تێیدا هەست بەجیاوازی توخمی خۆیان دەکەن، تەنیا دوو بوونەوەرن. لەڕووی کردارەوە خوداو مرۆڤ یەکن. خوا لە ئێوارەیەکی ساردا پیاسەی دەکرد لەو باخچەیەی کەهەموو ئەوانی تێدا بوو. پاشان کاتێ کە ئەوان سێوەکە یان زانینی دژەکانیان دەخوارد. تێ گەیشتن کە جیاوازن، بەم جۆرە ژن و پیاو هەوڵی پۆشینی عەورەتیان دەدەن، تێبینی دەکەی کە ئەوان پێشتر نەیاندەزانی کە دوو دژی دژ بەیەکن. ژن و پیاو یەکەمین دژن، پاشان دژایەتییەکی تری نێوان خودا و مرۆڤ، دژایەتی سێیەم دژایەتی نێوان چاکە و خراپەیە، دژایەتیی یەکەم دژایەتیی سێکسییەو دژایەتیی دووەم هی نێوان خودا و مرۆڤ، پاشان بیری خراپەو چاکە دێتە دنیاوە، بەم جۆرەش ئادەم و حەووا خۆیان فڕێ دایە دەرەوەی باخی بەهەشتی بێ زەمەن. بۆ ئەوەی بێیتە نێو جیهانەوە دەبێ لە سنووری دژایەتییەکاندا بیت.

لێرەدا وێنەیەکی هیندییە سوورەکان هەیە کە لەسێ گۆشەیەک پێک دێ، ئەو وێنەیە سیمبولی خودای دایکە، لەناوەڕاستی ئەو سێ گۆشەیە خاڵێک هەیە، ئەو خاڵە نیشانەی وزەی خوای مەزنەو دەچێتە نێو بواری زەمەنەوە، پاشان لەم سێ گۆشەیەوە، لە هەموو لاکانییەوە سێ گۆشە جووتەکان پەیدا دەبن. لە یەکێکیان دووان دروست دەبێ. هەموو شتەکان لە سنووری زەمەنی دژایەتیی دوو لایەنەدان. ئەم پرۆسەیە، گۆڕانکاریی هۆشە؛ لە هۆشی شوناسنامەوە بۆ هۆشی بەشداریکردن لە دوولایەنێتی. بەم جۆرەش دەچێتە نێو بواری زەمەنەوە.

**مویرز:** ئایا ئەم چیرۆکە دەیەوێ پێمان بڵێ: یەکێتییەک لە ژیاندا هەبوو، پێش ئەوەی بۆ وێرانکردنمان ئەوە ڕوو بدات کە لەو بەهەشتەدا ڕووی دا؟



**کەمبڵ:** ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بەئاستەکانی ئاگاییەوە هەیە و مەرج نییە پێوەندیی بەو ڕووداوە بێت کە لەوێدا ڕوو دەدات. ئاستێک لە ئاگایی هەیە دەتوانی لەو ئاستەدا یەکێتییەک بەرپا بکەی لەگەڵ ئەو شتەی کە لە سەرووی دوولایەنە دژەکانە.

**مویرز:** ئەو شتە چییە؟

**کەمبڵ:** شتێکە ناوی نییە، ناتوانرێ ناوی لێ بنرێ. لە سەرووی هەموو ناوەکانەوەیە.

**مویرز:** خودایە؟

**کەمبڵ:** (خوا) لە زمانی ئێمەدا واژەیەکی ئاڵۆزە. وەک ئەوە وایە کە ئاماژە بەشتێکی زانراو دەکات. بەڵام باری تەعالا ناکرێ بناسرێ و ناسراو نییە، لە کۆتایشدا باری تەعالا مەزنە. مەزنترە لە هەموو شتێک کە لەناوی (خودا) دەچێت. خودا باڵاترە لەناو و شێوەکان Meister Eckhart[٥] دەڵێ: دواین و باڵاترین پلەکانی وازهێنان و ڕەهاکردن، ڕەهاکردنی خودایە بۆ خودا، واتا وازهێنان لە بۆچوونەکانت لەبارەی خودا بۆ ئەزموونێکی باڵاتر بەسەر هەموو بۆچوونەکانی تردا.

نهێنی ژیان لە پشتەوەی هەموو چەمکە مرۆییەکانە. هەرچییەک ئێمە دەیزانین دەچێتە نێو چوارچێوەی واژەناسیی بوون و نەبوون، فرەیی و تاک، ڕاست و ناڕاستەوە. کەواتە ئێمە بەردەوام لە سنووری دوو دژەکاندا کاردەکەین. بەڵام خودا، ڕەهاو باڵاترە لە دوو دژەکان و ئەمەش هەموو ئەو شتانەیە دەتوانین بیڵێین.

**مویرز:** باشە بۆچی ئێمە بەپێی تێرمی دژەکان بیردەکەینەوە؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی ناتوانین بەشێوەیەکی تر بیربکەینەوە.

**مویرز:** ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە سروشتی واقیعەکە ئەمەیە لە ڕۆژگاری ئێمەدا؟

**کەمبڵ:** ئەمە سروشتی ئەزموونی ئێمەیە لەگەڵ واقیعدا.

**مویرز:** پیاو، ژن – ژیان، مردن – چاکە، خراپە...

(٥) یۆهانس ئاکهارت، ناسراو بە مایستەر ئاکهارت خواناسی ئەڵمانی بوو کە دامەزرێنەری سۆفیزمی ئەڵمانییە.

**کەمبڵ:** من و تۆش، ئەمە و ئەوە، ڕاست و ناڕاست، هەریەکەیان دژێکی هەیە، بەڵام لەدیدگای ئەفسانەناسییەوە، لە پشتەوەی ئەم دووانانە یەکبوونێک هەیە، ئەم دووانەیە وەک گەمەی سێبەر بەسەر ئەوەوە یاری دەکەن. Blak ی شاعیر دەڵێ:

«نەمری، عاشقی بەرهەمهێنانەکانی زەمەنە».

**مویرز:** «نەمری، عاشقی بەرهەمهێنانەکانی زەمەنە» ئەمە یانی چی؟

**کەمبڵ:** ئەو ژیانەی کە زەمەنییە سەرچاوەکەی نەمرییە. نەمری خۆی دەخاتە نێو جیهان. ئەمەش بیرێکە لە بیرە بنەڕەتییەکانی میتۆلۆژیا، دەربارەی خودا، ئەو خودایەی لە زیادبوونە لە ناخماندا. لە هیندستاندا بەو خوایە کە لە ناخماندا ڕاکشاوە، دەڵێن: (نیشتەجێ)ی نێو جەستە inhabitant. بۆیە یەکگرتنی لایەنی نەمریتان لەگەڵ ئەم خودایە، مانای یەکگرتنتانە لەگەڵ لایەنی خودادا.

کەواتە نەمری لە پشتەوەی هەموو چەمکەکانی بیرە، لە هەموو ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئەم خاڵە خاڵێکی گرنگە، بیرکردنەوە لە خودا ویستمانە. خودا تێفکرینێکە، ناوێکە، ئایدیایەکە، بەڵام لە هەموو بیرێک باڵاترە. ئەم خودایە دواین نهێنیی بوونەو لەپشتەوەی هەموو شێوەکانی بیرە. هەر وەک کانت دەڵێ: ئەو شتەیە کە لەخۆیدا شتێک نییە، بەڵکو لە بەشتبوونیش زیاترە، واتە باشرین شتێکە کە وەسف ناکرێ. لە سەرووی بیری وەسفکردنەوەیە. دووەمین باشترین شتیش ئەوانەن کە خراپ لێیان دەگەین، لەبەرئەوەی کۆمەڵێ ئەندێشەن ئاماژە بەشتگەلێک دەکەن کە ناکرێ بیریان لێ بکرێتەوە. سێیەمین باشترین شتێکش ئەوەیە کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، بەڵام ئەفسانەش ئەو مەیدانەیە کە ئاماژە بەمەسەلەی بیری باڵای ڕەها دەکات.

**مویرز:** ئەو شتەیە مەحاڵە ناولێنان و ناسینەوەی، تەنیا لەو هەوڵە سستەی ئێمەدا نەبێت، کۆشش دەکەین تا بەرگێکی زمانەوانیی بەبەردا بکەین.

**کەمبڵ:** وشەی ئاڵتەمیت Ultimate لە زمانی ئینگلیزیدا کە بۆ باری تەعالا بەکاردێ، مانای خودا دەگەیەنێ، بەڵام ئەم وشەیە تەنیا چەمکێکە (کۆنسێپتێکە). بیر لە خودا



دەکەنەوە لە شێوەی باوک. بەڵام ئاینی تر هەیە خودا یا خوڵقێنەر لەوێدا دایکەو، لەشی ئەو هەموو جیهان پێک دێنێ. لە دەرەوەی ئەو هیچ جیهانێکی تر بوونی نییەو خودای نێر لە جێگەیەکی ترە. بەڵام نێرو مێ هەردووکیان دوو لایەنی یەک بنەچەن.

دابەشبوونی توخمەکان لەدواییدا پەیدابوو. لەڕووی بایەلۆژییەوە ئەمیبا نەنێرە و نەمێ. خانە سەرتاییەکان تەنیا خانەن، پاشان بۆ دوو خانە دابەش دەبن، لە ڕێگەی دابەشبوونی هاوشێوەی ناتوخمی. نازانم لەچ ئاستێکدا توخمایەتی پەیدا بووە، بەڵام دەزانم کە لەدواییدا ڕوویان دا. هەر بەم بەڵگەیە باسکردنی توخمی کارێکی بێهوودەیە خودا، دەسەڵاتی خودا لە پێشترەوە لەپێش پرسی دووبەشبوونی توخمدایە.

**مویرز:** ئەی پێت وانییە تاقە ڕێگەیەک بۆ بوونەوەری مرۆیی کە بتوانێ لەم میانەیدا بەم بیرە مەزنە بگات ئەوەیە بۆ خۆی زمانێک دەستنیشان بکات و تێی بگات و بڵێت خودای نێر و خودای مێ....

**کەمبڵ:** بەڵێ، ناتوانی بەم بیرە مەزنە بگەی گەر هاتو سەرقاڵی ئەوە بووی ئاخۆ خودا نێرە یا مێیە. ڕاناوی نێرو مێ کەڵەکێکە بۆ ئەوەی بتپەڕێنێتەوە بەرەو بیری (باڵایی)ی باری تەعالا. باڵایی واتا (بەرزبوونێکی لە ڕادەبەدەر) و ڕۆیشتن و جێ هێشتنی بیری دوو توخمی. هەرچییەک لە بواری زەمەن و شوێندایە دوولایەنە. بەرجەستەبوونیش لە شێوەی نێر یان لە شێوەی مێدا دەردەکەوێ و هەریەک لە ئێمەش بەرجەستەبووی خوداین. دەکرێ بوترێ تۆ بەڕوویەک لە دوولایەنی میتافیزیکیی واقیعی لەدایک دەبیت، لە نهێنیی ئاینەکاندا ئەم شتە بەرچاو دەکەوێ، لەم ئاینانەدا هەرچەندە مرۆڤ زیاتر بەرەو ناخی خۆی شۆڕبێتەوە لەوێدا بەچرکەیەک دەگات کەتێیدا بۆی دەردەکەوێ کەسێکی میراو نەمرە، هەم نێرەو هەم مێیە.

**مویرز:** پێتوایە جێگایەک هەبێت ناوی بەهەشت بێ؟

**کەمبڵ:** بێگومان نەخێر، بەهەشت خوازراوێکە دەلالەت لە پاکیزەیی دەکات، سەرفرازبوونە لە زەمەن و دژە دوولایەنی، سەنتەرێکی سەرەکییە، بەدەرچوون لەو

سەنتەرە وەئاگادێییتەوە لە گشت گۆڕانکارییەکان.

**مویرز:** گەر لەڕوانینماندا بۆ بەهەشت ئەم پاکیزەیییە هەبووبێ، چی لێ بەسەرهات؟ بۆچی بەهۆی ترس و تۆقینەوە سستیی تێ کەوت و کەوتە ژێر کۆنترۆڵ و بەلای خراپەدا برا؟

**کەمبڵ:** وایە، چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر دەربارەی خودایەتی و دەربارەی (خود) هەیە کە دەڵێ: (من هەم). هەرکە وتی: (من هەم) ترس سەرتاپای داگرت.

**مویرز:** بۆچی؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی بووبە قەوارەیەک لەنێو زەمەندا. بەڵام هەر زوو تێ فکری، وتی: باشە بۆ دەبێ بترسم، لەکاتێکدا من تەنیا شتێکم کەهەم. ** هەرکە ئەمەی وت هەستی کرد کە تەنیایەو خۆزگەی خواست کەسێکی تری لابێ، بۆیە هەستی بەئارەزووکرد. هەر لەپڕ گەورەبوو وەک بڵێی فووی تێ کرابێ بوو بە دوو بەشەوە، بوو بەنێرو مێ و بەم شێوەیە جیهان لەدایک بوو. لای کۆرپەڵەش لە منداڵدانی دایکدا یەکەمین ئەزموون ئەزموونی ترسە. دەروونناسی چیکۆسلۆڤاکی ستانسلاڤ گرۆف Stanislav Grof ئێستا لە کالیفۆرنیا دەژی ساڵانێکی دوورو درێژ بە بەکارهێنانی شرینقەی LSD نەخۆشەکانی چارەسەر دەکرد، تێبینی ئەوەی کرد کە نەخۆشەکانی دووبارە ئەزموونی لەدایکبوون تاقی دەکەنەوە، لەم ئەزموونی دووبارەکردنەوەی لەدایکبوون، یەکەمین قۆناغ، بوونی کۆرپەلەیە لەمنداڵداندا، کە بریتییە لە نەبوونی هیچ جۆرە هەستێکی (من) یان بوون. دوای ماوەیەکی کورت پێش لەدایکبوون، جووڵەی مناڵدان دەست پێ دەکات و، کۆرپەلە دووچاری ترس دەبێ! ترس یەکەمین شتێکەو هەمان ئەو شتەیە کە دەڵێ: (من) پاشان قۆناغی ترسناکی لەدایکبوون دێتە پێشێ و قۆناغی تێپەڕبوونی سەخت لە کەناڵی لەدایکبوونەوە، پاشان خودایە ڕووناکی دەردەکەوێ! ئەم هەموو شتەی باسمان کرد چاوەڕوانکراوە، ئایا سەیر نییە هەمان ئەو شتە دووبارە بێتەوە، لەشێوەی گێڕانەوەی ئەفسانەییدا. هەرکە ئەو زاتە وتی: (من) یەکسەر پاش ئەوە هەستی بەترس کرد؟ کاتێکیش زانیی کە تەنیایە هەستی بەپێویستی کەسێکی تر کرد بۆیە بوون بەدووان، ئەمەش خۆ تێهەڵقورتانە



بۆ نێو جیهانی ڕووناکی و دوودژەکان.

**مویرز:** ئەم بەسەرهاتە چی دەڵێت، دەربارەی گشت ئەو شتانەی لە ئێمەدا هاوبەشەو دەربارەی ئەو ڕەگەزە هاوبەشانەی کە لەزۆربەی ئەم چیرۆکانەدا ئامادەن واتا دەربارەی میوەی حەرامکراوو ژن؟ بۆ نموونە ئەم ئەفسانانەو بەسەرهاتی خولقاندن دەستەواژەی (ئەم کارە مەکە) یان تێدایە. بەڵام ژن و پیاو دژ بەم یاساغییە یاخی دەبن و بەئازادیی خۆیان مومارەسەی ژیان دەکەن. پاش ساڵانێکی دوورو درێژ لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە شتانە، هێشتا نوقمی کۆمەڵێ لێکچوواندنم کەبوونیان لە کولتوورە دوور لەیەکەکاندا هەیە.

**کەمبڵ:** چیرۆکێکی ناسراوی میللی هەیە، بابەتەکەی پێی دەوترێ: شتی قەدەغە. چیرۆکی Bluebeard وەبیر خۆت بێنەوە، ئەوەی بەژنەکەی وت:" ئەو خەزنۆچکەیە نەکەیتەوە " هەمیشە یەکێک لەو دوولایەنە سەرپێچی بڕیارەکان دەکەن. لە چیرۆکی پەڕتووکی پیرۆزی کۆندا هاتووە، خودا ئاماژە بەیەک شتی یاساغ دەکات، بەڵام خودا لەوە دڵنیابووە کە مرۆڤ مەبەستی بووە میوەی یاساغکراو بخوات، بەرئەنجامدانی ئەو کارە بوو کەمرۆڤ دەسپێکەری ژیانی خۆی بوو. لە ڕاستیشدا دەسپێکردنی ژیان لە سەرپێچییەوە بوو.

**مویرز:**چۆن ئەم لێکچوواندنانە ڕاڤە دەکەیت؟

**کەمبڵ:** دوو شێوە ڕاڤەکردنی هەیە. یەکێکیان ئەوەیە کە کرۆکی دەروونیی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا یەکسانە. نەفسیش ئەزموونی ناوەکیی جەستەی مرۆڤە کە لەبناغەوە لەلای هەرچی مرۆڤ هەیە یەکسانە، واتە مرۆڤ خاوەنی یەک ئۆرگان و غەریزەو پاڵپێوەنەرو ململانێ و ترسە. لەم زەمینە هاوبەشەوە ئەو شتە هاتووەتە دەرێ کە یۆنگ ناوی لێ نا ئارشیتیپ، هەر لەوێشەوە بیری ئەفسانە هاتووەتە دەرێ.

**مویرز:** ئەرشیتیپ چییە؟

**کەمبڵ:** ئەمانە کۆمەڵێ بیری سەرەتایین، دەکرێ ناویان لێ بنێین(بیرە بنەڕەتییەکان) یۆنگ ئەم نموونانەی ناونا ئەرشیتیپ (کۆنە وێنەکانی ناهۆشمەندی). (ئەرشیتیپ)

باشترین چەمکە، لەبەرئەوەی بیرە سەرەتاییەکان پێشنیاری جۆرێ لەکاری عەقڵانی دەکەن. ئەرشیتیپی ناهۆشمەندی ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمە لە بەشەکانی خوارەوە دێ. جیاوازیی نێوان ئەرشیتیپی یۆنگ و گرێی فرۆیدی ئەوەیە کە ئەرشیتیپە ناهۆشمەندەکان بەرجەستەکردنی ئەندامەکانی لەش و هێزەکانی لەشن، ئەمانەش لەسەر بناغەی بایۆلۆژی دامەزراون، کەچی ناهۆشمەندیی فرۆیدی کۆمەڵێ ئەزموونی هاوارو برینە چەپێنراوەکانی ژیانی تاکەکەسە. ناهۆشمەندیی فرۆیدی ناهۆشمەندی تاکەکەسەو پابەندە بەسەرگوزشتەی ژیانی تاکەوە. ئەرشیتیپەکانی ناهۆشمەندیی یۆنگ بایۆلۆژین. سەرگوزشتەی تاکە کەسیش لەو بوارەدا شتێکی سەرەکی نییە.

لە سەرتاسەری جیهان ولە هەموو ساتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم ئەرشیتیپ و بیرە سەرەتاییانە بە پۆشاکی جۆراوجۆرەوە دەردەکەون، جیاوازیی نێوان ئەم پۆشاکانەش بۆ جیاوازیی نێوان ژینگەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، ئەم جیاوازییانەش ئەوانەن کە زانای ئەنترۆپۆلۆژی گرنگییان پێ دەداو هەوڵ دەدات سیماکانی دەستنیشان بکاو بەراوردێک لەنێوانیاندا بەئەنجام بگەیەنێ.

بەڵام تیۆرییەکی تر هەیە کە دژ بە بڵاوبوونەوەی ئەفسانەیە، لێکچوواندنەکانی ئەفسانە نیشان دەدات. بۆ نموونە هونەری زەوی کێڵان لەناوچەیەکدا کەیەکەمین جار ئەنجام دراوە و پاشان لە جێگای تردا ئەنجام دراوە، شانبەشانی ئەویش ئەفسانەی تایبەت بەزەوی کێڵان و کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی گیاو خواردنیش هەیە بۆ نموونە ئەفسانەی کوشتنی خوایەک، لەتوپەتکردنی و لەگۆڕنانی ئەندامەکانی پاشان لەشوێنی گۆڕەکەی گیای خۆراکی دەڕوێن. ئەم جۆرە ئەفسانەن هاوڕێن لەگەڵ کەلەپووری کشتوکاڵیدا. بەڵام لە کولتووری ڕاووشکاردا ناتوانی ئەم جۆرە شتانە ببینی. بۆیە لەم بارەیەوە بۆ لێکچوواندنی ئەفسانەکان لایەنی مێژوویی و دەروونیش بوونی هەیە.

**مویرز:** مرۆڤ یەکێک لەم چیرۆکی خوڵقاندنانەی پێ باشە، بەڕای تۆ کاتێ کە ئێمە یەکێک لەو چیرۆکانە قبووڵ دەکەین، ئەو کاتە بەدووی چیدا دەگەڕێین؟

**کەمبڵ:** بەبڕوای من ئەوشتەی ئێمە بەدوایدا وێڵین دۆزینەوەی ڕێگەیەکە کە بتوانین



بەپێی ئەو ڕێگەیە جیهان تاقی بکەینەوە، ئەو جیهانەی وێنەی خودای مەزنمان نیشان دەدا؛ ئەو خودا مەزنەی کە هۆش بە جیهان دەبەخشێ ولە هەمان کاتیشدا لە دەروونی ئەودا فۆرممان پێ دەبەخشێ. ئەمەش شتێکە خەڵکی دەیانەوێ. شتێکە ڕۆح خوازیارێتی.

**مویرز:** مەبەستی تۆ ئەوەیە ئەوەی بەدویدا دەگەڕێین ڕێککەوتنێکە لەگەڵ ئەم نهێنیەدا، ئەو نهێنییەی ئاگایی بەهەموو شتەکان دەبەخشێ؛ ئەو شتەی ناوی لێ دەنێی گراوندێکی فراوان لە بێدەنگی کە هەمووان تێیدا بەشدارین.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام نەک تەنیا دۆزینەوەی، بەڵکو دۆزینەوەی لە ژینگەو دنیای خۆماندا، بەمەبەستی ناسینەوەی. بۆ ئەوەی شێوەیەک ڕێنوێنمان بخاتە بەردەس تا ئەو توانایەمان پێ ببەخشێ تا ئەزموونی خودایی بکەین.

**مویرز:** لە جیهان ولە ناخی خۆشماندا.

**کەمبڵ:** لە هیندستاندا بەخێرهاتنکردنێکی قەشەنگ هەیە، کەسێک هەردوو ناولەپی دەخاتە سەر یەکتری و بەرامبەر بەکەسێکی تر کڕنووش دەبات. دەزانی ئەمە چی دەگەیەنێ؟

**مویرز:** نەخێر.

**کەمبڵ:** کاتێ کە نوێژ دەکەین هەردوو لەپی دەست دەخەینە سەر یەکتری. ئەم سەلامە ئەوە دەگەیەنێ کەخوای دەروونی تۆ خوداکەی تریش دەناسێ. ئەم کەسانە ئاگایان لە ئامادەییی خودا لە هەموو شتەکاندا هەیە. کاتێ وەک میوان دەچیتە ماڵی هیندییەک، ئەو وەک خودایەکی میوان بەخێرهاتنت دەکات.

**مویرز:** بەڵام ئایا ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بەسەرهاتانەیان دەگێڕایەوە خۆیان بڕوایان پێی بوو، پەیڕەوی ئەو کارەیان دەکردو پرسیاری ئاسانتریان نەدەکرد؟ بۆ نموونە ئەو پرسیارانەیان نەدەکرد کە ئایا ئەم جیهانە کێ دروستی کردووە؟ جیهان چۆن دروست بووە؟ بۆچی دروست بووە؟ ئایا ئەم

پرسیارانە هەر ئەوانە نین کە ئەفسانەکانی خوڵقاندن لە هەوڵی وەڵامدانەوەیدان؟

**کەمبڵ:** نەخێر. ئەوان لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە کە لە هەموو جیهانی ئامادەدا خوڵقێنەر دەبینن. دەزانی مەبەستم چییە؟ لە داستانی ئۆپانیشاد Up-anishas ەکان کە کەمێ پێش ئێستا گێڕامەوە، خودا دەڵێ: (من دەزانم کە ئەم خوڵقێنەرەم). کاتێ کە تێ دەگەی خودا خوڵقێنەرە و تۆش خوڵقێنراوی، بۆت دەردەکەوێ کە خودا لە دەروونی تۆیەو یان لە دەروونی ئەو ژن و پیاوەیە کەتۆ لەگەڵیاندا دەدوێی. بەم جۆرە ئەمەش هەستکردنە بەدووڵایەنەو دوو ڕووەکانی یەک خودا، بابەتێکی میتۆلۆژیی بنەڕەتی هەیە دەڵێ: هەموو شتەکان لە بناغەدا یەکبوون پاشان پرۆسەی جیابوونەوە ڕووی دا، زەوی و ئاسمان، نێرو مێ... هتد بەڵام چۆن پێوەندییمان لەگەڵ یەکبووندا لەدەست دا؟ یەکێک لەو شتانەی کە دەکرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەم جیابوونەوەیە بەهۆی هەڵەی کەسێکەوە ڕووی دا، ئەو کەسە میوەی حەرامی خوارد، یان وشەی ناشرینی بەرامبەر خودا لەزار هاتەدەرێ و خوداش تووڕەبوو، بەم جۆرە لە مرۆڤ دوورکەوتەوە. بۆیە لە حاڵی حازردا مەودای ئێمەو نەمری بەجۆرێک لە جۆرەکان فراوانە، ناچارین بۆ ڕێگەیەکی نوێ بگەڕێین بۆ ئەوەی دووبارە پێوەندیی لەگەڵ نەمریدا دروست بکەینەوە.

ناوەڕۆکێکی تریش هەیە بەپێی ئەو ناوەڕۆکە مرۆڤ نەک لە ئاسمانەوە بەڵکو لە مناڵدانی زەوییەوە هاتووە. لەم جۆرە چیرۆکانە هەمیشە پەیژەیەک یان ڕێسمانێک هەیە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە سەردەکەوێ. ئەو کەسانەی کە لەکۆتاییدا دەیانەوێ سەرکەون، دوو کەسی زل و قەڵەوو سەنگینن. ئەو کەسانە چنگ لەڕێسمان گیردەکەن و دەبنە هۆی پچڕانی ڕێسمان! بەم جۆرە ئێمە لە سەرچاوەی خۆمان دادەبڕێین، یان بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین بەهۆی زەینمانەوە جیابووینەوەو بۆیە مەسەلەی ئێمە دووبارە گرێدانەوەی ڕێسمانە.

**مویرز:** هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ گێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆکەکان لەلایەن پیاوان و ژنانی دێرینەوە بە مەبەستی کات بەسەر بردن نەبووە؟



**کەمبڵ:** نەخێر ئەو چیرۆکانە بۆ کات بەسەربردن نین. دەزانین ئەم چیرۆکانە بۆ کات بەسەربردن ناوترێنەوە، لەبەرئەوەی ئەم چیرۆکانە تەنیا لە هەندێ کاتی دیاریکراوی ساڵ و بارودۆخی تایبەتدا نەبێت ناگێردرێنەوە.

ئەفسانەکان دوو پلەیان هەیە، ئەفسانە مەزنەکان، ئەفسانەی نێو پەڕتووکە پیرۆزەکان نموونەیەکن لەوانە، ئەم ئەفسانانە ئەفسانەی پەرستگاکانن و پەیوەستن بەئاینە پیرۆزە مەزنەکانەوە. ئەم ئەفسانانە ئەو ڕیتوێڵانە ڕاڤە دەکەن کە مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە بەهاوئاهەنگی دەژی لەگەڵ یەکتری و، خودی خۆی و جیهاندا. زۆر ئاساییە گەر وابزانرێ ئەم چیرۆکانە بڕێک چیرۆکی خوازیارین.

**مویرز:** پێت وانییە کە مرۆڤە سەرەتاییەکان، کاتێک کە چیرۆکی خوڵقاندنیان گێڕاوەتەوە، جۆرێک ئاگایی هەستیارییان هەبووە، لەسەر سروشتی خوازیاریی ئەو چیرۆکانە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، شێوەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە وەها بووە، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەگێڕنەوە، ئەو کەسەی بەڕاستی جیهانی دروست کردووە، چەمکێکی بۆ هەیە پێی دەوترێ artificialism تەسەنوعگەری، ئەم شێوەیەش شێوەی بیرکردنەوەی زارۆکانەیە: کورسییەکە دروست کراوە. کەواتە دەبێ کەسێک هەبێ دروستی کردبێ. جیهان ئەمەیە کە هەیە، کەواتە دەبێ کەسێک هەبێت دروستی کردبێت. ڕوانگەیەکی تریش هەیە ناوەڕۆکەکەی دەرکەوتن و نیشان دانە. دەنگێک هەوا دێنی و پاشان ئاگر، پاشان ئاوو ئینجا زەوی، بەم جۆرەیە کە جیهان دروست دەبێ. گەردوون سەرتاپا لەو یەکەمین دەنگو لەرزینەوە پەیدا دەبێ کە هەموو شتەکان لەبواری زەمەندا پارچەپارچە دەکات. لەم دیدگایەوە کەسێک لە دەرەوە نییە کە بڵێت: (با ئەوە ڕووبدات).

لە زۆربەی کولتوورەکاندا دوو تا سێ چیرۆکی خوڵقاندن هەن. لە پەڕتووکی پیرۆزدا دوو چیرۆک لەم بارەیەوە هەیە، هەرچەندە خەڵکی بەیەک چاو دەڕواننە ئەو دوو چیرۆکە. حەتمەن لەبیرتە کە لەچیرۆکی بەسەرهاتی باخچەی بەهەشتدا، لە بەشی دووەمدا خوا بیر لەڕێگەیەک دەکاتەوە، تا ئادەم سەرقاڵ بکا، لەبەرئەوەی

خودا ئادەمی وەک باخەوان بۆ پارێزگاریکردنی باخچەکەی دروستی کرد، ئەو چیرۆکە زۆر زۆر کۆنە لەسۆمەرییەکانەوە وەرگیراوە، (خوداکان کەسێکیان دەویست چاوی لەباخچەکەیان بێت و ئەو خواردنانەش بڕوێنێ کە ئەوان پێویستیانە، بۆیە مرۆڤیان دروست کرد.) ئەم چیرۆکە زەمینەی ئەو ئەفسانەیە کە لەبەشی دووەم و سێیەمی سێفری خوڵقاندندا هاتووە.

بەڵام باخەوانی خودا بێزاری تەنگی پێ هەڵچنی، بۆیە خودا هەوڵی دا گەمەیەکی بۆ دروست کات، بۆیە گیاندارانی بۆ دروست کرد، تەنیا کارێک کە ئەو دەبێ بیکات ئەوەیە ناویان لێ بنێ، پاشان خودا بیر لەوە دەکاتەوە کەڕۆحی ژن لەجەستەی ئادەمەوە بێنێتە دەرێ. ئەم چیرۆکی خوڵقاندنە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو چیرۆکەی کە لە سێفری یەکەمی خوڵقاندنا باس کراوە، لەوێدا خودا ئادەم و حەووای پێکەوە لەسەر شێوەی خۆی بەنێرو مێ دروست کرد. بەڵام لێرەدا خودا خۆی نێرەموکێکی سەرەتاییە. ئەو چیرۆکەی لە بەشی دووەمدا هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنترو ڕەنگە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایینی بگەڕێتەوە، کەچی چیرۆکی بەشی یەکەم کە پێی دەوترێ دەقی کەهەنووتی، بۆ سەدەی چوارەمی پێش زاین یان دوای ئەو سەدەیەش دەگەڕێتەوە. لە چیرۆکە هیندییەکەدا خود هەست بەترس دەکات و پاشان حەز دەکات بۆ دووبەش دابەش بێت، لە بەشی دووەمی سێفری خوڵقاندن ڕووبەڕووی داستانێکی لەم شێوە دەبین. لە سێفری خوڵقاندندا ئەوەی بۆ دوو بەش دابەش دەبێت، مرۆڤە نەک خودا.

ئەو چیرۆکە یۆنانییەی کە ئاریستۆڤان لە سیمپۆسێوم Symposiumی ئەفلاتووندا باسی دەکات، چیرۆکێکی ترە لەم شێوەیە. ئاریستۆڤان دەڵێ: لە سەرەتادا بوونەوەرگەلێ هەبوون، ئەندامی پێکهێنانی دوو مرۆڤی ئێستایان تێدا بوو. ئەوانەش لە سێ جۆر پێک هاتبوون: نێر/مێ، نێر/ نێر، مێ/ مێ.پاشان خوداکان هەموو ئەمانەیان بۆ دوو بەش دابەشکرد. بەڵام پاش ئەوەی ئەوان دابەش بوون، ئەوەی ئەوان دەیانتوانی بیری لێ بکەنەوە بریتی بوو لەباوەشکردن بەیەکتریدا تا یەکێتییە سەرەتاییەکان پێک بهێننەوە. بۆیە ئێمە ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین نیوەی خۆمان بدۆزینەوەو لەباوەشی بگرین.



**مویرز:** ئێوە دەڵێن میتۆلۆژیا لێکدانەوەی گەورەترین چیرۆکی مرۆڤایەتییە. ئەو چیرۆکە مەزنە چییە؟

**کەمبڵ:** ئێمە لەیەک زەمینە و یەک باکگراونددا هاتووینەتە نێو زەمەنەوە، مەیدانی زەمەن، جۆرە یاریکردنی سێبەرە لەزەمینەی زەمەندا، تۆش ئەو یاریکردنە لە مەیدانی زەمەن ئەنجام دەدەی، تۆ هەموو تەوەرەی حەزەکانت بەتەواوی تواناوە ئەنجام دەدەیت. بەڵام ئایا تۆ دەزانی کە دوژمنەکە، بۆ نموونە ئەو لایەنەیە کە وەک خۆت دەیبینی، ئەگەر توانیت لە ئاستی نێوەندەوە بڕوانی.

**مویرز:** کەواتە گەورەترین چیرۆک، گەڕانمانە بۆ دۆزینەوەی جێ پێمان لەنێو درامادا؟

**کەمبڵ:** دەبێ لەگەڵ ئەم سەمفۆنیا مەزنەدا کە ئەم جیهانەیە گونجاو و ڕێک بین، دەبێ هارمۆنیی جەستەمان گەنجاو بێت لەگەڵ ئەو هارمۆنییەدا.

**مویرز:** کاتێک ئەو چیرۆکانە دەخوێنمەوە، سەر بەهەر کولتوورو سەرچاوەیەک بن، تووشی سەرسوڕمان دەبم، سەرسامبوون بەشێوەی دیمەنی خەیاڵی مرۆڤ، کە هەوڵ دەدات هەست بەم بوونە بکات و هەروەها ئەم توانا مەزنانە لەو سەفەرە بچووکەی خۆیدا بەکاربێنی. ئایا ئێوە هەرگیز دووچاری ئەم حاڵەتە بوون؟

**کەمبڵ:** پێم وایە میتۆلۆژیا وەک نیشتمانی مۆسیس Musesە، ئیلهام بە هونەرمەندو شاعیران دەبەخشێ. بۆ ئەوەی ژیان وەک شیعرێ ببینی، بەشداریکردنت لەو شیعرەش کارێکە ئەفسانە بۆت ئەنجام دەدات.

**مویرز:** شیعر؟

**کەمبڵ:** مەبەستم فەرهەنگە نەک لە قاڵبی فۆرمی وشەکاندا، بەڵکو لە قاڵبی کردارو ڕووداوەکاندا بەیان کراوە، ئاماژەیە بۆ لایەنی باڵایی کە لێرەدا ڕوودەدا، بەجۆرێک هەست بکەیت کە هەمیشە هاونەوایت لەگەڵ بوونی گەردووندا.

**مویرز:** کاتێ ئەو ئەفسانانە دەخوێنمەوە، لەبەرامبەر سیمبول و نهێنییەکانیان هەست بەترس و ڕێز دەکەم. دەتوانین تەخمینێ بێ، بێ ئەوەی بتوانین بەتەواوی بەمانایەک بگەین.

**کەمبڵ:** ئەمەش ئەو خاڵەیە، ئەو کەسەی وا دەزانێ کە بەدواین ڕاستی گەیشتووە، ئەو کەسە بەهەڵەدا چووە. دێڕە شیعرێکی سانسکریتی هەیە کە لە پەڕتووکی Tao-te chaing یشدا هاتووە، ئەو بەیتە زۆر دەوترێتەوە کە دەڵێ: " کەسێ وا دەزانێ کە دەزانێ هیچ نازانێ، ئەو کەسەشی کە دەزانێ هیچ نازانێ ئەوە دەزانێ. مەبەست لەم بەیتە ئەوەیە زانین نەزانینە، نەزانینیش زانینە."

**مویرز:** کارەکانی تۆ لەبواری میتۆلۆژیادا بوون بەهۆی ڕزگارکردنم لەو زیندانە کولتوورییەی کە تێیدا بووم، بەڵام هەرگیز نەبوون بەهۆی شێواندنی بڕوام.

**کەمبڵ:** ئەو کارانە بڕوای منیان ڕزگارکرد. دەشزانم هەرکەسێک ئەم پەیامەی پێ بگا هەمان ئەو شتەی بەسەردا دێت.

**مویرز:** ئایا هەندێ ئەفسانە لە هەندێکی تر ڕاستترن.

**کەمبڵ:** بەهەموو جۆرە مانایەک ئەفسانەکان ڕاستن، هەموو ئەفسانەکان لە ڕووی پێوەندییان بەکولتوورێکی تایبەت و سەردەمێکی تایبەتەوە بەدەوری حیکمەتی ژیاندا دەسووڕێنەوە. ئەفسانە کار دەکات بۆ کاملکردنی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگەکەی و کامڵکردنی کۆمەڵگە لەگەڵ سروشتدا . کار دەکات بۆ یەکگرتنی مەیدانی سروشت لەگەڵ خودی سروشتدا ، ئەفسانە هێزێکی هاڕمۆنیزەکارە. بۆ نموونە میتۆلۆژیای ئێمە، لەسەر ئاستی دوو لایەنە بونیادنراوە وەک: چاکەو خراپە، بەهەشت و دۆزەخ. لەم ڕووەوە کە ئاینەکانمان ڕوویەکی ڕەوشتیان هەیە. گوناه ونەفرەت، ڕاست و ناڕاست.

**مویرز:** ناکۆکیی نێوان دژەکان: عەشق و کینە، مەرگ و ژیان.

**کەمبڵ:** ڕاماکریشنا وتوویەتی ئەگەر هەموو ئەو شتانەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە



گوناهەکانت بن، ئەوە تۆ گوناهکاری، کاتێ ئەمەم خوێندەوە بیرم لەکاتی لاوێتیی خۆم دەکردەوە، کاتێ کە هەموو یەک شەممەیەک بۆ کلیسا دەچووم تا دان بەگوناهەکانمدا بێنم، بیرم لە هەموو ئەو گوناهانە دەکردەوە کەلەو هەفتەیەدا ئەنجامم دابوون، ئێستاش بیر دەکەمەوە دەڵێم دەبێ بچمە کلیساو بڵێم: (خوایە بەرەکەتم پێ ببەخشە، چون من گەورە بووم، ئەمەش ئەو کارە چاکانەیە کە لەم هەفتەیەدا ئەنجامم داون.) بۆیە دەبێ بەراوردکاریی خودی خۆت بەشتە چاکەکان بکەیت، نەک خراپەکان، ئەو کاتە دەبینی کە ئاین منداڵدانێکی ترە. ئاین بەم مەبەستە هاتووە تا ئەو دیاردە فرە ئاڵۆزە کەناوی مرۆڤە بەرەو گەشەکردن ڕێنوێنی بکات، واتا ئەو بگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی خۆ وروژێنەرو بزوێنەرو خۆکارکەر. بەڵام بیری گوناه وات لێ دەکات بەدرێژاییی ژیانت لەپایەی کۆیلایەتیدا بیت.

**مویرز:** بەڵام ئەمە بیری مەسیحی نییە، دەربارەی خوڵقاندن و دەرپەڕاندن لە بەهەشت.

**کەمبڵ:** ڕۆژێکیان گوێم لەوانەیەکی نایابی فەیلەسووفی zen دوکتۆر Suzuki.T.D بوو، ئەم کابرایە ڕەپ وەستابوو هەردوو دەستی بەدوولادا بە ئەسپایی هاتە خوارەوەو وتی: (خودا دژ بەمرۆڤ، مرۆڤ دژ بە خودا ، مرۆڤ دژ بەسروشت، سروشت دژ بەمرۆڤ، سروشت دژ بەخوا . خوا دژ بەسروشت – ئاین چ شتێکی گاڵتەئامێزە!""

**مویرز:** باشە، زۆرجار تووشی سەرسامبوون بووم، تۆ بڵێی کەسێک کە لەکەسانی هۆزێکی شکارچی هیندییە سوورەکانی ئەمریکای باکوور، ڕای چی بێت گەر سەر بەرز بکاتەوەو بڕوانێتە تابلۆی خوڵقاندنی مایکل ئەنجیلۆ.

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا ئەم خودایە، خودای کولتوورەکانی تر نییە. لە میتۆلۆژێکانی تردا مرۆڤ وا لەخۆی دەکات کە لەگونجاندا بێت لەگەڵ جیهان و لەگەڵ ئەو تێکەڵەیەی کەپێی دەوترێ چاکەو خراپە. بەڵام لە سیستمی ئاینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا لەخۆت دەکەی کە لەگەڵ چاکەدا یەک بگریت و بەرامبەر بەخراپە بجەنگی، بەڵام نەریتی تەوراتییەکان و مەسیحی و ئیسلام بەوجۆرەیە کە بەچاوێکی سووک بۆ ئەو

ئاینانەی کەپێیان دەوترێت ئاینە سروشتییەکان (دەروانن)، ئەم گۆڕانکارییە لە ئاینی سروشتەوە بۆ ئاینی کۆمەڵایەتی وا دەکات کە ئاسان نەبێت دووبارە پێوەندی لەگەڵ سروشتدا پەیدا بکەین، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو سیمبوڵە کولتوورییانە بەتەواوی ئامادەیی ئەوەیان هەیە کە بەپێی دەروونناسی و کۆسمۆلۆژیکی ڕاڤە بکرێن، بەو مەرجەی کە لەو گۆشەیەوە تەماشایی بکرێت.

هەر ئاینێ بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕاستیی تێدایە. ئەو ئاینە ڕاستە ئەگەر جێگای تێگەیشتن بوو بەدەلالەتە خوازیاریەکانییەوە، بەڵام ئەگەر هاتو بەجوانی لە خوازیارەکانی خۆی نەگات و بەشێوەیەکی واقیعیی پەتی ڕاڤەی بکات، ئەوا ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە.

**مویرز:** خوازیار چییە؟

**کەمبڵ:** خوازیار وێنەیەکە ئاماژە بە شتێکی تر دەکات، بۆ نموونە بە کەسێک دەڵێم: تۆ گوێزی، مەبەستم ئەوە نییە ئەو کەسە وەک مانای وشە گوێزێکە. لێرەدا گوێز خواستراوە. لەکولتوورە ئاینییەکان، سەرچاوەی خوازیار شتێکی بالآیە، لەواقیعدا بوونی نییە. گەر وای بۆ چووین کە خوازیار خۆی سەرچاوەیە، وەک ئەوەی ئێمە دەچینە چێشتخانەیەک، هەر بەبینینی وشەی کەباب لەسەر لیستی خواردنەکان دەست بەخواردنی لیستەکە بکەی.

بۆ نموونە، عیسای مەسیح بەرەو ئاسمان دەڕوات. ئەم بۆچوونە مانای ئەوە ناگەیەنێ کەسێک بەرەو ئاسمان هەڵفڕیوە، نەخێر. ئەمە شتێکە تەنیا لەڕووی نوتقەوە دەوترێ. ئەگەر هاتو ئەمەش مانای ڕاستەقینەی ئەو پەیامە بێت، ئەوە دەبێ ئەو بۆچوونە لەو پەیامە دوورخەینەوە، لەبەرئەوەی شوێنێکی وەها بوونی نییە کە عیسا بۆی چووبێت. وەک دەزانین عیسا نەیتوانیوە بەرەو ئاسمان بڕوا، لەبەرئەوەی لەڕووی فیزیکییەوە لە گەردووندا لەنگەرێک بۆ وەستان لە ئاسمان نییە. عیسای مەسیح ئەگەر بەخێرایی تیشکی ڕۆژیش بەرەو ئاسمان هەڵفڕییایە، ئێستاش دەبووایە لەڕێسماندا بووایە. ئەستێرەناسی و فیزیا بە ئاسانی ئاماژەیان بە مەحاڵبوونی ئەم مەسەلەیە کردووە. بەڵام ئەگەر هاتوو لەڕووی خوازیاریەوە زاراوەی



چوونی عیسای مەسیحمان بۆ ئاسمان لێک دایەوە، تێبینی دەکەین ئەو بەرەو ناخ ڕۆیشتووە– نەک بۆ بۆشاییی دەرەوە، بەڵکو چووەتە نێو بۆشایی ناوەوە، بۆ جێگایەک هەموو بوونەکان لەوێوە دێن. ئەو ئاگاییيەی کە سەرچاوەی گشت شتەکانە، بەرەو ڕێڕەوی ئاسمانی دەڕۆن، وێنە زەینییەکان، شتێکی دەرەکین، بەڵام ڕەنگدانەوەیەکی ناوەکییان هەیە. خاڵەکەش لێرەدایە دەبێ ئێمە بەڕۆیشتنمان بەرەو ناوەوە لەگەڵ ئەودا بچینە سەرەوە. ئەم خوازیارە بریتییە لە خوازیاریی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و سەرەتاو کۆتاییAlpha& Omega، وازهێنان لە پابەندبوون بەجەستەو چوون بەرەو سەرچاوەی میکانیکیی جەستە.

**مویرز:** ئایا ئەم بۆچوونە لە شانوشکۆی یەکێک لە بڕوا کلاسیکییەکانی بڕوای مەسیحی کەم ناکاتەوە – واتا ئاماژەکردن بەمەرگ و لەچاڵنانی مەسیح و هەستانەوەی ڕاگەیاندن و موژدەی مەرگ و هەستانەوەمانە؟

**کەمبڵ:** هەڵەیە گەر سیمبولەکە بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە. ئەم کارەش مانای خوێندنەوەی وشەکان لە قاڵبی پەخشاندا دەگەیەنێ، کە دەشبێ لە قاڵبی شیعردا بخوێنرێتەوە. ئەمەش خوێندنەوەی خوازیار دەگەیەنێ لە سنووری ئاماژە لەفزییەکەی نەک لە سنووری مانا ناوکۆیییەکەی.

**مویرز:** شیعریش دەگاتە واقیعێکی نەبینراو.

**کەمبڵ:** دەگاتە جێگایەک لە دەرەوەی ڕوانینی واقیعی، واتا بۆ ئەو جێگایەی کە بالآترە لە هەموو بیرکردنەوەیەک، ئەفسانە بەردەوام بۆ ئەو جێگایەت دەبات، سەرە دەزوویەک دەدا بەدەستیەوە کە پەیوەست دەبێت بەو نهێنییەوە کە ئەو نهێنییەش تۆی. شکسپیر دەڵێ: هونەر ئاوێنەیەکە بەرامبەر بەسروشت دانراوە. ئەمەش ڕاستە، سروشت سروشتی تۆیە، هەموو وێنە شاعیری و سەرسوڕهێنەرەکانی میتۆلۆژیا، ئاماژە بەشتێک دەکەن لەناوەوەی تۆیە، هەر کەزەینت بە ئاسانی کەوتە نێو داوی وێنەیەکە لەدەرەوەی ناخت، بەجۆرێک درک بەشتەکانی ئەو وێنەیە نەکەیت و بۆ ناخت نەگەڕێتەوە، ئەو کاتە خوێندنەوەیەکی هەڵەت بۆ ئەو پەیامە دەبێت.

جیهانی دەروونی، جیهانی دەرخواست و وزەو بونیادو تواناکانی تۆیە کە لەگەڵ

بونیـادی دەرەوە ڕووبەڕوودەبێـتـەوە. دنیـای دەرەوە بواری بـەرجـەسـتـەی تۆیە. لەشـوێنێک کە تۆ هەی دەبێ هەردوو ئەو جیـهانە بهێنیتە جووڵە. بەپێی بۆچوونی نوڤالیس(هەوارگەی ڕۆح ئەو جێگایەیە تێیدا دنیای ناخ و دەرەوە بەیەک دەگەن).

**مویرز:** کەواتە چیرۆکی هەڵکشانی مـەسیح بەرەو ئاسمان، پەیامی نێو شووشـەیەکە لە کەناری دەریایەکدا پێشتر کەسێک زیارەتی کردووە.

**کەمبڵ:** ئەمە ڕاستە عیسای مەسیح ئەم کارەی کردووە. ئێمـە ناتوانین خۆمان لەگەڵ مـەسیحدا یەک کەین لەسـەر بناغەی شێوەی ئاسایی بیرکردنەوە لەبارەی ئاینی مەسیحییەوە، بەڵکو دەبێ لاسایی ئەو بکەینەوە، وتنی ئەم دەستەواژەیە (من و باوک یەکین) بەو شێـوەی کەعیسـای مـەسیح دەیوتەوە بۆ ئێمـە کفرە. بەڵام لە ئینجیلی تۆمادا کە نزیکەی (٤٠) ساڵ پێش ئێستا لە میسر دۆزرایەوە، مەسیح دەڵێ: (هەر کـەسێ لەدەمی مـنەوە بخـواتەوە دەبێ بـەوەی کـەمـن هـەم و، منیش دەبم بە ئەو.) ئەم وتنە تـەواو وتنێکی بوودیانەیە. هـەمـوو ئێـمـە دەرکـەوتنێکی هۆشی بوودا یاهۆشی مـەسیحین، بەڵام ئێمـە ئاگـامـان لەم ڕاسـتییـە نییـە. واژەی بوودا (واتە کـەسێکە هۆشـیـار بووەتەوە). هـەمـوو ئێـمـە دەبێ ئەم کـارە بکەین، واتـا هـۆشـیـاربین دەربارەی هۆشی بووداو مـەسیح لە نـاخمـاندا. لە شێوەی باوی بیری مەسـیحیدا، ئەم ڕوانینە بەکـفـر دادەنرێ، بەڵام بەجـەوهەر دادەنرێ لـە سۆفـیگـەریی مـەسـیـحی و ئینجـیلی تۆماس.

**مویرز:** ئایا بەرجەستەکردنیش بەخوازیار دادەنرێ؟

**کەمبڵ:** بێگومـان بەڵێ، کـاتێک خـەڵکی لێم دەپرسـن ئایا بڕوات بەبەرجـەسـتـەبوون هەیە. تەنیا ئـەو شتـەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کـە: بەرجـەسـتـەبوون وەکو ئاسمـان و بەهەشتە، ئەویش خوازیارییە.

ئەو خـوازیارییـەی مـەسـیحی کـە هاوجووتە لـەگـەڵ بەرجـەسـتـەبوون. بـریتییـە لە پاقژکەرەوە Purgatory، گەر کەسێک ئەوەندە بە دڵبەستەیی بەشتـەکانی ئەم جیـهانە بمرێ کە ڕۆحی ئامادەییی بینینی خەونە خۆشـەکانی نەبێ، بۆیە دەبێ بچێتە نێو ئەنجامدانی پاقژبوونەوە، واتە پاک بێتەوە لە کەموکووڕییەکانی. کەم وکوڕییەکان ئەو




شتـانەن پێیان دەوترێ گوناه. گوناه بەتەواوی هۆکاری کەموکووڕیە، گوناه دەبێتە هۆی ئەوەی کـەئاگـاییی تاک سنووردار بکات و لە هەمـان کـاتیـشـدا دەیخـاتە هەلومـەرجێکی ناگونجاو. لە خـوازیارەی ڕۆژهـەڵاتیدا ئەگەر تاک لەم هەلومـەرجەدا بمرێ، جارێکی تر دەگەڕێتەوە تا لە ئەزموونەکانی پێشووتر پربێ و پاکتر و پاکتر بێتەوە، دواجار لە بەندی ئەم کۆتانە ڕزگاری بێت. مونادیا (گەردیلەی بچووکی بەرجەستەکردن، بریتییە لە پاڵەوانی بنەڕەتیی ئەفسانەی ڕۆژهەڵات. ئەم گەردیلە زیندووە لە هەریەک لەم ژیانە بەدووی یەکداهاتووەدا توانـای جۆراوجۆر بەکاردێنێ. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەندێشـەی بـەرجـەستـەبوون بەو مانایە نییە کە من و تۆ هەمان ئەو پلەو پایەیە بەرجـەسـتـە دەکـەینەوە کـە ئێـسـتا کـەسایەتیـمـان دەینوێنێ، ئەو کەسایـەتییـە ئەو شتـەیە کە گەردیلەی بچووک دەیکاتەوە، پاشان گەردیلەی بچووک بەپێی ئەو ئەزموونەی کە پێـویستـە بۆ ئەوەی لە پێوەندیی بواری زەمـەن خـۆی پاک بکاتەوە، جەستەیەکی تری نێر یامێ دروست دەکات.

**مویرز:** ئەم بیرە، واتە بیری بەرجەستەبوون چی دەگەیەنێ؟

**کەمبڵ:** ئەوە دەگـەیەنێ کـە تۆ لـەوە زیاتر هـەیت کـەبیـری لـێ دەکـەیتـەوە، بـوونی تۆ ئەوەندە توانـاو مـەودای تێـدایە بۆ ئەنجامـدان و ئاگـایی، کـە تۆش خـۆت وێنـای ئەو توانایەی خۆت ناکـەی، ژیانت لەوە قووڵترو فراوانتر کە خۆت لێی دەڕوانی. ژیانی تۆ تەنیا بـەشێکە لەو شتـەی کە لەدەروونتدایـە، ئەوەی ژیان پێت دەبەخشـێ، قـووڵی و فـراوانیـیـە. بـەڵام تۆ دەتوانی بـەو قـووڵـیـیـەش بژیت. کـاتێکیش بتـوانێ درک بەو ئەزموونە بکەی ئەو کاتە تێ دەگەی کە هەموو ئاینەکان باس لەو شتە دەکەن.

**مویرز:** ئایا ئەم بـابەتە مـۆتیـفی سـەرەکـیی بەسـەرهـاتەکانی ئەفسـانەیە لە هەمـوو زەمەندا؟

**کەمبڵ:** نەخێر، تەماشاکردنی ژیان وەک ئەزموون و میحنەتێ کە لەمیانەیدا مرۆڤ لە کۆتەکانی ڕزگاری دەبێت بیرێکە پەیوەستی بە ئاینە باڵاکانەوە هەیە. بڕواناکـەم لە میتۆلۆژیای بۆمییەکاندا شتی وەها هەبێت.

**مویرز:** کەواتە سەرچاوەکەی چییە؟

**کەمبڵ:** نازانم، ڕەنگە لەو کەسانەوە سەرچاوەی گرتبێت کە خاوەن هێزی ڕۆحی و قوڵاییی زیاترن، لە ژیانیشیاندا وا مومارەسەی ئەزموونی ژیانیان کردووە، کە نەگونجاوە لەگەڵ لایەن و مەودای ڕۆحیی بوونیان.

**مویرز:** تۆ دەڵێی دەستەبژێرەکان، شەمەنەکان shamans و هونەرمەندو کەسانی تر ئەفسانە دروست دەکەن، ئەوان کۆچێک بەرەو نادیار ئەنجام ئەدەن پاشان دەگەڕێنەوە تاوەکو ئەم ئەفسانانە دروست بکەن، ئەی خەڵکە ئاساییەکان چی؟ ناکرێ بوترێ کە ئەوان چیرۆکەکانی بابەتی paul Bunyan یان گێڕاوەتەوە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ڕاستە بەڵام ئەمانە ئەفسانە نین، ئەمانە ناگەنە ئاستی ئەفسانە، دەڵێن کە پێغەمبەرو کەسانی تر لەهیند کەپێیان دەوترێ: (ڕیشی Rishi) پەڕتووکی پیرۆزیان بیستووە، باشە هەرکەسێ دەتوانێ گوێی بۆ پەڕتووکی پێرۆز هەڵخات، بەڵام هەرکەسە ئەو توانایەی نییە کە بەڕاستی گوێ لەپەڕتووکی پیرۆز بگرێت.

**مویرز:** (ئەو کەسەی کە گوێی بیستنی هەیە، لێی گەڕێ با گوێ بگرێ).

**کەمبڵ:** بەڵام دەبێ ڕاهاتنێک هەبێت کەیارمەتیت دەدا تاگوێکانت بکەیتەوە بۆ ئەوەی لەجیاتی گوێگرتن لە مانا لەفزیو بینراوەکان بتوانی گوێ بۆ خوازیارەکان هەڵخەیت. فرۆیدو یۆنگ هەستیان دەکرد کە ئەفسانە لە ناهۆشمەندییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوەی کارێکی داهێنەرانە دەنووسێتەوە چاک ئەوە دەزانێ کەتۆ خۆت بەدەستەوە دەدەیت خۆت دەخەیتە خزمەتەوە، پەڕتووکەکەش لەگەڵ تۆدا دەکەوێتە گفتوگۆو خۆی بونیاد دەنێ، بەجۆرێک تۆ وا هەست دەکەی شتێکت دەست کەوتووە، یاخود شتێکت پێ بەخشراوە کەپێی دەوترێ حۆری یان بەزمانی تەورات پێی دەوترێ (خودا) ئەمەش نەخەیاڵەو نەوەهم، ئەمە حەقیقەتە، لەبەرئەوەی ئیلهام لە ناهۆشمەندییەوە سەرچاوە دەگرێ و لەبەرئەوەی کە ناهۆشمەندیەکان لەهەر کۆمەڵگەیەکی بچووکدا هاوبەشیی فراوانیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، ئەوەی شامان یان گێڕەوە دەیخاتەڕوو،



شتێکە هەمووان چاوەڕوانی مەترەحکردنێین. هەر لەبەر ئەم هۆیەش کاتێ کەسێ کە گوێی لە بەسەرهاتی گێڕەوە دەبێت، یەکسەر دەڵێ:(ئۆو ئەمە چیرۆکی منە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە هەمیشە دەمویست، بیگێڕمەوە، بەڵام نەمدەتوانی.) دەبێ جۆرێک لە دایەلۆگ و باسو خواس و کارلێکردن لەنێوان حیکایەتبێژ و کۆمەڵدا هەبێت، ئەگەر هاتو حیکایەتبێژ لە گوێگرانی کۆمەڵدا تێبینی کرد کە ئەوان هەندێ شت هەیە حەزیان نییە گویان لێ بێ، ئەو کاتە ئەو حیکایەتبێژە کەسێکی بێ کەڵکەو هەندێ کات کۆمەڵگە نابوودی دەکات.

**مویرز:** ئێمە کاتێک باس لە چیرۆکی فۆلکلۆری دەکەین، باس لە ئەفسانە ناکەین، بەڵکو باس لەو چیرۆکانە دەکەین کەخەڵکی بۆ کات بەسەربردن دەیگێڕەوە، هەروەها ئاستێک لە بوون ڕادەگەیەنن کە نزمترە لە زیارەتە مەعنەوییە مەزنەکان.

**کەمبڵ:** بەڵێ، چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ کات بەسەربردنە، بەڵام ئەفسانە بۆ پەروەردەکردنی ڕۆحییە، لەهیندستان دابەشکردنێکی جوان هەیە دەربارەی ئەم دوولایەنەی ئەفسانە، ئەندێشەی میللی و ئەندێشەی سەرەتایی. ڕووی نەتەوەیی (desi)ی پێ دەوترێ کە بەمانای (ویلایەتێک) کە پێوەندیی بەکۆمەڵگەی خودی تاکەوە هەیە. ئەم بەشە بۆ لاوانە، لەم ڕێگەیەوە لاوان دێنە نێو کۆمەڵگەو فێردەبن کەبڕۆنە دەرەوە و دێو بکوژن. دەوترێ – (برۆ ئەمە ملوانکەی سەربازی و ئەرکێکمان پێ بەخشیوی) بەڵام بیرێکی تری سەرەتاییش هەیە بەسانسکریتی پێی دەوترێ marga بەواتای ڕێگە یان ڕێڕەو؛ ئەم ڕێگەیە بەرەو خودی خۆت دەگەڕێتەوە. ئەم ئەفسانانەیە لە خەیاڵەوە دێ و بۆ خەیاڵ دەگەڕێتەوە. کۆمەڵگە فێرت دەکات کەئەم ئەفسانانە چین، پاشان بەجۆرێک بەتاڵت دەکاتەوە کەوات لێ دەکات لەچاودێرییەکانتدا ڕێگەی ڕاست بگریتەبەر.

شارستانییەتەکان لەسەر ئەفسانە بونیادنراون، بۆ نموونە شارستانییەتی سەدەکانی ناوەڕاست بونیادنرابوو لەسەر ئەفسانەی دەرکردن لە بەهەشت و تەواوبوون لەسەر خاچ و گواستنەوەی نیعمەتی ئازادکردنی مرۆڤ لەڕێگەی

قوربانیی پیرۆزەوە، کلیساش سەنتەری ئەم قوربانییەبوو. بەڵام قەڵا سەنتەری بەرگریکردن لە کلیسابوو، لەڕاستیدا دوو شێوە لە دەسەڵات هەبوو، دەسەڵاتی ڕۆح و دەسەڵاتی ژیانی جەستەیی، هەردووکیشیان لەسەر یەک سەرچاوە ڕێک بوون، ئەویش سەرچاوەی نیعمەتی خاچ بوو.

**مویرز:** بەڵام لەبۆشاییی نێوان ئەم دوو بوارەدا، خەڵکی ئاسایی سەرقاڵی گێڕانەوەی چیرۆکی جنۆکە و سیحر بازان بوون.

**کەمبڵ:** لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سێ سەنتەری داهێنانی ئەفسانە و چیرۆکی فۆلکلۆری هەبوون: یەکەمیان کلیساو هەموو ئەو پێکهاتانەی کە پەیوەست بوون بەدێرو زاویەکان. دووەم قەڵا، سێیەم ماڵ و کولبە(کوخە)ەکان واتە ئەو جێگایانەی کە مرۆڤ تێیاندا دەژیا. کلیسا، قەڵاو کولبە – گەر ڕووبکەیتە هەر بوارێک لە بوارە باڵاکانی شارستانی هەر هەمان شت بەدی دەکەیت: پەرستگاو کۆشک و شار یان لادێ، ئەم سەنتەرانە سەنتەری بەرهەمهێنانن، بەڵام لەبەرئەوەی یەک شارستانین، هەموو ئەمانە لەیەک بواری سیمبولیدا دەسووڕێنەوە.

**مویرز:** یەک بواری سیمبولی؟

**کەمبڵ:** بواری سیمبولی، لەسەر بناغەی ئەزموونی کەسەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و کات و شوێنی دیاریکراودا بونیاد نراوە، ئەفسانە بەپێوەندییەکی پتەو بەکولتوور و زەمەن و شوێن بەستراوەتەوە ؛ بەجۆرێک ئەگەر لە ڕێگەی بەردوام دووبارە دروستکردنەوەی سیمبول و خوازیارەکان بەڕێگەی هونەری نەتوانرا پارێزگاری ئەو سیمبول و خوازیارانە بکرێت، ئەوا ئەو کاتە ژیان لەدەست دەدەن.

**مویرز:** بەڵام ئەمڕۆ چ کەسێک بەخوازیارەکان دەدوێ؟

**کەمبڵ:** هەموو شاعیران، شیعر زمانێکی خوازیارییە.

**مویرز:** خوازیاری ئاماژە بەتوانا دەکات.؟

**کەمبڵ:** بەڵێ بەڵام ئاماژە بەڕاستێتیش دەکات، ئەو ڕاستییەی لە پشتی لایەنی



بینراودا خۆی حەشارداوە، خوازیاری دەمامکی خوایە، لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانرێ نەمری تاقی بکرێتەوە.

**مویرز:** تۆ باسی شاعیرو هونەرمەندان دەکەیت، ئەی پیاوانی کلیسا چی؟

**کەمبڵ:** بەبڕوای من پیاوە ئاینییەکان بەڕاستی لای ئێمە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام نادەن. ئەوان باس لە چەمکە ناوکۆییەکانی خوازیاری ناکەن، بەڵکو ئەوان دەستبەرداری ڕەوشتەکانی چاکەو خراپە نین.

**مویرز:** بۆچی قەشەکان جێگای شەمەنەکان ناگرنەوە؟

**کەمبڵ:** جیاوازیی نێوان قەشەو شەمەن ئەوەیە کەقەشە کەسێکی ئەرکدارە، بەڵام شەمەن کەسێکە خاوەن ئەزموونە. لەکولتووری ئێمەدا ڕەبەن بەدووی ئەزموونەدا دەڕواو قەشەش کەسێکە خوێندنەوەی ئەکادیمیی ئەنجام داوە تا خزمەت بەکۆمەڵگە بکات.

هاوڕێیەکم هەبوو بەشداریی کردبوو لە کۆبوونەوەی نێو دەوڵەتیی تیمەکانی چاودێریی کاسۆلیکی ڕۆم لە بانکۆک. دەیوت: ڕەبەنەکانی کاتۆلیک و بوودیستەکان هیچ گرفتێکیان لەگەڵ یەکتری نەبوو، بەئاسانیش لە یەکتری دەگەیشتن، بەڵام ڕۆحانییەکانی ئەم دوو ئاینە، ئەو توانایەیان نەبوو کە لەیەکتری بگەن.

کەسێ بەئەزموونی سۆفیگەریدا تێ دەپەڕێ، بۆی دەردەکەوێ کە گشت گۆڕانکارییە سیمبولییەکانی خۆی عەیبدارن. سیمبوڵەکان ئەزموون ناگوێزنەوە، بەڵام ئاماژەی پێ دەکەن، گەر ئەزموونێکت تاقی کردبێتەوە چۆن دەزانی ئەو ئەزموونە چییە؟ هەوڵ دە باسی خۆشیی وەرزشی خلیسکانی سەر بەفر بۆ کەسێک بکە کە لە ناوچە گەرمەسێرەکان دەژی و لە ژیانیدا بەفری نەدیوە، کەواتە لەم حاڵەتەدا دەبێ ئەزموونێک هەبێت، بۆ ئەوەی پەیامەکەت بگەیەنیت، دەبێ هەندێ کلیل هەبن، گەر وانەبێ ئەو شتەی دەیڵێی کەس ناتوانێ گوێی لێ بگرێ.

**مویرز:** کەسێک کە بەئەزموونێکدا تێ پەڕیوە، تا بۆی دەکرێت دەبێت لە ڕێگەی وێنەوە بیرێکی ڕاست دەربارەی ئەو ئەزموونە پێشکەش بکات، پێم وایە

لەکۆمەڵگەکەماندا هونەری بیرکردنەوە لەقاڵبی وێنە زەینییەکانمان لەدەست داوە.

**کەمبڵ:** بێگومان لە دەستمان داوە، زۆربەی بیرکردنەوەمان بوون بەبیرکردنەوەی لۆجیکی، بیرکردنەوەیکی بێ هەست و بیرکردنەوەمان زیاتر سەرزارەکییەو لەسەر یەک هێڵ دەگوێزرێتەوە، لەوێدا وێنەکان تارادەیەک زیاتر لە وشەکان ڕاستییان تێدایە.

**مویرز:** ئایا قەت ئەوەت بەبیردا هاتووە، کە نەبوونی ئەزموونی ئاینیی پڕ چێژو گەشکە، ئینکارکردنی خودا لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا وای کردووە ژمارەیەکی زۆر لە لاوانمان، پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان؟

**کەمبڵ:** زۆر ڕاستە ئەم کارەشیان ڕێگەیەکە بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەوە.

**مویرز:** مەبەستت لەناوەوە چییە؟

**کەمبڵ:** ناوەوەی ئەزموونێک.

**مویرز:** نە ئاین و نەهونەریش ناتوانن ئەمەت بۆ بەدی بێنن.

**کەمبڵ:** هونەرو ئاین دەتوانن ئەوە بەدی بێنن، بەڵام جارێ ئەم کارە بەئەنجام ناگەیەنن، ئاینەکان لەجیاتی ئەوەی خەریکی ئەزموونە سۆفیگەرییەکان بن، زیاتر خەریکی پرسی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتن.

**مویرز:** کەواتە تۆ پێت وایە داوەتی مەزنی ئاین بریتییە لە ئەزموون.

**کەمبڵ:** یەکێک لە دیاردە سەرسوڕهێنەرەکانی ئاینی کاسۆلیک بەشداریکردنتە لەشێوی خودایانە. لەوێدا فێرت دەکەن کە جەستەو خوێن مرۆڤ ڕزگار دەکات. ئێوە ئەو جەستەو خوێنە بەرەو ناخی خۆتان دەبەن و، پاشان بۆ ناخی خۆتانی دەگەڕێنیتەوە، ئەو کاتە تێبینی دەکەی مەسیح لەناخی تۆدا دەست بەکارە. ئەم ئاینە یەکێکە لەشێوە ئیلهام بەخشەکانی چاودێریکردن، لە بواری ئەزموونی ڕۆح لە جەستەی تاکدا. گەر بڕوانی، دەبینی ئەو کەسەی لەم ڕێوڕەسمەدا دەگەڕێتەوە،



لەڕاستیدا بۆ ناوەوەی خۆی گەڕاوەتەوە.

لە هیندستان شایەدی بینینی ڕووداوێک بووم، لەو ڕووداوەدا بازنەیەکی سووریان بەدەوری بەردێکدا دەکێشا، پاشان وەک بەرجەستەکردنێکی سیمبولی ئەو بەردە تەماشا دەکرا. تۆ بەردەوام لە سنووری کردەدا دەڕوانیتە شتەکان، بەڵام دەتوانی بیر لەهەر لایەنێکی سیمبولیی ئەو شتە بکەیتەوە. بۆ نموونە، ئەمە کاتژمێرێکی دەستییەو لە هەمان کاتیشدا شتێکەو بوونی هەیە. دەتوانی ئەو کاتژمێرە بهێنیتە خوارەوەو، بەدەوریدا بازنەیەک بکێشی و، لە دورەوە تەماشای بکەیت، ئەم مەسەلەیە پێی دەوترێ مەسەلەی پیرۆزی.

**مویرز:** مەبەستت چییەو، چ شتێک بەو کاتژمێرەی لەدەستتدایە دەتوانین ئەنجام بدەین؟ هەروەها ئەو کاتژمێرە دەتوانێ چ نهێنییەک ئاشکرا بکات.

**کەمبڵ:** ئەم کاتژمێرە شتێکە، وانییە؟

**مویرز:** بەڵێ وایە.

**کەمبڵ:** ئایا دەزانی شتێک یانی چی و چ شتێک ئەو شتە دەهێڵێتەوە؟ ئەم شتە شتێکە لەکات و شوێندا هەیە. بیرکەرەوە چەندێ نهێنی ئامێزە شتێک کە شت بێت، بەم جۆرە کاتژمێر دەبێ بەسەنتەرێک بۆ چاودێری، سەنتەری نهێنییەکی زانراوی بوون کە لە هەموو جێگەیەدایە. ئەم کاتژمێرە ئێستا سەنتەری گەردوونە. خاڵێکی ڕاوەستاوە لە دنیایەکی جووڵاودا.

**مویرز:** ئەو چاودێرییە بەرەو کوێت دەبات؟

**کەمبڵ:** پێوەندیی بەوەوە هەیە تا چ ڕادەیەک تۆ ئامادەیی ڕۆیشتنت هەبێ؟

**مویرز:** ئێوە باس لە مەسەلەی باڵایی TRANSENDENT دەکەن. مەبەست لەم وشەیە چییە، ئەو کەسەی کە لەڕێرەوی باڵاییدایە چی لێ بەسەر دێت؟

**کەمبڵ:**TRANSENDENT ئەم وشەیە بەمانای مەسەلەی باڵایی، زاراوەیەکە، تەکنیکی فەلسەفی، بەدوو شێوەی جیاواز وەرگێڕدراوە. لە خوداناسیە مەسیحیدا ئاماژەیە بۆ

خودا، بەو سیفەتەی خودا بوونەوەرێکە لە پشت یان لە دەرەوەی سروشتە. ئەم شێوە باسکردنەوەی مەسەلەی باڵایی TRANSENDENT، باسکردنێکی ماتەریالیانەیە، لەبەرئەوەی ئاماژە بەخودا دەکرێ وەک واقیعێکی ڕۆحی کە لە دەرەوە یا لەجێگایەک بوونی هەیە. هێگڵیش کە باسی خودای شێوە مرۆڤی کردووە شوبهاندوویەتی بەبڕبڕەدارێکی گازئاسا، ئەو ڕوانینەی کە زۆربەی مەسیحییەکان دەربارەی خود هەیانە. یاخود شوبهاندنی بەپیرە پیاوێکی ڕیشنی نوورانی و ڕۆح سووک، بەڵام وشەی باڵایی TRANSENDENT مانای هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێ کە لە دەرەوەی ڕوانینەوەن. کانت دەڵێ: هەموو ئەزموونەکانمان پەیوەستن بەکات و شوێنەوە. ئەم ئەزموونانە لە چوارچێوەی شوێن و لە میانەی زەمەندا ڕوودەدەن.

زەمەن و شوێن کۆمەڵێ هەستیاری پێک دێنن کە ئەزموونەکانمان لەناخی ئەواندا ڕوودەدەن. هەستەکانمان لەبواری زەمەن و شوێندا ئابلۆقەدراون، زەینیشمان لە چوارچێوەی چەمکەکانی ئەندێشەدایە. بەڵام ئەم شتە ڕەهایە(کەشت نییە) هەوڵ دەدەین پێوەندیی لەگەڵدا بەرپا بکەین، ئەوەندە ئابلۆقەدار نییە کە نەتوانین بیگەینێ. خۆمان کاتێ هەوڵی بیرکردنەوە دەربارەی ئەو شتە دەدەین وای لێ دەکەین ببێتە شتێکی ئابلۆقەدار. مەسەلەی باڵایی TRANSENDENT باڵاترە لە هەموو چەمکەکانی بیر. بوون و نەبوونیش دوو چەمکن. واژەی (خوا) لەڕاستیدا ئاماژەیە بەهەموو ئەو شتانەی لە سەرووی بیرکردنەوەن، بەڵام ئەم واژەیە خۆشی شتێکە بیری لێ کراوەتەوە.

کەواتە بەشێوەی جۆراوجۆر دەتوانی بەرجەستەی خودا بکەی. ئایا تەنیا یەک خودا هەیە. ئایا فرە خودایی بوونی هەیە؟ ئەمانەش تەنیا کۆمەڵێ چەمکی فیکرین. ئەوەی ئێمە باسی دەکەین و هەوڵ دەدەین بیری لێ بکەینەوە، لە هەموو ئەم شتانە باڵاترە.

بەوجۆرەی کە لە دەقە عیرفانییە مەسیحییە کۆنەکاندا هاتووە، یەکێک لە گرفتەکانی یەهوو ئەوەیە بیری دەچێت ئەو خوازراوێک بوو؛ یەهوو وای زانی ڕاستییەکە. ئەو کاتەی وتی: (من خوام) دەنگێگ بەرزبووەوەو پێی وت: (تۆ هەڵەی سماییل samael) وشەی سماییل بەمانای (خودای کوێر) ە واتا نابینا بەرامبەر بەو



تیشکە بێ کۆتاییەی کە یەهوو لەبەرامبەریدا تەنیا دەرکەوتنێکی مێژوویی و ناوخۆیی ئەو ڕووناکییەیە. ئەمەش بەیەکێک لە کفرەکانی یەهوو دادەنرێ، چون وای زانی خودایە.

**مویرز:** ئێوە دەڵێن ناکرێ خودا بناسرێتەوە.

**کەمبڵ:** مەبەستم ئەوەیە هەرچییەک کەڕەهایە، لەپشتەوەی چەمکەکانی بوون و نەبوونە. هەیە یا نییە؟ دەڵێن بوودا وتوویەتی: (ئەو لەیەک کاتدا هەیە و نییە، نە هەیە و نە نییە.) لەبەرئەوەی خودا نهێنییەکی ڕەهایە کەواتە لەپشتەوەی چوارچێوەی هەموو بیرکردنەوەیەکە.

لە یەکێک لە ئوپانیشادەکاندا چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر دەربارەی خودای ئیندراIndra هەیە. ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەژدیهایەکی زەبەلاح هەرچی ئاوی سەرزەمین هەبوو، لە سەرچاوەوە گرتی، قاتوقڕی و وشکایی هەموو جێگایەکی گرتەوە، حاڵەتێکی زۆر خراپ سەرتاپای هەموو دنیای گرتەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو ئیندرا بیری کردەوە کە سندووقێکی پڕ لە برووسکەی پێیە، هەرچییەک لەو کاتەدا دەیتوانی ئەنجامی بدات، ئەوەبوو هەستێ و سندووقەکە بکاتەوەو ئەو برووسکەیە بەسەر ئەژدیهاکەدا دابارێنێ و لەناوی بەرێ. کاتێ کە ئەم کارەی ئەنجام دا هەرچی ئاو هەبوو لە سەرچاوەوە کرانەوە و خوڕەیان تێ کەوت، دووبارە جیهان نوێ بووەوە، ئیندرا وتی: (من چ کوڕێکی گەورەم).

ئیندرا بەم ڕوانینەی، (من چ کوڕێکی گەورەم) دەچێتە سەر کێوی گەردوون، کە کێوێکی مەرکەزییەو بڕیاردەدا، لەو جێگەیە کۆشکێک بونیاد بنێ کە لەگەڵ شانوشکۆی بگونجێ. دارتاشی خودای مەزن دەچێتە ئەو جێگایە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، پاش وەرگرتنی فرمانی بەپەلە، دەستبەجێ دەست بەکار دەکاو کۆشکە بەپێی هەلومەرج بونیاد دەنێ، بەڵام هەرجارێک ئیندرا بۆ بینینی کۆشکەکەی دێت، بیری مەزنتر دەخاتە بەردەست کابرای دارتاش، لە بارەی ئەو شکۆ و مەزنییەی کە ئەم کۆشکە دەبێ هەیبێ. سەرئەنجام، دارتاشەکە دەڵێ:(خودای من، هەردووکمان نەمرین، حەزەکانی ئەو کۆتاییان نایە، منیش هەتا هەتایە بەدەستییەوە گرفتار

بووم.) بۆیە بڕیار دەدا بچێتە لای بەرەهما، خودای پەروەردگار و شکایەتی لێ بکات.

بەرهما لەسەر گوڵێکی نیلۆفەر دانیشتووە، ئەو گوڵە سیمبولی وزەو بەرەکەتی خواییە. ئەم گوڵە لەسەر ناوکی ڤیشنۆ vishno دەڕوێ، ڤیشنۆش خودای خەونەو، خەونەکانیشی گەردونین، بۆیە دارتاش هاتە سەر ڕۆخی کەناری گوڵی نیلوفەرو بەسەرهاتەکەی بۆ بەرەهمای خودا گێڕایەوە، بەرەهماش پێی وت: برۆ ماڵەوە خۆم ئەم گرفتە چارەسەر دەکەم) بەرەهما لەسەر گوڵە نیلوفەرەکە هاتە خوارێ و چەمایەوە تا بەگوێی ڤیشنۆی نووستوودا بچرپێنێ، بەڵام ڤیشنۆ تەنیا شتێک کە توانیی بیکات ئەوەیە سەری ڕاوەشان و شتێکی وت لەبابەتی ئەم ڕستەیەی خوارەوە: (گوێ بگرە، بفرە،شتێک ڕوو دەدات). بۆ ڕۆژی دوایی لەبەردەم ئەو کۆشکەی کاری بونیادنانی تێدا دەکرا، لاوێکی ئەسمەری شۆخ دەرکەوت و ژمارەیەک منداڵ لە دەوروبەری وەستابوون و تەماشای جوانییەکەی ئەو لاوەیانم دەکرد. دەرگاوانی کۆشکەکە بەهەڵەدوان خۆی گەیاندە لای ئیندرا، ئیندراش وتی: (باشە ئەو کوڕەم بۆ بێنن). کوڕە بۆ نێو کۆشکەکە ڕێنوێنی دەکەن، ئیتدرا کە شایە و لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە، دەڵێ: (کوڕی لاو بەخێرهاتی، چی تۆی بۆ ئەم کۆشکەی من هێناوە؟)

کوڕەش بەدەنگێکی تریشقە ئاسا کە لە ئاسۆدا دەنگ دەداتەوە، وەڵام دەداتەوە، (بیستبووم تۆ کۆشکێک دروست دەکەی کە هیچ ئیندرایەک پێش تۆ کۆشکی وەهای دروست نەکردووە.)

ئیندراش دەڵێ: (ئیتدراکانی پێش من! کوڕی لاو ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت.؟)

کوڕە دەڵێ: (پێش تۆ ژمارەیەکی زۆر ئیتدرای ترم بینیوە، ئیندراکان دێن و دەچن، تەنیا بیر لە ڤیشنۆ بکەرەوە کە لە ئۆقیانووسی گەردووندا دەنوێ و لە ناوکێوە گوڵی نیلوفەری گەردوون دەڕوێ. بەرەهمای پەروەردگار لەسەر گوڵی نیلوفەر دادەنیشێ. بەرەهما چاوی دەکاتەوەو جیهانی بوون دەدۆزێتەوە و ئیتدرایەک دەبێ بەفەرمانڕەوای. بەرەهما چاوەکانی دادەخا جیهانی بوونی هەرەس دێنێ. ژیانی بەرەهمایەک (٤٣٢) هەزار ساڵە. کاتێ کە ئەو دەمرێ گوڵی نیلوفەریش دەگەڕێتەوە،



نیلوفەرێکی ترو بەرەهمایەکی تر دەردەکەون. هەروەها بیرێک لە ڕێسمان بکەرەوە کە لە بۆشاییەکی بێ کۆتاییدا یەک بەدوای یەکدا دێن، لە هەریەک لەو ڕێسمانانە نیلوفەرێک هەیەو بەرەهمایەکی لەسەر دانیشتووە و چاوی خۆی دەکاتەوە و دای دەخات. ئیتدراکانیش زۆرن، ڕەنگە لە کۆشکەکەی تۆدا ئەوەندە کەسانی هۆشمەند هەبن بتوانن دڵۆپەی باران بژمێرن لە ئۆقیانووسەکانی جیهاندا، یان بتوانن دەنکە لمی کەنار دەریاکان بژمێرن، بەڵام کەس نییە بتوانێ ژمارەی بەرەهماکان بژمێرێ، واز لەو ئیتدرایە بێنە).

کاتێ کە کوڕە خەریکی قسان بوو، سوپایەک لە مێرووله بەسەر زەویدا دەڕۆیشتن، کوڕە کاتێ چاوی بەم دیمەنە کەوت پێ کەنی، بەڵام ئیتدرا تووکی توڕەیی دایگرت و بەکوڕەی وت: (بۆ پێ دەکەنی؟) کوڕە وتی: گەر ئامادە نیت ئازار بچێژی مەپرسە.)

ئیتدرا دەڵێ: (بۆیە پرسیار دەکەم تافێربم) (ئەم خاڵە پەندێکی ڕۆژهەڵاتیی جوانە: تا نەپرسی فێرنابێ و بەزۆریش پەیامی خۆت بەسەر خەڵکیدا مەسەپێنە.

بەم جۆرە کوڕە ئاماژەی بە مێروولەکان کردو وتی: ئەوانە هەموویان ئیتدرای پێشوون، پاش ماوەیەکی کەم لەماوەیەکی زۆر کورتدا مێروولەکان سەردەکەون لەوپەڕی حاڵەتی خوارەوە بۆ ئەوپەڕی ڕووناکی، لەوێوە برووسکەیان دادەبارێننە سەر ئەژدیهاکە و بیردەکەنەوە(چ کوڕێکی باشم من) جارێکی تر دادەبەزنە خوارەوە.

کاتێ کەکوڕە سەرقاڵی قسەکردن بوو یۆگییەکی پیری ئەتوار سەیر هاتە ژوورەوە بۆ نێو کۆشکەکە، چەترێک لەگەڵای مۆز دروستکراو بەسەر سەرییەوەیە، پیرە ڕووتو قووتە تەنیا پارچەیەک ناوچەی شەرمگای داپۆشیوە، تۆپەڵێ تووک بەسەر سنگییەوەیە کەچی تووکەکانی تری سەر سنگی هەر هەمووی هەڵوەریون.

پیرە سڵاوی لەکوڕە کردو، ئەو پرسیارەی کەئیتدرا بەتەما بوو لێی بپرسێ،

کوڕە لێی کرد: ناوت چییە پیرەپیاو؟ لەکوێیەوە هاتووی؟ خێزانەکەت کێیە؟ ماڵت لەکوێیە؟ ئەم تۆپەڵە قژەی سەر سنگت چی دەگەیەنێ.

پیاوە پیرەکە وتی: زۆرچاکە، من ناوم تووکنە، ماڵم نییە. ژیان لەوە کورتترە کە ماڵت هەبێ. تەنیا خاوەنی ئەم چەترەم. خێزاندار نیم تەنیا لەبەر پێیەکانی ڤیشنۆ پاسەوانی دەکەم، بیر لە نەمری و بەسەرچوونی زەمەن دەکەمەوە. دەزانی هەرکاتێ

که ئیتدرایەک دەمرێ دنیایەک لەناو دەچێت، هەموو شتێک وەک تیشکی ڕووناکی ڕێ دەکات. هەر کاتێ ئیتدرایەک دەمرێ موویەک لە بازنەی مووەکانی سەر سنگم کەم دەبنەوە. ئێستا نیوەی مووەکان هەڵوەریون. هەر بەم زووانە هەر هەموویان هەڵدەوەرێن. کاتێ ئەوەندە ژیان کورت بێ. دروستکردنی خانوومان بۆچییە؟

پاشان هەردووکیان ون دەبن. ئەو دووانە یەکەمیان کوڕە لاوەکە فیشنۆ بوو، فیشنۆ خوای پارێزەر، دووەمیان کابرای پیرەش شیڤابوو، شیڤای خوڵقێنەرو وێرانکەر هاتبوو تا هۆشداری ئیتدرا بدات، لەکاتێکدا ئیتدرا وا تێ گەیشتبوو هەموو شت هی ئەوە، بەڵام ئەو پێی ڕاگەیاند کە تۆ خودای مێژووی.

پاش ئەوەی نائومێدی سەرتاپای جەستەی داگرت و بەتەواوی تووشی سەرسامبوون بوو، لەسەر کورسیی دەسەڵاتی دانیشت و بانگی دارتاشەکەی کردو پێی وت: وازم لە دروستکردنی ئەم کۆشکە هێناو تۆشم لەم کارە مەرەخەس کرد، بەم جۆرە ئەوەی دارتاشەکە دەیویست هاتەدی، لە کارەکەی مەرەخەس کراو چیتر دروستکردنی ئەو ساختمانە لە ئارادا نەما.

بەڵام ئیتدرا بڕیار دەدات واز لەتاج و تەختەکەی بێنێ و ببێ بەیۆگی، تەنیا کاری ئەوەبێت کە لەپاین پای نیلوفەرێکدا پاسەوانی بکا، ئیتدرا شازادەیەکی جوانی هەبوو ناوی ئیتدەرنی بوو کاتێک ئیتدەرنی بیستی کەمێردەکەی بەتەمای چییە، چووە لای کاهینی خواکان و پێی وت: مێردەکەم وا لە کەڵلەی داوە ڕوو بکاتە دەشت و دەر و ببێ بەهێوگی).

کاهینەکەش پێی وت: باشە، وەرە باپێکەوە بیرێک لەم پرسە بکەینەوە.

لە بەرامبەر تەخت و تاراجی شادا دانیشتن و کاهینەکە دەڵێ: (چەند ساڵێ پێش ئێستا پەڕتووکێکم دەربارەی هونەری سیاسەت بۆت نووسی. پلەو پایەی تۆ پاشای خوداکانە. تۆ یەکێکی لە نیشاندەرانی سیمبولی بەرەهما لەبواری زەمەندا . ئەمەش پلەوپایەکی مەزنە. ڕێزی ئەو پلەوپایە بگرەو شانازیی پێوە بکە، بەوجۆرەی لەواقیعدا هەی بەردەوام بە لەسەر ژیانت. سەرەڕای ئەوەش، ئێستاش مەبەستمە پەڕتووکێکت دەربارەی هونەری عێشق بۆ بنووسمەوە، تاتۆ و هاوسەرەکەت بۆتان دەرکەوێ کە لەنهێنیی سەرسوڕهێنەری دووانا کە دەبن بەیەک، بەرەهما بەشەوقەوە ئامادەیە).



پاش ئەوەی ئیندرا گوێی لەم ڕێنوێنییانە دەبێت، بیری ماڵ بەجێ هێشتن و بوون بەیۆگی لە مێشکیدا دەردەکات و بۆی دەردەکەوێ کە لە ژیاندا دەتوانێ وەکو سیمبولێ نوێنەری نەمری یان بەرەهما بێت.

بۆیە هەریەک لە ئێمە بەجۆرێک لە جۆرەکان (ئیندرا)ی ژیانی خۆیەتی. دەتوانی هەڵبژێری، یان واز لە هەموو شتێک بێنی و ڕووبکەیتە دەشت و کێو و ببی بەیۆگی یان لە جیهاندا بمێنێتەوە، مانەوەیەک کەلەو ژیانەدا کاری خۆت وەکو کاری شاهانەو سیاسەت ئەنجام بدەیت یان وەک عاشقێ بەردەوام بیت لە عێشق و عێشقبازی لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکەت. بەبڕوای من ئەم ئەفسانەیە ئەفسانەیەکی زۆر جوانە.

**مویرز:** هەروەها ئەم ئەفسانەیە ڕاگەیەنەری زۆر شتە، ئەو شتانەی کەزانستی نوێ دەیاندۆزێتەوە، لەوانە دۆزینەوەی زەمەنی بێ کۆتایی.

**کەمبڵ:** هەروەها ڕێسمان و ڕێسمان و ڕێسمانی تریش هەیە، دەستنیشانکردنمان بۆ خوداو کوڕی خوداو نهێنییەکەی، مەسەلەیەکە تەنیا بەکەڵکی ئەم بەشە کورتەی زەمەن دێت.

**مویرز:** هەرچەندە کولتوور هەمیشە کاریگەریشی هەبووە بەسەر بیرکردنەوەمان دەربارەی مەسەلە ڕەهاکان.

**کەمبڵ:** کولتووریش دەتوانێ فێرمان بکات، بەرەو پشتەوەی چەمکەکان هەنگاو هەڵهێنین، ئەمەش ئەو شتەیە کەپێی دەوترێ ئاشناسازی. ئاشناسازیی ڕاستەقینە کاتێک ڕوو دەدات کەمەرشیدی ڕۆحی پێت بڵێ: (سانتاکلاز[٦]) بوونی نییە. سانتاکلاز، ڕوویەکی خوازراوی پێوەندیی نێوان دایک و باوک و مناڵەکانیانە. ئەم پێوەندییە هەیە، دەکرێ ئەم پێوەندییە تاقی بکرێتەوە، بەڵام سانتاکلاز تەنیا ڕێگەیەکە بەرەو ڕێنوێنیکردنی منالان بۆ درککردن بەم پێوەندییە.

ژیان لە ناوەرۆک و سروشتی خۆیدا نهێنییەکی ترسناکە، مەبەستم لە هەموو پرسەکانی ژیانە ئەوانەی لە ڕێگەی کوشتن و خواردنەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام وتنی

(1) Santa Claus

نەرێ بەژیان بەهەموو ئازارەکانییەوە، یان وتنی ڕستەی شاڵڵا ئەم کارە نەکرایە، هەڵوێستێکی منداڵانەیە.

**مویرز:** زۆربا دەڵێ: (دەردەسەرییە؟ ژیان خۆی دەردەسەرییە.)

**کەمبڵ:** تەنیا مەرگ دەردەسەری نییە. خەڵکی دەپرسن لێم، (ئایا گەشبینی دەربارەی جیهان؟) منیش دەڵێم: بەڵێ، جیهان شتێکی مەزنە بەو شێوەی کە هەیە، ناشتوانین ڕاستی کەینەوە، کەسیش ناتوانێ وای لێ بکات باشتر بێت و، هەرگیز ڕوونادات کە باشتر بێت. ژیان هەر بەو جۆرەیە، بیگرەو برۆ، یان وازی لێ بێنە، نەچاکی دەکەی نەجوانتری دەکەی.

**مویرز:** ئایا ئەم بۆچوونە ئەنجامەکەی هەڵوێستی سلبی نابێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خراپە؟

**کەمبڵ:** خراپەکاری شتێکە تێیدا بەشداری، گەر وانەبێ تۆ ناتوانی بژیت، ژیانت پەیوەستە بەخراپەکارییەوە. هەر کارێک کە بۆ کەسێکی تری ئەنجام دەدەی خراپەیە. ئەم بابەتە یەکێکە لە تەهلوکەکانی خوڵقاندن.

**مویرز:** ڕات چۆنە دەربارەی بیری چاکەو خراپە لە ئەفسانەکاندا؟ یاخود دەربارەی ژیان وەکو ململانێیەک لە نێوان هێزی تاریکی و ڕووناکی؟

**کەمبڵ:** ئەم بیرە بیرێکی زەردەشتییە و لەوێوە چووەتە نێو بیری جوولەکەو مەسیحییەوە، لە کەلەپوورەکانی ترشدا، چاکەو خراپە دوو شتی ڕێژەیین پێوەندییان بەو جێگایەوە هەیە کەتێیدا وەستاوی. ئەو شتەی بۆ کەسێک چاکەیە بۆ یەکێکی دی خراپەیە، کاتێکیش بۆت دەردەکەوێ کە جیهان چەند دزێوە لێی دوورناکەویتەوە بەڵکو بەردەوامی بەڕۆڵی خۆت دەدەی، دەبینی ئەم دزێویە تەنیا باکگراوندێکی ترسناکە: نهێنییەکی مەزن و گێژکەرە.

(سەرتاسەری ژیان خەماوییە) ئەمە یەکەمین وتەی بوودیزمە، خۆشی لە ڕاستیشدا هەروایە، ئەگەر ئەو بیرەش نەبووایە کە ژیان خەماوییەو سەرتاسەری فانییە ژیان بوونی نەدەبوو، دەبێ بەژیان بڵێی بەڵێ، وەک ژیانێکی شکۆمەند



تەماشای بکەیت بەو شێوەی کە هەیە ؛لەڕاستیشدا ئەم ژیانەش بەو جۆرەی خودا نەخشەی بۆ کێشاوە هەر بەو جۆرەیە.

**مویرز:** بەڕاستی تۆ بڕوات بەوە هەیە؟

**کەمبڵ:** ژیان بەو جۆرەی کە هەیە خۆشە، بڕواش ناکەم کەسێک هەبێت مەبەستی بێ کە ژیان بەو جۆرە دزێو بێت، بەڵام مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە هەیە. جیمس جۆیس لە ڕستەیەکدا کە ڕستەیەکی نەمرە دەڵێ: (مێژوو مۆتەکەیەکە هەوڵ دەدەم بێداربم لە دەستی.) ڕێگەی بێداربوون لەو مۆتەکەیە مانای ترس لەو مۆتەکەیە ناگەیەنێ، بەڵکو مانای زانینی ئەو حەقیقەتەیە بەو جۆرەی کە هەیە، دەرکەوتنی هێزێکی ترسناکە ئەو هێزەش خوڵقێنەرە بەهەموو توانایەوە. کۆتاییی شتەکان هەمیشە ئازاراوییە، بەڵام ئازاریش بەشێکە لە بوونی جیهان.

**مویرز:** بەڵام گەر هاتو ئەوەت وەک ئەنجامێکی کۆتایی قبووڵ کرد، ئەوا ناتوانی هەوڵی یاسادانان بدەیت و، لەهەر نەبەردێکدا بەشداری بکەی یان...

**کەمبڵ:** من وام نەوتووە.

**مویرز:** ئایا قبووڵکردنی هەر شتێک بەو شێوەی کە هەیە، ناکرێ دەرئەنجامێکی لۆجیکیی بێ؟

**کەمبڵ:** نەخێر ئەمە ئەو دەرئەنجامە پێویستە نییە لەو بۆچوونەوە وەدەست دێت. تا ئێستاش دەتوانی بڵێی: (بەشداریی ژیان دەکەم، دەڕۆم بۆ سەربازی، دەڕۆم بۆ جەنگ). هتد..

**مویرز:** (هەتا بۆم بکرێ باشترین کار ئەنجام دەدەم.)

**کەمبڵ:** بەشداریی ئەم گەمەیە دەکەم. ئەم ئۆپێرایە ئۆپێرایەکی قەشەنگە، بەڵام ئازاراوییە.)

پشتگیریکردن کارێکی قورسە. بەردەوام ئێمە بەمەرج و مەرجداری پشتگیریی شتێک دەکەین. ئێمە بەو مەرجە پشتگیریی جیهان دەکەین بەو مەرجەی بەو شێوەیە

بێت کەسانتاکلاز بۆی باس کردووین، بەڵام پشتگیریکردنی جیهان بەو شێوەی کە هەیە کارێکی دژوارە، ئەمەش شتێکە ئاینەکان باسی دەکەن. ئاین بەشداریکردنە لە ناخۆشترین کار، ئەویش کاری ژیانە، کاری ژیان واتە کوشتن و خواردنی شتێکی زیندوو ئەم کارانە بەیارمەتیی یەکتری ئەنجامی دەدەین، بەم شێوەیەش ژیان بەردەوامیی هەیە. پاڵەوان ئەو کەسەیە کە سەربەرزانە و ئابڕوومەندانە و سروشتییانە بەشداریی ژیان دەکات، نەک بەشێوەی ڕق و قین و تۆڵەکردنەوە.

بواری کاری پاڵەوان، بواری باڵایی نییە، بەڵکو لێرەدا ئێستا بواری زەمەن و چاکە و خراپە یان دوولایەنە دژەکانە. هەرکەسێک کە لە بواری باڵایی و مەزنی دێتە دەرەوە یەکسەر دەچێتە نێو بواری دوولایەنە دژەکان. کاتێ مرۆڤ لەبەری درەختی زانینی خوارد، تەنیا بۆ ئەوە نەبوو بزانێ چاکە و خراپە چییە، بەڵکو بۆ ئەوەش بوو بزانێ نێرو مێ، هەڵەو ڕاست، ئەم و ئەو چییەو بزانێ ڕووناکی و تاریکی چییە، هەرچییەک لە بواری زەمەندایە هەمیشە دوولایەنەیە، ڕابردوو و ئایندە، مردوو و زیندوو، بوون و نەبوون، بەڵام ئەو دووانەی کە لە خەیاڵدا باڵاترینن دووانەی نێرو مێیە، نێر هێرشبەرو مێ قبووڵکەرە، نێر جەنگاوەرو مێ خەوبینە. کەواتە دوو جیهانمان هەن جیهانی خۆشەویستی و جیهانی جەنگ، ئەوەی فرۆید ناوی ئیرۆس وساناتۆسی Eros&Thanatos لێ نا، هیراکلیتس وتوویەتی: هەمووشتەکان لای خودا چاک و دروست و داد پەروەرنانەن، لەبەرئەوەی مرۆڤە لەبواری زەمەن و بڕیارەکاندا دەژی بۆیە لای هەندێ شت لای ئەو ڕاستن و هەندێک ناڕاست. یەکێک لە گرفتەکانی ژیان ئەوەیە کەژیانێک بژیت کە ئاگاداری ئەم دوو ڕووەی خوارەوە بیت، ئەوەی کە دەڵێ: «دەزانم نێوەند چییە، چاکەو خراپەش تەنیا بریتین لە کۆمەڵی لادانی کاتی، بەڵام لە ڕوانگەی خوداوە هیچ جیاوازییەک نییە».

**مویرز:** ئایا ئەم بیرە ئەوە نییە کە ئوپانیشادەکاندا هاتووە؟

(نەمێیە، نەنێر، نەنێرەمووک. هەر جەستەیەک قبووڵ بکات، ئەو جەستەیە دەبێتە خزمەتکاری.)

**کەمبڵ:** ڕاستە. مەسیح دەڵێ: (کەس تاوانبار مەکە تا تاوانبار نەکرێی). بەشێوەیەکی تر، پێش ئەوەی بیر لە سنووری خراپەو چاکە بکەیتەوە، خۆت بخەرە





هەلومەرجی بەهەشتەوە، ئەو کاتە ئەو هەموو شتانەی لەمینبەری قەشەوە بەرزدەبنەوە ناگەنە گوێت. بەڵام یەکێک لە سەرچڵییە مەزنەکانی ئەم ژیانە ئەوەیە کە بڵێی: (بەڵێ) بەکێ و بەچی بڵێی بەڵێ، بەمرۆڤ و کارو ئەو حاڵەتانەی لەمێشکتدا ناپەسەندترینین.

**مویرز:** ناپەسەندترین؟

**کەمبڵ:** دەتوانی لە دوو لایەنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکەیت. لە لایەک داوەریکردن لەڕووی کردارییەوە لە لایەکی تریشەوە داوەریکردن وەک چاودێرێکی میتافیزیکی. بۆ نموونە ناتوانی بڵێی نابێ ماری ژەهردار هەبێت، لەبەرئەوەی ژیان ئەوەشی تیدایە. بەڵام لەبواری کرداریدا ئەگەر ببینی کەسێک خەریکە مار پێوەی دەداو تۆش مارەکە بکوژی. ئەم کردارە کرداری وتنی وشەی نەخێر نییە بەمار، بەڵکو نەخێرە بەو ڕووداوە. لەداستانی ڕیگ ڤیدا شیعرێکی جوان هەیە دەڵێ: (لەسەر درەخت)، واتا درەختی ژیان، درەختی ژیانی ئێوە، (دوو پەلەوەر دانیشتوون هەردووکیان زۆر دۆستی یەکترین، یەکێکیان میوەی درەختەکە دەخوات، ئەوی تریان هیچ ناخواو هەر تەماشا دەکات.) ئەوەی میوەکە دەخوات، میوەکە دەکوژێ. ژیان لەسەر ژیان بەردەوامی بەخۆی دەدات. هەموو پرسەکە ئا ئەمەیە دەکرێ لەبارەیەوە بوترێ. لە ئەفسانەیەکی بچووکی هیندیدا، باس لە چیرۆکی خودای مەزن شیڤا دەکات، ئەو شیڤایەی کە هەموو بوونەوەران تەنیا سەمایی ئەو بوون. هاوسەرەکەی خودای پەرواتی بوو شازادەی کێوەکان بوو. ئەژدیهایەک دێتە لایی و پێی دەڵێ: (دەمەوێ هاوسەرەکەت ببێ بەدۆستم.) شیڤا تووڕەیی دای دەگرێ و خوێن بەر چاوی دەگرێ، بەڵام هیچی نەکرد ئەوە نەبێ چاوی سێیەمی کردەوە، لەچاوییەوە برووسکەیەک دەرپەڕی و کێشا بەرەو و دووکەڵ و ئاگر دەرکەوت، کاتێ دووکەڵەکە ڕەوییەوە، ئەژدیهایەکی تر لەو جێگیەوە دەرکەوت، بەڵام ئەژدیهایەکی لەڕولاوازو تووکەکەی وەکو تووکی شێر ڕووی لە چوارلا کردبوو. ئەژدیهاکەی یەکەم بۆی دەردەکەوێ ئەوەندە لەڕولاوازەکە دەیەوێ بیخوات. گەر تۆ لە هەڵوێستێکی وەهادا بیت چی دەکەی؟ تەمێی ئاسایی دەڵێ: دەبێ بیدەیتە دەست ڕەحمەتی خودا، لەسەر ئەم بناغەیە ئەژدیهاکە دەڵێ: (شیڤا، من خۆم دەخەمە بەر ڕەحمەتی تۆوە). ئەم

گەمەی خوداییە بۆ خۆی یاسای خۆی هەیە. کاتێ کەسێ خۆی دەخاتە بەر ڕەحمەتی تۆوە، بێگومان تۆش ڕەحمی پێ دەکەی.

لەبەرئەو هۆیە شیڤا دەڵێ: (ڕوحمت پێ دەکەم. ئەی ئەژدیهای لەڕ و لاواز، مەیخۆ.

ئەژدیها لەڕو لاوازەکە دەڵێ: (باشە، زۆر چاکە چی بکەم؟ برسیمە. تۆ منت برسی کرد تا ئەو بخۆم.)

شیڤا دەڵێ: (زۆرچاکە خۆت بخۆ.)

بەوجۆرە ئەژدیها لەڕولاوازەکە دەست بەخواردنی خۆی دەکات، لەپێکانییەوە دەست پێ دەکات و مڵچە مڵچ هەتا سەرەوە دێت، ئەمەش وێنەیەکە لە ژیان کە لەسەر ژیان دەژی. سەرئەنجام لە ئەژدیهای لەڕولاواز تەنیا ڕوخساری دەمێنێتەوە. شیڤا تەماشای ڕوخساری ئەژدیهاکە دەکاو دەڵێ: «هیچ بەڵگەیەکم لەم بەڵگەیە مەزنتر KIRTIMUKHA نەدیوە دەربارەی ئەوەی کەژیان چییە، من ناوی کیرتیموخا واتا ڕوخساری شانازیت لێ دەنێم» دەشتوانی ئەم دەمامکە یان ڕوخساری شانازییە بەسەر دەرگای پەرستگەکانی شیڤاو لەسەر پەرستگەکەنی بوودادا ببینی: (ئەوەی کڕنووشت بۆ نەبات، ئەرزشی ئەوەی نییە بێتە لای من). بەم پەرجووە کەژیانەو بەو جۆرەی کە هەیە دەبێ بڵێی بەڵێ، نەک بەو جۆرەی کەپەیڕەویی فرمانەکانت بکات. ئەگەر وانەبێت ئەوا هەرگیز ناگەیت بەمەودای میتافیزیکی.

کاتێ لەهیندستان بووم حەزم دەکرد، ڕووبەڕوو چاوم بەبەخێوکەر یامامۆستای مەزن بکەوێ، بەم جۆرە ڕۆیشتم بۆ بینینی مامۆستایەک ناوی سیرکریشنامنون بوو، یەکەمین شتێک کە پێی وتم ئەمەبوو: (هیچ پرسیارێکت هەیە؟).

لەم کولتوورەدا، مامۆستا هەمیشە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. هیچ شتێکت پێ ناڵێ تا ئەو کاتەی ئامادەیی گوێگرتن نەبیت، بۆیە پێم وت: (بەڵێ پرسیارم هەیە.). گەر هزری ئاینی هیندی وای بۆ بچێت شتەکان هەر هەموو لە گەردووندا، ڕەنگدانەوەی خودی خودایی بێت، چۆن لەم دنیایەدا دەتوانین بەشتێک بڵێی نەخێر؟چۆن دەتوانین بەتوند و تیژی وبێ مێشکی و هیچ و پووچی بڵێین نەخێر؟).

ئەو لەوەڵامدا وتی: (بۆ من و تۆ تەنیا ڕێگا ئەوەیە بڵێین بەڵێ.)

پاشان دەستمان بەگفتوگۆیەکی قەشەنگ کرد لەمەڕ ئەم پرسە، پرسی



قبووڵکردنی هەموو شتەکان. دەرئەنجامی ئەم گفتوگۆیە بەهێزکردنی هێز و هەستی پێشووی من بوو دەربارەی ئەوەی کەئێمە کێین تا بڕیاربدەین و دەستی تاوان درێژ بکەین؟ بەبڕوای من ئەمەش یەکێکە لەوانە مەزنەکانی مەسیح.

**مویرز:** لە ئاینی مەسیحیی کلاسیکیدا دەبێ ژیانی ماددی بەقێزەونی تەماشاکرێ، ڕزگاربوون لە ژیان تەنیا لەو دنیا دێتەدی، لە بەهەشت ئەو کاتەی پاداشمان وەردەگرین، بەڵام تۆ دەڵێی گەر پێشوازیت لە شتێک کرد کە ڕەتی دەکەیتەوە، ئەوە مانای وایە لایەنگری هەمان ئەو دنیایەی کە لەئێستادا نەمریمان دەگەیەنێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەمە هەمان ئەو شتەیە من دەیڵێم. نەمری شتێک نییە پاشان دێت. تەنانەت نەمری زەمەنێکی دووروودرێژیش نییە. نەمری پێوەندیی بەزەمەنەوە نییە. نەمری مەودایەکە لێرەیەو لە ئێستادایە، کەتێیدا هەموو ئەندێشەکانی دنیایی دەپچڕێن. گەر نەمری لێرەدا بەدەست نەهێنی لە هیچ جێگەیەکی تر بەدەستی ناهێنی. مەسەلەی بەهەشت ئەوەیە تۆ تێیدا کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت، چیتر بیر لە نەمری ناکەیتەوە. ئەم خۆشییە بێ سنوورە تەنیا لە خەونی خۆش ئامێزی خودادا بەدێ دێت. کەواتە ئەزموونی نەمری لێرەیە و لەئێستادایە، لەهەموو شتەکاندایە، چ چاک بێت یان خراپ، ئەمەیە ئەرکی ژیان.

**مویرز:** ئایا بەڕاستییش وایە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە.

3

# حیکایەتبێژە دێرینەکان

نێردراوەکانی هێزی ئاژەڵییی نەبینراو چیتر وەکو ڕۆژگاری کۆن، ناتوانن ڕێنوێنی و فرمانڕەواییی مرۆڤ بکەن. ورچ و شێرو فیل و بزنەکێوی و ئاسکەکان، لە باخچەی ئاژەڵاندا بەندکراوی نێو قەفەسن. چیتر مرۆڤ ئەو کەسە نییە تازە هاتبێتە سەر زەوی و ئاشنایی دەشت و جەنگەڵەکان نەبێ. دراوسێکانمان ئەوانەی یەکسەر دراوسێمانن، چیتر ئاژەڵە کێوییەکان نین، دراوسێکانمان ئەو بوونەوەرە مرۆییانەن کە لە ململانێدان لەگەڵ یەکتری، لەسەر شمەک و جێگە ئەو مرۆڤانەی لەسەر ئەم گۆی زەوییە دەژین ئەو زەوییەی بەردەوام بەدووی ئەستێرەیەکی گڕگرتووی پشکۆئاسادا دەسووڕێتەوە.

ئێمە چ بەجەستەو چ بەعەقڵیش چیتر سەر بەدنیای ڕاوچییانی سەردەمی دێرینی بەرد نین و هەرچەندە لەڕووی شێوەی جەستەو بونیادی زەینمانەوە، قەرزاری ژیان و شێوازی ژیانی ئەوانین. بیرەوەریی ئاژەڵە نێردراوەکانی ئەوان تا ئێستاش بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ناخماندا نووستوون، کاتێ لە دەشت و دەرەکانا سەرچڵییەک ئەنجام دەدەین، بۆ ماوەیەکی کورت هەڵدەستن و دەکەونە جووڵە، ئەوان کاتێ گوێیان لە دەنگی برووسکە دەبێ ڕاچڵەکینێکی سەیر ڕادەچڵەکن. ئەو کاتەی دەچینە نێو ئەو ئەشکەوتە مەزنانەی پڕ لە نەخش و نیگارن، ئەوان دیسانەوە بەهەستی زانینی دووبارەوە



وەخەبەردێینەوە. ئەو تاریکییەی ناخی ئەم ئەشکەوتە کەشەمەنەکانی ئەم ئەشکەوتە لەکاتی گەشکەبوونیان بە نەشوەت لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنا هەرچەندێ بێت؛ تا ئێستاش لە دەروونماندا ئامادەیەو، هەموو شەوێ لە خەودا دێنە دیدارمان.)

جۆزیف کەمبڵ

لە پەڕتووکی ڕێگەی دەسەڵاتی ئاژەڵانە

**مویرز:** ئایا پیت وایە ۆردسۆرس Wordsworth ی شاعیر لەسەر حەق بوو کاتێ کەنووسیی:

(لەدایکبوونمان لە خەون و فەرامۆشی زیاتر چیتر نییە:
ئەو ڕۆحەی لەگەڵماندا دێتە سەرپێ، ئەستێرەی ژیانمانە
ئاوابوونی لەجێگەیەکی تر بوو،
بۆیە لەڕێگەیەکی دوورەوەدێ.)
پێت وایە ئەم شتە وابێت؟؟

**کەمبڵ:** بەڵێ پێم وایە وایە. هەرچەندە بڕوام ناکەم فەرامۆشییەکی هەمیشەیی بێت، یا بەشێوەیەکی تر، دەمارەکانی جەستەمان ئەو بیرەوەرییانەیان هەڵگرتوون کە کۆئەندانی مێشکمانی پێکی هێناون و بەپێی هەلومەرجی دیاریکراوی دەوروپشت و پێویستیی ئۆرگانیزمی لەشمان ڕێکیخستوون.

**مویرز:** ڕۆحمان بەچ شتێک قەرزارباری ئەفسانە کۆنەکانە؟

**کەمبڵ:** ئەفسانە کۆنەکان ئامانجی سەرەکییان بەدیهێنانی گونجاندن و ڕێککەوتنێک بووە لە نێوان عەقڵ و جەستە؛ زەین دەتوانێ بەشێوەیەکی سەیر خۆی بگەیەنێتە شوێنە دوورەکان، زەین ئەو شتانەی دەوێ کە جەستە نایەوێ. ئەفسانەو ئاین بریتین لە ئامرازگەلێک بۆ هارمۆنیزەکردنی زەین و جەستە و هارمۆنیزەکردنی ڕێڕەوی ژیان لەگەڵ پێداویستییەکانی سروشت.

**مویرز:** کەواتە ئەو چیرۆکە کۆنانە لە ناخماندا دەژین؟

**کەمبڵ:** بەڵێ دەژین. قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤیش، ئەمڕۆ هەر هەمان ئەو گەشەکردنانەن کە لەسەردەمی کۆندا هەبوون، وەک منداڵێک لەدایک دەبێ و دێیتە نێو جیهانێکی پڕ لە سیستم و گوێڕایەڵی و پشت بەکەسانی تر دەبەستێت. بۆیە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی گەشەکردن دەبێ هەموو ئەم قۆناغانە تێ پەڕێنێ و بگاتە حاڵەتی گەورەبوون و لە خۆت زیاتر پشت بەکەسی تر نەبەستی، گەر نەتوانی ئەم قۆناغە تێپەڕێنی ئەوا لەبناغەوە دووچاری گرفتی دەروون ڕەنجان دەبی، پاشان قۆناغێکی تر دێ، لەو قۆناغەدا خاوەنی ژیانی خۆتی، ئەم قۆناغەش قۆناغی خۆبەدەستەوەدان و بەتاڵبوونەوەیە، بۆیە ئەم قۆناغەش دەبێ تێ پەڕێنێ.

**مویرز:** پاشان لە کۆتاییدا مەرگ دێ؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لە کۆتاییدا مەرگە، ئەمەش دوایین پاشەکشێیە، لەسەر ئەم بناغەیەش ئەفسانە دەبێ هەردوو ئامانجەکە ئەنجام بدات، یەکەم زیندووکردنەوەی ئارەزووی لاوانە بۆ ئەوەی لە دنیای خۆیدا بژی، ئەمەش پەندێکی میللیە، پاشان دەست هەڵگرتن لەو پەندە و وازلێهێنانی. پەندی میللی ئاشکراکەری بیرە بنەڕەتییەکان، ئەو بیرە بنەڕەتییانەی ڕێنوێنیت دەکەن بەرەو ژیانی دەروونیی خۆت.

**مویرز:** ئەم ئەفسانانە لەبارەی کەسانی ترەوە زانیاریم دەدەنێ کە چۆن ژیاون و چۆنیش دەتوانم بژیم؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، هەروەها ئەفسانەکان وەسفی جوانییەکانی ڕێگە دەکەن. ئێستا هەست بەم شتە دەکەم و لەم کاتە کەبەرەو ساڵەکانی دوایی ژیانم دەڕۆم، ئەفسانەکان یارمەتیم دەدەن تابەو ڕێگەیانە بڕۆم.

**مویرز:** چ جۆرە ئەفسانەیەک یارمەتی داوی؟ دەتوانی لەم بارەیەوە نموونەیەکم بدەیتێ کە بەڕاستی یارمەتیی داوی.

**کەمبڵ:** بۆنموونە، لەکولتووری هیندیدا کاتێ لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەڕۆی دەبێ شێوەی پۆشاک و تەنانەت ناویشت بگۆڕی، کاتێک لەوانە وتنەوە خانەنشین کرام، دەمزانی دەبێ شێوەیەکی نوێی ژیان بۆ خۆم دروست بکەم، بۆیە تەنیا لەسەر



بونیادی سوود وەرگرتن لەو ئاینەی سەرەوە شێوەی بیرکدنەوەی خۆمم دەربارەی ژیان گۆڕی و دەستم کرد بەچالاکی لەمەیانی ئەنجامدانی کارە مەزنەکان، ڕووکردنە بواری چێژ وەرگرتن و درککردن و پشوودان و هەموو ئەو شتانەی جێگەی سەرسوڕمان بوون.

**مویرز:** پاشان نۆبە دەگاتە سەر تێپەڕبوون لە دەروازەی تاریکەوە؟

**کەمبڵ:** لەم ڕووەوە بەهیچ جۆرێک گرفتێک لە ئارادا نییە. گرفتەکە لە ناوەڕاستی تەمەن دایە کاتێک کە جەستە دەگاتە ئەوپەڕی هێزو وردە وردە وزەو توانای ڕوو لەکزی دەکات، گرفتەکەش لەو کاتەدا لەوەدایە کە نەفسێ لەگەڵ ئەو جەستەیە یەک دەگرێ، ئەو جەستەیەی ڕوو لەناوچوونە، هەروەها ئەو ئاگاییەش لەناو دەچێ کەجەستە هەڵگرێتی. ئەمەش ئەو شتەیە کە من لە ئەفسانەکاندا فێری بووم، کەواتە من چیم؟ چرایەکم و ڕووناکیم هەڵگرتووە. یان ڕووناکیم و چرایەک هەڵی گرتووم؟

یەکێک لە گرفتە دەروونناسییەکانی بەتەمەنبوون سام و ترسی مەرگە. مرۆڤ بەرگری دەکات تا نەگاتە بەر دەروازەی مەرگ. بەڵام ئەم جەستەیە تەنیا هەڵگری ئاگایی و شێوازێکە لە ئاگایی و، گەر بتوانی لەگەڵ ئاگاییدا یەک بیت، ئەو کاتە دەتوانی بەو ئەنجامە بگەی کە ئەم جەستەیە وەک ئۆتۆمبیلێکی کۆن لێ دەخورێ. سپێر و تایە و گشت پارچەکانی یەک لەدوای یەک لە کار دەکەون ئەم ڕووداوەش شتێکی چاوەڕوان کراوە. پاشان هێدی هێدی ئۆتۆمبێلەکە بەتەواوی پەکی دەکەوێ و هەموو شتەکان دەکەون و هۆش پێوەندیی بەهۆشەوە دەکات. بەم جۆرە نامۆ دەبێ بەو مەنزڵ و هەوارگەیەی لێی دابەزیوە.

**مویرز:** ئەم ئەفسانانە هەندێ شتیان لەبارەی پیربوون و گەورەبوونەوە پێیە. بەو بەڵگەیەی ئەم پرسیارە دەخەمە ڕوو، بەشێکی سەرنجراکێشی ئەم ئەفسانانە دەربارەی شکۆی لاوێتین.

**کەمبڵ:** ئەفسانە یۆنانییەکان بەم جۆرەن. هەرکاتێ کە بیر لە میتۆلۆژیا دەکەینەوە، شتێکی ئاساییە یان ئەوەتا بیر لە میتۆلۆژیای یۆنان دەکەینەوە یاخود میتۆلۆژیای پەڕتووکی پیرۆز. لە هەردوو ئەم کولتوورەدا ئاستێک هەیە بۆ بەمرۆڤکردنی ماددە

ئەفسانەییەکان. لەنێو ئەو ئەفسانانەدا جەختێکی زۆر کراوەتە سەر مرۆڤ، بەتایبەت ئەفسانە یۆنانییەکان، جەخت دەکرێتە سەر شکۆ و لاوێتی.

بەڵام ئەوان تەمەنیش دەستنیشان دەکەن، مرۆڤی پیرو حەکیم هەیە، ئەم کەسانەش ڕێزی تایبەتیان لەنێو جیهانی گریکیدا هەبووە.

**مویرز:** ئەی کولتوورەکانی تر؟

**کەمبڵ:** کولتوورەکانی تر تا ئەو سنوورە جەخت ناکەنە سەر شکۆی لاوێتی.

**مویرز:** ئێوە دەڵێن وێنەی مەرگ سەرەتای ئەفسانەیە، مەبەستتان لەم بۆچوونە چییە؟

**کەمبڵ:** کۆنترین ئەو بەڵگانەی کە دەکرێ پێیان بوترێت بیری ئەفسانە ناسی، پێوەندییان بەگۆڕەوە هەیە.

**مویرز:** ئەم گۆڕانە حیکایەتی ئەو ژن و پیاوانەن کە ژیانیان بینیوەو، پاشان نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی دووبارە ژیان ببیننەوە، بۆیە مرۆڤی سەرەتایی بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەم پرسەی کردووە.

**کەمبڵ:** پێ دەچێت کارەکە تاڕادەیەک لەمە چووبێت، تەنیا دەتوانی مەزەندە بکەیت کە ژیانی تۆش لەم بارەیەوە چۆن دەبێت. لە گۆڕنێژراوەکان بەخۆیان و چەک و قوربانییەکانیان دڵنیابوونێکە بۆ بەردەوامیی ژیان، بەتەواوی ئەم دیاردەیەش ئاماژە بەوە دەکات کە کەسێک کە ئێستا بەرامبەرت بەساردی ڕاکشاوە و ڕەنگە بۆگەنیش کات، پێشتر کەسێک بووە زیندوو و گەرم، کەواتە کەسێک هەبووە ئامادە، ئێستا ئەو کەسە بۆ کوێ چووە؟

**مویرز:** بەڕای تۆ مرۆڤ کەی مەرگی دۆزیوەتەوە؟

**کەمبڵ:** کاتێک مەرگیان دۆزیوەتەوە ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار دروست بوون و مەرگ یەخەی پێ گرتوون. لە حاڵی حازردا گیانداران ئەزموونی بینینی مەرگی هاوڕێیانی خۆیان هەیە. بەڵام تا ئەو سنوورەی بۆ ئێمە ئاشکرایە لەمە زیاتر بیرێکی



تر نییەو هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستا نییە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ بەشێوەیەکی بەڵگەدار بیریان لە مردن کردبێتەوە تا سەردەمی مرۆڤی نیاندرتاڵ، واتە تا ئەوکاتەی کە لە کفن و گۆڕەکاندا چەک و ئاژەڵی قوربانییان دۆزیوەتەوە.

**مویرز:** ئەم قوربانییانە نوێنەری چی بوون؟

**کەمبڵ:** نازانم.

**مویرز:** دەتوانی مەزەندەی بکەیت؟

**کەمبڵ:** هەوڵ دەدەم مەزەندە بکەم. دەزانی زانیاریی زۆرمان دەربارەی ئەم بابەتە هەیە، بەڵام هەموو ئەو زانیارییانە لە بڕگەیەکی زەمەندا وەستاون. هیچ لەو بارەیەوە نازانین کە مرۆڤ پێش پەیدابوونی نووسین چۆن بیری دەکردەوە. هەرزانیارییەک کە هەمانە پاشماوەی شتە جۆراوجۆرەکانە. دەتوانین لە قۆناغەکانی پێشووترەوە بەردەوامی بەلێکۆڵینەوەکانی خۆمان بدەین، بەڵام ئەمەش کارێکی ترسناکە. هەرچۆنێک بێت دەزانین کە لەپرۆسەی لەگۆڕناندا، هەمیشە بیری بەردەوامیی ژیان لە پشتەوەی ژیانی بینراودا هەبووە، واتا لەسەر ئاستێک لە بوون کە لەپشتەوەی ئەم ئاستە بینراوەیە، ئەم ئاستەش جۆرێکە کە پاڵپشتیی ئەو شتە دەکات کە پێوەی پەیوەستین. دەتوانم بڵێم ئەمەش ناوەڕۆکی سەرەکیی گشت ئەفسانەکانە، واتا ئاستێکی نەبینراو هەیە کە پاڵپشتیی ئاستە بینراوەکان دەکات.

**مویرز:** ئەوەی کە نایزانین پاڵپشتیی ئەوە دەکات کە دەیزانین؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەم بیرەش واتا پاراستنی ئاستی نەبینراو، پێوەندیی بەکۆمەڵگەی ئەو کەسەشەوە هەیە. کۆمەڵگە پێش ئێوە هەبووە و دوای ڕۆیشتنی تۆش هەر دەبێت و ئێوەش ئەندامێکن لەو کۆمەڵگەیە. ئەو ئەفسانانەی کە ئێوە پەیوەست بەگرووپە کۆمەڵایەتییەکەتەوە دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە تۆ ئەندامی لە قەوارەی ئەندامێتییەکی مەزنتردا، کۆمەڵگەش خۆی ئەندامە لە ڕێکخراوێکی گەورەتر ئەمەش هەمان دیمەن و جیهانە کە هۆز تێیدا دەبزوێ. بابەتی سەرەکیی ئاین ئەوەیە کە تاک بەژینگەیەکی مۆرفۆلۆژییەوە ببەستێتەوە گەورەترە لە جەستەی فیزیکیی ئەو تاکە.

مرۆڤ بەکوشتن دەژی، جۆرێک لە هەستکردن بەتاوان هاوکاتە لەگەڵ ئەم کردارە. ناشتن ئەوە دەگەیەنێ کە دۆستەکەم مردووە، بەڵام بەردەوامی بەمانەوە دەدات. ئەو ئاژەڵانەشی کوشتوومن دەبێ بەردەوامی بەژیانیان بدەن. ڕاوچییە سەرەتاییەکان عادەتێکی خودایی ئاژەڵیان هەبوو: ناوە تەکنیکییەکەی ئەو عادەتە بریتی بوو لە ئاژەڵی ماستەر master animal ؛ واتا ئەو ئاژەڵەی کە گەورەی ئاژەڵەکان بوو، ئەو گیانلەبەرە گەورەیە ڕەوە گیانلەبەرەکانی بۆ کوشتارگا دەنارد.

بڕوانە، ئەفسانەی ڕاوچیی سەرەکی، بریتی بوو لە جۆرێک ڕێککەوتن لەنێوان جیهانی ئاژەڵی و جیهانی مرۆیی. ئاژەڵ بەڕەزامەندییەوە ژیانی خۆی پێشکەش دەکرد، بەو خەونەی کە ژیانی ئەو لە شوناسنامە فیزیکییەکەی باڵاترە، لە ڕێگەی شێوەیەک لە زیندووبوونەوەی پیرۆزەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاک یان بۆ لای دایکی، ئەم زیندووبوونەوە پیرۆزە لای هیندییە سوورەکانی دەشتەکانی ئەمریکا پەیوەستە بە ئاژەڵی ڕاوکراوی سەرەکییەوە کە ئەویش گاکێویە (بوفالۆ buffalo)، بەڵام لە کەناری باکوری ڕۆژئاوا، جەژنی مەزن بەرپادەکرێ بەهۆی گەڕانەوەی ماسییە کۆچەرەکانی سەلەمون. ئەگەر ڕوو بکەینە باشووری ئەفریقا، لەوێدا ئاژەڵی سەرەکی، جۆرە بزنە کێوییەکە بەناوی ئیلەند eland.

**مویرز:** ئاژەڵی سەرەکی.؟

**کەمبڵ:** ئاژەڵێکە خۆراک دەستەبەر دەکات.

**مویرز:** کەچی لە کۆمەڵگە ڕاوچییەکانی سەرەتاییدا. ێیوەندییەک لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دێتە ئاراوە بەپێی ئەو پێوەندییە دەبێ یەکێکیان لە ڕێگەی ئەوی تریانەوە بەکاربهێنرێت.

**کەمبڵ:** ژیانیش بەم جۆرەیە. مرۆڤ ڕاوچییە، ئەم ڕاوچییەش ئاژەڵێکە بۆ ڕاوکردن. لە ئەفسانەکاندا ئەم ئاژەڵە ڕاوچییەو ئەوەی کە ڕاو دەکرێ، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، هەردووکیان نوێنەری دوولایەنی ژیانن، لایەنی هێرشبەر، بکوژ و ڕزگارکەر و دروستکەری ژیان، لایەنەکەی تریش دەکرێ ناوی بەرژەوەندی یاخود سەبجێکتی ژیانی لێ بنرێت.



**مویرز:** خودی ژیان؟ چ ڕووداوێک ڕوو دەدات لە ئەنجامی پێوەندیی نێوان ڕاوچی و نێچیردا؟

**کەمبڵ:** تا ئەو ڕادەیەی زانیاریمان لایە دەربارەی ژیانی بیشەنشینان و پێوەندیی نێوان ئەمریکاییە ڕەسەنەکان بەگاکێوییەوە، ئەم پێوەندییە لەسەر بناغەی ڕێز بونیادنراوە. بۆ نموونە ڕاوچییە ئەفریقاییەکان لە دنیای بیاباندا دەژین، ژیانێکی زۆر سەختەو ڕاوکردن لەو شێوە دەوروبەرەدا کارێکە تابڵێی دژوارە و شوێنی پێویست زۆر کەمە بۆ دروستکردنی کەوانی بەهێزو گەورە، لەوێدا بیشەنشینان کەوانی بچووک و ناسکیان هەیەو تیرەکانیان بەگرانی دەگاتە (٣٠) یاردە، ئەو تیرانەی بەم کەوانانە دەهاوێژرێن، هێزی بڕینیان کەمەو بەگرانی دەتوانن پێستی ئاژەڵ ببڕن، مەودای ڕۆیشتنیان کەمە. بەڵام بێشەنشینان نووکی تیرەکانیان بە ژەهرێک دادەپۆشن، ئەو ژەهرە هێزێکی لە ڕادەبەری هەیە، بەجۆرێک ئەم ئاژەڵە جوانانە، واتا ئەلەندەکان (زلە ئاسکی کێوی ئەفریقی) لە ماوەی ڕۆژ و نیوێک لەبەر توندیی ئازار گیان لەدەست دەدەن.



پاش ئەوەی ئەو ئاژەڵە ئەو تیرەی بەردەکەوێ، لەبەر ژەهراوی بوونی تیرەکە، ئازارێکی زۆر دەچێژێ و گیانی دەردەچێت. پاش ئەوەی ئاژەڵەکە دەمرێ ڕاوچییان دەبێ هەندێ موحەڕەماتی تایبەت ئەنجام بدەن کە تایبەتە بەئەنجامدان و ئەنجامنەدانی ئەم کار و ئەو کار، ئەم ڕێوڕەسمە لە قاڵبی جۆرێک لە (بەشداریی خوازیاری) لە مەرگی ئەو ئاژەڵەدا بەئەنجام دەگات بەو سیفەتەی گۆشتی ئەو ئاژەڵە بووە بەژیانی ئەوان و ئەوانیش بوون بەهۆی مەرگی ئەو ئاژەڵە. لێرەدا جۆرێک لە یەکبوونی ئەفسانەیی لەگەڵ ئەو ئاژەڵەدا بوونی هەیە. کوشتن تەنیا ئەوە نییە ئەو ئاژەڵە لەناوبەری، بەڵکو ئەم کارە کارێکی ڕیتوێڵییە، تەواو کاتی خواردنی ئەو گۆشتە پێش

خواردنیشی دەبێ سوپاسی خودا بکەیت. ئەنجامدانی ئەم ڕیتوێڵە دانپێنانە بەوەی ئەم ئاژەڵە خۆبەخشانە خواردن و ژیانی خۆشی پێشکەش بەمرۆڤ کردووە. ئەم ڕاوە جۆرە ڕیتوێڵێکە.

**مویرز:** هەر ڕیتوێڵێکیش دەربڕینی واقیعێکی ڕۆحییە.

**کەمبڵ:** ڕاگەیاندنی جووتبوونە لەگەڵ سروشتدا، ئەم جووتبوونەش شتێک نییە هەروا بەئارەزوو دەریببڕم.

بیستوومە کاتێک کە جەنگەڵنشینان چیرۆکی ئاژەڵانی خۆیان دەگێڕنەوە لاسایی شێوەی دەمی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکانیان دەکەنەوە، بەجۆرێک وشەکان دەردەبڕن هەروەک بڵێی خودی ئاژەڵەکان خۆیانن ئەو دەنگانە دەردەکەن. ئەوان ئاشناییەکی نزیکیان لەگەڵ ئەم بوونەوەرە هەیە، هەروەها پێوەندییەکی هاوسێیەتیی دۆستانە پێکەوەیان دەبەستێتەوە. پاشان هەندێک لەوانە بۆ دابینکردنی خواردن و خواردەمەنی دەکوژرێن.

بڕێک گاوان دەناسم سەرەڕای بەخێوکردنی گایەکەی خۆیان گایەکی بەنازیش بەخێو دەکەن، ئەوان گۆشتی ئەو گایە ناخۆن؛ لەبەرئەوەی خواردنی گۆشتی هاوڕێ، وەک مرۆڤ خۆری وایە (واتا وەک ئەوە وایە گۆشتی مرۆڤێکت خواردبێت.... وەرگێڕ). بەڵام میللەتە سەرەتاییەکان، هەمیشە سەرقاڵی خواردنی گۆشتی هاوڕێکانیان بوون. بۆیە پێویست وابوو ئەفسانە بەکاربێنین بۆ پاکبوونەوە لە گوناهی دەروونی.

**کەمبڵ:**چۆن؟

**مویرز:** ئەم ئەفسانە سەرەتاییانە یارمەتیی ڕۆحیی مرۆڤیان دەدا، بۆ ئەوەی بێ سامکردن لە گوناه بەشداری لەم کارە بکەن، ئەو کارەی کە پێویستە.

**کەمبڵ:** ئەم چیرۆکە مەزنانە، بەردەوام بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاماژە بەم دینامیکییەتە دەکەن – ڕاو، ڕاوچی، ڕاوکراو، ئاژەڵیش لە پلەوپایەی نێردراوی خوان.



**کەمبڵ:** ڕاستە. ئەو گیاندارەی کە ڕاو دەکرێت، گیاندارێکە لەلایەن خوداوە نێردراوە.

**مویرز:**تاکیش بۆ ڕاوچییەک دەگۆڕێ کە نێردراوی خودا دەکوژێ.

**کەمبڵ:** خودا دەکوژێ.

**مویرز:** ئایا ئەم کارە دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەستکردن بەگوناه؟

**کەمبڵ:** نەخێر، لە ڕێگەی ئەفسانەوە مرۆڤ لەگوناه پاک دەبێتەوە. کوشتنی ئاژەڵ کارێکی تاکە کەسی نییە. ئەو کارەی ئێوە ئەنجامی دەدەن کاری سروشتە.

**مویرز:** گوناه لەڕێگەی ئەفسانەوە پاک دەبێتەوە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** بەڵام پێش ئەنجامدانی کاری کوشتن، دەبێ تۆزقاڵێ هەست بە ڕق لێبوونەوەو ئارەزوت لا دروست بێت تابتوانی کاری کوشتن ئەنجام بدەی، لە ڕاستیشدا مەبەستت ئەوە نییە هیچ ئاژەڵێ بکوژی.

**کەمبڵ:** ئاژەڵ باوکە. دەزانی فرۆیدیزمەکان لەم بارەیەوە چی دەڵێن، ئەوان دەڵێن: ئەگەر نێر بیت یەکەمین دوژمنت باوکە. گەر کوڕیش بیت ئەوا هەموو دوژمنێ لەڕووی دەروونناسییەوە پێوەندیی بەوێنەی باوکەوە هەیە.

**مویرز:** پێت وایە ئاژەڵ بۆ وێنەی باوکێتیی خودا دەگۆڕێ؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەڕاستیدا هەڵوێستی ئاین بەرامبەر بە ئاژەڵی سەرەکی هەڵوێستی ڕێزگرتن و شکۆیە، نەک هەر ئەمە بگرە جۆرێک سەرشۆڕی و خۆبەدەستەوەدان هەیە بەرامبەر بەئیلهامەکانی ئاژەڵ، ئاژەڵ ئەو بوونەوەرەیە دەست و دیاری پێشکەش دەکات، وەک تووتن و سەبیلی ئەزموونە عیرفانییەکان.

**مویرز:** تۆ بڵێی ئەم بابەتە مرۆڤی سەرەتاییی بێزار کردبێ؟ واتە کوشتنی ئاژەڵ کە خودایە یان نێردراوی خودایە.

**کەمبڵ:** بێگومان – هەر بۆیە ئەم جۆرە ڕیتوێڵە دەبینی.

**مویرز:** چ جۆرە ڕیتوێڵێک؟

**کەمبڵ:** ئەو ڕیتوێڵانەی تەسکین دەبەخشن و سوپاسگوزاریی ئاژەڵان دەکەن. هەر بۆ نموونە کاتێ ورچێک دەکوژرێ بەپێی سیرمۆنییەک بەشێک لە گۆشتەکەی دەرخواردی خۆی دەدرێ. پاشان لە ڕێوڕەسمێکی بچووکدا بەجۆرێک پێستی ورچەکە لەسەر هەڵگرێک دادەنرێ وەک بڵێی ورچەکە هێشتا ئامادەیەو ئامادەگیی هەیە. لەبەرئەوەی لەشێوی خواردنی گۆشتی خۆیدا بەشدار دەبێ. ئاگرێک کراوەتەوە ئاگرەکەش دیمەنی خودایە. پاشان گفتوگۆیەک دروست دەبێت لەنێوان خودای ئاگرو خودای کێوستان کە ورچەکەیە.

**مویرز:** چی دەڵێن؟

**کەمبڵ:** کێ دەزانێ چی دەڵێن؟ کەس نابیستی چ دەڵێن، هەر ئەوەندە هەیە کە بڕێک بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی لەئارادەیە.

**مویرز:** گەر ورچی کێوەکان نەیانویستایە، ئاژەڵان دەرنەدەکەوتن، بەم جۆرە ڕاوچییە سەرەتاییەکان لە برساندا دەمردن، ئەوان هەستیان دەکرد پەیوەستن بە هێزێکەوە لە هێزی ئەوان باڵاترە.

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەو هێزەش هێزی ئاژەڵی ماستەرە و، ئامادەبوون و وەڵامدانەوەی ئاژەڵانەیە بۆ بەشداریکردنیان لەو گەمەیە، دەبینی لە نێوان هۆزی ڕاوچییانی هەموو دنیادا پێوەندییەکی گەرموگوڕ هەیە، دەربارەی ئەو ئاژەڵەی خۆراکی سەرەکی دەستەبەر دەکات، ئەمڕۆ کاتێ کە لەسەر سفرە دادەنیشین، سوپاسی خودا دەکەین کە خۆراکی پێ بەخشیوین، بەڵام مرۆڤە سەرەتاییەکان سوپاسی ئاژەڵەکەیان دەکرد.

**مویرز:** بەڵام تەسکین بەخشین بە ئاژەڵ لەڕێگەی بەرپاکردنی ئەو ڕیتوێڵەی کە بۆ شانوشکۆی ئەو بەرپا دەکرێ، وەکو ئەوە نییە تۆ لە سوپەرمارکێتێکدا بەرتیل بدەی بە قەسابێک.



**کەمبڵ:** نەخێر، بڕوا ناکەم ئەم پرسە پێوەندیی هەبێت بەم بەرتیلەوە. ئەم کارە سوپاسکردنی هاوڕێیەکە کە لەپێوەندییەکی هاوبەشدا هاریکاری کردووین. گەر سوپاسی ئەوت نەکردایە ئەوا هەموو توخمی ئەو ئاژەڵانە ئەمەیان بەجۆرێک لە دەستدرێژی حیساب دەکرد.

هەندێ ڕیتوێڵ هەن تایبەتن بەکوشتنی ئاژەڵەوە، پێش ئەوەی ڕاوچی بچێ بۆ ڕاو، لەسەر لووتکەی تەپۆڵکەیەک وێنەی ئەو نێچیرە دەکێشێ کە ڕاوی دەکات. شوێنەواری ئەو تەپۆڵکەیە لە جێگەیەکە هەر کە هەتاو سەردەردێنی لەوێ دەدات. کاتێ کە ڕۆژ هەڵدێ ڕاوچییەکە لەگەڵ دەستەیەکی بچووک لە ڕاوچییانی تردا لەوێ چاوەڕوانە بۆ ئەنجامدانی ڕیتوێڵەکە. کاتێ کە تیشکی ڕۆژ بەر وێنە کێشراوەکە دەکەوێ تیری ڕاوچییەکان بەتەنیشتی ڕووناکیی ئەو تیشکەدا دەردەپەڕن و بەر ئەو وێنەیە دەکەوێت کە لەسەر بەردەکە کێشراوە، لەو کاتەدا ئەو ئافرەتەی یارمەتیی ڕاوچییەکان دەدات دەستی بەرز دەکاتەوە و هەلهەلەیەک لێ دەدات، دوا بەدوای ئەوە پاشان ڕاوچییەکان ڕوودەکەنە ڕاوکردن و نێچیرەکە دەکوژن. تیری ڕاوچییان بە تەواوی لەو جێگەیە دێنە خوارێ کە لە وێنەکەدا کێشراوە. بۆ ڕۆژی دوایی سەر لە بەیان کاتێ کە ڕۆژ هەڵدێ، ڕاوچییەکە وێنەی ئاژەڵەکە دەسڕێتەوە. ئەم کارەش کارێک بووە بەناوی سروشتەوە بەئەنجام گەیشتووە نەک بەمەبەستی تایبەتی تاکەکەس.

ئێستا بۆ چیرۆکێکی تری بواری کۆمەڵایەتی دەگەڕێینەوە، واتە بۆ لای سامۆراییی جەنگاوەری ژاپۆنی، کە ئەویش تۆڵەسەندنەوەیە لە بکوژی گەورەکەی، کاتێ کە تاوانبارو بکوژی گەورەکەی لە گۆشەیەکدا ئابڵۆقە دەدات و دەیەوێ بەشمشێرە سامۆراییەکەی لەناوی بەرێت. بەڵام تاوانبارە ئابڵوقەدراوەکە لە ئەنجامی ترس و هەڵچوون، تف لەڕووی جەنگاوەرە سامورایییەکە دەکات. لەو کاتەدا سامورایییەیکە شمشێرەکەی هەڵدەگرێ و لەوێ دووردەکەوێتەوە.

**مویرز:** بۆچی؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی تووڕەبوو، گەر بەتووڕەییەوە ئەو پیاوەی بکوشتایە ئەوکاتە

کارەکەی دەبووە کاری تاکەکەسی، بەڵام ئەو بۆ ئەنجامدانی کارێک هاتووە لە شێوەیەکی تر، واتا تۆڵەکردنەوە دوور لە کەسایەتی.

**مویرز:** پێت وایە ئەم جۆرە دابڕانە لە هەستە تاکەکەسییەکان لە دەروونی ڕاوچیی دەشتە فراوانەکاندا ڕۆڵێکی گێڕاوە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، بێگومان. ئایا کوشتن و خواردنی کەسێک مەسەلەیەکی مۆڕاڵی نییە؟ دەبێ ئەوەش بزانی ئەو خەڵکە وەکو ئێمە ناڕواننە ئاژەڵ بەو چاوەی کە بوونەوەرێکی نزمترە لە ئێمە بەڵکو لای ئەوان گیانلەبەران، هیچ نەبێ، لەگەڵ ئێمەدا یەکسانن، ئەگەر لە ئێمە مەزنتر نەبن.

ئاژەڵان هێزێکیان هەیە ئێمە نیمانە، بۆ نموونە شەمەن بەردەوام ئاشنایی لەگەڵ گیانلەبەرێکدا هەیە، یان بەشێوەیەکی تر، ڕۆحی توخمێک لە توخمی ئاژەڵ، یارمەتیدەرو مامۆستای ئەوە.

**مویرز:** باشە، گەر هاتو مرۆڤ ئەو توانایەی لاپەیدابوو خەیاڵ بکات و جوانی ببینێ و بیخاتە نێو ئەو پێوەندییەوە، ئایا لەم کاتەدا مرۆڤ لە ئاژەڵ بالاتر نابێ؟

**کەمبڵ:** بڕواناکەم، ئەوان زیاتر بیر لە یەکسانی دەکەنەوە تا دەسەلات؛ ئەوان لە گیاندارانەوە ئامۆژگاری وەردەگرن هەر لەوانیشەوە بۆ چۆنییەتیی ژیانیش شوێن پێی ئەو ئاژەڵانە هەڵدەگرن . لەم حاڵەتەدا گیانداران شتێکی بالان، هەندێ جاریش، گیانداران ڕێوڕەسمی ئاینی ڕادەپەڕێنن، هەروەک لە ئەفسانەی تایبەت بەگاکێوییەکان بینیمان. بۆ نموونە دەتوانی ئەم یەکسانییە لە ئەفسانەی بنەڕەتیی هۆزی Black Foot پێ ڕەشەکانیشدا ببینی. ئەم ئەفسانەیە سەرچاوەی ڕێتوێڵی سەمای گاکێوییە کە لەو ڕیتوێڵەدا بۆ گەمەی ژیان داوای هاوکاریی ئەم ئاژەڵانە دەکەن.

**مویرز:** ئەو ئەفسانەیە چییە؟

**کەمبڵ:** ئەو ئەفسانەیە لەم پرسەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆن دەتوانی خواردن بۆ گرووپی هۆزێکی گەورە ئامادە بکەیت. یەکێک لە ڕێوڕەسمەکانی ئامادەکردنی



گۆشت بۆ زستان ئەوەیە کەڕەوە گاکێوییەک بدەیتە بەر بەرەو کەندەڵانێکی بەردینی بەرز بەجۆرێک لەو بەرزییەوە بکەونە خوارەوە ئەو کاتە سەربڕینیان ئاسان دەبێت، بەم کردارە دەوترێ کرداری خستنە خوارەوەی گاکێوی.

ئەم چیرۆکە پەیوەستە بەهۆزی پێ ڕەشەکان Black foot tribe، لە دێرزەماندا، نەیانتوانیوە ڕەوە گاکێوییەکان بەرەو کەندەڵانەکە بەرن و لەوێوە فڕێیان بدەنە خوارەوە. ئەو کاتەی دەگەنە نزیکی کەندەڵانەکە بەملاو ئەولا بڵاودەبنەوە. پێ دەچێت ئەو ساڵە ئەو هۆزە بەبێ گۆشت گوزەرانیان کردبێت. ڕۆژێ لە ڕۆژان بەیانییەک زوو یەکێک لە کچانی ئەو هۆزە دەڕواتە سەرکانی تا ئاو بۆ خێزانەکانیان بێنێ، لەپڕ دەڕوانێتە سەر کەندەڵانەکە چاوی بەگاکێوی دەکەوێ، پێی دەڵێ: (ئاه، ئەگەر بەرەو لای من دێن، یەکسەر شوو بە یەکێکتان دەکەم). بەوپەڕی سەرسوڕمانیەوە بینی کە هەموویان دەستیان بەجووڵە کردو بەرەو ڕووی ئەو هاتن، بەڵام ئەمە سەرسوڕمانی یەکەم بوو، بەڵام سەرسامیی دووەم ئەو کاتەبوو گایەکی پیر کە گەورەی گاکان بوو هاتەپێشێ و بەکچەی وت: (باشە وەرە ئەی کچ باپێکەوە بنووین.)

کچە دەڵێ: (ئاه....نا).

گاکە دەڵێ: (ئاه.. نە، بەڵام تۆ پەیمانت دا . ئێمەش لەسەر پەیمانی خۆمان ماوین. بڕوانە هۆزەکەی من، هەر هەموویان مردن. ئێستاش دەبێ پێکەوە بخەوین.)

خێزانی کچە سەرلەبەیانی لەخەوهەڵدەستن بەدووی مینەهاهای Minnehaha کچیانن دەگەڕێن. باوکی کچە تەماشای سەرزەویی دەوروبەری خۆی دەکا . ئایا ئەوە دەزانی کە هیندییە سوورەکان توانای هەڵگرتنی شوێن پێیان هەیە. باوکی کچە دەڵێ: (مینەهاها لەگەڵ بوفالۆکان ڕۆیشتووە. دەڕۆم تا بیگەڕێنمەوە.)

بۆیە کەوشەکەی لەپێ دەکاو، تیرو کەوان و باروبنەی دەپێچێتەوەو دەڕوا، ڕوودەکاتە دەشت و کێو. پاش ماوەیەکی کورت زۆر حەز دەکات کەمێ دانیشێ و پشوویەک بدا . دادەنیشێ و بیر لەو کارە دەکاتەوە کە هاتووە تا جێبەجێی بکات. لەم کاتەدا قەلەڕەشێکی لەوچە، دێتە لای باوکی کچەو بەسەرسەرییەوە دەسووڕێتەوە، ئاشکرایە ئەم باڵندەیە یەکێکە لە باڵندە زیرەکەکان و سیفەتی شەمەنی هەیە.

**مویرز:** مەبەستت ئەوەیە سیفەتی جادوگەرییانەی هەیە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، باوکی کچە پێی دەڵێ: (ئەی پەلەوەری جوان و قەشەنگ، ڕاستە کچەکەم لەگەڵ گاکێوییەک ڕۆیشتووە؟ نەتبینیوە؟ دەتوانی بەو دەورەکە چاوێک بگێڕی بەڵکو سۆراغێکی کەی بۆم).؟

قەلەڕەشەکە دەڵێ: (بەڵێ، کچێکی جوان لەگەڵ گاکێوییەکدایە، ئا لەم نزیکانەیە زۆر دوورنییە.)

پیاوەکە پێی دەڵێ: (زۆر چاکە دەتوانی بڕۆی بەکچە بڵێی باوکت لەم نزیکانەیە لە لەوەڕگای گاکێوییەکانە.)

قەلەڕەشی لەوچە هەڵدەفڕێ و لەنێو گامێشەکاندا کچە دەدۆزێتەوە، هەموویان نووستوون. کچەش دانیشتووە هەروەک ئەوەی خەریکی چنین بێت، قەلەڕەشەکە دەچێتە لای و پێی دەڵێ: (باوکت لە لەوەڕگاکە چاوەڕێتە.)

کچە دەڵێ: (وانەڵێی، ئەمە کارێکی ترسناکە، زۆر سامناکە. ئەم گاکێوییانە دەیانەوێ بمکوژن پێی بڵێ چاوەڕوان بێت، من دێم. هەوڵ دەدەم ئەم ئیشە تەواو کەم.)

هەر لەو کاتەدا گاکێوەکەی مێردی، کە لەدواوەیەتی لەخەو ڕادەپەڕێ و شاخی خۆی لەسەری دەهێنێتە دەرەوە و پێی دەڵێ: (بڕۆ لەو لەوەڕگایە ئاوم بۆ بێنە.)

کچە شاخەکەی لێ وەردەگرێ و دەڕواو لەوێ باوکی دەبینێ. باوکی بازووی دەگرێ و دەڵێ: (وەرە!).

بەڵام کچە دەڵێ: (نە، نە، ئەم کارە کارێکی ترسناکە. تەواوی گایەلەکە لەدواوەمانن. دەبێ من ئەم ئیشە تەواو بکەم. ئێستا مەرەخەسم بکە بابڕۆم).

کچەکە ئاوەکە هەڵدەگرێ و دەڕواتەوە. گاکێوییەکە بەبینینی کچە دەڵێ: (فە، فی، فو، فوم، بۆنی خوێنی هیندییەکی سوور دەکەم، دەزانی یان بۆنی شتێک لەم بابەتە دەکەم. کچە وتی: (نەخێر شتی وانییە) گاکێوییەکە دەڵێ: (حەتمەن هەیە!) پاشان گاکێوییەکە نەعرەتەیە دەکێشێ هەموو گاکانی دی ڕادەپەڕێنێ و پاشان پاش ئەنجامدانی سەمایەک، بەکلکی بەرزەوە دەست بەجووڵە دەکەن، هێرش دەبەن



بەجۆرێک باوکی کچە پێشێل دەکەن بەتەواوی ئەسەری نامێنێ. پارچە پارچە دەبێ و بەتەواوی لەناو دەچێت. کچە دەست بەگریان و شیوەن دای دەکا، گاکێوییەکەی مێردی پێی دەڵێ: (ئەوە تۆ دەگریت).؟

کچە دەڵێ: (بەڵێ، ئەوە باوکی منە.)

گاکێوییەکە پێی دەڵێ: (زۆر چاکە، ئەی ئێمە چی؟ منداڵ و ژن و باوانی ئێمەتان لەو بەرزاییەوە فڕێ دەدایە خوارەوە، تۆیەک بۆ باوکت دەگری، ئەی ئێمە نەدەگریاین) پێ دەچوو ئەو گاکێوییە گایەکی بەخشندەبێ، بۆیە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: (باشە، ئەگەر تۆ توانیت، ژیان بۆ باوکت بگەڕێنیتەوە، مۆڵەتی ڕۆیشتنت دەدەم).

کچە ڕوودەکاتە قەڵەڕەشە لەوچەکە و پێی دەڵێ: (زەحمەت نەبێ چاوێ بەم دەوروبەرەدا بگێڕە بزانم پارچەیەک لەباوکم نادۆزیتەوە.) قەڵەڕەشەکە ئەم کارە دەکات، دواجار برگەیەک لە پشتی باوکی دەدۆزێتەوە و بۆی دەهێنێ، تەنیا پارچەیەک، کچەش دەڵێ: (ئەمە بەسە) برگەی پشتی باوکی هەڵدەگرێ و بەپەتووەکەی دای دەپۆشێ و دەست دەکات بەوتنی گۆرانییەکی ژیانبەخش، گۆرانییەک پڕە لە جادووی بەهێز، لەپڕ لەژێر پەتووەکەدا پیاوێک هەڵدەستێتەوە. کچە دەڕوانێتە مرۆڤی ژێر پەتووەکەو دەڵێ: (زۆر باشە ئەمە باوکمە!) بەڵام تا ئەم حاڵە هەناسە نادات. پاشان کچە چەند برگەیەک گۆرانی دەڵێ و کابرا هەڵدەستێتەوە.

گاکێوییەکان سەرسام دەبن و دەڵێن: (باشە، ئەم کارە بۆ بۆ ئێمە ناکەی؟) ئێمەش سەماکەی خۆمان فێری تۆ دەکەین، کاتێ دەستیان بەکوشتنی هەموو کەسوکارەکانمان کرد، ئەم سەمایە ئەنجام بدەو ئەو ئاوازە بخوێنە تا هەر هەموویان دووبارە زیندوو ببنەوە.

ئەمەش بیری سەرەکیی چیرۆکەکەیە، لە ڕێگەی ئەو ڕیتوێڵەوە دەگەینە ئەو مەودایەی کە زەمەن تێ دەپەڕێنێ و، ژیانیش لە دڵی ئەوەوە دێتە دەرەوەو زێدەتر دەڕوا.

**مویرز:** پێش ١٠٠ ساڵ کاتێ مرۆڤی سپی هات و قەتلوعامی ئەم ئاژەڵە بەڕێزانەی کرد چی ڕووی دا؟

**کەمبڵ:** ئەو بەسەرهاتەی ئێستا گێڕامەوە جۆرێکە لەژێر پێخستنی نهێنییە پیرۆزەکان، دەتوانێ لە زۆربەی تابلۆکانی جۆرج کاتلین دەربارەی پێدەشتە مەزنەکانی ڕۆژئاوا، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەوە بەدی بکەی کە لە ڕۆژگاری ئەودا نزیکەی سەد هەزار سەر گاکێوی لەو دەشتانەدا ژیاون. پاشان لەماوەی نیو سەدەدا، پیاوانی سنوور بەخۆیان و تفەنگە ئۆتۆماتیکییەکانیانەوە، هەموو ئەو گایەلەیان قاتوقڕکرد، تەنیا بۆ ئەوەی کەوڵیان یکەن و پێستەکانیان بفرۆشن و لاشەکانیان لەوێدا بەجێ بێڵن تابۆگەن بکەن. لەڕاستیدا ئەم کارە جۆرێک بوو لە پێشێلکردن و هەتککردنی شتە پیرۆزەکان.

**مویرز:** ئەم ڕووداوە، بوفالۆی (گاکێوی) لە (تۆ)(٧)ەوە...

**کەمبڵ:** گۆڕی بۆ (ئەو).

**مویرز:** هیندییە سوورەکان کاتێک بانگی گاکێوییان دەکرد وشەی (تۆ) یان بەکاردەهێنا ئەمەش نیشانەی ڕێزبوو.

**کەمبڵ:** هیندییە سوورەکان بۆ بانگکردنی هەموو ژیان ڕاناوی (تۆ) یان بۆ بانگردن بەکاردەهێنا، بۆ، درەخت و بەردو هەموو شتێک. دەتوانی بە(تۆ) بانگی هەموو شتێک بکەیت، ئەگەر ئەم کارەت کرد، لە دەروونی خۆتدا هەست بەگۆڕان دەکەین. ئەو منەی کە(تۆ) یەک دەبینێ، هەمان ئەو منە نییە کە (ئەو) ێک دەبینێ. کاتێک تووشی جەنگ دەبیت لەگەڵ کەسێکی ترا، مەسەلەی ڕۆژنامەکان ئەوەیە کە ئەو کەسە بۆ (ئەوان) بگۆڕن.

**مویرز:** ئەم ڕووداوە لە هاوسەرێتیشدا ڕوو دەدات، وانییە؟ لەبارەی منالانیشەوە ڕوودەدا؟

**کەمبڵ:** هەندێ جار (تۆ) بۆ (ئەو) دەگۆڕێت و، ئەو کاتە تۆ نازانی پێوەندییەکە چۆنە. پێوەندیی هیندییە سوورەکان لەگەڵ ئاژەڵاندا پێچەوانەی ئەو پێوەندییەیە کە

(٧) بە هۆی ڕێزگرتن لە بوڤالۆ واتە: گاکێوی بە وشەی تۆ بانگ دەکرا، نەک بە وشەی گاکێوی یان ئەو.



ئێمە لەگەڵ ئاژەڵدا هەمانە، تەماشاکردنمان بۆ ژیان تەماشاکردنێکی نزمە. لە پەرتووکی پێرۆزدا هاتووە ئێمە ئەشرەفی بوونەوەرانین. هەروەک وتم: لە زۆر ڕووەوە ئاژەڵان لە هەموو شتێ لە پێشترن بۆ هۆزی ڕاوچیان. هیندییە سوورێکی هۆزی پانی pawnee وتویەتی، (لەسەرەتادا هەموو شتەکان، حیکمەت و مەعریفە لە دەستی گیاندارانداا بوو، لەبەرئەوەی تیراڤا Tirawa ئەو کەسەی کە لەسەرەوەیە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤدا قسەی نەکردووە. تیراڤا هەندێ ئاژەڵی ناردووە تا بە مرۆڤ ڕاگەیەنێ کە ئەو خۆی لەشێوەی ئاژەڵدا نیشان دەدات. بۆیە لەسەر ئەم بناغەیە دەبێ مرۆڤ لەو ئاژەڵانەو لە ئەستێرە و هەتاو و مانگەوە فێر بێت.)

**مویرز:** کەواتەدا لەم دەورەدا، دەوری مرۆڤی ڕاوچی، هەست بەشێوەیەک لە خەیاڵی ئەفسانەییی بزوێنەرو جۆرێک سەرسوڕمان دەکەین.

**کەمبڵ:** بەڵێ. لەو دەورەدا جۆرێک تەقینەوەی هونەریی شکۆمەند و تەواوی ئەو دیمەنانەی تێدایە کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی خەیاڵێکی ئەفسانەییی بەهێز.

**مویرز:** ئایا لە هیچ جێگایەک تەماشای ئەم شتە هونەرییە سەرەتاییانەت کردووە، لە حاڵێکدا کە تەماشای بەرهەمەکە دەکەی تۆ بیر لە هونەرەکە ناکەیتەوە، بەڵکو بیر لەو ژن و پیاوانە دەکەیتەوە کە وەستاون و ئەو وێنانە دەنەخشێنن یان دەیانخولقێنن؟ زۆر جار لەگەڵ خۆمدا بیردەکەمەوە، کامیان ژن و کامیان پیاو بووە؟

**کەمبڵ:** ئەمەش شتێکە کاتێ کە دەچیتە نێو ئەو ئەشکەوتە کۆنانەوە، دەتخاتە ژێر کاریگەرییەوە. کاتێ کە ئەم وێنانەیان دروست دەکرد چ شتێک لە زەینیاندا دەهات و دەچوو؟ چۆن دەچوونە نێو ئەو ئەشکەوتانەوە؟ چۆن چاویان دەیبینی؟ تەنیا ڕووناکییەک کە لەبەردەستیان بوو، مەشخەڵێکی بچووکی پرتە پرتکەر بوو. بەڵام لەبارەی مەسەلەی جوانییەوە – ئایا ئەم جوانییە، جوانییەکی مەبەستدار بوو؟ یاخود ڕاگەیاندنی سروشتی ڕوحێکی جوانە، یا مەبەست لە خۆشیی ئاوازی ئەو پەلەوەرانە بوو؟ بە چ مەبەستێک مەبەستدارە؟ ئایا دەکرێ بوترێ کێشانی وێنەی پەلەوەرە، مەبەست لە جوانیی ڕۆحیی پەلەوەرە؟ هەمیشە دەربارەی ئەم هونەرە، بەم جۆرە بیر

دەکەمەوە. ئەوەی ئێمە ناوی (جوانناسی)ی لێ دەنێین تاچ ئەندازەیەک دەرئەنجامی مەبەستی هونەرمەندە، یاخود تاچ ڕادەیەک تەعبیری منە؟ تا چ ڕادەیەک ئەو هونەرە شتێکە بووە، بەو شێوەیە فێری بوون کە دروستی بکەن؟

کاتێ جالجالۆکەیەک تۆڕێکی جوان دەچنێ، ئەم جوانییە لە سروشتی جاڵجالۆکەوە سەرچاوە دەگرێ. جۆرە جوانییەکی غەریزییە. تا چ ڕادەیەک جوانی لە ژیانماندا، تەنیا بۆ ئەو جوانییە دەگەڕێتەوە کە ئێمە زیندووین؟ ئەو جوانییە تاچ ڕادەیەک جوانیی هۆشمەندانەو چەندی بە مەبەستە؟ ئەمە پرسیارێکی گرینگە.

**مویرز:** ئایا دەتوانی پێم بڵێی کاتێ ئەم ئەشکەوتە نەخشێنراوانەت بینی چیت وەبیر هاتەوە؟

**کەمبڵ:** حەزناکەی ئەم ئەشکەوتانە بەجێ بهێڵی. هەر دەڵێی دەچیتە نێو تەلارێکی گەورەوە، لە کلیسایەکی گەورە دەچێت، بەوێنەی ئەم ئاژەڵانە نەخشێنراوە. لەوێدا تاریکییەک هەیە باوەڕناکەی. ئێمە لەوێدا سوودمان لە چاری ئەلیکترۆنی وەردەگرت، بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییەش بسەلمێنرێ ئەو پیاوەی ئەو کۆشکەی پیشان داین دووجار چراکەی خامۆش کرد، لە ژیانمدا تاریکیی لەوە تاریکترم نەدیتبوو. نەمزانی، تەواو شێوەیەک بوو لە جۆرێک پەرکەم. نازانی لە کوێیت و ڕووت لە کوێیە لە باکور یا باشوور، ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاوا. هیچ ئاڕاستییەک ئاشکرا نییە، تۆ لە تاریکییەکدای هەرگیز هەتاوی بەرنەکەوتووە. پاشان ئەوان دووبارە چراکانیان دادەگیرسێنن تۆ وێنەی ئەو ئاژەڵە شکۆمەندانە دەبینی. ئەوانە وا بەزیندووی وێنەکێشراون وەک ئەوە وایە بەمەرەکەب لەسەر ئاوریشم تابلۆت دروست کردبێت، تەواو لە تابلۆی ژاپۆنی دەچێت – هەر بۆ نموونە وێنەی ئەو گایەی کە بەرزاییی بیست پێیەو، بەجۆرێک وێنە کێشراوە سمتەکانی دەکەونە سەر جێگەیەکی بەردەلان، لە دیوارەکەوە هاتووەتە دەرێ. ئەشکەوت نشینەکان بیریان لە هەموو شتێک کردووەتەوە.

**مویرز:** ناوت لێ ناون ئەشکەوتی پەرستگا ئامێز.

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** بۆچی؟



**کەمبڵ:** پەرستگا، وەکو دیمەنێکی سروشتی فەزایەکی کراوەیە. کاتێ بەرەو کلیسایەک دەچیت، دەچیتە نێو دنیایەک لە وێنەی ڕۆح ئامێز، بۆ ژیانی ڕۆحیت ئەو جێگەیە وەکو مناڵدانی دایک وایە، بۆیە پێی دەوترێ کلیسای دایک، هەموو شتەکان لە دەوروبەرت پڕن لە مانای ڕۆحی.

بەڵام لە کلیساکاندا تێبینیی ئەوە دەکەین کە هەموو وێنەکان شێوەی مرۆییان هەیە، خودا، مەسیح، هەموو پیرۆزەکان لەسەر شێوەی مرۆڤ کێشراون، بەڵام لە ئەشکەوتەکاندا وێنەکان هەموویان ئاژەڵن، بڕوا بکە ئەم دووانە هەردووکیان هەر یەکن، لەبەرئەوەی وێنە شتێکی ناوەندییە، چونکە پەیامەکە گرنگترە.

**مویرز:** ئەو ئەشکەوتانە بۆچی بەکاردەهێنران؟

**کەمبڵ:** بەپێی لێکدانەوەی لێکۆڵەرەوان ئەو ئەشکەوتانە بەکاردەهێنران بۆ ئەوەی کوڕان شارەزایی لە ڕاووشکار پەیداکەن. کوڕان دەبووایە نەک تەنیا ڕاوکردن بەڵکو فێری ڕێزگرتنی ئاژەڵیش بن، ئەو ڕیتوێڵانە دەبووایە بەئەنجام بگەیشتایە، بەشێوەیەک مناڵ لە مناڵێتیی خۆی بێتە دەرەێ و ڕەفتاری گەورە بکات و فێری گەورەیی بێ. تۆ دەزانی ئەو ڕاووشکارانە زۆر زۆر ترسناک بوون. ئەم ئەشکەوتانە بریتی بوون لە پەرستگە بۆ ڕیتوێڵی مرۆڤی سەرەتایی؛ ئەشکەوت جێگەیەک بوو تا کوڕان لە کوڕایەتیی دایک دەرچن و بێن بەکوڕی باوکیان.

**مویرز:** چیم لێ بەسەر دەهات گەر وەک مناڵێ، یەکێک لەو ڕیتوێڵانە ئەنجام نەدن؟

**کەمبڵ:** ئێمە نازانین ئەوان لەو ئەشکەوتانە چییان دەکرد، بەڵام ئەوە دەزانین، دانیشتووانی بنەڕەتیی ئوسترالیا چییان دەکرد. لەوێدا کاتێ کە تێبینی دەکرێ کوڕێک زیاد لە پێویست سەرپێچی و چاوقایمی دەکات ڕۆژێکی تایبەت پیاوان دێنە نێوەند، بە ڕووت و قووتی و تەنیا بەچەند پەڕێکی سپی بەشی خوارەوەی لەشیان داپۆشیوەو بەخوێنی خۆیان، خۆیان ڕەنگین کردووە. ئەو پیاوانە هەموویان پێکەوە بەهاوسەنگی نەعرەتەیەک دەکێشن؛ ئەم دەنگە دەنگی ڕۆحەو پیاوان وەکو ڕۆح دێنە ناوەوە.

لەم حاڵەتەدا کوڕە هەوڵ دەدا پەنا بۆ دایکی بەرێ، دایکیش وا خۆی نیشان دەدات دەیەوێ بەرگریی لێ بکات، بەڵام پیاوان ڕێگەی لێ دەگرن و لە دایکی دوور دەخەنەوە، دەزانی ئیتر لەم ساتەوە دایک کەسێکی باش نییە. کوڕە ناتوانێ بۆ لای دایکی بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی دەچێتە مەیدانێکی ترەوە. پاشان پیاوان بەرەو شوێنێکی شاراوەی پیرۆزی دەبەن، بەڕاستی لەوێدا دەکەوێتە نێو ئەزموونێکی پڕ لەئازار و میحنەتەوە هەر لەوێدا خەتەنە دەکرێ، درزێک لەبەشی خوارەوەی کێرەوەو کردنەوەیەکی هەمیشەیی لە بۆری میزو، پاشان خواردنەوەی خوێنی پیاو و.. هتد. لەوێوە کوڕە دەبێ بەپیاو. لە هەمان حاڵدا کە ئەو ڕێوڕەسمە بەڕێوەدەچێ، دیمەنی ڕووداوێکی ئەفسانەیی یەکێک لەئەفسانەکان بەوان نیشان دەدرێ. ئەوان لە زەمینەی میتۆلۆژیادا فێری ئەفسانەی هۆز دەبن، پاشان لە کۆتاییی ئەم ڕووداوەدا کوڕە بۆ گوندەکەی دەگەڕێتەوە، پێشتریش ئەو کچەی بۆ دەستنیشان کراوە کە دەبێ ببێتە هاوسەری. ئەو کوڕە لاوە ئێستا لە شێوەی پیاوێک گەڕاوەتەوە.

لە بازنەی منداڵی خرایە دەرەوە، جەستەشی لەم میانەدا قوربانی بوو، خەتەنەکراو درزێک لەخوارەوەی کێرو، ئێستا هەیئەتی پیاوێکی هەیەو پاش ئەو هەموو کارە چیتر فرسەتی ئەوە نەماوە بۆ منداڵێتی و هەرزەکاری بگەڕێتەوە.

**مویرز:** ئەو کوڕە چیتر بۆ لای دایکی ناگەڕێتەوە؟

**کەمبڵ:** نەخێر، بەڵام لە ژیانی ئێمە ئەم شێوە کارانە بوونی نییە. دەتوانی لای ئێمە پیاوێکی چل پەنجا ساڵە ببینی هەتا ئێستاش گوێڕایەڵ و سەرکزکەری باوکێتی، بۆ ڕزگاربوون لەم پرسەش سەردانی پسپۆڕی بواری دەروونی دەکات.

**مویرز:** یا ڕوو لە سینەما.

**کەمبڵ:** ڕەنگە سینەما ئەڵتەرناتیفێک بێت بۆ دووبارە نوێنەرایەتیکردنی ئەفسانە. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە لە بەرهەمهێنانی سینەماییدا ئەو جۆرە بیرو ئەندێشەمان لا نییە کە لە ئەنجامدانی ڕیتوێڵە ئاشنا سازییەکاندا هەمانە.

**مویرز:** ڕاستە، بەڵام ڕیتوێڵە ئاشنا سازییەکان لای ئێمە ون بوونە، ئەو دنیا



خەیاڵییەی کە دەکەوێتە سەر پەردەی سینەما، لە خزمەتی حیکایەتبێژی ئەو چیرۆکەیە، هەرچەندە شێوەی گێڕانەوەکەی عەیبداریش بێت. وانییە؟

کامبڵ: وایە، بەڵام ئەوەی کە بۆ من جێگای ناخۆشییە، ئەوەیە کە گرووپێکی زۆر لەو کەسانەی ئەم جۆرە چیرۆکانە دەنووسن، هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن. ئەم چیرۆکانە کۆمەڵێ چیرۆکن ژیان دروست دەکەن و دەیڕووخێنن. بەڵام فیلمە سینەماییەکان تەنیا بۆ پارە دروست دەکرێن. ئەو بەرپرسیارەێتیتەی لای ڕەبەنێک هەیە لە فیلمی سینەماییدا نییە، ئەو ڕەبەنەی کاتێ ڕیتوێڵێک ئەنجام دەدا. ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی ئەمڕۆی ئێمە.

**مویرز:** ئەمڕۆ ئێمە خاوەنی هیچ یەک لەو ڕیتوێڵانە نین، وانییە؟

**کەمبڵ:** پێم وایە، ڕاستە ئێمە خاوەنی نین. هەر لەبەر هەمان بەڵگەش، دەبینین لاوان خۆیان ڕیتویڵی تایبەت بەخۆیان دادەهێنن بۆ نموونە ڕێگرو چەتەو شتی لەم بابەتە هەیە، ئەم کارانە جۆرێکە لە مەراسیمی ئاشناسازیی دروستکراو.

**مویرز:** بەم جۆرە ئەفسانە یەکسەر پەیوەست دەبێت بەرێوڕەسم و ڕیتوێڵی هۆزگەری، نەمانی ئەفسانەش دەکرێ مانای کۆتاییی ڕیتوێڵ بێت.

**کەمبڵ:** ڕیتوێڵ دووبارە ئەنجامدانی ئەفسانەیە. بەبەشداریکردنتان لە ڕیتوێڵێک، لەڕاستیدا بەشداری لە ئەفسانە دەکەن.

**مویرز:** بۆ لاوانی ئەمڕۆ نا ئامادەییی ئەفسانە چ مانایەک دەگەیەنێ؟

**کەمبڵ:** ڕێوڕەسمی بانگدرانی مەسیحێتی، لە مرۆدا هاوبەرامبەرە لەگەڵ ئەو ڕیتوێڵە. تۆ وەکو کاسۆلیکێک ناوی پیاهەڵدراوت بەگوێدا دەدرێ، ناوێک دەتەوێ بەو ناوەوە بانگ هێشت بکرێیت. بەڵام لەجیاتی ئەوەی بکرێیتە قوربانی یان دانت دەرهێنن، قەشەی کلیسا خەندەیەکت بەڕوودا دەدا، بەلێدانێکی کورت دەست بەسەر گوناتا دەهێنن. لە ئاینی جوودا کاری بەرامبەر بەم بانگدانە کارێک هەیە پێی دەوترێ میتزڤا. ئایا ئەم ڕێوڕەسمە لە ڕاستیدا گۆڕانێک لە دەروونناسیدا بەدیدێنێ یان بەدی نایەنێ، بەبڕوای من ئەمەش پێوەندیی بە حاڵەتی کەسایەتییەوە هەیە.

بەڵام لەو سەردەمەدا ئەمە گرفتێک نەبوو، هەرزەکار لەم ڕێوڕەسمە بە لەشێکی تەواو جیاوازەوە دێتە دەرێ، ئەمەش لە ڕاستیدا ئەوە دەردەخات کەئەو بەشتێکدا تێ پەڕیوە کە ماناو بەڵگەی هەیە.

**مویرز:** ئەی بۆ ژن ئەمە چۆن بوو؟ زۆربەی ئەو وێنانەی لەم ئەشکەوتانەدان وێنەی نێرینەن. ئایا ئەم پرسە ئەوە دەگەیەنێ ئەم جۆرە کۆمەڵگە شاراوەیە، کۆمەڵگەی تایبەت بە پیاوان بووە؟

**کەمبڵ:** کۆمەڵگەی شاراوە نەبووە. بەڵام کوڕان ناچاربوون بچنە نێو ئەم ئەزموونەوە، بەڕاستی لەم سەردەمەدا نازانین چی بەسەر تاکی مێدا هاتووە. لەبەرئەوەی بەڵگەکان کەمن، بەڵام لەشارستانییەتە سەرەتاییەکانی ئەمڕۆدا، کچ بەدەرکەوتنی یەکەمین خوێن ڕشتن دەبێ بەژن. ئەمەش کارێک بوو سروشت ئەنجامی دەداو بەسەر ئەویدا دەهێنا. بەم جۆرەش ئافرەت گۆڕانی بەسەردا دەهات. بەڵام دەربارەی ڕێوڕەسمی ئاشنا سازیی کچان دەبێ ئەوە بڵێین، بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە کولبەیەکی بچووکدا دەمانەوە تا ئەوکاتەی هەستی دەکرد چی بەسەردا هاتووە.

**مویرز:** ئەم کارەی چۆن ئەنجام دەدا؟

**کەمبڵ:** لەوێ دادەنیشت. بووە بەژن. ژنێتیش چییە؟ ژن هەڵگری ژیانە. ژیانیش هەستی پێ کردووە. دەتوانین دەربارەی ژن دەکرێ بڵێین منداڵ دروستکەرو خواردن بەخشە. لەڕووی هێزەوە، لە خودای زەوی دەچێ، دەبێ دەربارەی خۆی ئەم ڕاستییە بزانێ. ئەم ڕووداوە بەسەر کوڕدا نایە، بۆیە دەبێ ببێ بەپیاو و خۆبەختکەرانە ببێ بەخزمەتکاری شتێکی مەزنتر لە خۆی.

**مویرز:** تا ئەو حاڵەی ئێمە دەزانین، ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە کە خەیاڵی ئەفسانەیی تێیدا ئەرکی خۆی دەست پێ کردووە.

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** بابەتە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە چی بوون؟ مەرگ بوو؟



**کەمبڵ:** سیمبولی مەرگ، یەکێک لەو سیمبولانەی ناوەڕۆکی سیمبولی ژیان هاوسەنگ دەکات. لە ڕاستیدا ئەم دووانە، دوو ڕووی نهێنییەکن. ناوەڕۆکی دوایی، بریتییە لە پێوەندیی ئەم مەسەلەیە بەجیهانی ئەو ئاژەڵەی کە دەمرێ و دووبارە زیندوو دەبێتەوە.

هەروەها لەپاش ئەوە دەبێ باس لە بەدەستهێنانی خۆراک بکرێت. پێوەندیی ژن بەسروشتی دنیای دەرەوە لێرەدایە. پاشان دەبێ مەسەلەی گەورەبوونی منداڵ و بوونیان بەهەرزەکارمان لەبەرچاو بێت، چونکە مەسەلەکە بریتییە لە پرسی سەرقاڵبوونی مرۆڤ پێوەی بەدرێژاییی ژیانی ڕیتوێڵی ئەو. ئەمڕۆش ئێمە ڕووبەڕووی هەمان ئەم پرسە دەبینەوە. گەڕاندنەوەی منداڵە سەرسەختەکان، ئەوانەی لە هەڵسوکەوتیاندا پەیڕەویی سروشت دەکەن، گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگە. ئەم کارە پێویستی بەبەکارهێنانی وزەیەکی زۆرە.. مرۆڤی کۆن حەوسەڵەیان نەبووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەیڕەویی یاسایان نەکردووە. کۆمەڵگە نەیدەتوانی بەرگرییان لێ بکات. کۆمەڵگە ئەو کەسانەی دەکوشت.

**مویرز:** لەبەرئەوەی هەڕەشە بوون بۆ سەر تەندروستیی کۆمەڵگە؟

**کەمبڵ:** دیارە، ئەو کەسانە وەکو شێرپەنجە، شتێک بوون جەستەیان هەڵدەوەشان، ئەم گرووپانە هەمیشە لەگەڵ ئاژاوەدا دەژیان.

**مویرز:** بۆیە دەستیان بەپرسیارکردنی بنەڕەتی کرد.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە مەرگ، ئەسڵەن لە دیدگای ئێمە نەدەچوو. ئەوان زۆر بەجیددی تەماشای چەمکی باڵاییان دەکرد.

**مویرز:** یەکێک لە بەشە گرینگەکانی ڕیتوێڵ لە جیهانی کۆندا بریتی بووە لە گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئەندامێک لەنێو هۆز، گرووپ و کۆمەڵگە. مێژووی کولتووری ڕۆژئاوا بریتی بووە لە جوداییی بەردەوامی تاک لە کۆمەڵگە. یەکەم (من) بووە یا یەکەم (تاکە).

**کەمبڵ:** ناتوانم بڵێم ئەم تایبەتمەندییەی کولتووری ڕۆژئاوا لە سەرتاسەری

قۆناغەکانیدا بەم جۆرە بووە، لەبەرئەوەی ئەم جوداییە جودایی ڕەگەزێکی تەواو زیندەوەرناسی نییە. تا ئەم دوایەش هەمیشە جۆرێک چەمکی ڕۆحیی هەبووە. لەم کاتەدا کاتێ کە فیلمی هەواڵە کۆنەکان دەبینین دەربارەی دەستنیشانکردنی سەرۆک کۆماری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تێبینیی دەکەین کە ئەو کڵاوێکی سیلیندەر لەسەر دەکات. لە ژیانی ئاساییی خۆیدا کڵاوی سیلیندەر ناپۆشێ. بەڵام لە مەقامی سەرەک کۆماریدا لایەنێکی ڕیتوێڵیی هەیە. بەڵام ئەمڕۆ جان درەنگ وەخت لە مەیدانی گۆڵف دەگەڕێتەوە لە لای ئێوەوە دادەنیشێ و باسی ئەوە دەکات ئاخۆ دەبێ بۆمبی ئەتۆممان هەبێ یان نەبێ. ئەمەش شێوەیەکی تەواو جیاوازە، لێرەدا ڕیتوێڵ تووشی کەمبودی بووە. خودایە گیان، تەنانەت لە کلیسای کاتۆلیکی ڕۆمیش، ئەو وتانەیان بۆ زمانی ڕۆژانە گۆڕیوە کە تایبەتە بەڕیتوێڵی شێوەی خودا. کەچی بەسەرهاتی لاتینیی شێوەی خودایی لەو بوارەت دەردەهێنێ کە پەیوەستە بەشتی ڕۆژانەوە. میحرابیش بەجۆرێک دروست کراوە قەشە پشتی لە تۆیە، تۆش هاوکات لەگەڵ ئەودا لەو فەزایە دەچوویتە دەرێ. ئێستا ئەوان ئەو میحرابەیان هەڵگێڕاوەتەوە – هەموو شتەکان ئێستا لە دەستووری کاری جولیا چایڵد[٨] دەکات کە پڕن لە هەستی گەرموگوڕی ماڵداری.

**مویرز:** لەوێدا گیتاریش لێ دەدەن.

**کەمبڵ:** بەڵێ گیتاریش لێ دەدەن، ئەوان ئەوەیان لەیاد چووە، ئەرکی ئەم ڕیتوێڵە ئەوەیە کە بتخاتە دەرەوە، نەک گەڕاندنەوەت بۆ جێگایەک کە هەمیشە لەوێ بووی.

**مویرز:** ڕیتوێڵی هاوسەرێتی، مرۆڤ بەرەو جێگەیەکی تر دەبات.

**کەمبڵ:** بێگومان بەرەو جێگایەکی ترت دەبات. بەڵام ئەو ڕیتوێڵەی کە واقیعێکی ناوکۆیی بۆ مرۆڤ دەگوێزێتەوە، ئەمڕۆ بووە بەشتێکی شێوەیی، ئەم ڕاستییەش بەسەر ڕیتوێڵی کۆمەڵ و ڕیتوێڵی هاوسەرێتیی تاکەکەسیش دەسەپێ.

(٨) جولیا چایڵد لە ساڵی ١٩١٢ لەدایک بووە، یەکێکە لە پسپۆڕانی تایبەت بە چێشتخانەی ئەمریکی بەهۆی کتێب و بەرنامە تەعلیمییەکانی لە تەلەفزیۆندا ناسراو بوو.



**مویرز:** لەبەر ئەمەشە دەتوانم تێبینیی ئەوە بکەم کە بۆچی زانیارییە ئاینییەکان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بوون بەشتێکی کۆن و بەکارناهێنرێ.

**کەمبڵ:** تا ئەو ساتەی پەیوەست دەبێت بەڕیتوێڵەوە دەبێ بەزیندوویی بمێنێتەوە. بەڵام زۆر لە ڕیتوێڵەکانی ئێمە گیانیان لەدەست داوە، بۆیە زۆر گرینگە خوێندنەوەمان هەبێت بۆ کولتووری شارستانییەتە سەرەتاییەکان، ئەوانەی یەکەم شارستانییەت بوون، هەروەها چۆن ئەوان توانییان حیکایەتە میللی و ئەفسانەکان بگۆڕن – هەمیشەش لە سنووری بارودۆخە گۆڕاوەکاندا؛ بۆ نموونە ئەم گۆڕانکارییە لەکاتێکدا دەبینین کە خەڵکی کۆچ دەکەن لەو جێگەیانەی کە ڕووەک تاقە شێوەی بژێوە بۆ دەشتەکان. زۆربەی هیندییە دەشتەکییەکانی لای ئێمە لەو هیندییە سوورانە بوون کە سوارچاک بوون، زۆربەشیان سەر بەشارستانییەتی مسیسیپی بوون؛ بەدرێژاییی کەنارەکانی مسیسیپی دەژیان، لەو شار و گوندانە ژیانیان بەسەر دەبرد کە پشتیان بەکشتوکاڵ بەستبوو. پاشان لە ئیسپانییەکانەوە ئەسپیان دەست کەوت، ئەو توانایەیان لادروست بوو کە لەو دەشت و دەرە سەرسەختی بنوێنن و ڕێورەسمی ڕاوکردنی گایەلی مەزنی گاکێوییەکان ساز بدەن لەم کاتەدا، میتۆلۆژیای ڕووەک بوو بەمیتۆلۆژیای گاکێوی. دەتوانی بونیادی میتۆلۆژیای ڕووەکی یەکەم ببینی کە چینی ژێرەوەی ئەفسانەی هیندییەکانی داکوتا Dakota و هیندییەکانی پاونیPawnee و کیوا Kiowa... پێک دێنێ.

**مویرز:** دەتەوێ بڵێی ژینگە چیرۆک دەخوڵقێنێ.

**کەمبڵ:** دەزانی، مرۆڤ وەڵامی بۆ ئەو ژینگەیە هەیە کەتێیدا دەژی. بەڵام ئێستا خاوەنی کەللپورێکین وەڵامی بۆ دەوروبەر نییە، ئەمەش لە جێگەیەکەوە دێت، لە ١٠٠٠ ساڵ پێش زاینەوە. ئەم تەقلیدە نەیتوانیوە تایبەتمەندیی کولتووری نوێ و توانای نوێ و دیدگای نوێی گەردوون لەخۆ بگرێ. دەبێ ئەفسانە بەزیندووی بپارێزرێ، ئەو میللەتانەی کە دەتوانن ئەفسانە بە زیندوویی بهێڵنەوە ئەو میللەتانە شێوەیەکی دیکەن لە هونەرمەند، ئەرکی هونەرمەندیش ئەوەیە کە ئەفسانە دەربارەی ژینگەو جیهان بخوڵقێنێ.

**مویرز:** مەبەستت ئەوەیە کەبڵێی هونەرمەندان لەم زەمەنەی ئێمەدا، ئەوانن ئەفسانە دروست دەکەن؟

**کەمبڵ:** ئەفسانە سازان هی ڕۆژگاری کۆنن، لەمڕۆدا لەگەڵ هونەرمەندان بەراورد دەکرێن.

**مویرز:** ئەوان لەسەر دیوارەکان وێنەیان دەکێشاو ڕیتوێڵەکانیان جێبەجێ دەکرد.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بیرێکی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی هەیە دەڵێ: بیرو شیعر لە شارستانییەتە دێرینەکاندا لەگەلەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام وانییە ئەو ئەزموونە، بەڵکو بیرو شیعر دەرئەنجامی ئەزموونی گرووپێکی دەستەبژێرن، ئەزموونی کۆمەڵە کەسانێکە کە دەستڕەنگینن بەشێوەیەکی تایبەت؛ ئەو کەسانە گوێیان بەرامبەر بەئاوازی گەردوون کردووەتەوە، ئەم کەسانە لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێن، خەڵکیش وەڵامی ئەوان دەدەنەوە، ئەم وەڵامە وەک جۆرە وەڵامدانەوەیەکی هاو بەرامبەر وەردەگیرێ. بەڵام پاڵپێوەنەری سەرەکی لە شێوەگیریی کەلەپوورێکی میللی لەسەرەوە دێت نەک لەخوارەوە.

**مویرز:** لەم کولتوورانەدا، بەقەولی ئێوە کە پێیان دەوترێ کولتووری سەرەتایی چ کەسانێک هاوبەرامبەری شاعیرانی ئەمڕۆمانن؟

**کەمبڵ:** شەمەنەکان، چ نێر بن یان مێ، کاتێک کە دوا ساڵەکانی منداڵی یا سەرەتاییی لاوێتی بەسەر دەچێ بە ئەزموونێکی دەروونناسیی مەزندا تێ دەپەڕێ، بەتەواوی بەرەو ناوەوەی ڕێنوێنی دەکات. ئەم ئەزموونە شێوەیەکە لە جۆرەکانی هەرەسی شیزۆفیرینی. لەپڕ لەخۆیەوە ناهۆشمەندییەک دەکرێتەوە، شەمەن دەکەوێتە نێو ئەو ناهۆشمەندییەوە. ئەم ئەزموونەی تایبەت بەشەمەنەکان چەندەها جار وەسف کراوە. ئەم ئەزموونە لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا ڕوو دەدات لە سیبیریا تا ئەمریکاو تیرادلی فوئگوو.

**مویرز:** ڕەنگە سەرنجراکێشانە سۆفیگەرییەکەشی بەشێک بێت لەو.؟

**کەمبڵ:** بەڵێ



**مویرز:** هەر بۆ نموونە سەمای ترانس لە کۆمەڵگەی بۆشمەتەکان.

**کەمبڵ:** لێرەدا شتێکی سەیرو سەمەر دەبینین. بۆشمەنەکان لە جیهانێکی بیابانیدا دەژین، ژیانێکە پڕ لە ناجێگیرییە. نێرو مێ بەشێوەیەکی تەواو ڕێکوپێک لە یەکتری جیاکراونەتەوە. تەنیا لەکاتی سەما، سەمای ترانسدا هەردووکیان لە کەناری یەکترییەوە دەوەستن. شێوەی کۆبوونەوەیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە، ژنان لەشێوەی بازنەیەکدا یان گرووپێکی بچووک دادەنیشن، بەڕانی خۆیاندا دەکێشن و ئیقاعێک دروست دەکەن، تا لەسەر ئەو ئیقاعە پیاوان بەدەوری ئەواندا سەماکەن. ژنان لە چەقی بازنەیەکدان و پیاوان بەدەوریاندا سەما دەکەن. ژنان کۆنترۆڵی ئەو جوڵەیە دەکەن کە پیاوان ئەنجامی دەدەن، ئەویش بەناو لەپ بەڕاندا کوتان و گۆرانی چڕین.

**مویرز:** ئەمە چ مانایەک دەگەیەنێ، کە ژنان کۆنترۆڵی سەما بکەن؟

**کەمبڵ:** ژن، ژیانەو پیاویش خزمەتکاری ژیان. ئەمەش بریتییە لەو بیرە سەرەکیەی کە لە ڕێوڕەسمی سەرەوەدا ڕوو دەدات، لە میانەی ئەو سوڕانەوەی کە پیاوان بەدرێژاییی شەو ئەنجامی دەدەن، واڕوودەدات یەکێک لەوان بکەوێ و بووبووڕێتەوە، ئەوان بە ئەزموونێکدا تێ دەپەڕن بەو ئەزموونە دەڵێین حاڵەتی ڕاکێشان. بەڵام ئەو وەسفەی کە دەکرێ بۆ ئەو حاڵەتە دانرێ بریتییە لە تیشکی ڕووناکییەک یا جۆرێک برووسکەو تریشقەیەک کە لەناوچەی حەوزەوە سەردەکەوێ بۆ بڕبڕەی پشت تا دەگاتە تەوقی سەر.

**مویرز:** ئەم حاڵەتەت لە پەڕتووککەتدا بەم شێوەیە وەسفدا کردووە: شێوەی دەسەڵاتی حەیوانی the way of animal paowers لەو پەڕتووکەدا دەڵێی.

**کەمبڵ:** (کاتێ مرۆڤ گۆرانی دەڵێ من سەما دەکەم. دەچمە نێو زەوییەوە. دەگەمە جێگایەک ئەو جێگایە، لە جێگایەک دەکات کە مرۆڤ ئاوی تێدا دەخواتەوە. ڕێگەیەکی درێژ دەبڕم، زۆر درێژ.) ئێستا مەدهۆشە ئەو. ئەمەش وەسفی ئەزموونەکەیە. (کاتێ دەردەکەوم، خۆم لە حاڵەتی سەرکەوتن دەبینم، لەڕێسمان

زیاتر دەڕۆم، ڕێسمانەکان ئەوانەی لەباشووردا شۆڕبوونەتەوە. لە یەکێکیانەوە سەردەکەوم، ئەویش بەردەدەم و بەوی ترەوە سەردەکەوم.. ساتێ کەدەگەیتە جێگایەک تایبەتە بەخودا خۆت بچووک دەکەیتەوە. لەوێدا هەمان ئەو کارانە دەکەیت کەدەبووایە بتکردایە. پاشان بۆ جێگایەک دەگەڕێیتەوە کەهەمووان لەوێن، چارەی خۆت دەشاریتەوە، بەجۆرێک هیچ شتێک نابینی. دێیت و دێیت و دێیت تا لەئەنجامدا بۆ لەشی خۆت دەگەڕێیتەوە. ئەوانەی لە دواوەی تۆن چاوەڕوانی تۆن، ئەو کەسانە لێت دەترسن. تۆش دەڵێی: (هـی–ی–ی–ی!) ئەمەش دەنگی گەڕانەوەتانە بۆ نێو جەستەی خۆتان، پاشان دەست بەگۆرانی وتن دەکەی. گەورەکانی نتوم Ntum لەو دەوروبەرەدان. نتوم هێزی میتافیزیکییە. (ئەوان پۆدرەیەکت بەسەروچاودا دەپژێنن – پڤو! پڤو! بەناو لەپیان دەستت دەگرن و پڤو دەکەن بەملاو ئەولای ڕوخسارت. بەم جۆرەیە کە دووبارە بۆ ژیان دەگەڕێیتەوە. دۆستان گەر نتوم ئەم کارەتان لەگەڵ نەکا ئەوا مردوون.. دەمریت و مردووی، هاوڕێیان ئەمە کارێکە کە ئەو دەیکات، ئەمە کارێکە نتوم دەیکات، ئەمە نتومە کە لێرەدا سەما دەکات).

خوایە گیان! ئەم پیاوە خاوەن ئەزموونێکە تایبەتە بەرێڕەوێکی تەواو جیاوازی نا هۆشمەندی! لەم ئەزموونانەدا واپێ دەچێ ئەوان لە هەوادا مەلە دەکەن.

**مویرز:** پاشان ئەو دەبێ بەشەمەنێک.

**کەمبڵ:** نەخێر، لەم کولتوورەدا شتی وا ڕوونادات، بەڵام ئەو بۆ سەماکەری ترانس دەگۆڕێ. هەرچی پیاو هەیە دەتوانێ بۆ سەماکەری ترانس بگۆڕێت.

**مویرز:** ئایا لەکولتووری ئێمەدا شتێکی لەم بابەتە هەیە؟ هەر بۆنموونە بەتایبەت من بیر لە ئەزموونی دووبارە لەدایکبوونەوە دەکەمەوە کە لە کولتووری باشووردا هەیە.

**کەمبڵ:** دەبێ هەبێت. بەڵام ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی پراکتیکییە لە ڕۆیشتن لەسەر زەوییەوە بۆ وێنە خەیاڵییەکانی میتۆلۆژیا، ڕۆیشتن بەرەو لای خوداو کورسیی دەسەڵات. تێ ناگەم ئەزموونی دووبارە لەدایکبوونەوەی مەسیح چییە. گومانم لەوە هەیە کە ئەزموونگەرەکانی سەدەی ناوەڕاست بەهەمان ئەم ئەزموونەدا تێ





پەڕبووبێتن، ئەوانەی خەونی خوداییاین دەبینی و پاشان دەهاتن دەیانگێڕایەوە.

**مویرز:** لەم ئەزموونەدا شێوە هەستێکی گەشکەیی هەیە، وا نییە؟

**کەمبڵ:** بەو جۆرەی کە باس کراوە بەڕاستی هەمیشە گەشکەدار بووە.

**مویرز:** قەت ڕووی داوە شتی وا ڕووی دابێت؟ ئەم جۆرە ڕیتوێڵ و ئەم جۆرە ڕووداوەت بینیبێت؟ ئایا تۆ خۆت بە حاڵەتی گەشکەییدا تێ پەڕیوی؟

**کەمبڵ:** نەخێر، شتی وەهام نەبینیوە. بەڵام هەندێ هاوڕێم هەن ماوەیەکی زۆر لەوڵاتی هایتی بوون و بەکرداریش خۆیان بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ئا لەم جۆرە کردووە، ئەوان بەشداریی ڕێوڕەسمێکی ڤۆدۆیان کردبوو، ئەو ڕێوڕەسمەی مرۆڤ تێیدا تووشی گەشکەیی دەبێ، هەروەها سەمای وەها هەیە گەشکەییی تێدایە، جۆرێک بڕوای دێرین هەیە لەمەڕ لەسەر خۆچوون. بێ ئاگاکردن لەکاتی جەنگ و هێنانە جۆش و خرۆشی جەنگاوەران پێش ئەوەی بەرەو جەنگ بڕۆن، کاتێ سەرقاڵی جەنگن دەبێ لە حاڵەتی شێتانە بن، ئەو حاڵەتەش پێی دەوترێ شێتی شەڕ.

**مویرز:** ئایا ئەمە تەنیا ڕێگەی ئەزموونکردنی ناهۆشمەندییە؟

**کەمبڵ:** نەخێر، بۆ کەسانێک کە بەم جۆرە بیر ناکەنەوە، جۆرێک هاتنەژوورەوەی لەپڕ ڕوودەدات، پاشان وەکو تەقینەوەیە ئەم ڕووداوە وەئاگایان دێنێتەوە.

**مویرز:** ئەو کەسانەشی بەم ئەزموونە دەروونناسییە و بەم ئەزموونە پڕ ئازارو گەشکەبوونەدا تێ دەپەڕن، نابن بەکەسانێکی ڕاڤەکەر تاشتە نەبینراوەکان بۆ کەسانی تر ڕاڤەکەن؟

**کەمبڵ:** دەکرێ بوترێ ئەوان دەبن بەڕاڤەکەری میراتی ژیانی میتۆلۆژی.

**مویرز:** چ شتێک بەرەو لای ئەو شتەیان ڕادەکێشێ؟

**کەمبڵ:** باشترین نموونەیەک من بیزانم و دەشکرێ وەڵامێکیش بێت بۆ ئەم پرسیارە، ئەزموونی کەڵەکێویی ڕەش (Black Elk)، کەڵەکێویی ڕەش (یان کوڕی ڕەش)

مێرمناڵێک بوو لە هۆزی سوو Sioux، تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵان بوو. ئەو ڕووداوە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، پێش ئەوەی سوپای سەربازی ئەمریکی لەم ناوچەیەدا ڕووبەڕووی ئەم هۆزە ببێتەوە، ئەو کاتەش هۆزی سوو گەورەترین هۆزی بەرزایییە مەزنەکان بوون. ئەم مێردمناڵە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی دەبێ. ئەو چیرۆکەی خێزانەکەی دەربارەی نەخۆشی کوڕەکەیان دەیگێڕنەوە چیرۆکێکی شەمەن ئاسایە. لەو میانەدا لەرز دەکەوێتە نێو لەشی کوڕە و توانای جووڵەی نامێنێ. خێزانەکەشی بەتەواوی نیگەرانی ئەو حاڵە دەبن و، بۆ چارەسەرکردنی دەچنە لای شەمەنێک تا کوڕەکەیان چارە بکات، ئەو شەمەنە خۆشی لەلاوێتیدا هەمان دەردی تووش بووە، ئەوانیش بۆیە هاتونەتە لای تادەستێک بەسەر کوڕەدا بێنێ و ئەو دەردەی لەکۆڵ بکاتەوە. بەڵام شامەن لە جیاتی ئەوەی ئەو مناڵە لە هێزی خوداکان ڕزگار بکات، لەگەڵ هێزی خودا ڕای دەهێنێ و خۆشی لەگەڵ هێزی خودا ڕادەهێنێ. ئەم پرسە لەگەڵ دەروونناسیدا جیاوازیی هەیە. پێم وایە نیتشە بوو کە دەیوت: (ئاگاداربن نەوەک بەدەرکردنی ئەهریمەن لە خۆتاندا باشترین شتەکانی بوونتان فڕێ دەنە دەرەوە.) ئەو خودایەی کوڕە لەمیانەی پرۆسەکەدا ڕووبەڕووی بووەوە یان بڵێین: ئەو هێزەی کوڕە لەخۆیدا پاراستی، هەر لەناخیدا مایەوەو پێوەندیی بەهێزتربوو لە جیاتی ئەوەی ئەو پێوەندییە بپچڕێت. ئەم جۆرە کەسانەن لەدواییدا دەبنە کەسانێک ئامۆژگاری و دیاری پێشکەش بەهۆزەکانیان دەکەن.

ئەوەی ئەم مێردمناڵە پێیدا تێ پەڕی، بریتی بوو لەوەی دەربارەی ئایندەی هۆزەکەی ڕوانین و پێشبینییەکی خراپی بەدی کرد. ئەو ڕوانین و پێشبینییە پێی دەوترێ ئابڵۆقە hoop ی هۆز. لەم پێشبینییەدا کەڵەکێویی ڕەش ئابڵۆقەی گەلەکەی خۆی لەشێوەی یەکێک لە بازنە زۆرەکانی ئابڵۆقەدا دەبینی، تا ئەم کاتەش ئێمە هیچ لەم بارەیەوە نازانین. ئەو دەیبینی هەموو ئەم بازنانە هاوکاریی یەکتری دەکەن و، هەموو گەلان لەیەک کۆبوونەوەی مەزندا هاوکاریی یەکتری دەکەن. بەڵام ئەم ڕوانین و پێشبینییە ئەزموونێک بوو خۆی تێدا دەبینی کە دەچووە نێو بواری وێنە ڕوحییەکانەوە، ئەو وێنە ڕۆحییانەی کولتوورەکەی پێی ئاشنا بوو، ئەو تێگەیشتنەش ئەوی بۆ لای خۆی کێش دەکرد. ئەو لەکۆتاییی ڕوانین و پێشبینیەکانیدا بڕێک



دەستەواژەی زۆر گرنگی ڕاگەیاند بەبڕوای من کلیلی تێگەیشتنی ئەفسانەو سیمبولەکانە. ئەو دەڵێ: (خۆمم لەسەر کێوی سەنتەری جیهان بینی، لە بەرزترین جێگە، خاوەنی تەنیا یەک ڕوانین و پێشبینی بووم، لەبەرئەوەی ئەو ڕوانینەم لە شێوەیەکی پیرۆزدا دەبینی.) ئەم کێوە سەنتەرە پیرۆزە بریتی بوو لەهارنی پیک لەباشووری داکۆتا، پاشان دەڵێ: (بەڵام ئەم کێوە سەنتەرە لە هەموو جێگەیەکە.)

ئەمەش درک پێکردنێکی ڕاستەقینەی میتۆلۆژییە. لەم درک پێکردنەدا بڕوا لۆکاڵییەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە هارنی پیک، جیادەبێتەوە لەمانا ناوەرۆکییەکەی هارنی پێک Harney Peak وەک سەنتەری جیهان. سەنتەری جیهان، خاڵێکی میحوەرییە، تەوەرێکەو شتەکان هەر هەمووی بەدەوری ئەودا دەسووڕێنەوە. سەنتەرە خاڵی جیهان خاڵێکە لەوێدا ڕاوەستان و جووڵە لەکەناری یەکتریدان. جووڵە زەمەنەو، ڕاوەستانیش نەمری. ئەزموونی میتولۆژی چییە، ئەزموونی میتۆلۆژی ئەوەیە کە تۆ هەست بکەیت لەڕاستیدا ئەم ساتەی ژیانت، ساتێکی نەمرییەو، ئەزموونکردنی لایەنی نەمری کارێکە لەئەنجامی ئەزموونگەریی خۆتدا ئەنجامی دەدەیت.

بەم جۆرە دەکرێ ئەم شوێنانەش کێوی سەنتەری دنیابن، ئۆرشەلیم؟ ڕۆما؟ بنارس، لازا؟ مەکسیکۆسیتیش؟

**مویرز:** مانای وتەکانی ئەو کوڕە هیندییە سوورە ئەوە دەگەیەنێ کە خاڵێکی درەخشان هەیە، هەموو خاڵەکان لەوێدا بەیەک دەگەن.

**کەمبڵ:** بەڕاستی ئەم شتەش ئەوەیە کە مەبەستی بوو؟

**مویرز:** هەروەها دەیوت: خودا دەوروبەری نییە.

**کەمبڵ:** پێناسەیەک بۆ خودا هەیە زۆربەی فەیلەسووفەکان ئەو پێناسەیان دووبارە کردووەتەوە. خودا بوارێکە درکی پێ دەکرێ نەک بە عەقڵ بەڵکو بەهەستەکان، خودا سەنتەری هەموو شوێنێکە و دەوروبەرەکەشی لەهیچ شوێنێک نییە. سەنتەرەکەی بەتەواوی لەو شوێنەیە کەتۆ لێی دانیشتووی و، سەنتەرەکەی تریشی ئەم جێگەیەی کە منی لێ دانیشتووم و هەر یەک لەئێمە نیشاندەری ئەو سیمبولەین. ئەمەش

درکێکی میتۆلۆژیی جوانە، ئەو هەستەت پێ دەبەخشێ کەتۆ چیت و چ شتێکی.

**مویرز:** کەواتە خودا خوازراوە یان وێنەی واقیعێکە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو مەسەلەی تۆ لێرەدا ڕووبەڕووی بوویتەوە، دەکرێ پێی بڵێی تاکگەرایی پەتی، دەبینی، ئەگەر نەتزانیبایە کەسەنتەرێکیش یەکسەر بەرامبەرتەو لە کەسێکی تردایە. ئەم ڕێگەیەش ڕێگەی میتۆلۆژییە وات لێ دەکات لەتاکێکدا بەرجەستە بیت، ئێوە کێوێکی سەنتەرین، کێوی سەنتەریش لەهەموو جێگایەکدایە.

## قوربانی و بەختیاری

4

گەرهاتوو ڕەدووی دڵخۆشییەکانت بکەوێ، ئەوا خۆت فڕێ دەدەیتە نێو ڕێگەیەکەوە، هەمیشە هەبووەو لە چاوەڕوانتا بووە، ئەو ژیانەی کە دەبێ بیگوزەرێنی هەر هەمان ئەو ژیانەیە کە گوزەراندووتە. لەهەر جێگایەک – گەر ڕەدووی دڵخۆشییەکانتی، ئەوا تۆ هەموو کات چێژ لەم شاگەشکەیی و ئەم ژیانە دەبینی کە لەناختدایە.

**مویرز:** کاتێ نووسینەکانت دەخوێنمەوە، ئەو نووسینانەی باس لە کاریگەری دەوروبەر بەسەر حیکایەتبێژانەوە دەکەن، ئەو شتەی کارم تێ دەکات ئەوەیە ئەم کەسانە هەر هەموویان – دەشتنشین و ڕاوچی و جەنگەڵنشین و جوتیارانن – بەشداری دەوروبەری خۆیان دەکەن. ئەم کەسانە بەشێکن لەم جیهانە، و هەموو ڕووەیەک لە ڕووەکانی ئەم جیهانە بۆ ئەوان پیرۆزیەکە.

**کەمبڵ:** یەکێک لە ئەرکە بونیادیەکانی ئەفسانە بریتیە لە بەخشینی پیرۆزی بە فەزای بنەڕەتی. ئەم دیمەنەش دەتوانی لە لای نافاهوNavaho کان بەدی بکەیت، ئەوان کێوەکان لە یەکتری جیا دەکەنەوە، کێوی باکوور و باشوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە یەکتری جیادەکەنەوەو ناوی تایبەتیشیان هەیە. دەرگای ماڵەکانی ناڤاهووەکان هەمیشە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە. لە سەنتەری ماڵەکانیان سۆپەیان دامەزراندوە و، دووکەڵیش بەلولەکێشا سەردەکەوێ و لە بنمیچەکانەوە دەچێتە دەرێ، تاوەکو بۆنی خۆشی ئەوان بدا بە لووتی خوایا. شوێنی بژێوی دەگۆڕێت بۆ پەرستگا یان بۆ شوێنێکی پیرۆز، لە هەر جێگایەک بێ لە پێوەندییدایت لەگەڵ سیستەمی کەوندا.



لەلایەکی تریشەوە کاتێ کە وێنەیەکی لمی Sand Paintingی ناڤاهوو دەبینی، هەمیشە وێنەیەک لە شێوەی ئابڵۆقە دەبینی، ڕەنگە لە سەراب یا پەلکەزێڕینە یا شتێکی لەم بابەتە بچێ. بەڵام هەمیشە شێوەیەک لە شێوەی ئابڵۆقە هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات، کەواتە ڕۆحی نوێ دەتوانێ لەوێوە بێتە ژوورەوە بۆ نێو ناخ. کاتێ کە بوودا لەژێر درەختی Bo دانیشتبوو، ڕووی لە ڕۆژهەڵات بوو ئەو ڕۆژهەڵاتەی ڕووی لە هەڵهاتنی ڕۆژ بوو.

**مویرز:** کاتێک بۆ یەکەمین جار سەفەری کینیام کرد، بە تەنیایی لە ناوچەیەک گیرسامەوە بریتی بوو لە ناوچەیەکی کۆن و سەربازگەیەکی سەرەتایی، هەتا شەو لەوێ مامەوە. لەوێ لە ژێر ئاسمانی ئەو شەوەدا، لە پەنایەکدا، هەستم بە ئامادەبوونی تەواوی خوڵقێنەر دەکرد، هەروەک بڵێی پەیوەست بم بە شتێکی کۆنەوە و تا ئێستاش هەر ئامادە بێت.

**کەمبڵ:** پێم وایە سیسرۆنە کە دەڵێ: کاتێ دەچیتە نێو بێشەیەکی پڕ لە گیای بڵند وبەرزەوە، هەست بە ئامادەبوونی خوا دەکەیت. بێشە پیرۆزەکان لە هەموو جێگایەک هەن. بیرمە کە منداڵ بووم، کاتێک ڕووم لە دارستانەکان دەکرد، لەوێدا درەختێکی مەزنی بە تەمەنم دەپەرست و بیرم دەکردوەو دەمگوت (درەختەکەم، درەختەکەم، تۆ چی بووی و چیت دەزانی.) پێم وایە ئەم هەستە، هەستی ئامادەبوونی خوڵقێنەر یەکێکە لە ڕووە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. بەڵام ئێستا ئێمە لە شاردا دەژین. شارێک بەدەستی مرۆڤ لە بەردو تاوێر دروست کراوە. ئێرە جیاوازە، جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە دارستانێکدا گەورە بیت کە پڕ لە سمۆرە و کونەپەپوو بێت. لەوێدا واتە لە دارستانەکاندا هەموو ئەوشتانەی لە دەوروبەری تۆن، هێزو دەسەڵات و توانای جادوویی ژیان نمایش دەکەن، کە پەیوەست نین بە تۆوە، بەڵام ئەو شتانە بەشێکن لە ژیان و دەرگاکانی ژیان بەڕووی تۆدا دەکەنەوە. پاشان تێبینی دەکەیت هەموو ئەم شتانە لە تۆدا ڕەنگ دەدەنەوە، لەبەرئەوەی تۆ خۆت سروشتی. کاتێ هیندییەکی سووری هۆزی سوو سەبیلەکەی بەدەستەوە دەگرێت، بەجۆرێک هەڵی دەگرێ، دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە تا هەتاو بتوانێ یەکەمین مژ لە سەبیلەکەی بدات. پاشان بەچواردەوری خۆییدا سەبیلەکەی

دەسـوورێنێـتـەوە، وەک ئەوەی وتارێک بە گـوێی ئاسـمـاندا بدات، لەم چوارچێـوە زەینییەدا، کاتێ بە گوێی هەموو ئاسۆ و جیهاندا بانگ دەدەی ئەو ئاسۆ و جیهانەی تێیدا دەژی، ئەمە مانای وایە تۆ لە جیهاندا شوێنی خۆت گرتووە، ئەمەش ڕێگەیەکی جیاوازە بۆ ژیان و بژێوی.

**مـویرز:** لە پەڕتووکی (وێنەی خـەیاڵیی ئەفـسـانـەیی The Mythic Image)دا باس لە سەنتەری گۆڕانکاریی ئەندێشە، باس لە ئەندێشەی شوێنی پیرۆز دەکەیت. ڕەنگە ئەو ئەندێشەیە دیوارە کاتییەکانی هەرەس بێنن و سەرسامییەکان ئاشکرا بن. کاتێ خاوەن شوێنێکی پیرۆز بیت ئەوە چی دەگەیەنێ؟

**کەمبڵ:** ئەمرۆ شتێکی لەم بابەتە لای هەمووان پیرۆزە. دەبێ ژووری کاتژمێری، ڕۆژێکی تایبەتت هەبێ، تالەوێدا نەزانی هەواڵی ڕۆژنامەکان چی بووە و هاوڕێکانت کێن و قەرزاری چ کەسێکی و چ کەسێک قەرزاری تۆیە. ئەمەش جێگایەکە دەتوانی تێیدا ئەوە تاقی بکەیتەوە کە هەیت و دەشتوانی هەبی و لەسەر سەکۆی دەرکەوتندا دەرکەوی. ئەم جێگەیە جێگەی هەڵهێنانی داهێنانە. ڕەنگە لە سەرەتادا لەم جێگەیەدا هیچ ڕوونەدات. بەڵام ئەگەر خاوەنی جێگەیەکی پیرۆز بیت و سوود لەو جێگەیە وەرگریت، سەرەنجام شتێک ڕوو دەدات.

**مـویرز:** ئەم شـوێنە پیـرۆزە هەمـان ئەو کـارە بۆ ئێـمـە دەکـا کـە دەشـتـەکـان بۆ ڕاوچییانیان دەکرد.

**کەمبڵ:** لای ئەوان جیهان هەر هەمووی جێگایەکی پیرۆز بوو. بەڵام ژیانی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەندە لایەنی ئابووری و پراکتیکیی تێدا زاڵ بووە، ڕۆژ بەڕۆژیش گەورە دەبێت، ساتەکان ئەوەندە داوای قورست لێ دەکەن زۆر بەزەحمەت دەزانی لەچ دۆزەخێکدا دەژیت و ژیان چی لێت دەوێ.. هەمیشە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێت سپێردراوە. کەواتە دڵخۆشیت لەکوێیە؟ دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی ئەو دڵخۆشییە بدەی. ڕیکۆردەکەت ڕۆشن کەو ئەو مۆسیقایە لێ دە بەڕاستی پێی دڵخۆشی، هەر مۆسیقایەک تەنانەت ئەوەی ئاوازەکانی هەستیارن و کەسیش ڕێزی لێ ناگرێ. یان پەڕتووکێ هەڵگرەو بیخوێنەوە، ئەو پەڕتووکەی ڕووناکیت پێ



دەبەخشێ. هەستەکانت لەو جێگایانە پەیداکە کە پیرۆزن، ئەو جێگایانەی مرۆڤی کۆن لەسەرتاسەری جیهاندا لێی ژیان و هەستیان تاقی کردووەتەوە.

**مویرز:** ئێمە باسیمان لە کاریگەریی شوێن بەسەر مرۆڤەوە کرد، بەڵام کاریگەریی مرۆڤ چییە بەسەر شوێنەوە؟

**کەمبڵ:** مرۆڤ بەخوڵقاندنی دەرووبەری پیرۆزو بەئەفسانەکردنی ئاژەڵ و گیاو بەخشینی توانای ڕۆحخوازانە بە زەوی، کار دەکاتە سەر دەوروبەر. ئەم دەوروبەرە دەبێتە جێگایەکی پیرۆز وەک پەرستگاو جێگایەک بۆ قووڵبوونەوەو ڕامان. بۆ نموونە: ناڤاهووەکان بە بەمیتۆلۆژیکردنی گیانداران کارێکی سەرسوڕهێنەریان ئەنجامدا. لە وێنە لمییەکانی ناڤاهوو ئەم ئاژەڵە بچووکانە، هەریەکەیان بەهای تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم ئاژەڵانە بەشێوەیەکی سروشتی سکێچ کراون. نیشاندانیان لە قاڵبێکی تایبەتە و بەپێی شێوازێکی تایبەت، ئەم شێوازەش کار بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییە ڕۆحییەکان دەکات، نەک تەنیا سیفەتە سروشتییەکان، بۆ نموونە کاتێ کە تۆ لە بیابانێکدا ڕێ دەکەی مێروویەکی بچووک هەیە دێت و لەسەر شانت دەنیشێتەوە، لە ئەفسانەی ناڤاهوودا ئەو مێرووە پێی دەوترێ مێرووە زەبەلاحەکەو هەندێ جاریش پێی دەوترێ بای بچووک. ئەم میرووە وەڵامی ئەو پرسیارانە بەگوێی ئەو پاڵەوانە لاوانەدا دەچرپێنێ، کە باوانیان بەمەبەستی تاقیکردنەوەیان ڕووبەڕوویانیان دەکەنەوە. مێرووی زەبەلاح، دەنگی ڕۆحی پیرۆزە کە حیکمەتی شاراوە ئاشکرا دەکات.

**مویرز:** ئامانج لەم هەموو شتە چییە؟

**کەمبڵ:** ئامانجیان بریتییە لە مافی داواکردنی زەوی و گۆڕینی ئەو زەوییەی کە لەسەری دەژین بۆ شتێک کە دەلالەتێکی مەعنەویی هەبێ.

**مویرز:** بەم جۆرە کاتێ کە مووسا تەماشای سەرزەوی پەیماندراوی کرد، هەمان ئەو کارەی ئەنجام دا کەڕەهبەرە ئاینییەکانی تر بۆ گەلانی خۆیان ئەنجام دەدا، ئەو کارەش مافی داواکردنی زەوی بوو.

**کەمبڵ:** بەڵێ، چیرۆکی خەونی یاکوبت لە یادە، کە لە خەو هەستا، ئەو جێگەیە بوو بەبەیت لەحم، واتا خانەی خودا، یاکوبیشت داوای مافی خۆی لەسەر ئەو شوێنە کرد ئەو شوێنە دەلالەتی ڕۆحیی تایبەتی هەیە، ئەمەش ئەو جێگایەیە کە خودا هێزی خۆی تێدا چاند.

**مویرز:** ئایا ئەمڕۆش لەسەر ئەم کیشوەرە جێگای پیرۆز هەیە؟

**کەمبڵ:** مەکسیکۆسیتی پێش ئەوەی ئیسپانییەکان داگیر و پارچەپارچەی بکەن، یەکێک بوو لەشارە گەورەکانی جیهان و ڕووبەرێکی پیرۆز. کاتێ بۆ یەکەم جار ئیسپانییەکان مەکسیکۆسیتییان تەنوچیتیتلانیان بینی، لەهەموو شارێکی ئەورووپا گەورەتر بوو. بەهۆی ئەو پەرستگە مەزنانەی تێیدا بوو، بە شارێکی پیرۆز دادەنرا. بەڵام ئەمڕۆ لە هەمان ئەو جێگەیەی کە پەرستگای ڕۆژی لێ بوو کلیسای کاتۆلیکی لێیە. ئەمەش یەکێکە لە نموونەکانی مافی زەوێتی، هەروەها مەسیحییەکان مومارەسەیان دەکرد. تێبینی دەکەیت مەسیحییەکان بەدانانی پەرستگاکانی خۆیان فەزای ئەوانیان بۆ فەزای خۆیان گۆڕی.

بۆ نموونە، باوکانی کۆچکردووی ئێمە زۆر ناوچەیان بەناوی تەوراتەوە ناونا، گومانی تێدا نییە یەکێک لەو باوکانە لەبەشی سەرەوەی وولایەتی نیویۆرک لەزەینیا ناوی ئۆدیسەو ئیلیادە هەبوو، ئیتیکاو یوتیکا هەروەها ناوی کلاسیکی تری یەک لەدوای یەکتری.

**مویرز:** بەمانایەکی تر، ئەو زەوییانەیان تەعمید دەکرد، بڕوایان وابوو ئەو زەوییانە وزەی تێدایەو هێزیان پێ دەبەخشێ، بێگومان پێوەندییەکی ڕەگەزی هەبوو لە نێوان ئەو زەوییەو ئەو ساختمانەی لەسەری دروست دەکرا.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام بەپەیدابوونی شارە مەزنەکان ئەم دیاردەیە کۆتایی هات.

**مویرز:** لەحاڵی حازردا لە نیویۆرک پێشبڕکێ لەسەر ئەوەیە، کێ بەرزترین ساختمان درست دەکات.

**کەمبڵ:** ئەمەش جۆرێکە لە سەرکەوتنی بونیادسازی. وشەی شار، ڕەنگدانەوەی



توانای هێزی دراوییە، شاری مەزن ئەوە دەگەیەنێ ئێمە سەنتەری هێزی دراوین، بەخەڵکی دەڵێن، بڕوانن دەتوانین چ کارێ ئەنجام بدەین، ئەم کارەش بریتییە لە ئەنجامدانی کارێکی پاڵەوانانە، کارێکی بێ وێنە.

**مویرز:** ئەمڕۆ لەچ جێگایەک شوێنە پیرۆزەکان هەن؟

**کەمبڵ:** ئەو شوێنانە هەن. هەندێ خاڵی کەم لەجیهاندا هەن، بەڵام ڕەنگە مرۆڤ بۆ ئەوە ڕوو بکاتە ئەو جێگایانە تەنیا لەبەر ئەو ڕووداوانەی لە مێژوودا لەوێ ڕوویان داوە، بۆ نموونە، ڕەنگە بچینە دیداری سەرزەمینی پیرۆز، لەبەرئەوەی ئەو جێگەیەی سەرزەمنیی ئایینیی ئێمەیە. بەڵام دەبێ هەرچی سەرزەمینە پیرۆز بێت. دەبێ مرۆڤ لەو سەرزەویەدا نیشانەی هێزەکانی ژیان پەیدا بکات. ئەمەش کارێکە هەموو کەلەپوورەکانی پێشوو ئەنجامیان داوە. ئەوان پیرۆزییان بەدەوروبەری خۆیان دەبەخشی.

بۆ نموونە ئەمە کارێکە یەکەمین دانیشتووانی ئایسلەند لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمدا ئەنجامیان دەدا، ئەوان ئۆردووگاکانیان لە پێوانەی (٤٣٢٠٠٠) پێی ڕۆمیدا بونیاد دەنا، هەریەک لەوانە لە چاو ئەوی تردا (ئەم ژمارەیەش (٤٣٢٠٠٠) ژمارەیەکی ناسراوی ئەفسانەییە لەلای زۆربەی کولتوورەکان ناسراوە) ئەم ساختمانانە لەگەڵ دیمەنی سروشتیی ئایسلەندا تەواو ڕێکوپێک و بێ کەموکوڕی بوون؛ لەبەرئەوەی لەسەر بونیادی ئەم جۆرە پێوەندییە گەردوونییەدا بەئەنجام گەیشتبوو. بۆیە لە ئایسلەندا بۆ هەر کوێیەک دەڕۆی (گەر میتۆلۆژیای خۆت بناسی) ئەوەی بەدیی دەکەی ڕێکی و گونجاوییە لەگەڵ گەردووندا. ئەمەش هەمانە ئەو میتۆلۆژیایە کە لە میسردا هەبووە، بەڵام لە میسر میتۆلۆژیا شێوەیەکی جیاوازی بەخۆوە گرتبوو، سەرزەمینی میسری، سەرزەمینێک بازنەیی نەبوو، بەڵکو درێژ بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیە خودای ئاسمان لای میسرییەکان لەسەر شێوەی مانگایەکی پیرۆزە، دوو پێی لەباشورو دوو پێی لە باکورە، یان دەکرێ بوترێ لەشێوەی لاکێشەییە. بەڵام سیمبولی ڕۆحی شارستانیمان بەتەواوی لەناوچووە. بەمجۆرە تووشی سەرسامبوون دەبین کاتێ کە ڕوو دەکەینە شارۆچکەی دڵگیری شارتەری

فەرەنسی، لەوێدا دەبینین هێشتا کلیسا دەسەڵاتی هەیە، کە شەو دەبێ بەڕۆژ و بەیانی دەبێ بەنێوەڕۆو جارێکی تریش شەو دادێ گوێمان لە زەنگی کلیسا دەبێت.

شارتەرە بەئەبرشێنتی خۆم دەزانم، کاتێ کە لە پاریس دەمخوێند چەندەها جار سەردانی ئەو شارەم کردووە، یەکێک لە پشووەکانی دواین هەفتەم بەشێوەیەکی بەردەوام لەوێدا بەسەر برد، هەرچییەکی تێدا بوو بەوردی تەماشام کرد. ئەوەندە لەوێ مامەوە، تارۆژێکیان پاسەوانی کلی ساکە هاتە لام و پێی وتم: (حەز دەکەی لەگەڵمدا سەرکەوی و زەنگی کلیساکە لێ دەی؟ وەڵامم دایەوە: بێگومان. بەم جۆرە سەر کەوتینە سەر بورجەکە بەرەو لای زەنگەکە، گەیشینتینە لای زەنگێکی برۆنزیی مەزن. لەوێدا سەکۆیەکی بچووک هەبوو لە سەر ئەو سەکۆ بچووکە وەک جۆلانە تەختەیەک هەبوو لەلایەکی تەختەکە ئەوو لەلاکەی دی من.

ستوونێکیش هەبوو دەستمان پێوە دەگرت، پاڵی پێوە ناو لەسەری وەستا و منیش هەمان کارم کرد سەر دەکەوتین و دادەبەزین، باکە یاریی بەقژمان دەکرد، لە خوارەوە پێیەکانمان دەستیان بەلێدانی زەنگەکە کرد بوو (بۆنگ، بۆنگ، بۆنگ) ئەمە یەکێک بوو لەسەرسەخترین سەرچڵییەکانی ژیانم.

کە لەو کارە بووینەوە هاتینە خوارەوە کابرای پاسەوان پێی وتم: (دەمەوێ ژوورەکەمت نیشان بدەم کە لەکوێیە.) ئاشکرایە ئەوەی لە کلیسادا هەیە بریتییە لە شەبستان و بەش و میحرابێک، لەدەوری میحرابەکەش پەردەیەکی کۆراڵ ئاسا هەیە. منی لە دەرگایەکەوە بردە ژورەوە، کەوتبووە نێوەندی پەردەکەوە، لەوێدا تەختێکی نووستن و مێزێکی بچووکی لێ بوو، فانۆسێکیش لەسەر مێزەکەبوو. کاتێک لە درزێکی پەردەکەوە تەماشام کرد، پەنجەرەی فریشتەی ڕەش Black Madonnaم بینی، ئەمەش ئەو جێگەیەبوو کە ئەو تێیدا دەژیا. مرۆڤێک بوو هەمیشە لە ژیانیا بەردەوام خەریکی ڕوانین بوو ئەم شتە زۆر کاریگەر و جوان بوو، پاش ئەو جارە چەندین جاری تر سەردانی شارتەرم کرد.

**مویرز:** لەوێدا چیت دۆزییەوە؟

**کەمبڵ:** شارتەر منی بۆ ئەو زەمەنە دەگێڕایەوە کەتێیدا پرنسیپە ڕۆحییەکان



کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. لەسەر بەرزترین ساختمانێک کە لە نێو کۆمەڵگەیەکدا هەیە دەتوانی بڵێی چ شتێک ئیلهامبەخشی ئەو کۆمەڵگەیەیە. گەر بچیتە شارێک لەشارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەرزترین ساختمان کلیسایە، کاتێ دەگەیتە شارێکی سەدەی هەژدەهەم، بەرزترین ساختمان کۆشکی سیاسییە، بەڵام کە دەگەیتە شارێکی مۆدێرن، بەرزترین جێگە یاساختمانە کارگێڕییەکانن یاخود سەنتەری ژیانی ئابوورییە.

ئەگەر بچیتە شاری Salt lake City، دەبینی هەموو شتێک بەم جۆرەی خوارەوە بەرامبەر بەچاوت قوت دەبنەوە. یەکەم شت پەرستگەیە، لە ناوەڕاستی شاردا دروست کراوە. ئەم کارەش کارێکی ڕاستە، لەبەرئەوەی پەرستگە مەرکەزێکی ڕۆحییەو لەوێوە هەموو شتێک تیشک بۆ دەوروبەر دەهاوێ. پاشان ساختمانی سیاسی، یان کۆشکی حکوومی کە لە تەنیشتی ئەوەوە دروست کراون، بەرزایشیان لە پەرستگاکە بەرزترە. بەڵام ئێستا بەرزترین ساختمان، ساختمانێکی کارگێڕییە کە چاودێریی هەردوو ساختمانی پەرستگە و سیاسەت دەکات. ئەمە مێژووی شارستانییەتی ڕۆژئاوایە هەر لەسەردەمی گوتیکەوە تاشانشینەکانی سەدەی (١٦،١٧،١٨) تا ئەم سەردەمە کە دنیای ئابوورییەو ئێمەی تێیدا دەژین.

**مویرز:** بەڵام کاتێ ڕوو لە شارۆچکەی شارتەر دەکەی.

**کەمبڵ:** بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێمەوە، بۆ دنیایەک دەگەڕێمەوە کەتێیدا وەک منالێ گەورەبووم، واتە بۆ جیهانی ڕۆحیی کاتۆلیکیی ڕۆمی کە لەوێدا هەموو شتێک شکۆمەند بوو، دەگەڕێمەوە.

**مویرز:** بڕوا ناکەم کەسێک بی ماوەیەکی دوورودرێژ پەرۆشی ڕابردووبی، ئەوەی تۆ بۆ ئەو جێگەیە دەبات تەنیا ڕابردوو نییە وانییە؟

**کەمبڵ:** نەخێر، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەو جێگەیەم دەبات ئێستایە، کلیساکان باسی پێکهاتەیی ڕۆحیی جیهانم بۆ دەکەن، ئێرە جێگەیەکە بۆ ڕامان، بۆ پیاسەکردن و دانیشتن و تەماشاکردنی ئەو شتە جوانانە.

**مویرز:** ئەو کلیسایە واتە کلیسای شارتەر کەتۆ ئەوەندە خۆشت دەوێ، ڕاگەیەنەرێ نییە بۆ پێوەندیی نێوان مرۆڤ و گەردوون؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ڕاگەیەنەرێتی. ئەم کلیسایە لەشێوەی خاچێکەو میحرابەکەش لەناوەڕاستێتی. ئەم ساختمانە ساختمانێکی سیمبولییە. ئێستا زۆر لەکلیساکان بەجۆرێک دروست دەکرێن هەر دەڵێی باڵەخانەی شانۆگەرین. لەکلیسای نوێدا، ڕوانگە گرینگییەکی زۆری هەیە. بەڵام لە کلیسای شارتەر ڕوانگە ئەوەندە گرینگ نییە. هەرچییەک ڕوو دەدات تۆ نایبینی. ئەوەی لەوێدا گرینگە سیمبولە، نەک تەماشاکردنی نمایشێ. نمایشێکە هەمووان پێشتر ئاگادارن لە بەسەرهاتەکەی. هەر لە شەش ساڵی بۆ سەرەوە ڕووداوەکانیت بینیوە.

**مویرز:** ئەی بۆ دەبێ بەردەوام بین لەچوونمان بۆ کلیسا؟

**کەمبڵ:** ئەمەش ناواخنی مەسەلەی ئەفسانەیە، بۆچی حەز دەکەین جارێکی تر باسی ئەم مەسەلانە بکەین؟ لەبەرئەوەی وامان لێ دەکات لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بین لەگەڵ سیمبول و نموونە بنەڕەتییەکانی سەرەتای ژیانی ڕۆحیماندا. ڕۆژ بەڕۆژ بەشداریکردن لە ڕیتوێڵێک، وات لێ دەکات لەسەر ئەو هێڵە بمێنیتەوە.

**مویرز:** بەڵام ئەمڕۆ ئێمە وازمان لەم کارە هێناوە.

**کەمبڵ:** پێوەندیی خۆمان لەگەڵ ئەو کۆنسێرە لەدەست داوە. لە ڕابردوودا ئامانجی ژیان بریتی بوو لە هۆشیاریی بەردەوام دەربارەی پرنسیپە ڕۆحییەکان، لە کۆشکی ئاشوورییەکاندا دەتوانی ئاژەڵ ببینی سەری مرۆڤەو جەستەی شێرو باڵەکانی هەڵۆیەو پێیەکانی گا، ئەمانەش چوار ڕەگەزی دوازدە بورجەکەن کە بەتەنیشت یەکترەوە دانراون و پاسەوانیی دەروازەکان دەکەن.

هەمان ئەو چوار ئاژەڵەن کە پێوەندییان بەخەونەکانی Ezeki (پێغەمبەرێکی تەوراتییە) وە هەیە، بەپێی کەلەپووری مەسیحی ئاماژەن بۆ چوارکەس، ئەو چوارکەسەی کە خاوەن ئینجیلەکانن. ئەو نزایەت لەبیرە کە دەڵێ: (مەتا، مارک، لۆقا، یوحەنا، بەرەکەت ببەخشە ئەو تەختەی لەسەری دەخەوم.) لەم نزایە تۆ لە



ناوەڕاستی، لەو شوێنەی مەسیحی لێیە، چوارگۆشەی دەوری ئێوەش، چوار پێی تەختەی نوێنەکەتە. ئەم تەلیسمە نیشاندەری دەرکەوتنی مەسیحە لە پشتەوەی شوێن و زەمەن. ئەو چوارئاژەڵەش ڕووپۆشی شوێن – زەمەنن، یان ڕووپۆشی نەمرین و مەسیحیش لە مەرکەزی دەرکەوتن یان لەدایکبوونی دووەمە؛ هاتنی خودای جیهان لە مناڵدانی خودای جیهانە، یان لە شوێن و زەمەنەوەیە.

**مویرز:** ئێوە دەڵێن کلیسایەکی وەک کلیسایی شارتەر سیمبولێکە بۆ مەعریفە، مەعریفەش بناغەیەکە بۆ مانا کە لەسنووری یاسا چووەتە دەرێ، لەڕووی بیناسازیشەوە خۆی لەو بەردە مەزنانە نابینێتەوە کە لێی دروست کراون، بەڵکو لەو بێ دەنگییە مەزنەدا بەرجەستە دەبێ کە ئابڵۆقەی ئەم شێوانەیان داوە و تێیدا جێگیربوون.

**کەمبڵ:** هەموو نێردراوە ڕۆحییەکان، لەکۆتاییدا ئاماژەن بۆ ئەم بێ دەنگییەی پشتی دەنگەکان، ئەو وشەیەی بوو بەجەستە، یەکەمین دەنگ بوو، لەپشتی ئەم دەنگانەوە، خودایەکی مەزنی نەناسراوو نەزانراو هەیە. دەکرێ ئەو خودایە ناوی لێ بنرێ بێ دەنگیی مەزن، یا باڵایی ڕەها، یاخود تەنیا خاڵێک.

**مویرز:** کاتێ گوێم لە وتەکانت دەبێ دەربارەی شێوازی پێوەندیی ئەفسانە بەشوێنە پیرۆزەکانمانەوە، هەروەها چۆن دیمەنە سروشتییەکان مرۆڤی سەرەتاییان بەگەردوونەوە دەبەستەوە، ئەو بیرەم لا دروست دەبێ کە سوپەرناتیوراڵ بەو شێوەی کە ئێوە بۆی دەچن هەمان ئەو سروشتەیە کە هەیە.

**کەمبڵ:** ئەو بیرە بیرێکی کوشندەیە، ئەو بیرەی کە پێی وایە سوپەرناتیوراڵ شتێکە لەسەرووی سروشتەوەیە. هەر ئەم بیرە بوو سەرەنجام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دنیای تووشی ئەو وێرانییە کرد کە ڕوویدا، ئەو سەرزەمینەی کە مرۆڤەکان تێیدا ژیانێکی ڕاست و دروستیان نەبوو، هەمیشە ئەو کارەی بەڕاستی ئارەزوویان لێ بوو ئەنجامی بدەن، ئەنجامیان نەدەدا، لەبەرئەوەی یاسا سوپەرناتیوراڵییەکان داوای لێ دەکردن بەو شێوەی کە پیاوە ئاینییەکان ڕێنوێنییان کردوون بژین. لەسەر زەوییەکی وێرانا مرۆڤ بەدووی ئەو مەبەستانەدا دەگەڕا کە مەبەستەکانی خۆی نەبوون، بەڵکو

وەکو یاسایەک بۆیان دانرابوو کە نەیاندەتوانی لەدەستی هەڵبێن. ئەمەش ئەرکێکی کوشندەبوو. شیعری عاشقانەی تروبادۆری سەدەی دوازدەیەم نارەزاییەک بوو دژ بەم پێشێلیە کە یاساکانی سوپەرناتیورالّ دژ بەخۆشیی ژیان ئەنجامیان دەدا. هەروەها ئەفسانەی تریش هەبوون دژ بەم حالە بوون، لەوانەش ئەفسانەی تریستان Tristan ئەم ئەفسانەیە تاڕادەیەک یەکێک بوو لە مەزنترین بەسەرهاتە ئەفسانەییەکانی Grail گرالّ، کە بەپێنووسی Wolfram von Eschenbach ولفرام فون ئیشتباخ تۆمارکرابوو. گەر ڕاستت دەوێ بۆنی شەرابی ژیان ڕۆحە. شتێک نییە بەژیان بەخشرابێ بەڵکو لە ژیانەوە تنۆک تنۆک دەچۆڕێ. ئەم بابەتە یەکێکە لەلایەنە شکۆمەندەکانی ئاینی دایک – خودادا، لەو ئاینەدا جیهان پەیکەری خوای مێ و لەهەمان کاتدا پەیکەری ئاسمانە، خودایەتی شتێک نییە لەسەرووی پشتەوەی سروشت هاتبێتە خوارەوەو حوکمڕانیمان بکات. نیشانەکانی ئەم ڕۆحە دەتوانی لەپاکیزە پەرستیی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدی بکەیت، تەواوی کلیسا جوانەکانی سەدەی سیازدەهەم بەرهەمی ئەم ئاینەن.

بەڵام بەپێی چیرۆکی تایبەت بەدەرپەڕاندن لە بەهەشت، سروشت گەندەڵە؛ هەر ئەم ئەفسانەیەش هەموو جیهانمان لەبەرچاو گەندەڵ دەکات. لەبەرئەوەی وەکو شتێکی گەندەڵ تەماشای سروشت دەکرێت، بۆیە هەر کارێکی خۆبەخۆیی گوناهەو نابێت تەسلیمی ئەو جۆرە کارانەبین، بەپێی ئەو ئەفسانەیەی تۆ، شارستانییەتێکی تەواو جیاوازو ژیانێکی تەواو جیاوازت دەبێت، بەو پێیەی ئەو ئەفسانەیە وەک شتێکی کەوتوو خراپ دەڕوانێتە سروشت و خودی سروشت وەک دەرکەوتنێکی خودایی دەبینێ و ڕوحیش دۆزەرەوەی خودایەتییە کە ئەویش پەیوەستە بەسروشتەوە.

**مویرز:** ئەمڕۆ کێ ئەو خودایەمان بۆ شی دەکاتەوە کە بەسروشتەوە پەیوەستە؟ ئەوانەش کێن کە ڕۆڵی شامەنمان بۆ دەبینن و ڕاڤەی پرسە نابینارییەکانمان بۆ دەکەن؟

**کەمبڵ:** ئەمە ئەرکێکە دەبێ هونەرمەند جێبەجێی بکات. هونەرمەند کەسێکە ئەفسانە دەگەیەنێ و ڕای دەگەیەنێ. بەڵام دەبێ ئەو هونەرمەندە لە ئەفسانەو مرۆڤایەتی



بگات. نەک کۆمەڵناسێک بێت و بەرنامەیەکت بۆ دابڕێژێ.

**مویرز:** ئەو کەسانەی خەڵکی ئاسایین واتە نەهونەرمەندن و نەشاعیر، یاخود بەئەزموونی تێ پەڕبوون بەگەشکەییدا تێ نەپەڕیون؟ چۆن دەتوانن لەم شتانە بگەن؟

**کەمبڵ:** ڕێگەیەکی زۆر باشت نیشان دەدەم. لە ژوورێکدا دانیشەو بخوێنەوە بخوێنەوە بخوێنەوە، ئەو پەڕتووکە باشانە بخوێنەوە کەکەسانی باش نووسیویانن. زەینت دەگاتە پلەیەک، تووشی گەشکەیەکی خۆش دەبی، ئەو گەشکەیە چێشبەخشەو، وردە ئاگرەکەی ئەوەندە کزە ناتسووتێنێ. لە ژیان گەیشتن بەمجۆرە ڕەنگە بۆ سەرتاسەری ژیانت تێگەیشتنێکت پێ ببەخشێ. کاتێ زانیت نووسەرێ جێگای سەرنجتە هەموو نووسینەکانی بخوێنەوە، نەکەی بڵێی بابزانم فلان و فیسار چی دەربارەی ئەو نووسەرە دەڵێن، هەرگیز گوێ بەو پەڕتووکانە مەدە کە پر فرۆشن، تەنیا ئەو شتانە بخوێنەوە نووسەرەکانیان شتێکت پێ دەڵێن و سوودێکت پێ دەگەیەنن، گەر توانیشت هەمان ئەو پەڕتووکانە بخوێنەرەوە کە ئەو نووسەرە خوێندوونیتەوە. ئەو کاتە جیهان وا بەرووتدا دەکرێتەوە کە شێوەیەک بڕوای تایبەتت پێ دەبەخشێ، کە لەگەڵ بۆچوونەکانە تایبەتییەکانتدا گونجاو دەبێ، بەڵام کاتێ کە لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەڕۆی، ڕەنگە بتوانی مێژووی ئەو شیعرەمان پێ بڵێی کە ئەو شاعیرە نووسیویەتی – بەڵام ئەمە بۆ تۆ هیچ ناگەیەنێت.

**مویرز:** لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا شەمەنەکان ڕێک وەکو شاعیرانی ئەمڕۆ کاریان دەکرد. ئەو ڕۆڵەی ئەوان دەیانگێڕا زیاتر بوو لەوەی کە تەنیا هەبن.؟

**کەمبڵ:** ئەوان ئەو دەورەیان دەگێڕا کە پیاوە ئاینییەکان بەشێوەیەکی ترادیشیونێڵ لەنێو کۆمەڵگەدا دەیانبینی.

**مویرز:** کەواتە شەمەنەکان قەشەبوون؟

**کەمبڵ:** بەبڕوای من، لەنێوان شەمەن و قەشە، جیاوازییەکی گەورە هەیە. قەشە فەرمانبەرێکی کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگە، خودایەکی دیاریکراو بەشێوەیەکی دیاریکراو

دەپەرستن. قەشەش وەک فەرمانبەرێک ئەو ڕێورەسمە ئەنجام دەدا. ئەو خودایەی ئەو خۆی بۆ تەرخان دەکات پێش هاتنی ئەو هەر هەبووە. بەڵام هێزی شامەن بەرجەستەیە لە قاڵبی ئاشنایانی خۆی و خوداکانیدا ئەو خودایانەی کە ئەزموونی تاکەکەسی خۆین. دەسەڵاتی شەمەن لە ئەزموونی تاکە کەسیی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێ نەک لەدەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتییەوە.

**مویرز:** شامەن بەجێگایەک گەیشتووە من پێی نەگەیشتووم، هەر ئەویش باسی ئەوێم بۆ دەکات.

**کەمبڵ:** سەرەڕای ئەوەش، هەروەک لە حاڵەتی کەڵەکێویی ڕەشدا بەرچاومانکەوت، ڕەنگە شامەن هەندێ لەڕوانینەکانی خۆی بۆ ڕیتوێڵێ بگۆڕێ و بۆ هۆزەکەی خۆی ئەنجامی بدات. واتە هێنانی ئەزموونی دەروونی بۆ دەرەوەی ژیانی خودی مرۆڤ.

**مویرز:** ئەمە سەرەتای ئاین بوو؟

**کەمبڵ:** پێم وایە بەم شێوەیە ئاین دەست پێ دەکات. بەڵام ئەمە تەنیا مەزەندەکردنە، لەڕاستیدا نازانم چۆنە.

**مویرز:** مەسیحێک کە ڕوو لە بیابان دەکات، لەوێدا گۆڕانکاریی دەروونی تاقی دەکاتەوە، جارێکی تر دەگەڕێتەوە نێو خەڵکی و دەڵێ: (دوام کەون.) ئەمانەش ڕووداوێکن لە کولتووره سەرەتاییەکاندا ڕوودەدەن.

کامبل: ئەمەش گەواهیەکە لەبەردەستماندا. بەتایبەت لە هەموو کولتووری ڕاووشکاردا ڕووبەڕووی شەمەن دەبینەوە.

**مویرز:** باشە بۆچی بەتایبەت لەکولتووری ڕاووشکاردا شەمەن دەبینین؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی ئەوان تاکخوازن، ڕاوچی ئەوەندە تەنیایە هەرگیز ناتوانێ ببێ بە جووتیار. کارکردن لە کێڵگەو چاوەڕوانبوونی سروشت تاپێت بڵێ چ کارێ دەبێ ئەنجام بدەی، کارێکەو ڕاوکردن کارێکی تر، هەر سەفەرێکی ڕاوچی لەگەڵ سەفەرێکی تریدا جیاوازە. ڕاوچییان ڕاهێنان و مەشقکردنیان بینوە، تابتوانین



پیشەی ڕاوچێتی بکەن، بەڕاوچیبوون پێویستی بەتوانای زۆرو تایبەت هەیە.

**مویرز:** لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگادا چی بەسەر شامەندا هات؟

**کەمبڵ:** کاتێ بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەژیانی نیشتەجێبوون بەسترا لەیەک جێگادا واتا لە گوندەکاندا ئەو کاتە شەمەن دەسەڵاتی خۆی لەدەست دا. لەم بارەیەوە کۆمەڵێکی زۆر چیرۆک و ئەفسانەی سەرسوڕهێنەر هەن تایبەتن بەهیندییە سوورەکانی باشووری ڕۆژئاوا، واتا هۆزەکانی ناڤاهوو و ئاپاچی. ئەم هۆزانە لە بناغەوە ڕاوچی بوون، لە کێوەکان هاتنە خوارەوە تاگەیشتنە ناوچەیەک و لەوێدا نیشتەجێ بوون، لەو جێگایەدا کشتوکاڵ گەشەی سەندبوو، بۆیە لەوێدا سیستەمی کشتوکاڵییان هەڵبژارد. لەو چیرۆکانەی تایبەتن بەسەرەتاکانی ئەم گۆڕانکارییە نووسینێکی سەرنجراکێش هەیە، لەو چیرۆکانەدا شەمەنەکان ڕیسوا دەکرێن و قەشەکان دەستەباڵا. شەمەنەکان شتێک دەرهەق بەڕۆژ دەڵێن، ڕۆژیش لە داخان ون دەبێت، پاش ئەم ڕووداوە شەمەنەکان دەڵێن: (ئاھ، ئێمە دەتوانین ڕۆژ بگەڕێنینەوە.) بۆیە هەرچی فێڵ هەیە بەکاری دەهێنن، هەر ئەم فێڵانەش لە قاڵبی گومان و گاڵتەجاڕیدا باس کراون، دواجار هەوڵی شەمەنەکان بەئەنجام ناگات و ڕۆژ ناگەڕێتەوە. پاش ئەم ڕووداوە شەمەنەکان بوون بەکۆمەڵگەیەکی شەمەنی و لیبۆکئامێز، ئەوان جادووگەر و هێزێکی تایبەتیان هەبوو، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی مەزندا هێزی ئەوان بوو بەهێزێکی مامناوەندی.

**مویرز:** باسی کاریگەریی فەزای ڕاومان بەسەر میتۆلۆژیاوە کرد. ئەم فەزایە لەسەر شێوەی ئابلۆقەیەکی ئاسۆییی بازنەیی بوو کە گومەتی مەزنی ئاسمان لەسەر ڕووی ئەوەوە بوو. بەڵام دەکرێ چی بوترێ دەربارەی ئەو مرۆڤانەی لەژێر لقوپۆپی درەختە مەزنەکانی جەنگەڵدا دەژیان؟ نە گومەتی ئاسمانیان بەدی دەکرد، نە ئاسۆیەک نە هەستکردن بەمەوداکان، تاچاو بڕی دەکرد درەخت بوو.

**کەمبڵ:** کۆلین تەرنبول Colin Turnbull چیرۆکێکی سەرنجراکێشمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو چیرۆکە دەربارەی گرگنێکە هەرگیز دەرەوەی دارستانی نەدیوە، بۆ یەکەمین جار

هێنابوویانە سەر لووتکەی کێوێک، لە نێوان دارستانێکەوە بۆ یەکەمین جار هێنایانە سەر لووتکەی چیایەک، ئەو لووتکەیە دەیڕوانیە پێدەشتێکی فراوان. ئەم گرگنە بەستەزمانە هەستی بەترسێکی تەواو کرد. نەیدەتوانی لەو مەودایە بگات و لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو دیمەنانە هەبێ، شتێک دەربارەی نێوانەکان بزانێ، وای بۆ چوو ئەو ئاژەڵانەی لەو دەشتەدا خەریکی لەوەڕن، ڕاستەوڕاست نزیکی ئەو دەلەوەڕن، ئەوەندەش لەبەرچاوی بچووک دەیانواند هەر دەتوت مێروولەن. ئەو دیمەنە بەتەواوی گێژی کرد، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی دووبارەی دا بۆ نێو جەنگەڵ.

**مویرز:** جوگرافیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شێوە بەخشین بەکولتوورو ئەندێشەمان لە بواری ئایندا. خودای بیابان جیاوازیی هەیە لە خودای دەشتودەرە.

**کەمبڵ:** لە خودای جەنگەڵە گەرمەسێرەکانیشدا یان چاکتر بڵێین لە خوداکانی جەنگەڵە گەرمەسێرەکانیش. کاتی خۆت لەبیاباندا دەبینیتەوە خاوەنی ئاسمان و جیهانێکی، ڕەنگە یەک خواشت هەبێ، بەڵام لە جەنگەڵدا لە جێگەیەک کە ئاسۆ نییەو لە زۆربەی ڕووبەرەکانیدا لە دە دوازدە مەترێک زیاتر پێشی خۆت نابینی، ئەم جۆرە وێنانە بوونیان نابێت.

**مویرز:** بەم جۆرە دەکرێ بوترێ ئەوان نموونەی خۆیان دەربارەی خودا بەسەر هەموو جیهاندا دەسەپان؟

**کەمبڵ:** ڕەنگە وابێ.

**مویرز:** جوگرافیای ئەوان وێنەیەکیان لەبارەی خوداوە پێ دەبەخشێت، پاشان ئەو وێنەیە دەبەنە دەرەوەو ناوی خودای لێ دەنێن.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بیری خودا هەمیشە پابەندی کولتووره. تەنانەت کاتێ کە ڕاگەیەنەرێکی ئاینی ئەو شتەی کەپێی دەوترێ خودا دەخاتە ڕوو، بەپێی ئەو بیروبۆچوونەی کە خەڵکی وەرگر دەتوانن لەبارەی بوونی خوداوە هەیانبێت ئەم خودایە گۆڕانی بەسەردا دێت.

دەربارەی ڕاگەیەنەرێکی مەزهەبیی بەریتانی لە هاوایی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش



هەیە. چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە. ڕۆژێکیان ڕەبەنی خودای پلە (کە ئەمە خودای بورکانە لە هاوایی) دەچێتە کن ڕاگەیەنەرەکەی. ڕەبەنی پلە بەمانایەک لە ماناکان واتا خودای پلە بەپلەیەک لەو کەمتر. بۆیە لەسەر ئەم پێودانگەیە ڕاگەیەنەرە کە لەگەڵ خودایەک دەدوا. پێی وتم: (من هاتووم تا پەیامی خودات پێ بگەیەنم.) ڕەبەنەکەش پێی دەڵێ: (بەڵێ ئەوە خودای تۆیە بەڵام خودای من پەلەیە pele)

**مویرز:** ئایا ئەم بیره کە دەڵێ: «خودایەکی ترت نییە بەرامبەرم» بیرێکی عیبرانییە؟!

**کەمبڵ:** ئەم بیرەم لە هیچ جێگایەکی تر نەبینیوە.

**مویرز:** باشە بۆچی یەک خودا؟

**کەمبڵ:** ئەمەیان تێی ناگەم، بەڵام لەوە تێ دەگەم ئەو کەسانەی کە لەبیاباندا دەژین، پشت بەخودای خۆماڵی بۆ هەموان دەبەستن. بەشێوەیەکی گشتی ئێوە پەیمانتان لەگەڵ کۆمەڵگایەک بەستووە کە بەرگری لە ئێوە دەکات. کۆمەڵگە باوک سالارییە کەچی سروشت دایک سالارییە.

**مویرز:** ئایا پێت وایە کە پەیدابوونی ئاینی خواژنەکان ئەوەبوو کە ژنان بەئەنجامدانی کاروچالاکی لە بواری کشتوکاڵدا، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ڕۆڵیان هەبووە؟

**کەمبڵ:** ئەو سەردەمە پیاو هەر خەرکی ڕاو بوو

**مویرز:** بەڵێ، پاشان ئەم سیفەتە بوو بەسیفەتی ژنیش، لەبەرئەوەی کە زاوزێ و خواردندان، جادووی ئافرەتە، ئەم کارە زەمینیش دەیکات، بۆیە ئەم جادووە پشتیوانیی جادووی زەوی دەکات، لە تەقلیدە سەرەتاییەکاندا، ئافرەت یەکەمین جووتیارە، پاشان لەدواییدا واتا ئەو کاتەی کە لە سیستەمە کولتوورییە باڵاکاندا گاواسن دۆزرایەوە، پیاوان ڕەهبەریی کاری کشتوکاڵی دەگرنە ئەستۆی خۆیان و پاشان شوبهاندنی گاسن، کە زەوی دەکێڵێ، دەبێ بەوێنەیەکی ئەفسانەییی باڵا دەست.

**مویرز:** کەواتە مەبەستت لەم هەموو بۆچوونە جیاوازانەی نێو ئەفسانە بووە، ئەوەی لەم کتێبانەدا باست کردوون: (شێوەی دەسەڵاتی ئاژەڵ) (شێوەی کێڵانی زەوی) (شێوەی ڕووناکیی ئاسمان) (شێوەی مرۆڤ).

**کەمبڵ:** ئەمانە هەمووی پێوەندییان بەوەسفکردنی سیستمی سیمبولییەوە هەیە، کە لە ڕێگەی حاڵەتی مرۆیی تایبەتی زەمەنەوە ڕێک دەخرێ و سیمبولیزە دەکرێ و زانیاریی خۆی پێشکەش دەکات.

**مویرز:** ئەی دەربارەی بەهاکانی چی دەڵێی؟

**کەمبڵ:** بەهاکانی دەرئەنجامی هەلومەرجێکن دەسەڵاتیان بەسەر ژیانەوە هەیە. بۆ نموونە ڕاوچی بەردەوام ئاراستەکەی بۆ دەرەوەیە واتا بۆ لای ئاژەڵانە، ژیانیشی لەسەر پێوەندیی لەگەڵ ئاژەڵاندا دەوەستێ، ئەفسانەکانیش تەماشای دەرەوە دەکەن. بەڵام ئەفسانەی کشتوکاڵی کە دەبێ دەست بکات بەگیاڕواندن و وەشاندنی تۆو مەرگی تۆو ڕواندنی گیای نوێ، ئەمانەش زیاتر ئاماژەن بۆ ناوەوە. لەبارەی ڕاوچییەکانەوە، ئاژەڵانن کە ئیلهام بەمیتۆلۆژیا دەبەخشن.. کاتێ کە مرۆڤ حەز لە دەسەڵات و فێربوون بکات دەبێ ڕوو لە جەنگەڵ بکات، ڕۆژو بگرێ و نوێژ بکات، ئاژەڵێ دێت و فێری دەکات.

بەڵام لای جووتیاران گیا مامۆستایانە. قۆناغەکانی ژیانی ڕووەک زۆر لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەچێت، بۆیە لێرەدا جۆرێک پێوەندیی دەبینی کە ئاراستەکەی بۆ ناوەوەیە.

**مویرز:** کاتێ کە مرۆڤ وازی لە ڕاوکردن هێناو دەستی بەکشتووکاڵ کرد، چی بەسەر ئەفسانەدا هات؟

**کەمبڵ:** وابزانم، لەم قۆناغەدا نەک تەنیا ئێمە لەگەڵ گۆڕانی گەورە و کامڵ لە ئەفسانەکاندا، بەڵکو گۆڕانی گەورە لە دەروونی مرۆڤدا ڕووبەڕووین. تەماشاکە ئاژەڵ ڕوحلەبەرێکەو لەنێو پێستێکدا ئامادەیە. کاتێ کە ئەو ئاژەڵە دەکوژی دەمرێ، ئەمەش کۆتاییی ژیانێتی. بەڵام لە جیهانی گژوگیادا ئەم تاکە بەو جۆرەی کە



ئامادەیە بوونی نییە. گیا دەڕوێنێ و لە جێگای ئەو لقێکی تر سەردەردێنێ. بڕین و قەڵەمکردنی بەسوودە بۆ گیا. هەموو شتێک لە پێوەندیی بوونداریدایە.

وێنەیەکی تر کە پێوەندیی بەجەنگەڵە گەرمەسێرەکانەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ژیان لە بۆگەنییەوە سەرچاوە دەگرێ، چەندین دارستانی جوانم بینی پڕ بوون لە درەختی مەزن، هەر ئەو دارستانانە پێش چەند دە ساڵێک پێش ئێستا لەملیان دراو سەربڕان. لە کەناری ئەم کەندانە کۆمەڵێ دارنەمامی نوێ و ساویلکە ڕواون و ئەوانیش بەشێک لەو گیایانەن. هەر بەو جۆرە گەر هەر پارچەیەکی ئەو دارانە ببڕیتەوە لە جێگەیان ئەندامێکی تر سەوز دەبێت. بەڵام لای ئاژەڵ وانییە ئەگەر پارچەیەک لەهەر ئاژەڵێ لێ بکەیتەوە لەشوێنی ئەودا پارچەیەکی تر ناڕوێتەوە. بۆیە لەکولتووری شکارچێتی و کشتوکاڵیدا، هەستێک لە مەرگ بوونی هەیە، بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکان شێوەی مەرگ نییە، بەڵکو لە پێویستییەکانی ژیانی نوێیە. تاکیش لەڕاستیدا تاک نییە بەڵکو چڵە گیایەکە. عیساش هەر هەمان ئەم وێنەیە بەکاردەهێنێ، ئەوکاتەی دەڵێ: (من درەختی مێوێکم و ئێوەش لقێکن لەو درەختە). وێنەی ئەم دارمێوە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ فگیۆری ئاژەڵی لەیەکتر جیاکراوە. کاتێ کە کولتوورەکەت کولتوورێکی کشتوکاڵی دەبێ، ئیتر سەرقاڵی پێگەیاندنی گیایت بۆ مەبەستی خۆراک.

**مویرز:** ئەم ئەزموونە واتا ئەزموونی کشتوکاڵی، ئیلهامبەخشی چ جۆرە چیرۆکێکە؟

**کەمبڵ:** ئەم بنەچەیە، لە هەموو کولتوورەکاندا هەیە بەتایبەت کولتووری ئۆقیانووسی ئارام، ئەو بنەچەیەی پێی وایە ئەو گیایانەی دەخورێن بەرهەمهاتووی جەستە بڕاوو لە چاڵنراوی خودایەکی قوربانییە، یاخود جەستەی باوباپیرانمانن.

ئەم چیرۆکانە لەو جێگایەدا بڵاوبوونەتەوە کە لە ئەمریکادا بە شوێنی ڕاوچییان ناسراون.کولتووری ئەمریکای باکوور نموونەیەکی بەهێزە لەسەر تێکەڵبوون و کارلێکردنی نێوان هەردوو کولتووری ڕاووشکار و کشتوکاڵ، هیندییە سوورەکانی ئەمریکا لە بناغەوە ڕاوچی بوون، بەڵام گەنمەشامیشییان دەڕواند، لەلای هۆزی ئەلگانکین، چیرۆکێک دەربارەی ئەسڵی گەنمەشامی هەیە، لەو چیرۆکەدا باس لە

مێردمناڵێک دەکرێ، ئەو مێردمناڵە خەونێ دەبینێ، لەم خەونەدا لاوێک دێتەلای، لاوەکە پەڕێک بەسەرییەوە هەڵواسراوە، پەڕەکە ڕەنگی سەوزە، لاوەکە داوا لە مێردمناڵەکە دەکات زۆرانبازیی لەگەڵ بکات، لاوەکە چەند جارێک زۆرانبازییەکە دەباتەوە، دواجار بەمێردمناڵەکە دەڵێ بمکوژە و لە شوێنێکدا بمنێژە و پاسەوانیی ئەو شوێنە بکە. بەوجۆرەی کە داوای لێ کرد، مێردمناڵەکە کارەکەی ئەنجام داو لاوە جوانەکەی کوشت و ناشتی، ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو دواجار مێردمناڵەکە تێبینیی کرد لەسەر ئەو جێگەیەی کە گۆڕی لاوە پەڕ بەسەرەکەی لێ نێژراوە، گەنمەشامییەک ڕواوە.

بەڵام ئەم مێردمناڵە خەفەتی بۆ حاڵی باوکی دەخوارد، باوکی ڕاوچی بوو، پیریش بوو، بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ لەڕاوکردن زیاتر چ ڕێگەیەکی تر بۆ پەیداکردنی خواردن هەیە. ئەو خەونەش کەبینییی، ئەنجامی بیرکردنەوە بوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتی باوکی. لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا کوڕە بەباوکی دەڵێ:(ئیتر چیتر پێویست ناکات بۆ ڕاوبچین). ڕەنگە ئەم بەشە بۆ ئەو خەڵکە گەورەترین چرکەی بێداری بووبێت.

**مویرز:** بەڵام ئەم وێنەیە ئاماژەیەکە دەلالەت لەوە دەکات ئەو پیاوەی کەپەڕە سەوزەکەی بەسەرەوەبوو دەبێ دەرکەوێ و لەخەوندا بمرێ و بنێژرێ، تا ئەو گیایەی کەجێی مەبەستە لەپاشماوەی لەشی ئەوەوە بڕوێ. ئایا لەکولتوورە کشتوکاڵییەکاندا ئەم چیرۆکە لە ئەفسانە جۆراوجۆرەکاندا دووبارە نەبووەتەوە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، بۆ نموونە، دوولایەنەی ئەم چیرۆکە لە لای پلینزییەکانیشو هەیە. کچێک هەیەو دەیەوێ لە مەنگاوێکدا مەلە بکات، لەو مەنگاوەش مارماسییەکی گەورە هەیەو ئەویش مەلە دەکات، هەر ڕۆژێ کچە لە ئاوەکەدا سەرقاڵی مەلە بێت، مارەکە خۆی بەڕانی کچەدا دەخشێنێ. ڕۆژێکیان ئاو و هەوا سازگارو بێگەرد دەبێ، مارە وەک لاوێکی جوان دێ و بۆ ماوەیەک لەگەڵ کچەدا دەکەوێتە عێشق و عێشقبازی. پاشان کچە بەجێ دێڵێ و دەڕوا بەم جۆرە چەند جارێک ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە.



بەڵام جارێک لەو جارانەی ئامادەدەبێ، هەر یەکراست وەک لاوە پەڕ بەسەرەکەی چیرۆکی ئەلگانکین بە کچە دەڵێ: (گەر دواجار هاتمە ژوانت دەبێ بمکوژی و سەرم لێ بکەیتەوە و ئەو سەرە بنێژی.) کچەش ئەم کارە ئەنجام دەدات، لەشوێنێ سەرە نێژراوەکە درەختێکی گوێزی هیندی سەوز دەبێ. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کاتێ کە گوێزێکی هیندی بەدەستەوە دەگرێ، تەواو قەبارەی بەقەدەر کەللەسەرێکە. تەنانەت دەتوانی چاوو گوێی بچووکی پێوە ببینی کەوای لێ دەکات لە کەللەسەر بچێت. ئەگەر وابێت بڕوامان بەهەموو ئەو قسانە بێت کە میتۆلۆژیای ئەمریکایی بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە، ئەوا پێوەندییەک بوونی نییە لەنێوان کولتووری پاسیفیک و کولتووری ئەمریکای ناوەڕاست، واتا ئەو جێگایەی سەرچاوەی هاتنی هەموو ئەفسانەکانی پەیوەست بەگژوگیایە.

**مویرز:** کەواتە لەهەموو ئەو کولتوورانەی کەهیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە، تاقە چیرۆکێک هەیە یەک شێوەیە، لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

**کەمبڵ:** یەکێک لەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم ئەفسانانە ئەم شتەیە. سەرتاسەری ژیانم بیرم لەم مەسەلەیە کردووەتەوەو تائێستاش تووشی سەرسامبوون دەبم لە دەقاودەق لەیەکچوونی ئەم دووبارەبوونەوانە. واپێ دەچێت پەرچدانەوەی یەک شتە، بەڵام لەشوێنی هەمەچەشنەدا ڕوودەدات، خۆی هەر هەمان چیرۆکە، بەڵام لەجیاتی گەنم و گەنمەشامی، گوێزی هیندییە.

**مویرز:** لەم چیرۆکانەدا کە چیرۆکی تایبەت بەکولتووری کشتوکاڵن، ئەوەی سەرنجم ڕادەکێشێ ئەوەیە، بۆ یەکەمین جار ڕووبەڕووی کەسانێک دەبینەوە لەڕەحمی زەوییەوە دێنە دەرێ. لەزۆربەی ئەم چیرۆکانەدا، بەردەوام مناڵدان دووبارە دەبنەوە.

**کەمبڵ:** ئەمەش، بەتایبەت لە میتۆلۆژیای خەڵکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەمریکادا بەرجەستەیە، لەوێدا یەکەمین مرۆڤ لە دڵی زەوییەوە دێتەدەرێ. ئەوان لەچاڵێکی پیرۆزەوە دەردەکەون و دەبنە شوێنێکی پیرۆزو سەنتەری جیهان. ئەم جێگایە پێوەندیی بەکێوێکی دیاریکراوەوە هەیە.

چیرۆکەکەش باس لەوە دەکات کە لەناخی زەویدا کەسانێک دەژیان لەڕاستیدا لە مرۆڤ نەدەچوون، تەنانەت نەشیاندەزانی کە مرۆڤن. یەکێک لەو کەسانە پێشێلی یەکێک لە یاساغەکان دەکات، کە هیچ کەسێ لەوان نەیزانیوە ئەو شتە یاساغە. پاش ئەم کارە تۆفان و لافاو ڕوو لەچاڵەکانی ئەوان دەکات، ئەوانیش ناچار ڕوودەکەنە سەر زەوی، بەخۆهەڵواسین بەگوریسێکەوە بۆ سەر زەوی سەردەکەون و لەو کونەوە دێنە دەرێ کە لە بنمیچی ئاسمانەوە پەیدایە، بەمجۆرە دێنەدەرێ. ئەم پرسەش ئاماژەیە کە ئەوان لە دنیایەکی ترن. لە چیرۆکێکی تردا، شەمەنەکان لەخۆیانەوە دەبنە کەسانێکی شەڕخوازو جوێن بە ڕۆژ و مانگ دەدەن، ئەوانیش واتا ڕۆژ و مانگ سەری خۆیان هەڵدەگرن و ون دەبن و هەمووان دەکەونە نێو تاریکییەوە.

شەمەنەکان لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە ئەوان دەتوانن ڕۆژ بگەڕێننەوە. هەرچی هەوڵی جادوویی و شەمەنی مەزن هەیە ئەنجامی دەدەن، لەوانە درەخت قووت دەدەن و لەسکیانەوە دەری دێنن و خۆیان دەخەنە ژێر گڵ و تەنیا چاوەکانیان بەدەرەوە دەبێ، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان نابێت هەوڵەکانیان و ڕۆژ ناگەڕێتەوە.

پاشان قەشەکان دێن و دەڵێن: زۆر باشە، واز بێنین باخەڵکی هەوڵی خۆیان بدەن. ئەو خەڵکە هەر هەموویان ئاژەڵانە دروست بوون، ئەم خەڵکە ئاژەڵانە بازنەیەک پێک دێنن و دەست بەسەما دەکەن. هەموویان دەست بەسەما دەکەن، سەما دەکەن سەما دەکەن، تا لەئەنجامی سەمای ئەواندا تەپۆڵکەیەک سەردەردێنێ، گەورە دەبێ، گەورە دەبێ تادەبێ بەکێوێک، پاشان بۆ سەنتەری بڵندی جیهان دەگۆڕێ، لەدڵی ئەو سەنتەرە مەزنەوە هەرچی مرۆڤە دێتەدەرێ. هەموو ئەم بەسەرهاتەی کەئێستا بیستمان بەسەرهاتی گرووپێکی تایبەتە واتا بەسەرهاتی ناڤاهووەکانە.

پاشان شتێکی سەرنجڕاکێش ڕوودەدات، ڕێکوپێک وەک ئەو ڕووداوەی لەتەوراتدا باس کراوە. کاتێ کەناڤاهووەکان لە دڵی ئەو کێوە دێنە دەرێ، هۆزی پوئبەلو لەوێدا ئامادە دەبن. ئەم پرسەش ڕێک وەکو ئەو پرسەیە کە کوڕانی ئادەم لەکوێوە هاوسەرەکانی خۆیان هەڵبژاردووە؟ ئەمە پرسی دروستبوونی ئەو خەڵکانەیە، بەڵام دروستبوونی باقیی خەڵکانی تری سەر زەوی بەجۆرێک لە جۆرەکانی تر دروست بووە.



**مویرز:** ئایا ئەم بیرە بیری نەتەوەی دەستەبژێر نییە؟

**کەمبڵ:** بێگومان ئەوەیە، هەرگەلێک لە زەینی خۆیدا گەلێکی دەستەبژێرە، دەبێ ئەوەش بزانین هەر گەلێ کە خۆی بەمرۆڤ ناسیبێ، لە هەمان کاتدا هەر ئەو گەلە ناوی سەیرو سەمەرەیان لە هۆزەکانی تر ناوە، وەک دەموچاوی هەزەلی و لووت چەماوە.

**مویرز:** هیندییە سوورەکانی ناو دارستانەکانی باکوری ڕۆژهەڵات، باسی ئافرەتێک دەکەن لە ئاسمان بەربووتەوە و دوو دووانەی هێناوە، کەچی هیندییە سوورەکانی باشووری ڕۆژئاوا باسی دووانەیەک دەکەن کە لەدایکێکی پاکیزەوە لەدایک بووە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو ژنەی لە ئاسمانەوە دێ، هەمیشە لە سەرچاوەی کولتووری ڕاوچییانەوەدێ، بەڵام ئەو ژنەی لەزەوییەوە دێ ئەو ژنە سەر بەکولتووری کشتوکاڵییە. دووانەکان نوێنەری دوو ئەسڵی جیاوازن، بەڵام دوو ئەسڵی جیاواز کە جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ قابیل و هابیلی ئەنجیلدا هەیە. لە چیرۆکی هۆزی هیندییە سوورەکانی ئیروکڤی، یەکێک لەو دووانەیە خونچە یان کوڕی ڕووەکە و ئەوی تریان ناوی فلینتە، واتا بەردی چەخماخ. بەردی چەخماخ لەکاتی لەدایکبوونیدا بەجۆرێک ئازار بەدایکی دەگەیەنێ، لە ئازارا دایکی دەمرێنێ. فلینت و کوڕی ڕووەک نوێنەری دوو کەلەپوورن. بەردی چەخماخ وەکو سەرە تیر بۆ کوشتنی ئاژەڵان بەکاردەهێنرێ، بۆیە نوێنەری کولتووری ڕاوچێتییە، بەڵام کوڕی ڕووەک نوێنەری پرنسیپی کشتوکاڵییە.

لە کەلەپووری پەڕتووکی پیرۆزدا، کوڕی ڕووەک قابیلەو بەردی چەخماخیش هابیلە، هابیلیش لەڕاستیشدا شوان بوو تا ڕاوچی. بۆیە لە ئینجیلدا، شوان دژ بەجووتیارە و جووتیاریش کەسێکی نەفرەتییە، ئەم ئەفسانەیە ئەفسانەی گەلی ڕاوچییان و گەلی شوانانە کەڕوویان کردووەتە نێو کولتووری جووتیارییەوە. هەر ئەمانەش ناوی ئەو خەڵکەیان پیس کردووە، کە دەستیان بەسەردا گرتوون.

**مویرز:** ئەمەش بەتەواوی لەو شەڕە مەزنانە دەچێت، کە لە ڕۆژئاوای کۆندا لەسەر داگیرکردنی ڕووبەرێکی زەوی بەرپادەکرا؟

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە، لە کەلەپووری پەڕتووکی پیرۆزدا، کوڕی دووەم، هەمیشە کەسایەتییەکی باش و براوەیە. کوڕی دووەم، نوێ هاتووەکانە، واتە عیبرییەکانە. کوڕی مەزن، یان کەنانییەکان پێشتر لەوێ ژیاون. قابیل نوێنەری تاقەنیشتەجێی کشتوکاڵخوازییە.

**مویرز:** ئایا ئەم چیرۆکانە ڕەنگدانەوەیەک نین بۆ ئەو هەموو ململانێیە هاوچەرخانەی کە بەرپادەکرێن؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ڕەنگدانەوەن. زۆر جێگای سەرنجە گەر بەراوردکردنێ ئەنجام بدەین لەنێوان بەیەکگەیشتنی کۆمەڵگەیەکی جووتیاری دەستدرێژیکەر یان کۆمەڵگەیەکی ڕاوچی یا ڕمداری دەستدرێژیکەر، لە ململانێکردنیان لەگەڵ جووتیارو جەنگاوەراندا؛ بۆیە ئەوان لە هەموو گۆی ئەم زەوییەدا وەکو یەکن، واتا دوو ڕژێمن لە دژایەتی و پەیوەستبوون بەیەکەوە.

**مویرز:** تۆ وتت ئەو ژنەی کە لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە پێشتر ئاوس بووە، بەڵام ئەو ژنەی لەسەر زەوی دووانەی بوو پێشتر ئاوس بووە. ئایا مەسەلەی ئەم چیرۆکە چییە کە لەزۆربەی زۆری ئەم کولتوورانەدا لووتمان دەبێت بە لووتیانەوە، ئەو ئەفسانانەی پاکیزەیان تێدایەو ئەو پاکیزانەش پاڵەوان و ئەو پاڵەوانانە دەمرن و پاشان هەڵدەستنەوە دروست دەکەن؟

**کەمبڵ:** بابەتی باو لەو هەموو ئەفسانانەدا بریتین لە مەرگ و هەستانەوەی کەسی ڕزگارکەر، بۆ نموونە لە چیرۆکی پەیدابوونی گەنمەشامیدا بینیت ئەو کەسەی کە هاتە خەونی مێردمناڵەکە و گەنمەشامیی پێ بەخشی و مرد، کەسێکی پیرۆز بوو، ڕووەک لەجەستەیەوە دێتە دەرێ، بۆ ئەوەی ژیان نشونما بکا کەواتە هەر دەبێ کەسێک بمرێ. تازە خەریکم بڕوا بەو شتە باوەڕنەکردەیە دێنم و درکی پێ دەکەم، کە ژیان لەمردنەوە دەردەکەوێ و لەدایکبوونێک دەبێتە هۆی مردن، بۆیە هەر وەچەیەک



دەبێ بمرێ تا وەچەیەکی تر بتوانێ سەرهەڵدا.

**مویرز:** نووسیوتە: (لە پارچەی درەختە هەڵکەنراوەکان و لەگەڵا هەڵوەریوەکان لقی نوێ لەدایک دەبێ.) وانەیەک لەو درەختانەوە فێری دەبین، وانەی دروستبوونی زیندووە لەمردووانەوە، لەدایکبوونی نوێش لە دڵی مەرگەوە دێتە دنیاوە، ئەو ئەنجامە خەماوییەی کە لەم ڕوانگەیەوە دەستت کەوتووە ئەوەیە کەبۆ زیادبوونی ژیان دەبێ مەرگ زیاد بێت. لەسەر ئەم بناغەیە، پشتوێنەی ئێستیوایی هەر هەموویان بەوە ناسراون بە گرۆتینەوە دەبنە قوربانی، قوربانی لەشێوەی ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆی.

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا لە کۆمەڵگەی پیاوانەی غینیای نوێدا، ڕیتوێڵێکیان هەیە لەوێدا بەرجەستەی ڕێوڕەسمی ئەفسانەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەکەن لەبارەی مەرگ و هەستانەوە و مرۆڤخۆری، ئاهەنگێکی پیرۆز هەیە لەو ئاهەنگەدا گوێبیستی دەهۆڵ و گۆرانی دەبی و جارجار دەوەستێ، ئەم حاڵەتە بەردەوام چوار پێنج ڕۆژ دەخایەنێ، هەروەک دەزانی ڕیتوێڵ نەریتێکی بێزارکەرە، وات لێ دەکات ماندوو بیت و پاشان ڕوو لەئەنجامدانی کارێکی تر بکەی.

دواجار، ساتی مەزن دێت. جۆرێک مەراسیمی سێکسی واقیعی ئورجی (شێوە مەراسیمێکی سێکسی نهێنییە) بەرپا دەکرێت، بە پێی ئەو مەراسیمە هەرچی یاسا و ڕێسا هەیە پێشێل دەکرێ. ئەو لاوانەی بە قۆناخی پیاوەتی گەیشتوون، دەبێ ئێستا پیاوەتیی خۆیان تاقی بکەنەوە و یەکەمین ئەزموونی سێکسیی خۆیان نمایش بکەن، بەسوود وەرگرتن لەبنمیچێکی گەورە کە لەسەر دوو ستوونی گەورە وەستاوە، ساختمانێ دروست دەکرێ. ژنێکی جوان لەشێوەی خودا ڕازاوەتەوە، ئەو ژنە دێتە ژوورەوە ڕادەکشێ. شەش یان حەوت لاو بەتەپڵ لێدان و گۆرانی وتنەوە خۆیان دەکەن بەژووردا، یەک لەدوای یەک لەگەڵ ژنە ڕادەبوێرن و، یەکەمین ئەزموونی ڕابواردنی سێکسیی خۆیان تاقی دەکەنەوە، لە کاتێکدا کە دواین کوڕ خەریکی کاری سێکسی دەبێ لەگەڵ ژنەدا، یەکسەر کۆڵەکەکان ڕادەکێشن و سەقفەکە دادەڕوخێ بەسەریان و هەردووکیان دەمرن. جارێکی تر نێر و مێ یەک دەگرنەوە، هەروەک چۆن

یەکەم جار و پێش جیابوونەوە یەکبوون. مەرگ و لەدایک بوون یەک دەگرن، لەبەرئەوەی خۆی ئەو دووانە هەر یەک شتن.

پاشان هەردوو کوژراوەکە دەردەهێنرێن و لەسەر ئاگردا دەیانبرژێنن و ئێوارەی هەمان ڕۆژ گۆشتەکانیان دەخورێ. ئەم ڕیتوێڵە، دووبارەکردنەوەی کاری بناغەیی کوشتنی خوایەکە، پاشان دوای ئەمەش بەدەستهێنانی خواردن دێت، بەدەستهێنانی خواردنیش مانای ڕزگاربوونە لە مەرگ. لە قوربانی شیوی خوداییدا، فێرتان دەکەن کە ڕزگارکەرتان ئەم جەستەو خوێنەیە. ئێوە ئەوەتان لەسەرە بچنەوە نێو دەروونی خۆتان، کاتێک کە بۆ دەروونی خۆت گەڕایتەوە دەبینی ئەو لەوێیەو لەدەروونتدایە.

**مویرز:** ئەو ڕاستییانە چین کە ئاینەکان ئاماژەی بۆ دەکەن؟

**کەمبڵ:** دەبێ لەکاری ژیاندا هەست بەماهییەتی ژیان بکەیت، لە کولتووری ڕاووشکاردا، کاتێ کە قوربانییەک پێشکەش دەکرێ، وەک شێوە دیاری و بەرتیلێکە بۆ خودا، داوای لێ دەکرێ شتێکمان بۆ ئەنجام بدات یان شتێکمان پێ ببەخشێ. بەڵام لە کولتووری جووتیاریدا کاتێ کە قوربانییەک دەکرێ، ئەو قوربانییە خۆی خودایە. واتا ئەو کەسەی کە دەمرێ و دەنێژرێ و دەبێ بەخۆراک، مەسیحیش کە لەخاچ درا لە لەشییەوە خۆراکی ڕۆح بەربووەوە.

چیرۆکی مەسیح، بەرزبوونەوەی ئەوشتەیە کە لە بناغەوە وێنەی گیایەکی تەواو مەلموس بووە. مەسیحی سەر خاچی پیرۆز، یا درەختەو، خودی ئەو بەمیوەی درەخت دادەنرێ. مەسیح هەمان ئەو میوە نەمرەبوو کە میوەی دووەمین درەختی یاساغی باغی بەهەشت بوو. کاتێ کە مرۆڤ میوەی درەختی یەکەمی خوارد، واتە درەختی ناسینی چاکەو خراپە، لە بەهەشت دەرکرا. ئەم باخچەیە شوێنی یەکبوونە، واتە لەم شوێنەدا دووانەی نێر و مێ، چاکەو خراپەو خوداو مرۆڤ بوونی نەبوو. ئێوە دووانەیی دەخۆن و لە بەهەشت دەردەکرێن. درەختی گەڕانەوە بۆ باخچەی بەهەشت، درەختی ژیانی نەمرییە، بەخواردنی میوەی ئەو بۆمان دەردەکەوێت کەمن و ئەو یەکین.

گەڕانەوە بۆ ئەو باخچەیە، ئامانجی زۆربەی ئاینەکانە. کاتێ کە خودا مرۆڤ لە



باخچەی بەهەشت دەردەکات، لەبەردەم دەرگای بەهەشتدا دوو پاسەوانی شیرووبینی داناو (ئەم شیرووبینە سەر بەخودایەو پاسەوانی شوێنە پیرۆزەکانە، دوو باڵی درێژو سەری مرۆڤ و جەستەی ئاژەڵی پێوەیە) لەنێوانیشیاندا شمشێرێکی ئاگراوی. کاتێ کە لە پەرستگای بوودا نزیک دەبیتەوە، دەبینی بوودا لەسەر درەختی نەمریی ژیاندا دانیشتووە، دەروازەیەک دەبینی کە دوو پاسەوانی لەبەردەمدا وەستاوە، ئەو دوو پاسەوانە دوو شیرووبین و دەبێ لەنێوان ئەو دوو پاسەوانەوە بەرەو ئاراستەی درەختی ژیان بڕۆی. لە کەلەپووری مەسیحیدا، مەسیحی سەر خاچ لەڕاستیدا مەسیحە لەسەر درەخت، درەختی ژیانی نەمرییە و مەسیح میوەی ئەو درەختەیە. مەسیحی سەر خاچ و بوودای ژێر درەخت، هەردووکیان یەک ڕوخسارن، بەڵام ئەو دوو پاسەوانە کێن، کە لەبەردەم دەرگەکە وەستاون؟ لە پەرستگای بوودیزمدا دەبینی ئەو دوو پاسەوانە یەکێکیان دەمی کردووەتەوەو ئەوی تریان دەمی داخستووە– ئەو دوو سیمبولەش بریتین لە دەمکردنەوەی ترس و ئارەزوو هەردووکیان دژی یەکترین. کاتێ کە لە باخچەیەک وەک باخچەی بەهەشت نزیک دەبینەوە، ئەو دوو فگیۆرە کە بۆ تۆ دوو فگیۆری واقیعین و هەڕەشەت لێ دەکەن، گەر تۆ لە ژیانی خۆت بترسی ئەوا واز لەو باخچەیە دەهێنی، بەڵام گەر هاتو ئەوەندە گرنگیت بەخودی خۆت نەداو، بەڵکو بوونی خۆت دێتە بەرچاوو، وەک ئەرکێکی بەرفراوانترو نەمرو گەورەییت لە بچووکی پێ باشترە، ئەوا ئەو کاتە بەسەر ئەو دوو فگیۆرەدا سەردەکەوێ و دەتوانی بچیتە بەهەشتەوە.

ئەوەی وای کردووە ئێمە لەدەرەوەی بەهەشت بین، ترس و ئارەزووی ئێمەیە بەرامبەر بەو شتانەی کە پێمان وایە شتە باشەکانی ژیانمانن.

**مویرز:** ئایا مرۆڤ بەگشتی و لە هەموو کاتێکدا پێیان وابووە کە ئەوان دوور خراونەتەوە لەواقیعی ڕەها و نیعمەت و خۆشی و کامڵی و خودا؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەم حاڵەتانەشدا، ساتی گەشکەبوون هەیە. جیاوازی نێوان ژیانی ڕۆژانە و ئەو ژیانەی هاوکاتە لەگەڵ گەشکەبوون، وەک جیاوازیی دەرەوە ناوەوەی بەهەشتە. لەم حاڵەتەشدا، ئەوەی دەبێ ئەنجامی بدەی،

برۆی و نەوەستی تاپشتەوەی ترس و ئارەزوو، هەروەها دوو دژەکان ببڕی.

**مويرز:** واتە بگەیتە هارمۆنی؟

**کەمبڵ:** بگەینە ئەوپەڕی باڵایی. ئەمەش ئەزموونی هەر جۆرە درکێکی سۆفیگەرانەیە. تۆ لە جەستەی خۆتدا دەمرێ و لە ڕۆحی خۆتدا لە دایک دەبیتەوە. یەککگرتنێک لەگەڵ خۆت و ئەو شێوە ئاگایی و ژیانەی کە جەستەت تەنیا هەڵگرێتی بەدی دێنی. تۆ لە هەڵگردا دەمری و لەئاگاییی خۆتدا یەککگرتنێک بەدی دێنی لەگەڵ خودادا کە ئەو هەڵگرەکەی هەڵگرتووە.

ئەوەی لەکولتووری جووتیاریدا دەبینرێ ئەم چەمکە واتا چەمکی یەکبوون، لەپشتەوەی نواندنی دووانەیە. لەپشتەوەی هەموو ئەم دیاردانە، تاقە ڕووناکییەک هەیە کە لەمیانەی هەموو شتەکانەوە بڵاودەبێتەوە. کاتێ کە تەماشای ڕێکخراوی و جوانکاریی کارێکی هونەری دەکەیت، تەنیا یەک شت دەڵێی: (ئاه !) دەکرێ بوترێ ئەم بەرهەمە هونەرییە باس لە شێوە ڕێکخستنیکی ژیانمان دەکات و هەروەها دەشبێتە هۆی پەی بردن بەو شتانەی کە ئاینەکان لە هەوڵی پەی پێ بردنین.

**مويرز:** ئەو مەرگە ژیانە و ژیانیش مەرگە، ئایا ئەم دووانە هەردووکیان کۆکن؟

**کەمبڵ:** لەسەرتە هاوسەنگییەک لەنێوان ژیان و مردندا بەرقەرارکەیت، ئەم دووانەش دوو ڕووی یەک شتن. ئەو دوو شتەش بوون و Becoming

**مويرز:** ئایا ئەمەش لە هەموو ئەم چیرۆکانەدا هەیە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لە هەموو ئەو چیرۆکانەدا هەیە. لەهیچ چیرۆکێکدا نەمبینیوە کە مردنی تێیدا ڕەفز کرابێ. بیری کۆنی قوربانی، بەهیچ شێوەیەک ئەو بیرە نییە کە ئێمە بۆی دەچین. هیندییە سوورەکانی مایا، جۆرێک گەمەی باسکیتبۆڵیان هەبوو، لە کۆتاییی یارییەکەدا، لەناوەڕاستی گۆرەپانەکە کاپتنی تیمی براوە بەدەستی کاپتنی تیمی دۆڕاو دەکرا بەقوربانی و سەری لێ دەکردەوە. کرۆکی بیری قوربانیی سەرەتایی، قوربانی بووە وەکو پاداشتێک بۆ بردنەوەی ژیان.



**مويرز:** ئەم بیرە بیری قوربانی بۆ کەسانی براوە، بیرێکی نامۆیە بە جیهانی ئێمە. بابەتی سەرەکی و باڵادەست لەمڕۆی ئێمەدا ئەوەی کە هەموو شتێک بۆ کەسی براوەیە.

**کەمبڵ:** لەم ڕیتوێڵەی مایا، ناوی یارییەکە بەم جۆرە بوو(بۆ ئەوەی بەها(ئەرزش) داربی وەکو خوایەک ببی بە قوربانی).

**مويرز:** پێت وایە ئەوە ڕاستە ئەوەی کە ژیان لەدەست دەدات، ژیان دەباتەوە؟

کامبڵ: ئەمە وتەی مەسیحە.

**مويرز:** پێت وایە ئەمە ڕاست بێ؟

**کەمبڵ:** بەو مەرجەی لەپێناوی شتێکدا ژیانی خۆت لە دەست بدەیت. ڕاپۆرتێک هەیە هی یەکێک لەڕاگەیەنەرانی ژوزۆرئێتی سەدەی هەڤدەهەمە، باس لەلاوێکی ئازای هۆزی ئیرۆکوا Iroquois ی ڕۆژهەڵاتی کەنەدا دەکات، ئەم لاوە بە ئەسیری دەکەوێتە دەست یەکێک لە هۆزەکانی دوژمن، ئەوەندەی ئەشکەنجە دەدەن لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرێ، ئەوکاتە لەنێو هۆزە هیندییە سوورەکانی باکوری ڕۆژهەڵات ئەشکەنجەدانی دیلی نێر کارێکی باو بووە. لەسەر شانی دیل ئەرک بوو هەڵگری ئەو هەموو ئەشکەنجەیە بێت بێ ئەوەی ورە بەردات، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی پیاوانە بوو بۆ کەسی یەخسیرو دیل. هۆزی دوژمن، لاوە ئیرۆکوا ئەسیرەکەیان هێنایە نێو مەیدانێک تا ئەم کارە قورسەی بەسەردا تاقی بکەنەوە، ژوزۆرئیتییەکان بەوپەڕی سەرسامییەوە تەماشای ئەم دیمەنەیان دەکرد، هەروەک شایی بووک و زاوا دەهاتە پێش چاویان. لاوەکە ئارایشتی کردبوو بەدەنگی بەرزیش گۆرانیی دەچڕی. ئەوانەی لاوەکەیان بەدیل گرتبوو بەجۆرێک ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد هەروەک بڵێی ئەو لاوە میوانێکی بەڕێزە و شایستەی ڕێزگرتنە. لاوەکەش لەگەڵ ئەواندا دێتە نێو ئەم گەمەیەوە و دڵنیاشە لەوەی کە چ چارەنووسێک چاوەڕوانێتی. قەشە فەڕەنسییەکان وەسفی ئەم ڕووداوە وا دەکەن کە ترسناکە و بەوەش ڕاڤەی ئەم پێشوازییەی دیلیان کردووە کە کارێکە پڕ لە گاڵتەجاڕی نەک ڕەحم و بەزەیی. هەروەها واش وەسفی

دیلکەران دەکەن کە کۆمەڵێ ئاژەڵی دڕندەن. بەڵام لەڕاستیدا وانییەو دیلکەران دەبووایە ڕۆڵی قەشەی قوربانیکەری لاوی ئازا ببینن. ئەم کارە قوربانی بوو لەسەر شوێنی قوربانییەکە، ئەم لاوەش لە بەراوردکاریدا جێگای مەسیح دەگرێتەوە. قەشە فەرەنسییەکان خۆیان هەموو ڕۆژێ شێوی پیرۆی پیرۆز یان ساز دەکرد. ئەو سازکردنەش شێوەیەکە لە دووبارەکردنەوەی قوربانیی خوێناویی سەر خاچ.

دروست پێش ئەوەی مەسیح بەرەو ئاراستەی خاچ ببرێ دیمەنێکی تری هاوشێوەی ئەو دیمەنەی لاوە هیندییە سوورەکەمان بەرچاو دەکەوێت کە لە پەڕتووکی گوماناویی کارە مەسیحییەکانی یوحەنادا هاتووە، باسکردنی ئەم ڕووداوە یەکێکە لە زیندووترین بەشەکانی ئەدەبیاتی مەسیحی. لە ئینجیلەکانی مەتاو مەرقۆس و لۆقا و یۆحەنادا تەنیا ئەم باسە هاتووە کە لە کۆتایی دواین بەزمی شیودا، پێش ئەوەی مەسیح بەرەو لای خاچ بکەوێتەڕێ ئەو و یاوەرانی سروودێکیان خوێندووەتەوە. بەڵام لە پەڕتووکی کارەکانی یوحەنا خوێندنی وشە بەوشەی ئەم سرووده تۆمارکراوە. عیسای مەسیح تەواو پێش ئەوەی بەرەو بەهەشت بەڕێ کەوێ، بە هاوەڵانی خۆی دەڵێ: (وەرن باسەماکەین!) هەموویان لە بازنەیەکدا دەستی یەکتری دەگرن و، لەحاڵێکدا دەسووڕێنەوە، مەسیح دەست بەگۆرانی وتن دەکات و دەڵێ: (پایەبەرزی بۆ تۆ ئەی بابە!)

هەموویان لەبازنەکەدا لە دواوەیەوە دەڵێن: (ئامین.)

(پایەبەرزی بۆ تۆ ئەی وشە!)

دیسانەوە (ئامین !)

(دەبووایە لەدایک بوومایە، تەحەممولم بکردایە!)

(ئامین!)

(دەخۆم و دەخورێم!)

(ئامین!)

(تۆ کەسەما دەکەی، تەماشاکە من چی دەکەم، ئەو ئازارە نێرانەی من دەبێ بەرگەی بگرم، لەبەر تۆیە!)

(ئامین!)



(هەڵدێم و دەمێنمەوە!)

(ئامین!)

(یەکدەگرم و شتەکان بەیەک دەگەیەنم!)

(ئامین!)

(ئایا دەرگایەکم بەرەو تۆ، کە لێم دەدەن... ڕێگەیەکم بەرەو تۆ، ڕێرەوێکم.)

کاتێ کە سەماکە تەواو دەبێ، عیسا بەرەو باخچەکە ڕۆیشت تا خاچەکە هەڵگرێ و لەخاچ بدرێ.

کاتێ بەم جۆرە وەکو خودایەک، لەگەڵ ئاگاداربوونت بە ئەفسانەکە، بەرەو مەرگ دەڕۆی، لەڕاستیدا ئەم چوونە ڕۆیشتنە بەرەو ژیانی نەمری. گەر ئیشەکە وابێت ئیتر بۆچی مرۆڤ خەم دایگرێ؟ لێ گەڕێ با بەشکۆوە ئەو ڕووداوە بەسەربەرین، بەو شێوەی کە هەیە. لێ گەڕێ با ئەو کەرنەڤاڵە بگێڕین.

**مویرز:** خوای مەرگ، خوای سەمایە.

**کەمبڵ:** لە هەمان کاتیشدا خوای سێکسە.

**مویرز:** مەبەستت چییە؟

**کەمبڵ:** جێی سەرسوڕمانە بۆت دەرکەوێ کە ئەم خودایانە یەک بە دوای یەک، لە یەک کاتدا خوای مەرگ و لەدایکبوون و وەچەکانن. خوای مەرگ Ghede (جیدە) کە سەر بەکولتووری جادووگەریی هیتییەکانە، لە هەمان کاتدا خودای سێکسیشە. ئۆزیریسی خودای میسرییەکان کە خودای دادگاییکردنی مردووەکان بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خوای نوێکردنەوەی ژیان بوو. ئەم ناوەرۆکەش ئەو ناوەرۆکە بنەڕەتییەیە، کە بڕوای وایە ئەوەی دەمرێ لەدایک دەبێتەوە. بۆ ئەوەی ژیانت هەبێ دەبێ مەرگیشت هەبێ.

ئەوەش سەرچاوەی ئەو بۆچوونەیە کە لەڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ڕوو دەدات کاتێ کە هەڵدەستن بەبڕینی سەری دوژمنەکانیان دەبڕن، بەتایبەت لە ئەندۆنیزیا، سەربڕین کارێکی پیرۆزە، یان کوشتنێکی پیرۆزە. کوڕێکی لاو پێش ئەوەی مۆڵەتی ئەوەی

هەبێ هاوسەرێتی بکات و ببێ بە باوک، دەبێ هەنگاوهەڵهێنێ و کاری کوشتن ئەنجام بدات. تا مەرگ نەبێت، لەدایکبوونیش نابێت. ئەم بۆچوونەش ئەو مانایە دەبەخشێ، دەبێ وەچەیەک بمرێ بۆ ئەوەی وەچەیەکی دی بتوانێ بێتە دنیاوە. هەرکە منداڵێکت دەبێ ئیتر تۆ مردووی. منداڵ ژیانێکی نوێیە و ئێوەش تەواو پاسەوانی ئەم ژیانە تازەیەن.

**مویرز:** زەمەنتان کۆتاییی هاتووە.

**کەمبڵ:** هەر بۆیە پێوەندییەکی دەروونناسیی قووڵ لەنێوان لەدایکبوون و مردندا هەیە.

**مویرز:** پێوەندییەک هەیە لەنێوان ئەوەی کە تۆ ئەیڵێی و، ئەم واقیعە کە یەکێک لەباوان ژیانی خۆی بۆ منداڵەکانی دەکا بەقوربانی؟

**کەمبڵ:** لە نامەیەکی قەشەنگدا شوپنهاوەر ئەم پرسیارە دەوروژێنێ، ئایا چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەشداری لە ئازار و ترسەکانی کەسێکی تردا بکات، تا ئەو ڕادەیەی ئەو کەسە بێ بیرکردنەوە و بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی ژیانی خۆی دەکات بەقوربانی؟ چۆن دەبێ بەیەکجاری ئەو شتە لەناوبچێت کە ئێمە بەیەکەمین یاسای سروشتی و پاراستنی نەفسی دادەنێین؟

چوار پێنج ساڵ پێش ئێستا ڕووداوێکی سەیر ڕووی دا کە نیشاندەری ئەم ڕووداوەیە. لە هاوایی ناوچەیەک هەیە ناوی (پالی) یە شەماڵی وەرزی لە باکورەوە هەڵدەکات و بەنێو زنجیرەیەک چیای مەزندا تێ دەپەڕێ. خەڵکی حەز دەکەن ڕوو لەو جێگایە بکەن تاپرچیان ئاوێزان بکەن، یان هەندێ جار لەوێدا خۆیان بکوژن، هەروەک خۆفڕێدان لەسەر پردی گۆڵدن گێتی فرانسیسکۆ.

ڕۆژێکیان دوو پۆلیس بە ئۆتۆمبێلەوە بەرێگەی پالی تێ دەپەڕن، دەبینن لەپشتی ئەو شوورایەی کەبۆ ڕێگرتن لەکەوتنە خوارەوەی ئۆتۆمبێل کراوە، لاوێک خۆی ئامادەکردووە بۆ خۆفڕێدان. ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکان دەوەستێ و ئەو پۆلیسەی کە لەلای دەستی ڕاستەوەی ئۆتۆمبیلەکەیە دەردەپەڕێ تا ڕێ لەکوڕە بگرێ خۆی نەخاتە خوارەوە، بەتەواوی لەوکاتەی کە پۆلیسەکە کوڕە دەگرێ، کوڕە خۆی فڕێ دەداو



هەردووکیان دەکەونە حاڵەتی کەوتنی حەتمییەوە، بەڵام پۆلیسی دووەم دێت و هەردووکیان لە مەترسیی کەوتنە خوارەوە ڕزگار دەکات.

ئایا دەتوانی تێ بگەیت ئەوە چی دەگەیەنێ کاتێ کە پۆلیسێ ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە تا لاوێکی نەناسراو لەمەرگ ڕزگار بکات، لەو کاتەی کە بڕیاری ئەم کارە دەدات چی ڕوو دەدا؟ هەموو شتەکانی تری ژیانی ئەو خراونەتە لاوە، بەرپرسیاری بەرامبەر بەخێزان و کارەکەی و خودی خۆشی، هەموو هیواو ئارەزووەکانی بۆ گوزەرانی ژیان لەناوچوون. مەودایەکی زۆر نەبوو لەنیوان ئەو و مەرگ.

پاش ئەم ڕووداوە ڕۆژنامەنووسێ لێی پرسیبوو: (بۆ نەتهێشت خۆی فڕێ بدات؟ لەوانەبوو گیانی خۆشت لەدەست بدەی؟) وەڵامی ئەویش ئەمەبوو (نەمدەتوانی ئەم کارە بکەم. گەر بمهێشتایە ئەو لاوە خۆی فڕێ بدایە، منیش نەمدەتوانی زیاتر بژیم.) بۆچی؟

وەڵامی شۆپنهاوەر بۆ ئەمە، ئەوەیە ئەم قەیرانە دەروونییە، نیشاندەری دەرکەوتنی لەپڕی جۆرێک درکی میتافیزیکییە بەپێی ئەو درکە تۆ و کەسێکی تر یەکن، دوو ڕووی ژیانێکن و جودایی دەرەکیتان تەنیا لە شێوەیەک ئەزموونی وێنە جۆراوجۆرەکان لە هەلومەرجی سەردەم و شوێن زیاتر هیچی تر نییە. واقیعیەتی ڕاستی ئێمە یەکبوون و یەککگرتنمانە لەگەڵ تەواوی ژیان. ئەم داوایە ڕاستییەکی میتافیزیکییە ڕەنگە لەپڕ لە هەلومەرجی قەیراندا بزانرێ. لەبەرئەوەی بەپێی وتەی شۆبنهاوەر ئەمە ڕاستیی ژیانی تۆیە.

پاڵەوان کەسێکە ژیانی جەستەیی خۆی پێشکەش کردووە تاتێگەیشتنی لادروست بێت دەربارەی ئەم حەقیقەتە. ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ: (دراوسێکەت خۆش بوێ) بۆ ئەوەیە تانزیکت بکاتەوە لە یەکبوون لەگەڵ ئەم حەقیقەتە. بەڵام تۆ چ دراوسێکەت خۆش بوێ یان خۆشت نەوێ، گەر هاتو ئەم درکەت لا دروست بوو ڕەنگە ژیانی خۆت بخەیتە مەترسییەوە. ئەو پۆلیسە هاواییە کەبۆ لاوێک ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە، بەهیچ جۆرێک نەیدەناسی. شۆپنهاوەر پێی وابوو تۆ دەتوانی ببینی ئەم کردارانە هەموو ڕۆژو کاتێ ڕوودەدەن، لەگەڵ بەردەوامیی ژیان لە جیهاندا،

مرۆڤەکان کاری وەها کەتێیدا مرۆڤ لەپێناوی یەکتریدا گوێ بەخۆیان نادەن ئەنجام دەدەن

**مـویرز:** کـەواتە کـاتـێ عـیـسـای مـەسـیح دەڵـێ: (وەکـو خـۆشـەویسـتـیت بۆ خـۆت دراوسێکەت خۆش بوێ) لەڕاستیدا دەڵێ: (هاوسێکەت خۆش بوێ لەبەرئەوەی ئەو خودی تۆیە.)

**کەمبڵ:** لەکولتووری ڕۆژهەڵاتدا سیمایەکی قەشـــەنگ هەیە بەنێوی بۆدیساتڤا Bod-hisatva، سـروشـتـی بودیسـاتڤـا ئەوەیە کـە پڕە لـە سـۆزداری. ئـەشـڵـێن لە نـووکی پەنجەکانییەوە شەهدێک دەتکێ ڕاناوەستێ تا قووڵایی جەهەنم.

**مویرز:** ئەمە مانای چییە؟

**کەمبڵ:** لە کۆتاییی کۆمیدیای خوداییدا دانتە دەڵێ: (خۆشـەویستیی خودا هەموو کـەون پێکدێنێ تـەنانەت خـوارترین بەشی دۆزەخـیش. ئەم وێنـەیە هەمـان ئەو وێنەی پێشـوویەیە. بۆدیسـاتڤا نوێنەری هـاودەردیە و پرنسیپی چارەسـەرکـردنیشـە، ژیان ئاسـان دەکات. ژیان دەردە بەڵام هاودەردیی بەردەوامی ژیان مـەیسـەر دەکات. تەنیا بۆدیسـاتڤـایە کـە بەدیهـێنانی نـەمـریی ژیان جـێـبـەجێ دەکـات، بـەم کـارەشی بەهەڵبژاردنـی خۆی بەشداری لە ئازارەکانی جیـهان دەکات. جـیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی بەلەدایکبوون لە جیـهاندا بژی، لەگەڵ ئەوەی بەهەڵبژاردن. ئەم بۆچوونە بەتەواوی ناوەڕۆکی وتەیەکی پۆڵسی پێرۆزە کە دەربارەی عیسای مـەسیح لە پەیامێکیدا بۆ فیلیپییەکان دەیگوێزێتەوە: ئەو عیسایە (بیری لەوە نەدەکردەوە کە پلەی خودایی شتێکەو دەبێ پەیوەست بێ پێوەی، بەڵکو عیسا بەشێوەی خزمەتکاری هاتە سەر زەوی و تا ئەوکاتەشی لەخاچدرا خۆی بەخزمەتکارو قبووڵکار دەزانی.) ئەمەش بەشداریکردنێکی خۆبەخشانەیە (هەڵبژاریە) لەپارچە پارچەبوونی ژیان.

**مـویرز:** بۆچوونت بەرامـبـەر بەو بۆچوونەی ئابلارت چیـیـە کـاتـێ کـە لەسـەدەی دوازدەهەمـدا دەیوت: مـەرگی مـەسـیح لـەسـەر خـاچ سـزای خودایی یا دانی ڕزگارانەیەک نەبوو، بەڵکو جۆرێک لەکەفارەتدان بوو بۆ هەموو توخمی مرۆڤ.



**کەمبڵ:** ئەمـەش ئاڵۆزترین ڕاڤـەکردنە دەربارەی ئەوەی کـە بۆچی مـەسـیح ویسـتـی لەخاچ درێ و بۆچی لەخاچدانی هـەڵبژارد. یەکێک لە ڕاڤەکردنەکانی پێشوو ئەوەیە کەگوایە گوناهـەکەی بەهەشت وای کـرد، توخـمی مـرۆڤ خـۆی تەسلیمی شـەیتـان بکات، بۆیە خـودا ناچاربوو وا بکات کە مـرۆڤ لەم دەلاڵـە ڕزگار بکات. بۆ ئەمـەش کوڕەکەی خۆی مەسیحی کرد بەڕزگارانە. بەپێی ڕاڤـەکردنی پاپا گریگۆری مـەسیح دانەیەک بـوو بۆ وەداونانی شـەیتـان. ئەمـەش بناغـەی بیـری ڕزگـاربوونە لـەگـوناه. لەبەسـەرهاتێکی تردا هاتووە گـوایە خـودا لەو کـارە بوێرەی مـرۆڤ لـەبەهەشـتـدا ئەوەندە تووڕە دەبێت، بۆیە دەیخـاتە دەرەوەی بازنـەی ڕەحم و بەزەییی خـۆیەوە، لەم حـاڵەتەشـدا تەنیـا شـتـێک کـە دەتوانێ مـرۆڤ لەگـەڵ خـودادا هاونەوا بکاتەوە، قوربانییە، کە لەڕووی گرنگییەوە هاوبەرامبەرە لەگەڵ گوناهی ئەنجامدراودا. هیچ مـرۆڤێک ناتوانێ جوبرانی ئـەم گوناهە بکات، بۆیە کوڕی خودا لەشێـوەی مـرۆڤدا دەردەکەوێ تا ئەم قەرزە بداتەوە.

بەڵام ئابلار بڕوای وابوو کە مەسیح بۆ لەخاچدان هاتووە تا لەبەرامبەر ئازارەکانی ژیان هـەسـتـی ڕەحم لە دڵی مـرۆڤـدا بورووژێنـێ و، ڕێگرش بێت لەبەردەم ئەوەی کەزەینی مـرۆڤ پەیمانێکی کوێرانە لـەگەڵ خێروبێرەکانی ئەم جیـهانەدا ببەستێ. ڕەحم و بەزەییمان بۆ عیسا وامان لێ دەکات لەبازنەی سۆزداری بین لەگەڵیدا، ئەم ئازاردیوەش دەبێتـە ڕزگـارکـەرمـان. ئەم هەسـتـەش لەبیری سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ڕەنگ دەداتەوە، دەربارەی پادشای ئازادی و، شای کاسەی پیرۆز، ئەو شایە بەبڕینێ ئازاری دەچەشت کە ساڕێژ نابێت، دیسانەوە ئازاردیوێک بۆ ڕزگارکەرێ دەگۆڕێ. ئەم ئازارەیە مرۆڤایەتی لە دڵی مرۆڤدا دەژێنێتەوە.

**مویرز:** ئایا لەگەڵ ئابلاردا هاوڕای کاتێ کە دەڵێ پەرۆشیی مرۆڤ بۆ بینینی خوداو پەرۆشیی خودا بۆ بینینی مرۆڤ وا دەکات کە لەسەر ئەو خاچە دوو بەزەیی چاویان بەیەکتری کەوێت؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، هەرکە دێینە نێو بواری زەمەنەوە ئازاریش دەردەکەوێ. هەتا ڕابردووت نەبێ ئایندەت نابێ، بەهەمان جۆر گەر زەمەنی ئێستات خۆش بوێ هەرچییەک بێت

بۆ ڕابردوو دەگۆڕێت، لەدەستدان، مەرگ، لەدایکبوون، لەدەستدان، مەرگ... بەم جۆرە بەردەوام دەبێت. ئەگەر لەخاچدان وردبیتەوە، ئەوا لەنێو سیمبوڵەکانی نهێنیی ژیاندا قووڵ دەبیتەوە.

**مویرز:** هەر لەبەر ئەم هۆیەش گۆڕانکاریی مەزهەبیی واقیعی یان هەڵگرتنی ئاینێکی تر، هاوکاتە لەگەڵ دەردو ئازار. بۆیە ئاسان نییە مرۆڤ ڕۆحی خۆی ون بکات.

**کەمبڵ:** ئینجیل مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە لەپێناوی نەفسی خوددا خۆی بکا بەقوربانی، واتە تەحەممولکردنی ڕاستەقینەی دەردی مەرگ بەرامبەر جیهان و بەهاکانی جیهان. ئەم زاراوانە کۆمەڵێ زاراوەی سۆفیگەرین. بەم پێیەش خۆکوژییش کارێکی سیمبولییە. واتە وازهێنان لەو حاڵەتە دەروونییەی کە لەو کاتەدا تێیدای، بەجۆرێک کە بتوانی بگەیتە حاڵەتێکی باشتر. لە ژیانی ئێستادا خود دەمرێ و بەمەبەستی ئەوەی بچێتە نێو دنیایەکی ترەوە. ناچار نیت کە بەڕاستی و جەستەشت بمرێ، بەڵکو هەموو کارێ کە دەبێ ئەنجامی بدەی ئەوەیە کە لەڕۆحەوە بمری و دووبارە بۆ ڕێگەیەکی فراوانتری ژیان لەدایک بیتەوە.

**مویرز:** بەڵام ئەم بیرە لە ئەزموونی ئەمڕۆماندا سەیر دێتە بەرچاو، لەبەرئەوەی ئاین ئاسانە و ئاین دەتوانێ وەکو چاکەت بپۆشرێ کاتێ کە بۆ سینەما دەڕۆی لەبەری دەکەیت.

**کەمبڵ:** بەڵێ، لە زۆربەی کلیساکاندا، کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی دڵگیر ڕێک دەخرێت. هەموو ئەو کەسانەت خۆش دەوێ کەلەوێدا ئامادەن، بۆچی لەبەرئەوەی ئەو کەسانە هەموویان خەڵکی بەڕێزو دۆستی کۆنن و، ماوەیەکی دوور و درێژیشە کەسوکارت ئاشناییان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەیە.

**مویرز:** ئەمڕۆ لە کولتووری هاوچەرخماندا چی بەسەر بیرۆکەی ئەفسانەییی کەسانی ڕزگارکەردا هاتووە، ئەوانەی خۆیان دەکەن بەقوربانی؟

**کەمبڵ:** لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا، لەبیرمە لە تەلەفزێۆن کۆمەڵێ لاوم لەنێو



هەلیکۆپەرێکدا بینی کە دەردەپەڕین تا هاوڕێیەکی خۆیان ڕزگارکەن، ئەوان ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە، ناچارنەبوون ئەو لاوەی لە مەترسیدایە ڕزگاری کەن. هەر لەوێدا بوو ئەو ڕاستییەم وەبیرکەوتەوە و بەچاوی خۆم ئەو ڕاستییەم بینی، واتە ئەو ئامادەیییەی کەشۆبنهاوەر باسی لێوە کرد، ئەو پەرۆشییەی کە مرۆڤ ئامادەی خۆقوربانیدانە لەپێناوی ڕزگارکردنی ئەوی تر. هەندێ کەس دان بەوەدا دەنێن کە ئەوان جەنگیان خۆش دەوێ لەبەرئەوەی لە جەنگدا هەست بەئەزموونی زیندووبوونەوە دەکەن. ئەوان ناتوانن لە هاتن و ڕۆیشتنی ڕۆژانەیان بۆ سەر کارو گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە هەست بەم ئەزموونە بکەن. بەڵام لەپڕ لە جەنگدا بە پەلەڕوو لە هەستی زیندووبوونەوە دەکەیت. ژیان دەردە، ژیان ئازارە، هەراسانییە، بەڵام بە لوتفی خودا ئێوە زیندوون. ئەو لاوانەی جەنگی ڤێتنام بەسەرسەختییان لەگەڵ مەرگدا بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکانیان بەڕاستی زیندوو بوون.

**مویرز:** ڕۆژێکیان پیاوێک پێی وتم دوای ساڵانێکی زۆر وەستانم لەسەر سەکۆی ئەو ترامانە، ** هەموو ڕۆژێک لێرەدا بڕێک ژیانی خۆم لەدەست دەدەم، بەڵام دەزانم ئەنجامدانی ئەم کارە بۆ خێزانەکەمە. ** هەندێ کاری پاڵەوانانەی بچووکیش هەیە، بێ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ ناو و ناوبانگدا بەکاری پاڵەوانە دادەنرێ. هەر بۆ نموونە دایکێک کاتێ کە نوێنەرایەتیی خێزانەکەی دەگرێتە دەست، هەر هەمان ئەم کارە ئەنجام دەدات.

**کەمبڵ:** لەدایکبوون شێوەیەکە لە قوربانیدان. لە هاوایی پەلەوەرێکی زۆر بەمەبەستی گەڕان بەدووی خواردندا ڕوو دەکەنە هەیوانی ماڵەکەمان. هەموو ساڵێ یەک تا دوو پەلەوەری دایکانەش دێن. کاتێ کە پەلەوەرێکی دایک دەبینی کە بەچکەکانی بۆ خواردن چۆن دەکێشن بەسەرو و کەلەیداو بێزاری دەکەن، لە حاڵێکدا کە (٥) بەچکەی هەیەو هەندێکیان گەورەتریشن لەخۆی، ئەوکاتە بیردەکەیتەوە و دەڵێی:(ئەمەیە بەخشینی جەستەو هەموو شتێکی خۆت بە بەچکەکانت، ئەمە نیشانەی لە دایکبوونە.) ئەم هۆیەشە وادەکات دایک ببێتە سیمبول بۆ دایکی زەوی، هەر دایکە ئێمەی دروست کردووەو. بەپشت بەستن بەویش دەژین، لە جەستەی ئەوەوە خواردنمان چنگ دەکەوێت.

**مویرز:** تۆ کە ئێستا دەدوێی بیر لە کتێبەکەت دەکەمەوە (شێوەی دەسەڵاتی ئاژەڵان) ئەو کەسایەتییەی لەو کتێبەدا هەیە، ئەو کەسایەتییە تووشی سەرسوڕمانی کردم، تەواو لە کەسایەتیی مەسیح دەچێ. ئایا ئەم کەسێتییە ڕزگارکەرەکەت وەبیر ناکەوێتەوە لە ئەفسانەی هیندییە سوورەکانی پیما؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، چیرۆکێکە زۆر شتمان فێر دەکات، ئەو ڕوخسارە هەمان ئەو ڕوخسارە ڕزگارکەرە کلاسیکییەیە کە ژیان بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات و پاشان مرۆڤ ئەو ڕوخسارە پارچە پارچە دەکات. ئەو پەندەت بیستووە کە دەڵێ: (بەڕزگارکردنی مرۆڤێ، هەتا هەتایە دوژمنێکت بۆ خۆت دروست دەکەی.)

**مویرز:** کاتێ کە جیهان دروست دەبێت. ئەو لە سەنتەری زەوییەوە دەردەکەوێ، لەژێر زەوییەوە ڕێنوێنیی گەلەکەی دەکات، بەڵام گەلەکەی دژ بەو ڕادەپەڕن و نەک جارێک بەڵکو چەندین جار دەیکوژنەوە.

**کەمبڵ:** تەنانەت دەشیهاڕن.

**مویرز:** بەڵام ئەو بەردەوام بۆ ژیان دەگەڕێتەوە. سەرەنجام ڕوو دەکاتە کێوەکان بەجۆرێک کە شوێن پێیەکانی بەجۆرێک تێکەڵ دەبن کەس ناتوانێ شوێن پێی هەڵگرێ. ئەو ڕوخسارێکە وەک ڕوخساری مەسیح، وا نییە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، وایە. ئەڵبەتە لێرەدا ڕووبەڕووی مەسەلەی هەزارپێچ دەبینەوە. جێ پێیەکان بە ئەنقەست تێکەڵ و پێکەڵ دەبن، بەڵام ئەگەر ڕازی ئەو هەزارپێچە بزانی، دەتوانێ بەو جێگایە بگەیت و چاوت پێی بکەوێ کەلەوێدا ماڵێکی بۆخۆی بونیادناوە.

**مویرز:** ئەگەر خاوەن بڕواش بیت، ئەوا دەتوانی بەدووی مەسیحیشدا بڕۆی.

**کەمبڵ:** بەڵێ دەتوانی، یەکێک لەو کارانەی کە مرۆڤ وەکو ئەندامێک لە ئەندامانی کۆمەڵەیەکی ئاینی نهێنی دەتوانێ فێری بێت ئەوەیە کە ئەو هەزار پێچە کە ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤ دەشتوانێ ببێتە ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەژیانی نەمری. ئەمەش دوا نهێنی ئەفسانەیە فێرت دەکات چۆن بتوانی لە هەزار پێچەکانی ژیانەوە بگەی بەشێوەیەک لەبەها مەعنەوییەکانی ژیان.



ئەم مەسەلەیە لە کۆمیدیای خودایی دانتیشدا خراوەتە ڕوو. لەناوەڕاستی ڕێگەی ژیانمانداا قەیرانەکان دەردەکەون، ئەو کاتەی جەستە دەست بەسیسبوون دەکات و کۆمەڵێکی تر لەناوەڕۆک پەیدا دەبن و بەرەو ناخی خەونەکانت هەنگاو هەڵدێن. دانتی دەڵێ لەنێوەندە ساڵەکانی ژیانی لە دارستانێکی ترسناکدا ون بووە. لەوێدا سێ ئاژەڵ کە سیمبولی لووتبەرزی و ئارەزوو و ترسن، هەرەشەیان لێ کردووە. پاشان ڤیرجیل وەک بەرجەستەکردنی سووسەکردنی شاعیرانە دەردەکەوێ و ڕێنوێنیی دەکات و لەنێو ئەو هەزار پێچەی دۆزەخا قورتاری دەکات، هەزار پێچی دۆزەخ جێگای کەسانێکە کە لەترس و ئارەزووەکانییان نابنەوە و ناتوانن بچنە نێو نەمرییەوە. دانتی گوێزرایەوە بۆ ڕوانینی موبارەکی خودا. لە چیرۆکی هیندییە سوورەکانی پیماشدا ڕووبەڕووی هەمان وێنەی میتۆلۆژی دەبینەوە بەڵام بەشێوەیەکی بچووکتر. کولتووری هیندییە سوورەکانی پیما یەکێکە لە سادەترین کولتووری هیندییە سوورەکانی باکوری ئەمریکا. لێرەدا ئەوان بەڕێبازی خۆیان، ئەم وێنە ئاڵۆزەیان بەکارهێناوە بەجۆرێک هاوبەرامبەرە لەگەڵ وێنەکەی دانتیدا.

**مویرز:** نووسیوتە دەڵێی: (نیشانەی خاچ دەبێ نیشانەیەک بێت بۆ جەختکردنە سەر نەمری هەموو ئەو شتانەی کە هەن و ئەوانەی کە دەبن. ئەو خاچە تەنیا ئاماژەیەک نییە بۆ ئەو ساتە مێژووەی کالڤەری[۹]. calvary. بەڵکو ئاماژەیە بۆئامادەبوونی خودا لە هەموو زەمەن و شوێنێکدا و ئاماژەیە بۆ بەشداریی خودا لە ئازاری هەموو شتە زیندووەکان.

**کەمبڵ:** ساتە مەزنەکانی میتۆلۆژیای سەدەی ناوەڕاست ئەو ساتانەیە کە ڕاچڵەکینێ بەسەر دڵی مرۆڤدا ڕوودەدات تا هاودەرد بێ و، هەڵچوون و سۆز بۆ هاودەردی بگۆڕێ. هەرچی ئەو مەسەلانەی لە چیرۆکەکانی دواین شێودا دەخرێنەڕوو، باس لە هاودەردی لەگەڵ پاشای بریندارا دەکەن. لێرەوە ڕاڤەکەی ئابلار دەربارەی ڕووداوی لە خاچدان دێتەدی، کوڕی خودا هاتە ئەم جیهانە تا لەخاچ بدرێ و دەرگای هاودەردی بەرووی دڵی ئێمەدا بکرێتەوە، بەم جۆرە زەینمان لە مامەڵەکردن لەگەڵ

(۹) کالڤەری مەبەست ئەو شوێنەمێدووییە کە عیسای لێ لە خاچ درا.

شته بێهودەکانی ژیان لە جیهاندا دوور دەکەوێتەوە تا ڕووبکاتە بەها تایبەتییە مرۆییەکان، بەهەوڵدانی خود بۆ بەشداریکردن لە ئازارەکاندا. بەپێی ئەم مانایە پاشای بریندار، پاشای ئیفلیجی چیرۆکی کاسە، هاوتای عیسای مەسیحە. ئامانج لە ئامادەبوونی ئەو پاشایە بۆ ئەوەیە تا هەستی هاودەردی زیندووبکاتەوە و ژیانیش بۆ خاکە مردووەکان بگەڕێنێتەوە. لێرەدا جۆرە تێگەیشتنێکی سۆفیگەری هەیە کە پەیوەستە بەئەرکی مەعنەویی ئازارچەشتن لەم جیهانەدا. کەسێک کە ئازار دەچێژێ، بۆ نموونە مەسیح، بۆ زیندووکردنەوەی ئەو شتە دێتە لامان کە مرۆڤ لە ئاژەڵێکی کێوییەوە دەکات بەمرۆڤێکی ڕێزدار. ئەو شتەش هاودەردییە(سۆزدارییە). ئەمەش ناوەڕۆکێکە کە جیمس جۆیس لە پەڕتووکی یۆلیسیسدا باسی دەکات بێدارکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی لای پاڵەوانەکەی ئیستیفین دی دالۆس، لە ڕێگەی هاوبەشێتی لە ئازارەکانی لیئۆپیلد بلۆم، کردنەوەی دەرگەی دڵی ئەمە بەڕووی عێشق و دۆزینەوەی ڕێگە.

لە دووەمین شاکاری مەزنی جۆیس (ماتەمینی فنجانەکان Finnegans Wake ژمارەیەکی سیمبولی هەیە لێرەو لەوێ بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. ئەو سیمبولەش ژمارەیەکە، ژمارەکەش ژمارەی (١١٣٢) ئەم ژمارەیە لە جێگایەک وەک مێژوو لە جێگایەکی تر وەک ژمارەی ماڵێک دەردەکەوێ و هەروەها بەم شێوەیە باس کراوە (٣٢)م ڕۆژئاوا، شەقامی (١١) م. لەهەر بەشێکدا ژمارەی (١١٣)م بەشێوەیەک لە شێوەکان دەردەکەوێ. کاتێ کە سەرقاڵی نووسینی پەڕتووکەکەم بووم بەناوونیشانی (کلیلی ڕێنوێنیکردن بەرەو ماتەمینی فنجانەکان) هەر ڕێگەیەک کە هەبوو گرتمە بەر بۆ ئەوەی بزانم ئەم ژمارە نەفرەتییە چییە (١١٣٢) پاشان بیرم کەوتەوە کە لە ڕۆمانی یۆلیسیسدا، کاتێ کەبلۆم لە شەقامەکانی دبلندا پیاسە دەکات، وا ڕوو دەدات کە تۆپێک لە بورجێکەوە بکەوێتە خوارەوە وەک ئاماژەیەک بۆ کاتی نیوەڕۆ، ئەو لەلای خۆیەوە بیردەکاتەوە کە (یاسای کەوتنە خوارەوەی تەنەکان (٣٢) پێیە لەچرکەیەکدا.) ئەو کاتە بۆی چووم کە (٣٢) دەبێ ژمارەی کەوتن بێت. هەروەها بیرم کردەوە دەکرێ ژمارەی یانزەش ئاماژە بێت بۆ نوێبوونەوەی ژمارەی دەیەم (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠)– پاشان (١١) بەوجۆرە دووبارە دەست بەژمارەکە دەکەیتەوە. ئاماژەی دیکەش لەڕۆمانی یۆلیسیسدا هەبوو وای لێ دەکردم بەم



شێوەیە بیرکەمەوە کە(باشە گەر ژمارەی (٣٢) ژمارەی کەوتن بێت و، پاشان ژمارەی (١١) ژمارەی ڕزگاربوون لە گوناه بێت لەئەنجامی قوربانیدانی مەسیح و؛ گوناه و بەخشندەیی؛ مەرگ و نوێبوونەوەی ژیان هاتبێ. کەواتە شەوی ماتەمینی فنجانەکان پێوەندیی بەڕووداوێکەوە هەیە کە لەباخچەی فینێکس .phoenix لە دبلن ڕوودەدات، ئەم باخچەش باخچەیەکی گەورەیە. فینێکس واتە باڵندەی قەقنەس، ئەمەش باڵندەیەکە خۆی دەسووتێنێ تاببێ بەخۆڵەمێش و دووبارە زیندوو بێتەوە، لەم ڕووەوە باخچەی قەقنەس بۆ باخچەی بەهەشت دەگۆڕێ کە کاری گوناهکردن لەوێداڕوو دەدات و خاچیش لەسەر کاسەی سەری مرۆڤدا دەچەقێنرێ ؛ جویس دەڵێ: ئاه ئەی قەقنەسی خەتاکار. بەم جۆرە ئێمە بەرامبەر بەزاراوەکانی مەرگ و خۆبەختکردنین، پێم وایە ئەم ڕاڤەکردنە، وەڵامێکی زۆر چاکە بۆ ئەم مەسەلەیە، بەهەرحاڵ ئەم وەڵامە من لەپەڕتووکی (کلیلی ڕێنوینی) دا پێشکەشم کردووە.

ئێوارەیەکیان کاتێ کە خەریکی ئامادەکردنی وانەیەک بووم بۆ خوێندکارانی میتۆلۆژیای بەراوردکاری، لەمیانەی خوێندنەوەم بۆ پەیامەکەی پۆلیس کەبۆ ڕۆمەکانی نووسیبوو، چاوم بەڕستەیەکی سەیرکەوت، بۆم دەرکەوت ئەم ڕستەیە کورتەی هەموو ئەو بۆچوونانەیە کە لەزەینی جۆیسدایەو لە پەڕتووکی (ماتەمینی فنجانەکان) خستوویەتییەڕوو، پۆڵس لەو پەیامەدا دەڵێ: (هەرچی مرۆڤ هەیە بەخۆیان و گوناهەکانیانەوە خودا مەرەخەسی کردوون، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕەحمی خۆی نیشانی هەمووان بدات.) تۆ ناتوانی تائەو سنوورە گوناه بکەیت کە ئیتر خودا نەتوانێ ڕوحمت پێ بکات، دەڵێم بوارێ بەخودا ببەخشە، بەپێی وتەی لۆتە(ئازایانە گوناه بکە) تاببینی خودا تا چ ئەندازەیەک ڕەحمت پێ دەکات. گوناهکاری گەورە وریاکەرەوەی خودایە بۆ ڕوحم و بەزەیی. ئەمەش دیمەنێکی بنەڕەتییە لەبواری ناسینەوەی ناکۆکیەکانی ڕەوشت و بەهاکانی ژیان.

بۆیە وتم: (بەڕاستی ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە جۆیس دەربارەی دەدوێ.) بۆیە ئەم تێبینییەم لەو پەڕاوە بچووکە تۆمارکرد کە تایبەت بەجیمس جۆیس بوو: (ڕۆمییەکان، چاپتەری (١١)ئایەتی (٣٢) ئایا دەتوانی تەسەوری ئەو سەرسوڕمانییەم بکەیت؟ دیسانەوە هەمان ژمارەکەی پەڕتووکی پیرۆز(١١٣٢)! جۆیس ئەم ناکۆکییەی بڕوای مەسیحی وەرگرتووە وەک دروشمێک بۆ شاهکارە

مـەزنەکـەی ژیانی. جـۆیس لەو شـاهاکـارەدا بێ ئەوەی تـووشی شـەرم بێت وەسـفی قووڵاییی خراپکارییـەکانی تـاک و کۆمـەڵی کردووە، هـەروەها وەسـفی کرداری مرۆڤی کردووە لەمیانەی مێژووی مرۆڤایەتی پڕ لەگوناه. ئەم شـتانە هـەموو لەو پـەڕتووکەدا – بەخۆشەویستییەوە باسی کردوون.

**مـویرز:** ئایا ڕۆژئـاواییـیـەکـان دەتوانن لەو ئـەزمـوونە سـۆفـیگـەرییـە بگـەن کـەبیـری خـــوداناسـی بـەجـێ دێڵـێ؟ گـــەر هـاتـو ڕوانـینـتـــان دەربـارەی خـــودا لـە شارستـانییەتێکدا بەرجەستە بێت کە زانست هەمـوو ئەو شتانە دەستنیشان بکات کـە تـۆ لەواقـیـعـدا هـەسـتـیـان پـێ دەکـەیت، چۆن دەتوانیت ئەو باوەڕە ڕەهایە ئەزموون بکەیت کە شەمەنەکان باسی دەکەن؟

**کەمبڵ:** باشـە، خەڵکی ئەزموونی ئەو باوەرە ڕەهـایە دەکـەن. بێگومـان ئەو کەسـانەی لە سـەدەکـانی ناوەڕاسـتـدا ئـەزمـوونی ئەو باوەرە ڕەهـایەیان کـردووە، بـەتۆمـەتی جـادووگەری سـووتێنران. یەکێک لە مەزنترین بیدعەکان لەڕۆژئاوا، ئەو بیدعـەیە بوو کـەمـەسیـح خستییـەڕوو کـاتێ کە وتـی: (من و باوک یەکین) لەبەرئەوەش لە خـاچ درا لەبەرئەوەی وتی: (من و باوک یەکین) لە سەدەکانی ناوەڕاست واتە پاش نۆسەد سـاڵ لە مەرگی مەسیح سـۆفییەکی گەورە وتی: (من و عاشقەکەم یەک کـەسین) ئەویش لە خاچ درا. کاتێک لەو کاتەدا ئەو کەسەیان بەرەو لە خاچدان دەبرد لەگەڵ خوادا ڕازو نیـازی کـرد و وتـی: (ئای خـودای پەروەردگـارم، ئـەوەی فـێـرت کـردم، گـەر فـێـری ئەمانەشت بکردایە هـەرگیـز ئەم کـارەیان پێ نەدەکرد. ئەگـەر منیشـت فێرنەکردایە، ئەمـە ڕووی نەدەدا. خـوداو کـارەکانی پیـرۆز بێ). یـەکێکی تر لە سـۆفییـەکان دەڵێ: (ئەرکی کـۆمـەڵگەی ئۆرتۆدۆکس ئەوەیە کـەبێـتـە هۆی یەکگرتـنی سـۆفی و خـودا لە ڕێگەی مەرگ و ئەشکەنجەدانەوە).

**مویرز:** ئەمڕۆ چ شتێک بووەتە هۆی نەبوونی ئەم ئەزموونە؟

**کەمبڵ:** تایبـەتمەندییـەکانی دیمـوکراسـی ئەوەیە واتێ دەگـات کـەدەسـەڵاتی زۆرایەتی نەک تـەنیـا لـەبواری سـیـاسـەتدا چالاکـە، بەڵکو لەبواری بیـرکـردنەوەشـدا. بەڵام لەبیرکردنەوەدا ئەڵبەتە زۆرینە هەمیشە هەڵەن.



**مویرز:** هـەمیشـە هـەڵەن؟

**کەمبڵ:** لەم جۆرە کارانەدا بەڵێ، لەپێوەندییـی لەگەڵ ڕۆحدا ڕۆڵی زۆرایەتـی ئەوەیە کە هەوڵ بدا گوێی خۆی بۆ ئەو کەسانە شل بکات کە ئەزمـوونیـان هـەیە لە بوارەکـانی پشـتـەوەی دابـینکردنی خـواردن و مـاڵ و وەچە و سـامـان. ئایا پەڕتووکی (سـینکلێر لویس Sinclair Lewis)ت خوێندووەتەوە ئەوەی ناونیشانەکەی بابیت Babbitt.؟

**مویرز:** ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا.

**کەمبڵ:** دوا دێریت لەبیـرە؟ (لە سـەرتاسـەری ژیانم هەرگیـز کارێک کە بـەدڵی خۆم بووبێ ئەنجـامم نەداوە.) ئەمـە کـەسێـکە هـەرگیـز بەدووی بوونـی خـۆیدا نـەڕۆیشـتـووە. ئەم دێرەم کاتـێ گوێ لێ بوو ئەو کاتـەی کە لە Sarah Lawrance سارا لۆرانس وانەم دەوتەوە. پێش ئەوەی ژن بێنم، وا ڕاهاتبووم نیوەڕوان و ئێواران لە چێشتخانـەکانی شـاردا نان بخۆم. ڕۆژانی پێنـج شەممە خزمـەتکارانی شاری برونشـۆیل بەمـۆڵەت بۆ مـاڵی خـۆیان دەگـەڕانەوە، بۆیـە زۆر لە خـێـزانەکـان لە دەرەوە نانیـان دەخـوارد. ئێوارەیەکیـان ئێوارەیەکی خۆش بوو لەو چێشـتخـانە پاک و خـاوێنـەی کە هـەمیشـە دادەنیـــشـــتـم، خـێـــزانێک بـاوک و دایک و کـــوڕێکی لەڕو لاوازی دوازدە ســـاڵ لە تەنیـشـتـمـەوە دانیـشـتـبوون. باوکـە ڕووی دەمی کـردە کـوڕە و پێی وت: (شـەربەتی تەماتەکەت بخۆرەوە).

کوڕە وتـی: نامەوێ.

باوکە بەدەنگی بەرز وتییەوە: شـەربەتی تەماتەکەت بخۆرەوە.

دایکەکە هەڵی دایە: ناچاری مەکە کارێ بکات کە نایەوێت.)

باوکـە تەماشـای دایکی کوڕەی کردو وتـی: (ئەگـەر هـەرچییـەک دڵی بیـەوێ و بیکات ئەوا ناتوانێ بژی. ئەگەر هـەرچییەک حەزی لێ بێت بیکات ئەوە دەمرێ. بڕوانە من لە سەرتاسەری ژیانم هـەرگیز کارێک کە ویستبێتم ئەنجامم نەداوە.)

منیش لەدڵی خۆمدا وتم: (خوایە گیان، ئەم کابرایە کۆپی بیبیتە[١٠].)

(١٠) کەسێتی ڕۆمانی سنکلێر لویسە، ناوی ڕۆمانەکەی بیبیتە.

ئەمە مرۆڤێکە هەرگیز ڕەدووی نیعمەتی خۆی نەکەوتووە، ڕەنگە لە ژیانتدا جۆرە سەرکەوتنێکت بەدەست هێنابێت، بەڵام کاتێ ئاوڕ لە ژیانی خۆت دەدەیتەوەو بیری لێ دەکەیتەوە دەڵێی، چ جۆرە ژیانێک بوو؟ چی سوودێکی دەبێت گەر سەرتاسەری ژیانت ئەو شتانەی حەزت لێ کردوون ئەنجامت نەدابێ؟ هەمیشە بەخوێندکارەکانم دەڵێم بڕۆنە جێگایەک کە جەستەو ڕۆحتان دەیەوێ. کاتێ هەستت کرد دەبێ ڕوو بکەیتە ئەو هەستە، مەهێڵە کەس لەو شتەت دوورخاتەوە.

**مویرز:** گەر ڕەدووی نیعمەتی خۆت بکەوی چی ڕوو دەدات؟

**کەمبڵ:** خۆشبەخت دەبێ. لەسەدەی ناوەڕاستدا، وێنەیەکی داواکراو کە لەزۆربەی تێکستەکاندا دەبینرێ، بریتییە لە (تەگەری بەخت Wheel of Fortune) بێگومان تەگەر سەنتەری هەیەو دەورووبەر، ئەگەر هاتو تۆ هەڵواسراوبووی بەدەرەوەی تەگەرەکەوە، ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە یان لەسەرەوە بێ یان لەخوارەوە، بەڵام گەر هاتو لەسەنتەری تەگەرەکەدا بووی ئەوا بەردەوام لەهەمان شوێنی.. ئەم چەمکە مانای سوێند خواردن و پەیمانی هاوسەرێتییە، من لە ناخۆشی و خۆشیدا، لە لەش ساغی و نەخۆشیدا، دەوڵەمەنی و هەژاری، سەرکەوتن و ژێرکەوتندا پاڵپشتی تۆم. من وەکو تەگەری بەخت هەڵت دەبژێرم و تۆ خۆشبەختیی منی، بەڵام گەر هاتو وتت: سەنتەری منی، ئەوا تۆ نیعمەتی، نە سامان نە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی ئەو نیعمەتەم بۆ دەستەبەر ناکات، بەڵکو خودی تۆ. ئەم کارەش جۆرێکە لەڕەدووکەوتنی نیعمەت.

**مویرز:** پێشنیاری چ ڕێگەیەک بۆ کەسێک دەکەی بۆ ئەوەی لە سەرچاوەی ژیانی هەمیشەییی بخواتەوە، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو نیعمەتەی کەلەوێدایە؟

**کەمبڵ:** بەردەوام بە ئەزموونداتێ دەپەڕین، ڕەنگە ئەو ئەزموونانەش هەستێکمان دەربارەی ئەو شتە پێ ببەخشن، دەربارەی ئەوەی کە خۆشبەختیمان لەکوێدایە، جۆرە گومانێکمان لا دروست دەکات. دەبێ خێرا دەست بەسەر ئەو گومانەدا بگرین. کەس ناتوانێ ئەوەت پێ بڵێ ئەو گومانە چۆن ڕوو دەدات. دەبێ ئەوە فێر بیت کە خۆت ناخی خۆت بخوێنیتەوە.



**مویرز:** کەی بۆت دەرکەوت کە خاوەنی خۆشبەختیت؟

**کەمبڵ:** کاتێ کە منداڵ بووم، هەرگیز ڕێگام بەکەس نەدەدا بەزۆر لەڕێگام دەرکا. خێزانەکەم هەمیشە یارمەتییان داوم تاکارێک کەبەڕاستی و قووڵی ویستوومە ئەنجامی بدەم. تەنانەت تێبینیی ئەوەشم نەکردووە کە گرفتێک هاتبێتە پێشم.

**مویرز:** ئێمەی باوکان و دایکان چۆن دەتوانین یارمەتیی منداڵەکانمان بدەین، تاهەست بەخۆشبەختیی خۆیان بکەن؟

**کەمبڵ:** دەبێ شارەزاییت لە منداڵەکەت هەبێ و گوێی بۆ ڕادێری. لەم حاڵەتەدا دەتوانی یارمەتیدەری بی، کاتێ لەسارا لارانس وانەم دەوتەوە. بەلای کەمەوە جارێک لەدوو هەفتەدا نزیکەی نیو سەعات کۆبوونەوەی تاکە کەسیم هەبوو لەگەڵ یەک بەیەکی خوێندکارەکانم. لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئێمە باسی ئەو شتانەمان بکردایە کە خوێندکاران دەبێ بیخوێننەوە، یەکسەر تۆ پەنجەت دەخستە سەر شتێک کە خوێندکاران پەرچدانەوەیان بۆی هەیە، ئەو کاتە تێبینی دەکەیت کە چۆن چاویان دەکرێتەوە و ڕوخساریان دەگۆڕێ. لەڕاستیدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئیمکاناتی ژیان لەوێدا کراوەیە، هەرچییەک تۆ لەوکاتەدا دەتوانی بەخۆتی بڵێی بریتییە لەوەی لای خۆتەوە بڵێی: (ئومێدەوارم ئەم لاوە ئەم بابەتەی بەدڵ بێت.) ڕەنگە لەو حاڵەتەشدا ئەو ئەو کارە بکات یان نەیکات، بەڵام گەر هاتو ئەم کارەیان کرد، لەهەمان ئەو ژوورەدا دووبارە ژیانیان بۆ دەگەڕێتەوە.

**مویرز:** بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئاوەها پێویست ناکات مرۆڤ شاعیر بێت.

**کەمبڵ:** بەڕاستی شاعیران کەسانێکن بەهۆی کارو شێوەی ژیانیان پێوەندییان بە بەختیاریی خۆیانەوە هەیە. خەڵکی زۆربەیان سەرقاڵی شتی ترن. ئەوان خۆیان بەمەسەلە سیاسی و ئابوورییەکانەوە خەریک دەکەن، یاخود بەشداری لە جەنگێکدا دەکەن کە پێوەندی بەوانەوە نییە، ئەو کاتە زەحمەتە لەم هەلومەرجەدا مرۆڤ پەیوەستدار بێت بەم ناوکەوە. بەهەرحاڵ ئەمەش دەست ڕەنگینییەکەو هەرکەسەش ناچارە بۆ خۆی بەجۆرێک دایبهێنێ. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی لەشێوەی ژیانی

دەکرێ پێی بوترێ ناپیشەییدا دەژین، ئەو هەلومەرجەیان هەیە تابتوانن دانیشن و لە چاوەڕوانی بیداربووندابن و بەرەو مەیدانێکی تر هەنگاوهەڵهێنن. ئەم شتە دەزانم و لای خوێندکارانی خۆمدا بینیومە.

کاتێک کە لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی دا وانەم دەوتەوە، وا ڕاهاتبووم لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە هەوڵیان دەدا بڕیار لەسەر ئایندەی پیشەییی خۆیان بدەن وتووێژێک بەئەنجام بگەیەنم. کوڕێک هاتە لام و پێی وتم: (پێت وایە دەتوانم ئەم کارە بکەم؟ پێت وایە دەتوانم ببم بەنووسەر؟)

وتم: (ئەمەیان نازانم، بەڵام ئایا دەتوانی دە ساڵ تەحەممولی نائومێدی بکەیت؟ بێ ئەوەی کەسێک گرینگییەکت پێ بدا، یان پێت وایە لە یەکەمین هەنگاودا پەڕتووکێکی پڕ فرۆش بنووسی؟ ئەگەر ئازایەتیی ئەوەت هەیە سوور بیت لەسەر ئەو شتەی دەتەوێ، هەوڵی وەستان لەسەر پێی خۆت بدەی، کەواتە بڕۆ بەردەوام بە.)

پاشان باوکی یەکێک لەو خوێندکارانە دەهاتە لام و دەیوت: نەخێر، دەبێ بەشی یاسا بخوێنێ وەک دەزانی پارەو پوول پەیداکردن لەو بەشەدایە.) ئەمەش دەرەوەی تەگەرەکەیەو سەنتەرەکەی نییە، ئەمەش نابێتە هۆی خۆشبەختیت. ئایا بیر لە سامان دەکەیتەوە، یان بیر لە خۆشبەختیی خۆت دەکەیتەوە؟

ساڵی (١٩٢٩) تەواو سێ هەفتە پێش ڕووخانی واڵ ستریت، ئەو کاتەی کە هێشتا خوێندکار بووم تازە لە ئەوروپا گەڕابوومەوە، بۆیە ماوەی پێنج ساڵ بێکار بووم و کارێ نەبوو بیکەم، ئەم ماوەیە بۆ من زۆر گرنگ بوو.

**مویرز:** ماوەیەکی زۆر گرنگ؟ لەقووڵاییی خەوتنی ئابووریدا؟ چ شتێک بۆ ئێوە گرنگ بوو؟

**کەمبڵ:** هەستم بەهەژاری نەدەکرد، تەنیا هەستم دەکرد کەبێ پارەم، ئەو کاتە خەڵکی لەگەڵ یەکتریدا گەلێ میهرەبان بوون، بۆ نموونە لەم سەردەمەدا فروبنیوس Frobeniusم دۆزییەوە. لەپڕ وەکو موگناتیس ڕای کێشام وای لێ کردم هەموو نووسینەکانی بخوێنمەوە. بۆیە نامەیەکم نووسی بۆ ناسیاوێکی پەڕتووک فرۆشم لە نیۆیۆرک، ئەو کاتەی هەموو پەڕتووکەکانی ئەوی بۆ ڕەوانە کردم لە نامەیەکدا



وتبووی مادام کارت پەیدا نەکردووە، پێویست ناکات پارەی پەڕتووکەکان بدەی، دوای چوار ساڵ کارم پەیداکرد.

لە Woodstook ڤۆدستاک، کابرایەکی سەیر دەژیا، پارچە زەوییەکی هەبوو، ژووری بچووکی لەسەر دروست کردبوو، ژوورەکان بە قەدەر کولانەی مریشکێ دەبوون. خانووەکانی ئەو سەر زەوییانەی بەکرێ دەدا دەیدا بەو لاوانەی کەپێی وابوو ئایندەیەکی ڕوونیان لەبەردەمە، ساڵانە لە (٢٠) دۆلاری بۆ کرێی ئەو خانووانە وەردەگرت. ئەم خانووانە بۆڕیی ئاویان نەبوو، تەنیا بیرێک و پەمپێکی لێ بوو، لەوێوە ئاو دابین دەکرا. ئەو کابرایە دەیگوت حەز ناکەم بۆڕیی ئاو بۆ ساختمانەکەم ڕاکێشم، هەروەها حەزیشی بەو کەسانە نەدەکرد کە ئارەزوویان لەم جۆرە خزمەتگوزارییانە بوو. لەوێدا زۆربەی خوێندنەوە و کارە بنەڕەتییەکانی خۆم ئەنجام دا. ئەو جێگایە کاتێکی پڕ شکۆ بوو، لەبەرئەوەی لەوێدا من وێڵی بەختیاریی خۆم بووم.

بەو بەڵگەیە هاتمە سەر زاراوەی بەختیاری، لەبەرئەوەی ئەم زاراوەیە لە زمانی سانسکریتی کە مەزنترین زمانی ڕۆحییە لە جیهاندا، لەوێدا سێ زاراوە بۆ مانای بەختیاری دەبینی، ئەوانیش بریتین لە لێوار، واتە ئەو شوێنەی لەبەرزییەوە خۆتی لێ فڕێ دەدەی بۆ نێو ئۆقیانووسی باڵایی، ئەو زاراوانەش بریتین لە: سات، شیت، ئاناندا، وشەی سات، بوون دەگەیەنێ و وشەی شیت ئاگایی و وشەی ئاناندا بەختیاری و گەشکەیی، بۆیە لە دڵی خۆمدا وتم: (نازانم ئەو ئاگاییەی من هەمە ئاگاییەکی ڕاستە یان ناڕاست، نازانم ئەوەی من لەبارەی بوونی خۆمەوە دەیزانم، بەڕاستی هەمان ئەو بوونەیە کەهەمە یان نەخێر، ؛ بەڵام دەزانم بەختیاریم لەکوێیە، بۆیە پێویست بوو دەستبەرداری نەبم، لەبەرئەوەی ئەم نیعمەتە بەرەو ئاگایی و بوون ڕێنوێنیم دەکا.) پێم وایە ئەم کارەش سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

**مویرز:** ئایا بەڕاستی دەزانین حەقیقەت چییە؟ دەتوانین حەقیقەتمان چنگ بکەوێت؟

**کەمبڵ:** هەموو کەسێ دەکرێ لەناخ و ئەزموون و هەندێ لەبڕواکانیدا جۆرە پێوەندییەکی هەبێت لەگەڵ زاراوەکانی سات و شیت وئاناندای خۆیدا، یان بوونی

خۆی هەبێت لەڕێگەی ئاگایی و بەختیارییەوە. پیاوە ئاینییەکان پێمان ڕادەگەیەنێن تەنیا لەو کاتەدا بەختیارین کاتێ کە دەمرین و بۆ بەهەشت دەڕۆین، بەڵام بەبڕوای من، لەبەرئەوەی زیندووی هەتا دەتوانی سەرقاڵی ئەم ئەزموونە بە.

**مویرز:** بەختیاری ئێستایە.

**کەمبڵ:** لەوێ لە بەهەشتدا لە حاڵەتی سەرسامیت، ئەوەندە لە تەماشاکردنی جوانیی خودادا تواویتەوە بواری ئەوەت نابێت سەرقاڵی ئەزموونی خۆت بیت. بەهەشت جێگای ئەزموون نییە، ئەو شوێنەی کە جێگای ئەزموونە ئێرەیە.

**مویرز:** کاتێ کە سەرقاڵی گەڕانی بەدووی بەختیاریدا، ئایا پێش هاتووە کە وەک من لە هەندێ کاتدا، واهەست بکەیت کە دەستێکی شاراوە یارمەتیت دەدا؟

**کەمبڵ:** هەمیشە. ئەمەش کارێکی سەرسوڕهێنەرە. تەنانەت جۆرێک بیروباوەڕی خورافیشم هەیە، ئەم بیروباوەڕە خورافییەش نەشونماکردنەکەی لام بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەستێکی شاراوە بەردەوام دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردووم. ئەو بڕوایەش ئەوەیە کە برۆ بەدووی بەختیاریی خۆتدا بگەڕێ، ئەو کاتە خۆت دەخەیتە سەر جۆرە ڕێگەیەک هەمیشە لە چاوەڕوانیی تۆدا بووە، ئەو ژیانەشی کە دەبێت بیگوزەرێنی هەمان ئەو ژیانەیە کە دەیگوزەرێنی. کاتێ توانیت بەم حاڵە بگەی، ئەوا چاوت بەکەسانێک دەکەوێ کە لەبواری بەختیاریی تۆدان و، دەرگەکان بەڕووی تۆدا دەکەنەوە. دەڵێم: برۆ بەدووی بەختیاری خۆدا بگەڕێ و مەترسەو دەرگاکانیش لەشوێنێکدا بەڕووتدا دەکرێنەوە، ئەو دەرگایانەی چاوەڕوانی کردنەوەیان نیت.

**مویرز:** ئایا هەرگیز هەستت بەهاودەردی کردووە لەگەڵ کەسانێک کە خاوەنی توانای پاڵپشتی شاراوە نەبووبن؟

**کەمبڵ:** ئەو کەسەی کە توانای پاڵپشتی شاراوەی نییە؟ بەڵێ ئەو کەسە کەسێکە شایانی بەزەییە، ئەو کەسە کەسێکی هەژارە. چوون دەیبینی تل دەدات و



لەشوێنێکدا کە هەموو ئاوی ژیان لەوێدا ڕێ دەکات، بۆیە بەڕاستی ئەو کەسە جێگای بەزەییە.

**مویرز:** تۆ دەڵێی ئاوی ژیانی هەتاهەتایی لەوێدا ڕێ دەکات، مەبەستت کوێیە؟

**کەمبڵ:** لەهەر جێگایەک کەهەیت، گەر ڕەدووی بەختیاریت بکەوی، ئەوا هەمیشە چێژ وەردەگریت لەم تازەبوونەوەو ئامادەبوونەی ژیان، ئەوەی بەردەوام لەناختدایە.

# سەرچڵییەکانی پاڵەوان

5

سەرەڕای ئەوەش، ناچارنین بەتەنیا ترسناکییەکانی سەرچڵی بەگیانی خۆمان تاقی بکەینەوە، لەبەرئەوەی هەموو پاڵەوانانی پێشووی زەمەنی ئێمە ئەم کارەیان کردووە، هەزار پێچەکەش بەتەواوی ناسراوە، ئەوەی لەسەرمانە تەنیا شوێن پێی پاڵەوانەکان هەڵگرین؛ بەم جۆرە لەهەر جێگایەک چاوەڕوانمان کردبێت ڕق لێبوونەوەیەک ببینین، خودایەک دەدۆزینەوە؛ لەهەر شوێنێک وامان بیرکردبێتەوە کەسێک دەکوژین، ئەوا خۆمان دەکوژین؛ لەهەر جێگایەک وامان بیرکردبێتەوە کە بۆ دەرەوە سەفەر دەکەین، کەچی بۆ سەنتەری ئەزموونی خۆمان دەگەڕێینەوە؛ لەهەر شوێنێک وامان زانیبێ تەنیاین، ئەوا لەگەڵ هەموو جیهان دەبین.

جۆزیف کەمبڵ

**مویرز:** بۆلە میتۆلۆژیادا ئەوەندە چیرۆکی پاڵەوان هەیە؟

**کەمبڵ:** میتۆلۆژیا شتێکە دەهێنێ لەسەری بنووسرێ. تەنانەت لە نۆڤێلە جەماوەرییەکانیشدا کەسێتی سەرەکی هەمیشە پاڵەوانی ژن یان پیاوە و شتێکی ئەنجام داوە یان شتێکی دۆزیوەتەوە لە دەرەوەی سنووری ئاساییی بەدیهێنان و ئەزموونە. پاڵەوان کەسێکە ژیانی خۆی پێشکەش بەشتێک کردووە کە لەخۆی گەورەترە.



**مویرز:** کەواتە بە چاوپۆشی لەو پۆشاکەی پاڵەوان لەگشت کولتوورەکاندا دەیپۆشێ ئایا ئەرکی پاڵەوان چییە؟

**کەمبڵ:** پاڵەوان دوو کار ئەنجام دەدا، یەکێکیان کرداری فیزیکییەو لەوێدا پاڵەوان دەست بەئەنجامدانی کارێک دەکات کەکارێکی دلێرانەیە، یان ژیانی کەسێک ڕزگار دەکات. دووەمیان بریتییە لەکارە مەعنەوییەکان، لەو کارانەدا پاڵەوان فێردەبێت کەسوپەر ناتیوراڵی سنووری ژیانی مەعنەوی تاقی بکاتەوە و پاشان بەپەیامێکەوە بگەڕێتەوە.

جەربەزەیی هەمیشە لەگەڵ کەسێکدا وادەست پێ دەکات، ئەو کەسە شتێکی لە پاڵەوان زەوت کردووە، یان کەسێک واهەست دەکات کە کەموکوڕییەک یان ناکۆکییەک لەو ئەزموونە ئاساییانەی کە بۆ کەسانی کۆمەڵگەکەی فەراهەم کراوە بۆیە ئەم کەسە زنجیرەیەک لەسەرچڵی نائاسایی ئەنجام دەدا، بەمەبەستی ئەوەی ئەو شتەی ون بووە دەستی بێنێتەوە یان جۆرێک لەو ئەکسیرە (بەردی فەیلەسووفان) بدۆزێتەوە کە ژیان دەبەخشێ. هەمیشە جەربەزەیی کەسی پاڵەوان لەهاتن و ڕۆیشتندا یەک دەورەی هەیە.

دەتوانرێ بونیاد یان شتێک لە چەمکی مەعنەویی ئەم سەرسەختییە لەڕیتوێڵە گەشەکردووەکان یان ئاشنابوونی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا ببینرێ، لەوێدا کە منداڵ ناچار دەکرێ واز لە منداڵیی خۆی بهێنێ و گەورە بێت، دەتوانین بڵێین، واتا مردنی کەسایەتی و سایکۆلۆژیی منداڵێتی، هەروەها دەرکەوتنی بەشێوەی کەسایەتییەکی گەورە و بەرپرسیار. ئەم ڕووداوەش دەبێ هەمووان پێیدا تێ پەڕن، گۆڕانکارییەکی بونیادانەی سایکۆلۆژییە. منداڵێتیی ئێمە وا دەگوزەرێ کە لەژێر چاودێری و پاراستنی کەسێکی تر بین، ئەم کارەش بۆ ماوەی چواردە تا بیست و یەک ساڵ درێژەی دەبێ، گەر بشتەوێ بخوێنی و بڕوانامەی دکتۆرا بهێنیتەوە، ڕەنگە ئەم ماوەیە درێژتر بێتەوە بۆ (٣٥) ساڵ. بەم حاڵەش تۆ هەرگیز کەسێکی ئازاد نیت و خۆت بەرپرسیاری خۆت نیت، بەڵکو بەردەوام وابەستەی کەسێکی و سەرشۆڕی و هەمیشە چاوەڕوانی پاداشت و سزای، لە ئەنجامدا ئەم پاداشت و سزایە وەردەگریت. دەرچوون لەم بارودۆخە دەروونییە کرچوکاڵانەو ڕۆیشتن بۆ حاڵەتی

دڵێرانە پێوەندیی بە قبوڵکردنی بەرپرسیاری و پشت بەخۆبەستن هەیەو پێویستی بەمەرگ و هەستانەوەیە. ئەمەش مۆتیڤی سەرەکی سەفەری گەردوونیی پاڵەوانە، وازهێنانی پلەیەک و پەیداکردنی سەرچاوەی ژیان کە بتانخاتە پلەوپایەکی دەوڵەمەندترو گەشەکردووتر.

**مویرز:** گەر ئێمە بەو مانایەش پاڵەوان نەبین، وەکو ڕزگاریدەری کۆمەڵگە، ئەوا هەر دەبێت ئەو گەشتە دەروونییە ڕۆحی و سایکۆلۆژییە ئەنجام بدەین.

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە دەبێ ئەنجامی بدەن. ئۆتۆ ڕەنک Otto Rank لە پەڕتووکە بچووک و گرنگەکەی ئەفسانەی لەدایکبوونی پاڵەوان The Myth of the Birth of the Hero ئەوە روون دەکاتەوە، هەموو کەسێ لەگەڵ لەدایکبوونیدا پاڵەوانە، لەبەرئەوەی ئەو کەسە بەگۆڕانێکی مەزنی دەروونی و فیزیکیدا تێ دەڕێ؛ لە حاڵەتێکی بوونەوەری ئاویی بچکۆلانەوە کە لەنێو ترشەلۆکی مەشیمیدا دەژی، بۆ بوونەوەرێکی مەمکدار دەگۆڕێ، هەناسەوەردەگرێ و لەکۆتاییشدا لەسەر پێی خۆی دەوەستێ. ئەم قۆناغە مەزنترین گۆڕانکارییە، گەر بهاتبایە ئەو کەسەی ئەم گۆڕانکارییانەی بەسەردێ هەستی پێ بکردایە ئەوا بەڕاستی کارێکی پاڵەوانانە بوو. بۆ دایکیش کەهەموو ئەم پرۆسەیە تێ دەپەڕێنێ ئەویش کارێکی پاڵەوانانە ئەنجام دەدات.

**مویرز:** کەواتە پاڵەوانەکان هەر هەموویان پیاو نین؟

**کەمبڵ:** بێگومان، هەر هەموویان پیاو نین. توخمی نێرینە هەمیشە ڕۆڵی دیارتری هەیە، هۆکاری ئەوەش ئەنجامی بارودۆخی ژیانە. پیاو هەمیشە لە دەرەوەی ماڵ و لە جیهاندایە، بەڵام ژن هەمیشە لە ماڵەوەیە. هەر بۆ نموونە لای Aztecs ئەزتێکسەکان برێکی زۆر بەهەشت هەیە، هەر یەک لەو بەهەشتانە بەپێی هەلومەرجی مردن بۆ کەسانی جیاواز دانراون، بەهەشت هەیە تایبەتە بەو جەنگاوەرانەی کە لەشەڕدا دەکوژرێن، هەمان ئەو بەهەشتەی ئەوانیش ئەو دایکانەی تێ دەچێت کە بەسەر مناڵبوونەوە دەمرن. مناڵبوون بەڕاستی کارێکی پاڵەوانەیە، لەبەرئەوەی کەسێک ژیانی خۆی بۆ کەسێکی دی ڕادەوەستێنێ.



**مویرز:** تێبینیی ئەوە ناکەیت کە ئێمە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخماندا بەڕاستی ئەو هەستەمان ون کردووە، دەبینی چوونە دەرەوەو بەدەستهێنانی پارە و پوولی زیاتر، بووە بەکارێکی پاڵەوانانەتر لە پەروەردەی مناڵ؟

**کەمبڵ:** پارە پەیداکردن ڕاگەیاندنی زیاتر هەڵدەگرێ. ئەو مەسەلەیت نەبیستووە کە دەڵێ: ئەگەر سەگێک گاز لە مرۆڤێ بگرێ، هیچ چیرۆکێ دروست نابێ، بەڵام ئەگەر مرۆڤێ گاز لە سەگێ بگرێ، چیرۆکێ دروست دەبێ. بۆیە هەمیشە ڕووداوێک کەڕوو دەدات نابێتە دەنگوباسی سەرەکی. دەتوانی بڵێی، دایکایەتی گرینگێتیی خۆی لە دەست داوە.

**مویرز:** هەرچەندە دایک وەک پاڵەوان، وێنەیەکی سەرسوڕهێنەرە.

**کەمبڵ:** منیش هەمیشە وا بیرم دەکردەوە. ئەمەش شتێکە لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەفسانەکانەوە پێی گەیشتم.

**مویرز:** جۆرە گەشتێکە، دەبێ بێیتە دەرێ لەو مەئلوف و شتە زانراوانەی ژیانت، بۆ ئەوەی بتوانی ئەم ئەرکە بگریتە ئەستۆی خۆت.

**کەمبڵ:** دەبێ لە خزمەتکارەوە ببی بەدایک. ئەم گۆڕانکارییەش، گۆڕانکارییەکی مەزنەو پڕە لە ترس.

**مویرز:** کاتێکیش بەمناڵێکەوە لەو گەشتە گەڕایتەوە، شتێکت هێناوەتە دنیاوە.

**کەمبڵ:** نەک تەنیا ئەمە، بەڵکو تۆ کارێک و ئەرکێکت هەڵبژاردووە بۆ خۆت، لەگەڵتایە تا ژیانت هەیە ئۆتۆ ڕەنک دەڵێ خەڵکانێک هەن پێیان وایە کاری پاڵەوانێتی لە لەدایکبووندا بەسە، تاوەکو ڕێزو چاودێریی هەموو کۆمەڵگەیان بەنسیب بێت.

**مویرز:** بەڵام هێشتا کارێکی تر هەیە دەبێ پاش ئەم قۆناغە ئەنجام بدرێت.

**کەمبڵ:** سەفەرێکی تر هەیە لە پێشەوەیە پڕە لە ئەزموونی فراوان.

**مویرز:** مانای ئەم ئەزموونە فراوان و تاقیکردنەوە قورسانە چییە؟

**کەمبڵ:** ئەگەر بێت و بمانەوێ لە گۆشەنیگای مەبەستەوە تەماشای بکەین، ئەم تاقیکردنە سەختانە بەو مەبەستە دەخرێنەڕوو، تا دەرکەوێت ئاخۆ ئەو کەسەی مەبەستی ئەوەیە پاڵەوانیی بەنسێب بێت، لەڕاستیدا پاڵەوانە یان ناپاڵەوان. ئایا ئەو کەسە بەڕاستی پیاوی مەیدانە؟ دەتوانێ بەسەر مەترسییەکاندا سەرکەوێ؟ ئایا بوێری و مەعریفەو توانای پێویستی تێدایە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە؟

**مویرز:** لە کولتووری ئێستاماندا کە ئاینەکان ئاسانن و بەئاسانی دەکرێ بەدەستیان بێنین، پێ دەچێت ئەوەمان لەیادچووبێت کە هەموو ئاینە مەزنەکان فێر دەکەن کە ئەزموونی گەشتی پاڵەوان بەشێکی ماناداری ژیانەو تاشتێکیش پێشکەش نەکەیت شتێکت دەست ناکەوێ. قورئان دەڵێ: «وادەزانی بەهەشتت بەنسیب دەبێ، بەبێ تێپەڕبوون بەو ئەزموونانەی کە کەسانی پێش تۆ پێیدا تێ پەڕیوون؟»[۱۱] مەسیح لە ئینجیلی مەتادا دەڵێ: «دەروازەی ژیانی مەزن و ئەو ڕێگەیەی بەو دەگا گەلێ باریکن، کەم کەس هەن بتوانن ئەو ڕێگەیە بدۆزنەوە». پاڵەوانانی کەلەپووری جووش پێش ئەوەی بگەنە ڕزگاری، بەکۆمەڵێ ئەزموونی دژواردا تێ دەپەڕن.

**کەمبڵ:** گەر یەکەمین جار زانیت گرفتی حەقیقی چییە، خۆ لەدەستدان و خۆ بەختکردن لەپێناوی مەبەستێکی بالاترو بۆ کەسانی تر، پاشان بۆت دەردەکەوێ ئەوەش دوایین ئەزموونە. کاتێ کەواز لەبیرکردنەوە لەبارەی خودی خۆمان دەهێنین و واز لە پارێزگاریکردن لەخۆ دەهێنین، ئەو کاتە بەڕاستی گۆڕانکارییەکی پاڵەوانانە بەسەر ئاگایماندا دێت.

شتێک کە دەبێ هەموو ئەفسانەکان باسی بکەن بریتییە لە گۆڕانی ئاگایی، واتا گۆڕینی ئاگاییەک بۆ یەکێکی تر، ئێوە بەشێوەیەک بیرتان دەکردەوە دەبێ ئێستا بەشێوەیەکی تر بیربکەنەوە.

**مویرز:** ئاگایی چۆن دەگۆڕێت؟

(۱۱) ئەمەش دەقەکەیەتی کە لە قورئاندا هاتووە "۲۱٤م البقرة: ۲: رم حسبتم رن تدخلوا الجنة و لما ئرتکم مثل الدین خلوا من قبلکم".



**کەمبڵ:** بەدوو جۆر، بە تێپەڕبوون بە ئەزموونێکی سەختدا یان لەئەنجامی دەرکەوتن و ئاشکراکردنێکی ڕۆشنخوازیدا. تەنیا ئەم دوو هۆکارە دەست بەکارن.

**مویرز:** ئایا لە زۆربەی زۆری ئەم چیرۆکانەدا هەمیشە ساتێک نییە بۆ ڕزگاربوون؟ ئافرەتێ لە ئەژدیهایەک ڕزگاری دەبێ، شارێک لەوێرانبوون، پاڵەوانیش لەدوایین ساتدا لە مەترسی قورتار دەبێت.

**کەمبڵ:** بەڵێ، وایە هیچ کارێکی پاڵەوانە بێ دەستکەوت نییە. دەتوانین پاڵەوانمان هەبێت کەتووشی شکست دەبێ، بەڵام ئەم جۆرە پاڵەوانانە لە شێوەی پاڵەوانێکی گاڵتەجاڕدا دەردەخرێن؛ واتە کەسێکە لە هەوڵی بەدەستهێنانی شتێکە کە لەتوانای خۆی زیاترە.

**مویرز:** جیاوازی نێوان پاڵەوان و سەرۆک چییە؟

**کەمبڵ:** ئەم جیاوازییە مەسەلەیەکە تۆڵستۆی لە ڕۆمانی جەنگ و ئاشتیدا باسی کردووە، لەم ڕۆمانەدا ڕووبەڕووی ناپلیۆنێک دەبینەوە کە سەرتاسەری ئەوروپای داگیرکردووە و ئێستاش لەبەردەرگای داگیرکردنی ڕووسیادا وەستاوە. تۆڵستۆی ئەم پرسیارە دەخاتەڕوو: (ئایا ئەو بەڕاستی سەرۆکە یان تەنیا کەسێکەو سواری پشتی شەپۆڵێ بووە؟ لەڕووی دەروونناسییەوە سەرۆک ئەو کەسەیە کەزانیبێتی دەتوانێ چی بەدەست بێنێ و ئەو شتەش بەدەست بێنێ.

**مویرز:** وتراوە سەرۆک ئەو کەسەیە، کارێکی حەتمیی دەستنیشان کردووە و ڕووبەڕووی بووەتەوە. ناپلیۆن سەرۆکێ بوو، بەڵام بەو گوزارشتەی کە کاری مەزنی بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام دا بێت قارمان نەبوو. کارەکانی ناپلیۆن لەپێناوی فەرەنساو شکۆمەندیی فەڕەنسادابوون.

**کەمبڵ:** بەڵام ئەو پاڵەوانێکی فەڕەنسییە، وانییە؟ ئەمەش یەکێکە لەمەسەلەکانی ئەمڕۆ. ئایا ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە پاڵەوانی وڵات و گەلێکە لەکاتێکدا کە هەموو گەردوون بووە بەجێگای گرنگیدانی ئێمە. نابلیۆنی سەدەی هەژدەهەم هاوتای هیتلەری سەدەی بیستەمە، وێرانکارییەکانی ناپلیۆن لە ئەوروپادا شتێکی ترسناک بووی.

**مویرز:** کەواتە دەتوانی خودایەکی ناوخۆی بیت، بەڵام لەسەر ئاستی گەردوونی بۆ هەڵبژاردنی گەورەتر سەرنەکەوتن بەدەست دێنی؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەهەمان کاتیشدا دەتوانی خودایەکی ناوخۆ بیت، بەڵام بۆ ئەو گەلەی کە ئەم خودایە چەوسانوویەتییەوە، بە دوژمن لە قەڵەم دەدرێ. تۆ کەسێک ناوزەدکەیت بەپاڵەوان یان دڕندە، ئەوەیان پێوەندیی بەسەنتەری بیرکردنەوەی تۆوە هەیە.

**مویرز:** کەواتە دەبێ ئاگاداربین کردارێک کە لەچەمکێکی میتۆلۆژیی مەزنتردا بەپاڵەوانانە لەقەڵەم نادرێت ئێمە بەپاڵەوانانەی لەقەڵەم نەدەین.

**کەمبڵ:** نازانم. ئەم جۆرە کردارە دەکرێ بەتەواوی پاڵەوانانە بێت، بۆ نموونە کەسێک ژیانی خۆی لەپێناوی کەسانی تردا دەکات بەقوربانی.

**مویرز:** ئاه، بەڵێ، ئەو سەربازە ئەڵمانییەی کە دەمرێ .

**کەمبڵ:** بەهەمان ئەندازەی ئەو ئەمریکاییە پاڵەوانە کەڕەوانە دەکرێ تا ئەو بکوژێ

**مویرز:** ئایا لەپاڵەوانێتیدا ئامانجی مۆڕاڵی (ڕەوشتی) هەیە؟

**کەمبڵ:** ئامانجی مۆڕاڵی پاڵەوان بریتییە لەڕزگارکردنی میللەتێ، کەسێک یان بەرگریکردن لە بیروباوەڕێ. پاڵەوان خۆی لەپێناوی شتێکدا بەخت دەکات– ئەمەش لایەنی مۆڕاڵیی ئەوە. دەکرێ لەگۆشەیەکی ترەوە بوترێ ئەو بیرەی ئەو کەسە لەپێناویدا خۆی بەخت کرد، بیرێک بوو ئەوەندە جێگای ڕێز نەبوو. ئەم دادوەرییەش لەڕوانگەیەکی ترەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام ئەم نەفیکردنە، لایەنی پاڵەوانێتی کەسێک نییە کە ئەو کارەی ئەنجام دابێ.

**مویرز:** ئەم گۆشەنیگایە دەربارەی پاڵەوانێتی، جیاوازیی لەگەڵ ئەو گۆشەنیگایە هەیە کەمن لەلاوێتیدا هەمبوو؛ مەبەستم لەو کاتەی کە چیرۆکی پرۆمەتەم دەخوێندەوە، پرۆمەتەیەک بەدووی مەشخەڵدا دەڕواو دەیدۆزێتەوە، چ ڕەنج و ئازارێ دەچێژێ تا ئەم کارە لەپێناوی هەموو مرۆڤایەتیدا ئەنجام بدات.



**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو ئاگرەی بۆ مرۆڤایەتی گەڕانەوە، لە ئەنجامیشدا بۆ مەدەنییەت. ئاگرێ کە دەدزرێ ناوەڕۆکێکی ئەفسانەییی جیهانیی هەیە، هەمیشە ئاژەڵێ یاخود پەلەوەرێکی فێڵباز ئەو ئاگرە دەدزێ و پاشان ئەو ئاگرە دەداتە دەست گرووپێک ئاژەڵ یان پەلەوەرانی نوێ تا بەو ئاگرە هەڵبێن. هەندێ جار ئەو ئاژەڵانە کە ئاگرەکە دەست بەدەست دەگوێزنەوە بەو ئاگرە دەسووتێن، دەشڵێن هۆی ڕەنگاوڕەنگی ئاژەڵان بۆ ئەو ئاگرە دەگەڕێتەوە. چیرۆکی ئاگردزین، چیرۆکێکی باو و جیهانییە.

**مویرز:** ئایا خەڵکی لە هەر کولتوورێکدا لە هەوڵی ئەوەدان تا ئەوە ڕوون بکەنەوە ئاخۆ ئەو ئاگرە لەکوێوە هاتووە؟

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا ئەم چیرۆکانە هەوڵ نین بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی ئەو ئاگرە، بەڵکو زیاتر باسکردنی بەهای ئاگرن. مرۆڤ بەدزینی ئاگر خۆی لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، کاتێ کە شەوان لە دارستانێکدا دەمێنێیتەوە ئاگر دەکەیتەوە، گیانلەبەران دوور دەکەونەوە. دەتوانی چاوانی ئەو ئاژەڵانە ببینی کە چۆن شەوق دەدەنەوە، بەڵام ئەوان لەسنووری ئاگرەکە نزیک نابنەوە.

**مویرز:** ئایا مەبەست لە دووبارە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە بەتەواوی ئیلهامبەخشین نییە بەکەسانی تر، بریتی نییە لە خستنەڕووی پونتێکی مۆڕاڵی.

**کەمبڵ:** نەخێر. ئەم چیرۆکانە ئامانجیان دەرخستنی بەهاو گرینگیی ئاگرە بۆ ئێمەی مرۆڤ، هەروەها شتگەلێک دەگێڕنەوە تا مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابکەنەوە.

**مویرز:** ئایا لەو لێکۆڵینەوە میتۆلۆژییانەی کە کردووتن بەو ئەنجامە گەیشتووی کە تاکە هەوڵێکی مرۆیی و یەک قاڵبی هاوبەشی ئارەزوو ئەندێشەی مرۆیی هەیە، لە لای هەمووان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی یەک شت ئەو شتەش لە هەموو ئێمەدا هاوبەش بێت، جا ئیتر پێش یەک ملیۆن ساڵ ژیابین یان پێش هەزار ساڵ؟

**کەمبڵ:** ئەفسانەیەکی تایبەت هەیە پێی دەوترێ گەڕان بەدووی ڕوانیندا، واتە گەڕان بەدووی شێوە یا ڕوانینێک، لە هەموو میتۆلۆژییەکاندا یەک شێوەی یەکسان هەیە.

ئەمەش شتێکە هەوڵم داوە لە یەکەمین پەڕتووکم (قارەمانانی هەزار ڕوو) بیخەمەڕوو. هەموو ئەفسانەکان لەڕاستیدا یەک گەڕانی جەوهەریمان دەخەنەڕوو. تۆ ئەو جیهانە بەجێی دێڵی کەتێیدا دەژی و بەرەو ناخی زەوی یا ئاسمان یان هەر جێگایەکی تر کۆچ دەکەی. لەوێدا بەشتێک دەگەی کە لە دنیای پێشووتدا یان ئاگاییتدا ئامادەنەبووە. پاشان ئەم مەسەلەیە دێتە پێشێ کە ئەو نهێنییە لای خۆت بپارێزی و لێ گەڕێی جیهان بڕووخێ، یان بەو بەختیاریە بگەڕێیتەوەو هەوڵ بدەی ئەو کاتەی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیت دەگەڕێیتەوە دووبارە دەستی پێوە بگری. بەڵام ئەم کارەش ئەوەندە ئاسان نییە.

**موییرز:** بەڵام پاڵەوان بەدووی شتێکدا دەڕوات. ئەو ڕۆیشتنەی تەنیا سەفەر و گەشتێک نییە، پاڵەوان تەنیا سەرچڵێکی سادە نییە.

**کەمبڵ:** دوو جۆر پاڵەوان هەیە، یەکێکیان ئەوانەن خۆیان سەفەر هەڵدەبژێرن، ئەوی تریان سەفەر هەڵنابژێرن. لەیەکێک لەم سەرچڵییانەدا کاتێ پاڵەوان بەئەنجامدانی کارێک هەڵدەستێ  پێشتر بەرپرسیارو بە مەبەستێکی دیاریکراوی دەستنیشان کردووە. بۆ نموونە کوڕەکەی ئۆدیسیۆس کە ناوی تلیماکە کاتێ ئەسینا پێی دەڵێ برۆ بەدووی باوکتدا بگەڕێ، سەرچڵیی گەڕان بەدووی باوکدا بۆ لاوێک سەرچڵییەکی پاڵەوانانەی سەرەکییە. ئەم سەرچڵییە دۆزینەوەی کەسایەتی و سروشت و سەرچاوەی خۆیەتی، تۆش لەسەرچاوەی هۆشەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەی، هەروەها لای سۆمەرییەکان ئەفسانەی خودای ئینانا هەیە، لەو ئەفسانەیەدا کاتێ ئینانا بۆ جیهانی خوارەوە سەفەر دەکاو مەرگی قبووڵ دەبێ، لەپاش ئەم سەرچڵییە خۆی و خۆشەویستەکەی بۆ ژیان دەگەڕێنەوە. هەروەها جۆرە سەرچڵییەکی تر هەیە، خۆت هەڵینابژێری بەڵکو فرێ دەدرێیتە نێوی، بۆ نموونە بانگ کردن بۆ سەربازی. ئێوە مەبەستتان نییە ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام ئێستا تۆ لەنێو ئەو کارەدای، تۆ بەئەزموونی مەرگ و ژیاندا تێ دەپەڕیت، جلی سەربازیت پۆشیوە ئێستا بوونەوەرێکی تری.

جۆرە پاڵەوانگەلێک هەن هەمیشە لە ئەفسانەکانی سەڵتیکدا Celtic دەردەکەون، ئەویش شازادەی شکارچییە، ئەم شازادەیە لەنێو دارستاندا دەکەوێتە نێو جادووی



ئاسکێکەوە کە پێشتر هەرگیز ئەم شێوە ئاسکەی نەدیوە. لەوێدا ئاسکە شێوەی خۆی دەگۆڕێ و دەبێ بەشای پەرییان. ئەمەش شێوە ڕووداوێکە کە پاڵەوان هیچی لەبارەوە نازانێ و ناشزانێ چ دەکات، بەڵکو لەپڕ خۆی لەجیهانێکدا دەبینێتەوە کە گۆڕاوە.

**موییرز:** ئایا ئەو پاڵەوانەی ئەم جۆرە گەشتە دەکات، لەڕووی میتۆلۆژیاوە پاڵەوانە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەبەرئەوەی ئەو سەرچڵکارە، هەمیشە ئامادەیی ئەوەی هەیە ببێتە پاڵەوان. لەم جۆرە بەسەرهاتانەدا ئەوەی پاڵەوان دەکەوێتە نێوییەوە، هەر هەمان ئەو ڕووداوەیە کە پاڵەوان خۆی بۆ ئامادە کردووە. ئەم ڕووداوە بەشێوەیەکی سیمبولی، ڕەنگدانەوەی کەسێتیی ئەوە. تەنانەت دیمەنی سروشتی و بارودۆخی ژینگەش لەگەڵ ئەو ئامادەگییەی ئەودا هاوئاهەنگە.

**موییرز:** لە جەنگی ئەستێرەکانی جۆرج لۆکاسدا، لەسەرەتادا سۆلۆ بەکرێگیراوێکە، بەڵام لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی لۆک ئەسکای و دەبێ بە پاڵەوان.

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەوێدا سۆلۆ کاری پاڵەوانانەی خۆی بە خۆبەختکردن لەپێناوی کەسانیتر ئەنجام دەدات.

**موییرز:** ئایا پێت وایە پاڵەوان کاتێ دەبێ بە پاڵەوان لە ئەنجامی هەستکردنە بەگوناه؟ ئایا بەو بەڵگەیەی کەسۆلۆ ئیسکای ڤاکەری بەجێ هێشت کەمتەرخەم نەبوو؟

کەمبڵ : پێوەندی بەوەوە هەیە کە چ سیستەمێکی بیرکردنەوە بەکاربێنی، سۆڵۆ کابرایەکی زۆر پراکتیکی بوو، هیچ نەبێت بەو جۆرەی کە خۆی بیر دەکاتەوە کەسێکی ماتەریالییە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا کەسێکی بەخشندەیەو خۆشی ئەم شتە نازانێ. ئەم سەرچڵییە ئەو بەشە لەکەسایەتیی ئەودا پەرە پێ دەدا ئەو بەشەی کە خۆشی هەستی پێ ناکات.

**موییرز:** ڕەنگە لەبوونی هەر یەک لە ئێمەدا پاڵەوانێک هەبێت و خۆشمان هەستی پێ نەکەین؟

**کەمبڵ:** ئەوەی سیفەتەکانمان ئاشکرا دەکات ژیانە. هەتا زیاتر لەگەڵ زەمەندا بڕۆیت شتی زیاتر لەبارەی خۆتەوە دەزانی، هەر زۆرچاکترە خۆمان بخەینە نێو هەندێ ڕووداوەوە تا زیاتر سروشتە باڵاکانی(خۆتان) بۆ ئاشکرا بێت، نەک سروشتە خراپەکانمان (تووشی دڵەڕاوکێمان مەکە).

ئۆرتێگای گاست Ortegay Gassetg لە پەڕتووکی (وردبوونەوەیەک دەربارەی دۆن کیشۆت) باس لەدەوروبەرو پاڵەوان دەکات. دۆن کیشۆت کەوتە جووڵە تاوەکو ڕووبەڕووی دێوەکان بێتەوە، بەڵام دەوروبەری ئەو لەجیاتی دێو، ئاشی بایی لەبەردەمدا قوت کردەوە. ئۆرتیگا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم چیرۆکە لەسەردەمێکدا ڕووی داو، هەر لەو سەردەمەدا لێکدانەوەی میکانیکی لەبارەی جیهانەوە سەریانهەڵدا. هەر لەسەر ئەم بناغەیە دەوروبەر لەڕووی ڕۆحییەوە وەڵامێک نەبوو بۆ پاڵەوان. پاڵەوانی ئەمڕۆ لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختدایە لەگەڵ جیهاندا، جیهان بەهیچ جۆرێک وەڵامی ئارەزووە مەعنەوییەکانی ئەو ناداتەوە.

**مویرز:** ئاشێکی بایی؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام دۆن کیشۆت بەداهێنانی سیحربازێک کەگوایە ئاشەکانی بۆ دێو گۆڕیوە توانیبووی سەرچڵییەکە بۆ خۆی بەرێتەوە. گەر ئێوەش خاوەنی ئەو جۆرە خەیاڵە شاعیرانە بن دەتوانن هەمان ئەو کارە بکەن. بەڵام لەڕابردوودا، پاڵەوانێتی لەنێو دنیای میکانیزمیدا نەدەجووڵایەوە، بەڵکو لەدنیایەکی زیندوودا کاری دەکرد، وەڵامی بۆ ئامادەییەکەی ئەو هەبوو. بەڵام ئێستا تائەو ڕادەیە جیهان بووە بەجیهانێکی میکانیزمی کە لەڕێگەی زانستی فسیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی مارکسیزمی و قوتابخانەی دەروونناسییە ڕەفتار گەراییەکانەوە ڕاڤە دەکرێ، جیهان بەشێوەیەک بووە بەمیکانیزمی لەنێو ئەو جیهانەدا ئێمە تەنیا بەشێکین لەو وێنە لە قاڵبدراوانەی کە لەڕێگەی ئەو وریاکەرەوانەوەی وەڵامیان دەدەینەوە دەستنیشانی ئاکارمان دەکرێ. ئەم ڕاڤەکردنەی سەدەی (١٩) نۆزدەیەم، ئازادیی ئیرادەی مرۆڤی لەم ژیانە هاوچەرخەدا خستووەتە ژێر فشارەوە.

**مویرز:** پێم وایە ئەمەش شتێکە لەم دواییە لەنێو ئەم کولتوورەدا تووشی بووین.



کەسێک لەجیاتی ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ بەشداریی پێشبڕکێیەکی پاڵەوانی بکات، ئامادەیی لەو پاڵەوانێتییەدا دەبێ بەنوێنەرایەتی، لەڕاستیدا کاتێ تێبینی دەکەین کە مرۆڤ لەم واقیعەی ئێمەدا چی بەسەردا دێت، ئەو کاتە هەست بەوە دەکەیت بەمۆدێربوونی مرۆڤ چ شتێکی خەماوییە. بەردەوامبوون لە ڕەنجدان، جۆرێکە لەنابوودبوون، بەتایبەت گەڕان بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ خێزان.

**مویرز:** بەڵام پێم وایە ئەمە هاوبەرامبەریی دەرد و موسیبەتەکانی سەدەی (١٢ و ١٤) یە.

**کەمبڵ:** شێوەی ژیانی ئەوان زۆر لەئێمە چوست وچاڵاکانەتر بوو. ئێمە لە مەکتەبەکان دادەنیشین. ئەمەش گرنگە کە لەشارستانییەتی ئێمەدا نێوەندە تەمەن مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

**مویرز:** خەریکە وردە وورده دەچیتە نێو پرسی کەسایەتی.

**کەمبڵ:** من بەقۆناغی نێوەندە تەمەندا تێپەڕبووم بۆیە لێرەدا زانیارییەکم لەبارەی نێوەندە ساڵی هەیە. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەم ژیانە کەدانیشتن تێیدا دەستەباڵایە، ڕەنگە ئەم کارە شێوەیەک لەوروژاندنی عەقڵی تێدا بێت، بەڵام جەستەمان ئەوەندە خۆی لەو پرسە هەڵناقورتێنێ، بۆیە دەبێ دەست ئەنقەستانە هەستین بەڕاهێنانی میکانیزمی لە بابەت ڕاهێنانی ڕۆژانە. بۆ کەسێکی وەک من چێژ وەرگرتن لەو شتانە گەلێک قورسە، بەڵام چار چییە، گەر ئەمە نەکەی تەواوی جەستەت دەڵێ: (بڕوانە، بەتەواوی منت فەرامۆش کردووە، خەریکم دەبمە مەنگاو).

**مویرز:** دیسانەوە بڕوام وایە چیرۆکی پاڵەوانی دەتوانێ بۆ شتێکی ئارامبەخش بگۆڕێ، لەجیاتی کارتێکردن ببنە هۆی وروژاندنی هەڵچوونێکی ئارام لەبوونماندا، ڕووی دووەمی کارەکە، وا دەنوێنی کە دنیای ئێمە لەبەها ڕۆحییەکان خاڵی بووەتەوە، مرۆڤ هەست بەبێ دەسەڵاتی دەکات، پێم وایە ڕووداوی جیهانی هاوچەرخ بریتییە لەبێ توانایی و، بێزاری و نامۆبوونمان

بەسیستمی جیهانی دەورووبەر. پێم وایە لەم بارودۆخەدا پێویستمان بەپاڵەوانێکە تابتوانێ ئارەزووەکانی دەروونمان بهێنێتە قسە.

**کەمبڵ:** ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە (ت.س. ئەلیوت) لەدیوانی (وێرانە خاک)دا وەسفی کردووە: ئەلیوت وەسفی ئەم سستییە کۆمەلایەتییە بەجۆرێک دەکات، ئەو سستییەی کە جۆرە ژیان و بژێویەکمان بەسەردا دەسەپێنێ کە هیچ بنەچەیەکی تێدا نییەو، هەروەها هیچ ڕوویەک لە ژیانی ڕۆحی و تواناو تەنانەت ئازایەتییە جەستەییەکانیشمان ناورووژێنێ، بەپێچەوانەوە ڕەنگە بەرەو یەکێک لە جەنگە نامرۆڤانەکانمان بەرێ.

**مویرز:** خۆ ئێوە دژ بەتەکنەلۆژیا نین، وانییە؟

**کەمبڵ:** بەهیچ شێوەیەک. کاتێ دایدالۆس مامۆستای تەکنەلۆژیای یۆنانی کۆن، ئەو باڵەی دروستی کردبوو بەکوڕەکەی خۆی بەستەوە تاپێی بفڕێ و بتوانێ لەو هەزار پێچە قورتاربێت کە خۆی دروستی کردبوو، بۆیە بەئیکارۆسی کوڕی وت: (لەناوەڕاستی ئاسمانا بفڕە، زیاد بەرز مەبەوە، تاتیشکی هەتاو مۆمی باڵەکانت نەتوێنێتەوە، زیادیش نزم مەبەوە تاهەڵکشانو داکشانی دەریا بۆ خۆیان ڕات نەکێشن. خودی دیدالۆس بەئاسماندا دەفڕی، بینیی کورەکەی نەشئە گرتوویەتی و هەر بەرز دەبێتەوە. مۆمی باڵەکان توانەوەو کوڕە کەوتە نێو دەریاوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش، خەڵکی زیاتر دەربارەی ئیکارۆس قسە دەکەن، گوایە ئەم هۆکاری کەوتنە خوارەوەی ئەو لاوە باڵدارە بووە. بەلام ئەم پرسە بەهیچ جۆرێ نابێتە هۆیەک بۆ دژایەتیکردنی زانست و تەکنەلۆژیا. ئیکارۆسی بێچارە کەوتە نێو قوولاییی دەریاوە، بەلام دیدالۆس کە لەئاسماندا دەفڕی، توانیی بگاتە ئەوپەڕی کەنار دەریا.

دەقێکی هیندی هەیە دەڵێ: (ترسناکیی ئەم ڕێگەیە، وەکو گوێزان وایە) ئەمە بابەتێکە کە لەئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا دەردەکەوێ. لانسلۆت بەمەبەستی ڕزگارکردنی گونیۆر لەئەسیری، دەبێ بەدەست و پێی پەتی بەسەر قەراغی گوێزانێک لەڕووبارێک بپەڕێتەوە، لەکاتێکدا کەلافاوێک بەژێر پێیدا ڕێ دەکات.

کاتێ کە ڕووداوێکی نوێ تاقی دەکەیتەوە، یان دەچیتە نێو زەمینەیەکی ترەوە، جا



چ بەداهێنان یان نوێکردنەوەی تەکنەلۆژی بێت، یان تەنیا جۆرێک بێت لە گۆڕینی شێوەی ژیان بۆ ژیانێکی نوێ تر، کاتێ کە لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگە هیچ پاڵپشتێکت نەبێ، هەمیشە ترسی دروستبوونی هەڵچوونی زیاترو هەندێک ڕووداونی هەڵەی میکانیکی لەئارادایە. پاشان لەوانەیە بکەوی و هەرەس بێنی. (کاروانی پڕ ترس و کێشمەکێشە) کاتێ ڕێگەی حەزو ئارەزوەکانت دەگریتەبەر، دەبێ کۆنترۆڵی عەقڵت بکەی و نەهێڵی بەزۆر بەرەو ڕووداوی خراپەت بەرێ.

**مویرز:** یەکێک لەو لایەنانەی کە لەباس و خواسەکانتدا دەیورووژێنێ، ئەوەیە بڕوات بەدژایەتیی نێوان زانست و ئەفسانە نییە.

**کەمبڵ:** نەخێر ئەو دووانە هیچ ناکۆکیەکیان نییە. لەحاڵی حازردا زانست مەودا نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، زانست خۆی گەیاندووەتە مەیدانێک کە ئەفسانە باس لەو مەیدانە دەکات. زانست گەیشتووەتە کەنارەکان.

**مویرز:** کەناری بوون.

**کەمبڵ:** کەناری بەیەکگەیشتنی ئەو شتانەی دەکرێ بناسرێنەوە و ئەو شتانەشی هیچ کاتێک ناناسرێنەوە، لەبەرئەوەی لەپشتەوەی هەموو لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤ نهێنییەک هەیە. سەرچاوەی ژیان چییە؟ کەس نازانێ. تەنانەت نازانین ئەتۆم چییە، شەپۆڵە یان گەردیلەیە، یان هەردووکیانە، هیچ بۆچوونێکمان نییە دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەمانە چین؟

**مویرز:** هەر لەبەر ئەم هۆیەشە باس لەخودا دەکەین. سەرچاوەیەکی پڕ هێزی بالا هەیە. کاتێک زانایەکی فیزیکی ئەو گەردیلانەی ئەتۆمیان لێ پێک دێت چاودێرییان دەکا، تەنیا نیشانەیەک لەسەر ڕوویەک دەبینێ. ئەم نیشانانە دێن و دەڕۆن، دێن و دەڕۆن، و ئێمەش دێین و دەڕۆین و تەواوی ژیان دێت و دەڕوا. ئەو هێزە هێزی ئیلهامبەخشی هەموو شتەکانە. ئاینی ئەفسانەش ڕووی کردووەتە ئەم دیاردەیە.

**مویرز:** ئایا پاڵەوانێکی ئەفسانەیی هەیە، کە لەهەمووان پێت باشتر بێ؟

**کەمبڵ:** کاتێ هەرزەکار بووم دوو پاڵەوانم هەبوون. یەکێکیان هونەرمەندی ئەمریکی دەیەکانی ساڵی (١٩٢٠) بوو بەنێوی (داگلاس فاریبانکس) ئەوی تریان لیۆناردۆ داڤینشی بوو. حەزم دەکرد تێکەیەڵەک بم لەم دووانە. ئەمرۆ بە هیچ جۆرێک هیچ پاڵەوانێکم نییە.

**مویرز:** ئایا کۆمەڵگەکەمان پاڵەوانی لەم جۆرەی هەیە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو پاڵەوانەش مەسیح بوو، پاشان ئەمریکا کەسانی وەک واشینگتۆن و جیفەرسۆن و لەدوایشدا (دانیاڵ)مان هەیە. بەڵام ئەمڕۆ ژیان ئاڵۆزە، شتەکانیش ئەوەندە بەخێرایی ڕوودەدەن، پێش ئەوەی جێگای خۆیان بگرن دەکەونە کەنارەوە.

**مویرز:** بەڵام پێ دەچێت لە دنیای ئەمڕۆدا لە کەسە بەناوبانگەکان زیاتر دەپرسین تا پاڵەوانەکان.

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە. ئەمەش بابەتێکی گەلێک خراپە. لەدواناوەندیی برۆکلین پرسنامەیەکیان بەسەر خوێندکاراندا دابەش کردبوو، لەو پرسنامەیەدا هاتبوو: (حەز دەکەن ببن بەچی؟) نیوەی خوێندکاران وەڵامیان ئەمەبوو: (کەسێکی بەناوبانگ). ئەسڵەن ئەوان هیچ جۆرە بۆچوونێکیان نەبوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ شتێک پێشکەش بکەن بۆ بەدەستکەوتنی شتێک.

**مویرز:** تەنیا ناوبانگ دەرکردن.

**کەمبڵ:** تەنیا ناوبانگ دەرکردن و ناو و ناوبانگ.

**مویرز:** بەڵام ئایا کۆمەڵگە پێویستی بە پاڵەوان هەیە؟

**کەمبڵ:** بەبڕوای من بەڵێ.

**مویرز:** بۆچی پێویستێتی؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی پێویستی بەوێنەیەکە وەک ئەستێرەکان بدرەوشێتەوە، تاوەکو هەموو ئەو حەز و لایەنانە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، ئەو حەز و لایەنانەی کە تاکەکانی



کۆمەڵگە لەیەک جوودا دەکەنەوە و ڕایان دەکێشێن تایەک مەبەست و یەک ئامانجیان هەبێت.

**مویرز:** تایەک ڕێگا بگرنەبەر.؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، میللەت دەبێ مەبەستێکی هەبێت، تابتوانێ وەک یەک هێز کاربکات.

**مویرز:** ڕات چییە دەربارەی ئەو ڕێپێوانە مەزنەی خەڵکی ئەنجامیان دا پاش مەرگی جان لینۆن؟ ئایا ئەو کابرایە پاڵەوانێ بوو.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڕاستی ئەو پاڵەوان بوو.

**مویرز:** ئایا دەتوانی بەمانایەکی میتۆلۆژی ئەم مەسەلەیەم بۆ ڕوون بکەیتەوە.؟

**کەمبڵ:** بەچەمکی میتۆلۆژی، جۆن لینۆن کەسێکی نوێخواز بوو. بیتلەکان Beatles جۆرە مۆسیقایەکیان داهێنا لەسەر ئاستی جەماوەر جێگای ڕەزامەندی بوو. یان دەتوانین بڵێین ئەوان بەتەواوی هاو ئاوازبوون لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا. گەر ئەوان پێش(٣٠) ساڵ پەیدابوونیان بهاتنایە سەر شانۆ هەر خێرا دەردەکران. پاڵەوانی جەماوەری دەربارەی پێویستییەکانی سەردەمی خۆی هەستیارییەکی بێ وێنەی هەیە. بیتلەکان قووڵاییەکی ڕۆحیی نوێییان خستە نێو مۆسیقای میللییەوە، دەکرێ بوترێ: ئەوان وایانکرد بەخێرایی ئارەزووی خەڵکی بۆ گوێگرتنی مۆسیقاو چاودێرکردنی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی سەرهەڵدا. مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی وەک دیاردەیەکی سەیر، چەند ساڵێک پێش بیتلەکان هاتبووە ڕۆژئاوا، بەڵام ئەمڕۆ، پاش بیتلەکان، پێ دەچێت تازە خەریکە لاوانمان لەم مۆسیقایە دەگەن. ئێمە زیاتر و زیاتر گوێ لەو مۆسیقایانە دەگرین، هەروەها خەریکە ئەو مۆسیقایە لەچوارچێوەی مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیدا بەکار دەهێنرێ، واتا وەک شێوازێک بۆ کۆمەککردن. ئەمەش شتێک بوو بیتلەکان دەستیان پێ کرد.

**مویرز:** هەندێ جار وا پێ دەچێت لەجیاتی ئەوەی ستایشی پاڵەوان بکەین دەبێ دڵمان بەحاڵ و وەزعی بسووتێ. ژمارەیەکی زۆر لەو پاڵەوانانە لەپێناوی

کەسانی ترا قوربانییان بەنیازەکانی خۆیان داوە.

**کەمبڵ:** هەموویان ئەم کارەیان کردووە.

**مویرز:** زۆرجار لەبەرئەوەی موریدەکانیان توانای بینینی دەسکەوتەکانی ئەوانیان نییە، ئەو کارەی کەپاڵەوان دەیکا بەهەدەر دەڕوا.

**کەمبڵ:** بەڵێ، تۆ بە زێڕەوە لە جەنگەڵ دێیتە دەرێ، پاشان زێڕ بۆ لم دەگۆڕێ. ئەمەش لەحیکایەتە میللییەکاندا شتێکی زانراوە.

**مویرز:** ئەو ڕووداوە سەرنجڕاکێشە هەیە کە لەزەینی چیرۆکی ئۆدێسەدا دووبارە دەبێتەوە، کاتێ کەشتییەکەی ئۆدێسە دەشکێ و دەریاوانەکانی دەکەونە نێو دەریاوە ئەو خۆی بە لقەدارێکەوە دەگرێ تادەگاتە کەنار دەریا، دەقەکە دەڵێ: (دواجار تەنیا، دواجار تەنیا).

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەم سەرچڵییەی ئۆدێسە کەمێ ئاڵۆزە باسکردنی بابەتێکی ئاوەها بەکورتی ئاسان نییە. بەتایبەت ئەو بەشەی سەرچڵییەکە کەتایبەتە بەشکانی کەشتییەکە لەدوورگەی هەتاودا، واتە ئەو دوورگەیە کەئەوپەڕی ڕووناک بوو. ئەگەر کەشتییەکە نەشکایە، زۆری ڕێ تێ دەچوو کەئۆدێسە لەدوورگەکە بمایەتەوەو، ببایە بەجۆرێک لە یۆگی، ئەو کەسەی کە ڕووناکیی باڵا بەدەست دێنا، لەوێدا بەخۆشبەختی دەژیاو هیچ کاتێک نەدەگەڕایەوە. بەڵام بیری یۆنانی داوای لەمرۆڤ دەکرد بەهاکان بناسێ و لە ژیاندا جێبەجێیان بکات وای لەئۆدێسە کرد بگەڕێتەوە. لە دوورگەی هەتاودا یەکێک لە یاساغەکان ئەوەیە نابێ گاکانی هەتاو سەرببڕێن و بکوژرێن و بخورێن. بەڵام لەبەرئەوەی پیاوانی ئۆدێسە برسییان دەبێ، گای هەتاو سەردەبڕن، هەر ئەم بابەتەش دەبێتە هۆی شکانی کەشتییەکەیان. ئەوان کاتێک لەوێدا لەبەرزترین بواری ڕووناکیی مەعنەویدا بوون، بەڵام هێشتا ڕووی خوارەوەی ئاگاییان چالاک بوو. کاتێ ڕاوەستاوبیت بەرامبەر ئەم ئاشکراکردنە، نابێ بیر بکەیتەوە، (هێی، برسیمە. ساندەویچێکی گۆشتی بریانیم بدەرێ.) پیاوانی ئۆدێسە ئامادە یان شایستەی ئەو ئەزموونە نەبوون کەپێیان سپێردرابوو.



ئەمەش مۆدیلی چیرۆکێکە دەربارەی پاڵەوانی سەرزەوی کە دەگاتە ئەوپەڕی ئاشکرابوون، بەڵام دوای دەگەڕێتەوە.

**مویرز:** کاتێ دەربارەی ئەم داستانە شیرین و تاڵەی ئۆدێسە دەنووسی، ئەم نووسینە چیمان پێ دەڵێ: (مانای تراژیدیی ئەم داستانە لەوەدایە کە باس لە عیشقی قووڵ دەربارەی جوانی و شکۆی ژیان دەکات، ئێشقی بنەڕەتی بۆ ژن و جوانی، بەهای ڕاستەقینەی ئەو پیاوانەی پڕن لە پیاوەتی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆتاییی چیرۆکەکە خۆڵەمێشە.)

**کەمبڵ:** ناکرێ بوترێ ژیان بێهوودەیە، لەبەرئەوەی کۆتاییەکەی گۆڕستانە. دێڕێکی ئیلهامبەخش هەیە کە شاعیری عێشقی یۆنانی کۆن پیندار نووسیویەتی ئەم شیعرە باس لە مەزنی لاوێک دەکات، کە بەبۆنەی سەرکەوتنی لەبەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی یارییەکانی پەرستگەی دڵفی نووسیویەتی لەوێدا پیندار دەڵێ:

(بوونەوەرەکانی ڕۆژگار، چین و چی نین؟ مرۆڤ لە خەونی سێبەرێک زیاتر هیچ نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاتێک وەک بەرەکەتێک لەئاسمانەوە دادەبەزن، ئەو کاتە ڕووناکییەک لەتیشکی هەتاوەوە بەسەر مرۆڤدا تیشکی خۆی بەخش دەکاتەوەو ئەو کاتە ژیان خۆش دەبێ.) ئەم پەندە پڕ لە نائومێدییە ڕاست نییە کە دەڵێ: (بێهوودەیی، بێهوودەیی، هەموو شتێک بێهوودەیە!.) ئەم چرکەیە خۆی بێهوودە نییە، بەڵکو جۆرە سەرکەوتن و چێژێکە. جەختکردنە سەر ئەوەی کە کاملبوونمان لە ساتەکانی سەرکەوتندا دەگاتە ئەو پەڕی، ئەمە بۆچوونێکی یۆنانیی پەتییە.

**مویرز:** زۆر لەپاڵەوانە ئەفسانەییەکان لەجیهاندا نامرن؟ ئازارو لەخاچ دەدرێن.

**کەمبڵ:** زۆر لەو پاڵەوانانە ژیانی خۆیان دەکەن بەقوربانی. بەڵام ئەفسانە دەڵێ لەدڵی ژیانی قوربانییەوە ژیانی نوێ دێتە ئاراوە. ئەوەی دەردەکەوێ ڕەنگە ژیانی پاڵەوان نەبێت، بەڵام ژیانێکی نوێ یاجۆرێکی نوێیە لەبوون و بەردەوامی.

**مویرز:** لە کولتوورە جیاوازەکاندا جیاوازی لەنێوان چیرۆکی پاڵەوانەکاندا هەیە. ئایا پاڵەوانانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ پاڵەوانانی نێو کولتووری ئێمە جیاوازییان هەیە؟

**کەمبڵ:** ئەوەی ئەوان لەیەکتری جیادەکاتەوە پلەکانی ڕۆشنکاری و کارە. لە کولتووری سەرەتاییدا جۆرێک پاڵەوانیی نموونەیی هەیە بەدووی دێووئەژدیها دەکەوێ بەمەبەستی وەشەڕهاتن لەگەڵیاندا، ئەم جۆرە وێنەیە پەیوەستە بەسەردەمەکانی پێش مێژووە؛ ئەو کاتەی کە مرۆڤ لەناوچەیەکی بێ شێوەی دڕنداویدا شێوەیەکی بەدنیای خۆی دەبەخشی. پاڵەوان بەرەو کووشتنی دێوو ئەژدیهاکان هەنگاوی هەڵدەهێنا.

**مویرز:** هەمیشە پاڵەوان بە کامڵبوونی کۆمەڵگە ئەویش دەگاتە کەماڵ. بۆ نموونە مووسا پاڵەوانە. مووسا دەچێتە سەر کێوی توور لەسەر لووتکەی چیاوە چاوپێکەوتن لەگەڵ خودادا دەکا، کاتێک دەگەڕێتەوە، خاوەن شێوەیەکی کامڵە، ئەو شێوەیە بەکاردێنێ بۆ بەخشینی شێوەیەک بەکۆمەڵگەیەکی تەواو نوێ. ئەم کارەی مووسا نموونەیەکە لەکاری پاڵەوانانە، گەشت و بەجێهێنان و گەڕانەوە.

**مویرز:** ئایا بووداش بەپاڵەوان دادەنرێ؟

**کەمبڵ:** بوودا ڕێگەیەکی گرتەبەر زۆر لەڕێگاکەی مەسیح دەچوو؛ بوودا (٥٠٠) ساڵ پێشتر لەمەسیح ژیاوە. ئەم دوو ڕوخسارە ڕزگارکەرە دەکرێ یەک بەیەک لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکرێن، تەنانەت بەراوردکردنی ڕۆڵ و کەسایەتیی خوێندکاران و پەیڕەوانیان. بۆ نموونە دەتوانین تێبینی بکەین کەئاناندا (خوێندکاری بوودا بوو) هاوشێوەی قەدیس پترۆسە.

**مویرز:** بۆچی ناوی پەرتووکەکەت ناوە پاڵەوانی هەزار ڕوو؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی بە یەکدواهاتنی کاری پاڵەوانانە پێ هەڵگری جۆرە وێنەیەکە، دەتوانی لەچیرۆکەکانی سەرتاسەری جیهان و دەورە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا دەریان بهێنی. تەنانەت دەتوانی بڵێی نموونە پاڵەوانێکی ئەفسانەییی کۆن هەیە، ژیانی ئەو پاڵەوانە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە لەسەرتاسەری جیهاندا کۆپی کراوە. بێگومان پاڵەوانی ئەفسانەییی بونیادنەری شتێکە، بونیادگەری سەردەمێکی



نوێ، ئاینی نوێ، شاری نوێ، یان شێوەیەکی نوێی ژیانە. بەمەبەستی بەدەستهێنانی شتی نوێ دەبێ مرۆڤ گۆڕەپانی کۆن بەجێ بێڵێ و بڕواو بەدووی بیری ناوکی یەکەم بگەڕێ. واتە بەدووی ئەوەی کەتوانای خوڵقاندنی شتی نوێی هەبێ.

بونیادنەرانی گشت ئاینێ، ئەم گەشتانەیان کردووە. سەرەتا بوودا دوورەپەرێزی هەڵبژارد پاشان لەژێر درەختی بووو (بێداری) دانیشت، واتا لەژێر درەختی مەعریفەی نەمر، لەوێدا ئاشکرابوونی دۆزییەوە، ئەو ئاشکرابوونەوەی بەدرێژاییی (٢٥) سەدە هەموو ئاسیای ڕووناک کردەوە.

عیساش پاش ئەوەی یۆحەنای مەعمەدان، ناوزەدی کرد، بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ ڕووی کردە بیابان، لەم بیابانەوە بەپەیامێکەوە گەڕایەوە. کە مووسا چووە سەر کێوی توورو لەوێ گەڕایەوە لەوحەی یاسای پێ بوو. پاشان پاڵەوانی وامان هەن کەشار بونیاد دەنێن، تاڕادەیەک زۆربەی زۆری شارە کۆنەکانی یۆنان پاڵەوانێک دروستی کردوون، زۆربەی پاڵەوانەکان ڕۆیشتوون و گەڕاون و تووشی سەرچڵیی سەیروسەمەرە بوون، پاشان پاش گەڕانەوەیان، هەریەکەیان شارێکیان بونیاد ناوە. دەشکرێ بوترێ کەبونیادی بونیادنانی ژیانیش، ژیانی من یا تۆ، بەمەرجێک بەڕاستی ژیانی خۆمان بژین نەک لاسایی ئەم و ئەو بکەینەوە، دەسکەوتی جۆرە گەڕانێکە.

**مویرز:** بۆچی ئەم چیرۆکانە ئەوەندە بۆ نەوەی مرۆڤ گرنگن؟

**کەمبڵ:** لەسەرئەوە وەستاوە کەئەو چیرۆکانە چ جۆرە چیرۆکێکن. ئەگەر ئەو چیرۆکە نمایشگەری سەرچڵییەک بێت کە لەشێوەی سەرچڵیی نموونەی باڵا بێت، بۆ نموونە چیرۆکی ئەو منداڵەی دەبێ بەلاوو یان چیرۆکی بێداربوون لەجیهانێکی نوێدا کە لەکاتی باڵغبووندا ئەو دەرگایانە بەڕوویدا دەکرێتەوە، ئەوا یارمەتیی ئەوە دەدات نموونەیەک پێشکەش بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم هەموو گەشەکردنە.

**مویرز:** ئێوە باس لەکۆمەڵە چیرۆکێک دەکەن کە لەقەیرانەکاندا کۆمەکمان دەکەن. لەسەردەمی منداڵیم کاتێ کە ئەو چیرۆکانەم دەخوێندەوە، هەموویان کۆتاییەکانیان خۆش بوو. ئەو کاتە هێشتا نەمدەزانی کە ژیان پڕە لە

ڕەنجدان، و نقومبوونی خود لە حەز و ئارەزوو ڕاستییە تاڵەکان. هەندێ جار وابیر دەکەمەوە کە ئێمە بلیتێک بۆ سەیرکردنی نمایشنامەی گیلبرت و سولیڤان دەکڕین، بەڵام کاتی دەچینە نێو شانۆکەوە دەبینین شانۆگەرییەکە شانۆگەریی هارۆڵد پینتەرە. ڕەنگە ئەو چیرۆکە خورافییانە ببنە هۆی شێواندنی هاوسەنگیمان لەگەڵ واقیعدا.

**کەمبڵ:** چیرۆکی پەرییان بۆ بەسەربردنی کات دەوترێتەوە، دەبێ بزانی جیاوازی چییە لەنێوان ئەو ئەفسانانەی کەگرنگی بەبابەتە جیدییەکانی ژیان دەدەن، واتا گرنگی بەپلەو پایەی کۆمەڵگەو سروشت دەدەن و ئەو ئەفسانانەی کە هەمان ئەو بابەتانە دەگێڕنەوە بەڵام بۆ خۆشی دەیانگێڕنەوە. بەو سیفەتەی کە زۆربەی چیرۆکی پەریان کۆتایی شادمانیان هەیە، بۆ گەیشتنیش بەم کۆتاییە خۆشە، بابەتی نموونەییی میتۆلۆژیی ڕوو دەدەن، بۆ نموونە بابەتی گرفتاربوون بەگرفتێک و، پاشان لەکاتی پێویستدا هاتنی کەسێک بەدەنگتەوە یان گەیشتنی یارمەتیدەرێ.

حیکایەتی پەرییان بۆ منداڵان دەوترێنەوە. زۆربەی ئەو چیرۆکانە دەربارەی کچۆڵەیەکە کە نایەوێ گەورە بێت و شوو بکات. کاتێک کە دەگاتە کەناری ئەم قەیرانە دەبینین خەم دای دەگرێ، بۆیە دەڕواو دەنوێ تا ئەو کاتەی لەخەویدا سەرەڕای ئەو هەموو ڕێگرانە دواجار شازادەیەک دێتە لای تا وای لێ بکات کە ئەو بیرەی لادروست بێت کە ژیان لەڕوویەکی تریشەوە هەر خۆشە، سەرەڕای هەموو شتەکان، زۆربەی زۆری حیکایەتەکانی گریم لەسەر ئەوەن کەکچۆڵەیەک نیشان دەدا ئەو کچۆڵەیە توانای جووڵەی نەماوە. هەموو ئەو کارانەی لە بابەتی کوشتنی دێوو ئەژدیها ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەیە تا لەم وەزعە بێنە دەرێ.

ڕیتوێڵ و کەرنەڤاڵی ئاشنابوونی سەرەتایی هەر هەموویان بونیادێکی میتۆلۆژیان هەیە، ئەرکیشیان ئەوەیە تابتوانن منی منداڵانە سیخناخ بکەن و لایەنی گەورەبوون بخەنەڕوو، جا ئیتر ئەو منداڵە کچ بێت یان کوڕ. بەڵام کارەکە بۆ کوڕ گرانترە تا کچ، لەبەرئەوەی ژیان پێشی لێ دەگرێ و ڕەتی دەکاتەوە. کچ بییەوێ و نەیەوێ دەبێ بەژن، بەڵام کوڕ دەبێ ئیرادەیەک بنوێنێ تاببێ بەپیاو. کچ لەگەڵ یەکەمین عادەتی ژنانەدا دەبێ بەژن، هەر ئەوەندە دەزانێ ئاوسە و بووە بەدایک. بەڵام کوڕ دەبێ خۆی



لەدایک جودا بکاتەوەو، وزەی خۆی کۆ بکاتەوەو، پاشان دەست پێ بکات. هەموو ئەو شتانەی کە لەئەفسانەدا ڕادەگەیەنرێ (کوڕی لاو برۆ باوکت پەیداکە) هەر ئەمەیە. لەئۆدێسەدا، تیلخامۆس لەگەڵ دایکیدا دەژی، کاتێ تەمەنی دەبێ بەبیست، ئاتینا دێتە کنی و پێی دەڵێ: (برۆ باوکت بدۆزەرەوە.) ئەمەش ناوەڕۆکێکە لە هەموو ئەم چیرۆکانەدا دەبینرێ. هەندێ جار ئەو باوکە باوکێکی ڕۆحییەو هەندێ جاریش باوکێکی جەستەییە وەک لە چیرۆکی ئۆدێسەدا دەیبینین.

چیرۆکی پەرییان، ئەفسانەی منداڵانەیە. هەندێ ئەفسانە هەن بۆ هەندێ کاتی دیاریکراوی ژیان گونجاون، کاتێ کە گەورە دەبی بێگومان پێویستت بەجۆرێک ئەفسانەی بەهێزتر هەیە. هەموو چیرۆکی لەخاچدان وێنەیەکی بونیادییە لەنێو کولتووری مەسیحیدا، باس لەچوونە نێو نەمری دەکات ڕۆیشتن بەرەو بواری زەمەن و جێگا (ئەو جێگایەی کەتێیدا بەشەکانی لەش لەیەکتری جیادەکرێنەوە). بەڵام لەهەمان کاتیشدا باس لەتێپەڕبوون دەکات لەبواری زەمەن و شوێنەوە بۆ بواری نەمری، ئێمە هەڵدەستین بە لەخاچدانی جەستە سروشزەمەنییەکانمان و ڕێگا دەدەین پارچە پارچە بکرێ و لێکتری جیا بکرێتەوە، لە ڕێگەی ئەم پارچەو لێکردنەوەیە بەرەو بواری ڕۆحی دەکەوینەڕێ ئەو جێگایەی کە باڵاترە لە هەموو ئازارەکانی زەوی، تابلۆیەکی لەخاچدان هەیە پێی دەوترێ (مەسیحی سەرکەوتوو).لەم تابلۆیەدا وێنەی مەسیح کێشراوە کە بە سەرنزمی و لەش خوێناوی نیشان نادرێت، بەڵکو لەم تابلۆیەدا سەری بەرزو چاوکراوە و هەروەک خۆبەختکەرانە خۆی بۆسەر خاچ هاتبێت. قەدیس ئاگوستین نووسیویەتی، عیسا هەروەک زاوایەک بۆ لای بووکەکەی بڕوا ئاوا بەرەو خاچ ڕۆیی.

**مویرز:** کەواتە هەندێ ڕاستی هەن بۆ گەورەن و هەندێکی دیش هەن بۆ منالان.

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەبیرمە کاتێ کەهاینریش زیمەر لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وانەی دەوتەوە دەربارەی بیری هیندی و دەربارەی ئەوەی کە ژیان وەکو خەون و بلقی سەرئاوەو هەموو شتێک مایایە Maya واتە وەهمە. پاش وانەکە، ژنێکی لاو هاتە لای و پێی وت: (دکتۆر زیمەر، ئەو وانەیەت لەسەر فەلسەفەی هیندی شتێکی نایاب بوو، بەڵام

من لەمایا ناگەم – مایا لەگەڵمدا نادوێ. دکتۆر زیمەر لەوەڵامدا بەو ژنەی وت: (ئەوەندە بێ تەحەممول مەبە، ئازیزم! ئەم بابەتە هێشتا بۆ تۆ زووە.) خۆشی هەروایە: کاتێ کە گەورە دەبی و هەموو ئەو کەسانەی لەپێناویاندا دەژی و دەتناسن دەڕۆن و ئۆغردەکەن و دنیاش لە حاڵەتی ڕۆیشتنە، ئەو کاتە لەپڕ مایا خۆی دەکا بەژووردا. بەڵام بۆ لاوان، بەڵام ئێستا دنیا شتێکە دەبێ بیبینیت، خەریکی ئەو ژیانە بە و خۆشت بوێ، وانەی لێوە فێربە و لەگەڵیدا بجەنگێ – هەر لەبەر ئەمەش، میتۆلۆژیایەکی تر پێویستە.

**مویرز:** تۆماس بیری Thomas Berryی نووسەر دەڵێ: هەموو مەسەلەکان پێوەندییان بەچیرۆکەوە هەیە، ئەم چیرۆکە لەڕستێک پێک دێن و دەدرێنە پاڵ ژیان و بوونەوەران، ئەمەش فەرزە بنەڕەتی و بڕوا جەوهەرییەکانمانە لەبارەی ئەوەوە کە چۆن کارەکان بەڕیوە دەڕوا. ئەو دەڵێ ئێستا تووشی گرفت بووین، (لەبەرئەوەی کەوتووینەتە نێو دوو چیرۆکەوە. چیرۆکی کۆن پاڵپشتی کردووین و بۆ ماوەیەکی دورودرێژ پێویستییەکانی ژیانی بۆ فەراهەم کردووین، هەروەها هەڵوێستە سۆزدارییەکانمانی پێک هێناوە، هەروەها بۆ ژیانیش ئامانجی بۆ دەستەبەرکردووین، بۆ کردارەکانمان وزەی دابین کردوەو وای لێ کردووین خۆمان تەرخان بکەین و قبووڵی ئازار و ژان کەین، هەروەها ڕێنوێنیی زانیارییەکانی کردووین.. کاتێ بەیانیان هەڵدەستاین دەمانزانی کێین، دەمانتوانی وەڵامی پرسیاری مناڵەکانمان بدەینەوە. هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بوو، لەبەرئەوەی لەوێدا چیرۆکێک هەبوو. بەڵام ئێستا چیرۆکە کۆنەکان چیتر کەڵکیان نەماوە و ئێمەش چیرۆکێکی نوێمان نییەو چیرۆکێکی نوێ نییە کەپێی ڕاهاتبین.

**کەمبڵ:** تارادەیەک ئەم بۆچوونە بەدروست دەزانم، هەر لەبەر ئەم هۆیەش تارادەیەک چیرۆکێکی کۆن هەیە کە تائەم کاتەش چیرۆکێکی چاکە، ئەوچیرۆکەش چیرۆکی گەڕانە ڕۆحییەکانە. گەڕان بەدووی ئەو کرۆکە دەروونییەی کە بونیادو بینایبی تاک پێک دەهێنین، چیرۆکێکە هەوڵم داوە لەو پەڕتووکە بچووکەمدا بیخەمەڕوو کە پێش چل و چەند ساڵێک نووسیومە بەناوونیشانی (پاڵەوانی هەزار ڕوو). پێوەندیی



گەردووونناسی و سۆسیۆلۆژی دەبێ چاوەڕوانی سەردەمێک بێت تا ئەوکاتەی کە مرۆڤ ڕابێت لەگەڵ ئەو جیهانە تازەیەی کەتێیدا دەژی. دنیای ئەمڕۆ جیاوازیی لەگەڵ دنیای پەنجا ساڵ پێش ئێستادا هەیە. بەڵام ژیانی ناوەوەی مرۆڤ هەمان ئەو ژیانەیە کە هەبووە. گەر بۆ ماوەیەکی کاتی واز لەلایەنی ئەفسانەی ئەسڵیی گەردوون بێنی، بەهەرحاڵ وەڵامی ئەم پرسیارەت زانایان دەیدەنەوەو بۆ لای ئەو ئەفسانەیە بگەڕێیتەوە کەباس لە هەوڵ و گەڕانی مرۆڤایەتی دەکەن و باس لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەو هەوڵ وگەڕانە دەکەن، هەروەها ئەو ئەزموونانەی باس لەگۆڕانکاری دەکەن لەمناڵییەوە بۆ باڵغبوون باس لەوە دەکەن کەمانای بڵغبوون چییە، هەر ئەو کاتە دەبینی ئەم چیرۆکە ئامادەیەو لە هەموو ئاینەکاندا بەدیی دەکەیت.

بۆ نموونە، تەماشای بەسەرهاتی مەسیح بکە، لەم بەسەرهاتەدا لە سەرتاسەری جیهاندا ڕووداوێکی پاڵەوانیی بەهادار هەیە. یەکەمجار مەسیح لەسەردەمی خۆیدا کاتێ دەچێتە لای یۆحەنا ڕووی دەکاتە کەناری هۆشمەندی بۆ ئەوەی پاک بێتەوە. پاشان لەو کەنارە تێ دەپەڕێ و بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەبیاباندا دەمێنێتەوە. لە کولتووری جووەکاندا چل ڕۆژ مانای ئەفسانەییی هەیە، بەنی ئیسرائیل چل ساڵ لەبیابانەکاندا ئاوارە بوون و عیساش ماوەی چل ڕۆژی لەبیاباندا ژیانی بەسەر برد. لەبیاباندا مەسیح کەوتە بەردەم سێ فریودان. فریودانی یەکەمین ئابووری بوو کاتێ لەوێدا شەیتان دێتەلای و پێی دەڵێ: (ئەی لاو پێ دەچێت برسی بی! بەم بەردانە بڵێ تا ببنە نان؟) مەسیحیش وەڵامی دەداتەوە: (مرۆڤ تەنیا بەنان ناژی، بەو وشانە دەژی کە لەزاری خوداوە دێنە دەرێ.) پاشان نۆبەی فریودانی سیاسی دێت، شەیتان مەسیح بەرەو لووتکەیەکی بەرز دەبا، هەموو وڵاتانی جیهانی پێ نیشان دەدات و پێی دەڵێ: (گەر کڕنووشم بۆ بەری ببێ دەتوانی ببێ بەفەرمانڕەوای ئەو هەموو شتانە) ئەوەش وانەیەک بوو تا ئەمڕۆش بەجوانی ڕوون نەبووەتەوە، کە کەسی سیاسی سەرکەوتوو چی دەکات، بەڵام مەسیح ئەم داوایەی ڕەت کردەوە، سەرەنجام شەیتان پێی دەڵێ: (تۆ ئەوەندە ورەت بەرزە، بڕۆ سەر پەرستگای هیرۆدو لەوێوە خۆت فڕێ دە خوارەوە، ئەو کاتە خودا فەرمان بەفریشتەکانی دەداو تۆ دەگرنەوە، تا نەوەک

پێت بەر بەردێک بکەوێ.) ئەمە شتێکە پێی دەوترێ غرووری ڕۆحی. مەسیح کەسێکە لەسەرووی کارە جەستەیی و زەمینییەکان پڕە لەمەعنەوییەت. بۆیە وتی: (تۆ ناتوانی خودای خۆت فریودەی.) ئەمانە سێ فریودان بوون بەمەبەستی فریودانی مەسیح، تا ئەمڕۆش هەرۆک ساڵی (٣٠) میلادی دەلالەتی خۆیان هەیە.

بووداش دەچێتە نێو جەنگەڵستان تا لەگەڵ مامۆستا دیارەکانی جۆر، دەست بەگفتوگۆ و باس بکات. پاشان ئەوان بەجێ دێڵێ و پاش زنجیرەیەک ئەزموون و باس، ڕوودەکاتە درەختی توو، درەختە پیرۆزەکە، درەختی دۆزەرەوەیە، ئەویش هەروەک مەسیح لەوێدا تووشی سێ فریودان دەبێ. یەکەمیان شەهوەتەو دووەمیان ترس و سێیەمیان گوێڕایەڵی بۆ ڕای گشتییە.

لە ئەزموونی فریودانی یەکەمدا خودای شەهوەت، سێ کچە جوانەکەی خۆی نیشانی بوودا دەدا، ناوەکانیان بەم شێوەیە بوو: ئارەزوو، تێرکردن، پەشیمانی، واتە ئایندە و ئێستا و ڕابردوو، بەڵام لەبەرئەوەی بوودا خۆی لەسیفەتە هەستییەکان ئازاد کردبوو، ئەو ئافرەتانە کاری تێ نەکردن.

پاشان خودای شەهوەت لەشێوەی خودی مەرگدا هەموو چەکە جەنگییەکانی لەئەژدیهاو دێوو درنج بەرەو لای بوودا ڕەوانە دەکات. بەڵام لەبەرئەوەی بوودا لەناخی خۆیدا خاڵی سکونی دەروونی، واتە نەمری لەخۆدا پەیداکردبوو، کە ئەمەش وای دەکرد زەمەن هیچ کارێکی تێ نەکات. دیسان لەشوێنی خۆی جووڵەی نەکرد، ئەو چەکانەش بەرەو ڕووی دەهاتن دەبوون بەگوڵی پەرستن.

سەرەنجام خودی شەهوەت و مەرگ لە شێوەی خودی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێ و دەڵێ: (کوڕ لاو، ڕۆژنامەکانی ئەم بەیانییت خوێندوەتەوە؟ دەزانی ئەمڕ دەبێ چی بکەیت؟) بوودا هەر بەپەنجەکانی دەستی ڕاستی کاتێ بەر زەوی کەوتن وەڵامی دایەوە، پاشان دەنگی دایک، خودی جیهان، بەرز دەبێتەوەو دەڵێ: (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، بەڕاستی خۆی بۆ جیهان تەرخان کردووە، هیچ کەسێک نییە تا ئەم فرمانی لێ وەرگرێ، واز لەم قسە بێ مانایانە بێنە). لەوکاتەدا ئەو فیلەی کە خودی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان سواری پشتی بووبوو کڕنۆشی بۆ بوودا برد، دوژمنەکان بەتەواوی وەک خەون ڕەوینەوە. لەم شەوەدا بوودا گەیشتە قۆناغی



ڕۆشنگەری، بۆ ماوەی (٥٠)ساڵ لەجیهاندا مایەوە، وەک مامۆستایەک تەمەنی خۆی بۆ فیرکردنی خوێندکارانی تەرخان کرد.

فریودانی یەکەم و دووەمی بوودا، واتا ئارەزوو ترس هەمان ئەو فریودانەن کە ئادەم حەودا پێی دا تێ پەڕین ئەو فریودانەی لە تابلۆ دەگمەنەکەی تیتیاندا بینیمان. ئەم تابلۆیە کاتێ تیتیان کێشای تەمەنی (٩٤) ساڵە بوو، ئێستاش لەبرادۆ پارێزراوە، بێگومان لەو تابلۆیەدا درەختێک هەیە کەمیحوەری جیهانی میتۆلۆژییە، ئەو درەختە لەخاڵێکدایە کە زەمەن و هەمیشەیی و بزووتن و وەستان یەک شتن، هەرچی شتە بەدەوری ئەو درەختەدا دەسووڕێتەوە. ئەم درەختە لەم شوێنەدا نیشان دراوە، بەڵام نیشاندانێک لەڕووە دنیاییەکەیەوە کە خۆی لەچاکە و خراپە، سوود و زیان، ئارەزوو ترسدا دەبینێتەوە. حەوا لای دەستی ڕاستی تابلۆکە وەستاوە، فریودەر لەشێوەی منالێک دەیبنی سێوێک بۆحەوا درێژ دەکا، دەبێتە هۆی ورووژاندنی هێزی ئارەزوو لای حەودا، بەڵام ئادەم کە لەخاڵی بەرامبەرە وەستاوە چاوی بەپێی مارئاسای فریودەر دەکەوێ و هەست بەترس دەکا. ئارەزوو و ترس، دوو هەستن کەدەسەڵاتیان بەسەر هەموو ژیاندا هەیە. ئارەزوو مەرگ وەکو چەشە و قولابن.

ئادەم و حەودا جووڵەیان تێدا دروست بوو، بەڵام بوودا نەجووڵایەوە. ئادەم و حەوا ژیانیان هێنایە دنیاوە و خواش نەفرەتی لێ کردن، بەڵام بوودا لە ترسی ژیان فێری ئازادی بوو.

**مویرز:** لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ترسناکی و ترس و ڕەنجەرۆیی لەگەڵ منال و ژیاندا سەرهەڵ دەدەن.

**کەمبل:** ئێستا تەمەنم لەدەوروبەری هەشتاکانەو خەریکی نووسینی پەرتووکێکی چەند بەرگیم. حەز دەکەم ئەوەندە بژیم تائەو پەرتووکانە تەواو دەکەم، دەمەوێ ئەم منالە بهێنمە دنیاوە، هەر لەبەرئەوەش مەرگ سەرقالم دەکات. ئەگەر حەزی تەواوکردنی ئەم پەرتووکەم لە مێشکدا نەبووایە، هەرگیز گوێم بەمەرگ نەدەدا، بووداو مەسیح لە ڕێگەی مەرگەوە بەئازادی گەیشتن، ئەوان لەبیابان گەڕانەوە تا

پەیڕەوانی خۆیان گۆشکەن و ئەوانیش پەیامەکانی ئەوانیان بەجیهاندا بڵاوکردەوە.

ئەوەندە جیاوازی گەورە لەنێوان پەیامی مامۆستایانی وەک مووساو بوودا و مەسیح و محەمەد نییە. بەڵام ئەو گەشتانەی بە مەبەستی وەرگرتنی پەیامبەری گرتیاننە بەر زۆر لەیەکتری دەچن. محەمەد لەو کاتەی کەسەرقاڵی بۆهاتنی وەحی بوو، وشترەوانێکی نەخوێندەواربوو، بەڵام هەموو ڕۆژێ ماڵی خۆی لە مەککە بەجێ دەهێشت و ڕووی دەکردە ئەشکەوتێک و لە کێوەکان و چاوەڕوانی وەحی بوو. ڕۆژێکیان دەنگێک بەگوێیدا چرپاند و پێی وت: (بخوێنە!) ئەویش گوێی گرت، بەوجۆرە گوێی گرت کە ئێستا ئێمە قورئانمان لەبەردەستە. ئەمەش چیرۆکێکی زۆر کۆنە.

**مویرز:** لەهەر یەک لەم بوارانەدا، ئەوانەی کە پەیامیان قبووڵ کردووە، بەپێی ڕاڤەکردنیان بۆ پەیامی پاڵەوان دەستیان داوەتە کاری سەیر و سەمەرە.

**کەمبڵ:** هەندێ لە مامۆستایان بڕیار دەدەن بەهیچ جۆرێک هیچ فێر نەبن، لە ترسی ئەوەی کە ئەوەی کۆمەڵگە دەستی دەکەوێ چی لێ بەسەردێت.

**مویرز:** چی ڕوو دەدات ئەگەر پاڵەوان لەئەزموونی سەختی خۆی گەڕایەوەو ئەو جیهانەش قبووڵی ئەو شتانە نەکات کە ئەو هێناویەتییەوە؟

**کەمبڵ:** بێگومان ئەمەش ئەزموونێکی ئاساییە. زۆرجار مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە جیهان قبووڵی خواستەکانی ئەو ناکات، بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە کە نازانێ چۆن ئەو خواستانە وەرگرێ و بەسەر دەزگاکاندا دابەشی بکات

**مویرز:** واتە چۆن بیپارێزێ و نوێی بکاتەوە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، چۆن وای لێ بکات بە بەردەوامی بمێنێتەوە؟!

**مویرز:** هەمیشە ئەو وێنانە سەرسامیان دەکردم، ئەو وێنانەی دەربارەی دووبارە بەخشینەوەی ژیانن بە ئێسکە وشکبووەکان و وێرانە و پاشماوەکانەوە.

**کەمبڵ:** جۆرێک پاڵەوانی پلە دوو هەیە کە کەلەپوور نوژەن دەکاتەوە، ئەم پاڵەوانە



بەڕاڤەی کەلەپوور دەکات دەیگۆڕێت، لە کۆمەڵێ کلێشەی کۆنەوە بۆ ئەزموونی زیندوو هەنووکەیی. ئەم کارە دەبێ لای هەموو کەلەپورەکاندا ڕووب دات.

**مویرز:** زۆربەی ئاینەکان کاری خۆیان بەپاڵەوانەکانی خۆیان دەست پێ کردووە. سەرتاسەری ڕۆژهەڵات بەرەکەتی تێ کەوت لەڕێگەی زانیارییەکانی یاسای چاکە کە بوودا بۆی هێنان، ڕۆژئاواش بەو یاسایانەی کە مووسا لەسارای سیناوە هێنای بەرەکەتی بڵاوکردەوە. پاڵەوانە لۆکاڵییەکان یان هی هۆزەکان، کاری ئەوان تەنیا بۆ هۆز یان ناوچەکەی خۆیانە، بەڵام پاڵەوانی جیهانی وەک محەمەدو عیسا و بوودا ئەوان لە جێگایەکی دوورەوە پەیامی خۆیان هەڵگرتووە. ئەم پاڵەوانە ئاینییانە دەرکەوتن، لەڕێگەی ڕووداوی پرجوو ئاسای خوداوە، نەک بەنەخشەیەک کە خۆی دای ڕشتبێت.

**کەمبڵ:** لە تەوراتدا کۆمەڵێ یاسای هەوڵناک دەبینی.

**مویرز:** بەڵام ئەم بابەتە ئەو گۆڕانکارییە دەگەیەنێ کە بەسەر ئایندا دێت تابێ بەلاهووت؛ ئاین بەهەستی سەرسامبوون و ڕێزو کۆشش دەست پێ دەکات بەمەبەستی دووبارە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی پەیوەستمان دەکات بەخوداوە. پاشان بۆ کۆمەڵێ بەرهەمی خواناسی دەگۆڕێ کەلەوێدا هەموو شتێک دەبێ بەسیمبول و فرمان.

**کەمبڵ:** ئەمەش، کەمبوونەوەی میتۆلۆژیاو گۆڕینی بۆ لاهووت دەگەیەنێ. میتۆلۆژیا زۆر نەرم و قابیلی گۆڕانە، زۆر لەئەفسانەکان لەگەڵ خۆیاندا ناکۆکن. ڕەنگە چوار تا پێنج ئەفسانە لەیەک کولتووری دیاریکراودا، هەر هەموویان بۆ یەک نهێنی، کۆمەڵێ بەسەرهاتی جیاواز پێشکەش بکەن. پاشان ئەم لاهووتە دێتە پێشێ و دەڵێ: دەبێ تەنیا بەم شێوەیە ئەم بابەتە بخرێتەڕوو. میتۆلۆژیا شیعرە و زمانی شیعریش گەلێک نەرمیی تێدایە.

ئاین شیعر بۆ پەخشان دەگۆڕێ. خودا بەڕاست و ڕەوان لەو سەرەوە دەڵێ، ئەوەی بەواقیعی بیری لێ دەکەیتەوە هەر ئەوەیە، دەشبێ ڕەفتاری ئێوە بەو جۆرە بێت، تا پێوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ خودادا بەرقەرارکەیت.

**مویرز:** بۆ زانینی گرینگیی چیرۆکەکانی شا ئارسەر پێویست بەوە ناکات ئەو بڕوایەت هەبێ کەئایا شا ئارسەر هەیە یان نییە، بەڵام مەسیحییەکان دەڵێن دەبێ بڕوامان هەبێت کە عیسای مەسیح هەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم بڕوایەمان نەبێت ئەوا پرجووەکانی هیچ مانایەکیان نابێت.

**کەمبڵ:** ئەم پەرجووانە هەمان ئەوانەن کە ئالیاس ئەنجامی دابوون. ژمارەیەکی زۆر پەرجوو هەن وەکو گەردیلە لەئاسماندا سەما دەکەن، کەسێک دێت دەستڕەنگینی و بیرتیژیی تایبەتی تێدایە، هەر لەپڕ شتەکان هەر هەموو لەدەوری کۆدەبنەوە. چیرۆکی ئەو پەرجووانە زۆر بەئاسانی وامان لێ دەکات بڕوامان وابێت ئەو پیاوە کەسێکی ناوازەیە مژدەی ئەوەی پێیە کە سیستمێکی ڕۆحیی کە ناسروشتییە دادەنێ، بۆیە ئەو کەسە توانای ئەنجامدانی جادووی ڕۆحیی هەیە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەو کەسە بەڕاستی ئەو کارانەی ئەنجام داون، هەرچەندە ڕێگەی تێ دەچێ کە ئەو کارانەی کردبن. سێ تا چوار جار لە ژیانمدا ڕووداوی سیحریم بینیوە لەبەرچاوم ئەنجام دراون: ژن و پیاوی وا هەن دەتوانن کاری وا ئەنجام بدەن، کەتۆ بڕوا ناکەیت ئەو کارە بتوانرێ ئەنجام بدرێت. نازانین لەکوێوە دەتوانین سنوورەکانی توانا دەستنیشان بکەین. بەڵام پەرجووەکانی نێو ئەفسانە مەرج نییە ڕاست بن. بووداش وەک مووسا بەسەر ئاودا ڕێی کردووە. بوودا چووە بۆ ئاسمان و گەڕاوەتەوە.

**مویرز:** لەبیرمە لە یەکێک لەکۆڕەکانتدا بازنەیەکت کێشاو وتت: (ئەمە ڕۆحی ئێوەیە.)

**کەمبڵ:** ئەو کارە تەنیا فێڵێکی پەروەردەیی بوو. ئەفلاتوون وتویەتی: ڕۆح بازنەیە، ئەم بیرەم وەرگرت تا لەسەر تەختە، هەموو بوارەکانی ڕۆح بخەمەڕوو. پاشان بەهێڵکی ئاسۆیی بازنەکەم کردە دوو بەشەوە کەهێڵی نێوان هۆشمەندی و ناهۆشمەندییە. ئەو سەنتەرەی کە هەموو هێزی ئێمە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت بەخاڵێک لەناوەڕاستی بازنەکە لەژێرەوەی هێڵە ئاسۆییەکەدا کێشام، منداڵ ئەوەی لە پێویستییەکانی جەستە بچووکەکەیەوە دەردەچێت، هیچ نیازو ئامانجێکی تری



نییە، ئەمەش ڕێگەیەکە ژیانی پێ دەست پێ دەکات، زۆرجار کۆرپەڵە هێزی بزوێنەری ژیانە. پاشان عەقڵ پەیدا دەبێت و هەموو شتێک دەستنیشان دەکات؛ ئەو شتەی کەمن دەمەوێ چییە و چۆن ئەو شتە پەیدا بکەم؟

شوێنی من کەوتووەتە سەرەوەی هێڵی ئاسۆیی کە بەچوارگۆشەیەکی بچووک وێنەم کێشاوە. ئەمەش لایەنێکە لەهۆشمان کە بەسەنتەری خۆمانی دادەنێین، بەڵام تێبینی دەکەی ئەوەی لەسەنتەر بێت گەلێ دوورە، ئێمەش وا دەزانین ئەمە ئەو هۆیەیە کە تووشی ئەو هەموو شتەمان دەکات، بەڵام وانییە.

**مویرز:** کەواتە ئەو هۆیە چییە بەسەرمان دێ و ڕوو دەدا؟

**کەمبڵ:** هۆکاری ئەوەی کە ڕوودەدا لە خوارەوە لە شوێنێکی دوورەوە دێت، قۆناغی هەرزەکارییە، ئەو قۆناغەیە تاک تێیدا تێ دەگات کە ئەو هۆی ئەو ڕووداوانە نین کە ڕوو دەدەن، کاتێ کە سیستەمێکی نوێ لە پێویستیەکان لە ناخی جەستەمانەوە خۆی ڕادەگەیەنێت. بەڵام هەرزەکار هیچ بۆچوونێکی نییە کە چۆن ئەمە چارەسەر دەکرێ لە سەرسوڕمان نەبێت بەرامبەر ئەو شتەی کە ئەیروژێنێ – بۆئافرەتانیش ئەم ڕاستییە ڕاستە.

**مویرز:** پێ دەچێت زۆر ئاشکرا بێت کە ئێمە وەکو منداڵان لەوێوە لە خوارەوە جۆرێک لە سندووقی زاکیرەمان پێ بەخشراوە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو بڕە بیرەوەریەی کە لە خوارەوەیە زۆر سەرسوڕهێنەرە. کاتێ کە کۆرپەڵە ددانی لە مەمکی دایکی گیردەکات دەزانێ چی دەکات. سیستەمێکی تەواو لە کاری پێشتر دروست کراوە کە لە گیانلەبەراندا هەیە و پێی دەوترێ غەریزە(خۆڕسک). ئەمەش لایەنی بایۆلۆژیی مەسەلەکەیە. بەڵام پاشان هەندێ شت ڕوو دەدەن ئەنجامی ئەو کارانەن کە مرۆڤ ناچار بووە بیکات، بۆ کارێکی زیندوو، دژوار و ترسناک یان گوناهکاری دەگۆڕێ، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو ساتانەی کە ڕووبەڕووی دژوارترین گرفتە دەروونییەکانمان دەبینەوە.

لە یەکەمین پلەدا ئەفسانەکان بریتین لە ڕێنوێنیی بونیادنەرانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە. کۆمەڵگاکانمان ئەمڕۆ ڕێنوێنیی ئەفسانەییی ئا لەم جۆرە ناخەنە

بەردەممان، بۆیە دەبینی لاوانمان پێیان سەختە بتوانن پێکەوە ڕۆڵەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. بۆچوونێک یان تیئۆرێک هەیە لەوێدا دەڵێم گەر بۆمان بکرێ بزانین لە چ شوێنێک ڕاوەستانی ڕۆحی لە تاکدا ڕوودەدات، ئەو کاتە دەتوانین ئەفسانەیەکی بەرامبەر بۆ ئەم گرفتە پەیدا بکەین.

**مویرز:** هەندێ جار گوێمان لێ دەبێت خەڵکی دەڵێن: (خۆت بناسە.) بەبڕوای ئێوە ئەم ڕستەیە چ مانایەکی هەیە؟

**کەمبڵ:** ڕێگەی تێ دەچێت کە ئەوەندە لەژێر کاریگەریی ئامانج و فرمانەکانی هاوسێکەت دا بێ، تا ئەوڕادەیەی نەتوانی بەڕاستی بزانی چیت دەوێ و، دەشتوانی ببی بەچی. بەگومانی من کەسێک کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی سەخت و توندو تیژدا گەورە بووبێت، زۆر دوورە بتوانێ بگاتە ناسینەوەی خۆی.

**مویرز:** لەبەرئەوەی پێت وتراوە کە دەبێ چی بکەیت.

**کەمبڵ:** لەهەر چرکەیەکی زەمەندا پێت وتراوە دەبێ بەتەواوی چی بکەیت؛ گەر ئێستا تۆ لەسووپا بیت، ئەمە هەمان ئەو کارەیە کە ئەنجامی دەدەی. وەک منداڵێک، ئەو منداڵە لەقوتابخانەدا بەردەوام ئەو کارە ئەنجام دەدات کەداوای لێ دەکرێ ئەنجامی بدا . هەر لەبەرئەمەش ڕۆژەکانی پشووت ئەو ڕۆژانەم ماون و دەیانژمێری، تاڕۆژێک بێت بۆ ئەوەی بزانی کەتۆ چیت.

**مویرز:** میتۆلۆژیا دەربارەی ناسینەوەی ئەوی ترمان چی دەڵێ، واتە دەربارەی خودی ڕاستەقینەمان؟

**کەمبڵ:** یەکەم ڕێنوێنی ئەوەیە کەدوای ئەو ماناو سیمبولانە بکەوە کە لەخودی ئەفسانەدا هەیە، هەروەها دەبێ دووی مامۆستاو بەخێوکەرت بکەوی، واتا ئەوانەی شارەزاییان لەم پرسەدا هەیە. لێرەدا تاک وەک وەرزشکارێکە و دەچێتە لای ڕاهێنەرەکەی، ڕاهێنەر پێی دەڵێ: چۆن لەیاریدا هێزەکانی خۆی بەکار بهێنێت. هیچ کاتێک ڕاهێنەری چاک بەڕاکەر ناڵێت چۆن قاچ دەجووڵێنێتەوە یان شتی لەم بابەتە، ئەو لەکاتی ڕاکردنی ڕاکەردا چاوەدێریی دەکات و پاشان کۆمەکی دەکات کە حاڵەتی



سروشتیی خۆی چاک بکاتەوە، ڕاهێنەری چاک ئەو کەسەیە چاودێریی ئەو لاوە دەکات تابزانێ توانای ئەو چییە، پاشان لەو ڕێگەیەوە ڕێنوێنیی دەداتێ نەک فرمان. فرمان بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو (من بەم شێوەیە ئەنجامی دەدەم تۆش دەبێ بەم شێوەیە ئەنجامی بدەی.) هەندێ لە هونەرمەندان بەم شێوەیە وانە بەخوێندکارانی خۆیان دەڵێنەوە. بەهەرحاڵ مامۆستا دەبێ بەدووورودرێژی وانەکەی بڵێتەوەو ڕێنوێنیی هەمەلایەنە پێشکەش بکات. گەر هاتو کەسێکت نەدۆزییەوە بەم شێوەیە ئەم کارەت بۆ ئەنجام بدات، ئەوا خۆت بە هەوڵو تەقەلا ئەم کارە ئەنجام بدە، وەک دووبارە دروستکردنەوەی ویلێک(تەگەری ئۆتۆمبێلێ).

یەکێک لە شێوازە باشەکانی خۆفێرکردن، بریتییە لەپەیداکردنی ئەو پەڕتووکەی پێت وایە باس لەو پرسانە دەکات کە تۆ پێوەیان سەرقاڵی. بێگومان ئەم پەڕتووکە هیچ نەبێت سەرە دەزوویەکت دەداتە دەست. من لە ژیانی خۆمدا لەجیمس جۆیس و تۆماس مانەوە، فێری زۆر شت بووم. ئەم دووانە هەردووکیان بابەتە سەرەکییەکانی میتۆلۆژیایان بەکارهێنا بۆ ڕاڤەکردنی ئەو گرفت و پرسیارو سەرگەرمییانەی کە لاوان لە دنیای هاوچەرخدا بەرەو ڕوویان دەبنەوە و کاریان پێ دەکەن. تۆش دەتوانی بۆ خۆت ئەو بابەتە میتۆلۆژییانە لەکاری ڕۆماننووسێکی باشدا بدۆزیتەوە، ئەو ڕۆماننووسەی تێ گەیشتووە کە ئەم بابەتە چییە.

**مویرز:** ئەم مەسەلەیە جێگای سەرسامییە، گەر ئێمە ئەوەندە شانسدار بین و خوداو حۆرییەکان بۆمان پێ بکەنن، ئەوا هەر وەچەیەک کەسێکی بۆ پەیدا دەبێ تا ئیلهامی پێ ببەخشێ بۆ ئەو سەفەرەی مەبەستی ئەنجامدانێتێ. لەسەردەمی تۆدا جیمس و تۆماس مان ئەم ئیلهامەیان دەبەخشی، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا فیلمەکان ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن. ئایا فیلمەکان ئەفسانەی پاڵەوانێتی دروست دەکەن؟ بۆ نموونە، ئایا پێت وایە فیلمێکی وەک جەنگی ئەستێرەکان، بڕێک لە پێویستیی بوون بەوێنەی پاڵەوان، پڕ دەکاتەوە؟

**کەمبڵ:** بیستوومە هەندێ لە لاوان زاراوەکانی جۆرج لۆکاس لە ژیانی ڕۆژانەدا دەڵێنەوە، وەک زاراوەی (هێز) و (لایەنی تاریک). کەواتە دیارە نیشانەی خۆی پێکاوە و مامۆستایەکی باشە.

**مویرز:** پێم وایە ئەم بیرە تاڕادەیەک سەرکەوتنی جەنگی ئەستێرەکان دەردەخات. ئەوەی وای لێ کرد ببێتە فیلمێک ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تەماشای بکەن تەنیا ئەرزشی بەرهەمهێنانەکەی نەبوو، بەڵکو ئەم فیلمە لەکاتێکدا هێنرایە بەرهەم، خەڵکی پێویستیان بەوە بوو لە قاڵبێکی وێنەییدا تێ بگەن ململانێی نێوان چاکەو خراپە چییە. پێویستیان بەوە بوو ئایدیالیسمیان وەبیربێتەوە، پێویستیان بەوە بوو کە چیرۆکێکی ڕۆمانسی ببینن لەسەربناغەی خۆنەویستن بونیادنرابێت، نەک لەسەر بناغەی خۆپەرستی.

**کەمبڵ:** ئەو ڕاستییە هەیە کە هێزی خراپەکاری لە فیلمەکەدا نمایش کراوە، بەراورد نەکراوە بەهیچ میللەتێک لە میللەتانی سەر زەوی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئاماژە بەهێزێکی موجەڕەد کراوە کە خۆی لە پرنسیپەکەدا دەبینێتەوە نەک لە هەلومەرجی مێژوویی. بۆیە ئەرکی ئەو چیرۆکە سەرقاڵی بووە بەپرۆسەکانی جێبەجێکردن نەک دژایەتیی میللەتێک لەگەڵ میللەتێکی تر. ئەو دەمامکە ترسناکانەی ڕوخساری مرۆڤەکانیان پێ دادەپۆشرێ لە جەنگی ئەستێرەکاندا، نیشاندانی هێزی خراپەکاریی واقیعییە لە دنیای نوێدا. کاتێ کە لە فیلمەکەدا دەمامکی دارس ڤادەر Darth Vader (کەسایەتییکە لەنێو فیلمی جەنگی ئەستێرەکان) لەسەر ڕوخساری بەردەبێتەوە، ڕوخساری پیاوێک دەبینین کەسیمایەکی نیوەتەواوە (وەک مرۆڤ گەشەی تەواوی نەکردووە..... وەرگێڕ). ئەو ڕوخسارەی دەیبینی ڕوخسارێکی سەیرو ڕقاوییەو ناتوانرێ بناسرێتەوە.

**مویرز:** ئەم بابەتە چ گرنگییەکی هەیە؟

**کەمبڵ:** Darth Vader مرۆڤایەتیەکی گەشە نەکردووی هەیە. مرۆڤێکی ئاسنییە. مرۆڤێکی ئامێری و ڕۆبۆت ئاسایە، بیروکراتە و بۆ خۆی ناژی بەڵکو بۆ سیستەمێکی سەپێنراو بەسەریدا دەژی. ئەمەش هەڕەشەیەکە هەمووان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ئایا سیستم دەیەوێ بەتەواوی بەتاڵمانکاتەوەو مرۆڤایەتیمان زەوت بکات، یاخود تواناکانمان دەبێت سیستم بەکاربێنێن بۆ وەدەستهێنانی مەبەستە مرۆڤایەتییەکانمان؟ چۆن دەتوانین بەشێوەیەک پێوەندیی لەگەڵ سیستمدا ببەستین



نەبین بەکارەکەری (ئامرازی دەستی)؟ بۆیە بێ سوودە گەر بەپێی بیرکردنەوەی خۆت ئەو سیستمە بگۆڕی. لەبەرئەوەی ئەو هێزە مێژووییەی کە لەپشتەوەی ئەم سیستمەدایە ئەوەندە گەورەیە، هیچ شتێکی ئەم جۆرە هەوڵدانانە هەڵناکرێنێ. ئەوەی دەبێ فێری بین ئەوەیە وەک مرۆڤێک لەقۆناغی مێژوویی خۆماندا بژین. ئەمەش کارێکی ترەو دەکرێ بەدی بێهنرێت.

**مویرز:** چۆن؟

**کەمبڵ:** بەوەی کە دەستبەرداری ئەو ئامانجانە نەبین کە هەمانن، هەروەها وەک لۆک ئسکای واکەر داوای ئەو سیستمە ناکەسییانە ڕەفزکەینەوە کە دەیانەوێ بەسەرماندا بسەپێنین.

**مویرز:** کاتێ کە هەردوو کوڕەکەم لەگەڵ خۆمدا بۆ تەماشاکردنی فیلمی جەنگی ئەستێرەکان برد، بینیم ئەوانیش هەمان هەست نیشان دەدەن کەجەماوەر لەو کاتەدا نیشانی دەدا واتە ئەو کاتەی کە لەدواین چرکەی ململانێدا دەنگی Ben knobi بە سکای واکەر دەڵێ: (کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنەوە، ماشینەکەت خامۆش بکە، پشت بەهەستەکانت ببەستە و پەیڕەوی هەست بکە). کاتێ ئیسکای واکەر ئەم کارەی کرد و سەرکەوت، هەموو تەماشاکەران هاواریانکرد.

**کەمبڵ:** تەماشاکە، دەبینی ئەم فیلمە پێوەندی دروست دەکات. لاوان لە زمانی ئەو فیلمە دەگەن، ئەمەش ئەو شتە گرنگەیە. ئەو پرسیارەی ئەم فیلمە دەیخاتەڕوو ئەمەیە: ئایا دەتەوێ مرۆڤێکی خاوەن دڵ بی و مرۆڤایەتیت تێدابێ، یان، لەبەرئەوەی لەوێ کە ژیان هەیە، لە دڵەوەیە، دەتەوێ هەموو ئەو شتانە ئەنجام بدەی کە هێزی مەبەستدار لەتۆی دەوێ ؟ کاتێ کە Ben knobi دەڵێ، (ڕەنگە هێز لەگەڵ تۆدا بێت) باس لە هێزو توانای ژیان دەکات، نەک مەبەستە سیاسییە داڕێژراوەکان.

**مویرز:** لە پێناسەکردنی زاراوەی هێزدا تووشی سەرسوڕمان بووم. Ben knobi دەڵێ (هێز بوارێکە لە وزە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان دروستیان کردووە.

شتێکە ئابڵوقەی داوین، دەچێتە ناخمانەوە، هەروەها ئەستێرەکان بۆ لای یەکتری ڕادەکێشێ.) لەپەڕتووکی (پاڵەوانی هەزار ڕوو) دابڕێکی زۆر وەسفیی لێکچووم خوێندەوە دەربارەی سەنتەری جیهان، شوێنی پیرۆز، ئەو هێزەی کە لە چرکەی خوڵقاندندا ئامادەیە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، هێز لەناخەوە دەجووڵێ. بەڵام هێزی ئیمپراتۆری لەسەر بناغەی دەست بەسەراگرتن و فەرمانڕەواییکردن بونیاد نراوە. جەنگی ئەستێرەکان گەمەیەکی مۆڕاڵیی سادە نییە، بەڵکو باس لە هێزەکانی ژیان دەکات، بەو جۆرەی بەدی هاتوون و شکاون و لەڕێگەی کاری مرۆڤەوە سەرکوت کراون.

**مویرز:** کاتێ بۆ یەکەمین جار جەنگی ئەستێرەکانم بینی، بیرم کردەوە وتم ئەمە چیرۆکێکی زۆر کۆنە، بەڵام لەپۆشاکێکی فرە مۆدێرندایە.) چیرۆکی لاوێک کە بۆ سەرچڵییەک بانگێشت کراوە، پاڵەوانێکە بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەزموون و دژوارییەکان بەرێ دەکەوێ، پاش بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەدەست کەوت و بەختیارییەوە بۆ لای کۆمەڵگاکەی دەگەڕێتەوە.

**کەمبڵ:** بەدڵنیاییەوە لۆکاس نموونەی کەسایەتیی ئەفسانەییی نموونەییی بەکارهێنا. ئەو پیرەمێردەی ڕۆڵی ڕاوێژکەر دەبینێ، ئەو پیاوە ژاپۆنییەی وەبیر هێنامەوە کە مامۆستای شمشێربازی بوو. ژمارەیەک لەو کەسانە دەناسم، تارادەیەکیش Ben knobi کەمێ لە مۆرکی ئەو کەسایەتییانەی تێدایە.

**مویرز:** مامۆستای شمشێربازی چی دەکات؟

**کەمبڵ:** ئەو کابرایە لە هونەری شمشێربازیدا پسپۆڕە. بێگومان پەروەردە و چاودێریی هونەری جەنگی لەڕۆژهەڵاتدا زۆر باڵاترو زیاترە کە من لە هونەری جیمناستیکی ئەمریکیدا بینیبووم. لەوێدا هونەری دەروونی و فسیۆلۆژی پێکەوە کۆدەبنەوە. ئەو کەسەش لەجەنگی ئەستێرەکاندایە و ئەم جۆرە تایبەتمەندییانەی تێدایە.

**مویرز:** هەروەها لایەنێکی تری میتۆلۆژی هەیە لەو لایەنەدا کەسێکی نامۆ



دەردەکەوێ ئامێرێک دەخاتە بەردەستی پاڵەوان، بەم کارەشی یارمەتیی پاڵەوان دەدا.

**کەمبڵ:** ئەم نامۆیە نەک تەنیا ئامرازێکی ماتەریالی دەخاتە بەردەستی پاڵەوان، بەڵکو لەڕووی دەروونیشەوە یارمەتیدەرە و هەروەها پەیمانی دەروونناسی و سەنتەری دەروونناسیشی دەخاتە بەردەست. ئەم پەیمانە بەرەو ئاراستەی سیستمی ئیرادی دەروا و تاکیش لەگەڵ ڕووداودا دەبێ بەیەک.

**مویرز:** چاکترین دیمەن لای من دیمەنی ئەو کاتە بوو کە ئەوان لەنێو دەزگای فشاردنی زبڵدابوون، کاتێ دیوارەکانی داخران، ئەو کاتە لە دڵی خۆمدا وتم: (ڕێک لە ورگی ئەو نەهەنگە دەچێ کە یونسی قووت دا.)

**کەمبڵ:** ڕاستە، ئەوان لەهەمان جێگا لەنێو ورگی نەهەنگدا بوون.

**مویرز:** لەڕووی میتۆلۆژیاوە ورگ چی دەگەیەنێ؟

**کەمبڵ:** ورگ جێگایەکی تاریکە، لەوێدا کاری هەزمکردنی خۆراک ڕوو دەدات و وزەی تازە دروست دەبێتەوە. چیرۆکی یونس لەنێو سکی نەهەنگدا، بریتییە لەناوەڕۆکی ئەفسانەیەکی جیهانی؛ ئەو پاڵەوانەی دەکەوێتە نێو سکی ماسییەوە و پاشان سەرەنجام بەشێوەیەکی تر دەگەڕێتەوە.

**مویرز:** بۆ دەبێ پاڵەوان ئەم کارە ئەنجام بدات. ئەم کارە جۆرێکە لەدابەزین بۆ تاریکی. لەڕووی دەرونناسییەوە نەهەنگ ئاماژەیە بۆ هێزی ژیان کە لەنێو ناهۆشمەندیدا دەست بەسەرە. لەڕووی خوازیاریشەوە ئاویش هەر ناهۆشمەندییە، ئەو بوونەوەرەش کە لەئاودایە ژیان یان وزەی ناهۆشمەندە کەکەسێتیی ناهۆشمەندی بچووک کردووەتەوە، بۆیە دەبێ هێزی لێ بسەنرێتەوەو بەسەریدا سەرکەوێ و کۆنترۆڵی بکات.

لە یەکەمین قۆناغی ئەم ڕووداوە، پاڵەوان ئەو دنیا مەئلووفەی لەگەڵیدا ڕاهاتبوو بەجێی دێڵێ و ڕوو دەکاتە کەنارێک، بۆ نموونە کەنار ڕووبارێ یا دەریایەک، لەوێ ڕووبەڕووی دێوێک دەبێتەوە کە هاتووەتە خوارەوە. بۆیە لێرەدا دوو ئەگەر هەیە.

لەجۆری ڕووداوەکەی یونسدا پاڵەوان قووت دەدرێ و دەبرێتە خوارەوە بۆ ئەوەی پاشان دووبارە زیندوو بێتەوە، واتا جۆرێک لەمردن و ژیانەوە هەیە. لێرەدا کەسایەتیی هۆشمەند، لەبەرامبەر هێرشی شەپۆلێک لەوزەی ناهۆشمەندیدایە، کە ناتوانێ لەگەڵیدا مامەڵە بکات بۆیە ناچارە لە سەفەرێکی دەریاییی شەوانەدا کە پڕە لەترس بەرگەی ئازاری ئەو هەموو ئەزموون و دۆزینەوانە بگرێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا دەبێ فێربێت چۆن لەگەڵ هێزی تاریکیدا دەگونجێ و دووبارەش لە قاڵبی شێوەی نوێی ژیاندا دەردەکەوێ.

ئەگەری دووەم ئەوەیە کە پاڵەوان لەڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزی تاریکیدا سەرکەوێ و بیکوژێ، واتا هەمان ئەو کارەی کە سیگفرید و قەدیشس جیرج لەگەڵ ئەژدیهادا ئەنجامیان دا. بەڵام بەو جۆرەی کەزیگفرید تێ گەیشتبوو دەبێ پاش ئەنجامدانی ئەم کارە، خوێنی ئەژدیهاکە بخوات. تا شتێک لە هێزی ئەو ئەژدیهایە بچێتە ناخییەوە. پاش کوشتنی ئەژدیهاکە زیگفرید خوێنی ئەژدیهاکەی خوارد، گوێ بۆ ئاوازی سروشت هەڵدەخا. مەزنی بەمرۆڤایەتیی خۆی دەبەخشێ، دووبارە پێوەندیی لەگەڵ هێزە سروشتییەکان پەیدا دەکات کە هێزی ژیانن لەگەڵ عەقڵدا پێوەندیی پەیدا دەکات کە لەو شتەمان دووردەخاتەوە.

تێبینی دەکەی هۆش وادەزانێ کە ئەوە کاروبار بەڕێوە دەبات. بەڵام هۆشمەندی، ئەندامی ناوەندیی مرۆڤێکی کامڵەو، نابێ خۆی بخاتە هەڵوێستی بەرگریکردن لە کاروبارەکان. دەبێ هۆشمەندی خۆی بدات بەدەست مرۆڤایەتیی جەستەو بشبێ بەخزمەتکاری. کاتێ ئەرکەکەت بەرگریکردن دەبێت لە کاروبارەکان، ئەو کاتە شێوە مرۆڤایەتییەک بەدەست دێنی لە بابەتی ئەوەی دارت ڤاتەریDarth Vader لە جەنگی ئەستێرەکاندا هەیەتی، ئەو کەسەی سەرقاڵی کارکردن بوو لەسەر لایەنی هۆشمەندانە و بڕیاردان و نەخشەکێشان.

**مویرز:**مەبەستت فگیوری تاریکە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو ڕوخسارەی کەگۆتە لە فاوستدا لە کەسایەتیی میفیستۆفیلیسدا دەیخاتەڕوو (واتە شەیتان).



**مویرز:** گوێم لە دەنگی کەسێکە دەڵێ: (هەموو ئەم وتنانە لە خەیاڵی جۆرج لۆکاس و لێکۆڵینەوەکانی جۆزیف کەمبڵدا ڕێکوپێک و چاکن، بەڵام ئەمانە ئەوە نین لە ژیانمدا ڕوو دەدەن).

**کەمبڵ:** بەڵام دەتوانی لەوە دڵنیابیت کە ئەم شتانە لە ژیاندا هەن، گەر ئەوەت قبووڵ کرد ڕەنگە بۆ کەسێکی وەک دارت واتەرDarth vader بگۆڕێی. گەر هاتو مرۆڤ سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەرنامەیەکی دیاریکراو پەیڕەو بکات بێ ئەوەی گوێ لە داواکانی دڵی خۆی بگرێت، ئەوا تووشی شیزۆفرینیا دەبێت. ئەم کەسە خۆ خستووەتە دەرەوەی سەنتەر. وای کردووە ببێ بەکەسێک لایەنگری بەرنامەی ژیان نەبێ. بەڵام ئەو بەرنامەیە ئەوە نییە کە جەستە پێوەندیی پێوە هەبێت. جیهان پڕە لە کەسانێک چیتر گوێ لەخۆیان ناگرن، بەڵکو تەنیا گوێیان بۆ هاوسێکانیان هەڵخستووە تافێربن کەچی بکەن، چۆن دەبێ ڕەفتارکەن، ئەو بەهایانەی دەبێ پێی بژین، بیناسنەوە.

**مویرز:** بەو پێیەی کەتۆ زانیاریت لەبارەی بوونەوەرانەوە هەیە حەز دەکەم بپرسم ئایا دەکرێ تەسەور بکرێت کە لەمیانەی ململانێی نێوان ڕاستی و وەهمدا جۆرێک دەروازەی حیکمەت هەبێ و لەو دەرگایانەوە بتوانین جارێکی تر ژیانمان کۆبکەینەوە؟ ئایا دەتوانین نموونەی نوێ بۆ ژیانمان گەشە پێ بدەین.؟

**کەمبڵ:** ئەو دەروازەی حیکمەتە تا ئەم کاتەش لە ئاینەکاندا هەیە. هەموو ئاینیەکان لەسەردەمی خۆیاندا حەقیقەتیان تێدا بووە. گەر توانیت لایەنی حەقیقەتی جێگیری ئاینی ئاشکرا بکەیت و هەروەها جیاوازی بکەیت لەنێوان جێبەجێکردنە زەمەنییەکان، ئەو کاتە ئەو شتەی دەتەوێت دەستت دەکەوێ.

ئێمە لە قسەکانی پێشووماندا لەم بارەیەوە قسەمان کرد: باسی قوربانیدانمان بەحەزە سروشتییەکان و خۆ ڕزگارکردن لە ترسەکانی جەستە کرد لەپێناو پاڵپشتکردنی جەستەو یارمەتیدانی لەڕووی ڕۆحییەوە؛ هەروەها باسمان لەوە کرد ئایا جەستە لە بواری زەمەندا هەوڵی زانین و بەیانکردنی قووڵترین زانیاری

دەربارەی ژیانی خۆی دەدات؟ ئێمە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێ باشترین ڕێگە بدۆزینەوە بۆ چاودێریکردنی شکۆفەی مرۆڤایەتیمان و بۆ ئەم مەبەستەش خۆمان تەرخانبکەین.

**مویرز:** هۆکاری یەکەم نا، بەڵکو هۆکارە باڵاکە.

**کەمبڵ:** دەڵێم، تەنیا (هۆیەکی قووڵتر) (بەرزتر) لەو سەرەوەیە. دەزانین (لەسەرەوە) هیچی تر نییە. ئێمە ئەوەش دەزانین. ئەو پیرەمێردەی لە سەرەوەبوو ڕەوییەوە و کوژایەوە. دەبێ لە دەروونی خۆتەوە هێز دروست بکەیت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە گۆڕۆسەکانی ڕۆژهەڵات بۆ لاوانی ئەمڕۆ تا ئەم ئاستەش جێگای باوەڕن. ئەوان دەڵێن: (ئەو هێزە لەناختەو بڕۆ بیدۆزەرەوە).

**مویرز:** ئایا ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەمن کە دەتوانن ڕووبەرووی ئەم تەحەدییە ببنەوەو، ژیانی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن.؟

**کەمبڵ:** بەهیچ جۆرێ! ڕەنگە ژمارەیەک لەوانە بریتی بن لە گرووپی مامۆستاو سەرۆکەکان، بەڵام ئەمە شتێکە هەر کەسێ دەتوانێ بە پەرچدانەوەی بەرامبەری هەبێت، ئەم کارەش تەواو وەک ئەو کارەیە کەهەر کەسێ توانای ئەوەی هەیە، هەستێ و ژیانی منداڵێ قوتار بکات. ئەمەش کارێکە لەسەر شانی یەک بە یەکی تاکەکانە کە ئەو بەشە یابەهاکانی ژیانیان کە تایبەتن بەپاراستی جەستەو تێبینییە ئابوورییەکان بناسن.

**مویرز:** کاتێ منداڵ بووم سەرقاڵی خوێندنەوەی چیرۆکی (سوارەکانی مێزە بازنەییەکە) بووم، ئەم چیرۆکە ئەوەی خستە مێشکمەوە کە دەتوانم ببمە پاڵەوان. دەمویست هەڵمەت بەرم و بچمە جەنگی ئەژدیهاکان؛ بچمە شەڕی تاریکستان و شەیتان و شوم بکوژم. بەبڕوای ئێوە بۆچی ئەفسانەکان وا لە کوڕی جووتیارێکی ئۆکلەندی دەکەن کە هەست بکات بووە بە پاڵەوان؟

**کەمبڵ:** ئەفسانەکان وات لێ دەکەن هەست بکەی کە توانای کامڵبوونی نەفسیت هەیەو هەرچی وزەیە لەناختدایەو توانای هێنانی هەتاوت بۆ جیهان هەیە. لەڕاستیدا



کوشتنی دێو، کوشتنی تاریکییە. ئەفسانە لەناخەوە داگیرت دەکات. لە تەمەنی منداڵیدا هەر زوو ڕێگەی پەیداکردنی تێگەیشتنی ئەفسانە دەدۆزیتەوە، هەروەک ئەوەی بەسەر مندا هات، کاتێ کە چیرۆکی هیندییە سوورەکانم دەخوێندەوە، هەمان ئەو کارانەم دەکرد، لە قۆناغەکانی دواییدا، ئەفسانەکان زیاتر و زیاتر، دیسانیش زیاتر لەگەڵ تۆدا دەکەونە گفتوگۆ. بەبڕوای من کەسێک سەردەمێک بە جیددی سەرقاڵی وێنە ئاینییەکان یان ئەفسانەییەکان بێ، ئەوا وێنە ئاینی و ئەفسانەییەکان پێت دەڵێن تۆ لەقۆناغی منداڵیت ئەم شتە فێر دەبیت و لەئاستێکی دیاریکراودا تێی دەگەیت، بەڵام لەپاشان کۆمەڵێ ئاستی زانینی ترت بۆ ئاشکرا دەبن؛ ئەو شتانەی ئەفسانەکان ئاشکراو ئاماژەیان بۆ دەکەن بێ کۆتایین.

**مویرز:** چۆن ئەو ئەژدیهایە لەناخی خۆمان بکوژم؟ ئەو سەفەرە چییە، هەریەک لە ئێمە دەبێ ئەنجامی بدات، ئەو سەفەرەی تۆ ناوت ناوە (سەرچڵیی ڕۆحی باڵا).؟

**کەمبڵ:** فرمۆلی گشتیم بۆ خوێندکاران ئەوەیە کە (ڕەدووی بەختیاریی خۆتان بکەون) و بزانن خۆشبەختییان لەکوێیە، ناشبێ لەگەڕانیاندا ماندوو بن.

**مویرز:** ئایا ئەمە کاری منە یا ژیانی منە؟

**کەمبڵ:** گەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدەی، خۆت هەڵت بژاردووەو چێژی لێ دەبینی، کەواتە ئەمە بەختیارییە. بەڵام گەر پێت وایە کە (ئاه، نەخێر! ناتوانم ئەم کارە بکەم!) هەمان ئەو ئەژدیهایەیە کە بەدەستییەوە دیل بووی. (نە، نە، من ناتوانم ببم بەنووسەر) یا (نە، نە، ڕەنگە نەتوانم کارێک کەفلان و فیسار ئەنجامی دەدەن من ئەنجامی بدەم.)

**مویرز:** بەم پێیە، بەپێچەوانەی پاڵەوانانی وەک پرۆمتەو عیسا، ئێمە بە مەبەستی ڕزگارکردنی خۆمان ئەم گەشتە دەکەین، نەک ڕزگارکردنی جیهان.

**کەمبڵ:** ئایا بەئەنجامدانی ئەم کارە ئێوە جیهان ڕزگار دەکەن. گومانی تێدانییە کە کاریگەریی کەسێکی زیندوو، ژیانبەخشە. دنیای بێ ڕۆح، سەرزەمینێکی وێرانەیە.

خەڵکی پێیان وایە ئازادبوونی جیهان بە گۆڕینی شت و یاساکان و گۆڕینی ئەوانەی لەسەرەوەن دێتەدی، بەڵام وانییە، هەر جیهانێک کە زیندوو بێت، جیهانێکی ڕاستو ڕەوانە.، ئەوەی دەبێ بۆ ئەم جیهانە بکرێت ئەوەیە بە ژیان ئاوبدرێت، تەنیا کارێک بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە لە حاڵەتی تایبەتی خۆت بپرسی کە ژیان لەکوێیەو، خۆشتان زیندووبن.

**مویرز:** کاتێ کە بۆ سەفەر دەڕۆم و دەچمە خوارەوە و ئەم ئەژدیهایە دەکوژم، ئایا دەبێ بەتەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بڕۆم؟

**کەمبڵ:** گەر یەکێکت دەست بکەوێ لەم کارە کۆمەکت بکات باشترە.

بەڵام لە کۆتاییدا، دواین کار دەبێ لەلایەن تاک خۆیەوە بەئەنجام بگات. لەڕووی دەروونناسییەوە، ئەژدیها پابەستبوونی تاکە بەخودی خۆیەوە. بەڵام ئێمە لە قەفەسی ئەژدیهای تایبەتی خۆماندا بەندین. ئەو مەسەلەی کە پزیشکی دەروونناسی ڕوبەڕووی دەبێتەوە، لەتوپەتکردنی ئەم ئەژدیهایەیە بەجۆرێک سنوورێک بۆ تواناکانی دانێت، بەمەرجێک بتوانین بۆ بواری فراوانتری پێوەندییەکان درێژبینەوە. دوا ئەژدیهای ڕەها لە دەروونی تۆدایە، ئەمەش منی تۆیە کە کۆت و زەنجیرت دەخاتە دەست.

**مویرز:** ئەو منەی کە تایبەتە بەمن چییە؟

**کەمبڵ:** شتێکە پێت وایە، دەتەوێ، شتێکە حەزدەکەی بڕوات پێ بێت، شتێکە پێت وایە دەتوانی دەسەڵاتت بەسەردا بشکێ و، هەوڵ دەدەی خۆشت بوێ، شتێکە پێت وایە تۆ سەربەوی و پەیوەستی ئەوی. ئەم پەیوەستییە ڕەنگە زۆر بچووک بێت، بەڵام لەشوێنی خۆتدا دەتچەقێنێ. ئەگەر بەڕاستی کارێک ئەنجام بدەی کە هاوسێکانت پێت دەکەن، بەڕاستی ئەو کاتە تۆ هەنگاو بەرەو چەقین لەزەویدا دەنێی، لەم حاڵەتەشدا هاوسێکانی تۆ هەر ئەو ئەژدیهایانەی تۆن کەلە دەروونتانەوە ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەژدیها ڕۆژئاواییەکانی ئێمە نوێنەری چاوچنۆکین. بەڵام ئەژدیهای چینی وانییە. ئەم ئەژدیهایانە پڕن لە زیندوویێتیی مەنگاوەکان، ئەم ئەژدیهایە سەرئاودەکەوێ و بە



سکی خۆیدا دەکێشێ و هاواردەکات (هوو هاهاهوو). ئەم جۆرە ئەژدیها خۆشەویستانە لەگەڵ خۆیان دیاریی مەزن و شکۆمەندی و دەستبڵاویی ئاوەکان دەهێنن. بەڵام ئەو ئەژدیهایانەی کە لەچیرۆکە ڕۆژئاواییەکانی ئێمەدا هەن، هەوڵ دەدەن هەموو شتێک بۆ خۆیان کۆبکەنەوە و بیپارێزن. ئەو ئەژدیهایانە لەنێو ئەشکەوتە شاراوەکانی خۆیا پاسەوانی لەو شتانە دەکەن کە کۆیان کردووەتەوە: بڕێکی زۆر زێڕو کچی پاکیزەی دیلکراوی کۆکردۆتەوە، نازانن چی لەم هەموو شتانە بکەن، بەڵکو تەنیا پاسەوانییان دەکەن دەیانپارێزێ. کەسانی لەم جۆرەش هەن کە پێیان دەوترێ کەسانی هیچ و پووچ. ئەو کەسانە نەژیانیان لێ دەبێتەوە نە سەخاوەت. ئەو کەسانە خۆیان بە تۆوە لکاندووە و هەوڵ دەدەن بۆ خۆراکی ژیانی خۆیان خوێنی تۆ بمژن.

دەروونناس یۆنگ، ژنێکی نەخۆش، هاتە لای، دەردەکەی ئەوەبوو هەستی دەکرد لەم دنیایە تاکوتەنیایە و هیچی نییە. کاتێ کە وێنەی هەستەکانی خۆی بۆ یۆنگ کێشا، بەو جۆرە باسی کرد کە کەسێکە لەسەر کەناری دەریای خەمۆکییەو لەناوقەدییەوە تا بەری پێی لەنێو بەردایە، با هەڵدەکاو قژوکەزیەکانی دەشەکێنێتەوە، هەرچی زیڕ و خۆشیی ژیان هەیە دوور لەو و لەنێوان ئەو بەردانەدا بەندە. وێنەی دووەم کە کێشای، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە یۆنگ پێی وتبوو یەکی دەگرتەوە. لەو وێنەیەدا شەپۆلێک تیشک لەسەر بەردەکە هەڵدێ، لەوێوە بازنەیەکی زێڕین سەردەکەوێ و دەردەکەوێ، بۆیە ئەو زێڕە کە لە نێو بەردەکەدا بەندە بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی دەبینرا کۆمەڵێ درەوشانەوەی زێڕین بوو. پاش ئەو دانیشتنانەی کە لەنێوانیاندا بەرپابوو، توانرا نهێنیی ئەو پارچە زێڕانە ئاشکرا بکرێت. ئەو پارچە ئاڵتوونانە دۆستەکانی ئەو بوون. ئەو تەنیا نەبوو، بەڵکو ئەو خۆی لەژوورێک و ژیانێکی بچووکی خۆیدا بەندکردبوو، بەڵام هاوڕێی هەبوون. تا ئەو کاتەی ئەژدیهاکەی ناخی خۆی نەکوشت ئەو هاوڕێیانەی نەناسیوە.

**مویرز:** ئەو ئەفسانە دێرینەم زۆر لا خۆشە کە دەربارەی تیسیۆس و ئاریانا Thesus &Ariane بوو، تیسیۆس بەئاریانا دەڵێ: (گەر ڕێگەی ڕزگاربوون لەم هەزار پێچەم پێ نیشان بدەی، هەتا هەتایە خۆشم دەوێی.) پاشان ئاریانا گلۆڵەیەک

دەزووی دەداتێ، ئەویش کاتێ دەچێتە نێو هەزار پێچەکەوە گلۆڵەکە دەهاوێژێ و بەم بەدوو کەوتنی ئەو گلۆڵە دەزووە، ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دەرەوەی هەزار پێچەکە دەدۆزێتەوە. ئێوە دەڵێن: (هەرچییەک ئەو هەیبوو ئەو بڕە دەزووە بوو، ئەمەش ئەو شتەیە ئێمە پێویستمانە.)

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە ئێمە پێویستمانە، گلۆڵە دەزووەکەی ئاریانا.

**مـویرز:** هەندێ جار وەدووی سامانی زۆرو دەسەڵاتی گەورەو بیری مەزنین تا ڕزگارمان کات، بەڵام ئەوەی ئێمە پێویستمانە سەرە دەزوویەکە.

**کەمبڵ:** پەیداکردنی ئەو دەزووە ئەوەندە ئاسان نییە. بەڵام زۆر چاکە گەر کەسێک هەبێت بتوانێ سەرە دەزوویەک بخاتە بەردەستت. کاری مامۆستا ئەوەیە یارمەتیت بدات دەزووی ئاریانای تایبەت بەخۆت بدۆزیتەوە.

**مویرز:** وەکو هەموو پاڵەوانەکان بووداش خودی ڕاستیت پێ نیشان نادات، بەڵکو ڕێگەی گەیشتن بەو ڕاستییەت پێ نیشان دەدا.

**کـەمبڵ:** ئەمەش ڕێگەیەکە دەبێ خۆت بەدوویدا بگەڕێیت، نەک ئەو. هەر بۆ نموونە بوودا ناتوانێ پێت بڵێت تۆ چۆن خۆت لەترسەکانی خۆت ڕزگار دەکەیت، مامۆستا جۆراوجۆرەکان، باس لەڕاهێنانی هەمەچەشن دەکەن، بەڵام ئەو کارەی تۆ دەبێت ئەنجامی بدەی ئەوان ئەنجامی نادەن. هەرچییەک کە مامۆستا دەتوانێ بیکات تەنیا بریتییە لەپێشنیارکردن. مامۆستا وەک چرایەکی دەریاییە، پێت دەڵێت: (ئاگاداربە بەرنەکەوی، لەوێ بەردی لێیە، یان لەوێ کەناڵێک هەیە.)

لە ژیانی هەموو لاوێک، مەسەلەی مەزن ئەوەیە ئەو نموونانە بدۆزێتەوە کەئیحای توانای پێ دەبەخشن. نیتشە دەڵێ: (مرۆڤ ئاژەڵێکی نەخۆشە). مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە نازانێ چی لەخۆی بکات. عەقڵ توانای زۆر مەزنی هەیە، بەڵام ئێمە لە ژیانێک ناتوانین زیاتر بژین، کەواتە چی لە خۆمان دەکەین؟ ئەفسانەی زیندوو نموونەی هاوچەرخمان پێشکەش دەکات.



**مویرز:** ئەمڕۆ نموونەی زۆر جۆراوجۆرمان لەبەردەستدایە. گرووپێکی زۆر لە خەڵکی ئەم مۆدێلانە هەڵدەبژێرن، بەڵام هەرگیز نازانین ئەوان چ کەسن.

**کەمبڵ:** کاتێ کە پیشەیەک هەڵدەبژێری لەڕاستیدا نموونەیەکت هەڵبژاردووە، پاش ماوەیەکی کورت ئەو پیشەیە لەگەڵتدا دەگونجێ. بۆ نموونە لە نیوەی تەمەنتدا دەتوانی بڵێی پیشەی کەسێک چییە. بۆ هەر کوێیەک دەڕۆم خەڵکی دەزانن من مامۆستای زانکۆم. نازانم چ کارێ ئەنجام دەدەم، یان چۆن دێمە پێش چاو، بەڵام دەشتوانم مامۆستاکانی زانکۆ لە ئەندازیار و بازرگانان جیابکەمەوە. ئەوەی شێوەت پێ دەبەخشێ ژیانە.

**مویرز:** لە بەسەرهاتی شائارسەر وێنەیەکی زەینیی سەرسوڕهێنەر هەیە؛ مەبەستم ئەو شوێنەیە کە سوارەکانی مێزگردەکە ڕوودەکەنە جەنگەڵ بە مەبەستی دۆزینەوەی کاسەی پیرۆز، لەوێدا حیکایەتخوان دەڵێ: (ئەوان پێیان وابوو ناپەسەندە گەر هاتو بە کۆمەڵ بچنە نێو دارستانەکەوە. بۆیە هەریەکەو لەخاڵێکی جیاوە کەخۆیان هەڵیان بژارد چوونە نێو جەنگەڵەکەوە). تۆ ئەم ئاکارەی سوارەکانت بەشێوەیەک ڕاڤە کرد، گوایە ئەمە دەربڕینی لە چڕبەستی ڕۆژئاوایی بەدەوری دیاردەی تاکایەتیی ژیانی مرۆییی تاک و چەقبەستووە بەدەوری تاکدا، تاکیش بە تەنیا ڕووبەرووی تاریکی دەبێتەوە.

**کەمبڵ:** کاتێ کە چیرۆکی گەڕان بەدووی کاسەی پیرۆزی سەدەی سیازدەهەمم خوێندەوە، ئەو شتەی منی خستە ژێر کاریگەرییەوە، بریتی بوو لەوەی ئەم چیرۆکە بەگیان و بەڕۆح، ئامانج و مەبەستی ڕۆحی ڕۆژئاوایە: ئەوەش بریتییە لەو ژیانەی کە بەهێزەوە لەتۆدا ئامادەیە و هیچ کاتێکیش وەک توانا لای کەسێکی تر نەبووە.

بەبڕوای من ئەمەش حەقیقەتی ڕاستەقینەی ڕۆژئاوایە: ئەو ڕاستییەی کە هەریەک لە ئێمە بوونەوەرێکین لە تەنیایدا قەتیس ماوین، گەر بێت و بمانەوێ هەر دیارییەک پێشکەش بەجیهان بکەین دەبێ ئەو دیارییە لە ناخی ئەزموونی خۆمان و ئەنجامدانی توانای خۆماندا دەبێ، نەک کەسێکی تر. لەلایەکی ترەوە، لە ڕۆژهەڵاتی تەقلیدیدا بەشێوەیەکی گشتی و لە هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی تەقلیدین، تاک وەک کولیچەیەکەو

به قاڵب دروست کرابێ. ئەرکەکان لەسنووری دیاریکراودا پێی سپێردراوە و بەهیچ جۆرێک ناتوانێ لەو سنوورە بێتەدەرێ. کاتێ دەچیتە لای جۆرو (مامۆستا) لەبواری ڕۆحیدا داوای ڕێنیشاندانی لێ دەکەیت، ئەو مامۆستایە بەتەواوی دەزانێ تۆ لەسەر چ ڕێگەیەکی ئەو تەقلیدە وەستاوی و لەوێشەوە دەبێ ڕوو لەکوێ بکەیت و بۆ گەیشتن بەو شوێنەش دەبێ چی بکەیت. لەوێدا مامۆستا سیمای خۆیت دەداتێ تاوەکو ئێوەش وەکو ئەو بن. شێوەی پەروەردەو فێرکردنی ڕۆژئاوا بەم جۆرە نییە، ئێمە ڕێنوێنییەک پێشکەش بەخوێندکاری خۆمان دەکەین، تا ئەوانیش سیمای تایبەتی خۆیان تەواوکەن. سیمایەک لە سەر زەوی و لە دەریاش هیچ کەس ئەو شێوە سیمایەی نەبێ، دەبێ هەوڵی پەیداکردنی تاک بۆ ئەو سیمایە لەخۆیەوە دەرچێت، ئەویش بەپشت بەستن بەتواناکانی تاک کە خۆی لەو توانایانەدا دەبینێتەوە کە لەئەنجانی تاقیکردنەوەی تاکەکەسیدا وەدی دێن، واتە دەبێ بۆ شتێ بگۆڕێ کە هەرگیز کەسێکی تر ئەزموونی نەکردوە و ناتوانێ ئەزموونی کات.

**مویرز:** هاملێت دەپرسێ: (ئایا ئێوە لە مەداری چارەنووسی خۆتاندان؟)

کەمبل: گرفتی هاملێت ئەوەبوو کە ئەو ئەو نەبوو. ئەو چارەنووسەی بۆ ئەو هاتبووە خوارێ زۆر لەوە گەورەتر بوو کە بتوانێ بچێتە ژێر باری و ئەم بابەتەش ئەوی پارچە پارچە کردبوو. ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە ڕووداوانەش هەیە.

**مویرز:** چ یەک لەم چیرۆکە میتۆلۆژییانە یارمەتیمان دەدەن تا لە مەرگ بگەین؟

**کەمبڵ:** ناتوانیت هەست بەمەرگ بکەیت، بەڵکو دەتوانی فێری ئەوە بیت کە خۆ بەدەست مەرگەوە بدەیت. دەبێ ئەوەش بڵێین کە چیرۆکی مەسیح، وانەیەکی گرینگە بۆ ئێمە تا مەرگ قبووڵ بکەین کاتێ کە ئەو وەک خزمەتکاری مرۆڤ دەردەکەوێ و تا دەشمرێ پێشڕەوی دەکات. هەروەها چیرۆکی ئەبوولهەول و (ئۆدیب)یش شێوەیەک لەم بەسەرهاتەی تێدایە، بەڵام ئەبوولهەولی میسری جیاوازی لەگەڵ ئەبول هۆلی ئۆدیب هەیە. ئەو بوونەوەرێکی مێینەیە، دووباڵی پەلەوەرو، جەستەی گیانلەبەرو، سنگ و بەرۆک و گەردنی ژنێکە. ئەوەی ئەو نوێنەرایەتیی دەکات تەواوی ژیانە. ئەو نەخۆشی ڕشانەوەی بۆ سەر زەوی نازڵ کرد، هەروەها ئەو پاڵەوانەی کەئەرکی



ئەوەیە کۆتاییی بەم ڕشانەوەیە بێنێت، دەبێ وەڵامی ئەم مەتەڵە بداتەوە: (ئەو شتە چییە، سەرەتا لەسەر چوار پێ و پاشان لەسەر دوو پێ و پاشان لەسەر سێ پێ دەڕوات؟) وەڵامی ئەم پرسیارەش (مرۆڤ) ە. کۆرپەڵە لەسەر هەردوو دەست و هەردوو پێی دەڕوات، مرۆڤی گەورە لەسەر دووپێ، مرۆڤی بەتەمەن و پیریش دوو پێ و عەسایەک ڕێ دەکا.

مەتەڵی ئەبوولهەول بەدرێژایی ڕۆژگار وێنەی خودی ژیانە، لە منداڵییەوە بۆ لاوێتی و پیربوون و پاشان مەرگ، ئەگەر هاتوو چاونەترسانە ڕووبەڕووی مەتەڵەکەی ئەبوولهەول بیتەوە و قبوڵی بکەیت، نەفرەتی ئەبوولهەول ناتگرێتەوەو ناکەویتە نێو داوی مەرگەوە. بەسەرکەوتن بەسەر ترسی مەرگا چێژی ژیان دەبەیتەوە. تەنیا کاتێ دەتوانین لایەنگرییەکی بێ مەرجانەی ژیان مومارەسە بکەین، گەر هاتو هەستمان بەمەرگ کرد وەک ڕوویەکی تری ژیان، نەک دژەکەی ژیان. ژیان هەمیشە لەهاتنیدا مەرگ دەڕژێنێ، لەبەردەم خاڵی مەرگدایە. سەرکەوتن بەسەر ئەم ترسەدا دەبێتە هۆی هێنانەبەری ئازایەتیی ژیان، ئەمەش ئەزموونی پێشڕەوایەتیی بنەڕەتی هەر سەرچڵییەکی ژیانە، واتا چاونەترسی و گەیشتن بەئامانج.

لە یادمە لە منداڵیمدا کاتێ کە پەڕتووکە جەنگییەکانم دەخوێندنەوە، گوێم لە دەنگی ئەو هیندییە سوورە جەربەزانە دەبوو کە بەسوارییی ئەسپەکانیانەوە غاریان ئەداو لەمەیدانی نەبەردیدا بەرەو ڕووی قرمەژنی گوللەی سەربازانی ژەنەراڵ کاستەر دەرۆیشتن. (چ ڕۆژێکی پڕ شکۆیە بۆ مردن!) لەوێدا بەهیچ جۆرێک پێوەندییبوون بەژیان نامێنێ. ئەمەش یەکێکە لەپەیامە بنەڕەتییەکانی میتۆلۆژیا. بەوجۆرەی کە من ئێستا خۆم دەناسم، دوا فۆرمی بوونی خۆم نیم. بۆیە دەبێ بەجۆرێک لە جۆرەکان بەردەوام بمرینەوە، بەرامبەر بەو بوونەی کە بەدەستمان هێناوە.

**مویرز:** ئایا چیرۆکێک شک دەبەیت کەئەم مەسەلەی تێدا بێت؟

**کەمبڵ:** چیرۆکە ئینگلیزییەکانی بابەتی سێر گاوان Sir Gawain و سواری سەوز Green Knight نموونەی ئەو جۆرە بەسەرهاتانەن. ڕۆژێکیان دێوێکی زەبەلاحی ڕەنگ سەوز، بەسوارییی ئەسپێکی زەبەلاحی سەوزەوە، خۆی دەکات بەژووری

میوانخانەی شا ئارسەر و هاوار دەکات: (داوا لەهەموو ئەو کەسانە دەکەم کەلێرەدان، کێ دەوێرێ ڕووبەڕووم بێتەوە، لەگەڵمدا بجەنگێ و ئەم فاسەی بەدەستمەوەیە لەدەستم وەرگرێ و ملم لێ بکاتەوە، پاشان پاش ساڵێک وەکو ئەمڕۆ، لەناوچەی گرین چاپیڵ بێتە سەرمەزارم تامنیش سەری لێ بکەمەوە.)

تەنیا سوارێک کە ئەم داوایای قبووڵ کرد گاواین بوو. ئەو لەمێزەکەیەوە دەرپەڕی و سوارەی سەوزەش لە ئەسپەکەی هاتەخوارێ و تەورەکەی دایە دەستی گاواین ئەویش بەیەک لێدان سەری لە لەشی جیاکردەوە. سوارەی سەوز سەری خۆی لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و تەورەکەشی وەرگرتەوە و سواری ئەسپەکەی بوو، کاتێ کەڕۆیشت بەسەرساموییەوە بەگاواینی وت: (ساڵێکی تر دەتبینم).

لەماوەی ئەو ساڵەدا هەمووان لەگەڵ گاواین میهرەبان بوون. دوو هەفتە پێش تەواوبوونی کاتی دیاریکراو، گاواین سواری ئەسپەکەی بوو چووە سۆراغی ناوچەی گرین چاپیڵ تاکو بە پەیمانەکەی وەفادار بێت بەرامبەر بەو بەڵێنەی کە بەسوارە سەوزەی دابوو. پاش گەڕانێکی زۆر، لەکاتێکدا سێ ڕۆژی مابوو بۆ کاتی دیاریکراو، لەبەردەم کوخێکدا ڕاوچییەکی بینی، پرسیاری ناوچەی چاپیڵ گرینی لێ کرد. کابرای ڕاوچی کەسێکی میهرەبان و ڕووخۆش بوو، هاتە بەر دەرگای کولبەکەو وەڵامی دایەوە(چاپڵ، ئا لەو خوارەیە چەند سەد یاردەیەک دەبێت، بۆچی ئەو سێ ڕۆژەی کە بۆ کاتی دیاریکراوت ماوە لای ئێمە نایگوزەرێنی؟ بەئامادەیی بەڕێزتان خۆشحاڵ دەبین. کاتێ کە کاتی دیاریکراو بگات، ئەوا دۆستە سەوزەکەی ئێوە لەوخوارەوە پەیدا دەبێ.)

(گاواین) یش بە داوای کابرا ڕازی دەبێ. ئێوارەی ئەو ڕۆژە کابرای ڕاوچی پێی دەڵێ: (من بەیانی زوو بۆ ڕاو دەچم، بەڵام پاش نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە، من و تۆ هەرچییەکمان دەست کەوت لەگەڵ یەکتریدا دەیگۆڕینەوە. من هەرچییەکم ڕاوکردبێ دەیدەم بەتۆ، تۆش هەرچییەکت ڕاوکرد بیدە بەمن.) هەردووکیان بەڕووی یەکتریدا پێکەنین و (گاواین)یش بەم پێشنیارە خۆشحاڵ بوو. پاشان هەردووکیان لەماندوویێتیدا خەویان لێ کەوت.

سبەی چێشتەنگاو، کاتێ گاواین هێشتا نووستبوو، کابرای ڕاوچی کولبەکەی



بەجێ هێشت، لەم کاتەدا هاوسەرە جوانەکەی کابرای ڕاوچی دێت و دەستی نەوازش بەناوچەوانی گاوایندا دێنێ و لەخەو هەڵی دەستێنێ و بەنازو عیشوەیەکی پڕ لەغەمزەوە، داوەتی گاواین بۆ کارێکی پڕ عێشق دەکات. بەڵام بۆ کەسێکی وەک گاواین کە سوارێکی بە ئەمەکی شا ئارسەرە، خیانەتکردن بەخانەخوێ کارێکی مەحاڵە، بۆیە بەرامبەر بەم پێشنیارەی هاوسەری ڕاوچییەکە سەرناداو ئەوەش قبووڵ ناکات. بەڵام ژنە هەر لەسەر داواکەی سوور دەبێت و واز ناهێنێ، تا سەرەنجام بەگاواین دەڵێ: (باشە زۆر چاکە، تەنیا بهێڵە باماچێکت بەمێ!) ماچێکی دوورو درێژ بەگاواین دەدات و کارەکە تەواو دەبێت.

دەمەو ئێوارە کابرای ڕاوچی بەخۆی و (گاواین)یش کابرای ماچ کرد ماچێکی دورودرێژ. هەردووکیان پێ کەنین و مەسەلەکە تەواو دەبێ.

بەیانی ڕۆژی دووەم، جارێکی تر ژنە، بەهەمان عیشوەی ڕۆژی پێشوو خۆی کرد بەژووری گاوایندا، دەرئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنەیان دوو ماچ بوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژەش ڕاوچی کە نیوەی ڕۆژی پێشووی ڕاوکردبوو گەڕایەوە، دیسان ئەویش دوو ماچی دەست دەکەوێ و پێ دەکەنێ و مەسەلەکە کۆتاییی دێ.

دەمەوبەیانیی ڕۆژی سێیەم، تابڵێی ئەو ڕۆژە ژنی ڕاوچی دلڕفێنە، بەڵام گاوایی ئەو لاوەی کە لەبەر دەرگەی مەرگ وەستاوەو چاوەڕوانە، هەرچی هەوڵی خۆی هەیە بەکاری دەهێنێت، تا شەرەفی سوارچاکیی خۆی بپارێزێ، لەکاتێکدا کە دوایین چێژی ژیان لەبەردەمیدا دانراوە. ئەمجارە ئەو سێ ماچ قبولڵ دەکات. پاشان ژنە کە هەرسێ ماچەکەی بەگاواین بەخشی، داوای لێ دەکات وەک نیشانەیەک بۆ وەفاداری خۆشەویستییان جووتێ گۆرەوەی بەدیاری لێ وەرگرێت. بۆیە ژنە بەگاواین دەڵێ: (ئەم جووتە گۆرەوەیە سیحراوییەو دەتپارێزێ لە ترس.) گاواین گۆرەوییەکە وردەگرێ. ئەمجارەیان ڕاوچی تەنیا ڕێویەکی هیچ و پووچی ڕاوکردبوو، ئەویش لە ژوورەکە دادەنێ و لەجیاتی ئەوە سێ ماچی دەست دەکەوێ، بەڵام گۆرەویی دەست ناکەوێ.

ئایا چەمکی ئەو ئەزموونانە ئاشکرانییە کە گاواینی سواری لاوچاک پێیدا تێ دەپەڕێ؟ ئەم ئەزموونانە هەمان ئەو ئەزموونانەی یەکەم و دووەمی بوودان. یەکەمیان

ئارەزوویان شــەهوەت و ئەوی تر ترسی مــەرگــە. گــاواین بە پاراســتنی پەیمان ئازایەتیی خۆی سەلماندووە. بەڵام ئەو جووتە گۆرەوییە ئیغرایەکی زۆر گەورەیە.

کاتێ گاواین لە گرین چاپڵ نزیک دەبێتەوە، گوێی لێ دەبێ لەنێو چاپیڵ گرینەوە، سوارەی سەوز خەریکی هەسانکردنی تەورەکەیەتی. گاواین خۆی بەژووردا دەکات، دێوەکەش بە ئاسانی پێی دەڵێ: مللت بخەرە سەر ئەو تەختەدارە) گاواین ئەم کارە دەکات و سوارەی سەوز دێت و تەورەکەی بەرزدەکاتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەک دەوەستێ و دەڵێ: (نەخێر، ملت بێنەرە پێشەوە.) گاواین بەقسەی دەکات، دێوەکەش جارێکی تر تەورەکەی بەرز دەکاتەوە و جارێکی تر پێی دەڵێ: (تۆزی وەرە پێشەوە.) تا ئەو سنوورەی کەپێی دەکرێ گاواین گەردنی دەباتە پێشەوە و پاشان بەدەنگێکی ترسناکەوە تەورەکە دێنێتە خوارێ، ئەوەی ڕوو دەدا ئەوەیە کە تەنیا بەڕووکەشی گەردنی گاوایی بریندار دەکات. پاشان سوارە سەوزەکە کە لەڕاستیدا کابرای ڕاوچییە، شێوەی دەگۆڕێ و دەڵێ: (ئەم برینە ڕووکەشییە تەنیا لەبەر ئەو جووتە گۆرەوییەیە.) دەڵێن هەر ئەمەش سەرچاوەی ئەفسانەی سوارەکانی جووت گۆرەوییە.

**مویرز:** چ وانەیەکی مۆراڵی لەم چیرۆکەدا هەیە؟

**کەمبڵ:** پێم وایە ئەو وانە مۆراڵییەی لەم چیرۆکە دەکرێ دەربهێنرێ ئەوەیە کە سیفەتی ژیانی پاڵەوانێتی بەپلەی یەکەم بریتییە لەچاککارییەکانی سوار، ئەوانەش بریتین لە وەفاداری و دڵسۆزی و خۆڕاگری و دلێری. بەڵام وەفاداری و ڕەوشت لەم حاڵەدا لەدوو ڕووەوە دەردەکەوێ: یەکەم هەڵبژاردنی ئەو سەرچڵییەو دووەم پابەندبوونی سوار بە بەهاو سوێند خواردنەکانی. پێ دەچێ پەیمانی دووەم، گاواین لەگەڵ هەڵوێستی بوودا هاوبەرامبەر دەکات. کاتێ کە خودای ئەرک و پەیمان داوای لەبوودا کرد ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هۆزەکەی بەجێبگەیەنێ، ئەویش بەسادەیی گوێی بەو داوایانە نەداو، هەر ئەو شەوەش گەیشت بەڕۆشنگەری و ڕزگاربوون لە دووبارە لەدایکبوون. گاواین کەسێکی ئەوروپییە هەر وەک ئۆدیسۆس ئەمەکدارمایەوە ئەو ئۆدیسۆسەی ئەمەکداریی خۆی بەرامبەر بە وڵاتەکەی نەدۆڕاندو لەدوورگەی ڕۆژەوە بۆ لای هاوسەرەکەی پەنەلۆپە گەڕایەوە. ئەمەکداری بۆ بەهاکانی ژیانی قبووڵ کردو نەک دەستەبرداری ئەمەک لەپێناوی بەهاکانی ژیان لەم جیهانەدا.



سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەروەک بینیمان چ ڕێگەی نێوەندیی بوودا هەڵبژێرین یان ڕێگەی نێوەندیی گاواین، ئەنجامدان و جێبەجێکردنی پێویستی بەوەیە کە بەنێوەندی ئارەزوو ترسدا تێ پەڕین.

سێیەمین هەڵوێستێک کە تاڕادەیەک لە هەڵوێستی گاواینەوە نزیکە تابوودا، سەرەڕای ئەوەش ئەمەکدارو دڵسۆزە بۆ بەهاکانی ژیان لەسەر زەویدا. ئەمەش هەمان هەڵوێستی نیتشەیە کە لە پەڕتووکی (بەمجۆر زەردەشت دوا) دا هاتووە. نیتشە لە قاڵبی parable دا ئەو شتە ڕوون دەکاتەوە کەپێی دەوترێ سێ گۆڕانکارییەکانی ڕۆح: یەکەمین حاڵەت حاڵەتی وشترانە، واتا حاڵەتی منالی و جوانی. وشتر ئەژنۆی دەخاتە سەر زەوی و دەڵێ: (بار بخەنە سەر پشتم) لەڕاستیدا ئەم بەشە بەشی گوێڕایەڵییە تێیدا زانیاری و فرمانت پێ دەدرێ، بۆ ئەوەی ئەو داوایانە جێبەجێ بکەی کە داوات لێ دەکەن، بۆ ئەوەی بەرپرسیاری بی لە ژیانتدا.

کاتێ کە بەئەندازەی تەواو بار خرایە سەرپشتی وشتر، بەقورسی لەسەر پێی خۆی دەوەستێ و ڕوودەکاتە بیابان، لەوێدا گۆڕانکاریی دووەم ڕوودەدات، لەوێدا بۆ شێر دەگۆڕێ، هەرچەندە ئەو بارەی کە هەڵی گرتووە قورستر بێت ئەوە شێرێکی بەهێزتر لەقەڵەم دەدرێ. ئێستا ئەرکی شێر کوشتنی ئەژدیهایەکە، ناوی ئەو ئەژدیهایەش بریتییە لە (دەبێ تۆ) لەسەر هەر پوولەکەیێک لە پوولەکەکانی ئەو گیاندارە وشەی (تۆ دەبێ) کێشراوە. ڕەنگە هەندێکیان هەزاران ساڵ بێ کێشرابن، هەندێکیشیان پەیوەستە بەناونیشانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەکانەوە، لەکاتێکدا کە وشترو منالّ ناچارن مل شۆڕکەن بۆ وشەی (دەبێ تۆ) شێر، یان لاو دەیانەوێ ئەو وشەیە لەخۆیان دووربخەنەوە، خواست و ئارەزووەکانی خۆیان بەدی بێنن.

بۆیە کاتێ کە ئەژدیها بەسەر هەموو (تۆ دەبێ) کانیدا سەردەکەوێ و بە تەواوی دەمرێ، شێر دەبێ بەزارۆکێک، بە حوکمی سروشتی شێرانەی خۆی دێتەجۆش وەکو تەگەرێک کە نەیەوێ لەبازنەی سووڕانەوەی خۆی بێتەدەرێ، چیتر یاسایەک بۆ گوێڕایەڵیکردن نامێنێت، چیتر یاساگەلێک لە پێویستییە مێژووییەکان و ئەرکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی دروست نابن، تەنیا شتێک کە دەمێنێ غەریزەی ژیانە، ژیان لەنێو گوڵەکاندا.

**مویرز:** واتا دەگەڕێینەوە بۆ بەهەشت؟

**کەمبڵ:** بەڵێ بۆ بەهەشتی پێش گوناهی گەورە.

**مویرز:** ئەو (تۆ دەبێ) یانەی منداڵێک چییە کەحەز بکات بیانخاتەڕوو؟

**کەمبڵ:** هەر کەسێک کە ببێتە هۆی شکۆفەکردنی خواستەکانی ئەو. بۆ هوشتر (تۆ دەبێ) پێویستی و هێزێکە شارستانێتی بەسەریدا دەسەپێنێ. ئەم هێزە، ئاژەڵ ،مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی هاوچەرخ دەگۆڕێ، بەڵام قۆناغی لاوێتی قۆناغی دۆزینەوەی خودو بوون بەشێرە. لەم بەشەدا، دەبێ یاساکانی ژیان بەوجۆرەی کە ئیرادە دەیەوێ بەکاربهێنرێن، لەم قۆناغەدا قۆناغی زۆرەملێ و تەسلیمبوون بە (تۆ دەبێ) بەسەر دەچێت.

هەر خوێندکارێکی ڕاستەقینەی بواری هونەری دەبێ بەجوانی لەم شێوە بابەتە بگات و کاتێ بۆ لای مامۆستایەک دەچی تا وانەیەکت فێرکات لەبابەتی شێوازە هونەرییەکان ئەوا تۆ بەهەموو هەوڵ و توانایەکتەوە هەوڵ دەدەی پەیڕەویی ئەو زانیاریانە بکەی کە مامۆستاکەت پێت دەڵێ: بەڵام پاش ئەمە ئەو زەمەنە دێت کە بەشێوازی خۆت ئەم ڕێگەیانە بەکاربهێنی نەک پابەندی یاساکانی ئەو بیت. ڕەنگە ئەو زەمەنەش زەمەنی کاری شێرانە بێت، لەڕاستیدا دەتوانی ئەو یاسایانە فەرامۆش بکەیت، لەبەرئەوەی ئەو یاسایانە چوونیەکبوون (لەگەڵ تۆدا بوون بەیەک) ئێستا هونەرمەندێکی، ئێستاش بەرائەتێکت هەیە کە لە بەرائەتی کەسێکە کەبوویێت بەهونەرمەند یان بۆ هونەرمەند گۆڕاوە. ئیتر ئێوە لەمەودوا هەرگیز وەکو کەسێک ڕەفتارناکەن کە هیچ کاتێ لە بوارێکی هونەریدا بەئاستی مامۆستای نەگەیشتووە.

**مویرز:** ئێوە دەڵێن کاتی خۆی دێ، باشە منداڵ چۆن دەزانی کە کاتی ئەوە هاتووە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا منداڵ بەڕێتوێڵێکدا تێ دەپەڕی تاوەکو بزانێ کاتی ئەوە هاتووە تا بزانێ منداڵێتی چییە، هەروەها لەسەرێتی کە کاریگەریی کەسانی تر بەسەرییەوە کۆتایی پێ بهێنێ و پشت بەخۆی ببەستێ. ئێمە لەکۆمەڵگاکانماندا ئەم بەشەی ژیانمان نییە یان خاوەنی ئەم ڕێتوێڵە نین



کەپێمان بڵێت: (کوڕم بووی بەپیاو.) ئەمڕۆش چۆن دەتوانرێ ئەم ڕێگەیە دەستنیشان بکرێ؟

**کەمبڵ:** وەڵامی ئەم پرسیارەم لا نییە، بەڕای من ئەم داوایە دەبێت بۆخودی منداڵ خۆی جێ بهێڵرێت، بۆ ئەوەی بزانێ کەی بووە بە خاوەنی وزەی خۆی. زەرنەقووتە دەزانێ کاتی فڕین کەیە. هەر لەهەمان ئەو جێگایەی کە بەیانییان قاوەڵتی لێ دەکەین، جووتێک لانەی پەلەوەری لێیە، چەندین خێزانی چۆلەکەی بچووکی هاتوونەتە ئەوێ و بەجێیان هێشتووە، ئەو خێزانە بچووکانە هەڵە ناکەن؛ ئەوان تا ئەوکاتەی کەفێری فڕین دەبن لەسەر ئەو درەختە دەمێننەوە، پاشان لەشەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن. پێم وایە هەرکەسێک بەشێوەیەکی دەروونی لەمە دەگات.

دەتوانم کۆمەڵێ نموونەی خوێندکارانی هونەریت لە ستۆدیۆیەکاندا نیشان بدەم، ئەو کاتە دەگات کە ئەو خوێندکارانە فێری ئەو شتانەبن کەهونەرمەند پێیان دەڵێتەوە، ئەوان دەست ڕەنگینییان وەدەست هێناوە و خۆیان بۆ فڕین ئامادە کردووە. هەندێ لە هونەرمەندان مۆڵەت بەخوێندکارانی خۆیان دەدەن ئەم کارانە ئەنجام بدەن. هونەرمەندان پێشبینیی ئەوە دەکەن خوێندکارانیان فێری فڕین بن و ئەوان بەجێ بێڵن. ژمارەیەکی تر دەیانەوێ قوتابخانەیەک دامەزرێنن، بۆیە لەم حاڵەتەدا خوێندکار تێ دەگا کە ناچارە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ مامۆستاکەی توندوتیژ بێ و قسەی ناشیرینی پێ بڵێت، تاوەکو فڕینی خۆی ئەنجام بدات. بەڵام ئەمەش تاوانی خودی مامۆستایە. دەبێ ئەوەی بزانیایە کە زەمەنی فڕینی خوێندکارەکەی گەیشتووە. لەنێوان ئەو خوێندکارانەی دەیانناسم، ئەوانەی بەڕاستی لە پلەی خوێندکار ڕاستەقینەن، دەزانن لەچ کاتێکدا دەبێ بفڕن.

**مویرز:** نزایەکی کۆن هەیە دەڵێ: (ئەی پەروەردگار، فێرمان کە چ کاتێک مۆڵەتی فڕینمانە.) دەبێ هەمووان بزانین، ئەم کارە وانییە؟

**کەمبڵ:** ئەمەش بەرپرسیاری مەزنی دایک و باوکە. دایک و باوک بوون قورسترین کارێکە کە تا ئێستا ناسیومە. کاتێ کەبیر دەکەمەوە کە دایک و باوکم چ ڕەنجێکیان کێشاوە تاخێزانێک دامەزرێنن ئەو کاتە قەدریان دەزانم.

باوکم بازرگان بوو، بێگومان زۆر خۆشحاڵ دەبوو ئەگەر کوڕەکەی بچووایە نێو کاروباری بازرگانی و بەردەوامیی بەپیشەکەی ئەو بدایە. هەرچەندە لەڕاستیدا چەند مانگێک لەگەڵ باوکم خەریکی کاری بازرگانی بووم، بەڵام لەدواییدا بیرم کردەوە و وتم: (هێی، ناتوانم ئەم کارە بکەم.) ئەویش ڕێگەی دام وازبێنیم، لە ژیاندا زەمەنێک دێتە پێشێ کە دەبێ لەو زەمەنەدا خۆت بۆ فڕین تاقی بکەیتەوە.

**مویرز:** ئەفسانەکان یارمەتییان دەداین تا بزانین لەچ کاتێکدا دەبێ ئازادیی خۆمان وەرگرین.

**کەمبڵ:** ئەفسانەکان مەسەلەکانت بۆ دەهۆننەوە؛ بۆ نموونە پێت دەڵێن لەتەمەنێکی دیاریکراودا دەبێ باڵغ بیت، ئەو تەمەنەی وەبیردەهێنرێتەوە لەڕاستیدا نێونجێکی چاکە بۆ ئەم ڕووداوە، بەڵام لە ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤدا جیاوازییەکی زۆر هەیە. هەندێ کەس بە درەنگ گەشە دەکەن تاڕادەیەکیش زۆر دواکەوتووانە دەگەنە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیان. بۆیە دەبێ بەرامبەر بەو قۆناغەی کەتێیدایت زۆر هەستیار بیت، لەبەرئەوەی ئێوە یەک جار دەژین، بۆیە ناچار نیت لەجیاتی شەش کەس بژیت. دەبێ ئاگات لە ژیانی خۆت بێت.

**مویرز:** دەربارەی خۆشبەختی چی دەڵێیت؟ ئەگەر لاوێک بم و بمەوێ خۆشحاڵ بم، ئایا ئەفسانەکان لەم بارەوە چیم پێ دەڵێن؟

**کەمبڵ:** پەیداکردنی ڕێگەی خۆشبەختی ئەوەیە بەتەواوی عەقڵ و هۆشت لەسەر ئەو ساتانە بێت کەتێیدا هەست بەوپەڕی خۆشی دەکەیت، واتە کاتێ کە بەڕاستی خۆشبەختی نەک تەنیا ئەو ساتانەی کە هەڵچوون و لەرزەیەکت لا دروست دەبێت، بەڵکو ئەو ساتانەی کە بەتەواوی شادمانی. ئەم کارەش پێویستی بەبڕێک شیکردنەوەی دەروونی هەیە. ئەو شتانە چین خۆشحاڵت دەکەن؟ بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەی خەڵکی چی دەڵێن یا چی ناڵێن هەروەها ئەو شتە بەهاوڕێ هەڵبژێرە کە خۆشحاڵت دەکا. ئەم شتەم ناوناوە (بەدووکەوتنی خۆشحاڵیی خۆتان).

**مویرز:** بەڵام میتۆلۆژیا چۆن دەڵێ ئەوشتە خۆشحاڵتان دەکات؟



**کەمبڵ:** میتۆلۆژیا پێتان ناڵێت چ شتێک خۆشحاڵتان دەکات، بەڵکو ئەو کاتەی تۆ بەدووی خۆشحاڵیی خۆتان دەکەون پێتان دەڵێت چی ڕوو دەدات، هەروەها پێشتان دەڵێ چۆن ئەو تەگەرانە لادەبەین کە دێنە پێشتان.

بۆ نموونە لە ئەفسانەی هیندییە سوورەکاندا بەسەرهاتێک هەیە پێی دەڵێم: ڕەتکردنەوەی داواکاران refusat of suitors. ئەو بەسەرهاتە باس لە کچێکی جوان و دڵڕفێن دەکات، ئەو کچە ژمارەیەکی زۆر لاو داوای هاوسەرێتیی لێ دەکەن، کچەش دەڵێ: (نا، نا، نا) کەس نییە لێرەدا شایستەی هاوسەرێتیم بێت.) لەوکاتەدا مارێک دێتە نێو مەیدانەوە، گەر ڕەتکەرەوەی داواکارێتیی هاوسەرێتیی کوڕ بێت و گوێ بەکچان نەدا، ئەوا شازادەی مارەکان لە دەریاچەیەکی گەوەرەوە دێت و خۆی دەکات بەژووردا. هەرکە داواکارت ڕەت کردەوە ئەمە مانای وایە تۆ خۆت دەبەیتە ئاستێکی بەرزتر، ئەوکاتە دەکەویتە ئاستی دەسەڵاتێکی بالاترو نزیکتر لە ترسناکی. پرسیارەکەش لێرەدا ئەمەیە ئایا دەتوانی مامەڵەی ئەم بارودۆخە بکەیت؟

یەکێکی تر لەو بابەتانەی تایبەتە بە هیندییە سوورەکانی ئەمریکا، باس لەدایکێک و دوو منالّی بچووک دەکات. دایکە بە هەردوو منالّەکەی دەڵێ: (دەتوانن لەو دەوروبەرە یاری کەن و لەماڵ دوورنەکەونەوە، بەڵام بەرەو باکور نەڕۆن.) ئەوانیش بەرەو لای باکور دەڕۆن، و لەوێدا سەرچڵییەک چاوەڕوانییان دەکات.

**مویرز:** ئەمە چ نهێنییەکی تێدایە؟

**کەمبڵ:** سەرچڵی دەست پێ دەکات، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی داواکاران و لە سنوور دەرچوون، ئەو کاتە دەچیتە بوارێکی نوێیەوە کە بەرگریکەر نییە، ناتوانی داهێنەر بیت هەتا هەموو ئەو شتانە بەجێ نەهێڵی کە شوورەدارو یاسای جێگیرن.

چیرۆکێکی ئیرۆکوای هەیە کە نمایشکەری بابەتی ڕەتکردنەوەی داواکارانە. کچێک لەگەڵ دایکیدا لە کولبەیەکی هیندییە سوورەکان لەخوار گوندێکدا دەژیا، ئەو کچە تا بڵێی جوان بوو بەڵام زۆر لووت بەرز بوو، هیچ کوڕێکی بەهاوسەر قبووڵ نەدەکرد. دایکیشی لەناخی دڵەوە بەو وەزعە نیگەران بوو.

ڕۆژێکیان هەردووکیان قەدەرێک لەدووریی گوندەکە خەرکی کۆکردنەوەی چیلکە

بوون، تاریکییەکی بێ وێنە باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا مژدەیەکی شوومی هێنابوو. ئەم تاریکییە جیاواز بوو لەگەڵ تاریکیی شەودا . گەر تووشی تاریکیی لەم جۆرە بێ مانای وایە لەپشتەوە جادووگەرێک هەیە شتێک دەکات. بۆیە دایکی بەکچە دەڵێ: (وا باشە بڕێک توێکڵەدار کۆکەینەوەو کولبەیەکی بچووک دروست کەین، پاشان بڕێک دار بێنە تا ئاگرێ بکەینەوە، دەبێ ئەمشەو لێرە بمێنینەوە.) دایک و کچە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، شیوێکی بەپەلە دروست دەکەن. پاشان دایکە دەنوێ. لەپڕ کچە لاوێکی جوان دەبینێ بەرامبەری وەستاوە کەمەربەندێکی لەپشتە لە مرواریی سەدەف و پەڕی نەرم و ڕەش دروست کراوە، تابڵێی لاوێکی جوان و بەخۆوە بوو، تەماشای کچەی کردوو وتی: هاتووم داوای هاوسەرێتیت لێ بکەم، هەر ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامم.)

کچە داواکە قبوڵ دەکات، دایکیشی لاوەکەی پێ باش دەبێت، کوڕەش بۆ سەلماندنی جیددیبوونی داواکەی کەمەربەندە سەدەفییەکەی پێشکەش بەدایکە دەکات. پاشان ڕوو دەکاتە کچەو پێی دەڵێ: (دەمەوێ ئەمشەو لەسەر یەک جێگا لەگەڵما بنووی.) کچەش وەدووی دەکەوێ. بەم جۆرە تەنیا مرۆڤەکان بوون بەتەواوی شایستە نەبوون ببنە هاوسەری، بەڵام ئەو ئێستا بەڕاستی شتێکی تایبەتی لەلاوەیە.

**مویرز:** ئەگەر کچە بەیەکەمین ئەو داواکارانەی کە بەڕێگەیەکی ڕەسمی و کۆمەڵایەتی هاتبوونە داوای ڕەزامەنی نیشانبدایە.

**کەمبڵ:** نەدەکرا تووشی ئەو ڕووداوە بێت. بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی ڕووداوێکی سەیروسەمەرە دەبێتەوە. کچە لەگەڵ لاوەکەدا تا گوندەکەیان بەرێ دەکەوێ و دەچنە ماڵەوە، ماڵی کوڕە، دوو شەو و دوو ڕۆژ پێکەوە دەبن، ڕۆژی سێیەم لاوە بەئافرەتەکە دەڵێ: (ئەمڕۆ دەمەوێ بچمە ڕاو) پاش ئەوە کابرا ماڵەکە بەجێ دێڵێ، پاش ئەوەی کابرا دەرگای ماڵەکە دادەخات، کچە لەدەرەوەی کولبەکەوە گوێبیستی دەنگێکی سەیر دەبێ. ئافرەتەکە بەدرێژاییی ڕۆژ لەکونی ماڵەوە دەمێنێتەوە، کاتێ کە ڕۆژئاوا دەبێ، جارێکی تر گوێی لەو دەنگە سەیرە دەبێت. لەپڕ دەرگای حەوشەکە دەکرێتەوەو مارێکی سەیر زمانی هێناوەتە دەرەوە خۆی دەکات بەژوورداو، بەخێرایی. سەری



خۆی دەخاتە داوێنی کچەو پێی دەڵێ:(سەرم بپشکنەو ئەسپێکانی بکوژە) کچە ژمارەیەکی زۆر شتی ترسناک لەنێو سەری دەبینێ، پاش ئەوەی هەموو ئەو شتانە دەکوژێ، مارەکە سەری خۆی دەکشێتە دواوەو کولبەکە بەجێ دێڵێ، هەر لەو چرکەیەی کە دەرگاکە دادەخرێ، جارێکی تر دەکرێتەوەو مێردە لاوەکەی دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێ: (کاتێک کە بەو شێوەیە هاتمە ژوورەوە لێم نەترسای؟) کچەش لەوەڵامدا دەڵێ: (نەخێر بەهیچ جۆرێ.)

ڕۆژی دوایی، جارێکی تر پیاوە بۆ ڕاو دەچێ و کچەش لە کولەبەکە دێتە دەرێ تا بەمەبەستی ئاگرکردنەوە چیلکە کۆکاتەوە. یەکەم شتێک کە دەیبینێ، مارێکی مەزنە و لەسەر بەردەکان خۆی گرمۆڵە کردووە تا گەرمی بێتەوە. هەروەها ماری تریش دەبینێ. هەستێکی سەیری لادروست دەبێت، دووچاری نەخۆشی سۆزدارەیی بۆ ماڵەکەی دەبێ، عەزیمەتی خۆی کۆدەکاتەوەو بۆ کولبەکەی دەگەڕێتەوە.

ئەو شەوە دووبارە مارەکە بەخشە خشە خۆی دەکات بەکولبەکەداو جارێکی تر ژوورەکە بەجێ دێڵی و لەشێوەی پیاوەکەدا دێتە ژوورەوە، ڕۆژی سێیەم پاش ئەوەی پیاوەکە کولبەکەی بەجێ هێشت. کچە بەدووی ڕێگەیەکدا دەگەڕێ تا لەم جێگایە هەڵبێت. کولبەکە بەجێ دێڵێ و بەتەنیا ڕێگەی دارستان دەگرێتەبەر، ئەو کاتەی ڕادەوەستێ و بیردەکاتەوە، لەپڕ گوێی لە دەنگێک دەبێ. کە ئاوڕ دەداتەوە پیرەمێردێکی ئەندام بچووک دەبینێ پێی دەڵێ: (ئازیزم، دووچاری دەردەسەری بووی تۆ، ئەو پیاوەی تۆی کردووە بەهاوسەری خۆی یەکێکە لەحەوت براکە. هەموو ئەمانە کۆمەڵێ جادووگەری مەزنن و وەکو زۆربەی پیاوانی تر دڵیان لە لەشیاندا نییە. بگەڕێوە بۆ کولبەکەت لەوێ لەژێر نوێنی پیاوەکەتدا تەماشای ئەو توورەکەیە بکە کە لەوێدا شاردراوەتەوە، لەو توورەکەیەدا حەوت دڵ دەدۆزیتەوە). تێبینی بکە ئەم بابەتە یەکێکە لەبابەتە جیهانییەکانی شەمەنی. گەر جادووگەر دڵ لە لەشیدا نەبێ هەرگیز ناکوژرێ، بۆیە ناتوانی بیکوژی. بۆیە دەبێ ئەو دڵە پەیدا بکەیت و لەناوی بەری.

کچە بۆ کولبەکەی دەگەڕێتەوە و لەژێر تەختی نوێنەکەدا توورەکەکە دەدۆزێتەوە، کاتێ کەبە کیسەکەوە دەچێتە دەرەوە، دەنگێک پێی دەڵێ: (ڕاوەستە، ڕاوەستە.) لەڕاستیدا ئەم دەنگە دەنگی جادووگەرە، بەڵام ئەو بەردەوام دەبێ لەڕۆیشتن و

دەنگەکەش هەر وەدووی دەکەوێ و پێی دەڵێ: «ڕەنگە وابیرکەیتەوە دەتوانی لە دەستم هەڵبێی، بەڵام خەیاڵت خاوە هەرگیز ناتوانی.»

تەواو لەو ساتەی کە خەریکە دەبووڕێتەوە، جارێکی تر گوێی لە دەنگی پیرەمێردە بچکۆلەکە دەبێ، دەڵێ: (یارمەتیت دەدەم) بەسەیرەوە دەڕوانێتە پیرەمێرد کاتێ لە دەروونی ئاوێکەوە دەیهێنێتە دەرەوە. ئەو تا ئەم چرکەیە نەیدەزانی کە لەنێو ئاودایە. یان بەشێوەیەکی تر پاش شووکردنەکەی لەقۆناغی بواری عەقڵانی و هۆشمەندییەوە، دەچێتە نێو بوارێکی تری ناهۆشمەندی، ئەو بوارەی ناتوانێ بەرگریی لێ بکات، ئەمەش هەمیشە لەم جۆرە سەرچڵییانەدا بەبوون لەژێر ئاودا وێنەدەکێشرێ. کەسێتیی چیرۆکەکە لەبواری کاری ئیرادەی کۆنترۆڵکراو لە دەرەوە، دەچێتە نێو مەیدانی زۆرەملێ و ڕووداوە پاش مرۆییەکان. بەم جۆرە دەکرێ هەندێ جار ئەم پرسە چارەسەربکرێت و هەندێ جاریش چارەسەرکردنی مەحاڵە.

ئەوەی لەدواییدا لەم چیرۆکەدا ڕوودەدات ئەوەیە کاتێ پیرەمێرد کچە لەنێو ئاوەکە دەردەهێنێ ئەو خۆی لەنێو بازنەیەک لەپیرەمێردان دەبینێ کە لەکەناری دەریایەکدا وەستاون، هەموو ئەو پیرەمێردانە لەو پێرەمێردە دەچن کەڕزگاری کرد، ئەو پیرەمێردانە خولقێنەری گرمەی هەورو هێزی سەرەوەن. ئەم ڕووداوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کچە هێشتا لەنێو بواری بالاّییدایە، ئەو بالاّییەی لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی داواکارانیدا تووشی بووە، هەرچییەک لێرەدا هەیە ئەوەیە کە ئەو بەڕزگارکردنی خۆی لەدەستی هێزە خراپەکان و بینینەوەی خۆی لەنێو دەستە چاکەکاندا.

هێشتا وەدووچوونی ئەم چیرۆکەی هیندییە سوورەکانی ئیرۆکوا زۆر هەڵدەگرێ، باسی ئەوە دەکات چۆن ئەم کچە لاوە کەئێستا خزمەتکاری هێزە بالاّکەیە، توانیی ئەو هێزە خراپانە تێک بشکێنێ و، پاشان لەڕێگەی ڕەشە بارانێکەوە بۆ لای کولبەکەی دایکی بگەڕێتەوە.

**مویرز:** ئایا تۆ کاتێ ئەم چیرۆکە بۆ خوێندکارانت دەگێڕیتەوە، مەبەستت ئەوەیە پێیان بڵێی ڕەدووی خۆشبەختیی خۆتان بکەون و فرسەتەکانی ژیان لەدەست مەدەن، ئەو کارانەش بکەن کەحەزتان لێیە، ئەوا پاداشتی ئەو سەرچڵییەتان دەست دەکەوێت کە ئەنجامی دەدەن؟



**کەمبڵ:** سەرچڵی خۆی لەخۆیدا پاداشتی ئەوانە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ هاوکاتە لەگەڵ ترس، لەبەرئەوەی سەرچڵی هەردوو لایەنەکەی هەیە، لایەنی چاکەو لایەنی خراپە. بەم کارەمان ڕێگەی خۆمان دەگرینە بەر نەک ڕێگەی دایک و بابمان. بۆیە لە سەرووی ئەو هێزەی ئێمە دەیناسین، هیچ شتێک نییە بمانپارێزی. ئەو هەستە دەبێ لای مرۆڤ هەبێ دەربارەی ئەو ململانێیانەی ڕەنگە لەم بوارەدا ڕووبدەن. لەم بوارەدا چیرۆکێکی دێرینی لەو بابەتەی کە گێڕامەوە ئەوەمان فێردەکات دەبێ بزانین چاوەڕوانیی چی دەکەین. گەر ئەوەندە بەدرەفتارو بەدکرداربین و یان تاڕادەیەکیش شایستەی ئەنجامدانی پلانێک نەبین کە بەدەستی خۆمان خستووەتە نێوی، ئەو کاتە لە جووتبوونێکی شەیتانی و پڕ لە ئاشووبدا ئەنجامی کارەکانمان وەدەست دێنین. بەڵام لەم حاڵەتانەشدا ڕەنگە دەنگی فریادڕەسێک بێت و ڕێڕەوی سەرچڵییەکە بەوجۆرە بگۆڕێت کە هەرگیز چاوەڕوان نەبووە.

**مویرز:** چاکتر وانییە مرۆڤ لەماڵەوە بمێنێتەوە و یاخود هەر لەمناڵدان نەیەتە دەرێ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام ئەو کاتە ژیان وشک دەبێت و هەڵدەوەرێ؛ لەبەرئەوەی تۆ بۆ سەفەری تایبەتی خۆت ناچیتەدەرێ. لەلایەکی تریشەوە، من ئەزموونێکی تەواو پێچەوانەم لایە، ئەزموونێک بۆ من تاڕادەیەک نامۆیە. کەسێک دەناسم لەسەرتاسەری سەردەمی لاوێتییدا، لەسەرەتاوە تاکۆتاییی لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی کەسانی تردا بووە. ئەم هاوڕێیەم کەسێکە خەڵکی تیبتە، هەر لەمناڵییەوە وا ڕاهێنراوە کە کۆپیی ڕەبەنی گەورە بێ، ئەم کۆپییە لەبەردەوامیدا بووە هەر لەسەدەی حەڤدەیەمەوە، ئەو کەسە لە دەوروبەری تەمەنی چوار ساڵییەوە براوە بۆ دێرێک، لەو تەمەنەوە کەس لێی نەپرسیوە چیی دەوێ. بەهیچ شێوە و سنوورێ لەیاساو ڕێنوێنییەکانی مامۆستایانی خۆی دوورنەکەوتووەتەوە. بەڵام ژیانی هەر هەمووی بەپێی داواکارییە ڕیتوێڵەکانی ژیانی دێری بوودیزم لەتیبتدا نەخشەی بۆ کێشراوە. هەموو قۆناغێک لە قۆناغی گەشەکردنە ڕۆحییەکانی بەڕێوڕەسمێک بەرپاکراوە. ژیانی تاکەکەسیی ئەو وەرگێڕدرابوو بۆ سەفەرێک لە سەفەری نموونە

سەرەتاییەکان، بەجۆرێک کە هەرچەندە وا دەهاتە پێش چاو کە چێژ لەونکردنی هەر جۆرە بوونێکی تاکەکەسی وەردەگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستێکی ڕۆحیی زۆر قووڵدا دەژیا، جۆرێک لە ژیانی نموونە سەرەتاییەکان، بەتەواوی بوونەوەرێکی ئاسمانیی ئەزموون دەکرد.

ساڵی (١٩٥٩) ئەم شێوە ژیانە کۆتایی هات. پایەگای سوپای چینی کۆمۆنیست لەشاری لێهاسا Lhasa، کۆشکی هاوینەی دالایی لامای بۆردومان کرد و بەشێک لەکەشی کوشتن و بڕین دەستی پێ کرد. هەموو ئەو دێرانە وێران کران، لەدەوروبەری لێهاسا نزیکەی شەش هەزار ڕەبەن لەوێدا دەژیان، هەروەها ڕەبەن و سەرۆک ڕەبەنەکان کوژران و ئەشکەنجە دران. زۆربەی زۆریان بەسەدان کەس ڕوویان کردە کێوە سەختەکانی هیمالایا بە مەبەستی پەنابەری، تاوەکو لەوێوە بۆ هیندستان بڕۆن، چیرۆکێکی پڕ دڕنداتییە، ئەم چیرۆکە تاڕادەیەکی زۆر بەشاراوەیی ماوەتەوە.

ئەم گرووپە تێک شکاوە سەرەنجام خۆیان گەیاندە هیندستان، لەکاتێکدا بەسەختی دەیانتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن. لەنێو ئەوانەشدا خودی دالایلاماو ژمارەیەک زۆر لەئەفسەرە بەرجەستەکان و سەرۆکی دێرە مەزنەکان، ئەو دێرانەی کەوێران کرابوون. هەموویان بەو ئەنجامە گەیشتن کەبوودیزمی تیبتی گەیشتووەتە کۆتایی. بەڵام هاوڕێکەم و ئەو ڕەبەنە لاوانەی تریش کە توانیبویان هەڵبێن، وایان پێ وترا کە ئەو پەیمانەی پێیان سپێردرابوو واتە پەیمانە ئاینییەکەیان بەشتێکی بەسەرچووی دانێن و دەشتوانن لەنێوان دوو ژیاندا سەرپشک بن بەردەوامیدان وەک ڕەبەن یان وازهێنان لە ژیانی نێو دێرو دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دووبارە بەخشینی وێنەیەک بەژیان، ئەویش بەپێی داواکاری و پێویستییەکانی ژیانی ئاینیی هاوچەرخ.

هاوڕێکەی من چارەسەری دووەمی هەڵبژارد، بێ ئەوەی بزانێ ئەم هەڵبژاردنە چ نەگبەتی و موسیبەتێکی بەدواوەیە، بەڕاستی ئەو هاوڕێیەم تووشی ڕۆژگارێکی سەخت بوو، بەڵام بەپشت بەستن بەئیرادەو ئارامیی قەشەیەک، توانیی بەسەر هەموو ئەم سەختییانەدا سەرکەوێ و بەزیندوویی بمێنێتەوە. هیچ شتێک نەبوو بێزار و تووشی دڵەڕاوکێی بکات. تا ئەم کاتە زیاتر لە (١٢) ساڵە دەیناسم و کاری لەگەڵدا





دەکەم، تا ئەم ساتەش هیچ وشەیەکی ناشیرینم لە زاری نەبیستووە کەبە چینییەکانی وتبێ یان گلەیییەک لە ڕەفتاری ئەوروپییەکان بکات، ئەو ئەوروپییانەی کرداری ناشیرینی زۆریان دەرهەق کردبوو. هەرگیز لەزاری دالایلاما گوێت لە وشەیەک نابێت کە لەسەر ڕق و سەرزەنشت کردن بونیاد نرابێت. ئەم جۆرە پیاوانەو هەموو هاوڕێکانیان، قوربانیی گۆڕانکارییەک و توندوتیژییەکی ترسناک و بێ بەزەییانە بوون، سەرەڕای ئەم هەموو ڕووداوانەش ڕق لەدڵیاندا نییە. لەڕێگەی ئەمانەوە فێربووم بزانم ئاین چییە. ئەم ئاینە بەڕاستی ئاینێکی ڕاستەقینەیە بۆیە تا ئەمڕۆش زیندووە.

**مویرز:** دوژمنەکانی خۆتان خۆشبوێ.

**کەمبڵ:** دوژمنەکانی خۆت خۆش بوێ لەبەرئەوەی ئەوان ئامرازی چارەنووستن.

**مویرز:** ئەو ئەفسانانە چی دەڵێن دەربارەی ئەو خودایەی کە مۆڵەت دەدا دوو کوڕی یەک خێزان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەردووکیان بمرن، هەروەها بەردەوام موسیبەت لەدوای موسیبەتیان نیشان دەدات؟ ئەمەش چیرۆکی ئەو بوودا بچکۆڵەیەم وەبیر دێنێتەوە، کاتێ کە پیاوێکی پیر و پەککەوتە دەبینێ و، پێی دەڵێ: (شەرم و شوورەیی بۆ هەر لەدایکبوونێ، چوون هەر کەسێ پێ دەنێتە دنیاوە، دەبێ چاوەڕوانی پیری بکات.) میتۆلۆژیا لەبارەی ئازارەوە چی دەڵێت؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی باسی بوودات کرد ڕێگام بدە با ئەم نموونەیەت بۆ باس کەم. چیرۆکی بوودا بەو شێوەیە کە ئەو وەکو شازادەیەک لەدایک بوو، ئەو کاتەی کە لەدایک بوو فاڵچییەک هاتە لای باوکی و پێی وت: ئەم کورپەیە کە گەورەبوو یان دەبێ بەفەرمانڕەوا یا مامۆستای جیهان. بەڵام پاشای باوک، کە پاشایەکی چاک بوو، ئەوەی بیری لێ دەکردەوە دەربارەی پلە و پایەی خۆی بوو، دواین شتێک کە دەیویست کوڕەکەی هەڵی بژێرێت مامۆستایەتی بوو. بۆیە تەدارەکی دا کە کوڕەکەی لەکۆشکێکی زۆر قەشەنگدا گەورە بێ، تا هیچ شتێکی ناشیرین و ناپەسەند تاقی نەکاتەوە کەببێتە هۆی دوورخستنەوەی زەینی بوودا لەشتە جیدییەکان. ژنانی جوان

و قەشەنگ خەریکی ژەنینی مۆسیقا بوون و چاودێریی بووداشیان دەکرد. لەوێدا باخچەی جوان و ئەستێڵی لۆتس هەبوون.

بەڵام ڕۆژێ لەڕۆژان شازادەی لاو بەعارەبانچییەکەی دەڵێ کە نزیکترین دۆستی بوودابوو: (حەز دەکەم بچمە دەرەوە تابیبینم ژیان لەشاردا چۆنە.) بەبیستنی ئەم داوایە هەوڵی دا هەموو شتێک بەو شێوەیە نیشان بدرێت کە شازادەی لاو نەتوانێ هیچ شتێک لەناخۆشی و ئازاری ژیانی ئەم دنیایە ببینێ. بەڵام خوداکان وایان کرد بەرنامەی باوک ئەوەی بۆ کوڕەکەی دانابوو شکست بێنێ.

لە حاڵێکدا کە ئەسپ و چوار چەرخی شاهەنشاهی بەنێو شارێکی تەواو ڕێکوپێکدا ڕێی دەکردو هەموو شتە ناشیرینەکان شاردرابوونەوە، یەکێک لەخوداکان لەشێوەی پیرەمێردێکی پڕ تەمەن خۆی گۆڕی و لەشوێنێکی بەرچاودا وەستا. شازادەی لاو لەگالیسکەوانی پرسی:(ئەوە چییە؟) وتی: (ئەوە پێرەمێردێکە، ئەوەش پیربوونە.)

شازادە پرسی: (ئایا مرۆڤ هەموو پیر دەبن؟)

گالیسکەوان وەڵامی دایەوە: (ئا، بەڵێ.)

لەوکاتەدا کە وەڵامەکە شازادەی تووشی شۆک کرد وتی: (شەرم و شوورەیی بۆ ژیان) داوای کرد بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە.

لەسەفەری دووەمدا چاوی بەپیاوێکی نەخۆش کەوت، لەڕولاوازبوو، تلی دەدا دیسان بەبینینی ئەم دیمەنە دڵی توندبوو، لەگەڵ گالیسکە بۆ کۆشک گەڕایەوە.

لەسەفەری سێیەم، شازادە تەرمێکی بینی بەسەر شانی کۆمەڵێ تازیە بارەوە، گالیسکەوان وتی: (ئەمە مەرگە.)

شازادە وتی: (بگەڕێوە، ڕەنگە بتوانم من ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لەو شتانەی کە ژیان وێران دەکەن، وەک پیری و نەخۆشی و مەرگ)(بدۆزمەوە).

تەنیا یەک سەفەری تر، ئەوەشی لەم سەفەرەدا دەیبینێ ڕەبەنێکی ئاوارەیە، دەپرسێ: (ئەمە چ جۆرە مرۆڤێکە؟)

گالیسکەوان دەڵێ: (ئەوە مرۆڤێکی پیرۆزە، کەسێکە دەستی بەرداوە



لەخۆشییەکانی ژیان و بەبێ حەزو ترس دەژی.) پاش ئەم ڕووداوە، شازادەی لاو لە گەڕانەوە بۆ کۆشک بڕیاردەدات ماڵی باوکی بەجێ بێڵێ و ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە ئازار و خەمەکانی ژیان بدۆزێتەوە.

**مویرز:** ئایا هەموو ئەفسانەکان نالێن ئازار بەشێکە لە ژیان و لێی جیانابێتەوە و ڕێگەیەکیش بۆ ڕزگاربوون لەو ئازارە نییە؟

**کەمبڵ:** بڕواناکەم ئەفسانەیەک هەبێت بڵێت دەتوانی بێ ئازارکێشان بژیت. ئەفسانەکان پێمان دەڵێن چۆن ڕووبەڕووی ئازارەکانی ژیان ببینەوە و تەحەمووڵ و ڕاڤەیان بکەین. بەڵام هەرگیز نالێت ژیان دەتوانێ یان دەبێ بێ ئازار بێت.

کاتێ بوودا ڕادەگەیەنێت ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە خەمەکان هەیە، ئەم ڕێگەی ڕزگاربوونە نیرڤانایە، شوێنێکە وەک بەهەشت نییە، بەڵکو جۆرە حاڵەتێکی دەروونی عەقڵانییە کە تێیدا تاک لەدەست حەزو ترسەکان ڕزگاری دەبێت.

**مویرز:** ئەو کاتە ژیانت چی لێ بەسەردێت.

**کەمبڵ:** هاوئاهەنگ و چڕوپڕو ئیجابی دەبێت.

**مویرز:** تەنانەت لەگەڵ ئازاریشدا؟

**کەمبڵ:** بێگومان بوودیزمەکان باس لە بودیساتڤا دەکەن Bodhisattva، ئەوکەسەیە کە نەمری دەناسێ، بەڵام خۆبەختانە دەچێتە نێو بواری پارچەپارچەبوونی زەمەنەوە بە پەرۆش و چێژەوە بەشداری لە غەم و ئازارەکانی جیهان دەکات. ئەمە تەنیا تاقیکردنەوەی خەم و ئازار نییە لەلایەن خودی تاکەوە، بەڵکو بەشداریکردنە بەسۆزەوە لە غەم و ئازارەکانی کەسانی تر. سۆزداری (هاودەردی Compassion) بە ئاگاهاتنەوەی دڵە لە بەرژەوەندیخوازیی ئاژەڵانە بۆ بەرژەوەندی خوازایی مرۆڤانە. وشەی هاودەردی یان سۆزداری لە زمانیشدا بەواتای (هاودەردبوون).

**مویرز:** بەڵام مەبەست ئەوە نییە کە هاودەردی وا دەکات ئازار قبوڵ بکرێ.

**کەمبڵ:** بێگومان هاودەردی ئازاری دەوێ، چونکە دەزانێ کە ئازار خۆی ژیانە.

**مویرز:**مەبەستت ئەوەیە کە ژیان لەگەڵ ئازارا دەژی.

**کەمبڵ:** لەگەڵ ئازار، بەڵام ئێوە ناتانەوێ لەوە ڕزگاربن. کێ و کەی و لەکوێ کەسێک توانیی لەم جیهانەدا لە ئازار ڕزگاری بێت.

بەئەزموونێکدا تێ پەڕیم، ئەو ئەزموونە زۆر زانیارییی پێشکەش کردم ئەم ئەزموونە دەربارەی ئافرەتێک بوو ئەو ئافرەتە ساڵانێکی دورودرێژ بەدەست ئازاری جەستەوە دەیناڵاند، ئەو ئازارەش ئەنجامی نەخۆشییەک بوو کە لەلاوێتیدا تووشی بووبوو، ئەو ئافرەتە وەک کەسێکی مەسیحی بڕوای وابوو، ئەو ئازارە خودا بۆی ڕەوانە کردووە و سەپاندووتی، ئەمەش تۆڵەی کارێکە یان ئەنجامی داوە یا ئەنجامی نەداوە، ئەوە سەرەڕای ئازاری جەستەیی بەدەست ئازاری ڕۆحیشەوە دەیناڵاند، پێموت: گەر دەتەوێ ڕزگارت بێ دەبێ دان بەوەدا بنێی، کە ئازاری تۆ ژیانی تۆیە، نەک ئینکار، هەروەها لەو ڕێگەیەشەوە بوو بەو مرۆڤە نایابەی کە ئێستا هەیە. کاتێ ئەمەم بە بەئافرەتەکە وت لە دڵی خۆمەوە وتم: (من چ دەسەڵاتێکم هەیە تا بەمرۆڤێک کە بەدەست ئەو هەموو ڕەنجەوە دەناڵێنێ ئەم جۆرە قسانە بکەم، لەکاتێکدا تەنیا لەددان ئێشە زیاتر تەحەمولی هیچی ترم نەکردووە.) سەرەڕای ئەمەش لەگفتوگۆمان پێکەوەو جەختکردنمان لەسەر ئەوەی کە ئازارەکانی ئەوە کە ژیانی ئەویان پێک هێناوە، لە ژیانیشەوە فێری زۆر شت بوو، لە ئەنجامدا ئافرەتەکە مومارەسەی گۆڕانکاری کرد، ئەوێش لێرەدا ڕووی دا. تا ئەو کاتەش لەگەڵیدابوو، سەرەڕای ئەمەش ئەمە ڕووداوێک بوو هی چەندین ساڵ بوو، من هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا پێوەندییم لەگەڵ ئەو ژنەدا هەیە، تێبینم کرد بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

**مویرز:** ئەوەی بەسەر ئەودا هات چرکەیەک بوو لەڕۆشنگەری؟

**کەمبڵ:** بەڵی بەتەواویش هەر لەهەمان شوێن، من ئەو ڕووداوەم بینی.

**مویرز:** ئایا ئەوەی پێت وت دەرئەنجامی کارێکی میتۆلۆژی بوو؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، هەرچەندە ڕوونکردنەوەی ئەو کارە کارێکی دژوارە، ئەو بڕوایەم لای ئەو دروست کرد کە ئەو ئازارەی ئەو پێوەی دەناڵێ، خودی ئەوە، هەر ئەویش خۆی



بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەو ئازارەی بەسەر خۆیدا هێناوە. یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی کە نیتشە دەیخاتەڕوو، (عێشقی چارەنووسی خۆت Amor Fati) کە ئەوەش لەڕاستیدا ژیانتە، هەروەک نیتشە دەڵێ: گەر لە ژیانتدا هۆکارێ ڕەفز بکەیتەوە، ئەوە بەم جۆرە هەموو کارەکانت چارەسەرکردووە، سەرەرای ئەوەش هەرچەندە هەڵوێستەکە دیاریکراو پڕ هەڕەشە بێ، یان ئەو کارەی دەبێ پشتگیربکرێ گرانتر بێت، گەر ئەو کەسەی توانیی ئەمە بەدەست بهێنێ ئەوا ئەو کەسە کەسێکی پلە بەرزو بەتوانایە. ئەو شەیتانەی کە دەتوانێ قووتی بدەی، ئەوا ئەو شەیتانە هێزی خۆی بەتۆ دەبەخشێ، هەرچەندە دەردی ژیان زیاتر بێت، وەڵامی ژیانیش گەورەترە.

هاوڕێکەم دەیوت: (خودا ئەم بەڵایەی بۆ ناردووم) منیش وەڵامم دایەوە وتم: نەخێر خۆت ئەم کارەت کردووە، خودا لەناخی تۆدایە، تۆ خۆت خوڵقێنەری خۆتی، گەر هاتو لە ناخی خۆتدا ئەو توانایەت هەبوو ئەو شوێنە بدۆزیتەوە کە ئەم دەردەت لێ هێناوە، ئەوە دەتوانی پێی بژی و بەچاوێکی چاکە تەماشای بکەی و بگرە حەزیشی لێ دەکەیت بەوەی کەژیانتە.

**مویرز:** گەر نەشتوانی ئەمە بکەیت ئەڵتەرناتیف ئەوەیە کە نەژیت.

**کەمبڵ:** بوودا دەڵێ (ژیان ئازارچەشتنە)و جیمس جۆیسیش دەڵێ: (ئایا ژیان ئەوە دەهێنێ بۆی بژین؟)

**مویرز:** ئەی دەربارەی ئەو لاوە چی دەڵێ کاتێ کە دەڵێ: من لەدایکبوونی خۆم هەڵنەبژاردووە، بەڵکو دایک و باوکم بۆیان هەڵبژاردووم.؟

**کەمبڵ:** فرۆید دەڵێ: بۆ هەموو عەیبەکانی ژیانمان دەبێ سەرزەنشتی دایک وباوکمان بکەین، مارکس دەڵێ: دەبێ سەرزەنشتی چینی باڵای کۆمەڵگا بکەین، بەڵام لەڕاستیدا تەنیا کەسێک کە شایستەی سەرزەنشت کردن بێت خودی خۆمانین، ئەو نموونە هیندییەی لەسەر کارما هێنامانەوە هەمان ئەو شتەیە لێرەدا بۆ ئەم مەسەلەیە یارمەتیمان دەدات، ژیانتان دەرئەنجامی کردارەکانی خۆتە. بۆیە لەخۆت زیاتر نابێت سەرزەنشتی کەس بکەیت.

**موێرز:** دەربارەی ڕێکەوت دەڵێی چی؟ شۆفێرێکی سەرخۆش لەگۆشەیەکەوە دەردەچێ و پێتدا دەکێشێ، خۆ ئەمە خەتای تۆ نییە، ئەم بەڵایەش ئێوە بەسەرخۆتاندا نەهێناوە.

**کەمبڵ:** لەم ڕووەوە ئایا شتێک هەیە لە ژیانتدا کە بەڕێکەوت ڕووی نەدابێ؟ ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بەتوانای قبووڵکردنی ڕێکەوتەوە هەیە، باڵاترین ستوونی ژیان ڕێکەوتە؛ بۆ نموونە کاتێ دایک و باوکت چاویان بەیەکتری کەوتووە ئەمەش ڕێکەوتە، ڕێکەوت یان ئەو شتەی پێ دەچێت ڕێکەوتبێ، واتا ڕێگەیەک کە ژیانی لێ دروست دەبێ، ئەو بابەتەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بریتی نییە لە سەرزەنشت و لێکدانەوە، بەڵکو بریتییە لەوەی چۆن لەگەڵ ئەو ژیانەدا بەردەوام دەبیت ئەو ژیانەی پێت دەبەخشرێ. لەشوێنێک لەشوێنەکان جەنگ هەڵدەگیرسێ ئەو کاتە تۆ دەبێ جلی سەربازی بپۆشی بۆ جەنگ بڕۆی. پێنج تا شەش ساڵی ژیان لەگەڵ کۆمەڵێ ڕووداوی نوێی ڕێکەوت ئامێزا بەسەردەبەی. ئامۆژگاریی من ئەوەیە بەجۆرێک لەگەڵ ئەو ڕووداوانە مامەڵە بکە، وەک بڵێی مەبەستت ئەنجامدانی ئەو کارە بووبێ، گەر وا بکەی مانای وایە تۆ بەشداریی ئیرادەی خۆت دەکەی.

**موێرز:** لەگەشتە متیۆلۆژییەکاندا هەمیشە جێگایەک هەیە هەمووان دەیانەوێ بیدۆزنەوە. بوودیزمەکان باس لە نیرڤانا دەکەن، عیسا باسی ئاشتی یان ئەپارتمانتێکی پڕ ژوور، ئایا لەگەشتی پاڵەواندا هەمیشە جێگایەک هەیە کە دەبێ بیدۆزێتەوە؟

**کەمبڵ:** ئەو جێگایەی دەبێ بیدۆزیتەوە، لە دەروونی تۆدایە، لەگەمە وەرزشییەکانەوە ئەمە فێربووم، ئەو وەرزشکارەی لەو پەڕی توانای جەستەییی وەرزشیدایە، لەناخیدا جێگایەکی جێگیر هەیە، هەروەها کردارەکانی بەپێی بارودۆخی ئەم جێگایە بە ئەنجام دەگەت. گەر لەبواری ئەم جێگایە دووربخرێتەوە، گەر لە یاریگادا دووربخرێتەوە، ئەوە پەرچدانەوەیەکی ناگونجاو لەناخیدا ڕوودەدات. هاوسەرەکەم سەماکەرەو دەڵێ ئەمەی باسی دەکەم لە سەماکردنیشدا هەیە، جۆرێک سەنتەری ئارامی دەروونیی هەیە، کە دەبێ بزانرێ. گەر هاتو ئەم سەنتەرە لەدەست بدەی،



دووچاری شڵەژاوی و هەڵوەشانەوە دەبی.

نیرڤانای بوودیزم سەنتەرێکی ئاشتیی لەم جۆرەیە. بوودیزم ئاینێکی دەروونناسییە، بوودیزم کاری خۆی بەپرسی دەروونناسی ڕەنجدان دەست پێ دەکات: ژیان بەتەواوی خەماوییە، بەڵام ڕێگەیەک هەیە بۆ ئەوەی خەمت لە کۆڵ بێتەوە، ئەم ڕێگەیەش نیرڤانایە یا جۆرێکە لە بارودۆخی زەین یان ئاگایی، لە بەهەشت ناکات، جێگایەکەو لە شوێنێکدایە. نیرڤانا لێرەدایە لەنێو ئاشووبی ژیان. کاتێ کە نیرڤانات دەست دەکەوێ، چیتر ناچار نیت لەگەڵ ئارەزوو ترس و بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییەکان بژیت، کاتێ کەسەنتەری ئازادیت دەدۆزییەوە ئەو کاتە دەتوانی لەو سەنتەرەوە ئەوەی دەتەوێ هەڵی بژێری و دەست بەکاربیت. ئەو کارە خۆ بەخۆیانەی لەم سەنتەرەوە سەرچاوە دەگرن، کارێکی بودیساتوڤایە، یاخود بە کەیف و خۆشییەوە؛ بەشداریکردنە لە ئازارەکانی ژیان. ئەو کاتە لە بازنەی دیلی دەچیتە دەرێ. لەبەرئەوەی خۆت لە چنگی تەڵەکانی ترس و شەهوەت و ئەرکەکان ڕزگار کردووە. ئەو کەسانەش فەرمانڕەوایانی جیهانن.

تابلۆیەکی بوودیزم لەتیبت هەیە، لەو تابلۆیەدا وانەیەک هەیە لەسەر تەگەری بەردەوامیWheel of Becoming. ئەم تابلۆیە لە دەرەوەی دێرەکانەوە هەڵواسراوە نەک لەناوەوە. ئەوەی لەم تابلۆیەدا وێنەکێشراوە وێنەی زەینی جیهانە، ئەو کاتەی کە هێشتا لەچنگی ترسی خودای مردنە. شەش پلەی بوون هەن، بەشێوەی باڵەکانی ئەم تەگەرەی کە هەمیشە دەسووڕێتەوە، نیشان دراون. یەکەمیان تایبەتە بەژیانی ئاژەڵان و دووەمیان ژیانی مرۆڤ، سێیەم خواکانی بەهەشت و چوارەم ئەو ڕۆحانەی لە دۆزەخدا ئەشکەنجە دەدرێن، پێنجەم پەیوەستە بەشەیتانی جەنگاوەر ئەوانەی دژ بەخوداکانن، واتا تیتانەکان. شەشەم و سەرەنجام جێگای ڕۆحە برسییەکانە، واتا ئەو ڕۆحانەی خۆشەویستییان بۆ خەڵکی هاوکات بووە لەگەڵ وابەستەیی و خۆهەڵواسین و پێشبینی. ڕۆحە برسییەکان ورگی زل و چاوچنۆک و دەمی بچوکیان هەیە. لەنێوان هەر یەک لەم پلانەدا بوودایەک هەیە، ئەمەش مانای وایە کە توانای ڕزگاربوون و ڕۆشنگەری هەیە.

لە میحوەری تەگەرەکەوە وێنەی سێ ئاژەڵ دەبینرێ ئەو ئاژەڵانەش: بەراز و

کەڵەشێر و مارن. ئەم ئاژەڵانە ئەو هێزەن تەگەرەکە دەسووڕێنن، ئاماژەن بۆ نەزانی و ئارەزوو فرتوفێڵ، دواجار دەوروبەری ویلەکە کورتبینیی ئاسۆی ئاگایی کەسانێک نیشان دەدات کە هێزی سێینەی سەنتەریی ویلەکە ئەوان دێنێتە جووڵە، کە وابەستەن بەترسی مەرگەوە. لە سەنتەردا لە میحوەری تەوەرەدا کە بە (سێ ژەهرەکە) ناسراوە، هەندێ ڕۆح هەن هەندێکیان بەرەو تاریکی شۆڕدەبنەوە و، هەندێکیشیان بۆ ڕۆشنگەری سەردەکەون.

**مویرز:** ڕۆشنگەری چییە؟

**کەمبڵ:** ڕۆشنگەری درککردنە بەپرشنگی نەمری لە هەرچی شت هەیە، جا لەڕووی زەمەنەوە ئەو شتانە باش بن یان خراپ. بۆ گەیشتن بەم قۆناغەش دەبێ بەتەواوی خۆت ڕزگار بکەیت لە حەزی شتەکانی ئەم جیهانە و ترسی لە دەستدانی ئەو شتانە. یان بەپێی ئەو وتەیەی کە مەسیح دەڵێ: (داوەری مەکە تاداوەری نەکرێی.) بلاک نووسیویەتی: (گەر بهاتبایە دەرگاکانی ئیدراک پاک و تەمیز دەبوون، مرۆڤ هەموو شتێکی بەو شێوەیە دەیبینی کە هەیە، واتا بەشێوەیەکی بێ کۆتایی.)

**مویرز:** سەفەرێکی سەختە.

**کەمبڵ:** سەفەرێکی بەهەشتانەیە.

**مویرز:** بەڵام ئایا ئەم سەفەرە لەڕاستیدا تەنیا بۆ کەسە پیرۆز و ڕەبەنەکانە؟

**کەمبڵ:** نەخێر، پێم وایە ئەم سەفەرە بۆ هونەرمەندانیشە. هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە فێربووە ئەو شتەی کە جیمس جۆیس ناوی ناوە (پرشنگداری) هەموو شتەکان، وەک جۆرێک لە دەرکەوتن تێ بگات و بیانخاتەڕوو، یاخود لایەنە ڕاستەقینەکانیان نیشانبدا.

**مویرز:** ئایا دیدگای لەم جۆرە، ئێمەی پاشماوە، ئێمەی نەمرانی ئاسایی بەجێ ناهێڵێ، ئێمەیەک کە لە کەنارەکاندا بەجێ ماوین؟

**کەمبڵ:** بڕواناکەم شتێک هەبێت پێی بوترێ نەمرانی ئاسایی. بەپێی ئەزموونی ژیان



هەرکەسەو ئەو توانایەی هەیە کە گەشکەییی ژیان بدۆزێتەوە، تەنیا کارێک کە دەبێت بکرێ ئەوەیە کە ئەو توانایە بناسرێ و گەشەی پێ بدرێ، هاوڕێی بیت. هەمیشە هەست بەبێزاری دەکەم کاتێ کە کەسانێک دێن و باس لە نەمرانی ئاسایی دەکەن، لەبەرئەوەی من تا ئێستا چاوم بەکەسی ئاسایی نەکەوتووە، جا چ پیاو یا ژن یا منداڵ بێت.

**مویرز:** ئایا بەڕای تۆ هونەر تەنیا ڕێگەیە بۆ گەیشتن بەڕۆشنگەری؟

**کەمبڵ:** ئەو دوو ڕێگەیەی کە پێشنیارکراون ئاین و هونەرن، بڕوا ناکەم لەڕێگەی فەلسەفەی ئەکادیمییەوە مرۆڤ بگاتە ڕۆشنگەری لەبەرئەوەی لەفەلسەفەدا شتەکان دیلی چەمکن. بەڵام کردنەوەی دڵی هاودەردی بەڕووی هەموو کەسێکدا ڕێگەیەکە بەرووی هەمووواندا کراوەتەوە.

**مویرز:** کەواتە ئەزموونی ڕۆشنگەری لەبەردەستی هەمووانە نەک تەنیا بۆ مرۆڤی پیرۆزو هونەرمەند. گەر ڕاست بێت ئەو توانایە توانایەکە لای هەمووان هەیە، بەڵام لە ناخی سندووقی زاکیرەدا قوفڵ دراوە، کەواتە چۆن ئەو سندووقە دەکرێتەوە؟

**کەمبڵ:** کەسانی تر دەتوانن لەکردنەوەی ئەو سندووقەو یارمەتیت بدەن، ئایا هاوڕێیەک یامامۆستایەکی چاک شک دەبەی؟ ڕەنگە لەڕێگەی مرۆڤێکی واقیعییەوە ئەزموونێک تاقی بکەیتەوە وەک ڕووداوی ئۆتۆمبێل، یائەو پەرتووکەی ڕۆشنگەریت پێ دەبەخشێ. لە ژیانی مندا ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک ڕۆشنگەریی پێ بەخشیوم پەرتووک بووە، هەرچەندە مامۆستای چاکیشم هەبوون.

**مویرز:** کاتێ بەرهەمەکانت دەخوێنمەوە، بەخۆم دەڵێم: (مویرز ئەوەی ئەفسانە پێی بەخشیوی، ئەوەیە تۆی خستووەتە سەر لقی درختێکی ئێجگار کۆن. تۆ بەشێکی لە کۆمەڵگەیەک کە لەبڕێکی زۆر مردوو و زیندوو پێک هاتووە و سەردەمێکی زۆر پێشتریش ئەوان هەبوون، پێش ئەوەی تۆ هەبی، هەروەها پاش ئەوەی تۆش دەڕۆی ئەوان هەر دەمێنینەوە، ئەم کۆمەڵگەیە نەیهێشتووە

برسی بی و پاراستووتی، بۆیە تۆش دەبێ ئەوان تێرکەیت و بیانپارێزی.)

**کەمبڵ:** تاقە شتێک دەتوانم پێت بڵێم ئەوەیە کە میتۆلۆژیا، پشتیوانێکی سەرسوورهێنەر بووە بۆ ژیان. ئەو کاتەی ئەم سەرچاوەیە چووەتە ناخی ژیانمەوە، کارێکی مەزنی ئەنجام دا.

**مویرز:** بەڵام خەڵکی دەپرسن، ئایا ئەفسانە شتێک نییە لە بابەتی درۆ؟

**کەمبڵ:** نەخێر ئەفسانە درۆ نییە، بەڵکو ئەفسانە شیعرو خوازیاریە. ڕاستیان وتووە کە میتۆلۆژیا حەقیقەتی پێش کۆتاییە، بەو بەڵگەیەی کە ئەفسانە پێش کۆتاییە لەبەرئەوەی ناتوانرێ لە قاڵبی وشەدا بخرێتەڕوو؛ لە پشتەوەی وشە و وێنەیە لە پشتەوەی ئەم میحوەرانەیە کە ویلی بەردەوامی بوودیزم پێک دێنن، ئەفسانەکان زەین بەرەو پشتەوەی ئەم میحوەرانە دەبەن، واتا دەکرێ بڵێین بەرەو ئەو شوێنەی دەبەن کە دەکرێ بناسرێتەوە نەک بوترێتەوە. کەواتە ئەفسانە ڕاستی پێش کۆتاییە.

گرنگ ئەوەیە بەئەزموونەوە بژین، بەم جۆرە بەناسینی نهێنیی ژیان و نهێنیی خۆت جۆرێک درەوشانەوەو هاوئاهەنگی و دڵگیری نوێ بە ژیانت دەبەخشێ، بیرکردنەوە لەچوارچێوەکانی میتۆلۆژیا یارمەتیت دەدا تا لەم دەربەندی پڕ لەفرمێسکەدا بگونجێی لەگەڵ ئەو شتانەی ناکرێ لێیان هەڵبێی؛ فێردەبی چۆن بەها چاکەکان دەستنیشان بکەیت لەو چرکانەی کەوا پێ دەچن چرکە خراپەکانی ڕووی ژیانت بن، گەورەترین پرسیار ئەمەیە، ئایا دەتەوێ ئەو توانایەت دەست بکەوێ تا لەناخی دڵەوە بەسەرچڵییەکانت بڵێی ئەرێ.

**مویرز:** سەرچڵیی پاڵەوانان؟

**کەمبڵ:** بەڵێ سەرچڵیی پاڵەوان، سەرچڵیی زیندووبوونە.

## دیاریی خواکان

6

(ئەفسانەی خودا مەزنەکان، سۆزداری بەرامبەر بە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان وەبیر دێننەوە. ئەوەی بە چێژ و درککردنی ڕاستەقینەی زەویت دەگەیەنێ ئەو ئەفسانانەن، لەبەرئەوەی زەوی جەستەی خودایە).

**مویرز:** بەم دەستەواژەیە نزای خودا دەست پێ دەکات: (ئەی باوکی من کە لەئاسمانی..) ئایا نەدەکرا ئەم دەستەواژەیە بە(ئەی دایکی من) دەستی پێ بکردایە؟

**کەمبڵ:** ئەم وێنەیە سیمبول ئامێزە. هەموو ئاماژەکانی نێو ئاین و وێنە میتۆلۆژییەکان ئاراستەن بۆ ئاستێک لە ئاستەکانی هۆش یاخود بۆ بوارێک لە ئەزموونەکان ئەو ئەزموونە ناوکۆیانەی دەکرێ لەناخی ڕۆحدا هەبن، ئەم وێنانە برێک هەڵوێست و ئەزموون دەورووژێنن کە دەگونجێن لەگەڵ ڕوانین بۆ نهێنیی سەرچاوەی بوونت.

لە کۆمەڵێ سیستمی ئاینیی سەرەتاییدا باوکی سەرەکی یاخود سەرچاوەکەی دایک بووە، لەڕاستیشدا دایک لە باوک گرنگترە، لەبەرئەوەی دایکە مناڵ دەهێنێتە دنیاوە، یەکەمین ئەزموونی منداڵیش دایکە. زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە کە میتۆلۆژیا شێوەیەکە لە بەرزکردنەوەی وێنەی دایک. کاتێک باس لە زەوی دەکەین دەڵێین دایکی زەوی. لە میسری کۆندا ڕووبەڕووی دیاردەی دایکی ئاسمان یا خودای



نووت دەبینین کە نوێنەری بواری ئاسمان هەموویەتی.

**مویرز:** کاتێ کە لە میسر بووم یەکەمین شتێک کە بەڕاستی بۆ لای خۆی کێشی کردم، وێنەی نووت بوو کە بەبنمیچی یەکێک لە پەرستگاکانەوە هەڵواسرابوو.

**کەمبڵ:** بەڵێ دەزانم، ئەو پەرستگایە دەناسم.

**مویرز:** ئەم وێنەیە لەدوو لاوە سەرنجڕاکێشە لەلایەک لەڕووی ئەو ڕێزو هەیبەتەی لێوەی دەردەکەوێ و لەلایەکی ترەوە ڕووە شەهوەتئامێزەکەی.

**کەمبڵ:** بەڵی بیری خوا پەیوەستی بەو ڕاستییەوە هەیە کە تۆ لەدایکەوە لەدایکبووی، بەڵام باوک ڕەنگە نەناسراو بێت یان ڕەنگە مردبێت، ئەم شێوە بۆچوونانە لەداستانەکاندا دووبارە دەبنەوە، لەو داستانانەدا کاتێک کە پاڵەوان لەدایک دەبێت یان باوکی مردووە، یاخود لە جێگایەکی ترە، بۆیە ئەرکی قارەمان ئەوەیە بڕوا بەدووی باوکا بگەڕێ.

لە چیرۆکی مەسیحدا باوک و بەرجەستەییی باوک ئەوەیە کە لەئاسمانە، هیچ نەبێت لە سنووری بەکارهێنانی سیمبولیدا، کاتێکیش کە مەسیح بەرەو لەخاچدان هەنگاو هەڵدێنی مانای وایە بەرەو لای باوک دەڕوا، ئەمەش سیمبولە لەبەرئەوەی لەڕۆیشتنیدا بەدووی باوکدا دایک بەجێ دێڵێ. خاچیش کەسیمبولە بۆ زەوی سیمبولێکی دایکانەیە؛ بۆیە مەسیح جەستەی خۆی لەسەر خاچدا بۆ دایک بەجێ دێڵێ ئەو دایکەی دروستی کردووە، بەرەو لای باوک دەڕوا ئەو باوکەی دوایین سەرچاوە و بالاییيە.

**مویرز:** ئەم گەڕان و پشکنینە بەدووی باوکدا بەدرێژاییی سەدەکان چ کاریگەرییەکی هەبووە؟

**کەمبڵ:** ئەم گەڕانە یەکێکە لەبابەتە سەرەکییەکانی میتۆلۆژیا. بابەتێکی بچووک هەیە کە لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی پەیوەستن بەپاڵەوانەوە دووبارە دەبنەوە، ئەو بابەتەش بریتییە لەوەی کوڕ دەپرسێ: (دایکە باوکم کێیە؟) دایکیش دەڵێ: (باوکت لە فلان و فیسار جێگایە) پاش ئەم وەڵامە پاڵەوان ڕێگەی گەڕان و پشکنین دەگرێتە بەر.

لە ئۆدیسە، تیلماخۆسی کوڕی ئۆدیسیوس، مناڵێکی بچووک دەبێ کاتێ باوکی دەچێتە جەنگی ترواده. ئەم جەنگە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەردەوام بوو، پاشان ئۆدیسیوس لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە دەریای سپیی ناوەڕاستدا لەدنیای ئەفسانەناسیدا ون دەبێت. کاتێ کە تیلماخۆس تەمەنی دەبێ بە (٢٠) ساڵ، ئاتینا دێتە لای تیلماخۆس و پێی دەڵێ: (بڕۆ باوکت بدۆزەوە) نازانێ باوکی لەکوێیە، بۆیە دەچێتە لای نەستۆر و دەپرسێ: (بەڵکو بزانی دەبێ باوکم لەکوێ بێت؟) نەستۆر دەڵێ: (بڕۆ لەپرۆتیوس بپرسە) ئەو بەدووی باوکی خۆیدا گەڕاوە.

**مویرز:** لەجەنگی ئەستێرەکاندا، لۆک سکای ۆرکەر بەهاوڕێیانی خۆی دەڵێ: (چەند حەزم دەکرد باوکی خۆم بناسیایە.) لەوێدا شێوەیەک لەهێز ئامادەیە بۆ گەڕان بەدووی باوکدا. باشە دەربارەی گەڕان بەدووی دایکدا بۆچی باسێک لەئارادا نییە.

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی دایک هەمیشە بەرامبەرت ئامادەیە. ئێوە لەدایکتانەوە لەدایک بوون. ئەو کەسێکە پارێزگاریت لێ دەکات، پەروەردە و گەورەت دەکات و سەرەنجام دەگەیتە تەمەنێک لەسەرەتا باوکی خۆت بدۆزیتەوە.

لەڕاستیدا پەیداکردنی باوک پەیداکردنی چارەنووس و خودی خۆتە. ئەو بۆچوونە هەیە کە کەسایەتی لەباوکەوە وەردەگری، بەڵام جەستە یان زۆرجار عەقڵ لەدایکەوە بۆمان دێت. بەڵام کەسایەتیت نهێنییەو لەچارەنووستایە، بۆیە ئەو کەسەی بەدووی چارەنووسدا دەگەڕێ بەسیمبولی گەڕان بەدووی باوکدا ئاماژەی بۆ دەکرێ.

**مویرز:** کەواتە کاتێ باوک دەدۆزیتەوە مانای وایە خۆت دۆزیوەتەوە؟

**کەمبڵ:** لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی at-one-ment لەگەڵ باوکدا مانای (بۆ لای باوک دەگەڕێتەوە یان لەگەڵ باوکدا دەبێ بەیەک. چیرۆکی مەسیحت لەیادە کاتێ کە تەمەنی نزیکەی دوازدە ساڵ دەبێ، ئەو کاتەی لە ئۆرشەلیم ون دەبێت، دایک و باوکی بەدویدا دەگەڕێن، کاتێ دەبیننەوە، دەبینین لەگەڵ فەقێکاندا دەدوێ، باوک و دایکی دەڵێن: (بۆچی لە ئێمە دوورکەوتیتەوە؟ بۆچی ئێمەت دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ کرد؟) مەسیح لەوەڵامدا دەڵێ: (ئەی نازانن دەبێ من کارەکانی باوکم جێبەجێ بکەم؟) ئەو تەمەنی دوازدە ساڵ بوو واتا لەتەمەنێکدایە کە پێی دەوترێ ئاشناسازیی



باڵغبوون واتە ئەو تەمەنەی دەبێ خۆی بناسێتەوە.

**مویرز:** بەدرێژاییی سەدەکان، ئەم ڕێز و حورمەتە چی بەسەر هات، ڕێزو حورمەتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەرامبەر بەکەسێتیی خودای مەزن و زەویی دایک؟

**کەمبڵ:** ئەم مەسەلەیە لەڕاستیدا بەپلەی یەکەم پێوەندیی بە کشتوکاڵ و کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە هەبوو. پێوەندیی بەزەمینەوە هەیە، ژن منداڵ دێنێتە دنیاوە، بەتەواوی وەک زەوی کە گژوگیا بەرهەم دێنێ، دایک خواردن بەمنداڵ دەدا، واتە هەمان ئەو کارە دەکا کەگیا دەیکات. بۆیە سیحری ژن و منداڵ وەکو یەکە. هەردووکیان پێوەندییان بەیەکترییەوە هەیە. بەرجەستەکردنی ئەو هێزەی کە وێنەکان دێنێتە دنیاوە هەروەها تێریان دەکات بەتەواوی هێزێکی مێینەیە. لە کولتووری میزۆپۆتامیاو میسری کۆن و سیستەمی کولتووری کشتوکاڵیدا، شێوەی ئەفسانەییی باو لە خودای مێینەدا بەرجەستە کرابوو.

لە ئەوروپادا سەدان شێوەی پەیکەری دۆزراوەی سەردەمی بەردینی نوێ دەرکەوتوون، هەر هەموویان شێوەو پەیکەری خودای مێینەن، هیچ شێوە نموونەیەکی نێرانە لەو دۆزینەوانەدا بەدی ناکرێت، گا یان بەرازی کێوی یا هەندێ ئاژەڵی تری وەک ورچ و بزن دەبینرێن، ڕەنگە ئەمانە سیمبولی هێزی نێرانە بن، لەو زەمەنەدا خودای مێ تەنیا بوونەوەرێکە بەشێوەی بوونەوەرێکی ئاسمانی وێنە کێشراوە.

کاتێ خودای مێینە تاکە خوڵقێنەر بێت کەواتە جەستەی مێینەیە کە گەردوون پێک دێنێ؛ ئەو لەگەڵ بوونەوەرەکاندا یەک دەگرێ. خودای مێینەیە کە لە وێنەی نوتدا لە پەرستگای میسریدا بینیت ئاماژەکردنە بۆ ئەم مانایە. ئەو هەموو بوارەکانی ئاسمان پێک دێنێ کە دەورەی ژیانیان داوە.

**مویرز:** شێوەی ئەو خودایەت لەبیرە کە هەتاو قوت دەدات، ئەم شێوەیەت لەبیرە.؟

**کەمبڵ:** ئەم بیرە ئەوە دەگەیەنێ کە خوا لەڕۆژئاوادا هەتاو قووت دەداو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەیهێنێتە دەرەوە، بۆیە سەرتاسەری شەو هەتاو لەنێو جەستەی خودادا ڕێ دەکات.

**مویرز:** بۆیە شتێکی ئاساییە کاتێ کە خەڵکی شتە سەیرەکانی گەردوون بەڕوانین بۆ شێوە مێینەکان ڕاڤە بکەن وەکو ڕاڤەکردنێک بۆ ئەو شتەی کە لە ژیانیاندا دەیبینن

**کەمبڵ:** کارەکە تەنیا لێرەدا کۆتاییی نایە، بەڵکو گەر لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە تەماشای بکەیت، هەروەک لە ئاینی خوداکانی هیند بەرچاومان دەکەوێ، واتا ئەو جێگایەی کە سیمبولناسیی خوداکانن تا ئێستاش زاڵن، مێ سیمبولی مایایە. مێ نیشانەی ئەو شتەیە کەکانت پێی دەڵێ: (شێوەکانی هەست Forms of sensibility) مێ، زەمەن و شوێنە، ئەو نهێنییەی لەپشتەوەی ئەمەوەیە لەسەر هەموو دژە دووانەکانە. بۆیە نە مێیە و نە نێرو نەهەر دووکیشیانە، هەروەها لای نێرو مێش نامۆ نییە. بەڵکو هەموو شتێک لەناوەوەی ئەوە و خواکانیش کوڕی ئەوانن. هەرچییەک هەیە بەرهەمی ئەون، هەرچییەک بیرت بۆی دەڕواو هەرچییەک بۆت دەکرێ ببینی.

کاتێ خۆی فیلمێکی سەرنجڕاکێشم دەربارەی پرۆتۆپلازما بینی. ئەم فیلمە ئیلهامێکی سەیری پێ بەخشیم. ئاشکرایە کە پرۆتۆپلازم هەمیشە لە حاڵەتی جووڵەی بەردەوامدایە، جارێ لەمبەرەو جارێ لەوبەرەو هەندێ جاریش شێوەی تایبەت پەیدا دەکات. ئەم ماددەیە تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە کە شێوەی تایبەت لەخۆدەگرێ. ئەم فیلمەم لەباکوری کالیفۆرنیا بینی، کاتێ بەئۆتۆمبیلەکەم بە کەناری دەریای بیگوردا دەرۆیشتم، لە سەر ڕێگام هەرچییەکم دەبینی لەشێوەی پرۆتۆپلازم بوو، پرۆتۆپلازم لەشێوەی گژوگیا کە لەڕێگەی پرۆتۆپلازمەوە دەخورا واتا لەڕێگەی گاوە، پرۆتۆپلازم لەشێوەی مەل، بۆ گرتنی ماسی شێوە پرۆتۆپلازم، مەلەی دەکرد. مرۆڤ هەستێکی سەیری چوونە خوارەوەی لا دروست دەبێ، بەوەی کە هەموو شتێک لە پرۆتۆپلازم پێک دێ. بەڵام هەر شێوەیەک مەبەستی تایبەت و توانای تایبەتی خۆی هەیە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە مانا پەیدا دەکات. ئەم مانایەش لە خودی پرۆتۆپلازمدا هەیە.

**مویرز:** بەم جۆرە دەبینین جارێکی تر بۆ لای هیندییە سوورەکان دەگەڕێینەوە، ئەو هیندییانەی بڕوایان وابوو کەسەرچاوەی ژیان و وزە لەزەوییەوەیە. ئێوە ئەم



ڕستەیەی ئۆپانیشادەکانت وەکو نموونەیەک هێناوەتەوە: (تۆ پەلەوەرێکی ڕەنگ ئاسمانیی تاریک و توتیی سەوزی بەچاوی سوورەوە. تۆ وەکو کوڕەکەت، پڕشنگداری، تۆ جیاکەرەوە و دەریاکانی. سەرەتایەکت نییە، بە مانەوەت لە هەموو جێگایەک بەرگەدەگری و هەر تۆش هەموو شتەکان دەهێنیتە دنیاوە.) هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە و زەوی یەک شتین، وانییە؟

بەڵام ئایا لەژێر فشاری دۆزینەوە زانستییەکاندا ئەم بۆچوونە حوکمی مەرگی بەسەرا نەدراوە؟ وەک دەزانین گیا لەڕێگەی خواردنی جەستەی مردووانەوە سەوز نابێ، بەڵکو لەسەر بناغەیەکی یاساییانەی نێوان خاک و هەتاو سەوز دەبن. ئایا بەبڕوای تۆ نیوتن نەبووەتە هۆی کوشتنی ئەفسانە؟

**کەمبڵ:** بەبڕوای من ئەفسانە خەریکە دەگەڕێتەوە، دەبینی ئەمڕۆ لاوێک دێت و سوود لە زاراوەی (مەیدانی مۆرفۆجینیتیک morphogenetic field) دەبینێ، بەمانای مەیدانی پێکهاتنی شێوەکان لەبوونەوەرە ئەندامییەکانەوە، بێگومان بواری بەرهەمهێنانی شێوەکانیش هەر خودایە.

**مویرز:** ئەمە چ مانایەکمان بەدەستەوە دەدا؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەسەرچاوەی ژیان و پێوەندیی جەستەو وێنەی جەستەیەت بەهێزێکەوە پەیوەستە کە گیان بەو جەستەیە دەبەخشێ. جەستەی بێ وزە زیندوونییە، وانییە؟ ئێوەش لە ژیانتان جیاوازییەک دەبینن لە نێوان ئەوەی تایبەتە بە جەستەو ئەوەی کە پێی دەوترێ وزە و ئاگایی.

لە هیندستاندا دواین سیمبولی ڕەها فالوسە یالینگام یا ئەوەی پێی دەوترێ ئامێری زاوزێی نێرینە (کێر) ئەو ئامێرە دەچێتە نێو ئامێری زاوزێی مێینە یان ئەوان پێی دەڵێن یۆنی yoni. قوولبوونەوە لەم سیمبولە قوولبوونەوەیە لە چرکەی لەدایکبوونی هەموو ژیان. تەواوی نهێنی زیادبوونی ژیان دەکرێ لەم سیمبولەدا بەرجەستە بکرێ.

وەک دەبینی نهێنیی سێکس لە هیندستاندا، هەروەک لەزۆربەی جیهاندا، نهێنییەکی پیرۆزە، نهێنیی زیادبوونی ژیانە، کاری وەچەخستنەوە کارێکی

گەردوونییە، بۆیە دەبێ وەک کارێکی پیرۆز تەماشا بکرێت، بۆیە نهێنیی هێرشی وزەی ژیان بۆ بواری زەمەن بریتییە لە (لینگام) و (یۆنی) [ واتا کێر و کوز ] واتا بریتییە لەهێزی نێرانەو مێیانە لەو یەککگرتنە خوڵقێنەرانەیان.

**مویرز:** بۆ ئێمە چ دەبوو گەر لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووماندا لەجیاتی نزاکردن بەدەستەواژەی (ئەی باوکی من) دەستەواژەی (ئەی دایکی من) مان بەکار بهێنایا؟ ئەو کاتە ئەمە چ جیاوازییەکی دەروونناسیی دەهێنایە دی؟

**کەمبڵ:** بێگومان ئەم کارە دەبێ گۆڕانکارییەک لەسروشتی شارستانییەتماندا بەدی بێنێ؛ بۆ نموونە ئێمە دەبینین کە لەدایکبوونی بنەڕەتی شارستانییەتی ڕۆژئاوا لەدەربەندی ڕووبارە مەزنەکانەوە رووی داوە، نیل و دیجلە و فورات، سەندو پاشان گانگ. ئەو شوێنانەی باسم کردن جێگای خودا مێینەکان بوو: هەر بۆ نموونە ناوی ڕووباری جانج ناوی یەکێکە لە خوداکان.

پاشان سەردەمی داگیرکردن و هێرش بردن سەری هەڵدا، ئەم سەردەمە بەشێوەیەکی چالاک لەسەدەی چوارەمی پێش زاینی سەری هەڵدا، گەر ئاوڕێک لەم سەردەمە بدەینەوە دەبینین دەرئەنجامەکەی وێرانکاری و ماڵوێرانی بوو. ئەم داگێرکردنانە لەباکورەوە هاتن پاشان لەباشوورەوە، لەنێوان شەوو ڕۆژدا چەندین شار سەرەونگوون بوون. بۆ شایەدی ئەمەش خوێندنەوەی ڕۆڵی هۆزی یاقوب لە ڕووخاندنی شاری شاکیم بەسە. ئەم شارە بەدەستی ئەو برە شوان و گاوانانە ڕوویدا کە لەپڕ پەیدابوون لەماوەیەکی زۆر کورتدا نابوود بوون. داگیرکەرە سامییەکان خاوەنی مەڕوماڵات و زۆربەیان ساوەلەوان بوون، بەڵام داگیرکەرە هیندو ئەوروپییەکان خاوەنی گابوون. ئەم دووانە هەردووکیان پێشتر ڕاوچی بوون، بۆیە لەبناغەوە کولتوورەکەیان بەئاژەڵەوە پەیوەست بوو. کاتێ کەڕووبەڕووی ڕاوچی دەبیتەوە لەڕاستیدا ڕووبەڕووی کوژەر بوویتەتەوە. کاتێکیش باس لەشوانکارەی ئاژەڵان دەکەیت لەڕاستیدا باس لەبکوژ دەکەیت؛ لەبەرئەوەی ئەوان بەردەوام خەریکی کۆچ و کۆچبارن بۆیە لەڕێگەیاندا تووشی کەسانی جۆر بەجۆر دەبن بەو شوێنانەشدا کە دەڕۆن داگیریان دەکەن، هەرئەم شەڕو داگیرکردنانەش بوونەتە



هۆی پەیدابوونی خوداکانی جەنگ و بەدیهێنەرانی برووسکەی وەک زیوس و یەهوو.

**مویرز:** شمشێرو مەرگ جێگای فالوس و بەپیتبوونیان گرتەوە؟

**کەمبڵ:** ئەمە ڕاستە، ئەوەشی کەوتت هاوسەنگی یەکترن.

**مویرز:** چیرۆکێک هەیە، هەر خۆت گێڕاوتەتەوە دەربارەی سەرنگوونیی خوای دایک تیەمیت Tiamat.

**کەمبڵ:** پێم وایە دەکرێ لێرەدا ئەمە ڕووداوێک بێت لە یەکەمین ڕووداوە ئاینییەکان.

**مویرز:** تۆ ناوت ناوە چرکەیەکی ترسناکی مێژوو.

**کەمبڵ:** سامییەکان جیهانی سیستەمەکانی خودای مێینەی دایکیان داگیرکردو بەوجۆرەش ئەفسانەی نێرینەی زاڵ بوو، بەم جۆرە مێیە خوداکانی دایکبوون بەشێوەیەک لەدایە گەورەی خوداکان.

ئەمەش لەگەڵ دامەزراندنی شاری بابلدا ڕووی دا. هەریەک لەم شارە تازە دروستبووانە خودایەک یان خودایەکی مێینەی پارێزەریان هەبوو. سیفەتەکانی ئەو گەلانەی کە بەدەوری ئیمپریالیزمیان بینی ئەوەبوو کە خوداکانی خۆیان بەگەورەی هەموو دنیا دەزانی. ئەوان هیچ حیسابێکیان بۆخودایەکی تر نەدەکرد. بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕێگەیەش ئەوەبوو کە دەبووایە خوداکان لەناو بەرن ئەو خودایانەی پێشتر لەوێ بوون. پێش مەردۆخ خوای بابل خودایەکی دایکی تێروپڕ بوو. چیرۆکەکە بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی نێرە خوداکان کە هەریەکەیان ئەستێرەیەکن لە ئاسمانەوە دەست پێ دەکات، چوون ئەوان بیستبویان کە تیەمیتی دایە گەورە و پیرێژنی کەوتوو، سەرچاوەی هەمیشەیی، خەریکە بۆ ئەوێ دێ، تیەمیت لەشێوەی ماسییەکی گەورە یان ئەژدیهایەکی گەورە خۆی دەکا بەژووردا. چ خودایەک هەیە کە بوێرێ دژ بەدایە گەورە ڕاپەڕێ و بیکوژێ؟ ئەوەی کە ئەم جورئەتە بەخۆی دەدات خودای شاری مەزنی بابلە. خودایەکی مەزنە. پاشان کاتێ کەتیەمیەت دەمی خۆی دەکاتەوە، خودای گەنج و لاوی بابل، مەردۆک باو ڕەشەبا ڕەوانەی قورگ و ناو ورگی تیەمیت دەکات، ئەم کارەش دەبێتە هۆی پارچە پارچە کردنی، پاشان پارچەکانی

لەشی لەیەکتری دەکاتەوە، بەسوود وەرگرتن لەو پارچانە خودای لاو، ئاسمان و زەوی دروست دەکات. ئەم بابەتە بابەتی پارچە پارچەکردنی بوونەوەرێکی سەرەتایی و گۆڕینی پارچەکانی ئەوە بۆ بوونەوەرێکی تر، بابەتێکە لە زۆربەی ئەفسانەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر دەبینرێت. لە هیندستان ئەم بابەتە لەگەڵ پوروشا Purusha دا دێت، کەسێبەری ئەو گەردوونی پێک هێنا.

دەبێ ئەوەش وەبیر بهێنینەوە لە ئەفسانەکاندا خوداکانی دایک بەڕاستی خۆیان گەردوون بوون، بۆیە ئەو کارە خوڵقێنەرە گەورەی کەمەردۆک کردی لە راستیدا ئەوەندە پێویست نەبووە، بۆیە پێویست نەبوو کە تیەمیت پارچە پارچە بکات و دووبارە گەردوون دروست بکاتەوە، لەبەرئەوەی پێشتر گەردوون هەبووە، بەڵام ئەفسانەکە لەبنەڕەتدا ئاراستەیە بۆ نێر، هەر ئەو کاتە ئیتر ئەوە دەسەڵاتی پەیدا کردو بوو بە خوڵقێنەر.

**مویرز:** گرنگیدانەکە گۆڕا، گرینگیدان لەخوای دایکەوە چوو بۆ کوڕەکەی، ئەو کوڕە لووتبەرزە کە هەر زوو ئەستێرەی گەشایەوە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، گرینگیدانەکە گۆڕا لەدایکەوە بۆ دەسەڵاتدارانی نێرینەی شاری بابل.

**مویرز:** ئا بەو جۆرە کۆمەڵگەی ژن سالاری دەستی کرد بەبەخشینی جێگای خۆی بە.....

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەم کاتەدا واتا دەوروبەری (١٧٥٠) پێش زاین، سەردەمی ژن سالاری کۆتایی هات.

**مویرز:** ئەمڕۆ ژنانێ هەن دەڵێن ڕوحی خودای دایک بۆ ماوەی (٥٠٠٠) ساڵ مابووەوە، لە....

**کەمبڵ:** گەڕانەوە بۆ ئەو هەموو ساڵە کارێکی سەختە، واتە پێنج هەزار ساڵ بگەڕێینەوە. لەقۆناغی هیلینی لە دەریاری سپی ناوەڕاست، هێشتا لەو جێگایە سیمای خودای مێینە سیمایەکی دەسەڵاتدار بوو هەروەها لە کەلەپوری کاتۆلیکی ڕۆمیشدا ئەم سیمایە لە سیمای مریەمی پاکیزەدا گەڕایەوە. هیچ کەلەپوورێک



نابینیت وەک کەلەپووری سەدەی دوازدەیەم و سیازدەیەمی کلیسای فەڕەنسی بەو جوانی و نایابییە شانوشکۆی بەخشیبێ بەخودای مێینە، هەریەک لەو کلیسایانە پێی دەوترا (نۆتەردام) واتا خاتوونی گەورە.

**مویرز:** بەڵێ، بەڵام هەموو ئەم بابەت و ناوەرۆکانە لەلایەن نێرەکانەوە (لە قەشە و ڕەبەنەکان) هوە کۆنترۆڵ دەکراو ئەوان لەم ڕێوڕەسمانەدا ژنانیان وەلاوە دەنا، بەهەرحاڵ هەرمانایەک کە باوەڕهێنەر لەم شێوەیەدا دەیبینی، وێنەیەک بوون تواناو هێزیان هەبوو بەڵام لەژێر دەستی نێرەکاندا بوون.

**کەمبڵ:** دەکرێ بەم جۆرە ڕای خۆت لەوبارەیەوە دەربڕیت، بەڵام پێم وایە لەم بۆچوونەتدا تۆزێ زیادەڕۆی هەیە، هەر بۆ نموونە لە نێو قەشەکاندا کۆمەڵێ ڕەبەن هەبوون کە لە ژنانی مەزن پێک هاتبوون، بۆ نموونە هیلداگرادی بینگین Hildegrade of Bingen، هاوتای ئینۆستی سێیەم بوو؛ هەروەها ئیلیانۆری ئەکویتین Eleanor of Aquitaine، بڕوا ناکەم لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کەسێک بووبێ بەئەندازەی ئیلیانۆری پلە و پایەی هەبووبێت. دەکرێ ئێستا ئاوڕێک لەڕابردوو بدرێتەوە و لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکرێت، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم پلەو پایەی ئافرەتان بەهیچ جۆرێک خراپ نەبووە.

**مویرز:** نەخێر، بەڵام هیچ یەک لەو ئافرەتانەی کەڕەبەن بوون بۆیان نەبووە، بگەنە پلەی پاپایەتی.

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا بەپاپا بوون پایەکی گرینگ نییە. جۆرە ئەرک و پیشەیەکە. هیچ یەک لە پاپاکان هەرگیز نەیانتوانیوە ببەنە دایکی مەسیح. ئافرەتان ڕۆڵی جۆراوجۆر دەبینن، ئەرکی پیاوانیش بوو بەرگری لە ژنان بکەن.

**مویرز:** لێرەوە بۆچوونی پیاوسالاری گەشەی کرد.

**کەمبڵ:** ژنان دەست کەوتی شەڕو، جۆرێک شمەکن. بەداگیرکردنی شارێک دەستدرێژیی دەکرایە سەر هەموو ئافرەتان.

**مـویرز:** لەیەکێک لەپەڕتووکەکانت بەقوستنەوەی زانیاری لە وتەکانی گەشتی دەرچوون، ئاماژەت بەم ناکۆکییە ڕەوشتییە کردووە: (نابێ بکوژی، نابێ چاوی تەماح ببڕیتە ژنە دراوسێکەت، تەنیا ژنی دەرەوە نەبێت. بەم جۆرە هەرچی نێر هەیە دەبێ بخرێنە بەر ڕەحمەتی شمشێرو، ژنەکانیشیان وەک دەستکەوت ببرێن.) ئەمەش مەسەلەیەکە لە پەڕتووکی پیرۆزدا هاتووە.

**کەمبڵ:** دیوترۆنۆمی[١٢] Deuteronomy بابەتێکی ترسناک و دڕندانەیە.

**مویرز:** لەوێ لەبارەی ئافرەتەوە چیت پێ دەڵێن؟

**کەمبڵ:** ئەو بەشانە زیاتر باس لە دیوترۆنۆمی Deuteronomy دەکەن تا ئافرەت. لەڕاستیدا عیبرانییەکان زۆر بێ ڕوحم و بەزەیی بوون، ئەم بەشەی کە تۆ وەرتگرتووە، ڕاپۆرتێکی توندڕەوانەیە لە زۆربەی ئەفسانە سۆسیۆلۆژییەکاندا بەدی دەکرێت. واتا لێرەدا مەبەست لەوەیە کە خۆشەویستی و سۆزداری تەنیا تایبەتە بەکەسانی نێو ئەو هۆزە خۆیان، بەڵام دوژمنایەتی و خراپەکاری و خراپ بەکارهێنان زیاتر ئاراستەکەی بۆ دەرەوەیە واتا بۆ کەسی بێگانە، هەرچییەک لەدەرەوەیە وەک لە دیوترۆنۆمی Deuteronomy دا هاتووە دەبێ نیشانە بێت بۆ هێرشکردنە سەری. ئەمرۆ لەسەر گۆی زەوی چیتر گرووپێک نییە بەنێوی گرووپی دەرەوە، ئاینی نوێ دەبێ ئامانجی ئەوە بێت کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بێت. باشە گەر وابێت ئەوا دوژمنایەتی و توندوتیژی دژ بەدەرەوە لەپای چی؟ ئەمەش ئەو گرفتەیە کە دەبێ جیهان ڕووبەڕووی بێتەوە، چونکە هێرش بردن تەواو بە ئەندازەی هاودەردی و، تەنانەت ڕاستتریش لەو غەریزەیەکی مرۆییە و هەمیشە بوونی هەیە. دەکرێ بوترێ واقیعێکی بایۆلۆژیە. بێگومان لە سەردەمی تەوراتدا ئەو کاتەی کە عیبرانییەکان هاتن بەسەر خودای مێدا سەرکەوتن، ئەو زاراوەیەش کە ئاماژە بە خودایی مێینەی کەنعانییەکان دەکات و لە تەوراتدا بەکارهاتووە شتێکە قزوەن Abomination

(١٢) وشەیەکی یۆنانییە بە مانای دووەمین یاسا، ئەمە ئەو سێ وتارەیە کە مووسا پێش گەشتەکەی بە کۆمەڵگای جووی پێشکەش کرد، کاتێ لە یازدەمین مانگی دواین ساڵی گەشتی بیابانیدا بوو، ئەم بەسەرهاتەش بە درێژی لە تەوراتدا باس کراوە.



هەروەک لە پەڕتووکی شاکانا هاتووە، پێ دەچێت لەو قۆناغەدا لەنێوان ئەم دوو ئاینەدا جۆرە ململانێیەک هەبووبێ. لەسەردەمی کۆندا زۆر لە پاشا عیبرانییەکان بەر نەفرەت و تاوانبارکردن کەوتوون لەبەرئەوەی لەسەر لووتکەی کێوەکان کاری پەرستنیان ئەنجام داوە. ئەم کێوانە نیشانەی خودایی مێینە بوون، هەر بۆنموونە ئەو دژایەتیکردنەی لای عیبرانییەکان دەیبینی دژ بەخودای مێینە لای ئەفسانەکانی هیندو ئەوروپی نایبینی، لە ئەفسانەی هیندو ئەوروپییەکاندا زیئۆس لەگەڵ خودایەکی مێدا هاوسەرێتی دەکات و پاشان هەردووکیان بەرێ کەوتن لەگەڵ یەکتریدا یاری دەکەن. بۆیە ئەوەی لە پەڕتووکی پیرۆزدا دەیبینین حاڵەتێکی توندڕەوانەیە. ئەو چەوساندنەوەی کە ئێمە لەڕۆژئاوادا دژ بەمێ دەینوێنین دەرئەنجام و شێوەی بیرکردنەوەی بەردەوامە کە لەپەڕتووکی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە.

**مـویرز:** کاتێ نێر لە جێگای مێ دادەنرێ، تێگەیشتنێکی دەروونیی جیاوازو دەمارگیرییەکی کولتووریی جیاوازت لادروست دەبێ و بێگومان لە کولتوورەکەتدا هەر کارێک کە خوداکانتان ئەنجامی دەدەن بۆ ئێوەش مەرەخەسە، بۆیە تۆ...

**کەمبڵ:** ئەمە ڕاستە، لێرەشدا من سێ هەڵوێست دەبینم، یەکەم هەڵوێست: هەڵوێستی سەرەتایی خودای مێینە، ئەو کاتەی نێر ئەوەندە بوونەوەرێکی ئاسمانیی گرینگ نییە. پاشان پێچەوانەی ئەم حاڵەتە ڕوودەدات کاتێک نێر ڕۆڵی خودایی مێ بۆ خۆی پاوان دەکات. سەرەنجام قۆناغی کلاسیکی دێت، واتا ئەو جێگایەی کە ئەم دووانە کاردەکەنە سەریەکتری، ئەو نموونەی کە لە هیندستاندا بینیمان.

**مویرز:** ئەم حاڵەتی سێیەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**کەمبڵ:** لە هەڵوێستی هیندو ئەوروپییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوانێک بەتەواوی لە شانوشکۆی پرنسیپی مێینەیان کەم نەکردووەتەوە.

**مـویرز:** ئەی لەبارەی ئاوسبوونی کچەوە دەڵێی چی؟ دەبینین کە خوای مێینە لەپڕ جارێکی تر لەشێوەی بوونەوەرێکی داوێن پاک و دەستلێنەدراو دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی دەوری خودا ببینێ.

**کەمبڵ:** پێ دەچێت لە مێژووی ئاینەکانی ڕۆژئاوادا ئەم گەشەکردنە گەشەکردنێکی مەزن بێت؛ لە پەڕتووکی پیرۆزی کۆندا تێبینی دەکەی کە خودایەک هەیە بێ یارمەتیی هیچ خودایەکی مێینە، جیهان دروست دەکات. پاشان ئەو کاتەی دەگەیتە پەندو سەرگوزەشتەکان، سەروکەڵلەی سۆفیا، خودای حیکمەت پەیدا دەبێ و دەڵێ: (کاتێ خوا جیهانی دروست دەکرد من لای ئەو پیشەکاربووم، گەورەترین چێژی ئەویش من بووم.) بەڵام لە کەلەپووری عیبرانیدا، بیری کوڕی خودا بەتەواوی ڕەفزە و بەهیچ جۆرێک لەبەرچاو ناگیرێت و بیر لە شتی وا ناکرێتەوە. مەسیح وەک کوڕی خودا، بەڕاستی کوڕی خودا نییە. ئەو کەسێکە لەڕووی کەساییەتی و کەرامەت، بەهایەکی تایبەتی هەیە، واتا وەک کوڕی خودا تەماشادەکرێ. دڵنیام لەوەی کە لەم کەلەپوورەدا بیری لەدایکبوون لە کچەوە بوونی نییە. ئەم لە دایکبوونە لە کچەوە لەڕێگەی کولتووری یۆنانییەوە خۆی بەنێو مەسیحیدا دەکات. هەر بۆ نموونە ئەو کاتەی کە لەخوێندنەوەی چوار ئەنجیلەکەدا قووڵ دەبیتەوە، تەنیا ئینجیلێک کەباس لە لەدایکبوون لە کچەوە دەکات ئینجیلی لۆکایە، لۆکاش کەسێکی یۆنانییە.

**مویرز:** لە کەلەپووری یۆنانیدا، وێنەو ئەفسانەوە میتۆلۆژیا هەن تایبەتن بەسک پڕبوونی کچ؟

**کەمبڵ:** ئاه بەڵێ، لیدیاو سۆنە، پەرسەفۆنی و مار، هەروەها زۆر بابەتی تریش، سک پڕبوونی کچیان لە زۆربەی ئەم کولتوورەدا نیشان داوە.

**مویرز:** کەواتە ئەم بیرە لە بەیت ئەللحەمدا تازە نەبوو، ئەو پرسیارەی دەمەوێ بیکەم ئەمەیە ئایا مەبەست چییە لە سک پڕبوونی کچ؟

**کەمبڵ:** پێموایە باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە، دەبێت قسەکردن بێت دەربارەی سیستمی هیندی کە باس لە قۆناغەکانی کامڵبوومی ڕۆحی دەکات. لە هیندستاندا سیستمێکی حەوت سەنتەریی دەروونی هەیە، کە لەسەر ستوونەی پشت حیساب دەکرێت. ئەمانەش ئەو ئاستانە دەگرنەوە کە پەیوەستن بە ئاستەکانی دەروونناسیی پەیوەست بەگرینگی پێدان و هۆش و کار. ئاستی یەکەم خۆراک و خواردەمەنی دەگەیەنێ، ئەرکەکەشی بریتییە لە پارێزگاریکردنی ژیانی بنەڕەتی. مار وەکو



شێوەیەک لە سورێنچکی بزوێن، هەرکە دەجووڵێتەوە تەنیا دەخوات و دەخوات و دەخوات، بەجوانیش ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات، ئەگەر ئەو مارە هەمیشە خەریکی خواردن نەبێ، ئەوە هیچ یەکێک لە ئێمە ئێستا زیندوو نەدەبوو، هەرچییەک کە دەیخۆیت شتێکە پێشتر زیندووبووە. ئەمەش نهێنیی ڕیتۆێڵی خواردەمەنی و خواردنە، زۆرجار کە دادەنیشین و دەخۆین ئەم شتەمان لەیاد دەچێت. کاتێ کە پێش دەستکردن بەخواردن سوپاسگوزار دەبین، مانای وایە ئێمە ستایشی خودایەک دەکەین کە ئەو خواردنەی بۆ فەراهەم کردووین، دیارە ئەو بۆچوونەی سەرەوە کە باسمان کرد بەپێی بۆچوونی کتێبی پیرۆزە، بەڵام میتۆلۆژییەکانی پێشتر، ئەو بۆچوونەیان تێدایە کە مرۆڤ پێش ئەوەی سەرقاڵی خواردن بێ، سەرقاڵی سوپاسگوزاریی ئەو ئاژەڵانەیە کە گیانی خۆیان دەکەنە خۆراکی ئەو مرۆڤە. لەبەرئەوەی ئەو گیانلەبەرە وەک قوربانییەک خۆی پێشکەش بەوان کردووە.

لە یەکێک لە ئوپانیشادەکان نووسینێکی سەیر هەیە: (ئاه سەرسووڕهێنەرە، ئاه، سەرسوڕهێنەرە، ئاه سەرسوڕهێنەرە، من خواردنم، من خواردنم! من خۆرەری خواردنم، من خۆرەری خواردنم.) بەڵام ئەمرۆ بەم جۆرە بیر لە خۆمان ناکەینەوە، بەڵام پارێزگاریکردنی خۆت و ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە ببی ب خۆراک، یەکەمین کرداری سلبیی نەفیکردنی ژیانە. تۆ بەردەوامیی ژیان دەوەستێنی، خۆبەدەستەوەدانی ئەم بەردەوامییە ئەزموونێکی سۆفیگەرانەی مەزنە، هاوکاتە لەگەڵ سوپاسکردنی ئەو ئاژەڵەی کە خەریکە دەخورێت لەبەرئەوەی خۆی کردووە بەقوربانی؛ تۆش هەروەها دەبێ لەکاتی خۆتدا ئەم کارە بکەیت.

**مویرز:** من سروشتم و سروشت منە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئێستاش سەنتەری دەروونیی دووەم کە سیستمی هیندی ئاماژەی بۆ دەکات بۆ گەشەکردنی ڕۆح، بریتییە لە ئەندامە سێکسییەکان، لەبەرئەوەی ئەم ئەندامانە پاڵپێوەنەرن بۆ زاوزێکردن. مەرکەزی سێیەم لە ئاستی ناوکدایە، ئەمەش سەنتەری ئیرادەی هێزو دەسەڵات و ئەنجامدان و بەدیهێنان و تێکشکانی ئەوی ترە؛ ئەمەش ئەرکی سێیەمە کە ئەرکی دوژمنکارییە. هەروەها دەتوانین لە سیمبولیزمی

سیستمی دەروونناسیی هیندی ئەوە دەرخەین کە ئەرکەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، واتا خۆراک و زاوزێ و دەسەلاّت کۆمەڵێ غەریزەی ئاژەڵین؛ هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەم سێ مەرکەزە دەکەونە حەوزی ناوقەدەوە.

مەرکەزی چوارەم لە ئاستی دڵە، ئەمەش دەرگایەک بەڕووی هاودەردیدا. بۆ نموونە لێرەوەیە گواستنەوە لە بواری کرداری ئاژەڵییەوە بۆ بوارێک کە بواری ڕۆحی پەتیی تایبەت بە مرۆڤە. هەریەک لەم چوار سەنتەرانە لە شێوەیەکی سیمبولیدا وێنە کێشراون. بۆ نموونە سیمبولی سەنتەری یەکەم، سیمبولی لینگام و یۆنی (کێر و کوز) دەبینین، واتا کۆئەندامی زاوزێی نێر و مێ لە ئاستی یەکگرتندا. بەلاّم لە ئاستی سەنتەری دڵدا جارێکی تر کێر و کوز لە یەکگرتندا دەبینین بەلاّم ئەوان لێرەدا وا وێنە دەکێشرێن کە ڕەگەزیان زێڕینە، نوێنەری سکپڕبوونی کچە، دەکرێ بەمەش بوترێ لەدایکبوونی مرۆڤی ڕۆحی لە مرۆڤی ئاژەڵی.

**مویرز:** ئەم ڕووداوەش کاتێک ڕوو دەدات کە...

**کەمبڵ:** کاتێک کە لە ئاستی دڵەوە ڕوو دەکەیتە هاودەردی و، هاودەردیش بەمانای بەشداریکردن لە ئازاری کەسانی دی؛ بەشداریکردنی ئەزموونکراو لە ئازاری کەسانی تردا. ئەمەش سەرەتای مرۆڤایەتییە. بەڕاستییش ڕامانی ئاینی لەم ئاستەدا، واتا لەسەر ئاستی دڵ بەئەنجام دەگات.

**مویرز:** ئێوە دەڵێن ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی مرۆڤایەتییە. بەلاّم لەم چیرۆکانەدا ساتگەلێک هەن تێیدا خوداکان لە دایک دەبن. لە کچێکی ئاوسەوە منالێک دێتە دنیاوە.

**کەمبڵ:** دەزانی ئەو خودایە کێیە؟ ئێوەن. هەموو ئەم سیمبوڵە میتۆلۆژییانە ئاماژە بەتۆ دەکەن. دەتوانی لە دەرەوەی قوولاّییەکە بوەستیت و وا بیرکەیتەوە کە هەموو شتێک لەوێدا ڕوو دەدات. ئەڵبەتە لە دەرەوەی قوولاّییەکە بەهەموو هەستێکتەوە دەتوانی بیر لە مەسیح بکەیتەوە دەربارەی ئەوەی چۆن ئازاری چەشتووە. بەلاّم ئەم ئازارانە دەبێ لە ناختدا ڕووداوێک بن، کاتێ ئەم کارە دەکەیت لە بواری ڕۆحییەوە دووبارە لە دایک نابیتەوە؟ ئایا ماهییەتی ئاژەڵی لە ناختدا دەمرێ و، دووبارە لە



شێوەی بەرجەستەبووی مرۆڤی هاودەرد بۆ ژیان دەگەڕێتەوە؟

**مویرز:** ئایا لەمەدا چ بەڵگەیەک هەیە کە ئەو لە کچەوەیە؟

**کەمبڵ:** ئەوەی لەدایک دەبێت ڕۆحە، ئەمەش لەدایکبوونێکی ڕۆحییە، مریەمی کچیش لە ڕێگەی وشەیەک کە بەگوێیدا دەدرێ، ئاوس دەبێ.

**مویرز:** ئەو وشەیەش وەک شەپۆڵە تیشکێ هاتەدەرێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ. دەشڵێن هەر بەو جۆرە بوودا لەدایک بووە، کاتێ کە لە تەنیشتی لەشی دایکییەوە لە ئاستی چاکرای دڵەوە [۱۳] Heart Chakra، هاتووەتە دنیاوە.

**مویرز:** چاکرای دڵ یانی چی؟

**کەمبڵ:** ئاه، چاکرای دڵ، سەنتەرێکی سیمبولییە کە پێوەندیی بەدڵەوە هەیە. چاکرا بەواتای (بازنە) یان (دەوروبەر).

**مویرز:** کەواتە بوودا لە...

**کەمبڵ:** لە تەنیشتی جەستەی دایکییەوە هاتووەتە دنیاوە. ئەمەش لەدایکبوونێکی سیمبولییە. ئەو بەڕاستی لە تەنیشتی جەستەی دایکییەوە هاتووەتە دنیاوە، ئەمەش تەعبیرێکی سیمبولییە.

**مویرز:** بەلاّم مەسیح وەکو من و تۆ هاتووەتە دنیاوە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەلاّم ئەو لە کچێکی دایکەوە لەدایک بووە، هەروەها بەپێی بڕوای کاتۆلیکی ڕۆمانی کچێنیی لەپاشاندا بۆی گەڕاوەتەوە، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین شتێکی فیزیکی ڕووی نەداوە. ئەوەی بەشێوەی سیمبولی ئاماژەی بۆ دەکرێت لەدایکبوونی جەستەیی مەسیح نییە، بەڵکو بەهای مەعنەویی ئەو لە دایکبوونەیە. ئەو کەسێکە وەک ئاماژەیەکی مەجازی تەماشا دەکرێت، شتێکە لەدایکبوونی

(۱۳) chakra وشەیەکی سانسکریتییە بە مانای بازنەیی، لە وەرزشی یۆگادا پەیوەستە بە وزەی جەستەوە، ئەم وشەیە لە ئاینی یۆگای هیندیدا بەکاردەهێنرێ.

لەڕێگەی کچەوە نمایش دەکات. پاڵەوانان و نیوەی خوداکان بەم شێوەیە هاتوونەتە دنیاوە، بەو شێوەی کە ئەنگیزەی ئەوان هاودەردییە نەک دەسەڵات و توخم و پاراستنی ژیان.

چەمکی لەدایکبوونی دووەمیش هەر ئەمەیە کاتێ کە لەسەنتەری دڵەوە لەدایک دەبی و ژیان بەسەر دەبەی. نابێ سەنتەرەکانی پاینتر (خوارتر) ڕەت بکرێنەوە، بەڵکو دەبێ زیاتر لەو سێ سەنتەرەی تر بڕۆین و کاتێک کە دەبنە سەرشۆڕو خزمەتکاری دڵ بەسەریاندا زاڵ بین.

**مویرز:** ئەگەر بۆ سەردەمی سەرەتایی بگەڕێینەوە وێنەی مادۆنا یامریەمی کچ دەبینین کە ڕزگارکەری ئەو مناڵە ڕزگارکەرەیە؟

**کەمبڵ:** نموونەی کۆنی مریەمی کچ، ئیزۆسە هۆرۆسی لەکۆشدایە و شیری دەداتێ.

**مویرز:** ئیزۆس؟

**کەمبڵ:** چیرۆکێکی ئاڵۆزە. لەڕاستیدا هەموو ئەم شتانە ئاڵۆزن. بەڵام ئیزیس و مێردەکەی هەردووکیان جومگ بوون و لە ژنەخودای نووت لەدایکبوون. شەوێکیان ئۆزیریس بەهەڵە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ ئیزۆیس بخەوێ، دەچێتە باخەڵی نیفتیس – دەکرێ بوترێ وەکو شێوەیەک لەگرینگینەدان بەوردەکارییەکان. لەڕووداوی نووستنی ئەو شەوەدا ئانۆبیس هاتە دنیاوە، کە کوڕی گەورەی ئۆویریس بوو، بەڵام لەژنێک بوو کەهاوسەری نەبوو. سیسSeth ی مێرد بەم ڕووداوە تووڕە بوو، بۆیە بڕیاری دا برا گەورەکەی خۆی ئۆزیریس بکوژێ. بەدزییەوە ئەندازەی ئۆزیریسی گرت و تابووتێکی جوانی بۆ دروست کرد کە بەتەواوی پڕ بەجەستەی بوو. پاشان ڕۆژێکیان دەمەو ئێوارە کاتێ کە خوداکان لە ئاهەنگێکدا پێکەوە کۆبووبوونەوە، لەو کاتەدا سیس Seth بەتابووتەکەوە خۆی کرد بەژووردا و ڕای گەیاند کە هەرکەسێک بە ئەندازەی ئەم تابووتە بێت، ئەوا وەک دیاری دەتوانێ بۆ گۆڕەکەی خۆی بەرێت. هەرچییەک لەوێ بوو خۆیان بە تابووتەکە تاقی کردەوە، هەڵبەتە کاتێک نۆبەی ئۆزیریس هات ئەویش تاقیی کردەوە پڕ بەجەستەی بوو. هەر لەو کاتەدا یەکسەر هاو دەستەکانی سیس کەحەفتا و دوو کەس بوون، هێرشیان بردوو سەری تابووتەکەیان بەست و



بزماریژیان کردو فرێیان دایە نێو ئاوی نیلەوە. ئەوەی لێرەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە مەرگی خودایە کە ئەو خودایەش ئۆزیریسە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ پاش مەرگی خودایەکی لەم شێوەیە چاوەڕوانی ڕوودانی هەستان و زیندووبوونەوە بین. مەرگی ئۆزیریس و بەرزبوونەوەی ئاوی نیل هەموو ساڵێک کە خاکی میسر بەپیت دەکات، پێوەندییەکی سیمبولییان پێکەوە هەیە. ئەو باوەڕەش هەبوو کە بەهۆی ڕزین و بۆگەنبوونی جەستەی ئۆزیریس زەوی بەپیت دەبێ و زیندوو دەبێتەوە.

ئۆزیریس لەنێو نیلدا بەمەلە توانیی لە خاڵێکی نێو کەنارەکانی سووریادا بگیرسێتەوە. درەختێکی جوان و بۆنخۆش سەوزبوو، بەلقەکانی تابووتەکەی ئۆزیرۆیسی لەباوش گرت. پاشای ئەو ناوچەیە تازە کوڕێکی بووبوو هەر ئەو کاتەش بۆ ئەم مەبەستە خەریکی بونیادنانی کۆشکێک بوو. لەبەرئەوەی ئەم درەختە تازە ڕوابوو بۆن و بەرامی زۆر خۆش بوو، بۆیە بڕییەوە تابیکا بەستوونی سەنتەری هۆڵی سەرەکیی کۆشکەکەی.

لەم کاتەدا ژنەخوای ئیزیسی بێ چارە کە مێردەکەی لەنێو ئاوی نیلدا ون بووە، بەدووی دۆزینەوەی جەستەی ئەودا دەگەڕێ. ئەم ناوەڕۆکە واتە گەڕان بەمەبەستی دۆزینەوەی خودایەک کە هاوسەری ڕۆحە، یەکێک بووە لە ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی میتۆلۆژیای ئەم سەردەمە: ئەم بابەتە واتا گەڕانی خودایەک بەدووی هاوسەر یا عاشقە لە دەستچووەکەی، بەبەڵگەی وەفاداری بەرامبەر بەهاوسەرەکەی و چوون بۆ نێو جیهانی مەرگ بەمەبەستی ڕزگارکردنی.

ئیزیس لەکاتێکی گونجاودا خۆی بەنێو کۆشکی پاشای سووریەدا دەکات، لەوێدا گوێی لەبەسەرهاتی ئەو ستوونە بۆنخۆشە دەبێت کە لەکۆشکەکەی پاشادایە. ئەو گومانەی لا دروست دەبێت ڕەنگە ئەم درەختە پێوەندییەکی بەئیزۆیسی مێردییەوە هەبێ، بۆیە بە مەبەستی گەیشتن بەم بۆچوونە دەبێ بە دایەنی کوڕەکەی پاشا. وازدێنێ تا مناڵەکە لە پەنجەی ئەوەوە شیر بمژێ، بەهەرحاڵ ئەو خودایە بۆ خواش سنوورێکی دیاریکراو هەیە تا لە ئاستی خۆی دابەزێ و خۆی بچووک بکاتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە مەبەستەکانی. بەڵام ئەم مناڵە بچووکەی خۆش دەویست بۆیە بڕیاری دا بەفڕێدانی ئەو مناڵە بۆ نێو ئاگردان و سووتانی جەستەی نەمریی پێ

ببەخشێ. بێگومان وەکو خودایەک توانای ئەوەی هەیە کە نەهێڵێ ئەو منداڵە بەئاگر بیسووتێنێ، هەموو شەوێ کاتێ کە مناڵەکە لەنێو ئاگرەکەدایە ئەو خۆی دەکات بەپەڕەسێلکەو هەڵدەفڕێ بەئاه و زاری بەدەوری ئەو ستوونەی کە مێردەکەی تێدایە دەسووڕێتەوە. ئێوارەیەکیان، دایکی مناڵەکە هاتە ژووری منداڵەکە و بینی وا مناڵەکەی لەنێو ئاگردانەکەیە، لە حەیبەتا هاواری کرد کە ئەمەش بووە هۆی بەتاڵکردنەوەی سیحرەکە، بۆیە بەناچاری دەبووایە مناڵەکە لە سووتان ڕزگار بکرێت. لەم کاتەدا پەرەسێلکەکە دیسان بۆ دایەنەکە گۆڕاو واتا ئەو خودایەی کە یەکەمجار پێوەی هاتبوو، هەموو ڕووداوەکە بۆ شاژن دەگێڕێتەوە و پێی دەڵێ: (دەمەوێ ئاگادارت بکەمەوە کە مێردەکەم لەنێو ئەم ستوونەدایە، سوپاسگوزارت دەبم گەر ڕێگام بدەی لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە) هەر ئەو کاتە کە پاشا دەردەکەوێ دەڵێ: (بەڵێ باشە بۆ نا) فرمان دەدات ستوونەکە دەرهێنن، ستوونەکە دەداتەوە بەئیزیس، پاشان تابووتی جوانی ئۆزیریس دەخرێتە نێو کەشتییەکی شاهانەو دەگەڕێتەوە.

لەکاتی گەڕانەوەیان بەنێو ڕووباری نیلدا، ئوزیرۆس لەتابووتەکە دەردەهێنێ و لەسەری مێردەکەی دەنوێ و ئاوس دەبێت. ئەمەش بابەتێکە کە لە میتۆلۆژیای کۆندا لە هەموو سەردەمێک و بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێ، لە دڵی مەرگەوە ژیان لەدایک دەبێ. کاتێ کە کەشتییەکە دەگاتە کەنار، ژنە لە بێشەیەک لەنێو گەلای پاپیرۆسدا هورۆس دێنێتە دنیاوە؛ ڕوخساری ئەم دایکە بەهەشتییە کە لەخوداوە ئاوس دەبێت بۆ نموونەیەک لە مریەمی پیرۆز دەگۆڕێ.

**مویرز:** پەرەسێلکەش بوو بەکۆتر، وانییە؟

**کەمبڵ:** کۆتر، لە حاڵەتی فڕیندا تارادەیەک نیشانەی جیهانی ڕۆحەو مەسیحیش نیشانەی ڕۆحی پیرۆزە.

**مویرز:** لە پێوەندییدایە لەگەڵ دایکی پیرۆز؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەگەڵ دایکێک کە لە ڕۆحەوە ئاوس دەبێ. بەڵام لێرەدا وردەکاریی تریش لەم بارەیەوە هەیە. بەڵام لەم کاتەدا برای بچووکی حەسوود، واتا سیس



دەستی بەسەر تاج و تەختی ئۆزیرۆسدا دەگرێ. بەڵام بۆ ئەوەی بەڕاستی ببێتە خاوەن تاج و تەخت دەبێ لەگەڵ ئیزیسدا ببێتە هاوسەر. لەئیکۆنە میسرییەکاندا ئیزیس نمایشگەری تەختی شاهانەیە. لەبەرئەوەی ئیزیس نیشاندەری تەختی شاهانەیە، کاتێ کە فیرعەون لەسەر تەختی دەسەڵات دادەنیشێ لەڕاستیدا مناڵێکەو لەداوێنی دایکیدا دانیشتووە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کاتێ کە لەبەرامبەر کلیسای شارتەر دادەنیشی لەڕاستیدا لەسەر یەکێک لەدەرگاکان کە ڕووی لەڕۆژئاوایە وێنەیەکی مریەمی پیرۆز دەبینی وەک کورسییەک دروست کراوە ئەو کورسییەش ئەو جێگایەیە کە مەسیحی مناڵ لەسەری دادەنیشێ، وەک ئیمپراتۆرێک بەرەکەت بەجیهان دەبەخشێ. ئەم وێنەیە، بەتەواوی ئەو وێنەیەیە کە لە میسری کۆنەوە پێمان گەیشتووە. قەشەو هونەرمەندە سەرەتاییەکان بەمەبەست ئەم وێنانەیان وەرگرتووە.

**مویرز:** دەتەوێ بڵێی کە قەشە مەسیحییەکان وێنەی ئیزیسیان وەرگرتووە؟

**کەمبڵ:** هیچ گومانی تێدانییە. خۆمان وا دەڵێین. گەر دەقەکە بخوێنێتەوە دەبینی لەوێدا ڕاگەیەنراوە، (ئەو شێوانەی کە لەڕابردوودا تەواو کۆمەڵێ شێوەی میتۆلۆژی بوون، ئەمڕۆ واقیعین و بەرجەستە بوون لەڕزگارکەرماندا. ئەو ئەفسانانەی کە ئاماژەی بۆ کرا دەربارەی ئەو خودایانەن دەمرن و پاشان زیندوو دەبنەوە لەوانە: (ئاتیس، ئادۆنیس، گیلگامش، ئوزیریس، یەک لەدوای یەک. لە هەموو جێگایەک مەرگ و هەستانەوەی خودا پەیوەست بوو بەمانگەوە، مانگ دەمرێ و مانگ زیندوو دەبێتەوە. دەبینی تەنیا ڕۆژێ یان دووان مانگەشەو نییە، مەسیحیش دوو شەو یاسێ ڕۆژ لەگۆڕدا دەمێنێتەوە.

هیچ کەسێ مێژووی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی مەسیح نازانێ. بەڵام دەڵێین کاتێ لەدایکبوونی مەسیح کاتی گۆڕینی زستان بووە(شەوی یەڵدا) ٢٥ دیسەمبەر، واتە بەدرێژبوونی ڕۆژ کورتبوونەوەی شەو. ئەم کاتەش هەمان کاتی لەدایکبوونی ڕووناکییە. ئەم زەمەنە بەتەواویش مێژووی لەدایکبوونی خودای ڕووناکیی فارسی، میترا، یان هەتاوە.

**مویرز:** ئەم شتە چیت پێ دەڵێ؟

**کەمبڵ:** پێم دەڵێ لە ژیان و بیرماندا بیرێک هەیە، دەربارەی مەرگ لە ڕابردووداو لەدایکبوون لە ئایندەدا: مەرگی سروشتی ئاژەڵی و، لەدایکبوونی سروشتی ڕۆحی. ئەم سیمبولانەش هەریەکەیان بەجۆرێک قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن.

**مویرز:** کەواتە ئیزیس دەیتوانی بڵێ: (من دایکی سروشتیی هەموو شتەکانم، خاتوون و دەسەڵاتداری هەموو ڕەگەزەکانم، ڕەهبەری هێزە ئاسمانییەکان و سەرۆکی گشت بوونەوەرە دۆزەخییەکانم، بنەچەی هەموو ئەو شتانەم لە ئاسماندا نیشتەجێن. بەتەنیا یان لە وێنەی گشت خوداو خواژنەکاندا دردەکەوم).

**کەمبڵ:** ئەم وتەیە، ڕاگەیاندنێکی تەواو نوێیە دەربارەی ئەم بابەتە. ئەم ناوەرۆکەش لەڕاستیدا لە پەڕتووکی کەر هاتووە کە ئابۆلیۆس لوکیوس (٢٥٧٠ ) فەیلەسوف و ئاسمانناسی ڕۆمانی لە سەدەی دووەمی زاینیدا نووسیویەتی. دەکرێ کەری زیڕین بەیەکەمین ڕۆمان دابنرێت، کەسایەتی و پاڵەوانی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە لە ئەنجامی چڵێسی و حەز و سیحر دەگۆڕێ بۆ کەر. هەر بۆیە دەبێ بەئەزموونێکی ئازاراوی و دژوارو سەرچڵییەکی قێزەونددا تێ پەڕێ تا بەهۆی ئیزیسی خواوە لەو کەرێتییە ڕزگاری بێت، ئیزیس دەردەکەوێ و گوڵێکی بەدەستەوەیە (ئەو گوڵە سیمبولی عێشق و خۆشەویستییە نەک شەهوەت و هەوەسبازی) پاش ئەوەی ئەو کەرە ئەو گوڵە دەخوات لە کەرێتی ڕزگاری دەبێ و دەبێتە مرۆڤە ئاساییەکە، بەڵام مرۆڤایەتییەکەی ئەمجارە لە ئاسایی ناچێ، لەبەرئەوەی ڕۆشنگەریی بەنسیب بووە، واتە پیاوێکی نوورانییە و بووە بەکەسێکی پیرۆز. بەم جۆرە ئەو دووەمین ئەزموونی لەدایکبوونی ئەزراییدا تێ پەڕیوە. بەم جۆرە دەکرێ مرۆڤ بتوانێ لە جەستەیەکی تەواو ئاژەڵییەوە بگۆڕێ، واتا لە میانەی مەرگی ڕۆحییەوە تێ پەڕیوە دووبارە لەدایک بێتەوە. لەدایکبوونی دووەم، چوونە گیانێکی تری باڵایەو ڕۆح پێکی هێناوە.

خواژن ئەو هێزەیە کە ئەم کارە ئەنجام دەدات؛ لەدایکبوونی دووەم لەڕێگەی دایکی ڕۆحیمانەوە ڕوو دەدات. نۆتەردامی پاریس و نۆتەردامی شارتە کلیسای دایکمانن. ئێمە بەچوومان بۆ نێو کلیسایەک و هاتنە دەرەوە لەو کلیسایە دووبارە لەدایک دەبینەوە.





**مویرز:** کەواتە ئەم هێزە تایبەتە بەپرنسیپی مێ.

**کەمبڵ:** لەو ڕۆمانەدا بەو شێوەیە خراوەتەڕوو، بەڵام مەرج نییە ئەم هێزە تەنیا لەلای مێدا هەبێ. لەدایکبوونەوەی نوێش هەیە کە لەلایەن نێرەوە ڕوو دەدات. بەڵام بە بەکارهێنانی ئەم سیستەمە سیمبولییە ئەوە دەردەخات کە ژن تەنیا نوێکەرەوەی لەدایکبوون بووە.

**مویرز:** باشە کاتێ کە ئەنجومەنی ئەفسووس Ephesusساڵی ٤٣١ پاش مەرگی مەسیح کۆبووەوە و هەروەها ڕاییان گەیاند مریەم دایکی خودایە، ئایا ئەوە یەکەمجار بوو؟

**کەمبڵ:** نەخێر، ئەم بابەتە ماوەیەکی دوور و درێژ لە کلیساکاندا وروژێنرابوو، بەڵام کاتێ کە ئەم بڕیارەیان دا، واتا بڕیاری ئەفسووس، بەڕێکەوت ئەو کاتە لە گەورەترین شاری پەرستگاکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بوو کە ئەویش پەرستگای خواژن ئارتیمس یان دیاناArtemis or Diana بوو. هەروەها ئەوەش دەگێڕنەوە کاتێ کە ئەنجوومەنەکە بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆبوونەوە، پیاوانی ئەفسووس ڕیزێکی درێژیان پێک هێنابوو، بۆ پشتیوانیکردنی مریەم، لەو کاتەشدا هاواریان دەکرد و ئەم دروشمەیان دەوتەوە، (ئەی خواژن، ئەی خوا ژن، هەر ئەوە خوا ژنە).

بەڵێ کەواتە لە کەلەپووری کاتۆلیکیدا لێکچوونێک یان کۆبوونەوەیەک و ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان بیری عیبرانیی باوک سالاری و یەکتاگەرایی یەکخوایی هەیە کە لەبیری مەسیا کۆبووەتەوە، ئەو مەسیایەی کە کۆبوونەوەیەکی بە ئەنجام دەگەیاند لەنێوان هێزی ڕۆحی و دنیایی، پاشان ئەندێشەی هیلنستیکی کلاسیکی دەبێتە جومگی ئەم بیرە، وەک ڕزگارکەرێک و کوڕێک کە مردووە و پاشان وەک کوڕی خودا دووبارە لەدایک بووەوە لەدایکبوونێک کە بە سک پڕبوونی کچێک هاتەدی. زۆر لەو کەسە دڵسۆزانە هەبوون. لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ئەو خودایەی کە بۆ جیهانی زەمەن دابەزی لەبنەڕەتدا خودایەکی مێ بوو، لەڕاستیدا کاتێ مەسیح بەدابەزینی هاوکات لەگەڵ هاودەردێتی ڕۆڵی خودای گرتە ئەستۆ، بەڵام کاتێک کە کچی دەست

لێنەدراوە ئەوە قبوولّ دەکات ببێ بە کەسێک بۆ بەرجەستەبوون بەم کارەی ئەو ڕزگاربوونەی مسۆگەر کرد. لەگەڵ کاتدا ئەو ڕاستییە زیاتر ڕوونبووەوە کە کچی دەستلێنەدراو بە ئەندازەی کوڕەکەی بەشدارە لەو ئازار چەشتنە. پێم وایە ئەمڕۆ لە نێو کلیسای کاتۆلیکیدا بەئەندازەی (ڕزگارکەر) ناوی ئەویش دەهێنین.

**مویرز:** هەموو ئەمانە دەربارەی یەککگرتنی نێوان نێرو مێ چی دەگەیەنین؟ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بۆ ماوەیەکی زۆر وێنەی مێ وێنەیەکی میتۆلۆژیی دەسەڵاتداربوو. پاشان ئەم دەسەڵاتە بەنسیبی نێر دەبێت، نێرێک کە سیمبولی هێرشبردن و جەنگە، پاشان بەپەلە بۆ لای مێ دەگەڕێینەوە بەوەی کەمێ ڕۆڵی خوڵقاندن و دووبارە دروستکردنەوە دەبینێن. ئایا ئەم بابەتانە پەرۆشیی بنەڕەتیی نێوان ژن و پیاو نییە بۆ یەکتری؟

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە، بەڵام تۆ لەڕووی مێژووییەوە تەماشای ئەم شتە بکە. زۆر گرنگە کە ئەو ڕاستییە بزانین کە خودا– بەدرێژاییی ئەم ناوچەیە دایک خودا بووە تا دەگاتە وادیی ئیندس لە هیند، هەر لەدەریای ئیجەوە تا ئیندس دایک خودا، شێوەی دەسەڵاتدار بووە، پاشان هیندو ئەوروپییەکان هاتن و لەباکوریشەوە فارس و هیندو یۆنان و ئیتاڵیا، بەدرێژایی ڕێگاش لەگەڵیانا شایەدی بینینی میتۆلۆژیای نێرینەین. ئەم میتۆلۆژیایە لە هیندستان ڤیدایی و لەلای یۆنانییەکان کەلەپووری هۆمیری، پاشان پاش پێنجسەد ساڵ، خودای ژن گەڕانەوەی خۆی دەست پێ دەکات. بێگومان لەو سەردەمەدا ئۆپانیشادمان هەیە کە سەر بەسەدەی هەشتەیەمی پێش زاینە تەواو ئەو سەردەمەی کە خودای ژن لەدەوروبەری دەریای ئیجەدا دەگەڕێتەوە. هەروەها لەو بەسەرهاتەدا هاتووە کە خوداکانی ڤیدابیە پێکەوە دادنیشین، لەپڕ شێوەیەک دەبینن بێ شێوەیە لە تەم دەچێت لە خوارەوە دەردەکەوێت، پاشان ئەوان دەپرسن (ئەمە چییە؟) هیچیان نازانن ئەو دیاردەیە چییە، پاشان لەکۆتاییدا یەکێکیان پێشنیار دەکات (دەڕۆم بزانیم ئەمە چییە) ئەویش بەرەو ڕووی ئەو شێوە تەم ئاسایە دەڕواو دەڵێ: (من ئاگنیAgni خودای ئاگرم؛ دەتوانم هەرچی شتە بیسووتێنم، ئەی تۆ کێیت؟) لەنێو ڕەوە تەمێکی چڕەوە پووشێک لەئاسمانەوە دەکەوێتە سەر زەوی، دەنگێک لەولاوە بەرز دەبێتەوە: (بزانم دەتوانی ئەمە



بسووتێنی) ئاگنی بۆی دەردەکەوێت ناتوانێ ئەو پووشە بسووتێنێ، بۆ لای خوداکانی تر دەگەڕێتەوە و پێیان دەڵێ: (گومانی تێدا نییە ئەمە شتێکی سەیرە) هەر لەو کاتەدا خودای (با)دەنگی بەرزدەبێتەوەو دەڵێ (ڕێگام بدەن تاهەوڵێک بدەم) ئەویش ڕووی کردە لای پووشەکە بەڵام هەر هەمان مەسەلەبوو نەیتوانی بیسووتێنێ، خودایەکی تریش دەڵێ: (من ڤایۆVayu خوای با دەتوانم هەرچی شت هەیە وای لێ بکەم بەئاسماندا هەڵفڕێ). بەڵام لەو کاتەدا پارچە پووشێکی تر دەکەوێتە سەر زەوی و دەڵێ: (بابزانین دەتوانی وا لەم پووشە بکەی لەگەڵ بادا بفڕێ) ئەویش نەیتوانی هیچ بکاو گەڕایەوە، پاشان ئیندرا خودای مەزن مەزنترین لەنێوان هەموو خوداکانی ڤیدایی، لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەوێ تەمە چڕەکە دەڕوێتەوەو لەهەمان جێگادا ژنێکی جوان و ئاڵۆز دێتە دەرێ و بەئاشکراکردنی زەمینەی بوونی خوداکان وانەیان پێ دەڵێتەوە. پێیان دەڵێ:(ئەمە دواین نهێنی و مەزنترین نهێنیی هەموو بوونە، ئێوەش هەموو هێزتان لەوەوە وەرگرتووە. هەر ئەو دەتوانێ ئەگەر بیەوێ ئەو هێزەی کەپێی داون لێشتان وەرگرێتەوە.) ناوی هیندیی ئەم بوون و بوونانە بەرەهمانە، ئەم ناوەش ناوێکی نێرەمۆکە نە نێرە نە مێیە. بەڵام ناوی هیندی بۆ ئەم ژنە مایا – شەکری – دیڤی Maya, shakri, Devi یە (ئەو خوا ژنەی کە ژیان دەبەخشێ و دایکی هەموو شێوەکانە). هەر لەو ئوبانیشادانەدا کە باسیان دەکەین دەبینین ئەو ژنەی کە خودایە دەردەکەوێت و وانە بەهەموو خوداکانی ڤیدا دەڵێتەوە، دەربارەی یەکەمین بناغەو سەرچاوەی هێزو توانایان وانەیان پێ دەڵێتەوە.

**مویرز:** ئایا ئەمە حیکمەتی مێینەییە؟

**کەمبڵ:** ئەمە مێیە کە بەخشندەی شێوەکانە، هەر ئەوە شێوە بە ژیان دەبەخشێت و دەشزانی ئەم شێوانە لەکوێیە دێن، لەشوێنێکەوە دێن لە پشتەوەی نێر و مێیە. لە پشتەوەی بوون و نەبوونە، هەشەو نیشە. نەبوونەو نەنەبوون، لە پشتەوەی هەموو چەمکەکانی بیرو زەیندایە.

**مویرز:** ئەمەش هەمان ئەو شتە سەرسوڕهێنەرەیە کە لە پەڕتووکی پیرۆزدا هاتووە، (نە نێرن و نە مێ، لەبەرئەوەی هەمووتان یەکن لە وێنەی مەسیحدا، یان بە مانایەکی پەتی هیچ یەکێکیان نییە) (نامەی پۆڵس بۆ گلاتیە ٣:٢٨).

**کەمبڵ:** دەبێ وابووبێت، گەر مەسیح نمایشگەری سەرچاوەی بوون بێت، ئەوا ئێمە هەموو وەک بڵێی بیرکردنەوەیەکین لەزەینی مەسیحدا. ئەو وتنێکە لە ئێمەدا جەستەی دروست کردووە.

**مویرز:** من و تۆ کۆمەڵێ تایبەتمەندیمان تێدایە هەم نێرانیەیەو هەم مێیانە؟

**کەمبڵ:** جەستە ئەم تایبەتمەندییەی هەیە. هیچ شتێک دەربارەی مێژووی ڕاستەقینەی ئەم هەموو شتە نازانم. بەڵام لە قۆناغی کۆرپەڵەدا لە زەمەنێکی تایبەتدا ئاشکرا دەبێت ئەو منداڵەی کە لەسکی دایکیدایە دەبێ بە کوڕ یان بە کچ. بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونەش ئاشکرا بێت جەستەیە کە ئەو توانا بەهێزەی تێدایە ئاشکرای کات بەچ لایەنێکدا بشکێتەوە.

**مویرز:** کەواتە ئێمە لە بەسەرهاتی ژیاندا یەکێکیان بەرزدەکەینەوە و یەکێکیشیان سەرنگوون دەکەین.

**کەمبڵ:** خاڵێکی ڕۆشن هەیە ئامادەیە لەهەریەک لەو شێوەی چینیەی کە بەرجەستەیە لەیین/یانگ Yin-Yang، یان لەو تاریکییە نەناسراوە و، یان هەر ناوێک کەلێی دەنێی، لەو خاڵە ڕووناکەش خاڵێکی تاریک هەیە. بەم جۆرە ئەوانیش پەیوەست دەبن بەیەکەوە. تۆ هەرگیز ناتوانی پەیوەست بیت بەشتێکەوە گەر لەخاڵێکدا پێوەندیی هاوبەشتان نەبێت. هەر لەبەرئەم هۆیەیە کە بیری خودا وەک کەسێکی ڕەها کارێکی پێکەنیناویە. لەبەرئەوەی ناکرێ پێوەندیی بەرپابکرێت لەگەڵ کەسێکی تری ڕەهادا.

**مویرز:** لەم گۆڕانکارییە ڕۆحییەدا کە باسی دەکەیت، ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوودەدەن لەجیاتی چاودێریکردن پێوەندییان نییە بەتایبەتمەندییە مێینەکانی وەک بەخێوکردنی کۆرپەلەو خولقاندن و هاوکاری؟ ئایا ئەم باسە کە وتووێژی لەسەر دەکەین سەنتەری پرنسیببی مێینە نییە؟

**کەمبڵ:** دایک منداڵەکانی هەرچییەک بن هەر هەموویانی خۆی خۆش دەوێ، بێ مێشک بن یان زیرەک، باش بن یان خراپ. بەلای ئەوەوە گرنگ نییە کە سروشتی کەسایەتییان چۆنە. بەجۆرێک لە جۆرەکان مێیەتی بەمانای خۆشەویستی بۆ هەموو



وەچەکان. بەڵام باوک زیاتر پابەندە بەدیسپلینەوە، ئەو زیاتر پێوەندیی بەسیستم و سیفەتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەڕاستیشدا ئەمە شتێکە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بەم شێوەیە ڕوودەدات. دەکرێ بوترێ دایک سروشتی خۆی بە منداڵەکانی دەبەخشێت و باوکیش سروشتی کۆمەڵایەتی بە منداڵەکانی، یان دەکرێ بڵێین باوک ئەم کارە دەبێ بکات.

بۆیە گەڕانەوە بۆ سروشت جارێکی تر مەسەلەی دایکایەتی دێنێتە ئاراوە. هیچ شتێک نازانم لەبارەی ئەم پێوەندییەو پێوەندیی باوکسالاری، چۆن بووە نایزانم، لەبەرئەوەی ڕێکخستنی ئەم ئەستێرەیە کارێکی قورسەو ئەمەش ئەرکی نێرە، بۆیە ناتوانی پێشبینی بکەیت ئەو شتەی شێوە دەگرێت چۆن دەبێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە سروشت دووبارە دەبێتەوە.

**مویرز:** بەڵام کاتێک کە دەڵێین: (زەوی ڕزگار بکە) لەڕاستیدا باس لە ڕزگارکردنی خۆمان دەکەین؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەو هەموو ئاواتە بۆ ئەوەی شتێک لە کۆمەڵگەدا ڕووبدات، پێوەندیی هەیە بەوەی کە چاوەڕوان بین تاشتێک لە دەروونی مرۆڤدا ڕووبدات، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بەڕێگەیەکی نوێی ئەزموونی کۆمەڵایەتی. ئەو پرسیارەی کە من زۆر بەئاسانی لێرەدا دەمەوێ بیخەمەڕوو ئەمەیە: (ئایا دەتەوێت لەگەڵ چ کۆمەڵگایەک و، چ گرووپێکی کۆمەڵایەتی بیت؟ دەتەوێ لەگەڵ هەموو ئەو مرۆڤانە بیت کە لەسەر ئەم ئەستێرەیەدا دەژین، یان دەتەوێ لەگەڵ گووپی تایبەت بەخۆت بیت؟ کاتێ کە سیازدە ویلایەتەکەی ئێمە کە بونیاتنەری ئەم وڵاتەن، دەستیان بەبیرکردنەوەکرد دەربارەی یەکگرتن وەک یەک وڵات، ئەم پرسیارە لەمێشکیاندا بوو. ئایا بۆچی نابێت لەدنیای ئەمڕۆدا شتێکی لەم بابەتە ڕووبدات؟

**مویرز:** کاتێ قسە دەکەین لەسەر چەمکەکانی وەک پرنسیپی مێینەو منالبوونی لەڕێگەی کچ و ئەو هێزە ڕۆحییەی کە دەبێتە هۆی دووبارە لەدایکبوون، پرسیارێکمان لا دروست دەبێت. هزرڤانانی هەرچی سەردەم هەیە، وتوویانە گەر خاوەنی ژیانێکی ڕۆحی بین، دەتوانین خاوەن ژیانێکی پڕخۆش و

کامەرانی بین. بەڵام چۆن کەسێک کە لە جەستە بێت دەتوانێ فێری ژیانی ڕۆحی بێت؟ پۆڵسی پیرۆز دەڵێ(حەزەکانی جەستە دژ بەڕۆحن، حەزەکانی ڕۆحیش دژ بەجەستەن.) چۆن دەتوانین فێری ژیانی ڕۆحی بین؟

**کەمبڵ:** لە قۆناغەکانی سەرەتادا کاری وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کاری مامۆستایان بوو. پێویست بوو لەسەریان سەرە دەزووی ژیانی ڕۆحی بخەنە بەردەستت. بوونی قەشەکانیش بۆ ئەم ئەرکە بوو. ڕیتوێڵەکانیش ئەم کارانەیان دەکرد. دەکرێ ڕیتوێڵ وا پێناسە بکرێت کە دووبارەی نمایشکردنەوەی ئەفسانەیە. بەبەشداریکردنت لەڕیتوێڵ تۆ مومارەسەی ئەزموونی ژیانی ئەفسانەیی دەکەیت، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە ناواخنی ئەم ئەزموونەوەیە کە فێر دەبێت چۆن ژیانێکی ڕۆحی بژی.

**مویرز:** ئایا لەڕاستیدا چیرۆکە میتۆلۆژییەکان ڕێگەی ژیانی ڕۆحیت نیشان دەدەن؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، دەبێ سەرە دەزوویەک یان جۆرە نەخشەیەکی ڕێگات پێ بێت، ئەمانەش هەموویان لەدەوروبەرماندا هەن. بەڵام هەموویان وەکو یەک نین، هەندێک لەمانە باس لەبەرژەوەندی ئەم گرووپ یان ئەو گرووپی تایبەت یان خودای ئەو هۆزە تایبەتە دەکەن. لەمانە بترازێ، هەندێکی تریش هەن نیشان دەدرێن وەک ئیلهامی خودا مێینە مەزنەکان، یا وەک دایکی گەردوون و دایکی هەمووان، ئەمانە هاودەردی فێری هەموو بوونەوەرە زیندووەکان دەکەن. بەمەش فێری ئەوە دەبین چۆن ڕێزی پیرۆزیی ڕاستەقینەی خودی زەوی بگرین؛ لەبەرئەوەی ئەم زەوییە جەستەی ئەو خودامێینەیە. کاتێ ئەم زەوییە یەهوو دروست دەکات، یەهووش مرۆڤ لەخۆڵەوە دروست دەکات، ڕۆح دەکات بەبەری ئەو جەستە لەخۆڵ دروستکراوەدا. یەهوو خۆی لەو جەستەیەدا نییە، بەڵام لەناخ و دەرەوەی ئەو جەستەیە خودا هەیە. جەستەی تۆ لە جەستەی ئەوە. لەو میتۆلۆژیانەدا هەستکردنێک بۆ ئەو جۆرە شوناسنامە گەردوونییە هەیە.

**مویرز:** لەبەر ئەم هۆیەشە من ئەوەندە دڵنیا نیم ئاخۆ ئایندەی وەچەی مرۆڤ و ڕزگاربوونی مرۆڤ بریتی بێت لەو گەشتانەی کە بۆ بۆشایی ئەنجامیان دەدا.



پێم وایە ڕەنگە ئەو ئایندەو ڕزگاربوونە لێرەدا بێت لەسەر ئەم زەوییە، لەجەستەو مناڵدانی بوونمان بە ئەنجام بگات.

**کەمبڵ:** بەڕاستییش وایە. کاتێ بۆ بۆشایی دەڕۆین، ئەوەی لەگەڵ خۆتاندا دەیبەن جەستەتانە، هەتا جەستەتان خۆی خۆی نەگۆڕێت، بۆشایی ناتوانێت بیگۆڕێت، بەڵام بیرکردنەوە لە بۆشایی وات لێ دەکات لەشتێک بگەیت. لە ئەتڵەسی جیهاندا، ئەستێرەمان لەنێوان کۆمەڵێک ئەستێرەی زۆر و لەنێوان کۆمەڵەی ڕۆژ لەئاسماندا تاقە ئەستێرەیە لەسەر ڕووی لاپەڕەیەک نیشان دەدرێت. لەوێدا ئەو هەستەت لا دروست دەبێت دەربارەی ئەو بۆشایی و ئاسمانانەی کە لەدەوروبەرماندان و ئێمەش سەرقاڵی ئاشکراکردنیانین. ئەوەی ئەم لاپەڕانە بە ئێمەیان نیشان داوە ڕوانینێکی فراوانە بۆ گەردوون فراوانێک کەناتوانری بهێنرێتە پێش چاو، هەروەها توندوتیژییەکیشی تێدایە وێناندنی سەختە. بلیۆن بلیۆن گۆی گەرماوی ئەتۆمی لەیەکتری دووردەکەونەوە، هەریەک لەو کورە گەرماوییە ئەتۆمییە ئەستێرەیەکەو، ڕۆژی ئێمەش یەکێکە لەوان. زۆر لەوانە خۆیان دەتەقێنینەوە، پارچە پارچە دەبن و پارچەکانی بۆ دوورترین بەشی بۆشایی بڵاودەبنەوە، دووکەڵ و غازێ دروست دەکەن، هەر لەوانیشەوە ئەستێرەی نوێ و ئەو ئەستێرانەی بەدەوری ئەواندا دەسووڕێتەوە دروست دەبن. ئەم ڕووداوانەش تائێستاش هەر بەردەوامن. هەروەها لەدوورییەکی زۆرترەوە لەپشتەوەی هەموو ئەم شتانە، زەمزەمەو شەپۆلی کورتی ئەم تەقینانەوە دەکرێ گەورەترین تەقینەوە بێت، مەبەستم ئەو تەقینەوە گەورەیەی کە هاوکات بوو لەگەڵ تەقینەوەی خوڵقاندندا، بەپێی هەندێ ژمێریاری ڕەنگە پێش (١٨) بلیۆن ساڵ ڕووی دابێت.

کوڕی باش ئەمەش ئەو شوێنەیە کە ئێمەی لێین، گەر لەمە تێ بگەیت، ئەوە تێ دەگەیت کە ئێمە چەند گرینگین، دەزانی لەم ڕووبەرە فراوانەدا تەنیا میکۆبایتێکین پاشان بۆت دەردەکەوێ ئێوە و ئەو ڕووبەرە فراوانە، بەشێوەک لەشێوەکان یەکن و بەشێکن لەم هەمووە.

**مویرز:** کەواتە دەست پێکردن لێرەوەیە.

**کەمبڵ:** بەڵێ دەست پێکردن لێرەوەیە.

7

## چیرۆکەکانی عێشق و هاوسەرێتی

لە ڕێگەی چاوەکانەوەیە عێشق سەردانی دڵ دەکات:
چاوەکان پێشئاهەنگی دڵن
بەو دەورەدا دەست بەگەڕان دەکەن
تا ئەو شتە پەیداکەن کە بەبوونی، دڵ خۆشحاڵ دەبێ
ئەو کاتەی ئەم سێ شتە ڕێک دەبن
هەرسێکیان یەک بڕیاریان هەبێ،
ئەو کاتە عێشق لەدایک دەبێ،
هەر ئەمەش وا دەکات، چاو خۆشەویستی دڵ بێ
بەوەی کە چاو وای کرد لای دڵ خۆشەویست بێ
ئەو کاتە عێشقی تەواو لەدایک دەبێ.
بەبێ ئەوەش
نە عێشق لەدایک دەبێ و نە دەست پێ دەکات.
تەنیا بەم لەدایکبوون و سەرەتاییە
ئارەزوو ئاودەخواتەوە.
بەلوتفی ئەم سییانەو لەژێر چەتری ئەوانا
لەئەنجانی چێژێ کەئەمان دەیچێژن
عێشق لەدایک دەبێ و بەئومێدی



فراوانەوە ئارامی بەدۆستەکانی دەبەخشێ.
هەروەک هەموو ئاشکرایە لاتان
هەموو عاشقانی ڕاستەقینە
عیشق، میهرەبانییەکی تەواوە
بێ شک لەچاوو دڵەوە دێتەدەرێ
چاوەکان شکۆفەی پێ دەکەن و
دڵیش گەورەی دەکا.
خۆشەویستیش بەری ئەو تۆوەی ئەوانە.
گیورۆدەبۆرنیڵ Gurraut de Borneilh (نزیکەی ١٢٠٠–١١٣)

**مویرز:** عێشق بابەتێکی فراوانە گەر هاتو هاتمە لات و پێم وتی: (دەربارەی عێشق بدوێ) ئەو کاتە لەکوێوە دەست پێ دەکەی؟

**کەمبڵ:** بەترووبادۆری سەدەی (١٢) دەستم پێ دەکرد.

**مویرز:** ئەمانە کێ بوون؟

**کەمبڵ:** ئەمانە یەکەم لە ئەشرافەکانی ناوچەی بروفانس بوون، پاشان ناوچەکانی تری فەڕەنساو ئەوروپا، لە ئەڵمانیادا بەنێوی مینی سینجرز Minnesingers ناسرابوون واتا گۆرانیبێژانی خۆشەویستی، وشەی Minne وشەیەکی ئەڵمانی سەدەکانی ناوەڕاستە بەمانای خۆشەویستی.

**مویرز:** ئایا ئەوان شاعیری سەردەمی خۆیان بوون؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەوان شاعیرانێ بوون تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو، سەردەمی ترووبادورەکان سەدەی دوازدەیەمە، بەڵام لە بروفانس هەرچی کەلەپووری ترووبادۆر هەبوو لەناوچوو لە میانەی ئەو هێرشەی کە ناسراوە بەهێرشی خاچپەرستانی ساڵی (١٢٠٩) بەناوی Albigensian Crusade پاپا ئینۆسینتی سێیەم بەرپای کرد، ئەم شەڕە بەیەکێک لە ناشیرینترین جەنگی خاچپەرستانی ئەوروپا دادەنرێت.

تروبادۆرەکان پەیوەست کران بەهێرسی (بیدعە) ی مانەوییەکانی ئالبیژنیسییەکان، ئەمانەی کە ئەو سەردەمە باوبوون، هەرچەند لەڕاستیدا بزووتنەوەی ئالبیژنیسییەکان دژایەتییەک بوو دژ بەگەندەڵی کاهینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. بۆیە تروبادۆرەکان و گۆڕانکاریی بیری عێشق لای ئەوان، بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز تێکەڵ بەژیانی ئاینی بوو.

**موویرز:** مەبەستتان لە گۆڕانکاریی عێشق چییە؟

**کەمبڵ:** تروبادۆرەکان پێوەندییەکی فراوانیان بە دەروونناسیی عێشقەوە هەبوو. لە ڕۆژئاوا، ئەوان یەکەمین کەس بوون کە عیشقیان بەو شێوەیە ناسی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین – واتە عێشق بەو شێوەی کە پێوەندیی تاک بەتاکەوەیە.

**موویرز:** پێش ئەم ڕوانینە چ ڕوانینێک باوبوو دەربارەی عێشق؟

**کەمبڵ:** پێش ئەوە عێشق بەتەواوی ئیرۆس Eros بوو، ئەو خودایە بوو کە حەزی سێکسی لەلای تۆدا دەوروژان. ئەم بۆچوونە جیاوازیی هەبوو لەگەڵ ئەو ڕوانینەی کە تروبادۆرەکان دەربارەی عێشق هەیانبوو. دەزانی مرۆڤی ئەو کاتە هیچیان دەربارەی دڵداری نەدەزانی Amor. تروبادۆرەکان لەوە تێ گەیشتن کە دڵداری کارێکی تاکەکەسییە. ئیرۆس و ئاگاپێ Agape [عێشقی مەعنەویی مەسیحی] بریتین لە کۆمەڵی عێشقی ناکەسی.

**موویرز:** ئەمە ڕوونکەرەوە.

**کەمبڵ:** ئیرۆس جۆرێکە لە خواستی بایۆلۆژی، یان جۆرێکە لە ئارەزووی ئەندامەکان بەرامبەر بە یەکتری، لێرەدا هۆکاری تاکەکەسی ئەوەندە گرنگ نییە.

**موویرز:** ئەی ئاگاپێAgape؟

**کەمبڵ:** ئاگاپێ واتا وەک خۆشویستنی دراوسێکەت، بەئەندازەی خۆش ویستنی خۆتە. ئەمەش خۆشەویستییەکی ڕۆحییە، بۆیە گرینگ نییە هاوسێکەت کێیە.

**موویرز:** لە ڕاستیدا واپێ دەچێت ئەمە ئەو سۆزدارییە نییە کە ئیرۆس دەیەوێت، پێم



وایە ئەمە هاودەردییە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمە هاودەردییە، جۆرێک لەکردنەوەی دەروازەکانی دڵ. بەڵام وەک دڵداری نییە کە شتێکی تاکەکەسی بێ.

**کەمبڵ:** ئایا ئاگاپی پاڵپێوەنەرێکی ئاینییە؟

**موویرز:** بەڵێ، بەڵام دڵدارییش دەتوانێ بۆ جۆرێک لە پاڵپێوەنەری ئاینی بگۆڕێت. تروپادۆرەکان تەماشای دڵدارییان دەکرد وەک باڵاترین وێنەی ئەزموونی ئاینی.

**کەمبڵ:** بڕوانە ئەزموونی ئیرۆس جۆرێکە لە نۆبەتێی نەخۆشی (سایزویر)؛ دەبینین لە هیندا خوای خۆشەویستی لاوێکی بەهێزو توانایەو کەوان و توورەکەیەکی پڕ لەتیری بەدەستەوەیە، ناوی ئەو تیرانە برییتین لە(ئازاری مەرگهێنەر) و (کرانەوە) و... هتد. لەڕاستیدا، بەجۆرێک ئەو تیرانە لەجەستەت دەچەقێن تەواو جۆرێک تەقینەوەی فیزیۆلۆژی و دەروونناسیی پەتی ڕوودەدا.

جۆرەکەی تری عێشق ئاگاپییە، خۆش ویستنی هاوسێ بەئەندازەی خۆش ویستنی خۆتە. لەم حاڵەتەدا گرینگ نییە ئەو کەسەی تر کێیە. دراوسێتەو دەشبێ ئەم خۆشەویستییەت بەرامبەر هەبێ، واتە خۆشەویستی ئاگاپێ.

بەڵام دەربارەی چەمکی دڵداری نموونەی کەسایەتییەکی تەواو جیاوازمان بەرامبەرە. ئەو حاڵەتەی لە ئەنجامی پێوەندیی نێوان دوو چاودا ڕوو دەدەن هەروەک لە کەلەپووری تروباندۆرەکاندا هاتووە، ئەزموونێکە لەنێوان دووکەس. ڕووخسار لەگەڵ ڕوخسار.

**موویرز:** لە یەکێک لە بەرهەمەکانت دا شیعرێک هاتووە، دەربارەی ئەم یەکتربینینی چاوانە کە دەڵێ: (لەڕێگەی چاوەوە عێشق بەدڵ دەگات).

**کەمبڵ:** ئەمەش پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە کە کلیسا پێشنیاری دەکات. ئەمە ئەزموونێکی تاکەکەسییە، هەر هەمان ئەو پرس و بابەتەی ڕۆژئاوایە کەوای لێ دەکات لە هەموو ئەو کەلەپوورانەی تر کە ئێمە دەیانناسین جیاواز بێت.

**مویرز:** کەواتە چاونەترسیی بواری عێشق و خۆشەویستی بوو بە چاونەترسیی پێداگرتن لەسەر ئەزموونی تاکەکەسی بەرامبەر بە کەلەپوور واتە کەلەپووری کلیسا. بۆچی ئەم بابەتە گرینگیی هەبوو لەگەشەکردنی ڕۆژئاوادا؟

**کەمبڵ:** گرنگ بوو بەو بەڵگەیەی ڕۆژئاوا ئەم پێداگرتنەی بەخشی بە تاک، دەشبێ تاک باوەڕی بە ئەزموونەکانی خۆی هەبێ، نەک ئەو ئەزموونانەی کە کەسانی تر بۆی دەهێنن. ئەمەش جەختە لەسەر ڕاستی و لەش ساخی ئەزموونی تاکەکەسی کەمرۆڤایەتی و ژیان و بەهایە، هەموو ئەمانەش لە بەرامبەر سیستەمی شموولیدا؛ سیستەمی شمولی سیستەمێکی ماشێنییە، هەر ماشێنێکیش وەکو ماشێنەکەی تر کار دەکات کە هەمان کارگە دروستی کردووە.

**مویرز:** مەبەستت لەوە چی بوو کاتێ نووسیت: سەرەتای خۆشەویستیی ڕۆمانتیکی لە ڕۆژئاوادا خۆی لەوشەی لیبیدۆ Libidoدا بینیوەتەوە،(واتە زاڵبوونی دەسەڵاتی هێزی سێکسی بەسەر بڕوادا؟)

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەم وشەیەدا خۆی بڕوا دەبینێتەوە کە دەڵێ: (من بڕوام وایە) منیش تەنیا بڕوام بەیاساکان نییە، بەڵکو بڕواشم وایە ئەم یاسایانە خودا دایناون، بۆیە ناتوانرێ لەگەڵ خودادا چەندو چوون بکرێ، ئەم یاسایانە بارێکی قورسن بەسەرمەوە و سەرپێچیی ئەم یاسایانەش گوناهێکی گەورەیەو پێوەندیی بەکەسایەتیی هەتاهەتاییمەوە هەیە.

**مویرز:** کەواتە ئەمە بڕوانامەیە Credo؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەمە بڕوانامەیە. لەبەرئەوەی کەسێکی بڕواداری، بەرەو دانپیانان دەڕۆیت، بەلیستی گوناهەکانتدا دێیتەخوارێ، بەرامبەر بەم گوناهانە هەڵوێستی خۆت دەردەبڕی لەجیاتی ئەوەی بڵێی (باوکە، بەرەکەتم پێ ببەخشە لەبەرئەوەی ئەم هەفتەیە چاکبووم) لەگوناهەکانی خۆت ورد دەبیتەوە، لەمیانەی ئەم وردبوونەوەیەدا، لەڕاستیشدا لە ژیانتدا دەردەکەوێ کەتۆ گوناهکارێکی ڕاستەقینەیت. ئەم کارەش لەڕاستیدا جۆرێکە لەسەرزەنشتکردنی ئیرادەی ژیان؛ ئەمەیە مانای بڕوانامە.



**مویرز:** ئەی لیبیدۆ چییە؟

**کەمبڵ:** لیبیدۆ پاڵپێوەنەری ژیانەو لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ.

**مویرز:** دڵیش بریتییە لە ...

**کەمبڵ:** دڵیش ئەو ئەندامەیە کە بەڕووی کەسی تردا دەکرێتەوە، ئەمەش سیفەتی مرۆڤانەیە لە بەرامبەر سیفەتی ئاژەڵیدا کە سەر بە بەرژەوەندییە خودییەکانە.

**مویرز:** کەواتە تۆ باس لە عێشقی ڕۆمانتیکی دەکەیت، بەرامبەر بە شەهوەت و سۆزو هەڵچوونی ئاینی گشتیدا؟

**کەمبڵ:** بەڵێ. هەروەک دەزانی سازدانی هاوسەرێتی لە کولتووره ڕەسەنەکاندا لەلایەن خێزانەکانەوە ڕێک دەخرا. ئەمەش بەهیچ جۆرێک بڕیارێک نەبوو کەسێک بیسەپێنێ بەسەر کەسێکی تردا. تا ئەمڕۆش لە هیندستان لەنێو ڕۆژنامەکاندا کۆڵۆمی وادەبینی کە ڕاگەیاندنە بۆ هاوسەرێتی، ئەمەش لەلایەن دەلاڵەکانی ژن و ژنخوازییەوە بڵاودەکرێتەوە. لەبیرمە لە یەکێک لەو خێزانەنانەی کە دەمناسین، کچێکیان هەبوو شووی بە کوڕێک دەکرد، بەهیچ شێوەیەک ئەو کوڕەی نەدیبوو، بۆیە لە براکانی دەپرسی: (ئایا ئەو کوڕە درێژە، ئەسمەرە؟ سپییە؟ شتی لەم بابەتە؟)

لەسەدەی ناوەڕاستدا ئەم جۆرە هاوسەرێتییە شێوەیەک بوو لەوانەی کە کلیسا ئەنجامی دەدا. بۆیە بیری تروبادۆر دەربارەی دڵداریی ڕاستەقینەی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تردا شتێکی ترسناک بوو.

**مویرز:** لەبەرئەوەی بەهیرسی (بیدعە) دادەنرا.

**کەمبڵ:** نەک تەنیا هیرسی (بیدعە) بەڵکو بەزیناش، شتێکە دەکرێ پێی بوترێ زینای مەعنەوی. لەبەرئەوەی هاوسەرێتی بە تەواوی لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕێک دەخرا، ئەو عێشقەشی لە ڕێگەی بەیەکگەیشتنی چاوەکانەوە بەدی دەهات، بەهایەکی ڕۆحیە مەزنتری هەبوو.

بۆ نموونە، لە چیرۆکی عێشقی تریستاندا (کە یەکێکە لە سوارەکانی مێزگرد)

دەبینین کە داوای ئیزۆڵد کراوە تاشوو بەمارکی پاشا بکات، هیچ کامیان پێشتر یەکترییان نەبینیوە. بۆیە تریستان ئەرکی بردنی تائیزۆڵدە بۆ مارک جێبەجێ دەکا. دایکی ئیزۆڵدە جۆرێک شەرابی سیحراوی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ئەم دووانە کە بڕیارە ببنە هاوسەری یەکتری بەڕاستی یەکترییان خۆش بوێت و عاشقی یەکتری بن.. ئەم شەرابی عێشقە دەدرێ بەپەرستارێک کە بڕیارە لەگەڵ ئیزۆڵدەدا بڕوات. بەڵام ئەو شەرابە بێ چاوڕێری فڕێ دەدرێ، کاتێ ئەوانیش واتا تریستان و ئیزۆڵدە دەرمانەکە دەبینن وا دەزانن شەرابە، بۆیە دەیخۆنەوە. هەردووکیان بەخواردنەوەی ئەو دەرمانە عاشقی یەکتری دەبن. بەڵام ئەوان پێشتر یەکتریان خۆش دەویست بێ ئەوەی بزانن. ئەوەی ئەم شەرابە ئەنجامی دەدات، ئەوەیە ئەم عێشقە شاراوەیە ئاشکرا دەکات. ئەم ئەزموونە هەرکەسێک دەتوانێ نموونەی وا لە ژیانی لاوێتیی خۆیدا وەبیر بێنێتەوە.

لە ڕوانگەی تروبادۆرەکانەوە مەسەلەکە لەو خاڵەدا خۆی حەشارداوە کە مارکی پاشاو ئیزۆڵدە کە بڕیارە ببنە هاوسەری یەکتری، لەڕاستیدا کەڵکی ئەوەیان تێدا نییە کە عاشقی یەکتری بن. هەردووکیان هەرگیز یەکترییان نەبینیوە، هاوسەرێتیی ڕاستەقینە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە لێکچوون و شوناسنامەیە، واتە ئەوی تر لە خۆتدا ببینیتەوە، پەیوەستیی جەستەیی تەنیا نهێنییەکی پیرۆزی تەئکید کردنی ئەم بابەتەیە. پێچەوانەی ئەمەش ڕوو نادات، واتە یەکەم جار پێوەندی جەستەیی بێتەدی و پاشان لایەنی ڕۆحی دەرکەوێت. هاوسەرێتی لەگەڵ ڕووی ڕۆحی عیشقدا – دڵداریدا – دەست پێ دەکات.

**مویرز:** مەسیح باس لەزیناکردن بەدڵ دەکات، واتە پێشێلکردنی ئەو پێوەندییەی کە لەڕووی ڕۆحییەوە بەرپا دەبێت، واتە ئەو پێوەندیییەی لەزەین و دڵدایە.

**کەمبڵ:** هەموو هاوسەرییەک شێوەیەک لەم پێشێلکردنەیە، گەر هاتو کۆمەڵگا بە ئەنجامی بگەیەنێت نەک دڵ. ئەمەش مانای عێشقی مجامەلەیە Courtly لە سەدەکانی ناوەڕاستدا؛ ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی ڕێبازی کلیسایە، وشەی ئەمۆرAmor گەر بەپێچەوانەوە بنووسرێتەوە وشەی ڕۆمایە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ کلیسای ڕۆمانی کاتۆلیکی، ئەو کلیسایەی کە تەنیا ڕێنوێنیی ئەو ژن و



ژنخوازییانەی دەکرد کە سیفەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبوو. بەم جۆرە پاشان بزووتنەوەی پشت بەستن بەهەڵبژاردنی تاکایەتی هات کە من ئەمەم ناونا ڕەدووی نیعمەتی خۆت بکەوە.

هەڵبەتە ئەم بزووتنەوەیەش مەترسنیی تێدایە. لە چیرۆکی عاشقانەی تریستاندا، کاتێک هەردووکیان شەرابی خۆشەویستی دەخۆنەوە، کەنیزەکەی ئیزۆڵدەو ئەم ڕووداوە دەبینێ و دەچێتە لای تریستان و پێی دەڵێ: (تۆ مەرگی خۆت خواردەوە). تریستانیش دەڵێ: (مەبەستت لە مەرگی خۆم، ئەم ئازاری عێشقەیە؟). یەکێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکان ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بەدەردی عێشق بکات، لەبەرئەوەی لەم جیهانەدا شوێنێکی تر نییە مرۆڤ ئەم شوناسنامەیەی خۆی تێدا مومارەسە بکات لەگەڵ ئەوەی کە خۆشی دەوێت. تریستان دەڵێ: (گەر مەبەستت لە مەرگی من، ئەم ئازاری عێشقەیە، دەبێ بڵێم ئەمەیە ژیانی من. گەر مەبەستت لە مەرگی من ئەو سزایەیە کە بەنسیبمان دەبێت کاتێ کە ئاشکرا دەبین ئەوا من ئەوەم قبووڵە، گەر مەبەست لە مەرگی من ئەو سزا ئەبەدییە بێت کە لەنێو ئاگری دۆزەخدا دەیبینم، ئەویشم قبووڵە.) ئەمەش بابەتێکی گەلێ گرینگە.

**مویرز:** بەتایبەت بۆ کاتۆلیکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە وەک وشە بڕوایەکی تەواویان بە ئاگری دۆزەخ هەبوو. کەواتە ئەو شتانە مانای چی بوو کەتریستیان دەیوت؟

**کەمبڵ:** ئەوەی ئەو دەیوت: ئەوەبوو کە عێشق لە ئازار و مەرگ و هەرشتێکی تر گەورەترە. ئەمەش بەمانایەکی فراوانتر سەلماندنی ئازاری ژیانە.

**مویرز:** ئێستاش ئەو ئەم دەردی عێشقە هەڵدەبژێرێ، هەرچەندە ئەو ئازارە دەردەسەری و نەفرەتی هەمیشەیی بێت لە دۆزەخدا.

**کەمبڵ:** هەر ڕێگەیەک کە لە ژیانتدا دەیگریتە بەر کاتێ بەدووی بەختیاریی خۆتدا دەگەڕێی، دەبێ هەڵبژاردنەکە بەو جۆرە بێت ئەم جۆرە سزایانەت لەبەرچاو بێت بەوەی بەخۆت بڵێی کەس ناتوانی دەربارەی ئەم بابەتانە بمترسێنێ. هەر ڕوواوێک ڕوویدات، ئەم هەڵبژاردنە ئیعتبار بەژیان و کارم دەبەخشێ.

**مویرز:** له هەڵبژاردنی عێشقیشدا ئەمە وایە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ له هەڵبژاردنی عێشقیشدا.

**مویرز:** جارێکیان نووسیبووت، دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ، مەسەلەکە ئەوەیە کاتێ کە کەسێ لەوێ بێ، مانای وایە له جێگایەکی گونجاوە، له کۆتایشدا ئەو جێگایە ئەو شوێنەیە کەئەو خۆی حەز دەکات لەوێ بێ.

**کەمبڵ:** ئەم بیره کاتی خۆی بیری برناردشۆ و دانتیش بوو، ئازاری دۆزەخ ئەو شتە هەمیشەییيە کەتۆ لەسەر زەویدا دەتویست.

**مویرز:** تریستان عێشقی خۆی دەویست خۆشبەختیی خۆی دەویست، بۆیە بەپەرۆش بوو تاڵەو پێناوەش ئازار بچێژێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام ویلیەم بلیک لەو زنجیرە حیکمەتانەی کە له پەڕتووکی هاوسەرێتیی نێوان بەهەشت و دۆزەخ بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێ: (ئەو کاتەی لەنێو ئاگری دۆزەخدا پیاسەم دەکرد.. فریشتەکان ئەمەیان وەک شێوەیەک ئازار دەبینی) ئەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێ بۆ کەسانێک کە له دۆزەخن و فریشتە نین ئەو ئاگرە ئاگری ئازار نییە، بەڵکو ئاگری شادی و خۆشحاڵییە.

**مویرز:** له دۆزەخی دانتیدا ئەوەم لەیادە، کاتێ کە دانتی له دۆزەخدا دەڕوانێ چاوی بەعاشقە مەزنەکانی مێژوو دەکەوێ له بابەتی کیلۆپاترا و هیلین و تریستان. ئەمە چ مانایەک دەگەیەنێ؟

**کەمبڵ:** دانتی هەمان هەڵوێستی کلیسا وەردەگرێ، ئەو دەڵێ: ئەمە دۆزەخە، ئەوەش ئەوانەن لەنێو ئەو دۆزەخەدا ئازار دەچێژن. ئەگەر لەیادت بێت، دانتی له دۆزەخ چاوی بەدوو عاشق و مەعشووقی ئیتالیی هاو ڕۆژگاری خۆی بەنێوی ئاولۆو فرانچیسکا دەکەوێت. فرانچیسکا پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ پاوڵودا دەبێت کە برای مێردەکەیەتی. دانتیش وەکو سۆسیۆلۆژێک لێی دەپرسێ(ئازیزم ئەمە چۆن ڕووی دا؟ چی وای کرد ئەمە ڕوو بدات؟) پاشان لەوکاتەدا دانتی بەناوبانگترین



عیبارەتی خۆی دەنووسێ. فرانچیسکا دەڵێ: ئەوو پاولۆ له باخچەیەکدا لەژێر درەختێک دادەنیشن و چیرۆکی لانسلۆت و گۆنیۆر دەخوێیننەوە. (کاتێک دەربارەی یەکەمین ماچ شتمان خوێندەوە، هەریەک له ئێمە تەماشای یەکتریمان کرد، ئەو ڕۆژە چیتر هیچمان لەو پەڕتووکە نەخوێندەوە.) ئەمە سەرەتای کەوتنمان بوو.

ئەو پرسیارەی کە دەکرێ ئەمەیە، ئایا ئەم جۆرە ئەزموونە جوانە بکرێ بەگوناه حیساب بکرێت، ئەمە پرسیارێکە تروبادۆرەکان بەنەرێ وەڵامیان دایەوەو وتیان: خۆشەویستی مانای ژیانە – خۆشەویستی باڵاترین خاڵی ژیانە.

**مویرز:** کاتێ کە ڤاگنەر له ئۆپێرای مەزنی خۆیدا دەربارەی تریستان و ئیزۆڵدە دەڵێ: (لەم جیهانەدا لێم گەڕێ بادنیای خۆم هەبێ، یان بەوە بەرنەفرەت دەدرێم یان ڕزگارم دەبێ.) ئایا مەبەستی هەمان ئەو وتەیەی سەرەوە نییە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمەش تەواو ئەو شتەیە کەتریستان دەیڵێ.

**مویرز:** واتە من عێشق و ژیانی خۆم دەوێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمە ژیانی منە. ئامادەشم بەرگەی هەرچی ئازارە بیگرم لەپێناوی ئەو ژیانەدا.

**مویرز:** بەڵام ئەم کارە ئازایەتیی دەویست، وانییە؟

**کەمبڵ:** ئەی بۆ وانییە؟ تەنانەت بیرکردنەوە لەوبارەیەشەوە ئازایەتیی دەویست.

**مویرز:** ئێوە بەبەکارهێنانی زاراوەی (وانییە؟) وەک ئەوە وایە مەبەستیت له ئێستاو ئامادە بێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ

**مویرز:** تەنانەت ئەمڕۆش؟

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** وتووتە خاڵی گرنگ دەربارەی هەموو ئەم پێشڕەوانەی عێشق ئەوەیە، ئەوان

بڕیاریان داوە خوڵقێنەری نییەتەکانی خۆیان و شێوازێکیش بن بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو نییەتانە، هەروەها بەجێهێنانی عێشق (بە) ئابڕووترین کارەکانی سروشتە، ئەوانیش لە ئەزموونەکانی خۆیانەوە فێری حیکمەت دەبن، نەک لەڕێگەی بڕواو سیاسەت و زاراوە باوەکانی وەک چاکەو ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی. ئایا ئەمە سەرەتای بیری ڕۆمانتیکی کەسی ڕۆژئاوایییە کە سەرە دەزووی مەسەلەکان دەکەوێتە ژێر ڕکێفییەوە؟

**کەمبڵ:** بێگومان، دەتوانی لە چیرۆکە ڕۆژهەڵاتییەکاندا نموونەی ئەم جۆرە کارانە ببینی. بەڵام نابن بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی، لەحاڵێ حازردا لەڕۆژئاوادا ئەم داوایە بۆ نموونەی باڵای خۆشەویستی گۆڕاوە.

**مویرز:** واتا خۆشەویستی لە ئەزموونی تاکەکەسییەوە هەڵدەقوڵێ، واتا لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی تاکەکەسی وەک سەرچاوەیەکی عەقڵانی.

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەمەش تاکە، باشترین شتێک کە لەکولتووری ڕۆژئاوادا هەیە، بەڕەسمی ناسینی تاک وەک تاک و بەخشینی ڕێز بەو تاکە وەک بوونەوەرێکی زیندو؛ ئەرکی کۆمەڵگا، پەروەردەکردنی تاکە. بەرگری لەکۆمەڵگەش ئەرکی تاک نییە.

**مویرز:** گەر هاتو هەر کەسەو تەنیا ڕەدووی عیشقی خۆی بکەوێ کەواتە چی بەسەر دەزگاکانی وەک - زانکۆ و، کارگەو کلیسا و، دەزگا سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا دێت؟ ئایا لەم میانەدا ناکۆکییەک دروست نابێت، بۆ نموونە تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگە؟ ئایا پێویست نییە کە خاڵێکی ڕەوا هەبێت تالەو خاڵەوە کۆنترۆڵی هەستەکانی تاکایەتی و لیبیدۆی تاک و چێژو عێشقی تاکایەتی و ئەو ئەنگیزانە بکرێ کە مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی کە حەزی لێیەتی بەکاریان دەهێنێ، گەر ئەم کۆنترۆڵە نەبێ ئەوا ڕووبەڕووی ئاژاوەو گێرەشێوێنی دەبینەوە و هەموو دەزگاکانیش پەکیان دەکەوێ. ئایا مەبەستی تۆ لەم مەسەلەدا ئەوە، ئێمە دەبێ ڕەدووی بوون و عێشقی خۆمان بکەوین بێ ئەوەی گوێ بدەین ئەنجامەکەی بەرەو کوێ دەڕوات؟



**کەمبڵ:** دەبێ سوود لە مێشکمان وەرگرین. خەڵکی دەڵێن، تووله ڕێگا، ڕێگەیەکی زۆر ترسناکە، وەکو کێرد تیژە.

**مویرز:** کەواتە نابێ عەقڵ و دڵ لە جەنگدابن؟

**کەمبڵ:** نەخێر. دەبێ هەردووکیان هاوکاری یەکتری بکەن. هەمیشە عەقڵ دەبێ ئامادە بێت و دڵیش هەزاران جار گوێرایەڵی عەقڵ بێت.

**مویرز:** ئایا سەردەمێک دێت کە دڵ ڕابەرایەتی بگرێتە دەست؟

**کەمبڵ:** ئەمە مەسەلەیەکە لە هەموو سەردەمێکدا مەسەلەیەکی داواکراوە. پێنج سیفەتی چاکی سوارانی سەدەکانی ناوەڕاست بریتین لە: میانڕەوی، ئازایەتی، عێشق، وەفاداری و حورمەتگوزاری. حورمەتگوزاری بریتییە لەڕێزگرتنی ئەدەبی هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت.

**مویرز:** کەواتە عیشق تەنیا سواری مەیدان نییە، بەڵکو عیشق هاوڕێگەیە لەگەڵ-

**کەمبڵ:** بەڵێ عیشق یەکێکە لە ئەرکەکان. زاڵکردنی یەکێک لە ئەرکەکان بەسەر ئەوانی تردا و لەبەرچاونەگرتنی ئەرکەکانی تر، کارێکی گێلانەیە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تروبادۆرەکان سەرەڕای ئەوەی کە دژ بەدەسەڵاتدارانی کلیساش بوون بەڵام ڕێزو حورمەت گوزارییان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە هەبوو کەتێیدا دەژیان. هەموو کارێک بەپێی ڕەسم و یاسا بەڕێوەدەچوو، کاتێک کە دوو سوار لەگەڵ یەکتریدا دەجەنگان، هەرگیز یاساکانی شەڕیان نەدەشکاند، سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان لە جەنگێکی کوشندە بەرامبەر بەیەک بوون، دەبووایە هەمیشە ڕێزو ئیحترام لەمێشکدا ئامادەبووایە.

**مویرز:** ئایا یاسای یاسا و یاسای خۆشەویستییش هەبوو؟ بۆ نموونە ئایا کۆتێک لەسەر زیناکردن هەبوو؟ گەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نەزەرتان لە ئافرەتێک یان پیاوێک بکردایە کە ژن یان مێردتان نەبووایە، چی پەرچدانەوەیەکتان نیشان دەدا؟

**کەمبڵ:** ئەمە سەرەتای عێشقێکی ڕێزدارانە بوو، بێگومان ئەم گەمەیەش یاسای خۆی هەبوو، ئەوانیش ڕێنوێنیی ئەم یاسایانەیان دەکرد. ئەوان سیستەمی یاسایی تایبەت بەخۆیان هەبوو. ئەم یاسایانە جیاوازییان لەگەڵ یاساکانی کلیسادا هەبوو. بەڵام یاسایەک هەبوو بۆ ئەنجامدانی گەمەی هاوئاهەنگ، لەسەر ئەنجامێک بونیادنرابوو کە پێشتر پێشبینی کرابوو. هەرکارێک کە ئەنجامی دەدەیت سیستەمێکی یاسایی تێدایە پێت دەڵێ: چۆن دەبێ ئەو کارە بەچاکترین شێوە ئەنجام بدەیت. وتراوە هونەر ئەوەیە کە بەجوانترین شێوە کارەکان ئەنجام بدەی، لەبەڕێوەبردنی هەر ڕووداوێکی عاشقانە ڕەنگە کەسێکی ساویلکەو کرچوکاڵ بی، بەڵام چەند جوان دەنوێنی گەر هاتو ئاگات لە کۆمەڵێ یاسای وەها بیت تا ڕازاوەترو ڕازیکەرتر بنوێنی و گوزارشت لەم پێوەندییە بکەیت.

**مویرز:** بەڵام کاتێ کە قۆناغی سوارچاکی گەشە دەسێنێ لەگەڵیشیدا قۆناغی عێشقی ڕۆمانتیکی گەشە دەکات.

**کەمبڵ:** دەبێ بڵێم ئەم دووانە یەک شت بوون، قۆناغێکی زۆر سەیر بوو، لەڕاستیشدا ئەو سەردەمە سەردەمێکی دڕندانە بوو، لەو قۆناغەدا هیچ بنکە و یاسایەکی سەنتەری نەبوو، هەرکەسەو بەڕێگەی خۆیدا دەرۆیشت، لەڕاستیدا شتەکان زۆر پێشێل دەکران، بەڵام لەنێو ئەم شەپۆڵی دڕندەییەدا، هێزێکی مەدەنیی مەزنیش هەبوو کە ژنان نوێنەرایەتییان دەکرد، لەبەرئەوەی ژنان خۆیان یاساکانی ئەم گەمەیەیان دانابوو، بۆیە لەسەر پیاوبوو بەپێی یاسای ژنان ئەم گەمەیە ئەنجام بدات.

**مویرز:** بەڵام چۆن بوو کەژنان ئەو دەسەڵاتەیان پەیدا کرد؟

**کەمبڵ:** گەر بتەوێ لەگەڵ ژنێکدا بکەویتە عێشقبازییەوە، سەرەتا ئەو دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر تۆدا هەیە. ئەو زاراوە هونەرییەی ژن لەڕێگەیەوە خۆی بەدەستەوە دەدا وشەی (میرسی Merci) بوو. ژن ڕازی دەبێ بەوەی کە مەرحەمەتی خۆی ببەخشێ. ئیتر مەسەلەکە لەسەر ئەو وەستاوە ئایا مۆڵەت دەدا تەنیا جارێک لەساڵێکدا پشتی گەردنی ماچ بکرێ، یان بەتەواوی خۆی بەدەستەوە دەدا. ئەم مەسەلەیەش پێوەندیی بەهەڵسەنگاندنی ئەو کەسەی بەرامبەرییەوە هەیە.



**مویرز:** کەواتە کۆمەڵێ یاسا هەبوون، تاقیکردنەوەکەیان دەستنیشان دەکرد؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، داوایەکی بنەڕەتی هەبوو، دەبێ ئەو کەسە خاوەن دڵێکی میهرەبان بێ، واتە دڵێک تەنیا وەدووی شەهوەت نەکەوێ و هەلومەرجی عاشقانەی تێدا بێت. لەم میانەشدا ژن ئەو کەسەی کە داوای دڵداریی لێ کردووە تاقی دەکردەوە، تا بۆی دەرکەوێت ئایا ئەو کەسە دڵێکی میهرەبانی هەیەو توانای ئەوەی هەیە عاشق بێت یان نەخێر.

دەبێ ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەو ژنانە لەچینی ئەشرافەکان بوون، ئەشرافەکانیش لەم سەردەمەدا هەم لەڕووی توندوتیژی و هەم لەڕووی ناسکییەوە کەسانێکی پسپۆڕو شارەزا بوون. نازانم ئەمڕۆ چ ڕێگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی کەسێک هەیە تابزانرێ ئایا دڵێکی میهرەبانی هەیە، یان نەخێر. ئەوەش نازانم ئایا بەڕاستی ئەمە کارێکی ئایدیاڵە تا بزانرێ ئەو دڵە میهرەبانە.

**مویرز:** بیری دڵی میهرەبان لە مێشکی تۆدا چی دەگەیەنێت؟

**کەمبڵ:** کەسێک خاوەنی توانابێ یان باشترە بڵێم لەم بارەیەوە واژەی هاودەردی compassion بۆ من زاراوەیەکی کلیئامێزە.

**مویرز:** ئەم وشەیە چی دەگەیەنێت؟

**کەمبڵ:** (ژان و ئەشکەنجە پێکەوە، وشەی passion مانای چەشتنەو com واتە پێکەوە، بەڵام وشە ئەڵمانییەکەی ماناکە بەجوانترو باشتر پێشکەش دەکات. زاراوە ئەڵمانییەکە (mitleid) ە، mit بەمانای (لەگەڵ) و Leid بەمانای (خەم و ڕەنج) ە. بیری بناغەییی ئەم زاراوەیە مەبەستەکەی ئەوەبووە کە کەسی مەبەست تاقی بکرێتەوە تا دەرکەوێت ئەو کەسە لەپێناوی عێشقدا ئامادەی ژان و ئەشکەنجەیەو تەنیا ڕەدووی شەهوەت نەکەوتووە.

**مویرز:** Joe، ڕەنگە ئەو زاراوەیە لە سەردەمی تروبادۆرەکاندا سەری هەڵدابێت، بەڵام هەتا دەیەمی (١٩٥٠) ش ئەو بیرە لە ڕۆژهەڵاتی تیکساس هەر زیندوو بوو.

**کەمبڵ:** ئەمەش بەڵگەی بەهێزی ئەم هەڵوێستەیە، ئەمە لەسەدەی (١٢) لە بروفانسی فەڕەنسا دامەزراو کەچی لە سەدەی بیستەم لە تکساسدا دەیبینی.

**مویرز:** بەڵام دەشبێ ئەوە بڵێم ئەم ڕێوڕەسمە لەم دواییەدا ئەو هێزو توانایەی نەما. مەبەستم ئەوەیە کەدڵنیا نیم لەوەی ئایا ئەمە هەمان ئەو تاقیکردنەوەیە کە لەسەردەمی زوودا هەبوو. سوپاسگوزاری ئەو تاقیکردنەوەیە بووم، بەڵام ئەوەندەش دڵنیا نیم.

**کەمبڵ:** لەو تاقیکردنەوانەی کە لەو سەردەمەدا دەکرا بریتی بوو لەناردنی لاوێک بۆ پاسەوانیکردنی پردێک، بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی هاتوچۆی ڕێگاکان ئەو کاتە تاڕادەیەک هاتوچۆ بەهۆی ئەو لاوانەوە کە پاسەوانیی پردەکانیان دەکرد دوا دەکەوت. بەڵام تاقیکردنەوەکە هەر تەنیا ئەمە نەبوو، بەڵکو بەشداریکردن لە جەنگیش جۆرێک بوو لەتاقیکردنەوە؛ ئافرەتێ گەر بێ ڕۆحم بووایە داوای لە خۆشەویستەکەی دەکرد ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە پێش ئەوەی تەسلیم بەهیچ شتێک بێت، ئەو ئافرەتە بەدڕندە لە قەڵەم دەدرا. هەروەها ئەو ئافرەتەش بەدڕندە لە قەڵەم دەدرا کەبێ هیچ تاقیکردنەوەیەک خۆی بەدەستەوە دەدا. لەوێدا گەمەی هاوسەنگیی دەروونی ورد و درشت هەبوو کە بەئەنجام دەگەیەنرا.

**مویرز:** بەڵام تروبادۆرەکان مەبەستیان نەهێشتن و لەناوبردنی هاوسەرێتی و جیهان نەبوو؛ ئەوان تەنانەت مەبەستیشیان پەڕین و شەهوەت و تەنانەت خامۆشکردنی ڕۆحی خوداش نەبوو. لە نووسینێکتدا دەڵێی: (بەپێچەوانەوە ئەوان لەمیانەی ئەزموونی خۆشەویستیدا یەکسەر ئاهەنگیان بۆ ژیان دەگێڕا، بەوەی ئەم هێزە هێزی پاراوە و مرۆڤ بەرەو بالایی دەباو هەروەها لە ڕێگەی عێشقەوە، دەرگەی دڵی بەڕووی ئاوازی تاڵ و شیرینی بوون دەکردەوە....) ئازار و چێژی خۆشەویستی پەیوەست بوو بەخودی تاک خۆیەوە. ئەوان مەبەستیان نەبوو شتێک وێران بکەن وا نییە؟

**کەمبڵ:** نەخێر، لەوێدا مەبەستی دەسەڵات پەیداکردن لە ئارادا نەبوو. ئەوەی لەو کارەدا شاراوە بوو ئەزموونی تاکەکەسی و بالایی بوو، ئەمەش بەتەواوی جیاوازە.



هێرشێکی ڕاستەوخۆ نەبوو دژ بەکلیسا. مەبەستیان لەم ئەزموونە ئەوەبوو کە ئاستی ژیان بۆ پلەیەکی ئەزموونی ڕۆحی بەرزبکەنەوە.

**مویرز:** خۆشەویستی یەکسەر بەرامبەرمە، دڵدارییش ڕێگەیەکە یەکسەر لەبەرچاومە.

**مویرز:** ئەم بیرە بریتییە لەیەکتربینینی چاوەکان. (کەواتە لەڕێگەی چاوەکانەوەیە کە عێشق دەگاتە دڵ لەبەرئەوەی چاوەکان پێشئاهەنگی دڵن.

**مویرز:** تروبادۆرکان لەبارەی دەروونەوە چییان دەزانی؟ شتێکمان بیستووە دەربارەی psyche– ئیرۆس حەزی لە psyche کردبوو– ئەمرۆش بەئێمە دەوترێ دەبێ دەروونی خۆمان بناسین، کەواتە تروبادۆر چییان لەبارەی دەروونی مرۆڤایەتییەوە دۆزییەوە؟

**کەمبڵ:** ئەوەی ئەوان دۆزییانەوە ڕوویەکی تایبەتی بوو کەسەختە بتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی قسەی لەسەر بکرێت. ئەزموونی تاکایەتی، پەیوەستبوون بە ئەزموون و بڕوابوون بەئەزموون و ژیان بە ئەزموونەوە، بریتی بوون لەو خاڵە سەرەکییانە.

**مویرز:** کەواتە خۆشەویستی، لێرەدا بەمانا گشتییەکەی خۆشەویستی نییە، بەڵکو خۆشەویستییە بۆ ئەو ئافرەتە.

**کەمبڵ:** بەڵێ ڕاستە، خۆشەویستییە بۆ ئەو ئافرەتە.

**مویرز:** بۆ پێتوایە مرۆڤ یەک کەسی خۆش دەوێ نەک دووکەس؟

**کەمبڵ:** ئەمەیان من نایزانم، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە، ئەو کارەبایەی کەڕوو دەدات، پاش ئەوە ئازارێک بەدوایدا دێت. تروبادۆرەکان دەستخۆشییان لەو ئازارە دەکرد کە لەعێشقەوە سەری هەڵدەدا. ئەو ئازارەی پزیشکەکان ناتوانن دەرمانی بۆ بدۆزنەوە، ئەو برینانەی تەنیا ئەو چەکە سارێژی دەکات کە برینەکەی دروست کردووە.

**مویرز:** مەبەستت چییە؟

**کەمبڵ:** ئەم برینە، برینی ئازاری منە و دەردی عێشقی منە بۆ بوونەوەریّ. تاکە کەسێکیش کە دەتوانیّ چارەم بکات، ئەو کەسەیە کە ئەم برینەی تێکردووم. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە بەشێوەیەکی سیمبولی لە زۆربەی چیرۆکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەردەکەوێت، هەروەها باس لەو ڕمە دەکات کە برینەکە دروستی دەکات، هەرکە ڕمەکە بەر برینەکە بکەویّ، یەکسەر چاک دەبێتەوە.

**مویرز:** ئایا لە چیرۆکی کاسەی پیرۆزدا شتێکی لەم بابەتە نییە؟

**کەمبڵ:** لە بەسەرهاتی ئەم چیرۆکەدا ئەوە دەبینین کە کاسە پەیوەستە بە ئازاری مەسیحەوە، کاسەکەش لێرەدا کاسەی دواین شیوە، پاش هێنانە خوارەوەی مەسیح لەسەر خاچ ئەو کاسەیە چاوی بەخوێنی مەسیح کەوت.

**مویرز:** باشە ئەم کاسەیە نویشاندەری چ شتێکە؟

**کەمبڵ:** دەربارەی ئەسڵی ئەم کاسەیە بەسەرهاتێکی زۆر سەیر هەیە. یەکێک لەنووسەرە سەرەتاییەکان دەڵیّ: ئەم کاسەیە لەلایەن فریشتە بیّ لایەنەکانەوە لەئاسمانەوە هێنراوە. لەکاتی جەنگی نێوان خوداو ئەهریمەن، واتا لەنێوان چاکەو خراپەدا کۆمەڵیّ فریشتە لایەنگری ئەهریمەن و کۆمەڵێکیش لایەنگری خودابوون. کاسەکە لەو نێوەندەدا لەلایەن کۆمەڵیّ فریشتەی بیّ لایەنەوە دەهێنرێتە سەر زەوی. بۆیە ئەم کاسەیە نوێنەرایەتیی ئەم ڕێگا ڕۆحییە دەکات لەنێوان هەردوو تەوەرەی دژدا، ترس و ئارەزوو، چاکەو خراپە.

بابەتی چیرۆکی ئەم کاسەیە ئەوەیە کە زەوی، وڵات و هەموو ئەو ناوچانەی ئاماژەیان بۆ کراوە وێران بوون. بۆیە بەمەش دەوتریّ زەویی وێران. ئێستاش دەبیّ سەرنج بدەیت، ئایا گرینگی زەویی وێران چییە؟ ئەو زەوییەیە کە هەموو ئەوانەی لەسەری دەژین ژیانێکی بیّ ئەسڵ دەژین، هەمان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە کەسانی تر دەیکەن و، ئەو کارانەی کە پێیان وتراوە ئەنجامی بدەن، بیّ ئەوەی ئەوان ئەو ئازایەتییەیان هەبێت بۆ دۆزینەوەی ژیانی تایبەتی خۆیان. ئەم زەوییە وێرانە، هەمان ئەو شتەیە کە (ت.س. ئیلیۆت) لە چامە شیعری (وێرانە خاک)دا ئاماژەی بۆ دەکات.



لە زەوییەکی وێرانەدا، ئەو ڕووەی کە نیشان دەدریّ، ئەو ڕووە نییە کە پێویستە نیشان بدریّ، لەوێشدا ژیانی مرۆڤەکان، ژیانێکی ئەسڵی نییە (لەسەر تاسەری ژیانم هەرگیز کارێکم ئەنجام نەداوە کە ویستبێتم، هەمیشە ئەو کارانەم کردووە کەپێم وتراوە.) تیّ دەگەی ؟

**مویرز:** کاسەش دەگۆڕیّ بۆ؟

**کەمبڵ:** کاسەیەش دەگۆڕیّ بۆ – نازانم چۆن باسی کەم – بەڵیّ بۆ ئەو شتانەی کەسانێک کە ژیانی خۆیان ژیان و ئەو شتانەی بەدەستیان هێناوە و پێی گەیشتوون. ئەم کاسەیە نمایشگەری بە ئەنجامگەیاندنی باڵاترین توانا ڕۆحییەکانی هۆشی مرۆڤایەتییە.

بۆ نموونە پاشای کاسە پاشایەکی لاوو خۆشەویست بوو، ئەم پلەو پایەی بە هەوڵی خۆی بەدەست نەهێنابوو. ئەو بەسواریی ئەسپەکەی و بەهاوارێکی شەڕخوازانە (عاشقانە) لە قەڵاکەی هاتەدەریّ. باشە، ئەم جۆرە ڕەفتارە بۆ لاوێک گونجاوە، بەڵام ئەمە گونجاو نییە لەگەڵ شانوشکۆی پاسەوانی کاسەکە. هەر ئەو کاتەی کە ئەو بە ئەسپەکەیەوە غار دەدات، موسڵمانێک، سوارێکی بت پەرست، لەنێو جەنگەڵەوە دێتە دەریّ. هەردووکیان سەری ڕم دەکەنە یەکتری و، ڕمەکانی هەردووکیان دەچنە لەشی یەکترییەوە، ڕمەکەی پاشای کاسە پاشای بت پەرست دەکوژیّ، بەڵام ڕمەکەی بت پەرست پاشای کاسە دەخەسێنیّ.

مانای ئەم ڕووداوە ئەوەیە کە لەئایینی مەسیحیدا جوداییی نێوان مادە و ڕۆح، نێوان دینامیکییەتی ژیان و مەملەکەتی ڕۆح، لە نێوان نیعمەتی سروشت و نیعمەتی میتافیزیکی بووەتە هۆی ئەم خەساندنە کەبەڕاستی سروشتی خەساندووە. ڕەنگە بکریّ بوتریّ کە ئەم جوداییە زەین و ژیانی ئەورووپاییی خەساندووە. بەڵام ئەو بت پەرستە نوێنەری چییە؟ کەسێکە لە دەوروبەری بەهەشتە، ئەو کەسە بەپیاوی سروشت دادەنریّ و لەسەر ڕمەکەی وشەی کاسە هەڵکەنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنیّ کە سروشت مەبەستی ئەو کاسەیەیە. ژیانی چەپکە گوڵ و بۆن و شکۆفەو بەدیهێنانی ژیانی مرۆڤە، نەک ئەو ڕەوشتە سوپەرناتیوراڵەی کە بەسەریدا سەپێندراوە.

بۆیە ئەو شتانەی کە ڕەسەنایەتی بەژیان دەبەخشن پاڵپێوەنەرە سروشتییەکانن، نەک ئەو یاسایانەی کە لە دەسەڵاتی سوپەرناتیوراڵەوە دەردەچن، ئەم چەمکە چەمکی کاسەیە.

**مویرز:** ئایا ئەمە هەمان ئەو وتە نییە کە تۆماس مان مەبەستی بوو کاتێ کە باس لە مرۆڤایەتی دەکات و دەڵێ: مرۆڤایەتی نایابترین کارێکە لەبەرئەوەی سروشت و ڕۆح پێکەوە کۆدەکاتەوە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەوەیە.

**مویرز:** سروشت و ڕۆح لەم ئەزموونەدا بە پەرۆشن تاچاویان بەیەکتری بکەوێت. ئەو کاسەیەی ئەم ئەفسانە ڕۆمانتیکیانە بەدوویدا وێڵ بوون، دووبارە یەکگرتنەوەی ئەو شتەیە کە پێشتر دابەش بوون، هەروەها ئاشتییەکەو لەم پێوەندییەدا دێتەدی.

**کەمبڵ:** کاسە دەبێ بەسیمبولی بنەڕەتی ژیان کە ژیان تێیدا ڕێ دەکات، ڕێ دەکات بەپێی خواست و ئیرادەی خۆی و لەسنووری سیستەمی پاڵپێوەنەرەکانی خۆیدا، خۆی بەنێو دوولایەنە دژبەیەکەکانی وەکو چاکە و خراپە و ڕووناکی و تاریکیدا دەکات. یەکێک لەنووسەرەکانی ئەفسانەی کاسە، لەسەرەتای داستانە درێژەکەیدا ئەم شیعرە کورتەی نووسیوە و دەڵێ: (هەرکارێک ئەنجامی چاکە و خراپەی هەیە) هەر کارێک لە ژیاندا دوو لایەنی دژ بەیەکە ئەنجامەکەی. باشترین شتێک کە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە بەرەو لای ڕووناکی لاربینەوە، بەرەو لایەنی ئەم پێوەندییە هاوئاهەنگانە کە لە ئەنجامی هاودەردی لەگەڵ دەردو تێگەیشتنی کەسی تر دێتەدی، ئەمەش ئەو شتەیە کە کاسە مەبەستێتی، ئەو مەسەلەیەی لەم چیرۆکە ڕۆمانسییەدا دەردەکەوێ هەر هەمان ئەو شتەیە.

لە ئەفسانەی کاسەدا باس لەوە دەکرێ کە پیرسیفالی لاو لەسەر دەستی دایکی لە لادێیەکدا گەورە بووە، ئەو دایکەی کۆشک و تەلار ڕەت دەکاتەوە و دەخوازێ کوڕەکەی هیچ لەبارەی یاساکانی کۆشک و دەسەڵاتەوە نەزانێت. تا ئەو کاتەی کە پیرسیفاڵ گەورە دەبێت لە تێرمێک لە دینامیکی تایبەت بەسیستەمی پاڵپێوەنەری



خۆیدا دەژی، پاشان باوکی کە ئەوی بەسواروسوارچاکی پەروەردە کردووە، پێشنیاری هاوسەرێتیی لێ دەکات لەگەڵ کچێکی زۆر جوان و دڵڕفێن. پیرسیفاڵ دەڵێ: (نەخێر من نامەوێ هاوسەرم بدرێتێ، من دەمەوێ خۆم هاوسەری خۆم بەدەست بێنم.) ئەمەش سەرەتای مێژووی ئەوروپایە.

**مویرز:** سەرەتای مێژووی ئەوروپا؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەو ئەوروپایەی کە لەسەر بناغەی تاکایەتی بونیادنراوە، ئەوروپای کاسە. بەم جۆرە ئەو کاتەی کە پیرسیفاڵ دەچێتە نێو کۆشکی کاسەوە، پادشای کاسە دەبینێ لەسەر تەختێک ڕاکشاوە و بریندارە، تەنیا بە ئامادەییی ئەو کاسەیە دەژی. پیرسیفاڵ لەڕووی هاودەردییەوە حەز دەکات بپرسێ: (مامەگیان، کوێتان دێشێ؟) بەڵام ئەم پرسیارە ناکات، لەبەرئەوەی بەخێوکەرەکەی ئەوەی فێرکردبوو کە سوار پرسیاری ناپێویست ناکات، بۆیە پیرەوی کە یاساکە دەکات و مەسەلەکە کۆتایی دێت.

پاشان پێنج ساڵ بە ئەزموونی دژوارو گرفتاریی زۆرو بڕێکی زۆر تەنگوچەڵەمەدا تێ دەپەڕێ، تاجارێکی تر بۆ ئەو قەڵایە بگەڕێتەوە، ئەو پرسیارە بکات کە دەبێتە هۆی چاککردنەوەی پادشا و کۆمەڵگە. ئەم پرسیارە لەڕووی پەیڕەویکردن لە یاساکانی کۆمەڵگەوە ناکرێ، بەڵکو ئەم پرسیارە لەڕووی هاودەردییەوە دەکرێ، کردنەوەیەکی سروشتیی دەرگای دڵی مرۆڤێکە بەڕووی مرۆڤێکی دیکەدا.

**مویرز:** ئەمەش جۆرێکە لەعێشق کە...

**کەمبڵ:** جۆرێکە لە دڵسووتاندنی خۆبەخۆیی و جۆرێکە لە هاودەردی.

**مویرز:** ئەو وتەیە چی بوو کە یۆنگ وتبووی، ڕۆح ناتوانێ لە ئاشتیدا بێ، تا ئەو کاتەی ئەوی تری خۆی دەدۆزێتەوە، ئەوی تریش هەمیشە تۆی؟ ئایا ئەمە ئەو شتەیە کە ڕۆمانتیکی پێ دەوترێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڕاستی ئەمە ڕۆمانتیکە، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە ئەفسانە لەبارەیەوە دەدوێ.

**مویرز:** ئایا ئەمە جۆرێک لە سۆزداریی ڕۆمانسی نییە؟

**کەمبل:** نەخێر، سۆزداری بەنگدانەوەی توندوتیژییە، لەڕاستیشدا دەربڕینێکی زیندوو نییە.

**مویرز:** بەبۆچوونی ئێوە، هەموو ئەمانە چی دەربارەی عێشقی ڕۆمانتیکەوە دەڵێن؟ دەربارەی خودی کەسێتیی ئێمە؟

**کەمبل:** ئەمانە دەڵێن ئێمە لەدوو جیهاندا دەژین. ئەو جیهانەی تایبەتە بە خۆمان و ئەوەشی لەدەرەوە پێمان بەخشراوە، گرفتەکەش لەوەدایە کە چۆن بتوانین پێوەندیی لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا بەرقەراربکەین. هاتوومەتە نێو ئەم جیهانە و دەشبێ بەپێی یاساکانی بژیم. نەژیان بەپێی یاساکانی ئەو کۆمەڵگەیە کارێکی گاڵتەجاڕییە، گەر بەو جۆرە ڕەفتار نەکەم کە کۆمەڵگە دەیەوێ مانای وایە ژیانم مەحاڵە. بەڵام ناشبێ ڕێگا بەم کۆمەڵگەیە بەم چۆنییەتیی ژیانم بەسەردا بسەپێنێت ؛ لەسەر مرۆڤ پێویستە سیستەمی تایبەت بەخۆی هەبێ کە ئەو چاوەڕوانییەی کۆمەڵگە پێشێل بکات، ڕەنگە واش ڕوو بدات کە کۆمەڵگە ئەو شتانە قبووڵ نەکا، بەڵام باجی ژیان وایە هەندێ جار وا پێویست دەکات لە بوارێکدا بژیت کە کۆمەڵگا پێی بەخشیوی، لەڕاستیدا ئەمەش پشتیوانیت بۆ بەدەست دێنێ.

وای دانێ ڕووداوێک ڕوو دەدات بۆ نموونە، جەنگێک ڕوودەدات و دەشبێ لاوان بۆ سەربازی ناوی خۆیان تۆماریکەن بۆ ئەو جەنگە، بۆیە بڕیاردان لەم بوارەدا کارێکی ترسناکە. سنووری ملدان بۆ ئەو شتانەی کۆمەڵگە لەتۆی دەوێ تا چ مەودایەک دەتبات تا ئەو ڕادەیەی کەسانێک کە نایاناسیت بیان کوژێ؟ لەپێناوی چی؟ لەپێناوی کێ؟ زۆری تر لەم پرسیارانە.

**مویرز:** کاتێ چەند چرکەیەک پێش ئێستا دەمووت: گەر هەموو دڵەکان ئاوارەبن و هەموو چاوەکان سەرگەردان بن every eye were wandering، ئەوا کۆمەڵگە بوونی نابێ، مەبەستم ئەم مەسەلەیەبوو.

**کەمبل:** بەڵێ، بەڕاستیش وایە. بەڵام هەندێ کۆمەڵگە هەن نابێ هەبن.



**مویرز:** ئەوانە زوو یا درەنگ،

**کەمبل:** دووچاری شکست و هەڵوەشاندنەوە دەبن.

**مویرز:** تروبادۆرەکان دنیای کۆنیان تووشی شکست کرد؟

**کەمبل:** بڕوا ناکەم ئەوان ئەم کارەیان کردبێ.

**مویرز:** هۆکاری ئەم ڕووخانە عێشق بوو.

**کەمبل:** بەڵێ، عێشق بوو، لەکۆتاییشدا هەر ئەم شتەبوو، لۆسەریش Lother بەجۆرێک لە جۆرەکان مەسیح بوو، لەبارەی بەقەشەبوونەوە ئەویش بۆچونی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەم ئەندێشەیەش لەڕاستیدا بووە هۆی تەفروتوناکردنی کلیسای سەدەکانی ناوەڕاست. پاش ئەوە کلیسا نەیتوانی پشتی ڕاست بێتەوە.

دەبێ ئەوەش بزانی بیرکردنەوە لەمێژووی مەسیحی زۆر بەسوودە. لە پێنچ سەدەی یەکەمیندا پاش پەیدابوونی ئەم ئاینە، مەسیحی جۆراوجۆرو، شێوەی جۆراوجۆری بوون بە مەسیح هەبوو. پاشان لەقۆناغی تیۆدسیوس Theodosius، لە سەدەی چوارەم، تەنیا ئاینێک کە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا ڕێگەی پێ درابوو، ئاینی مەسیحی بوو، ئەو شێوە مەسیحییەتەی کە ڕێگەی پێ درابوو شێوەی مەسیحییەتی پاشای بێزەنتی بوو. ئەو وێرانکارییەی لەم سەردەمەدا دەرهەق بەوێرانکردنی پەرستگای بت پەرستان کرا، لە مێژوودا نموونەی نەبوو.

**مویرز:** ئایا ئەم وێرانکاریە لەلایەن کلیسا ڕێکخراوەکانەوە پیادە دەکرا؟

**کەمبل:** بەڵێ، لەلایەن کلیسا ڕێکخراوەکانەوە. لەبەرئەوەی مەسیحییەکان نەیاندەتوانی لەگەڵ ئاینێکی تردا بژین؟ گرفتی ئەوان لەکوێدابوو؟

**مویرز:** پێت وایە گرفتەکە لەکوێیە؟

**کەمبل:** لە دەسەڵات، دەسەڵاتی ئەوان. پێم وایە ئەنگیزەی بونیادی مێژووی ئەوروپا، ئەنگیزەی دەسەڵاتە، ئەم ئەنگیزەیەش خۆی خزاندووەتە نێو دەسەڵاتی ئاینیشمانەوە.

یەکێک لە مەسەلە سەرنجڕاکێشەکان لە ئەفسانەی کاسەی پیرۆزدا ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە پێنج سەدە پاش سەپاندنی مەسیحییەت بەسەر ئەورووپادا دەرکەوت. ئەم ئەفسانەیە نوێنەری نزیکبوونەوەی دوو کەلەپوورە.

نزیکەی کۆتاییی سەدەی دوازدە، سەرۆکی کلیسایەک بەنێوی یەواخیم فلۆریسس بابەتێکی نووسی لەسەر هەرسێ قۆناغی ڕۆح. لەو نووسینەدا دەڵێ: پاش دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت، خودا ناچاربوو قەرەبووی ئەم ڕووداوە بکاتەوە بەهێنانی ڕۆح بۆ نێو مێژوو. بۆیە ڕەگەزێکی هەڵبژارد تا گەیەنەری ئەم پەیامە بێت، ئەم قۆناغەش قۆناغی باوک و ئیسرائیل بوو. پاشان پاش ئەوەی ئەم ڕەگەزە وەک ڕەگەزێکی کەهەنگووتی پەروەردەکرا بۆ ئەوەی ببێ بە دەورەقێک بۆ بەرجەستەکردنی کوڕ. بەم جۆرە قۆناغی دووەم قۆناغی کوڕو کلیسایە. بەم جۆرە مرۆڤایەتی هەر هەموو نەک تەنیا ڕەگەزێک ئامادەبوون بۆ ئەوەی ئەم پەیامە ڕۆحییە وەرگرن، واتا پەیامی ڕۆحیی ئیرادەی خودا.

بەڵام سەردەمی سێیەم کە ئەم فەیلەسووفە باسی دەکات لە دەوروبەری ساڵی (١٢٦٠) کە خەریکە دەست پێ بکات، سەردەمی ڕۆحی پیرۆزە و ڕاستەوخۆ پەیام بەگوێی مرۆڤدا دەچرپێنێ، هەرکەسێک کە جەستەی دوو شێوەیی وەردەگرێ و یان پەیامی خودا دەخاتە نێو دەروونی خۆیەوە، ئەو کەسە هاوبەرامبەری مەسیحە، ئەمەش چەمکی قۆناغی سێیەمە. بەهەمان شێوە لەگەڵ دامەزراندنی کلیسادا، ئیسرائیل بوو بەشتێکی کۆن و لەگەڵ پەیدابوونی ئەزموونی تاکایەتی، کلیساش دووچاری هەمان چارەنووس بوو.

بەم جۆرە بزووتنەوەیەکی تەواو لەگۆشەنشینان و وازلێهێنەران دەستی پێ کرد، بە مەبەستی وەرگرتنی ئەزموون. ئەو قەدیسەی بەپێشڕەوی ئەم بزووتنەوەیە دادەنرێت قەدیس فرانسیس ئاسیس St Francis of Assist. بوو، ئەم کابرایە هاوتای مەسیح بوو، هەروەها دادەنرا بەدیاردەیەک لەجیهانی سروشتی ڕۆحی پیرۆزدا.

ئەمەش ئەو نهێنییەیە کە لەپشتەوەی کاسەی پیرۆزدا خۆی حەشارداوە. بەم جۆرە گالاهاد Galahad لە گەشتی گەڕانیدا هاوبەرامبەر بوو لەگەڵ مەسیح. لە جەژنی پەنتیکاست (ئەم جەژنە جەژنی پەنجایەمین، واتە (٥٠) ڕۆژ پاش جەژنی قوربان. لە



پەڕتووکی پیرۆزدا باس لەم ڕۆژە کراوە.... وەرگێر) کە جەژنی هاتنە خوارەوەی ڕۆحی پیرۆزە بۆ سەر پەیامبەران، لەشێوەی ئاگرێکدا دادەبەزێ، گالاهاد بەقەڵغانێکی سووری گراوییەوە خۆی دەکا بەنێو کۆشکی ئارسەردا. هەریەک لە ئێمە دەتوانێ گالادهایەک بێت، دەبێ ئەوەش بزانی ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی گنووسییە (ڕۆحییە)یە بەرامبەر بە پەیامی مەسیح. ئەو بەڵگەنامە گنووسییانەی (ڕۆحیانە)ی لە سەردەمی تیۆدۆسیوس کە لەبیاباندا شاردرانەوە گوزارشت لەم بیرە دەکەن.

بۆ نموونە، لە ئینجیلی گنۆستیکدا بەپێی وتنی تۆماس، مەسیح دەڵێ: (ئەو کەسەی لە دەمی منەوە دەخواتەوە، وەکو منی لێ دێت و منیش دەبم بەو)ئەمەش بیرێکە، ڕووبەڕووی دەبینەوە، لە چیرۆکی عاشقانەی کاسەی پیرۆزە.

**مویرز:** تۆ پێت وتین ئەو شتەی کە لە سەدەی دوازدەیەم و سیازدەیەمدا ڕووی دا گرنگترین گۆڕانکارییەک بوو لەهەستە مرۆڤایەتییەکان و لەهۆشی ڕۆحی مرۆڤدا، ئەوەش دەرکەوتنی شێوەیەکی نوێی ئەزموونی عێشق بوو.

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** ئەو ئەزموونە نوێیە پەرچدانەوەیەک بوو بەرامبەر بەسەرکوتکاریی کلیسا بۆ دڵی مرۆڤ، بەتایبەت ئەو کچە عازەبانەی کاتێ کە داوای هاوسەرییان لەگەڵ کەسێکدا دەکرد، کلیسا باوانی ئەو کەسانەی دەکرد بەوەکیل تا لەجیاتی ئەوان بیاندەن بەشوو. کاریگەریی ئەم پەرچدانەوەیە بەسەر سەودای دڵەوە چۆن بوو؟

**کەمبڵ:** باشتر وایە یەکەم جار لایەنی تری ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە– دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە لەشێوازی پێوەندیی خێزانیی کۆندا، جۆرێک پێوەندیی خۆشەویستی لەنێوان ژن و پیاودا پەیدا دەبوو، تەنانەت گەر دژ بەئارەزوی خۆشیان کرابێتن بە هاوسەری یەکتری. یان بەشێوازێکی تر ئەم هاوسەرێتییەی کە بەمجۆرە ڕێک خرابێت، برێک خۆشەویستیی زیاد هەیە، بۆ نموونە خۆشەویستی خێزانی، جۆرێک ژیانی خۆشەویستیی دەوڵەمەند لەو ئاستەدایە، بەڵام شتێکی ترت دەست

ناکەوێ، بەمانای ئەو نۆبەت و دەست بەسەرداگرتنەی کە تووشی مرۆڤ دی کاتێ کە ڕووبەڕووی هاوشێوە ڕۆحییەکەی خۆی دەبێت لە کەسێکی تردا. ئەمەش ئەو شتەبوو کە تروبادۆرەکان خوازیاری بوون و ئەمڕۆش بووە بە ئامانجی ژیانی ڕۆژانەمان.

بەڵام هاوسەرێتی، هاوسەرێتییە. هاوسەرێتی ڕووداوێکی عاشقانە نییە. ڕووداوی عاشقانە، دیاردەیەکی تەواو جیاوازە. هاوسەرێتی پەیمانخوازییە لەگەڵ شتێک کە خودی خۆتی. لەڕاستیدا بەشەکەی تر، نیوەی ئێوەیە، تۆ و ئەوی تر یەک شتن. بەڵام ڕووداوی خۆشەویستی بەم جۆرە نییە. بەڵکو پێوەندییەکە بە مەبەستی چێژ بینین، کاتێک ئەو چێژە لەناو دەچێت، ئەو خۆشەویستییەش کۆتاییی دێ. هاوسەرێتی جۆرێک پەیمانە بۆ سەرتاسەری ژیان، ئەم پەیمانەش لەڕاستیدا خەون و ئارەزوی بنەڕەتیی ژیانی تاک پێک دێنێت. گەر هاوسەرێتی خەونی بنەڕەتی نەبێت، ئەوە تۆ هەرگیز هاوسەرێتیت نەدەکرد.

**مویرز:** ئایا لە هاوسەرێتیدا ڕۆمانسییەت دەمێنێتەوە؟

**کەمبڵ:** لە هەندێ جۆر هاوسەرێتیدا بەڵێ، لە هەندێکی دتریشدا نامێنێت. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە گەورەترین وشەیەک لە کەلەپووری تروبادۆرکاندا دەیبینی وشەی وەفادارییە.

**مویرز:** مەبەستتان لە وەفاداری چییە؟

**کەمبڵ:** هەڵنەگەڕانەوەو پەیمان نەشکاندن – سەرەڕای هەر میحنەت و ئازارێک بەڕاستی بمێنیتەوە.

**مویرز:** پیوریتینسەکان Puritans (خێزانێکی ئاینین) دەربارەی هاوسەرێتی دەڵێن گوایە هاوسەرێتی (کلیسایەکی بچووکە لەنێو کلیسادا). لە هاوسەرێتیدا هەموو ڕۆژێ عاشقی و هەموو ڕۆژێ بەخشندەشی؛ هاوسەرێت نهێنییەکی پیرۆزی بەردەوامە – لە خۆشەویستی و بەخشندەیی.

**کەمبڵ:** پێم وایە ڕاستترین وشە بۆ ئەمە وشەی (تاقیکردنەوە)یە. واتە ملکەچکردنی مرۆڤ بۆ شتێک کە لەخۆی بالاترو مەزنترە. ژیانی واقیعیی هاوسەریت یاخود



پێوەندییەکی عاشقانە، لەو پێوەندییەدایە کە تۆی تێدا ئامادەی، دەزانی مەبەستم چییە؟

**مویرز:** نەخێر، ئەمەم زیاتر بۆ ڕوون بکەوە.

**کەمبڵ:** دەبێ لەوە بگەی، کە ئەم شتە تەواو وەکو سیمبولی ین/یانگە Yang/Yin ئەوە منم، ئەوە ئەوە و ئەوە ئێمەین، کاتێک دەمەوێ قوربانییەک پێشکەش بکەم، ئەو قوربانییە لەپێناوی ئەودانییە، لەپێناوی ئەو پێوەندییەیە. دەربڕینی بێزاری بەرامبەر بەکەسی بەرامبەر کارێکی نابەجێیە. ژیان لەپێوەندییدایە، پێوەندیش ئەو جێگایەیە کە ژیانی تۆی ئێستا تێدایە. ئەمەیە هاوسەرێتی– کەچی لە پێوەندیی عاشیقانەدا، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دوو کەس پێوەندییەکی سەرکەوتووانە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.

**مویرز:** لە هاوسەرییتی پیرۆزدا ئەوەی خودا کۆیان دەکاتەوە بەندە ناتوانێ جیای کاتەوە.

**کەمبڵ:** لەسەرەتادا یەکگرتن هەبوو، هاوسەرییش دووبارە لەڕووی سیمبولییەوە ئەم یەکگرتنە دەهێنێتەوە ئاراوە.

**مویرز:** ئایا سەرەتا یەکێتی هەبووە؟

**کەمبڵ:** هاوسەرێتی، دووبارە ناسینەوەی سیمبولی شوناسنامەمانە– دوو ڕووی یەک شتن.

**مویرز:** بێگومان ئەو ئەفسانە کۆن و سەیرەت بیستووە دەربارەی پێشگوتەرێکی کوێر بەنێوی ترسیاسTiresias.

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەوە بەسەرهاتێکی مەزنە، ڕۆژێکیان ترسیاس لە دارستانێکدا پیاسە دەکات، دوو مار دەبینێ لە حاڵەتی جووتبووندان، ئەویش گۆچانەکەی دەخاتە نێوانیانەوە لەوکاتەدا دەگۆڕێ و دەبێ بە ژن. چەند ساڵێک بەژنێتی دەژی، جارێکی تر ترسیاسی ژن بەنێو دارستانێکدا دەڕواو لەوێدا دوو ماری تر دەبینێ بەهەمان

شێوە خەریکی جووتبوونن گۆچانەکەی دەخاتە نێوانیانەوە لەو کاتەدا دەبێتەوە بە پیاو.

لەلایەکی ترشەوە، ڕۆژێکی خۆش، لەسەر تەپۆڵکەی کاپیتۆڵ، واتە تەپۆڵکەی زیئۆس...

**مویرز:** کێوی ئۆڵۆمپ؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لەسەر کێوی ئۆڵۆمپ، زیئۆس و ژنەکەی دەربارەی خەوتنی نێوان ژن و پیاو وتووێژ دەکەن لەسەر ئەوەی لەخەوتندا ئایا ژنان زیاتر چێژ دەبینین یان پیاوان. بێگومان کەس ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، لەبەرئەوەی ژن و پیاو هەردووکیان لەلایەکی تۆڕەکە بوون، بۆیە یەکێکیان وتی: (باشترە لەترسیاس بپرسین).

ئەوان چوونە لای ترسیاس، پرسیاری خۆیان کرد، ترسیاسیش لەوەڵامدا وتی: (ژنان نۆ کەڕەت زیاتر لەپیاوان چێژ دەبینن). ئەوەش لەبەر ئەو هۆیەی کەمن نازانم چییە.. بەڵام هیرای ژنی زیئوس ئەم وەڵامەی پێ خۆش نەبوو، بۆیە ئەوی کوێر کرد. لەم ڕووداوەدا لەبەرئەوەی زیئۆس کەمێک هەستی بەهاودەردی کرد بەرامبەر بەترسیاس بۆیە شانبەشانی کوێرێتییەکەی سیحرێکی تایبەتی پێ بەخشی کە ئەویش هێزی پێشبینیکردن بوو. یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە کاتێک کە چاوەکانت بەڕووی دیاردە سەرسوڕهێنەرەکاندا دادەخرێت، ئەوکاتە بەتەنیا لەگەڵ هەست و بەدیهاتی خۆت دەمێنیتەوەو، دەتوانی پێوەندین لەگەڵ مۆرفۆلۆژیادا هەبێ، واتە فۆرمی بنەڕەتیی شتەکان.

**مویرز:** مەبەستت لەم چیرۆکە ئەوەیە کەترسیاس بەگۆڕانی بۆ ژن و دووبارە بوونەوەی بە پیاو، لەڕێگەی مارەکانەوە شارەزاییی لە هەموو ئەزموونەکانی نێر و مێ هەیە، بەجۆرێک کە زیاتر لەخودا نێر و خودا مێییەکان دەزانێت، هەر ئەوان بەتەنیا ئەم شتە نازانن؟ ئەمە چ نهێنییەکی تێدایە؟

**کەمبڵ:** ڕاستە وایە، سەرەڕای ئەوەش ئەو بەشێوەیەکی سیمبولی واقیعییەتی یەکێتیی ئەم دووانە نشان دەدات. کاتێ کە ئۆدیسیۆس لەسەر دەستی سیرس Circe



بۆ جیهانی خوارەوە نێردرا، ئەوکاتە ڕێوڕەسمی ڕاستەقینەی ئاشنابوونی تەواوکرد، ئەو کاتەی کەچاوی بەترسیاس کەوت لەمانای یەکێتیی نێوان نێر و مێ گەیشت.

**مویرز:** هەمیشە بیرم لەوە کردووەتەوە، گەر بتوانی لایەنی مێینەت تاقی بکەیتەوە وەک پیاوێ یان ئەگەر ژن بیت لایەنی نێرینەت تاقی بکەیتەوە، مانای وایە تۆ دەگەی بەو زانینەی کە خودا دەیزانێ، ڕەنگە زانیاریی خوداش تێ پەڕێنی.

**کەمبڵ:** ئەمەش ئەو زانیارییە کە لەهاوسەرێتیدا دەستت دەکەوێ، ئەو ڕێگەیە دەتگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە لەلایەنی مێینەی خۆت بگەی.

**مویرز:** بەڵام لەخۆشەویستیدا چی بەسەر ئەم ئاشکراکردنەی دەروونا دێت، کاتێ چاوت بەکەسێک دەکەوێ و لەپڕ هەست دەکەوێت و دەڵێیت: (من ئەم کەسە دەناسم) یا (دەمەوێ ئەم کەسە بناسم)؟

**کەمبڵ:** ئەم بابەتە بابەتێکی پڕ نهێنییە، زۆرجار بەوجۆرەیە ئایندەی ژیانت کە بڕیارە لەگەڵ ئەو کەسەدا بیگوزەرێنی، پێشتر پێت ڕادەگەیەنێ، ئەمەش هەمان ئەو کەسەیە ئایندەی ژیانتی لەگەڵدا بەسەر دەبەیت.

**مویرز:** ئایا ئەم شتە ئەوە نییە کە لە ناخی کۆگای میمۆرییەوە دێت و بە جۆرێک تێی ناگەین و تێبینیشی ناکەین. ئەوە نەبێ لە پڕ دەبینین دەمانەوێ لەگەڵ ئەو کەسەدا پێوەندی بەرپا بکەین و ئەو کەسە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرمان بکەوێ.

**کەمبڵ:** هەمیشە بەو جۆرەیە وەک بڵێی تۆ وەڵامی ئایندە دەدەیتەوە. لەگەڵتاندا باس لەو شتانە دەکات کە دەبێ بێنەدی. ئەم مەسەلەیەش پەیوەستە بە ڕازو نهێنی بالآیی زەمەنەوە، پێم وایە ئێمە لێرەدا باس لە بابەتێکی ئێجگار قووڵ و پڕ نهێنی دەکەین.

**مویرز:** ئایا ئەم مەسەلەیە لە ژیانتدا ئاوەها بەجێ دێڵی، وەک ئەوەی نهێنییەکی ئاڵۆز یا پێت وایە دەکرێ مرۆڤ پێوەندییەکی هاوسەرێتیی سەرکەوتووانەی هەبێت لە تەنیشت پێوەندییەکی تری دەرەوەی هاوسەرێتی؟

**کەمبڵ:** لەڕووی تەکنیکییەوە دەکرێ مرۆڤ بڵێت: (بەڵێ، ئەی بۆ نا).

**مویرز:** بەڵام پێ دەچێت ئەو خۆشەویستییەی کە مرۆڤ لە پێوەندیی عاشقانەدا پێشکەشی دەکات، لە پێوەندیی هاوسەرێت کەم دەکاتەوە، هەروەها وەفاداری بۆ ئەم پێوەندییە کەم دەبێتەوە.

**کەمبڵ:** پێم وایە هەرکەسەو دەبێ بۆ ئەم مەسەلە دەروونییانە حیسابی خۆی بکات، ڕەنگە پاش بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی مرۆڤ تووشی شێوەیەک پێوەندیی عاشقانە بێت. ڕەنگە ئەو عێشقە بەشێوەیەک بێت وەڵامنەدانەوەی (نازانم بڵێم چی) ببێتە هۆی کوژاندنەوەی چوست و چالاکیی خۆشەویستی بۆ هەمیشەیی.

**مویرز:** پێم وایە ئەمە ناوکی مەسەلەکەیە. گەر چاوەکان دۆزەرەوەی دڵ بن، ئەو شتە دەدۆزنەوە کە دڵ بەپەرۆشەوە تینوویێتی، ئایا لەم حاڵەدا دڵ تەنیا یەکجار ئارەزوو دەکات؟

**کەمبڵ:** لێم گەڕێن با ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەمەوە کە خۆشەویستیی مرۆڤ لەبەرامبەر خۆشەویستی تر ناپارێزی. بەڵام ئەوە هەیە ئایا کەسێک کە خاوەنی پێوەندییەکی خۆشەویستیی تەواو گەرموگوڕ بێت، خۆشەویستییەکی تەواو بەڕاستی، ئایا ئەو کەسە دەتوانێ لەهەمان کاتدا دڵسۆزی هاوسەرێتی بێت؟ بڕوا ناکەم لە حاڵی حازردا ئەو شتە مومکین بێت.

**مویرز:** بۆچی؟

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی لەپڕ لەناودەچێ و دەپچڕێ، بەڵام وەفاداری ڕێگات لێ ناگرێت کە پێوەندییەکی سۆزداری یان پێوەندیی خۆشەویستیت لەگەڵ کەسێکی تردا هەبێت لە توخمێکی تر. ئەو شێوەیەی کە چیرۆکی سوارە عاشقەکان باسی دەکات گەلێ جوان و هەستیارە ئەوەی کە باس لە پێوەندی سۆزو ئەمەکداری لەگەڵ ژنانی ترە لەلایەن کەسێک کە بەوەفایە بۆ عێشقی خۆی.

**مویرز:** ترووبادۆرەکان بۆ خانمانی خۆیان گۆرانی دەڵێن، ئەگەر ئەوەندەش هیوایان بە گەشەدانی پێوەندیی لەگەڵیاندا نەبێت.



**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** باشە، کامیان باشترە خۆشەویستی یا دۆڕاندن، لەم بارەیەوە میتۆلۆژیا شتێکمان پێ دەڵێ؟

کامبل: بەشێوەیەکی گشتی میتۆلۆژیا گرنگی نادات بە بابەتەکانی تایبەت بە عێشقی تاکەکەسی. بڕوانە، ئێوە لەکاتێکدا دەبنە هاوسەری کەسێک کە مۆڵەتی ئەوەت وەرگرتووە ئەو کارە بکەی. هەر بۆ نموونە گەر سەر بەفلان هۆز بی. دەبێتە هاوسەر گەر سەربەوان نەبی، ئەوا نابی بەهاوسەر، شتی لەم بابەتە.

**مویرز:** باشە پێوەندیی خۆشەویستی چییە بەمۆراڵێتییەوە؟

**کەمبڵ:** پێشێلی دەکات.

**مویرز:** پێشێل؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، لە بواری خۆیدا خۆشەویستی جوان خۆی دەردەبڕێ، بەڵام لە شێوەکانی ژیاندا ئەم دەربڕینە لەئاستێکی ماقووڵدا نییە، هەر لەبەر ئەمەشە تا ئەم ڕادەیە نهێنییە. خۆشەویستی پێوەندیی بەسیستەمی کۆمەڵایەتییەوە نییە؛ ئەزموونی خۆشەویستی ئەزموونێکی ڕۆحیی فرە باڵایە، باڵاترە لە ئەزموونی هاوسەرێتی، ئەو ئەزموونەی کۆمەڵگە ڕێکی دەخات.

**مویرز:** کاتێ کە دەڵێن خودا خۆشەویستە، ئایا ئەم خۆشەویستییە پێوەندیی بەخۆشەویستیی ڕۆمانسییەوە هەیە، ئایا میتۆلۆژیا خۆشەویستیی ڕۆمانتیکی و خودا پێکەوە گرێ دەدا؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەم کارەی کردووە. خۆشەویستی جۆرێک بوو لە دیداری ئاسمانی، هەر لەبەر ئەم هۆیەش هاوسەرێتی لە پلەیەکی باڵاترە لە هاوسەرێتی، ئەم بیرە بیری ترووبادۆرەکان بوو. ئەگەر خودا عێشقە، ئەوا عێشقیش خودایە. مایستەرا ئیکهارت Meister Eckhart دەڵێ: (خۆشەویستی نازانێ ئازار چییە). ئەمەش بەتەواوی ئەوەیە کە ترستان مەبەستی بوو، ئەو کاتەی کە ڕای گەیاند، من ئامادەم

لەپێناوی خۆشەویستیم هەموو ئازاری دۆزەخەم بخەمە سەرشانم.

**مویرز:** بەڵام تۆ وتووتە خۆشەویستی هاوکاتە لەگەڵ ئازار.

**کەمبڵ:** ئەمەیان بیرێکی ترە. تریستان خۆشەویستیی تاقی دەکردەوە، مایستار ئیکهارت لەبارەی خۆشەویستییەوە قسەی کردووە. ئازاری عێشق جۆرە ئازارێکی تر نییە، بەڵکو ئازاری ژیانە. دەکرێ بوترێ ئازاری تۆ هەمان ئەو جێگایەیە کە ژیانی تۆی لێیە.

**مویرز:** لە بەشێک لە پەیامی پۆڵس بۆ ئەهلی کورنسیۆسی هاتووە و دەڵێ: (خۆشەویستی توانای هەموو شتێکەو دەچێتە ژێر باری هەموو شتێک).

**کەمبڵ:** ئەمەش هەمان ئەو مانایە.

**مویرز:** لە هەموو ئەو ئەفسانانەی زۆر جێگای سەرنجمن چیرۆکی ئەو سوارەیە کە دەڵێ شەیتان حوکمی دۆزەخی بەسەردا سەپاند لەبەرئەوەی ئەوەندە خودای خۆش دەویست.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بیری بنەڕەتیی ئیسلام دەربارەی شەیتان ئەوەیە کە شەیتان گەورەترین خۆشەویستی خودایە. ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەوەی بیر لەشەیتان بکرێتەوە، بەڵام ئەم بیرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا بۆچی شەیتان ڕەوانەی دۆزەخ کرا؟ ئەو چیرۆکە باوەی کە دەوترێتەوە ئەوەیە کاتێک کە خودا فریشتەکانی دروست کرد پێی وتن لەمن زیاتر کڕنووش بۆ کەسیتر نابەن. پاشان مرۆڤی دروست کرد بەبڕوای ئەو مرۆڤ بوونەوەرێکە باڵاترە لەفریشتە، بۆیە داوای لە فریشتەکان کرد خزمەتی مرۆڤ بکەن، بەڵام شەیتان ئامادە نەبوو کڕنووش بۆ مرۆڤ بەرێ.

بەوجۆرەی کە من لەزانیاریی پەروەردەی منالێیمەوە وەرمگرتبوو، ئەم کارە لەکولتووری مەسیحیدا وا ڕاڤە دەکرێت، کە شێوەیەکە لە خۆپەرستنی شەیتان. ئەو کڕنووش بۆ مرۆڤ نابات. بەڵام لە چیرۆکی فارسیدا، ڕاڤەکردنێکی جیاواز هەیە شەیتان لەبەر ئەو هەموو خۆشەویستییەی بۆ خودای هەبوو نەیتوانی کڕنووش بۆ مرۆڤ بەرێ– ئەونایەوێ لە خودا زیاتر بۆ کەسی تر کڕنووش بەرێت. بەڵام خودا لە



فرمان و ڕەمزەکانی گەڕایەوە، بەڵام شەیتان هەر لەسەر هەڵوێستی سەرەتاییی خۆی مایەوە و نەیتوانی لێی هەڵگەڕێتەوە، شەیتان لەدڵی خۆیدا – ئیتر نازانم دڵی هەیە یان نییەتی– نەیدەتوانی لەبەرامبەر هیچ کەسێک غەیری خودا کە خۆشی دەویست کڕنووش بەرێ. لەدوای ئەم ڕووداوە خودا پێی دەڵێ: (بڕۆ ون بە لە بەر چاووم).

تا ئێستا کە وەسفی دۆزەخ کرابێت خراپترین ئازارەکانی بریتین لە ئازاری ونبوونی خۆشەویست، کە ئەویش خودایە. کەواتە چۆن شەیتان لە دۆزەخدا تەحەمولی ئەو بارودۆخەی کرد؟ باشترین نیشانەی ئەم خۆشەویستییە، لەوەدا دەردەکەوێ کاتێ کە شەیتان ئەوەی وەبیرهاتەوە کە خودا پێی وتبوو: (بڕۆ بۆ دۆزەخ).

**مویرز:** کەواتە ئەمە ڕاستە کە لە ژیاندا گەورەترین دۆزەخ کە دەکرێ مرۆڤ پێی ئاشنا بێت، ناڵەی جوداییی عێشقە. هەر لەبەرئەمەش ئەو وێنەیەی ئەفسانەی ئیرانم پێ جوانە، کە دەڵێ شەیتان خۆشەویستی خودایە.

**کەمبڵ:** پاشان لەخوا جیاکرایەوە، ئەمەش گەورەترین دەردی واقیعیی شەیتانە.

**مویرز:** ئێرانییەکان چیرۆکێکی تریان دەربارەی ئادەم و حەووا هەیە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئەوەش چیرۆکێکی زۆر نایابە. لە سەرەتادا ئەوان کەبوون یەک شت بوون، وەکو ڕووەک ڕوان و پاشان لەیەکتری جیابوونەوە، بۆ دوو بوونەوەر گۆڕان و مناڵیان دروست کرد. ئەوەندە مناڵەکانی خۆیان خۆش دەویست لەخۆشەویستیدا مناڵەکانی خۆیان دەخوارد. خوا بیری کردەوەو وتی: (بەم جۆرە نابێت). پاشان خودا خۆشەویستیی دایک و باوکی بۆ منداڵەکانی کەم کردەوە، بۆ پلەی نەوەدو نۆ لەسەدا کەمی کردەوە، تا لەخۆشەویستیدا نەیانخۆن.

**مویرز:** ئەو ئەفسانەیە چی بوو؟

**کەمبڵ:** بیستوومە خەڵکی بە مناڵەکانیان دەڵێن: (ئەوەندە شتێکی بچووک و بەلەزەتە خەریکم بیخۆم.)

**مویرز:** دەسەڵاتی خۆشەویستییە؟

**کەمبڵ:** دەسەڵاتی خۆشەویستییە.

**مویرز:** بەڵێ ئەوەندە توندوتیژە دەبێ کەم بکرێتەوە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، جارێکیان تابلۆیەکم بینی وێنەی دەمێکی کراوە بوو، ئامادە کرابووەوە بۆ خواردن و قووتدان، لەناو ئەو دەمەش دڵێک هەبوو. ئەمەش ئەوجۆرە خۆشەویستییەیە کە دەتخوا. ئەمەش جۆرە خۆشەویستییەکە دەبێ دایکان ڕابێن لەسەر کەمکردنەوەی.

**مویرز:** خودایە، فێرم بکە کەی بتوانم بڕۆم.

**کەمبڵ:** بەڵێ، لە هیندستان ڕیتوێڵی بچووک هەبوو یارمەتیی دایکانی دەدا، بەتایبەت بوار بە کوڕەکانیان بدەن تابڕۆن و مەرەخەس بن. گورو Guru (فێرکەر) یا پێشنوێژی خێزان، دەهاتە لای دایکەو داوای لێ دەکرد تا گرانترین شتی خۆی بەو ببەخشێ. بێگومان ئەو شتە گرانبەهایە حەتمەن مرواری و خشڵ و زێڕی گرانبەها، یان شتیکی تری لەم بابەتە بوو. پاشان لەم میانەدا ڕاهێنانێکی تری لەم جۆرە هەبوو، بەپێی ڕۆژگار دایک ئەوە فێر دەبوو ئازیزترین شتی خۆی لەدەست بدات. پاشان لە کۆتاییدا فێر دەبوو واز لە کوڕەکەشی بهێنێ.

**مویرز:** کەواتە لە خۆشەویستیدا هەردووکیان خۆشی و ئازار پێکەوەن.

**کەمبڵ:** بەڵێ. خۆشەویستی خاڵێکی پرشنگداری ژیانە، لەبەرئەوەی سەرتاسەری ژیان خەمە، عێشقیش خەماویە. هەرچەندە عێشق بەهێزتر بێت ئەوا ئازاریش توندوتیژتر دەبێ.

**مویرز:** بەڵام عێشق توانای هەموو شتێکی هەیە.

**کەمبڵ:** خۆشەویستی خۆی ئازارە، دەتوانی بڵێی، دەردی ڕاستەقینەی زیندووبوونە.

# دەمامکەکانی ئەمری

8

وێنەکانی ئەفسانە، ڕەنگدانەوەی توانا ڕۆحییەکانی هەریەک لە ئێمەن. بەقووڵبوونەوە لەو وێنانە، ژیانمان پڕ لە هێزی ئەوان دەبێ.

**مویرز:** بەو سیفەتەی کە تۆ لە جیهانبینییە جۆراوجۆرەکانت کۆڵیوەتەوە چوویتەتە نێو قووڵاییی کولتوور و شارستانی و ئاینە جۆراوجۆرەکانەوە، ئایا لەو هەمووەدا هۆیەکی هاوبەشت دۆزیوەتەوە بۆ پێویستی بوونی خودا؟

**کەمبڵ:** هەرکەسێ لە بواری نهێنیی ئاڵۆزدا خاوەن ئەزموون بێ بۆی دەردەکەوێ مەودایەک هەیە کە هەستی ئەو نایگاتێ، لە ئۆپانیشادەکان وتەیەک هەیە پێوەندیی بەم بابەتەوە هەیە: (کاتێ بەرامبەر بەجوانیی ڕۆژئاوابوونی هەتاو دەوەستی، یا بەرامبەر بەکێوێک و دەڵێ: (ئاه) تۆ بەم کارەت بەشداری لە خودایەتی دەکەیت، ئەم جۆرە بەشداریکردنە، ساتێکی تێدایە لە سەرسامی و جوانی. ئەو کەسانەی لە جیهانی سروشتیدا دەژین، هەموو ڕۆژێ ئەم چرکانە تاقی دەکەنەوە. ئەوان بەهەستکردن بەم درکە دەژین، کە شتێکی زۆر گەورەتر لە مەودای مرۆڤدا هەیە. بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە حەز دەکات سروشتی کەسایەتی بەم تاقیکردنەوانە ببەخشێ و هەروەها مرۆڤایەتی ببەخشێتە هێزە سروشتییەکان.

یەکێک لەشێوەکانی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە پێیوایە خودا دواین هۆو سەرچاوەی وزە سەرسوڕهێنەرەکانی گەردوونە، بەڵام لەشێوەی بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی و شێوەی بیرکردنەوەی سەرەتاییدا دەبینین خوداکان زیاتر دەرخەرو



تێرکەری وزەن، دواجار خودا شتێکە بەدەرە لە کەسایەتی. ئەوان سەرچاوەی ئەم وزەیە نین، خودا هۆی گواستنەوەی وزەیەو هێزو چۆنییەتیی ئەم وزەیە سیفەت و ئەرکی خودا دیاری دەکات. خودا هەیە توندوتیژە و خوداش هەیە بەسۆزە، خوداش هەیە لەنێوان جیهانی بینراو و نەبینراودا یەکێتییەک دروست دەکات، هەروەها خوداش هەن لەجەنگی شاو گەلاندا پاسەوان و چاودێریکەری ئەوانە. ئەمانە هەموویان نیشاندەری کۆمەڵە وزەیەکین بەسەربەستی کار دەکەن، بەڵام سەرچاوەی دوایی ئەم وزانە شتێکە بەنهێنی دەمێنێتەوە.

**مویرز:** ئایا ئەم چارەنووس و قەدەرە، جۆرێک لە ئاشووب و جەنگی بەردەوام لە نێوان کۆمەڵێک سەرۆک و خاوەن ویلایەتەکاندا دروست ناکا؟

**کەمبڵ:** بۆ دروستی ناکات، ئەمە ژیانەو هەموو شتێکی تێدایە. تەنانەت لەزەینیشماندا کاتێک کە کاتی بڕیاردان دێت، ئەوا جەنگێک بەرپادەبێت. هەر بۆ نموونە کاتێ دەست بەکاردەبین لەبارەی پێوەندیی لەگەڵ کەسانی تردا، ڕەنگە چوار یان پێنج توانامان لەبەردەستدا بێ. زۆرجار کاریگەریی خودایەتی لە زەینماندا دەبێتە هۆی بڕیار دروستکردن. گەر ئەو خودایەتییەی ڕێنوێنیم دەکات دڕندانە بێت ئەوا ئەو بڕیارەشی دەیدەم دڕندانە دەبێ.

**مویرز:** ئەم مەسەلەیە چ پێوەندییەکی بەبڕواوە هەیە؟ ئێوە کەسێکی ئیماندارن، نیشتەجێی دەشت و دۆڵی سەرسامی و..

**کەمبڵ:** نەخێر، مەرج نییە خاوەن بڕوابم، من کەسێکی خاوەن ئەزموونم.

**مویرز:** چ جۆرە ئەزموونێک؟

**کەمبڵ:** ئەزموونی ئەوەم هەیە کە ژیان تووشی سەرسامیم بکات. خاوەنی ئەزموونی عێشقم. ئەزموونی ڕق لێبوونەوەو بەد خودایی و ئارەزووکردنی لێدانی دەمو پلی کەسێک. لەدیدگای سیمبولییەوە ئەم هەموو هێزە جۆراوجۆرانە لەمێشکمدا کار دەکەن. مرۆڤ دەتوانێ بیر لەمە بکاتەوە کە – سەرسوڕمان و عێشق و ڕقلێبوونەوە، لە خودایەتیی هەمەچەشنەوە سەرچاوەیان گرتووە.

کاتێ کە منداڵێکی بچووک بووم وەک کاتۆلیکێکی ڕۆمیی گەورە. ڕەفتارم دەکرد، پێیان دەوتم فریشتەیەکی پاسەوان لەلای ڕاست و شەیتانێکی وەسوەسەکەر لەلای چەپتە، ئەو بڕیارانەشی لە ژیانمدا دەیدەم پێوەندییان بەوەوە هەیە کە شەیتان یان فریشتە کامیان زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر کردارەکانمەوە هەیە. وەک منداڵێک ئەم بیرانەم هاوئاهەنگ دەکرد، پێم وایە مامۆستاکانیشم هەر ئەم کارانەیان دەکرد. ئەو کاتە بەڕاستی ئەو بڕوا جێگیرەم لابوو کە فریشتە لەو شوێنەدا هەیە و شەیتان و فریشتەت دوو ڕاستین. بەڵام ئێستا لەجیاتی ئەوەی پێم وابێ ئەو دووانە دوو ڕاستین، ئەمڕۆ بە کۆمەڵە خوازیاری دەزانم بۆ پاڵپێوەنەرو جووڵێنەر کە دەمجوڵێنن و ڕێنوێنیم دەکەن.

**مویرز:** بەڵام ئەم وزانە لە کوێوە دێن؟

**کەمبڵ:** لە ژیانی خۆتەوە، لەوزەی لەشتەوە، هەموو ئەندامە جۆراوجۆرەکانی لەشت لەوانەش سەرت، دەکەونە ململانێ لەگەڵ یەکتریدا.

**مویرز:** ئەی ژیانت سەرچاوەکەی کوێیە؟

**کەمبڵ:** سەرچاوەکەی دواوزەی ڕەهایەو کەپێی دەوترێ ژیانی گەردوون، ئەو کاتە دەڵێی: (باشە، دەبێ کەسێک هەبێت ئەم وزەیە بێنێتە دنیاوە.) بۆ دەبێ وا بڵێین؟ بۆ نابێت ئەم نهێنییە ئاڵۆزو کۆتاییە شتێکی ناکەسی بێت؟

**مویرز:** ئایا پیاوان و ژنان دەتوانن بەدیاردەی ناکەسێتی بژین؟

**کەمبڵ:** بەڵێ دەتوانن. ئەوان لە هەموو جێگایەک ئەم کارە دەکەن. بڕۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی سویس، دەزانیت کە لەڕۆژئاوادا ئاراستەیەک هەیە بە شوبهاندنی خوداکان بە مرۆڤ و بەدەرخستنی مرۆڤایەتیی خوداکان و دەستنیشانکردنیان. بۆ نموونە یەهوو یان ئەوەتا خودای تووڕەو دادپەروەری و تۆڵەیە یان دەبینین خودایەکە لە ژیانتدا یارمەتیدەرو بەختیاری و چاکەیە، هەروەک لە سەفەری مەزامیردا دەیخوێنینەوە. بەڵام لە ڕۆژهەڵات خوداکان زیاتر لە ئەندامەکانەوە نزیکن تا لە مرۆڤ، کەمتر مرۆڤایەتین و زیاتر لە هێزی سروشت دەچن.



**مویرز:** کاتێ کەسێک دەڵێ: (وێنەی خودا وەسف بکە) ئەوا لە کولتووری ئێمەدا بەم جۆرە منداڵ باس لە خودا دەکات: (پیاوێکی پیر جلێکی سپیی پۆشیوە و ڕیشێکی سپیی هەیە).

**کەمبڵ:** ئەمە لە کولتووری ئێمەدا، شێوەی بیرکردنەوەکان وامان لێ دەکات وا بیر لە خودا بکەینەوە کە شێوەیەکی نێرانەی هەیە، بەڵام لەزۆر کولتووری تردا هێزی خودا لە وێنەی مێینەدا دەبینرێ.

**مویرز:** ئەو بۆچوونەش هەیە شتێک ناتوانی تەسەوری بکەی گەر نەیخەیتە نێو قاڵبی کەسایەتییەوە. ئایا پێت وایە دەکرێ بۆ نموونە زەین لەو مەدارەدا چەق ببەستێ کە ئەفلاتوون پێی دەڵێ: (ئەندێشە نەمرو ئاسمانییەکان.؟)

**کەمبڵ:** لەڕاستیشدا ئەمەیە ڕامان و لێوردبوونەوە. ئەم ڕامان و لێوردبوونەوەیە چی دەگەیەنێ ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بەردەوام بیر لە ناوەڕۆکێکی دیاریکراو بکەیتەوە. ئەم کارەش دەکرێ لە هەموو ئاستێکدا ڕوویدا، من لێرەدا جیاوازییەکی گەورە نابینم لەنێوان دیاردە ماددی و ڕۆحییەکان.بۆ نموونە ڕامان دەربارەی پارەوپوول ڕامانێکی تەواو چاکە. ئیدارەکردنی خێزانیش ڕامانێکی زۆر گرنگە. بەڵام هەندێ ڕامان هەن تاکەکەسین هەر بۆ نموونە چوونت بۆ کلیسا.

**مویرز:** کەواتە نوێژ ڕامانە.

**کەمبڵ:** نوێژ پەیوەستە بەڕامان و لێوردبوونەوە دەربارەی نهێنییەک.

**مویرز:** لەناخیشتەوە هاوار بۆ هێزەکان دەکەیت.

**کەمبڵ:** لە کاتۆلیکی ڕۆمانیدا، وێنەیەک هەیە فێری دەبیت ؛ جۆرە نوێژێک هەیە چەندین جار دووبارە دەکرێتەوە. ئەم کارە وا لە زەین دەکات بۆ ناوەوە بگەڕێتەوە. لەسانسکریتیدا بەم کارە دەوترێت یاپا، واتە (دووبارەکردنەوەی پیرۆزانە). ئەم کارە زەین بەڕووی هەر کارێکی تردا دادەخا و ڕێگات پێ دەدا تا تەرکیز بخەیتە سەر یەک شت، پاشان بەپێی ئەو هێزەی بۆ خەیاڵکردن هەتە، دەتوانی قووڵاییی ئەم نهێنییە ئاڵۆزە تاقی بکەیتەوە.

**مویرز:** مرۆڤ چۆن مومارەسەی ئەزموونی قووڵ دەکات؟

**کەمبڵ:** بەهەبوونی هەستێکی قووڵ لەبارەی ڕەمزو ڕازەوە؟

**مویرز:** گەر هاتو بە تەواوی خوا بەو شێوەیە بێت کە ئێمە تەسەوری دەکەین، ئەو کاتە چۆن دەتوانین ڕێز لە دروستکەری خۆمان بگرین؟

**کەمبڵ:** چۆن بەبینینی خەونێک ترس دامان دەگرێت؟ دەبێ ئەو بۆچوونەی دەربارەی خودا هەتە وەلاوەی نێی، تا بەتیشک و ڕووناکییەکانی ناخت بگەی. لەم بارەوە یۆنگ دەڵێ: (ئاین، بەرگریکردنە لەمومارەسەکردنی ئەزموونی خودا).

ئەو نهێنییە لە کۆمەڵێ بیرو بۆچووندا کورت دەکرێتەوە، جەختکردنە سەر ئەم کۆمەڵە بیرو بۆچوونانە ڕەنگە وەک کوژاندنەوەی ئەزموونی ناوکۆ و بالابێ. ئەزموونی ناجێگیری ئەو نهێنییە دەکرێ بەدوا ئەزموونی ئاینی و ڕەها دابنرێ.

**مویرز:** زۆر مەسیحی هەن بڕوایان وایە، بۆ ئەوەی بزانی مەسیح کێیە، دەبێت بەو ئەزموونەدا تێ پەڕی، واتا بە ئەزموونی بڕوای مەسیحی و ئاینی مەسیحی و کلیسای مەسیحیدا تێ پەڕی.

**کەمبڵ:** ئەو وێنە خەیاڵکراوەی لەبارەی مەسیحەوە لە مێشکتدا کێشراوە دەبێ وەلاوەی نێی، چونکە ئەم جۆرە بۆچوون و وێنانە لەبارەی خودای مرۆڤەوە دەبنە دواین ڕێگرو دواین نهێنی. پابەندی بیرکردنەوە و ڕێبازی خۆت دەبیت و کاتێ کە ئەزموونێکی گەورەتر لەبارەی خودا نزیک دەبێتەوە، واتا ئەزموونێک گەورەترە لەو ئەزموونەی ئامادەگیت بۆی هەیە، بۆیە بەدەستبەردارنەبوون لەو وێنەی کە لە مێشکتدایە، لەو ئەزموونە هەڵدێی، ئەمەش پێی دەوترێ چاودێری و پاراستنی بڕواو ئیمان.

بێگومان تۆش زانیاریت هەیە دەربارەی بیری بەرزبوونەوەی ڕۆح لە ڕێگەی سەنتەرە جیاوازەکان یان قۆناغە بنەڕەتییەکانی ئەزموون. مرۆڤ سەرەتا بە ئەزموونی سەرەتایی دەست پێ دەکات کە ئەویش خواردن و برسێتییە، پاشان ئارەزوو و پەرۆشی بۆ سێکس و دەسەڵات. ئەمانە هەموو قۆناغی هێز بەخشی



ئەزموونن، بەڵام ئەو کاتەی کە ئەزموونەکە دڵ دەگرێتەوە و لە دڵەوە هەست و ئارەزوو بەرامبەر بەکەسێکی تر دەتجووڵێنێ، ئەو کاتە هەست دەکەیت تۆو ئەو کەسەی هەستت دەجووڵێنێ بەجۆرێک لە جۆرەکان بوونەوەرێکی یەک ژیانن و یەک بوونتان هەیە. لەم کاتەدا قۆناغێکی تەواو فراوان بەڕووی ژیان لەڕۆحدا دەکرێتەوە. کرانەوەی دڵ بەڕووی جیهان هەمان ئەو شتەیە کە لەڕووی میتۆلۆژیاوە بەرجەستە دەبێت لەبۆتەی لەدایکبوون لە کچەوە. واتە لەدایکبوونی ژیانی ڕۆحی ئەو ژیانەی کە پێشتر تەنیا بریتی بووە لە ژیان لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە فسیۆلۆژییە سەرەتاییە ئاژەڵییەکانی وەک تەندروستی و وەچەخستنەوە و دەسەڵات و بڕێک لەڕابواردن.

بەڵام ئیتر لەمەودوا دەچینە نێو قۆناغێکی ترەوە: چونکە ئەم قۆناغە لە ژیان و ئەزموونڎا سەرەتای دەسپێکردنی شێوەی مەزهەبی و ئەزموونی ئاینییە، لەبەرئەوەی لەم ئەزموونەدا هەستی سۆزداری، هاودەنگی، یان تەنانەت یەکبوون لەگەڵ کەسێکی تردا، یەکگرتن لەگەڵ بڕوایەکدا کە لەسەرووی خودەوەن و لە زەینتدا وەک شتێکی باش جێگیردەبن و دەشبێ ڕێزیان لێ بگری و لە خزمەتیاندابی. ئەم دیاردەیە دەتوانێ هەتا لە ژیاندای ڕێگا نیشاندەرتبێ بۆ گەڕان بەدووی ئەزموونی بوون، بوونی بوونەکان، بەڵام ئەزموونێکی تەواوو تەیار، ئەو ئەزموونەی گشت وێنە گوزەرکەرەکان ڕەنگدانەوەی ئەون.

کەواتە دەکرێ زەمینەی ڕەهایی Ultimate ground گشت بوونەکان بەدوو چەمک تاقی بکرێتەوە: یەکێکیان خاوەن شێوەیەو ئەوی تریان بێ شێوەیە و لە سەرووی هەموو شێوەکانە. کاتێ کە تۆ خودای خۆت لە قاڵبی وێنەیەکدا وێنا دەکەیت، ئەوا زەینی وێناکردنی تۆو خودا بوونیان هەیە. زەینێک و بابەتێک بوونی هەیە. بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم ئەزموونە سۆفیگەرییە ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆیدا ببێ بەیەک. بەئەنجام گەیشتنی ئەم یەکێتییە، دوولایەنی مەزنی خودا دێنە دی و بەمەش وێنەکان لەناو دەچن. ئیتر لەو حاڵەتەدا هیچ بوونی نابێ نە خوداو نە تۆش. کاتێ کە زەینتان هەموو تەسەورەکان بەجێ دێڵێ، بەیەکبوونێک لەگەڵ زەمینەی بوونتاندا ئەو زەینە دەتوێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو شتەی وەک خودایەکی خوازیار بۆ

خۆت وێنات کردبوو، دواین نهێنیی بوونی تۆیەو، هەر ئەویش نهێنیی بوونی جیهانە، ئەمەشە پرۆسێسەکەیە.

**مویرز:** کرۆکی بڕوای مەسیحی ئەوەیە کە خودا لە مەسیحدا بەرجەستەبووبوو، ئەو هێزە سروشتییەی کە تۆ باست کرد، لە بوونەوەرێکی مرۆیدا خۆی بەرجەستە کردبوو، ئەو بوونەوەرە ئاشتییەکی لەنێوان مرۆڤایەتی و خودادا بەرقەرار کرد.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بۆ من و تۆش ئەم بیرەیە، بیری سەرەتاییی گنووسی و بوودایش ڕاستە. مەسیح کەسێکی مێژوویی بوو لەناخیدا ئەوە جێگیربوو کەخۆی و ئەوەی ناوی باوکە یەکن، بەپاڵپشتی ئەم زانینەوە، بەمەسیحییەتی سروشتییەوە ژیا.

بیرمە جارێکیان وانەیەکم پێشکەش دەکرد دەربارەی ژیان، گوزەراندنی ژیان بە پشت بەستن بەو مانایەی کە مەسیح لەناختایە. لەو وانە وتنەوەیەدا قەشەیەک ئامادە بوو(لە پاشان پێیان وتم) ئاوڕی لەو ئافرەتە داوەتەوە کە لەتەنیشتی بووە، پێی وتوە (ئەمانە هەموو قسەی هەلەق مەلەقن).

**مویرز:** مەبەستت چی بوو لەوەی کە دەڵێی مەسیح لەناختایە؟

**کەمبڵ:** مەبەستم ئەوەبوو، نابێت لەسەر بناغەی سیستمی منی کەسایەتی و ئارەزووەکانی خۆت بژیت، بەڵکو دەبێ بژیت لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنەی کە دەکرێ پێی بوترێ مرۆڤ مەسیح – پەندێکی هیندی هەیە دەڵێ: (تەنیا خودایەک دەتوانێ خودایەک بپەرستێ.) دەبێ لە هەندێ لایەنەوە یەکگرتن بەدیبێنی لەگەڵ ئەو بناغە ڕۆحییەدا کە خودایەتی دەخاتە بەرچاوت، تاوەکو بەڕاستی ئەو بپەرستی و بەپێی وشەکانی ئەو هەڵسوکەوت بکەی.

**مویرز:** ئایا ترسناکیی تووشبوون بەنێرجسییەت (خۆ خۆشویستن) لە ئارادا نییە کاتێ باس لە چەمکی خوداو مەسیحی ناخ و ڕۆشنگەری و بێداریی ناخ دەکرێت و بشبێتە هۆی جۆرێک دڵەڕاوکێی دەروونی و بەش بەحاڵی خۆشی ئەمە دەبێتە هۆی ڕوودانی لادانێک لە ڕوانین بۆ خود و جیهان؟



**کەمبڵ:** هەڵبەتە ئەگەری ئەم ڕووداوە هەیە. ئەم کارە جۆرێکە لە لادان لە ڕێڕەوەکە. بەڵام ئامانجی گشتی بریتییە لە تێپەڕکردنی چەمکی خود، واتا ڕۆیشتن بۆ سەرووی خودو گەیشتن بەو خاڵەی کە مرۆڤ لە دەرکەوتنێکی ناتەواو زیاتر هیچی تر نییە. هەر بۆ نموونە کاتێ کە تۆ لە وردبوونەوەیەک دەبیتەوە، وا چاوەڕوانیت لێ دەکرێت ئەو وردبوونەوەیە بۆ بەرژەوەندی هەموو جیهان و هەموو بوونەوەرە زیندووەکان بەکاربێنی، نەک تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆت.

بڕوانە، دەتوانی بەدوو ڕێگا بیر لە دەستەواژەی (من و خودام) بکەیتەوە. گەر وا بیرکەیتەوە کە (من لێرەدا لە حزوری ماتەریالی خۆم و لەبیری کەسایەتیی زەمەنی خۆما خودام) ئەوا تووشی شێتی بووی و لە ڕێرەوی ئەزموونەکە لات داوە. تۆ خودای بەڵام نەک لە خودی خۆتدا، بەڵکو لە قووڵاییی ئەنتۆلۆژیدا، واتا خودای لەو جێگایەی کە یەکگرتنێکت بەدی هێناوە لەگەڵ ئەم نادوانە پەروەردگارەدا.

**مویرز:** تۆ لە جێگایەکدا دەڵێی ئێمە دەتوانین ببین بەڕوخساری ڕزگارکەری ئەو کەسانەی کە کەوتوونەتە نێو بازنەی ئێمەوە – واتە منداڵ و هاوسەرو ئەو کەسانەی کە خۆشمان دەوێن و هاوسێکانیشمان – بەڵام هەرگیز ناتوانین ببین بەو ڕزگارکەرە. تۆ دەڵێی دەتوانین ببین بەدایک و باوک، بەڵام ناتوانین ئەو دایک و باوکە بین. ئایا ئەم وتەیە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە سنوورێکمان هەیە، وانییە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ وایە.

**مویرز:** دەربارەی مەسیحی ڕزگارکەر چی دەڵێی؟

**کەمبڵ:** زانیارییەکانمان دەربارەی مەسیح سنووردارن، هەر ئەوە نەبێت کە ئێمە چوار تێکستی ناچوونیەکمان لەبەر دەستدان، ئەو تێکستانە پێمان دەڵێن ئەو چی کردووە و چی وتووە.

**مویرز:** ساڵانێک پاش مەرگی ئەویش نووسراون.

**کەمبڵ:** بەڵێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تاڕادەیەک دەزانین مەسیح چی وتووە. پێم وایە

وتەکانی مەسیح ڕەنگە زۆر لە ئەسڵەکانیەوە نزیک بن. بۆ نموونە وانەی بنەڕەتیی مەسیح ئەوەیە کە دەبێ دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێ.

**مویرز:** چۆن دەتوانی دوژمنەکەی خۆت خۆش بوێ، بێ ئەوەی خۆش بی لەو کردارانەی بەرامبەرت کردوونی و بێ ئەوەی دوژمنایەتییەکەی قبووڵ بکەیت.

**کەمبڵ:** پێت دەڵێم چۆن ئەم کارە دەکەی، ئەو پووشەی لەنێو چاوی دوژمنەکەتە دەری مەهێنە، بەڵکو ئەو تەختەیەی کە لەنێو چاوی خۆتە دەریبهێنە. هیچ کەسێک بۆی نییە شێوازی ژیانی دوژمنەکەی تاوانبار بکات.

**مویرز:** پێت وایە گەر مەسیح ئەمڕۆ بژیایە، کەسێکی مەسیحی دەبوو؟

**کەمبڵ:** ئەو جۆرە مەسیحییەتەی کە من دەیناسم، نەخێر. ڕەنگە هەندێ لەو ڕەبەن و ئافرەتە ڕەبەنانەی کە دێرنشین و خەڵوەتنشینن و لە پێوەندییدان لەگەڵ نهێنییە ڕۆحییە باڵاکان ئەو شێوە مەسیحییەتەبن کە مەسیح خۆی وابوو، گەر ئەمڕۆ مەسیح بژیایە وەدووی ئەوان دەکەوت.

**مویرز:** بەڵام واپێ دەچێت مەسیح هیچ مەیلێکی بەلای کلیسای خەباتگێردا نەبێ؟

**کەمبڵ:** لایەنی خەباتگێڕانە شتێکە لە مەسیحدا بوونی نەبووەو نییە. هیچ شتێکی لەم بابەتەم لەهیچ یەکێک لە ئینجیلەکاندا نەخوێندوتەوە. پێترۆس شمشێری خۆی لەکێلانەکەی هێنایە دەرەوە، گوێی خزمەتکارەکەی خۆی بڕی، لەو کاتەدا عیسا پێی وت: (شمشێرەکەت بخەرەوە نێو کێلانەکەت، بەڵام هەر لەو سەردەمەوە تائێستا پێترۆس شمشێرەکەی بەڕووتییەوە بەدەستەوەیە. لەساڵانی سەدەی بیستدا ژیاوم و لەبیرمە کاتێ کە منداڵ بووم، کۆمەڵێ قسەو قسەڵۆکم دەربارەی کەسانێک بیست، تا ئەو ساتە دوژمنمان نەبوون و پێش ئەوەش بەهیچ جۆرێ دوژمنمان نەبوون، بۆ ئەوەی وامان نیشان بدەن بەڕاستی ئەوانە دوژمنی سەرسەختمانن و هێرشەکانمان دژ بەوان ئاراستە کەن، هێرشێکی ناشیرینیان کردە سەریان هێرشی پڕ نەفرەت و نادروست و ناوناتۆرەدان و شێواندنی ناوبانگیان، ئەم هێرشە تا ئەم ساتەش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە.



**مویرز:** سەرەڕای هەموو ئەوانەش پێمان وترا خودا هەمان ئەو عێشقەیە. لە نووسینەکانی پێشووتدا ئەم وتەیەی مەسیحت گێڕاوەتەوە کە دەڵێ: (بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش بوێ و نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، بەمە دەبنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپاندا هەڵدێنێ و بارانی خۆی بەسەر دادپەروەرو زۆردارانیش دەبارێنێ.) وات دانابوو ئەم وتانەی مەسیح باڵاترین و نایابترین و چاونەترسانەترین وانەکانی مەسیحن، ئایا تا ئێستاش هەر پێت وایە؟

**کەمبڵ:** پێم وایە سۆزداری بنەڕتیترین ئەزموونی ئاینییە، گەر سۆزداری نەبێت، ئەوا هیچ شتێکی تر نابێ.

**مویرز:** من پێم وایە سەرنجڕاکێشترین شتێک کە لە ئینجیلدا سەرنجی ڕاکێشاوم ئەم دەستەواژەیە بووە: (ئەوەی باوەڕم پێیەتی هەمە، ئەوەی باوەڕم پێی نییە کۆمەکم کە.) بڕوام بەڕاستیی ڕەها هەیە و دەشتوانم کاری پێ بکەم و کردووشمە، بەڵام وەڵامم بۆ پرسیارەکانم نییە، بڕوام بەم پرسیارە هەیە، ئایا خودا هەیە؟

**کەمبڵ:** چەند ساڵێک پێش ئێستا بە ئەزموونێکی فرە سەرگەرمکەردا تێ پەڕیم، لە مەلەوانگەیەکی نادیی وەرزشی بووم لە نیویۆرک، لەوێدا ئاشناییم لەگەڵ قەشەیەکدا پەیدا کرد، کە مامۆستای یەکێ لە زانکۆ کاسۆلیکییەکان بوو، پاش تۆزێ مەلەکردن هاتم و لەسەر کورسییەکی ڕاکشاو ڕاکشام، ئەو کورسییەی کە لەدنیای وەرزشیدا پێی دەوترێ وەرزشی ئاسۆیی. لەتەنیشتمەوە قەشەکە ڕاکشابوو، پێی وتم:(ئێ، بەڕێز کەمبڵ، ئێوە قەشەن؟

منیش وەڵامم دایەوە: (نەخێر، پاپا).

پرسی: تۆ کاسۆلیکی؟

وتم: کاسۆلیک بووم، پاپا.

پاشان لێی پرسیم، وابزانم داڕشتنی پرسیارەکەی بەم شێوەیە ورووژاندنێکی لەپشتەوە بوو: (ئایا بڕوات بە خودای کەسێتی هەیە؟)

وتم: نەخێر پاپا.

ئەو وتی: (بە بڕوای من هیچ ڕێگەیەکی مەنتیقی نییە بۆ سەلماندنی بوونی خودایەکی کەسێتی.)

وتم: (پاپا، گەر ئەم جۆرە ڕێگەیە هەبێ، ئیتر بڕوا چ ئەرزشێکی هەیە؟)

قەشەکە بەخێرایی وتی: (پێخۆشحاڵ بووم بەناسینت.) ئەوێی بەجێ هێشت. هەستم کرد لەگەڵیدا زۆرانبازیی جوجیتسۆی ژاپۆنیم ئەنجام دا.

بەڵام ئەم گفتوگۆیە بۆ من ئەزموونێکی ڕۆشنگەری بوو. بەوەی قەشەیەک بپرسێت ئایا بڕوات بە خودای کەسێتی هەیە؟) ئەوەی لای من جێگای سەرنجە(ئەوەیە کە) ئەم پرسیارە ئەوە دەگەیەنێ کە کابرای قەشە درکی بەئیمکانی بوونی ئەو جۆرە خودایە کردبوو، مانای وایە جۆرێک زەمینە یان وزەی باڵایی لە خودی خۆدا ئاشکرا کردبوو. بەبڕوای بوودا هۆشمەندی دیاردەیەکی پتەو و ڕووناککەرەوەیە کە گشت ژیان و شتەکان ئاگادار دەکاتەوە. بێ ئەوەی بزانین، ئێمە بەبڕێکی زۆر لەم ئاگاییانە و وزانە دەژین. بەڵام شێوەی ژیانی ئاینی، ئەو ژیانە نییە کە لەنێو سنووری مەبەست و گرینگیپێدانە خودییەکانی ئەم جەستە و ئەم زەمەنەدا بێت، بەڵکو لەو سنوورەدایە کە تێیدا درک بەم هۆشمەندییە فراوان و گشتگیرییە دەکرێت.

دەستەواژەیەکی گرنگ لە ئینجیلی گنووسیدا هەیە، بە پێنووسی تۆماسی پیرۆز نووسراوە و لەم دوایەدا دۆزراوەتەوە، ئەم پرسیارەی تێدا بەدی دەکەین، ئەو پرسیارەی کە پەیڕەوانی مەسیح دەیپرسن: (کەی سەردەمی پاشایەتی پەیدا دەبێ؟) پێم وایە لە بەشی سیازدەیەمی ئەنجیلی مەرقەسدا ئەوە دەخوێنینەوە کە کۆتایی جیهان نزیکە. یان بەشێوازێکی تر ئەمەش وێنەیەکی ئەفسانەییە– واتا کۆتایی جیهان – واتە پێشبینیکردنێکی واقیعی و کرداری، ماتەریالی و مێژوویی لەبەرچاوگیراوە. بەڵام لە گێڕانەوەی تۆمادا مەسیح وەڵام دەداتەوە: (نابێ چاوەڕوانی هاتنی شای باوک بین/ پادشای باوک لە سەرزەویی پان و بەرینە و مرۆڤ نایبینێ) بۆیە ئێستا کە تەماشای تۆ دەکەم ئەمە مانای وایە من لەڕێگەی تۆوە تیشکی ئامادەبوونی خودا دەناسمەوە.



**مویرز:** لەڕێگەی منەوە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ لەڕێگەی تۆوە. کاتێ کە مەسیح دەڵێ: (کەسێ لەدەمی منەوە دەخواتەوە، وەکو منی لێ دێ و منیش دەبم بەو) لەڕوانگەی ئەوەو بوونی بوونەکان دەئاخڤێ، کە ئێمە پێی دەڵێین مەسیح، ئەویش بوونی هەموو بوونەکانە. هەرکەسێک لە پێوەندیی لەگەڵ ئەودا بژی مەسیحە. هەرکەسێک پەیامی وشە دەخاتە نێو ژیانەوە، هاوتای مەسیحە، ئەمەش ئەو تێگەیشتنەیە کە ئێمە دەیڵێینەوە.

**مویرز:** کاتێ دەڵێی: (تیشکی خوداتان بەسەردا هەڵدێنم) بەڕاستی مەبەستتان ئەم کارەیە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ، ئێوە هەڵی دێنن.

**مویرز:** ئێوەش بەسەر مندا هەڵی دێنن؟

**کەمبڵ:** من ئەم قسەیەم بەجیددییە.

**مویرز:** منیش ئەو جیددییەتەم قبووڵە. منیش هەست دەکەم کە خودایەتی لە کەسی تردا بوونی هەیە.

**کەمبڵ:** مەسەلەکە تەنیا لێرەدا کۆتایی نایات، بەڵکو ئەوەی تۆ لەبارەی خۆتەوە نیشانی دەدەیت و ئەوەشی لە هەوڵی نیشاندانێیت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ ئامرازێکی بۆ گواستنەوەی ئەم پرنسیپە، بۆیە تۆ پڕ لەنووری.

**مویرز:** ئایا ئەمە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا دەسەلمێ؟

**کەمبڵ:** هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا بەئاستی دڵ گەیشتوون ئەم پرسەیان بەسەردا دەسەپێ.

**مویرز:** ئایا بەڕاستی بڕوات بەوە هەیە جۆرێک لە جوگرافیای ڕۆح هەبێ؟

**کەمبڵ:** ئەم زمانە زمانی خواستنە، بەڵام دەتوانی بڵێی: هەندێ مرۆڤ لە ئاستی ئەندامە سێکسییەکاندا دەژین و ئەمەش شتێکە بەتەواوی لەپێناویدا دەژین. ئەمەش

مانای ژیانە. ئەمە فەلسەفەی فرۆیدە، وانییە؟ پاشان دەگەینە سەر فەلسەفەی ئادلەر، بەپێی ئەو فەلسەفەیە ژیان لەسەر بناغەی هێز بونیاد نراوە، بەپێی ئەو فەلسەفەیە هەمووژیان لەوەدا چەق دەبەستێ کە چۆن بەسەر تەگەرەکانی ژیاندا سەردەکەوی، کەواتە ئەو ژیانەش تابلێی ژیانێکی چاکە، هەروەها خودا بوونێکی تریش هەیە لەسەر ئاستی ئاژەڵی (ژیانی حەیوانئاسا) بونیاد نراوە. پاشان شێوەیەکی تر لە ژیان سەرهەڵدەدات لەو شێوە ژیانەدا داوا دەکرێت مرۆڤ خزمەتکاری کەسانی تر بێ، ئەمەش ئەو شێوە ژیانەیە بەکرانەوەی دڵ ئاماژەی بۆ کراوە.

**مویرز:** سەرچاوەی ئەو ژیانە چییە؟

**کەمبڵ:** سەرچاوەکەی ئەوەیە، دەبێ بزانی کە ژیانت بەردەوامییەکەی لە یەکێکی تردایە، زانینی ئەوەی کە یەک ژیان لە هەردووکماندا ئامادەیە. خوداش وێنەیەکە بۆ ئەم ژیانە یەکبووە، ئێمەش لەخۆمان دەپرسین ئایا ئەم یەک ژیانییە لەکوێوە دێت، ئەو کەسانەشی پێیان وایە هەر شتێک دەبێ لەڕێگەی کەسێکەوە دروست بکرێ، دەڵێن: (باشە کەواتە ئەوە خودا دروستی کردووە.) کەواتە خودا سەرچاوەی هەموو شتەکانە.

**مویرز:** کەواتە ئاین چییە؟

**کەمبڵ:** واژەی (ریلیجن) لەڕەگی ڕیلیگیۆ (religio) وە هاتووە، بەواتای پێوەندیی. کاتێ دەڵێین لە هەردووکماندا ژیانێک هەیە، ئەمە مانای وایە کە ژیانی جودای من پێوەندیی بەژیانێکەوە هەیە، ئەو ژیانەش هەمان ئەو ڕیلیگیۆ (پێوەندی) یە. ئەم مەسەلەیە واتە سیلەی پێوەندییەو لەشێوەی ئایندا بەرجەستە دەکرێت.

**مویرز:** دەروونناسی بەناوبانگ یۆنگ، دەڵێ یەکێک لە بەناوبانگترین سیمبولەکانی ئاین بازنەیە. بەپێی قسەکانی ئەو بازنە یەکێکە لە گەورەترین نیشانە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، لەڕاستیدا مامەڵەکردنمان لەگەڵ سیمبولی بازنەدا، ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە ئەرکی بەشیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی خودی



خۆمان ئەنجام دەدەین. بۆچوونت دەربارەی ئەم بۆچوونەی یۆنگ چییە؟

**کەمبڵ:** جیهان بەتەواوی بازنەیەکە، هەموو ئەم نیشانە بازنەییانە، ڕەنگدانەوەی ناخن، ڕەنگە پێوەندییەک هەبێ لەنێوان نەخشەی بیناسازی و پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئەرکە ڕۆحییەکانمان.

کاتێ جادووگەرێ جادوویەک ئەنجام دەدا، بەدەوری خۆیدا بازنەیەک دەکێشێ، لەڕاستیدا ئەو هێزانەی لەنێو ئەم بازنە داخراوو مەحکەمەدا جادوگەر ئامادەی دەکات، هێزگەلێکی چالاک و کاریگەرن، کەچی ئەو هێزانە لەدەرەوەی بازنەکە لەناو دەچن.

مویرز: بیرمە شتێکم خوێندەوە، لەو نووسینەدا ئەوە هاتووە کە یەکێک لە سەرۆک هۆزە سوورپێستەکان دەڵێ: کاتێ ئێمە ڕەشماڵەکانمان دادەمەزرێنین. لەبازنەیەکدا ئەم کارە ئەنجام دەدەین. کاتێ کە هەڵۆ لانەکەی دروست دەکات، لەبازنەیەکدا لانەکەی دادەمەزرێنێ. کاتێ تەماشای ئاسمان دەکەین ئاسۆ لە بازنەیەکدایە.) بازنە گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ هەندێ لە سووریپێستەکان، وانییە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ: ئێمەش تاڕادەیەکی زۆر لە میتۆلۆژیای سۆمەرییەوە ئەمەمان بەمیراتی بۆ بەجێ ماوە. ساڵی ڕەسمیی سۆمەرییەکان (٣٦٠) ڕۆژ بوو، پێنج ڕۆژ، پشووبوو، دەکەوتە دەرەوەی زەمەنەوە، ئەو (٥) ڕۆژە نەدەژمێردرا، ئەوان لەم (٥) ڕۆژەدا ڕێوڕەسمێکیان بەرپادەکرد، ئەو ڕێوڕەسمە کۆمەڵگەی سۆمەریی پەیوەست دەکرد بەئاسمانەوە. بەڵام لە ئێستادا هەستی بازنەمان لەدەست داوە، لەبەرئەوەی خاوەنی زەمەنی دیجیتاڵین، لەم زەمەنەدا، زەمەن زۆر بەخێرایی دەڕوا. لەزەمەنی دیجیتاڵیدا تەنیا ئەو هەستە هەیە کە زەمەن ڕێ دەکات. لە ئێستگەی پەنPenn لە نیۆرک کاتژمێرێ هەڵواسراوە، لەو کاتژمێرەدا چاومان دەکەوێ بە کاتژمێر و خولەک و چرکەو دەیەمی چرکەو سەدەیی چرکە. کاتێ کە چاو دەبڕیتە ڕێکردنی سەدەیی چرکەکان، ئەو کاتە دەزانی زەمەن لەدەروونتدا چۆن ڕێ دەکات.

لەلایەکی تریشەوە، بازنەی کامڵبوون نیشان دەدا. هەموو ئەو شتانەی لەناخی

بازنەکەدان یەک شتن، کە لەنێو بازنەکەدا داپۆشراو و چنراون. ئەمەش لایەنی شوێنەواری مەسەلەکەیە. بەڵام لایەنی دنیایی ئەوەیە تۆ جێگایەک بەجێ دێڵی، ڕوو لە جێگایەکی تر دەکەی و دووبارە و بەردەوام دەگەڕێیتەوە. خودا، ئەلف و یایە، سەرەتاو کۆتاییە. ئەو شتەی یەکەم جار لەبازنەدا ئیحات دەداتێ، جۆرێکە لە گشتگیرییەکی تەواو، تەواو لەکات و شوێندا.

**مویرز:** نە سەرەتایە و نە کۆتایی.

**کەمبڵ:** بەڵێ: بازنەیەکی کامڵە، سووڕانەوەی بەردەوامە. بۆ نموونە تەماشای زەمەن بکە، کاتێ کە نۆڤەمبەر دێ، دیسانەوە جارێکی دی جەژنی سوپاسگوزاری دەگێڕین، پاشان مانگی دوانزە دێ، دیسان جەژنی سەری ساڵ (کریسمیس) دەگێڕین. نەک تەنیا سووڕانەوەی مانگ، بەڵکو سووڕانەوەی پەیڤ و ڕۆژیش هەیە. ئەو کاتەی چاومان لەسەر کاتژمێرەکەماندا دەنیشێتەوە، سووڕانەوەی زەمەن دەبینین، ئەمەش هەمان ئەو کاتژمێرەیە، بەڵام ڕۆژێکی ترە.

**مویرز:** چینییەکان وا ڕاهاتبوون خۆیان بەسەنتەر دابنێن، هەروەها ئەزتیکەکانیش Aztecs ئەم شێوە وتانەیان دەربارەی کولتووری خۆیان هەبوو. بەبڕوای من هەر کولتوورێ بە سوود وەرگرتن لەبازنە وەک جۆرێک لە سیستەمی گەردوونناسی، خۆی دەخاتە سێنتەرەوە. بەبڕوای ئێوە بۆ بازنە بووە بە سیمبولێکی گرنگی گەردوونی.

**کەمبڵ:** لەبەرئەوەی لە هەموو زەمەنێکدا بازنە تاقی دەکرێتەوە– ڕۆژ، ساڵ، کاتی دەرچوونت لەماڵ و ڕۆیشتن بەرەو ئەنجامدانی سەرچڵییەکان – بۆ ڕاو یان هەر سەرچڵییەکی تر – پاشان لە کۆتاییدا هەر دەگەڕێتەوە ماڵەوە. یەکێکی تر لەو ئەزموونە قووڵانە ئەزموونی سیمبولی گۆڕ و مناڵدانە، مردووەکان بە مەبەستی دووبارە لەدایکبوونەوە لەگۆڕ دەنرێن. ئەمەش سەرچاوەی بیری کفن و دفنە. کەسی مردوو دووبارە دەخرێتە نێو مناڵدانی زەوییەوە تا دووبارە لەدایک ببێتەوە. وێنە هەرە سەرەتاییەکان خوا وا نیشان دەدەن، دایکێکەو دووبارە ڕۆحی بۆ دەگەڕێتەوە.

**مویرز:** کاتێ بەرهەمەکانت – دەمامکەکانی خودا، شێوەکانی هێزی حەیوانی، وێنە



ئەفسانەییەکان – دەخوێنمەوە، هەمیشە وێنە بازنەییەکانیان تێدا بەدی دەکەم، هەر لە وێنە سیحر ئامێزەکانەوە تا بیناسازی، لە هەردوو سەردەمەکەدا، سەردەمی کۆن و نوێ، چ لەپەرستگا گومەت ئاساکانی هیندی و وێنە هەڵکەنراوەکانی سەردەمی بەردینی کۆنی بەردەکانی ڕۆدیسیا، یان لەسەر بەردە ڕۆژنامەییەکانی ئەزتیکەکان، یان لەسەر قەڵغانە برۆنزییەکانی چینی کۆن، یان تەنانەت لە سیمبوڵەکانی تەوراتیش کە باس لەچەرخی ئاسمان دەکەن. ئەم ئەڵقەیەش، ئەڵقەی هاوسەرێتیشم هەر بازنەییە. ئایا بازنەی ئەم ئەڵقەیە سیمبولی چییە؟

**کەمبڵ:** ئەمەیان پێوەندیی بەتۆوە هەیە کە تێگەیشتنت بۆ هاوسەرێتی چۆنە، وشەی symbol لە بناغەدا لەدوو بڕگەی sym و bol پێک هاتووە ئەمەش کۆکردنەوەی دوو شت پێکەوە دەگەیەنێ، کەسێک نیوەیەو لە تەنیشتی نیوەیەکی تردا دانراوە، ئەو دوو نیوەیە بە کۆبوونەوەیان دەبن بەیەک. چۆن ئەم یەکگرتنە بەئەنجام دەگات، بە دانپێنان و درکپێکردن لە دانانی ئەم دوو ئەڵقەیە پێکەوە. واتە تەواوبوونی بازنەکە، ئەمەش واتای هاوسەرێتیی من دەگەیەنێ، ئەمەش تێکەڵکردنی ژیانی تاکە کەسیمە لەگەڵ ژیانێکی گەورەتری دووکەسیدا، لەو میانەدا ئەو دوو کەسە دەبن بەیەک کەس. ئەم ئەڵقەیەش ئاماژەیە بەوەی ئێمە لەیەک بازنەدا یەکتریمان گرتووەتەوە.

**مویرز:** کاتێ پاپایەکی نوێ تاجگوزاری دەکرێ، ئەڵقەی ماسیگریی دەدرێتێ، ئەمەش بازنەیەکی ترە.

**کەمبڵ:** ئەو ئەڵقە تایبەتە سیمبولە بۆ داوەتکردنی مەسیح لەلایەن ڕاوچییانەوە. مەسیح پێی وتن: واتان لێ دەکەم ببن بە ڕاوچیی مرۆڤ. ئەم بابەتە زۆر کۆنە، کۆنترە لە مەسیحێتی. ئۆرفیۆس Orpheus پێی دەوترا ماسیگر، ئەو مرۆڤانەی ڕاو دەکرد کە وەک ماسی لەئاوا مەلەیان دەکرد و بۆ ناوچەی ڕووناکیی دەهێنان. بە مرۆڤبوونی ماسی بیرێکی زۆر کۆنە. سروشتی ماسییانەی مرۆڤ، سەرەتاییترین سروشتی ئاژەڵیی کەسایەتیمانە، ئاراستەی ئاینییش ئەوەیە دەیەوێ لەم سیفەتە ڕزگارتان کات.

**مویرز:** ئەڵقەی تاجگوزاری لەئینگلتەرا، لەلایەن شا یان شاژنەوە دەبەخشرێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ: لەبەرئەوەی ئەڵقە ڕوویەکی تری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەڵقە جۆرێکە لە کۆت، کاتێ دەبی بەپاشا کەواتە بە کۆمەڵێ پرنسیپ کۆتکراوی. کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ تۆ بەحەزو ئارەزووەکانی خۆت نارۆیت و ناچی و ناژیت، تۆ هەڵبژێردراوو دیاریکراوی، لە ڕێوڕەسمی ئاشناسازیدا، کاتێ کە مرۆڤەکان دەکرێن بە قوربانی یان خاڵکوت دەکرێن، لەڕاستیدا ئەو کەسانە یەک لەگەڵ یەکتری پابەند دەبن و هەریەکەش بە کۆمەڵگەوە پابەند دەبێ.

**مویرز:** یۆنگ وەکو تەلیسمێک باس لە بازنە دەکات.

**کەمبڵ:** تەلیسم لەسانسکریتیدا وشەی ماندالا Mandala ی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەواتای (بازنە). بەڵام ئەم بازنەیە بازنەیەکی گونجاوو ڕێکو پێکە یان نەخشێنراوە، بە نەخشێکی سیمبولئامێز، تاوەکو مانای سیستمی گەردوونی بگەیەنێ. کاتێ تەلیسمەکان پێک دێنێ، هەوڵدان بۆ ئەوەیە کە بازنەی تاکەکەسیی خۆت لەگەڵ بازنەی جیهانیدا هاوئاهەنگ بکەی، بۆ نموونە لەماندالای بوودیزمدا کە بازنەیەکی زۆر ئاڵۆزە، لەو بازنەیەدا خوایەتی لە نێوەندە، وەکو سەرچاوەیەک بۆ هێزو کانییەکە بۆ ڕۆشنگەری. بەڵام وێنەی دەرەوەی ئەو بازنەیە ئاشکرابوون یان ڕوویەکن لەڕووناکی خوداییدا.

کاتێ کە بتەوێ بۆ خۆت ماندالایێ دروست بکەی، ئەوا بازنەیەک دروست دەکەی و، پاشان بیر لە سیستمەکانی ئەنگێزە و بەهای هەمەچەشنی ژیانی خۆت دەکەیتەوە. پاشان ڕێکیان دەخەیت و هەوڵ دەدەی تابزانی سەنتەریان لەکوێیە. دروستکردنی ماندالا ڕێگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو لایەنە پەراگەندانەی ژیانت و دۆزینەوەی یەک بنەماو پاشان ڕێڕەوی خۆت بەرەو ئاراستەی ئەو سەنتەرە دیاری دەکەیت. ئێوە هەوڵ دەدەن بازنەی خۆتان لەگەڵ بازنەی جیهاندا هاوئاهەنگ بکەن.

**مویرز:** تا لەسەنتەردا بی؟



**کەمبڵ:** بەڵێ: لەسەنتەردا، بۆ نموونە لای سوور پێستەکانی ناڤاهوو، ڕێوڕەسمی چارەسازی لەڕێگەی وێنەی سەر لمەوە ئەنجام دەدرێ، زۆربەی ئەو وێنانە ماندالایی سەر زەوین. کەسێ کە چارەسەر دەکرێ دەچێتە نێو ئەو ماندالایە، وەکو ئەوە وایە داخڵی کۆنتێکستێکی میتۆلۆژی بێت، لەدوایشدا لەگەڵ ئەو کۆنتێکستەدا یەکدەگرێتەوە. خۆی دەکات بەیەک شت لەگەڵ ئەو هێزە سیمبولییەدا. بیری کێشانی ماندالا لەسەر لم و سوود وەرگرتن لەو وێنانە بە مەبەستی قووڵبوونەوەو ڕامان لەلای تیبتییەکانیش دەبینرێت. ڕەبەنە تیبتییەکان، مومارەسەی وێنەی سەر لم دەکەن و ئەو وێنە گەردوونییانە دەکێشن کە نموونەی وزەی هێزە ڕۆحییەکانن ئەوانەی کاریگەرییان بۆ سەر ژیانمان هەیە.

**مویرز:** لە وتەکانتدا وا دەردەکەوێ لێرەدا هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی سەنتەری ژیانی مرۆڤ لەگەڵ سەنتەری گەردووندا چەق ببەستێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ: لە ڕێگەی وێنە میتۆلۆژییەکانەوە. ئەم وێنانە یارمەتیت دەدەن، تا خۆت لەگەڵ وێنەی بەسیمبوڵکراودا یەک بخەیت. بۆیە ناتوانێ چاوەڕوانی ئەوە بیت تا کەسێک لەگەڵ کەسێکی تردا یان شتێکی تردا کە جیانەکراوەتەوە یەک بگرێت. بەڵام گەر هاتو سیفەتگەلێکت بەم شتە بەخشی کە ئاماژە بەدەستەکەوتە تایبەتییەکان بکات، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێ پێ هەڵگری ئەو شتە بێت و هەوڵی جێبەجێکردنی بدات.

**مویرز:** تیورێک هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە کاسەی پیرۆز وا دەنوێنرێ کە سەنتەری هارمۆنییەکی تەواوە و، گەڕانە بەدووی کەماڵ و یەکێتی و سەراپاگیریدا.

**کەمبڵ:** چەندین سەرچاوە هەن باس لەکاسەی پیرۆز دەکەن، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە باس لەبوونی قابلەمەیەکی گەورە دەکات، ئەو قابلەمە لەکۆشکی خوای دەریایەو لە خوارترین قووڵایی ناهۆشمەندییە. لە قوڵایی ئەم ناهۆشمەندییەوەیە کە وزەی ژیانمان پێ دەگات. ئەم قابلەمەیە، سەرچاوەیەکی بێ کۆتاییە، سەنتەرو کانیاوێکە ئاوەکەی جۆشانێتی و تەواوی ژیان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.

**مۆویرز:** پێت وایە ئەمە ناهۆشمەندی؟

**کەمبڵ:** نەک تەنیا ناهۆشمەندی، بەڵکو ڕێڕەوی جیهانیشە. شتەکان بەردەوام لەدەوروبەرتانەوە دێنە نێو ژیانەوە. هەمیشە لەسەرچاوەیەکی بێ کۆتاییەوە جۆرێک ژیان دێتە نێو جیهانەوە.

**مۆویرز:** ئەم بابەتە چ ئەنجامێکت لا دروست دەکا، بەو سیفەتەی لەو هەموو کولتوورانەی کە لەڕووی کات و شوێنەوە لە یەکتری ناچن، وێنەی خەیاڵی هاوچەشن دێننە ئاراوە؟

**کەمبڵ:** ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە لەدەرووندا هێزێکی دیاریکراو هەیە، ئەو هێزە لای هەموو مرۆڤ هاوشێوەیە، گەر وا نەبێ، نەدەکرا ئەو هەموو لەیەکچوون و ڕێکبوونەی نێوان مرۆڤ ببینین.

**مۆویرز:** کاتێ دەبینین سەرتاپای کولتوورەکان باس لە بابەتە چیرۆکی وەک دروستبوون و ئاوسبوونی کچ و ڕزگارکەر دەکەن، دێت و دەمرێ و هەڵدەستێتەوە، ئەمە مانای وایە ئەو کولتوورانە بەڕاستی باس لەشتێک دەکەن لەناخماندایەو حەزیش بەتێگەیشتنیان دەکەین.

**کەمبڵ:** ڕاستە، وێنە ئەفسانەییەکان ڕەنگدانەوەی توانای ڕۆحیی هەریەک لە ئێمەن، بەقووڵبوونەوە بۆ قووڵاییی ئەو وێنانەدا، وادەکەین هێزەکانیان بۆ ناخی ژیانمان کێش بکەین.

**مۆویرز:** کەواتە کاتێ پەرتووکی پیرۆز باس لە خولقاندن و دروستبوونی مرۆڤ لەشێوەی خوادا دەکات، لەڕاستیدا باس لە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی دیاریکراو دەکا کە هەر مرۆڤێک هەیەتی، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو مرۆڤە خاوەنی چ ئاینێ یا کولتوور یا میراتییەکە.

**کەمبڵ:** دەکرا خوا ڕەهاترین وێنەی سەرەتاییی مرۆڤ بێ.

**مۆویرز:** ئەمەش پێویستیی سەرەتاییە.



**کەمبڵ:** ئێمە هەمووان بەشێوەی خوا دروست کراوین. ئەمەش دوایین ئارشیتیپی[١٤] مرۆڤە.

**مۆویرز:** ت. س. ئالیوت باس لەو خاڵە ڕاوەستاوەی جیهانی سووڕاوە دەکات، ئەو جێگایەی کە جووڵەو وەستان لەپەنای یەکترییەوەن. سەنتەرێکە تێیدا بزووتنی زەمەن و وەستانی هەمیشەیی لەتەنیشتی یەکەوەن.

**کەمبڵ:** ئەمەش هەمان ئەو سەنتەرە بێ کۆتاییەیە کە لە ڕێگەی کاسەی پیرۆزەوە نیشان دەدرێ. ئەو کاتەی ژیان دروست دەبێ، تەنیا بەردەوامی هەیە، نە ترس هەیەو نە ئارەزوو، پاشان ژیان دێتە نێو مەیدانی بوونەوە و دەست بەترس و ئارەزوو دەکات. کە توانیت خۆت لە دەستی ترس و ئارەزوو ڕزگار بکەی، مانای وایە بۆ خاڵی بوون و بەردەوامیت گەڕایتەوە کە مانای وایە گەیشتوویتە ئەو خاڵەی کە مەبەستە. گۆتە دەڵێ: خودایەتی کاریگەریی بەسەر ژیان و بوون و بەردەوامییەوە هەیە، نەک بەسەر مەرگ و ئەوەی پێشتر دروست و جێگیر بووە. ئەو دەڵێ: عەقڵ، لەم ڕووەوە لەڕێگەی بەردەوامی و گۆڕانەوە هەوڵی بە خودابوون دەدات، کەچی هۆش سوود لەو شتانە وەردەگرێ کە جێگیرن و دەکرێ بناسرێن و ناسراون و دەشکرێ بە مەبەستی شێوە بەخشین بە ژیان سوودیان لێ وەربگیرێ. مەبەستی شۆڕبوونەوە بۆ ناخی خۆت، لەو خاڵە شکۆدارەیە کە لەناختایە، بەردەوامیی تۆش لەمەدایە، هەر ئەمەش بیانووە بۆ بوونی چاکە و خراپە، لەبەرئەوەی پێشتر هەبووە، بۆیە بێ ترس و ئارەزووە. ئەمەش هەمان ئەو هەلومەرجەیە وا لەجەنگاوەرێک دەکات بە چاونەترسییەوە ڕوودەکاتە مەیدانی جەنگەوە، ژیان بەخۆی و بزووتنەکانی بەم شێوەیە، ئەمەش کرۆکی سۆفیزمی هەردوو حاڵەتەکەیە جەنگ و گیا، ئەو گیایەی کە شکۆفە دەکا لەپێناوی ژیاندا. بیر لەو چیمەنە دەکەمەوە کە لاوێک هەر دوو هەفتە جارێک دێت و ماشێنێکی چیمەن برینی پێیە و دەکەوێتە وێزەی برینی ئەو چیمەنەو کورتی دەکاتەوە. وای بێنە پێش چاوت ئەو چیمەنە زمانی لێ پەیدا بێت و بڵێ: (بۆ

(١٤) ئارشیتیپ: واتە یەکەمین نموونەی مرۆی ڕەها، ئەو نموونەی کە یەکەم جار بەمرۆڤ بەخشراوە، دەڵێن ئەم نموونەیە لەنموونەی خوا وەرگیراوە. (وەرگێر)

خاتری پترۆسی پیرۆز پێم ناڵێی بڕینی من بەبەردەوامی و بەم شێوەیە سوودی چییە؟) بەڵام چیمەن لەجیاتی ئەوەی هیچ بڵێت بەردەوام خەریکی گەورەبوونی خۆی دەبێ.. ئەمەش مانای وزەی چڕو پڕ دەگەیەنێت. بەخشش و بەردەوامی لەبواری ژیاندا گرنگە، ئەمەش مانای بەردەوامیی ژیان دەگەیەنێت. ئەمانە ئەو بابەتانەن کە هەموو ئەفسانەکان دەیانەوێ پێمان بڵێن.

ئەوەی ئێمە لە لێکۆڵینەوەی میتۆلۆژیی بەراوردکاریدا پێی ئەنجامی دەدەین، بریتییە لە بەراوردکاری لەنێوان وێنەکانی دوو سیستەم و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتری و بەم شێوەیە هەردووکیان بەجوانی دەردەکەون و ڕوون دەبنەوە. لەبەرئەوەی یەکێک لەو وێنانە جەخت دەکاتە سەر ماناو ڕوونی دەکاتەوە، بەڵام ئەوی تریان جەخت لەسەر ڕوویەکی تر دەکا. ئەم دووانە یەکتری ڕوون دەکەنەوە.

کاتێ دەمویست دەست بەوتنەوەی میتۆلۆژیای بەراوردکاری بکەم، لەوە دەترسام وتنەوەی ئەم وانەیە ببێتە هۆی تێکدانی بڕوای مەزهەبی خوێندکارەکانم، بەڵام ئەو ئەنجامەی بەدەستم هێنا پێچەوانەی ئەو پێشبینییانە بوو کە چاوەڕوانی بووم، ئەو مەزهەبانەی کە خوێندکارەکانم بە میراتی لەباوانیانەوە بۆیان بەجێ مابوو، لەپڕ بەشێوەیەکی تر دەردەکەوت کاتێ کە بیروباوەڕی خۆیان لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەدا بەراورد دەکرد، لەپڕ بەشێوەیەکی نوێ بۆیان ڕوون دەبووەوە. ئەم تێگەیشتنە تازە، بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو وێنانەی دەروونی لەیەک دەچوون، ئەمەش ڕاڤەکردنێکی دەروونی یان مەعنەویی تری دروست کرد.

خوێندکارەکانم، مەسیحی، جوو، بودیزم و یەک تا دوو زەردەشتییان تێدا بوو، هەموو ئەمانە خاوەنی ئەم ئەزموونە بوون. بۆیە ڕاڤەکردنی سیمبوڵە ئاینییەکان خراپ نییە، هەروەها خراپیش نییە گەر وای دانێین ئەو سیمبوڵە ئاینییانە خوازراون واقیعی نین. ئەو ئەنجامانەی لەم کارانەوە بەدەست دێن، ئەوەیە ئەم سیمبوڵانە دەبنە پەیامێ بۆ ئەزموونە ناوەکییەکانی ژیانت، لەپڕ ئەو سیستەمە ئاینییانە دەبنە ئەزموونێکی تاکە کەسییانە.

**مویرز:** ئێستا هەست دەکەم بڕوام بەهێزترە، پاش ئەوەی بۆم دەرکەوت خەڵکی هەمان ئەو ئارەزوو تامەزرۆییانە تاقی دەکەنەوە کە من کردوومن و هەروەها



بەدووی وێنەی هاوشێوە دەگەڕێن تا گوزارشت لە ئەزموونێک بکەن کە لە ئاستی زمانی ئاسایی مرۆڤ بالاترە.

**کەمبڵ:** هەر بۆیە لیبۆک و ئاینی لیبۆکەکان لەم لایەنەوە یارمەتیدەری مرۆڤن. میتۆلۆژیای جێرمانیک و سیلتیک پڕن لەسیما لیبۆکییەکان و ئەوانیش خوان لەشێوەی جۆراوجۆری مرۆیی و ئاژەڵی و فەنتازی، مەبەستەکەش لێرەدا ئەوەیە، ئەو خالانەی ئەوان ڕوونی دەکەنەوە ئەوەیە تا بڵێین: ئێمە وێنەی ڕەهای حەقیقی نین، بە پێچەوانەوە تەنکاییی شتێکین. لەڕێگەی من و شێوەی گاڵتەجاڕانەی منەوە بڕوانە.

**مویرز:** لە هەندێ کەلەپووری ئەفریقییەکاندا چیرۆکی سەیرو سەمەرە هەیە، لەوانە خوایەک هەیە بەسەر شەقامێکدا پیاسە دەکاو کلاوێکی بەسەر سەرەوەیە، لایەکی سوورەو لاکەی تری شینە. کاتێ ئێواران کە جووتیاران لەمەزراکانیانەوە دەگەڕێنەوە ماڵەوە، گرووپێک دەپرسن: (خواتان بەکڵاوی شینەوە بینی؟) کۆمەڵێکی تر وەڵام دەدەنەوە، (نە، نە، کڵاوەکەی سوور بوو.) بەم جۆرە دەست دەدەنە یەخەی یەکتری و شەڕ بەرپادەبێ.

**کەمبڵ:** بەڵێ: ئەم خوایەی تۆ باسی دەکەی، خوایەکی نایجیریی هەڵخەڵەتێنەرە، ناوی ئەدشووە Edshu. کاتێ نانەوەی ئاژاوە و بشێوییەکەی ئەوکاتەیەکە پیاسە دەکات. کاتێ بەلایەکی شەقامەکەدا دەڕواو پاشان بەلاکەی تریدا دەگەڕێتەوە، وێنەی لاکانی لەسوورەوە بۆ شین دەگۆڕێ. ئەو کاتەی دوو لاو لەسەر ئەم بابەتە بەگژ یەکتریدا دەچن و شەڕیان دەبێت و پاشان بۆ دادوەری دەچنە پێش پادشا، هەر ئەو کاتە ئەم خوا هەڵخەڵەتێنەرە دەردەکەوێ و لەبەردەم شا ڕادەوەستێ و دەڵێ: (ئەمە تاوانی من بوو، من ئەم ئاژاوەیەم نایەوە، بەدەستی ئەنقەستیش ئەم کارەم کرد. گەورەترین خۆشیی من ئاژاوەنانەوەیە.)

**مویرز:** ئەمەی دەیڵێی ڕاستە؟

**کەمبڵ:** بەڕاستیش وایە. هیراکلیت دەڵێ، ململانێ دروستکەری هەموو شتە گەورەکانە، ڕەنگە لەنێو بیری ئەودا خودا هەڵخەڵەتێنەرە و لە سیمبولییەتیی ئەو

خودایەدا خود شتێک شاراوە بێت. لە کولتووری ئێمەدا دەبینین ئەم کارەی لەبەهەشتدا مار ئەنجامی داوە، لەکاتێکدا لە بەهەشت هەموو شتەکان ڕێکوپێک بوون، کەمار هاتو سێوێکی هێنایە ناوەوە هەموو شتەکانی تێک دا.

سیستمی فیکریت هەرچۆنێک بێت ڕەنگە نەتوانێ ڕێگر بێت لەبەردەم ژیانی بێ سنووردا. ئەو کاتەی هەست دەکەی هەموو شتەکان لەشوێنی خۆیدایە، ئا لەو کاتەدا هەڵخەڵەتێنەر دێتە ناوەوە، هەموو شتەکان دەشێوێنێ، بەو شێوەیە جارێکی تر دەکەویتە نێو مەیدانی گۆڕان و بەردەوامییەوە.

**مویرز:** جو، تەنانەت ئەو کاتانەشی کە باس لە زۆرداری و شتە سەیرەکانیش دەکەیت، دەزانم بەجۆرێک گاڵتەو خۆشییەوە چیرۆکەکان دەگێڕیتەوە.

**کەمبڵ:** یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی میتۆلۆژیا لەگەڵ ئاینی جوو مەسیحی ئێمە ئەوەیە کەوێنە خەیاڵییەکانی نێو ئەفسانە، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی دەوترێنەوە. دەزانی ئەم وێنەیە سیمبولی شتێکی ترە، بەمەش خۆتی لێ دوور دەگری. بەڵام لەئایندا هەموو شتەکان پەخشان ئاساو زۆر جیددین. بۆیە ناتوانی لەگەڵ خودادا گاڵتەجاڕی بکەی.

**مویرز:** چۆن ڕاڤەی ئەو شتە دەکەیت کە ماسلاو Maslawی دەروونناس پێی دەڵێت: (ئەزموونی لووتکە Peak experiences)، و جیمس جویس پێی دەڵێ: (دەرکەوتن یان ئاشکرابوونەکان epiphanies)؟

**کەمبڵ:** لەڕاستیدا ئەم دووانە یەک شت نین، ئەزموونی لووتکە پەیوەستە بەو ساتە واقیعییانەی ژیانت، واتە کاتێ کە پێوەندی خۆت لەگەڵ ئاوازی بوونی خۆت تاقی دەکەیتەوە. ئەزموونەکانی لووتکەی من، ئەو شتانەن پاش ئەوەی لەگەڵیاندا ژیام، ئینجا بۆم دەرکەوت ئەوانە لووتکە بوون، هەموو ئەم ئەزموونانەش بۆ من لە گۆڕەپانی وەرزشیدا ڕوویان دا.

**مویرز:** بالاترین ئەزموونی تۆ چییە؟

**کەمبڵ:** کاتێ کە لەزانکۆی کۆڵۆمبیا بووم، بەشداریی وەرزشی ڕاکردنم کرد،





بەشداریی دوو پێشبڕکێم کرد، دوو پێشبڕکێی زۆر جوان بوو، لەدووەمیاندا وام دەزانێ سەردەکەوم، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکم بۆ ئەم بۆچوونەم نەبوو، واتا بۆچی وا بیر دەکەمەوە، وای بۆ چووم کە ڕاکەری یەکەمم، کاتێ دەستم بەڕاکردن کرد، یاریکەری یەکەم بە سی یاردە لەپێشمەوە بوو، بەڵام دەمزانی، ئەمە ئەزموونی لووتکەی من بوو. ئەو ڕۆژانە کەس نەیدەتوانی بمبەزێنێ. لەوپەڕی ئامادەباشیدابووم و دەشمزانی کە ئامادەم. بڕواناکەم لە ژیانمدا شتێکم وەکو بەشداریکردنم لەو دوو پێشبڕکێیە ئاوا بەکاملی ئەنجام دابێت، لەم ڕووداوەدا بەڕاستی ئەوەم تاقی کردەوە کە بتوانم شتێک لە فۆرمی ئایدیال بە ئەنجام بگەیەنم و بەو پەڕی تەواوی کارێک جێبەجێ بکەم.

**مویرز:** ئەزموونەکانی لووتکە هەر هەمووی تایبەت نییە بە ئەزموونی جەستەوە.

**کەمبڵ:** نەخێر، ئەزموونی تری جەستەییش هەن. بەڵام کاتێ بیر لە ئەزموونی لووتکە دەکەمەوە ئەم شتانەم وەبیر دێنەوە.

**مویرز:** ئەی دەربارەی دەرکەوتنەکانی جیمز جۆیس دەڵێی: چی؟

**کەمبڵ:** دەرکەوتنی جۆیس شتێکی ترە. فۆرموولی جۆیس دەربارەی ئەزموونی ئیستاتیکی ئەوەیە کە ئەم ئەزموونە بەرەو بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە مەبەستە ڕێنوێت ناکات. جۆیس ئەو شتە ناو دەنێت پۆرنۆگرافی، ئەو بەرهەمە هونەرییانەی کە دەتجووڵێنن بۆ ئەوەی ببییە خاوەنی شتە نیشاندراوەکان. هەروەها بەپێی بۆچوونی جۆیس ئەزموونە ئیستاتیکییەکان وات لێ ناکەن تا بابەتەکان ڕەت کەیتەوە یاڕەخنەی لێ بگری – ئەم جۆرە هونەرە ناودەنێت هونەری فێرکاری و ڕەخنەی کۆمەلایەتی لە هونەردا. ئەزموونی ئیستاتیکی تەنیا بریتییە لەبینینی بابەتێک. جۆیس دەڵێ: چوارگۆشەیەک بەدەوری ئەو بابەتەدا دەکێشی و سەرەتا وەکو یەک بابەت دەیبینی، پاشان بە هۆی بینینی ئەو بابەتە وەکو تاقە شتێک لە پێوەندی لەگەڵ شتەکانی تردا مانای دەبێ، هەریەک لەگەڵ ئەوانی تردا پێوەندیی هەیە و کۆی هەمووشیان لەسەر هەریەک لەبەشەکان وەستاوە، ئەمەش هۆکاری بنەڕەتیی ئیستاتیکییە– کێش، کێشی هاوسەنگیی پێوەندییەکانە. کاتێ هونەرمەندێ کێشێکی

گونجاو لەشوێنی گونجاوا دادەنێ، ئەو ساتە تیشکێ دەبینی و دەکەوێتە نێو کەمەندی ئیستاتیکییەوە، ئەم ڕووداوەش پێی دەوترێ: (دەرکەوتن). ئەمەش ئەو شتەیە دەکرێ بەتێرمی ئاینی هاوسەنگ بێت لەگەڵ دەرکەوتنی پرنسیپی مەسیح، مەسیحی ڕووناککەرەوە.

**مویرز:** ڕوخساری قەدیسە و دەڕوانێتە خودا؟

**کەمبڵ:** گرنگ نییە دەڕوانێتە کێ. ئەو کەسەی تۆ لێی دەڕوانی ڕەنگە دەعجانییەک بێ. ئەزموونی ئیستاتیکیی ئیتیک (ڕەوشت) لە سەرووی ڕەوشت و فێربوونەوەیە.

**مویرز:** لەم خاڵەدا دەمەوێ ئەوە ڕاگەیەنم، ئەوەی تۆ دەڵێی من پێم وانییە. پێم وایە بۆ ئەوەی مومارەسەو ئەزموونی دەرکەوتن بکەم دەبێ ئەو بابەتەی دەیبینم و نامەوێ هەمبێ تاڕادەیەک جوان بێت. هەر لەو ساتەوەی کە باسی ئەزموونی لووتکەت کردو، بەشداریت لەڕاکردنەکە کردبوو، وتم: ئەمە شتێکی جوان بووە، جوان وشەیەکی ئیستاتیکییە، ئیستاتیکایش واتە ڕێککەوتن.

**کەمبڵ:** وایە.

**مویرز:** هەروەها وتت: ئەم مەسەلەیە لەدەرکەوتنەکەی جۆیسدا هەیەو هەروەها پەیوەستە بەهونەرو ئیستاتیکاوە.

**کەمبڵ:** بەڵێ.

**مویرز:** پێم وایە ئەم دووانە یەک شتن، لەبەرئەوەی هەردووکیان جوانن، کەواتە چۆن دەکرێ بە تەماشاکردنی دەعبجانییەک بڵێی دەرکەوتنێکم بینیوە.؟

**کەمبڵ:** هونەر پێوەندیی بەجۆرێکی تر لە سۆزەوە هەیە کە پەیوەستە بە باڵابوونەوە نەک بە جوانییەوە. دەکرێ ئەو شتانەشی کە دەعجانی ئاسان، وەکو شێوەیەک لە باڵایی ئەزموون کرێن. ئەوان سیمبولی زلهێزێکی زۆر مەزنترن لەوەی کە تەنیا لەشێوە ئاساییەکانی ژیاندا بن. بوودییەکان زۆر جار بەدانانی پەرستگاکانیان لەسەر لووتکەی کێوەکان ئەم هەستەیان بەدی دەکرد. هەر بۆ نموونە باخچەی



پەرستگاکان لە ژاپۆن بەجۆرێک داڕێژراوە، هەر لەیەکەمین ساتدا ڕوو دەکەیتە ئەوێ، وات لێ دەکات بە یەکەمین ئەزموونی داخراویدا تێ پەڕی، لەهەمان کاتدا بەرەو بەرزاییەک سەردەکەوێ و لەپڕ بەپەردەیەکدا دەچیتە دەرێ و ئاسۆیەکی فراوان بەڕووتدا دەکرێتەوە، بەم جۆرە لەگەڵ کەمبوونەوەی هەستکردن بەخۆ، هۆشت بەڕووی ئەزموونی باڵاییدا دەکرێتەوە. یەکێک لە مۆدەکانی تری باڵایی، بریتییە لە ئەزموونی وزەو هێزو توانا سەرسووڕهێنەرەکان.

کەسانێک دەناسم دانیشتووانی ئەوروپای ناوەندن، بەهۆی بۆمبارانکردنی دڕندانەی شارەکانیان لەلایەن هێزە ئینگلیزو ئەمریکییەکانەوە، هەندێکیان نەک تەنیا بە بەکارهێنانی وشەی دڕندانە باس لەو ئەزموونە نامرۆڤانەیە دەکەن، بەڵکو ئەو ڕووداوەیان بەواژەی (مەزن و باڵا) وەسف کردووە.

**مویرز:** کاتی خۆی چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ یەکێک لە خانەنشینانی جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەنجام دا، دەربارەی ئەزمووتی ئەو زاتە قسەمان کرد بەتایبەت، بیرەوەرییەکانی دەربارەی نەبەردی بولژ Bulge، ئەو زستانە سەختەی کە خەریک بوو هێرشی ئەڵمانەکان سەر بگرێ. لێم پرسی: (کاتێ ئاوڕ لەڕابردوو دەدەیتەوە، هەست بەچی دەکەی؟) لەوەڵامدا وتی: (کارێکی بە شکۆبوو).

**کەمبڵ:** بەم جۆرە دەبینی دەعجانی هەروەک جۆرە خودایەک دێتە نێو مەیدانەوە.

**مویرز:** مەبەستتان چییە لە دەعجانی.؟

**کەمبڵ:** مەبەستم لە دەعجانی ئەوەیە، ئەمە جۆرێکە لە ئامادەبوون یان دیمەنی ترسناک کە هەموو ئەو پێوانانەی تۆ دەشێوێنێ کەمەبەستیان هاوئاهەنگی، ڕێکوپێکی، شێوازی ڕەوشتخوازییە. هەر بۆنموونە ڤیشنۆ لە کۆتاییی جیهاندا لەشێوەی دەعجانییەکدا دەردەکەوێ. سەرەتا بە ئاگر، پاشان بەتۆفانێکی سەراپاگیر، ئاگرو هەموو شتێک دادەمرکێنێتەوە، بوونەوەرەکان لەناو دەبات. لە خۆڵەمێش زیاتر هیچی تر نامێنێ. ئەمەش لایەنێکی تری خودایە کەوێرانکەرو تێکدەرە. لەم وێنەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم جۆرە ئەزموونانە لە سەرووی داوەرییەکانی ئیتیک و ئیستاتیکین. لێرەدا لەسەر شانۆ ئیتیک ون دەبێ. کەچی لە

ئاینی ئێمەدا سەرەڕای گرینگیدانێکی بێ وێنە بە مرۆڤ، لەپاڵ ئەوەشدا جەختکردنێکیش هەیە لەسەر لایەنە ئیتیکییەکان، خودا خاوەنی سیفەت و تایبەتمەندییە چاکەکانە. نە، نە، خوا قەهارە. هەر خوایەک بتوانێ دۆزەخ دروست بکا، ناکرێ لە سەربازی سوپای ڕزگارکەر بێ. بیر لە کۆتاییی جیهان بکەنەوە، بەڵام ئیسلامەکان وتەیەکیان دەربارەی فریشتەی مەرگ (ملک الموت) هەیە دەڵێ: (کاتێ کە فریشتەی مەرگ نزیک دەبێتەوە ترسناکە، بەڵام کاتێ بەتۆ دەگا خۆشبەختییە.)

لە سیستمەکانی بوودیزمدا، بەتایبەت ئەو سیستمانەی لەتیبتدا ڕەواجیان هەیە، بوودای ڕامێنراو بەدوو ڕوو دەردەکەوێ، یەکێکیان ڕووی ئاشتی و ئەوی تریان ڕووی تووڕە و تۆڵەیە. گەر هاتو زۆر بەحیرسەوە پابەند خودی خۆت و دنیای بچووک و فانیی خۆش و ناخۆشی خۆت بی و هەروەها دەستەبەرداری ژیانی پڕ خۆشیت نەبێ، ئەوا ڕوخساری تووڕەییی ئەم خوایەت بۆ دەردەکەوێ. بەڵام ئەگەر وازت لەم سیفەتانە هێناو خۆت بەدەستەوە دا، ئەوا هەمان ئەو بوودایە، ئەمجارەیان دەردەکەوێ بەڵام بەجۆرێک وەک خوای پڕ بەرەکەت و بەخشندە.

**مەویرز:** مەسیح باس لە هێنانی شمشێرێک دەکات و بڕواش ناکەم مەبەستی بەکارهێنانی ئەو شمشێرە بێت دژ بەهاو توخمی خۆی. مەبەستی مەسیح کردنەوەی دەروازەکانی ئیگۆیە (خودی خۆتە) من هاتم تا ئێوە لە چنگی ئەو ئیگۆیە ڕزگار بکەم کە نەفستانی بەند کردووە.

**کەمبڵ:** ئەمە هەمان ئەو (جیاکردنەوە) یە، کە لەسانسکریتیدا پێی دەوترێ (ڤیڤیکا ( Viveka)بە مانای باش جیاکردنەوە) پەیکەرێکی ئێجگار سەیری بوودا هەیە، لەو پەیکەرەدا بوودا شمشێرێکی مەشخەڵداری بەدەستەوەیەو بەرزی کردووەتەوە. کەواتە ئەم شمشێرە ئەرکی چییە؟

ئەم شمشێرە، شمشێری جیاکەرەوەیە، بۆ جیاکردنەوەی شتە کاتییەکان لەشتە نەمرەکان، ئەم شمشێرە دیاردەی نەمر لەدیاردەی بەسەرچوو جیادەکاتەوە. چرکەکانی زەمەن دەروازەکانی نەمری دادەخەن. ئێمەش لەم بواری زەمەنەدا دەژین، بەڵام ئەوەی لەم بوارەدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕەنگدانەوەی پرنسیپی نەمرییە.

**مەویرز:** ئەزموونی نەمری.



**کەمبڵ:** ئەزموونی ئەوەی کە تۆ چیت.

**مەویرز:** بەڵێ: بەڵام نەمری هەرچییەک بێت، ئەوا لێرەیە.

**کەمبڵ:** لە هیچ جێگایەکیش نییە، یا لە هەموو شوێنێکە. گەر هاتو لێرەدا هەر ئێستا تۆ ئەزموونی نەمری نەکەی، ئەوا بەهەشت بەدەستی ناهێنی. بەهەشت هەتا هەتایە هەیە، بەڵکو شتێکە بەردەوام هەیە.

**مەویرز:** تێناگەم مەبەستتان چییە.

**کەمبڵ:** وەک دوو شتی هەمیشەیی باس لە بەهەشت و دۆزەخ کراوە. بەهەشت پەیوەستی بەزەمەنی کۆتاییەوە هەیە. بەڵام نەمر نییە. نەمری لەپاش زەمەنەوەیە. چەمکی زەمەن دەروازەکانی نەمری کلۆم دەدات. ئەو هەموو ئازارو گرفتانەی لە دنیادا دێن و دەچن، هەر هەموویان لەسەر زەوی ئەزموونی مەزنی نەمرین. جۆرێک ئامانجی بوودایی هەیە بەپێی ئەو ئامانجە مرۆڤ بەشدارییەکی ئارەزوومەندانەی دڵخۆشکەرانە دەکات لە خەمەکانی جیهان. ئەو خەمانەی دەگوزەرێن. بەڵام ئەم ئەزموونە، ئەزموونی خەم بەسەر مانای بوونی بەردەوامیدا ڕێ دەکا، کە ئەوەش ژیانی ڕاستەقینەمانە.

**مەویرز:** وێنەیەکی شیڤا هەیە، لەو وێنەیەدا شیڤا بە بازنەیەکی ئاگرین ئابلۆقە دراوە.

**کەمبڵ:** ئەو بازنە ئاگرینە، تیشکی سەمای شیڤایە، سەمای شیڤا گەردوونییە، لەسەر قژو سکییەوە ئێسک و مانگێکی یەک شەوە هەن، ئەو دووانە لەیەک کاتدا سیمبوڵن بۆ مەرگ و لەدایکبوون، واتە ئەو دووانە چرکەی دروستبوونن. لەنێوان پەنجەکانی دەستێکیدا تەپڵێکی بچکۆڵە هەیە، چرک چرک دەنگ دەداتەوە. ئەو تەپڵە تەپڵی زەمەنە. چرکە چرکی زەمەن دەرگای مەعریفەت بەڕووی نەمریدا دادەخات. ئێمە کەوتووینەتە نێو ئابلۆقەی زەمەنەوە. بەڵام لە دەستەکەی تری شیڤا مەشخەڵێک هەیە، ئەو مەشغەڵە سەرپۆشی زەمەن دەسووتێنێ و زەینیشمان بەڕووی نەمریدا دەکاتەوە.

شیڤا کۆنترین خوای سەر زەوییە ڕەنگە کۆنترین خوایەک بێت کە لەجیهانی

ئەمرۆدا دەپەرسترێ. هەندێ وێنەی شیڤا هەن بۆ(٢٠٠٠) تا(٢٥٠٠) ساڵ پێش زاین دەگەڕێنەوە ؛ ئەو وێنانە مۆری بچووک بچووکن، وێنەی شیڤا بەڕوونی لەسەریان کێشراوە.

لە هەندێ لە دەرکەوتنەکانی شیڤادا، دەرکەوتنەکانی، دەرکەوتنی ترسناکن، لایەنی ترسناکی سروشتی بوون نمایش دەکات. شیڤا نموونەیەکی کۆنی یۆگیی yogiیە، وەهمی ژیان هەڵدەوەشێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەر یۆگی دروستکەرو خوڵقێنەرو ڕووناککەرەوەی ژیانە.

**مویرز:** ئەفسانەکان سەرقاڵی باسکردنی شتە میتافیزیکییەکانن. بەڵام ئاین سەرقاڵی شتێکی ترە کە ئەویش گرنگیدانە بەڕەوشت و چاکەو خراپەو چۆنییەتی پێوەندیی نێوان من و تۆ، ڕەفتارم لەگەڵ تۆو هاوسەرو هاوشێوەکانم لە سایەی خودادا. کەواتە پێگە و ڕۆڵی ئیتیک لەنێو ئەفسانەدا چییە؟

**کەمبڵ:** باسمان لە ئەزموونی میتافیزیکی کرد، لەو میانەدا تێ دەگەی کە تۆ و کەسێکی تر هەر یەکن. لەبواری ئیتیکدا وافێردەکرێی چۆن بژیت، تا بەو ئەنجامە بگەی کە تۆ و کەسێکی تر بوون بەیەک. ناچار نیت بەم ئەزموونەدا تێ پەڕیت، لەبەرئەوەی وانە ئاینییەکان کۆمەڵێ قاڵبی ئامادە دەخەنە بەردەستت، ئەو قاڵبانە هەڵگری ڕەنگدانەوەی هاودەردین لەگەڵ کەسانی تردا. بڕوا ئاینییەکان ئەو پاڵپێوەنەرانەت بۆ فەراهەم دەکەن و ئەو ڕاستییەت پێ دەڵێن کە نابێ تەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆت کار بکەی، گەر ئەمەت کرد ئەوە گوناهت کردووە. ئەمەش یەکبوون لەگەڵ جەستەی خۆتدا دەگەیەنێ.

**مویرز:** وەک چۆن خۆت خۆش دەوێ ئاوەهاش هاوسێکەت خۆش بوێ، چون هاوسێی تۆ خودی تۆیە.

**کەمبڵ:** پاش ئەوەی ئەم کارەتان ئەنجام دا فێری ئەم شتە دەبن.

**مویرز:** بەبڕوای ئێوە بۆچی خەڵکێکی زۆر، پەرۆشی ژیانی نەمرین؟



**کەمبڵ:** منیش نازانم ئەمە هۆی چییە؟

**مویرز:** ئایا دەرئەنجامی تۆقینە لە دۆزەخ، یا هەوڵدانە بۆ هەڵبژاردنی شتێکی تر لە جێگای ئەو؟

**کەمبڵ:** ئەمە شتێکە لە کرۆکی بڕوای مەسیحیدا ئامادەیە، بەپێی ئەو بڕوایە لەکۆتاییی جیهاندا دادوەرییەکی سەرتاپاگیر ڕوو دەدات، ئەوانەی بەبڕواو متمانەوە ژیانیان بەسەر بردبێ بەهەشتین و ئەوانەشی خراپ بوون دۆزەخین.

ئەمە هەمان ئەو بابەتەیە کە لە میسری کۆندا هەبووە، ئۆزیریس Osiris خوایەک بوو مردو پاشان هەستایەوە و چووە سەر کورسیی نەمری تا داوەریی مردووەکان بکات. ئامانجی مۆمیاکردن ئەوە بووە تا مرۆڤ بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی خودا ئامادە بکات، بەڵام ئەو بابەتە سەرنجڕاکێشەی کە لەبیری میسری کۆندا هەبوو باسی لەوە دەکرد کە ئەو کەسەی دەیەوێ بۆ لای خودا بڕوات دەبێ پێشتر بزانێ یەکبوون لەگەڵ خودادا چییە. لەبڕوای مەسیحیدا ئەم شتە ناساغە. بەڵام لەجیاتی ئەوە بەهەشت و دۆزەخیان داناوە. زۆر چاکە کەواتە بۆ هەتا هەتایە بەهەشتم پێ ببەخشە. کاتێ زانیت کە بەهەشت واتای چاوبڕینە نێو نیگاری خۆشئامێزی خوا دەگەیەنێ، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە ئەم شتە لەساتی بێ زەمەندا دێتەدی، بەڵام زەمەنیش شتێکە دەتەقێتەوە، بۆیە هەمیشەیی شتێکی نەمر نییە، ئەمە شتێکە لە ئەزموونی دنیایدا دەتوانی بەدەستی بێنی. هاوڕێیەکی زۆرم بەهۆی مەرگەوە لەبەرچاوم ون بوون، دایک و باوکیشم لەدەست دا، بەڵام ئەو هەست و زانینە قووڵەی لەناخمدا دروست بوو تا ئەم ساتەش لەگەڵمدایە ؛ ئەو ساتانەی لەگەڵیان بووم سیفەتی بەردەوامی هەبوو، تەنانەت تا ئەم ساتەش هەست دەکەم لەگەڵیانم، ئەوەی پێیان بەخشیم تا ئەم ساتەش هەستی پێ دەکەم، ئەو شتەی ئەوان ئەو چرکانەی پێیان بەخشیم تا ئەم ساتەش لەناخمدایە، لەو جۆرە بیرەوەرییەدا شێوەیەک ئاگاییی نەمر هەیە.

چیرۆکێک دەربارەی بوودا دەگێڕێنەوە، لەو چیرۆکەدا دەڵێن ڕۆژێکیان بوودا لەگەڵ ئافرەتێکی کۆستکەوتوو دەکەوێتە گفتوگۆ، کە تازە ڕۆڵەکەی لەدەست دابوو، ئەسیری دەستی خەم و پەژارە بوو، بوودا دەڵێ: (تەنیا پێشنیاری من ئەوەیە بە

ئەسپایی ئاورێک لە دەوروبەری خۆت بەرەوە، بزانم کەسێک دەبینی کەسێکی، کوڕی یا مێردی یا کەسێکی خێزانەکەی، یا دۆستێکی خۆشەویستی لەدەست نەدابێ.) زانینی پێوەندیی نێوان لەناوچوون و ئەو شتەی لەناخمانە و لەسەرووی لەناوچوونەوەیە کارێکی گرانە.

**مویرز:** ئەفسانەکان پڕن لە ئارەزووی نەمری، وانییە؟

**کەمبڵ:** بەڵێ: بەڵام ئەو کاتەی تەماشای نەمری دەکرێت وەک بەردەوامیی جەستە، ئەوا کارەکە وەکو کاری لیبۆکەکانی لێ دێ، بەڵام کاتێ تێگەیشتن دەربارەی نەمری بریتی دەبێت لە یەککگرتن لەگەڵ توخمی نەمری لە ژیانی هەنووکەی خۆتا، ئەوە کارەکە لەم حاڵەدا مانایەکی تری دەبێ.

**مویرز:** وتووتە، مەسەلەی ژیان هەر هەمووی بریتییە لە بوون بەرامبەر بە بەردەوامی.

**کەمبڵ:** بەڵێ بەردەوامی بەشێکەو بوون گشتە.

**مویرز:** مەبەستان چییە؟

**کەمبڵ:** باشتر وایە لێرەوە دەست پێ بکەم، ئەو کاتەی دەتەوێ ببێ بە مرۆڤێکی تەواو. سالانی سەرەتای تەمەنی منالیت، ئەم ماوەیە تەنیا بەشێکە لە تەمەنی مرۆڤبوونت. پاش چەند ساڵێک دەگەیتە تەمەنی مێردمنالی ئەمەش دیسان بەشێکە لە مرۆڤبوونت. تەنانەت تەمەنی هەرزەکارییش بەشێکە لەبەر مرۆڤبوونت. لە ئۆپانیشادەکان وێنەی وزەیەکی ئەسڵ و چڕوپڕ هەیە، سەرچاوەی ئەو تەقینە مەزنەیە کە دەنگدانەوەی گەورەی خوڵقاندنی بەدی هێناو هەموو شتەکانیشی پارچە پارچە فڕێدایە نێو زەمەنەوە، کەواتە ئەرکی هونەر چییە؟ ئەرکی هونەر ئەوەیە کە تۆ بتوانی لەمیانەی ئەو پارچانەی زەمەنەوە شتەکان ببینی، تا بەتەواوی هەست بە هێزی بوون بکەیت.

**مویرز:** جوانی دەربڕینێکە دەربارەی خۆشییەکانی زیندووبوون.

**کەمبڵ:** هەمووساتێ دەبێ ئەم جۆرە ئەزموونانە هەبن.



**مویرز:** بەراوردکردنی ئەم ئەزموونە بەو ئەو شتەی کە بڕیارە سبەینێ بیگەیەنێ ئەوەندە گرنگ نییە.

**کەمبڵ:** بیل Bill، ئەمە گەورەترین ساتە، ئەوەی ئێمە هەوڵ دەدەین بەشێوەیەک ئەنجامی دەین، ئەوەیە کە لەڕێگەی ئەو بەشە ڕێگەیانەی لەبەردەستمانن، بوونی خودی خۆمان نیشان دەین.

**مویرز:** گەر خاوەنی ئەو زمانە نەبین کە بەشی ئەوە بکات تا وەسفی خودای پێ بکەین، چۆن دەتوانین ئەم ساختمانە بەرزە دروست بکەین؟ چۆن ئەم بەرهەمە هونەرییە دروست دەکەین کەڕەنگدانەوەی ئەندێشەی هونەرمەندانە بێت لەبارەی خوداوە؟ چۆن ئەم کارە جێبەجێ دەکەین؟

**کەمبڵ:** بەڵێ ئەم کارە هونەر نیشانی دەدا  واتە شێوەی ڕوانینی هونەرمەند بۆ خوداو، ئەو ئەزموونەی خەڵکی لەبارەی خوداوە هەیانە. بەڵام هەندێک شت هەن ناکرێ وەسف بکرێن چونکە لە دەرەوەی توانای مرۆڤن وەک ڕەهایی و نهێنی.

**مویرز:** لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونەکەمان هەرچییەک بێت، لەزمانێک زیاتر هیچی تر شک نابەین تا گوزارشت لەو ئەزموونە بکات، ئەو زمانەشی شکی دەبەین گونجاو نییە بۆ ئەو ئەزموونە.

**کەمبڵ:** ڕاستە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش کە شیعر بوونی هەیە. شیعر زمانێکە دەبێ تێیدا قووڵبینەوە، شیعر واتە هەڵبژاردنی وردی ئەو وشانەی کە لەڕووی ناوەڕۆک و ئیحاوە لەسەرووی خودی وشەکانەوەیە. پاشان جۆرێک لە پرشنگداری یاخود دەرخستن و بەدەرکەوتن تاقی دەکەینەوە. دەرخستن و بەدەرکەوتن واتە نیشاندانی تەواوی جەوهەر.

**مویرز:** وەک دەزانین ئەزموونی خودا لەسەرووی هەموو وەسفێکە، لەگەڵ ئەوەشدا ناچارین هەوڵی وەسفی خوا بدەین؟

**کەمبڵ:** ئەمە ڕاستە، شۆپنهاوەر لەوتارێکی جوانیدا بە ناوونیشانی (دەربارەی

مەبەستی ئاشکرای چارەنووسی تاک)دا ئاماژە بەم خاڵە گرنگە دەکات (کاتێ کە پیر دەبی و ئاوڕ لەساڵەکانی ڕابردووی تەمەنت دەدەیتەوە، دەکرێ ژیانی خۆت وا ببینی، نەخشەو دارِشتنێکی ئێجگار ڕێکوپێکی هەیە، هەردەڵێی ڕۆمانووسێک تۆماری کردووە. ئەو ڕووداوانەی کاتی ڕوودانیان خۆبەخۆ ڕوویان داوە و وەک شتێکی ناگرنگ دێنە بەرچاو، دەبینی ئەو ڕووداوانەش کۆمەڵێ هۆکارن ناتوانی بەکەم تەماشایان بکەی، بە تایبەت ڕۆڵیان هەبووە لەدروستکردنی بەسەرهاتێکی توندوتۆڵ و ڕێکوپێکدا. ئایا ئێمە ئەم ڕووداوانەمان ڕێک خستووە؟ شۆپنهاوەر دەڵێ: هەروەک چۆن خەونەکانت لەڕێگەی بەشێک لە خودی تۆوە ڕوودەدەن، بێ ئەوەی هۆشت ئاگاداری ئەو ڕووداوە بێ، هەر بەوجۆرەش ژیانتا هەر هەموو لەڕێگەی ئیرادەیەکەوە شێوە دەگرێ کە لەدەروونتاندایە، هەر بۆنموونە ئەو کەسانەی کە بەڕێکەوت تووشیان بوویت و مامەڵەت لەگەڵ کردوون، هەر ئەو کەسانە پاشان بوون بە کۆمەڵێ هۆکاری گرنگی ژیانت و، هەروەها تۆش بێ ئەوەی بزانێت مانای گرنگت بە ژیانی کەسانی تر بەخشیوە. شتەکان هەر هەمووی وەک سیمفۆنیایەکی گەورە پێکەوە گونجێنراون، هەر شتەو ناهۆشمەندانە شێوە بە شتەکانی تر دەبەخشێ. شۆپنهاوەر بەو ئەنجامە دەگات کەژیانمان بەشێکە لە خەونێکی گەورە لەلایەن خەوبینێکەوە دەبینرێ، لەو خەونەشدا هەموو کەسایەتییەکانی خەونەکە خەون دەبینین؛ بۆیە هەر شتەو پێوەندییی بەشتێکی ترەوە هەیە، ئەوەی دەیجووڵێنێ تاکە ئیرادەیەکە ئەویش ئیرادەی ژیانە، ئەمەش ئیرادەیەکی گشتییە لە سروشتدا..

ئەم بیرە و بۆچوونە شکۆمەندیی تێدایە، ئەم بیرە لە هیندستان لە وێنەی ئەفسانەییی تۆڕی ئەندرادا دەردەکەوێ، ئەو تۆڕە تۆڕێکە لە مرواری، لەیەکتربڕینی هەر دەزوویەکی ئەو تۆڕەدا مروارییەک هەیە و لەنێو ئەو مرواریانەدا مروارییەکانی تر ڕەنگ دەدەنەوە، هەموو شتەکان لەو تۆڕەدا لە پێوەندییەکی ڕەنگدانەوەدا لەگەڵ یەکتری ڕەنگ دەدەنەوە. بۆیە ناتوانرێ لەسەر هیچ کارێک هیچ کەسێک سەرزەنشت بکرێ. بارودۆخەکە شێوەیەکە وەک بڵێی لەپشتی هەموو شتێکەوە مەبەستێک هەیە، ئەو مەبەستەش مانایەکی هەیە، هەرچەندە هیچ کەسێک لە ئێمە نازانێ مانای ئەوە چییە، وەک ئەوە وایە تۆ ڕێک ئەو ژیانە ژیابی کە مەبەستت بووە.



**مویرز:** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان ئەو ژیانە ژیاوین کە ئامانج و مەبەستێکی گەیاندووە.

**کەمبڵ:** بڕواناکەم لە ژیاندا مەبەستێک هەبێ، ژیان بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە پرۆتۆپلازم، حەز بە زۆربوون دەکا و حەز دەکا بوونێکی بەردەوام بێت.

**مویرز:** ئەمە ڕاست نییە – ڕاست نییە.

**کەمبڵ:** سەبرکە، ژیان وەکو خودی ژیان خۆی ناکرێ یەک ئامانجی هەبێ، بڕوانە ئەو هەموو ئامانجانەی لێرە و لەوێ دەیبینی. بەڵام دەتوانی بڵێی: هەر بەرجەستەبوونێ لە پشتەوەی توانایەکی گەورە هەیە، گرنگیتیی ژیان ئەوەیە کە ئەم توانایانە بەدی بێنێ، چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدەی؟ وەڵامی من ئەوەیە: (بڕۆ بەدووی بەختیاریی خۆتا بگەڕێ) لەناختدا شتێک هەیە دەزانێ کەی دەگەیتە سەنتەر، هەروەها دەشزانێ کەی دەکەوێتە نێو ڕێڕەوی مەودای ڕووناکی یان دەکەوێتە دەرەوەی ئەو مەودایە. گەر هاتو لەپێناوی بەدەستهێنانی پوول و پارە، ئەو ڕێڕەوەت بەجێ هێشت ئەوە ژیان لە دەست دەدەیت. بەڵام گەر هاتو لە نێو سەنتەردا بمێنێتەوە بەبێ بەدەستهێنانی پوول و پارە، ئەوا بەردەوام خاوەنی بەختیاریی خۆتی.

**مویرز:** ئەوەی لای من جێگای پەسەندە ئەو بیرەیە کە دەڵێ: گرنگ نییە ئەو گەشتە کۆتایی و مەبەستەکەی چییە، گرنگ خودی گەشتەکەیە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، هەر بەو جۆرەی کە کارل فراید گراف دۆرکهایم دەڵێ: (کاتێ لە گەشتێکدای و دەبینی کۆتاییی گەشتەکە دوور دەکەوێتەوە و تۆش بەردەوامی لە دوورکەوتنەوە، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێ کە کۆتاییی ڕاستەقینە ئەم گەشتەیە.)*.

لە لای هۆزی ناڤاهوو NAVAHO، ئەو وێنە سەرسوڕهێنەرە هەیە، وێنەی (ڕێگەی بازنەیی AUM) یە، بازنە سەرچاوەی ژیانە. ڕێگەی بازنەیی، ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەسەنتەر. ناڤاهووەکان دەڵێن:(ئای، جوانی بەرامبەرمە، جوانی لەپشتی سەرمە، جوانی لای ڕاستمەو لای چەپمە، جوانی لەسەر سەرمە، جوانی لەژێر پێمە، من لەسەر ڕێگەی بازنەدام).

**مویرز:** بەهەشت نەبووە، بەهەشت دروست دەبێ.؟

**کەمبڵ:** بەهەشت هەیە. (خوای مەزن بەسەر زەویدا پەرش بووەتەوە، مرۆڤ ئەو نابینێ.)

**مویرز:** ئەم جیهانە کە پڕ لە ئازار و ڕەنج و مەرگە، تۆ بڵێی بەهەشتی تێدابێ.؟

**کەمبڵ:** ئەمە ئەو ڕێگەیەیە لەمیانەیدا هەست بە بەهەشت دەکەی، ئا ئەمەیە بەهەشت، کاتێ دەبینی خوای مەزن بەسەر زەویدا پەرش بووەتەوە، چیتر شێوەی کۆنی جیهان نابینی و بۆ یەکجاری لەناوچووە. ئەمەش کۆتایی جیهانە. کۆتایی جیهان ڕووداوێ نییە کە ڕوودات، بەڵکو جۆرێکە لە گۆڕنکاری دەروونناسی یان گۆڕنکاریی ڕوانین. چیتر جیهانێک نابینی جیهانی شتە بەستەڵەکەکان بێت، بەڵکو ئەوەی دەیبینی جیهانی پڕ شەوق و پرشنگدارە.

**مویرز:** ئەو دەستەواژە کۆن و نهێنیئامێزەی کە دەڵێ: (وشە بوو بە مرۆڤ) وای لێک دەدەمەوە کە ئەم پرەنسیپە هەمیشەییەو لە گەشتی مرۆڤایەتی و لە ئەزموونماندا پەیدابووە.

**کەمبڵ:** کەواتە دەتوانی لە خۆشتدا وشە بدۆزیتەوە.

**مویرز:** گەر لە خۆتدا نەیدۆزیتەوە، ئەی لەکوێ دەیدۆزیتەوە.

**کەمبڵ:** وتراوە شیعر بوار نادات دەنگی وشە لەپشتی وشەوە ببیسترێ. گۆتە دەڵێ: (هەموو شتەکان خوازراون). هەموو شتێکی ڕاگوزەر لە حاڵەتێکی خوازیاری زیاتر هیچی تر نییە، ئێمەش هەموو ئەم شتەین.

**مویرز:** باشە چۆن دەتوانی خوازراوێک بپەرستی و خۆشت بوێ و لەپێناویدا گیانی خۆت بەخت بکەیت؟

**کەمبڵ:** ئەمە کارێکە مرۆڤ لە هەموو جێگایەکدا ئەنجامی دەدات، مردن لەپێناوی خوازراوەکان. بەڵام کاتێ کە بەڕاستی گوێت لە دەنگی (ئۆم AUM) دەبێ، لە هەموو



جێگایەک لەڕازو نهێنیی دەنگی وشە دەگەی و چیتر ناچار نیت بەرەو پێشەوە برۆیت و لەپێناوی شتێکدا خۆت بەخت بکەی، لەبەرئەوەی ئەو شتە لێرە لەم دەوروبەرەدا ئامادەیە. تەنیا بەئارامی دانیشەو بچۆرە نێو ئەو ئەزموونەو لێی تێ بگە. لەبەرئەوەی ئەمەیە ئەزموونی لووتکە.

**مویرز:** دەتوانی وشەی ئۆم AUM م بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**کەمبڵ:** ئۆم AUM وشەیەکە لەگوێماندا دەنگی ئەو وزەیە دەداتەوە کە لە گەردوونەوە دەردەپەڕێ و هەموو شتەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو وزەیەن. دەربڕینی ئەم وشەیە بەم جۆرەیە، دەربڕینی وشەکە لە دەمەوە بەم جۆرەیە: لەپشتەوەی دەم دەست پێ دەکەیت و دەڵێی: (ئا) دەمت پڕ دەکەیت و دەڵێی: (وو)، پاشان دەمت دادەخەیت و وشەی (م م) دێتە دەرێ. گەر هاتو بەجوانی ئەم وشەیە بڵێیتەوە، هەموو پیتە دەنگدارەکانی تێدایە. ئۆم، وەکو پیتی جێگیر، لێرەدا زۆر بەئاسانی وا لەبەرچاو دەگیرێ کە ڕێگرو تەگەرەیە لەبەردەم سەدای وشە دەنگدارە جەوهەرییەکان. هەموو وشەکان وشەیەکی دابڕاون لە ئۆم، هەروەک چۆن هەموو وێنەیەک پارچەیەکە لە فۆرمێک لە فۆرمەکان. ئۆم AUM دەنگێکی سیمبولئامێزە، دەتخاتە نێو پێوەندیی لەگەڵ ئەو بوونەی کە دەنگ دەداتەوە، واتە لەگەڵ کەوندا. گەر بێتو گوێ بۆ بەشێک لەو ئومە AUM تۆمارکراوانە هەڵخەی کە ڕەبەنە تیبتییەکان دەیخوێننەوە، تێ دەگەیت ئەم وشەیە چی دەگەیەنێ. زۆر چاکە. ئەمە ئۆمی بوونە لە جیهاندا. لووتکەی هەموو ئەزموونەکان ئەوەیە کە لەپەیوەندا بیت لەگەڵ ئەم ئۆمەو لە ماناکەشی بگەی.

(ئـ ۆ م)، لەدایکبوون، هاتنە دنیا و مەرگە و پاشان ئەم بازنەیە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. بە(ئۆم) دەوترێ (برگەیەکی چوار ڕەگەز)، (ئۆم) لەسێ ڕەگەز پێک هاتووە، ئەی چوارەمیان کامەیە؟ چوارەمیان ئەو بێدەنگییەکە لە دڵی (ئۆم) دێتە دەرەێ و دووبارە بەناخیدا شۆڕدەبێتەوە، ئەمەش زەمینە و ناخێتی. ژیانی من (ئ و م)ە، بەڵام بێدەنگییەک هەیە زەمینەی ئەو ژیانەیە لە ناخیدایە. ئێمەش بەو بێ دەنگییە دەڵێین نەمری. ئەمە میرایەو ئەوی تر نەمرە، ئەگەر نەمری نەدەبوو، میراییش نەدەبوو. هەرکەسەو دەبێ لایەنی میرایی و نەمریی خۆیی دەستنیشان

بکات، من له ڕێگەی ئەزموونی خۆم لەگەڵ دایک و باوکم کە کۆچیان کردووە، له ڕێگەی ئەوانیشەوە هاتمە دنیاوە، تێ گەیشتم ئەم خاڵە چی دەگەیەنێت و بۆم دەرکەوت لە پێوەندیی زەمەنی زیاتر پێوەندییەکی تریش هەیە. بێگومان لەو پێوەندییەدا هەندێ سات هەبوون، بەکردارەوە دەیانسەلماند، سەلماندنێکی پڕ دڵنیایی، کە ئەم پێوەندییە چییە و چ تێگەیشتنێکم لا دروست دەکات. تا ئێستاش هەندێ لەو ساتانەم وەبیر دێتەوە؛ وەک کۆمەڵێ سات لام بەجێ ماون، ساتەکانی دەرکەوتن، ڕوانین، پرشنگداری.

**مویرز:** ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ وشەیەک لە ئارادا نەبووە.

**کەمبڵ:** بەڵێ، وشە بەواتای کۆت و سنوورداری.

**مویرز:** لەگەڵ هەموو ئەمەشدا جوی بەڕێز، ئێمەی مرۆڤی سست و گرگن لەم زمانە بەدبەخت و داماوە زیاتر هیچی تر شک نابەین، هەرچەندە کە زمانێکی جوانە، بەڵام کەم توانایە بۆ وەسفکردن.؟

**کەمبڵ:** ئەمە ڕاستە، ئەمەش جۆرێکە لە ئەزموونی لووتکە، گەر جار جارێ بەم هەموو شتانەدا تێپەڕی و پاشان هەست بکەی کە... (ئۆ... ئاه....)

کۆتایی

سەرچاوە: ئەم کتێبە لەسەرچاوە فارسییەکەی بەبەراوردکردنی لەگەڵ ئینگلیزییەکەی کراوە بەکوردی:

1- Joseph Campbell, THE POWER OF MYTH, with Bill Moyers, First anchor books edition :juli 1991.

٢- قدرت اسطوره، جوزف کامبل، ترجمه: عباس مخبر، تهران، نشر مرکز،چاپ اول ١٣٧٧



## پێڕست

سەرباس ........ 5
پێشەکیی دانەر ........ 11
پێشەکی ........ 13
ئەفسانە و دنیای نوێ ........ 27
گەشتێک لە ناخەوە ........ 83
حیکایەتبێژە دێرینەکان ........ 133
قوربانی و بەختیاری ........ 167
سەرچڵییەکانی پاڵەوان ........ 215
دیاریی خواکان ........ 285
چیرۆکەکانی عێشق و هاوسەرێتی ........ 313
دەمامکەکانی نەمری ........ 347